مەسعوود محەمەد

شکۆی ئەدەب

کۆکردنەوەی سایتی مامۆستا

www.mamosta.net

مەسعوود محەمەد

شکۆی ئەدەب

ئەم بەرگە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی گوتارە ئەدەبی و هزرییەکانی مەسعوود محەمەدن کە لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا بڵاوکراونەتەوە.

لە تایپکردنەوەی گوتارەکاندا، بەناچاری و بۆ پەیڕەوکردنی ڕێنووسی باو، پیتەکانی «ڕ - وَ - یَ» گۆڕان بە «ڕ – وو – ی/یی».

بۆ کەشکۆڵی گوتارەکانی سەربە زمان بڕوانە «شکۆی زمان».

سایتی مامۆستا www.mamosta.net

پێڕست

کەیفی جوانڕۆیی 4
«کۆڕی زانیاری کورد» چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟ 15
«پێشەکی» بۆ گوتاری «بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا» 22
نامەیەک 32
شاکارێکی ئاگرین 37
تریفەیێکی نەورۆز 40
فۆلکلۆر - بەشی یەکەم 42
فۆلکلۆر - بەشی دووم 47
ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە 52
سڵاوێک لە شیعری نوێبابەتی کوردی 56
پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردیی سەدەی نۆزدەمدا 63
دڵدار 71
دەساتیر 77
ڕاجی لە ژیانی دوای مەرگیدا 90
لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک 97
سەجادی لە سەرەتای نەمریدا 111
ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر 114
میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێناو 120
قەرزدانەوەیە؟ یان خۆهەڵدانەوەیە؟ 132
ڕۆشنبیری پێویستی بە کوردەغیرەتی نییە 146
کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ 154
زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری «مەحوی» ی تۆقەڵەوە 164
تاوانی دیاردە چاوغەڵەتێنەکان 186
مەرگی تاڵ و ژار! ناوناوە شیرینیت... 195
جارێکی تر گوندی نورەددین و گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی 203
دەستبژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان 209
بژار و گوڵبژێرێک لە هەندێ نووسراوی کوردی 251
لە پەرستگەی «مامۆستای کورد»دا 277

کەیفی جوانڕۆیی

«دەفتەری کوردەواری»، بەرگی دووەم، بەغدا 1970

دەستکاریکردنی مێژوو و ڕووداوەکانی، بۆ هەر ئامانجێک بێ، کارێکی ناڕەوایە، چونکە کە دەرگای دەستکاری کرایەوە ئیتر شتێک نییە پێوەی داتەوە یان لە سنوورێک بیوەستێنێ وەیا هەمیشە ئەم گۆڕینە بەرەو چاکە ئاراستە بکا. درۆ و هەڵەکە بخرێتە ناو مێژووەوە ئێستاکە و دواڕۆژیش بە هەڵە دەبا، خۆ هەر ئێستاکە و دواڕۆژن کە سەردەمێک دەبنەوە بە مێژوو. بۆیە خۆگرتن لە دروغی مەسڵەحەت ئامێز لە شتی مێژووی، چ زۆر چ کەم، پێویستیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵاتییە بە سەر شانی نووسەرەوە گۆیا دەبێ ڕاستی چی خراپێکی لێ ڕوو بدا تا بیگۆڕین بە ناڕاستی، باوەڕم نییە هیچ جۆرە سودێک هەبێ لە هەر شتێکی کە لەسەر هەڵە و درۆ هەڵبەسترابێ. ئادەمیزاد زۆر پێویستی بە ڕاستی هەیە و گەلێک قوربانی داوە لەم ڕێگەیەدا. دەتوانم بڵێم تا ئێستاش لە زۆر مەیداندا بۆ ڕاستی تینووە و ئەوەندەی چێشتووە لە درۆ و خوڕافاتی کۆن و نوێ تا کاسەی کەلەڕێژی کردووە.

خوێنەری بەڕێز، بمبوڕێ لە نووسینی ئەم پێشەکییە ناچارییە چونکە دەمەوێ لە زووەوە عوزر بێنمەوە بۆ دەربڕین و ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕووداوی ناڕەوا کەوا بێ دەسکاری و گۆڕین لە پێشینانم وەرگرتووە، وە بە هەمان چەشن تەسلیمی مێژووی دەکەمەوە. ناشیرینی و ناشیاوییک کە دێنە بەرچاوان لە بەشێکی ئەو شتانەی نووسیومن مزە و نرخی ڕاستی و دەستخاوێنییە (ئەمانەت). کەیفی و هاوچەرخەکانی ئادەمیزاد بوون، نەک فریشتە و پەری، ئەوانیش وەک خەڵقی ئەو دەمە شتی وایان گوتووە و کردووە کە بەگشتی لە باودا بووە و کۆمەی لێ نەکراوە و ناشی دوای ساڵەهای ساڵ لە ژیان و مردنیان من بێم و کردەوە و گفتاری دەسکردیان بۆ هەڵبەستم یا هی ناشیرین لە کردەوە و گفتاریان بسرمەوە تا لاپەڕیی ژیانیان بێگەرد و لەککە نیشان بدرێ. چی زانیومە و بیستوومە و بەڵگەم هەیە بۆ باوەڕپێکردنی ئەوە دەنووسم، وە ئەوەی بۆم ساغ نەبووبێتەوە وەک هەیە تۆماری دەکەم بۆ سەرنج و لێکدانەوەی خوێنەری کورد.

کەیفی وەک مەعلوومە لای ئەوانەی شارەزای شیعر و ژیانین، ناوی فەتحوڵڵا و مەشهوورە بە جوانڕۆیی، باوک و خانەوادەکەی لای من نەزانراوە و نەمتوانیوە تا ئێستا لێی بکۆڵمەوە. خەریکبوون بۆ وەگیرهێنانی زانینی تەواو لە بارەی سەرەتای ژیانی کەیفی (هەروەها دواڕۆژانی پێش مەرگی) خۆتەرخانکردنێکی دەوێ کە بۆ ئێستاکەی من نالوێ. بەڵام لەو باوەڕەدام ئەو پەڕەیە لە سەروکاری کەیفی و ژیانی بەندیواریەکی ئەوتۆی نییە بە شاعیری و هونەرییەوە. ڕەنگە هەر نرخێکی مێژوویی- هەبێ کە نرخێکی کەم نییە- چونکە کەیفی بلیمەتێکی خۆڕسک بووە، نەمامێک نییە لە درەختێکی گەورەوە هەڵی دابێ، بەڵکوو هەر لەسەر بنجی خۆی ڕواوە. ئیتر کورڕی کێیە و لە چ خێزانێک بووە و چۆن دەستی کردووە بە خوێندن، پرسیاری ئەوتۆن و وەرامیان هەرچی بێ سەرچاوەی شاعیریەتیی کەیفی ڕوون ناکەنەوە.

بەڵی ڕاستە شارەزایی بە هەموو قوژبنێکی ژیانی ئەم بلیمەتە ئاوات و ئامانجی هەموو کەسێکە کە خەریکی ئەو چەشنە لێکۆڵینەوەن. بەڵام دەخڵێکی ئەوتۆی نییە بەسەر پێگەیشتوویی و گەشەکردنی ئەدەبی کەیفییەوە، وەک بزانم بەشێوەیەکی نزیک لە قەناعەت لە زووییەکی زووی سەرەتای خوێندن و فەقێیەتی وڵات و کەسی بەجێ هشتووە و لە کۆیە جێگیر بووە و دەستی کردوە بە خوێندنی ڕاسەقینە و شاعیریەتیی ڕەوشەن بووتەوە لەو دەمەدا کە کەیفی هاتۆتەوە کۆیە، واتە دەوری چەرخێک لەمەوپێش. بە پێی مقیاسی ئەو چەرخە کۆیە ناوچەیەکی گرینگی خوێندن و شیعر و ئەدەبیات بووە، بە نیسبەت هەموو کوردستان. ئێستاکەش دەماودەم باس دەکرێ کە مەجالیسی زانیاری و ئەدەبیی ڕۆژانەی کۆیە چی لە قۆناغی دەوڵەمەند و دەسترۆییوەکان و چی لە مەدرەسە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا دیمەنێکی هەرە دیاری ئەو شارە بووە. ئەدیبی گەورەی وەک قاسید و جەلی و ئەختەر و حاجی قادر و کەیفی و شێخ ڕەزا بەرێکەوت لەو سەردەمەدا نەخزاونەتە ئەو ناوچەیە، ئەمانە و زۆری تر لە شوعەرا و مەلا و شێخی ناودار بەروبوومی خوێندنپەرستی و گیانی ئەدەبی بوون کە وەک میرات لە پێشینانەوە بۆ کۆیە بەجێ مابوو. لەم کورتەباسەی ئێستاکەماندا ماوە نییە ڕووپەڕی مێژووی

زانیاری و ئەدەبیی کۆیە بخوێنینەوە، ئەوەندە هەیە دەبێ بیڵێین شاعیریەتیی کەیفی لەم کارگە زانستی و ئەدەبییەی ئەو دەمەی کۆیەدا مشتوماڵ کراوە: بۆیە جیی سەیر پێهاتن نییە کە لە کتێبی «کۆیە و شاعیرانی»ـدا کەیفی بە شاعیرێکی کۆیی دانراوە.

کەیفی کوێندەرییە؟

ئەم پرسیارە شتێکی بەدیهییە و داوای وەرام دەکا، چونکە ئەگەر کەیفی جوانڕۆییە، چۆن دەبێ لە شارەزوور و دێی «کۆیڕەدێ» هاتبێتە دونیاوە؟ هەموو ئەوانەی باسی کەیفییان نووسیوە ناویان بردووە بە «کەیفیی جوانڕۆیی» و لە هەمان کاتیشدا، گوتویانە لە دێی «کۆیڕەدێ»ی شارەزوور هاتووەتە دنیا، کەچی جوانڕۆ پارچەییەکی کوردستانی ئێرانە و هەرچەندە هاوسنووورە لەگەڵ کوردستانی ئێراق و دراوسێی ناوچەی هەڵەبجەیە، دیسان بە هیچ جۆر ناگونجێ جوانڕۆیی شارەزووری بێ. زانایيەکی وەک حاجی قادریش کەوا نزیکترین ئینسان بووە لە کەیفی و دوارۆژانی ژیانی کەیفی لە ئەستەموولْ لەگەڵ ژیانی ئەو ڕۆژانەی حاجی قادر وەک دوو ڕووی یەک پەڕە وان کە هەر لە یەکتر جیاواز ناکرێنەوە، ئەویش لەو شینەی کە بۆ مەرگی کەیفی داناوە و سەرەتاکەی بە «فەلەک بە تیر و کەمانە لە ئێمە چووەتە کەمین» دەست پێ دەکات بە سەراحەت دەڵێ و ڕادەگەیەنێ کە کەیفی شارەزووریيە.

کە چوویتە سەر حەدی بابان و عێلەکەی جافان
بگریە هەر وەک بارانی مانگی فەروەردین

لە قوڕ بنیشە بڵێ قەوم و قیلە هاوارە
ئەسیرە کەیفی لە ڕۆما لە حەبسی ژێری زەمین

لە «کۆیڕەدێ»یێ کە «کەیفی»ی تیا بێ فیردەوسە
جەهەنەمە کە نەما «کەیفی» شاری قوستەنتین

حەزین و دەرهەمی ئەم شارەزۆری بێگانەن
لە حەسرەتی عەجەبا «شارەزووری» چۆن نەگرین

وشەی «عێلەکەی» جافان، وە بە تایبەتی دێڕی دواییی مەرسییەکە گومان نایەڵێ لەوەدا کەوا حاجی قادر «کەیفی»ی بە شارەزووری ناسیوە.

بەڵام «کۆیڕەدێ» دەمێنێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە و لێدوان ئاخۆ «حاجی» مەبەستی لە «کۆیڕەدێ» هەر مانای وشەکەیەتی کە «دێیەکی وێران» دەگەیەنێ یاخود بەدەم ئەوەوە دەیەوێ ڕابگەیەنێ «کۆیڕەدێ» دێیەکی شارەزوور و مەفتەنی «کەیفی»یە؟ حاجی زۆر جار لە شیعرەکانیدا، وەک شاعیرێکی بەدەسەڵات، لە تێکهەڵکێشانی وشە ناوی هەندێ شوێنانی کوردستان بە تێکڕایی و ناوچەی کۆیە بە تایبەتی داتاشیوە. بۆ نموونە چەند دێڕە شیعرێکی حاجی لێرەدا دەنووسین.

لەو کاغەزەی کە بە هەڵبەست بۆ حاجی مەلا عەبدوڵا نارد وویەتی لە ئەستەموولْەوە دەڵێ:

مەلاییێکی فەقێیانە ویقارت
بەیانت ئاوەگردە ئیقتیدارت

واته ویقارت، ویقاری مەلای فەقێ و موستەعیددانە و بەیانت ڕەوانە وەک ناو و دەسەڵاتیشت وەک گرد وایە لە هەمان کاتدا «فەقێیان» و «ئاوەگرد» یەکەمیان دێیەکە لە نزیک کۆیە، وە دووەمیشیان شاخێکە بە پشت دێی «جەلی»یەوە کە مەفتەنی باپیرەگەورەی حاجی مەلا عەبدولّایە و لەقەبی «جەلیزادە» لەوەوە وەرگیراوە.

دیسانەوە حاجی قادر لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ:

لەبی نازەنین بە خەتتی جەلی
لە ئێرانەوە گرتوویە تاهیرات

عومەر گونبەتی لەزەتی دانەبێ
تەکەڵتووی شکا زیتی ئەسپی حەیات

دێڕی یەکەم مانای وەک مەعلوومە ئەوەیە کە لێوە جوانەکەی بەخەتی ئاشکرا لە ئێرانەوە تا شاری هیراتی (کە لە ئەفغانستانە) داگرتووە بەدەم ئەم مانایەشەوە ناوی «نازەنین و جەلی و ئێران - هیران»یشی ئاڕاستە کردووە کە سێ دێن لە ڕیزی یەکتر و بە هاوینەهەواری ناوچەی کۆیە مەعلوومن. مانای دێڕی دووەمیش زۆر ئاشکرایە پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکا، بەڵام لەگەڵ ئەو مانایەدا ناوی دێی «ئۆمەر گونبەت» و «تەکەڵتوو»یشی دارشتوون کە هەردووکیان لە دەشتی کۆیەن. دوور نەڕۆین هەر لە بەیتی چوارەمی مەرسییەکەی کە لەسەرەوە نووسیمان بە هەمان وردەکاری و تێکهەڵکێش و تەنینی هونەری ناوی «شارەزوور»یشی داتاشیوە:

حەزین و دەرهەمی ئەم «شارەزوور»ی بێگانە

مەبەست لە وشەی «ئەم شارە» ئەستەموڵە، بەڵام کە وشەی ئەم «شارە» کەوتە تەک وشەی «زور» بە پێی دەستووری نووسینی کۆن «شارەزوور» پەیدا دەبێ. بەڕاستی زۆر لەگوینە کە «کوێرەدێ»ش وەک دێیەکانی دیکە وا بێ کە حاجی قادر بە تێکهەڵێشی وشە ناوی هێناوەتە نێو شیعرەوە و ئەگەر شوهرەتی جوانڕۆی لە مەیداندا نەبوا گومانێکم لەو ڕووەوە بە زهندا نەدەهات ئیتر ئەمە بوو خستمیە سەر فیکری پرسیار کردن لە شارەزایێکی ناوچەی شارەزوور، ئاخۆ دێیەک بە ناوی «کوێرەدێ» لەوێدا هەیە یا نییە. بۆ ئەم لێپرسینە حەسەن بەگی جافم دەستنیشان کرد چونکە هەم خەڵقی هەڵەبجە و ناوچەی شارەزووڕە و هەم لەگەڵ شیعر و مێژوو لە کۆنەوە خەریکە، لە وەرامدا پێی گوتم دێیەکی بەناوی «کوێرەدێ» نە ئاوەدان و نە وێران لە شارەزووردا نییە. با چی دیکە لەسەر ئەم باسە نەڕۆین، ڕاستییەکەی هەرچی بێ، زۆری و کەمییەک ناخاتە نرخی شیعری کەیفییەوە. من لێرەدا باوەڕێکی نیهایی ناتوانم دەربڕم بەڵام سوورکردنەوەی مەوزووعەکەش شتێکی سەخت نییە بۆ هەر کەسێک کەوا نەختێک لە من زیاتر ماوەی خۆماندووکردنی هەبێ.

کەیفی کەی لەدایک بووە و کەی مردووە؟

بەرلەوەی لەبارەی هاتنە دنیای کەیفییەوە بدوێین، بەکورتی لە ساڵی مردنی قسە تەواو دەکەین. حاجی قادر لە مەرسییەکەی کە بۆ مەرگی کەیفیی داناوە، مێژووی مردنی بە وشەی «صغیر» دیار داوە کە بەپێی حیسابی ئەبجەد ساڵی 1300ی کۆچی دەگرێتەوە. لە دیوانەکەی حاجی قادر چاپی هەولێری ساڵی 1969 وا نیشان دراوە کە وشەی «کبیر» ئیشارە دراوە و لە ژێرەوە شەرح کراوە، بەڵام ئەمە سەهوە و ڕاستییەکەی ئەوە بوو گوتمان. نرخی وشەی «کبیر» بەپێی

حیسابی ئەبجەد 232 دەگرێتەوە کە هیچ شتێک ڕاناگەیەنێ، ڕەنگە لە دەمی چاپکردن بەهەڵە ئیشارەتەکە خرابێتە سەر وشەی «کبیر» لە جیاتی «صغیر».

ئەمە لەبارەی مێژووی مردنی، بەڵام بۆ زانینی ساڵی هاتنە دنیای شتێکی قەتعی وەک بەیتەکەی حاجی قادر نییە یاخود من نایزانم لە موناقەشە و بەراوردیکردن بێنیازمان بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕووداو و مێژووی بێشوبهە هەن کە لەگەڵ ژیانی کەیفی تێکەڵ و عەلاقدراون ڕەنگە لەم ڕووەوە بمانگەیێنێ بە سنووری قەناعەت. کەیفی ژیانی فەقێیەتیی لە کۆیە لای حاجی مەلا عەبدوڵا ڕابواردووە و لای ئەوی خوێندووە، کەواتە نابێ کەیفی لە تەمەندا لە حاجی مەلا عەبدوڵا گەورەتر بووبێ چونکە عادەتەن سوختە لە مامۆستای خۆی چووکتر دەبێ. بەڵێ هەندێ ڕێکەوت هەیە بە پێچەوانەی ئەم قاعیدەیە بەڵام بلیمەتێکی وەک کەیفی لێی چاوەڕوان ناکرێ لە مەیدانی خوێندن لە هاوتەمەنی خۆی دابمێنێ. بەپێی ئەوە کە کتێبی «کۆیە و شاعیرانی»دا لە بارەی مێژووی هاتنە دنیای کەیفییەوە نووسراوە و سەرچاوەی مەعلوومات‌کەشی گۆیا «مێژووی ئەدەبی کوردی»یە دەبێ کەیفی لە ساڵی 1814ی زاینی لە دایک بووبێ. دیسانەوە کە هەمان کتێبی «کۆیە و شاعیرانی» ڕادەگەیەنێ ساڵی 1815 زاینی کە گۆیا ساڵی لە دایکبوونی حاجی قادرە دەوەستێتە بەرامبەر 1246ی کۆچی. بەم پێیە دەبێ ساڵی 1814 زاینی بوەستێتە بەرانبەر 1245 ی کۆچی واتە کەیفی لە 1245 لەدایک بووبێ. لێرەدا دەبێ بڵێم ئەم ساڵەی 1815 لە ڕاستیدا ناکەوێتە بەرانبەر 1246، وە بەپێی جەدوەلێک کە لە کتێبی «إمارة بهدينان العباسية»دا نووسراوە دەبێ بوەستێتە بەرانبەر 1229 یا 1230 ی کۆچی چونکە ئەو جەدوە لە ساڵی 1809 دەخاتە بەرانبەر 1224. جگە لەمەش بەراوردێکی حیسابی زۆر سادە بۆمان دەردەخا کە مادام ساڵی ئێستاکەی کۆچی 1390-1389 بکەوێتە بەرانبەر 1970-1969 ی زاینی، دەبێ ساڵی 1815 بکەوێتە پێش ساڵی 1235 نەک دوای. جا لەبەر ئەمە کە ساڵی 1814 (کە گۆیا ساڵی هاتنە دنیای کەیفییە) تا ئەو ڕادەیە کەیفی تەمەندارتر دەکات ئیتر بە هیچ جۆرێک مومکین نییە خزمایەتی هەبێ لەگەڵ هاتنە دنیای کەیفی. من ئەو دوو ساڵەی 1814 و 1815 ی زاینی لە حیسابی خۆمدا دەسڕمەوە و موناقەشەی لەدایکبوونی کەیفی وەک لە کتێبی «کۆیە و شاعیرانی» نووسراوە لەسەر ئەساسی ساڵی 1245 ی کۆچی دەکەم.

من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەمەش ڕاست بێ چونکە حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵێ 1250 ی کۆچی هاتۆتە دنیا و گومانێکیش لەم بارەوە پەیدا نابێ. حاجی مەلا عەبدوڵا هەم خۆی ئەمەی نووسیوە و هەم بە خەتی باوکی واتە حاجی مەلا ئەسعەد لە حاشییەی چەند پەڕێک لە هەندێ کتێبەکانی کتێبخانەی جەلیزاداندا نووسراوە.

بە لای منەوە ناشێ کەیفی پێش 1250 هاتبێتە دنیاوە ئەگینا نەدەبوو بە فەقێ لای حاجی مەلا عەبدوڵا. لە حاشییەی خواروی ڕووپەڕی 27 ی «کۆیە و شاعیرانی»دا نووسراوە کەوا گەلێ کەس دەڵین بیست ساڵێک دوای 1814ی زاینی لە دایک بووە، ئەگەر مەبەس لە 1814ی زاینی هەر ئەوە بێ کە بەپێی لێکدانەوەی لێرە بە پیشەوە دەکەوێتە بەرانبەر 1245ی کۆچی، دەبێ کەیفی لە 1245ی کۆچیدا هاتبێتە دنیاوە. من بەمەش قەناعەت ناکەم، چونکە بەگوێرەی هەندێ ئاسار کە لای ئێمە (واتە جەلیزادە) هەن کەیفی لە ساڵی 1280 کۆچی شاعیرێکی چەسپاو بووە لە فارسیدا، لەو ساڵەدا خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵا لە تاریکیی ژووڕێکی بێ پەنجەرە جانەوەرێکی پێوەدەدا و دەیکوژێ، نازاندرێ جانەوەرەکە مار بووە یان دووپشک، کەیفی مەرسییەیێک بۆ مەرگی خێزانی مامۆستای خۆی دادەنێ کە تەنها فەرد و نیوێکم لەبیرماوە، ئەوەی دیکەی کە لەبیرم نین لەگەڵ هەموو شیعر و ئاساری کەیفی کە لە ئێمە هەبوون لە کەین و بەینی ساڵی 1963 دا سووتێنران، ئێرە جێگەی باسکردنی ئەم سووتاندنەی ئاساری نووسراوی جەلیزادان نییە، هەر بۆیەشم باسکرد کە هۆی ناتەواویی مەرسییەکە ڕوون بکەمەوە فەرد و نیوەکەی کە لە بیرم ماون ئەمەن و بە دەستووری نووسینی فارسی دەیاننووسم:

بانەبابر بگژدم افتاده
یاگرفتار ماری گیسوشد

خوێنەری بەڕێز دەبینی کەوا کەیفیش لە شیعرەکەیدا بە وردەکارییەکی شاعیرانەی سۆزناک جانەوەرە ژەهراوییەکە هەر بە نەزانراوی دەهێڵێتەوە، نیوە فەردەکەشی کە دەکەوێتە دواییی مەرسییەکە بەشێک لە مێژووی ڕووداوەکەی تێدایە بە حیسابی ئەبجەد، بەشەکەی دیکەی وا دەزانم لە نیوەی یەکەمیەتی ئەمی لەبیرم چۆتەوە، ئەمەیە نیوە فەردەکە:

چون بمینو برفت با نوشد

ئەم چەند وشەیە 1212 تەواو دەکا.

باوەڕ ناهێنم بەوە کە لە تەمەنی 15 ساڵیدا ئەم دەسەڵاتە و ڕەوانییە و زاڵییە بەسەر شیعر و قافیە و مێژوو دەرهێنان لە فارسیدا بۆ کەیفی مومکین بووبێ، هەڵبەت پێش ئەم ساڵەش شیعری فارسیی داناون، چونکە خۆ نابێ لەچاوقوچێنێکدا هەم فارسی فێربووبێ و هەم شیعری وا بەهێزی بە فارسی دانابێ، بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کەوا لێرە بەدواوە درێژە دەدەین بە باس لێکردنی ئەوە دەگەیەنێ کەوا کەیفی نەک هەر مومکین نییە پێش 1250 ی کۆچی هاتبێتە دنیاوە بەڵکوو دەبێ لای زۆر ڕووی ئیحتیمال لە ساڵی 1255 تێپەڕ ناکا، بەڵگەکەش ئەمەیە، وەک لە بەشێکی دواییتر لەم نووسینە بۆمان دەردەکەوێ کەیفی تا ساڵی 1286 ی کۆچی لای حاجی مەلا عەبدوڵا خوێندوویەتی، ناچێتە عەقڵەوە کەیفی بەم هەموو زەکاوەتەوە تا تەمەنێکی 27-26 هەر خوێندبێتی و فەقێیەتیی تەواو نەکردبێ، چونکە گەر بڵێین لە ساڵی 1250 دا هاتۆتە دنیا تەمەنی لە 1286 دا دەگا بە 37-36 ساڵ. بەڵام ئەگەر مێژووی لەدایکبوونی بخەینە ساڵانی مابەینی -1255 1260 تەمەنی لەساڵی 1286 دەبێتە 31-27 ساڵ کە موناسبە بۆ گەیشتن بە پایەی «موستەعیدی» و نزیکبوونەوە لە کۆتایی خوێندنی مەلایانە، واتە ئیجازە وەرگرتن. خۆ ئەگەر لەبیر نەکەین کەوا حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی 1286 تەمەنی 37-36 ساڵی بووە ئیتر بەجارێ نزیک دەبینەوە لەوە متمانی بێنین بەو مێژووەی کە تەحدیدمان کرد بۆ هاتنە دنیای کەیفی، چونکە زۆر لەگوینە مامۆستا 37-36 ساڵی بێ و فەقێش 31-27 ساڵی، هەرچەند بەجۆرێکی قەتعی مومکین نییە بڵێم ساڵی ڕاستەقینەی هاتنە دنیای کامیانە لەو ساڵانە بەڵام بە تەقریبی مەیلم بۆ ئەوە دەچێ کە بڵێم ساڵی 1255ی کۆچی ئەو ساڵەیە.

کەیفی کەی، وە چۆن کۆیەی جێ هێشت؟

هۆی ڕۆشتنی کەیفی و تۆرانی لە کۆیە هەروەک لە کتێبی «کۆیە و شاعیرانی» و «دیوانی حاجی قادر- چاپی هەولێر» بە کورتی باسکراوە، ئەو ناکۆکییە و شەڕەجنێوە بووە لەبەینی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و کەیفی کە ئەنجامی گەیشتۆتە ئەمە حاجی مەلا عەبدوڵا بۆ دڵدانەوەی شێخ ڕەزا لە کەیفی بدا و دەری بکا. چۆنیەتیی ئەم ڕووداوە بە ڕوونکراوەیەکی ئەوتۆ دەنووسین کە گرینگیی ڕووداوەکە لێمان داوا دەکا و بەو نیازەش کە قەناعەتی خوێنەر وەدەست بهێنێ.

لەو دەمەدا کە حاجی مەلا عەبدوڵا کە مامۆستای کەیفی بووە، حاجی مەلا عەبدوڵا و حاجی قادر هەردووکیان لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە، واتە باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا بوونە، کەیفی و حاجی قادر هەر چەند تەفاوتێک هەبووە لە مەیانیان لەلایەن تەمەن و پایەی عیلمی، چونکە حاجی قادر لە هەردوو ڕووەوە لە ژوورووی کەیفی بووە. دیسانەوە لەبەر هاومەشرەبی و شیعردۆستی و بەیەکەوە ڕابواردنیان تا بڵێی برادەر و خۆشەویستی یەکتربوون. هەردووکیان زیاتر لە فەقێکانی ئەو دەمەی کۆیە لای بنەماڵەی جەلیزادە و خەڵقی کۆیە لە پێشتر بوون، وە ڕێزیان لێ گیراوە، تەنانەت حاجی و کەیفی لە ماڵی حاجی مەلا ئەسعەد بە ئیستیلاحی خۆمانی بە «کوڕی ماڵ» ژمێردراون. پەیوەندی کەیفی بەو بنەماڵەوە لە زۆر موناسەبە و ڕووداوی ڕۆژانەی ئەو دەمەیان وەدیار دەدا بۆ نموونە و ڕوونکردنەوەی ئەو پێوەندییە لێرەدا شتێکی تریش دەنووسم وەک ڕووداوی مەرسییەکە لە ساڵی 1283 حاجی مەلا عەبدوڵا دوای مەرگی ژنی یەکەمی، لە ژنی دووەمی بۆ یەکەم جار کوڕێکی دەبێ، لەوە بەپێشەوە هەر کچی بوون، کوڕەکە ناوی بەهائەدینی لێ دەنێنن و لە نێوان

خەڵقی کۆیە دوای پێگەیشتنی بە «کاکە باو» شووڕەتی سەندووە و زووش جوانەمەرگ بووە، کەیفی بەو ناوە کە مامۆستای خۆی کوڕێکی بووە و تازە تاقانەیە و بنەماڵەی پێ ڕوون بۆتەوە، سەرەڕایی پێوەندیی خۆشەویستیی مەیانی هەردووکیان بەدەستی خۆی لێفە بۆ منداڵەکە دەدووڕێ بە نەقش و شیعرێ کە خۆی هەڵێ بەستوون ڕووی لێفەکە دەڕازێنێتەوە. شیعرەکان مابوون تا ئەوانیش لەگەڵ نووسراوەکانی دیکە لە ساڵی 1963 ی زاینی سووتان، داخم ناچێ لەو شیعرانە هیچم لەبیر نەماون.

حاجی قادر کە دەچێ بۆ ئەستەموولّ کەیفی لە کۆیە دەمێنێتەوە، ئەو شووڕەتەی کە لە نێوان خەڵق باوە لە بارەی ئەوە کە حاجی قادر و کەیفی بەیەکەوە چوون بۆ ئەستەموولّ کەموزۆر ڕاستیی تێدا نییە، نەک هەر ئەمە، بەڵکوو گەلێ شتی دیکە لە بارەی ژیان و ڕابواردن و خوێندن و سەفەری حاجی قادر بۆ ئەستەموولّ مالامالن لە هەڵە، یەک لەو غەڵەتە مەشوورانە لێرەدا سوور دەکەینەوە و ڕاستیەکەی دەردەخەین تا لە گوێرەی ئەمیان ئەوانی دیکەشی ڕادەی دووڕییان لە ڕاستی بزانرێ.

بەپێی ئەوە کە نووسراوە لە دیوانەکەی حاجی قادر (چاپخانەی هەولێر ساڵی 1960) گۆیا کە حاجی و کەیفی لە کەرکووکەوە بەیەکەوە بەرەو ئەستەموولّ ڕۆییون و سەفەرەکەشیان لە ساڵی 1270 ی کۆچی بووە، کەچی حاجی قادر دەمێک لە دوای ئەم مێژووە دەسخەتی هەیە لەسەر حاشییەی کتێبێکی «سیوطی» چاپی عەجەم، وە لە کۆتاییی حاشییەکیان دەنووسێ ئەمە لە ئاخر مانگی ساڵی 1276ی کۆچی لە دێی بێتووش نوسیووەتەوە، واتە تا شەش ساڵ دوای 1270 مانەوەی حاجی قادر لە کوردستانی عێراق شتێکە کە بە شاهیدی حاجی قادر سوور بۆتەوە، ئەم کتێبە لای ئێمەیە و حاشییە و شیعر و ڕوباعی و وردەباسی ئەم دەمەی بەزۆری تێدایە کە حاجی بە خەتی خۆی نووسیونی و تا ئێستا هیچیان بڵاو نەکراونەوە مەگەر دەماودەم بەغەڵەت، یەک لەوانە ڕوباعییەکە لە دژی چاپی عەجەم کەوا لە ڕووپەڕەی 36 لە دیوانەکەی حاجی (چاپی هەولێر) بەهەڵە نووسراوەتەوە و لە ژێری ڕووپەڕەکە شەرح دراوە کە هەر لە شوێنی خۆیدا ڕووباعییەکە وا نارێک بووە، وا ئێمە لێرەدا بە ڕاست و ڕەوانی و بێ هەڵە و نارێکی دەینووسینەوە کە لە شوێنی خۆیدا بە خەتی حاجی لەو کتێبەدا نووسراوەتەوە:

یا ڕەب بەقەدەر حەرفی «سیووطی» یەک یەک
ڕەحمەت لە «مصنف» و لە «قارێ» بێ گەلەک

ئەمما عەجەم و ئەو کەسە چاپی دانا
بیباتە جەهەننەم بە عەزاب و بە کوتەک

بە موناسەبەتی ئەم ڕووباعییە کە ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵە لەبارەی ژیانی حاجی و کەیفی پێویستی کرد بینووسینەوە، ئەم ڕووباعییەی دیکەش لە دژی چاپی عەجەم کە حاجی لە ڕووپەڕە 75 ی کتێبەکەی «سیووطی» نووسیوەتەوە لێرەدا تۆمار دەکەین ڕەنگە نەختێک زیاتر تێنووەتیی دۆستانی شیعر و ژیانی کۆنە شاعیرەکانمان بشکێنێ:

شاییت نەبێ بە چاپی عەجەم ئەیکرێ ئەمان
گەر پێی ببی بە شا بە دوو شایی خەسارەتە

وەک من ئەگەر بەسەر هەمووی دابێی لە ئاخری
عیلمی هەموو جەهالەتە نەفعی مەرارەتە

خوێنەری بەڕێز ئەوە بزانێ کە حاجی شیعرەکانی بەم شێوە نووسینە، نەنووسیون بەڵکوو بە شێوە و دەستووری ئەوساکەی نووسیون: «گەلەک و کوتەک» لەکتێبەکەدا «کلک و کتک» نووسراون، ئەم دڕێژەدانەم بەم تەفسیلاتە بۆیە بوو کە دیسانەوە عەرزی خوێنەر بکەم چی دەینووسم لە دوای بەراوردی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیە بەپێی دەسەلات و

ئیمکان و لەسنووری توانینم بێباکیم نەکردووە بەرانبەر ڕاستی و مێژوو، سەرەڕای ئەمەش زیانێک نییە لەوەدا بەدەم باسی ژیانی کەییفیەوە بە موناسەبەی هەڵکەوت و جێگا شتێکیش لە ژیانی هاوچەرخە زلەکەی حاجی قادر ڕوون بکەینەوە.

بەینێک دوای سەفەری حاجی قادر و مانەوەی کەیفی لە کۆیە شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێتە کۆیە و دەرس لای حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە دەخوێنێ، واتە لای باوکی حاجی مەلا عەبدوڵا. هەروەک لێرە لە پێشەوە گوتمان کەیفی فەقێ بووە لای حاجی مەلا عەبدوڵا، ئیتر ڕێکەوت شێخ ڕەزا و کەیفیی لە یەک جێگا کۆ دەکاتەوە و درێژەش دەدا بە کۆبوونەوە و هاوبەشییان لە یەک ژیان و ڕابواردن، بوێژیی شێخ ڕەزا و مەیلی بۆ هەموو شتێک نییە پێویستی بەباس لێکردن بێ ئەوەندە هەیە دەبێ لە بیر نەکەین کەوا کەیفیش بەڕادەی شاعیریێتیی شێخ ڕەزا شاعیر بووە، هەروەک چاوەڕوان دەکرێ بەیەکەوەبوون و ژینی دوو شاعیری وەک شێخ ڕەزا و کەیفی لەیەک مزگەوت بەناچاری سەرەنجامی دەگا بە شەڕە شیعر و نوکتە تێکگرتن، وردەوردە ئەم شەڕەشیعرە لە مەیانی هەردوویان شیددەت دەسێنێ تا دەگا بە پلەی لەیەکتر زویربوون و ناکۆکی.

لە نموونەی شەڕەجنێوی شیعری کە لە مەیانی ئەم دوو کەڵەشاعیرەدا ڕووی داوە، لێرەدا دوان دەنووسم و کە بیستوومن و لەبیرم ماون، بێگومان دەیەها جاری دی شەڕەجنێوی وایان کردووە، ڕەنگە لە کۆیەدا شەخسی وا هەبێ هەندێکیان لەو شیعرە لەبەربێ، گەر شتی وا هەیە وەدەرخستن و بڵاوکردنەوەی خزمەتێکی بەنرخە بۆ ڕوونکردنەوەی قووڵایی پاناییی ئەم شەڕەدندووکییە مێژوویەی کە شاعیرێکی وەک کەیفی ئاوارە کرد لە وڵات.

جارێکیان شێخ ڕەزا لە دەمەتەقەی شەڕە شیعریدا بە کەیفی دەڵێ:

شاعر چو تووی لب بلبانت ریدم
وزفرق سرت تا بدهانت ریدم

شێخ ڕەزا شیعرەکانی بە ئیرتیجالی دەڵێ، کەیفیش دەستبەجێ لە جەوابدا دەڵێ:

فرقی نەچنان بود میانی سر و کیرم
ای ریده بەکیرم گذری گوت بکیرم

جارێکی دیکەش لە مەجلیسێکی فەقێهانە نزیکی تەواوبوونی دانیشتنەکەیان و دوای خواردنی میوەی مەوسم مەلایەک دێ بۆ مەجلیسەکە زۆر عەلاقەدار دەبێ لەگەڵ کەیفی و خۆشەویستی و دۆستییەکی بەتین دەبێ و لە مەیانی هەردووکیان، شێخ ڕەزا بەم شیعرە بەخێرهاتنی دەکا:

گر نخوردی از فواکەای...
یک طبق انگور و انجیر از برایت ریدەام

بەتاڵاییی نیوەی یەکەمی دێڕە شیعرەکە ناوی ئەو مەلایەیە کە شێخ ڕەزا بەشیعر جنێوی پێ دەدا، من ئەو ناوەم لەبیر نەماوە تا بینووسم، کەیفی بێ وەستان لە تۆڵەی دۆستەکەی خۆی بە شێخ ڕەزا دەڵێ:

انکە ریدستی برایش من بچشمی کیری خود
بارها اندرتهی کونی بلورت دیدەام

شێخ ڕەزا تەحەمولی ئەو جەوابانەی کەیفی ناکا، تا وای لێ دێ نەک بە شیعر و نوکتە بەڵکوو هەر جنێوی عادی بە کەیفی دەدا و خۆی لێ تووڕە دەکا، لەم حاڵانەدا کەیفی دەڵێ: «شێخ ڕەزا ئەگەر مەقامی گەورە و چووکییە تۆ مامۆستا و من فەقێ هەمیشە ئامادەم خزمەتکاریت بکەم، خۆ ئەگەر مەقامی شیعر و نوکتەبازییە بەخوا یەک حەرفت لێ ناسەلمێنم».

شەڕەشیعر لەبەینی کەیفی و شێخ ڕەزا تا دێ زیاد دەکا و دەگاتە ڕادەیەک شێخ ڕەزا چی دی خۆی پێ ناگیرێ. وابزانم بێتەحەمولیی شێخ ڕەزا لە بەر دوو هۆی ئەساسی بووە، یەکەمیان ئەوەیە کە شێخ ڕەزا لە پلەی کۆمەڵایەتیدا خۆی زۆر لە ژوور کەیفییەوە گرتووە و پێی ئەستەم بووە ڕووتەیەکی وەک کەیفی بەو چەشنە بێپەروا بێ لەگەڵیدا، دووەمیان ئەوەیە کەوا کەیفی هەرگیز دانەماوە لە جەوابدانەوەی شێخ ڕەزا، ئیتر مانەوەی هەردووکیان لەیەک جێگا دەبێتە شتێکی نامومکین، حاجی مەلا عەبدوڵا، مامۆستای کەیفی، لەبەر ئەو دۆستایەتییە کۆنەی کە لە مەیانی جەلیزادان و تاڵەبانییاندا هەبووە، بەتایبەتی لەبەر زێدە خۆشەویستییەکی بەینی حاجی مەلا ئەسعەد و شێخ ئەورەحمانی تاڵەبانی، واتە باوکی شێخ ڕەزا سەرەڕای مەقام و دەسەڵاتی تاڵەبانییان و بێکەسی و بێنەوایی کەیفی ناچار دەبێ، واتە حاجی مەلا عەبدوڵا، کە ڕوو لە کەیفی گرژکا و لێی بتۆرێ تا جارێکیان بە لێدان لێشی داوە. ئەوەی لە هەموو کردارێک نارەواتر و ناشیرنتر بووە ئەوە بوو کەوا بە چەشنێکی زۆر دوور لە هەموو ڕەفتارێکی جەوانمەردی هەندێ لە فەقێکانی ئەو دەمە بۆ لایەنگیریی شێخ ڕەزا و شکاندنی کەیفی وێنەیەک لە دیواری مزگەوت دەکێشن کە پێویست نییە لێرەدا چۆنیەتییەکەی بنووسین و ئەوپەڕی بێحورمەتی و سووکایەتیی تێدا دەبێ بۆ کەیفی و بوو بە خاتیمەی ڕیسواکردنی شاعیرێکی وا مەزن. بەدوا ئەوەدا حاجی مەلا عەبدوڵا کەیفیی دەرکردووە لە مزگەوت، ئیتر کەیفی بەو ڕوحی پڕ هەست و هونەرییەوە ڕووی ئەوەی نامێنێ هیچ ماوەیەک لە کۆیە بمێنێ، بە دڵشکاو و باریک مەینەت و ستەمەوە، دەچێتە هەولێر.

نامەوێ بە هیچ جۆرێک لایەنگیری لە نووسینەکەمدا بکەم، چونکە لە هەموو شتێک زیاتر مەبەستم تۆمارکردنی ڕووداوی ڕاستە ئەگینا بۆ من حەدی ئەدەب دەرچوونە بەو شکڵە باسی کارەساتی وا نارەوا بکەم کە لە مزگەوتی باپیرم ڕووی داوە، بەڵام بێ ترس و پەروا لەوە کە لە حەقیقەتم لادابێ دەتوانم بڵێم ئەگەر لەبەر زێدەچاری نەبوا باپیرم ڕێی نەدەدا بە کردنی ئەوەی کە لەگەڵ کەیفیدا کرا، هیچ گومان نییە لەوەدا کەوا کەیفی لای حاجی مەلا ئەسعەد وەک کوڕێکی خۆی خۆشەویست بووە و لای مەلا حاجی عەبدوڵا، واتە باپیرم، ئەو پەڕی ڕێز و خۆشەویستی بووە، بۆ خۆم لە حاشییەی کتێبێک خوێندوومەتەوە باپیرم بە خەتی نووسیویەتی کەوا فلان حاجی ئەو میقدارە پارەی پێ دام بۆ ئەمە بیدەم بە کەیفی لە بری مانگانەی دەرسگوتنەوەی بۆ کوڕەکەی، هەر لەو نووسینەشدا بۆ یەکەم جار زانیم کەوا کەیفی ناوی فەتحوڵا و جوانڕۆییە، چونکە باپیرم ناوەکەی بەم چەشنە نووسیوە «مەلا فتح الله جوانرووی متخلص به کیفی». ئەمە بۆیە باس دەکەم کە پلەی نزیکی و ڕەوابینی بەینی حاجی مەلا عەبدوڵا و کەیفی نەختێک زیاتر ڕوون بکاتەوە، چونکە مەعلوومە کابرای حاجی مانگانەکە نادا بە شەخسی سێیەم ئەگەر نەزانێ لەگەڵ خاوەن هەق جیاوازییەکی نییە، لێرە بەدواوەش ئەم ڕاستییە بەدەم گێڕانەوەی سەرگوزەشتی کەیفی زیاتر خۆ وەدەر دەخا. کەیفی بە دەرکردن و ڕیسواکردن زاهیری پایەی ڕێزی لای خەڵقی کۆیە کەم نەبۆتەوە وە لەبیریشیان نەچۆتەوە، ماوەیەک دوای ڕۆشتنی لە کۆیە و مانەوەی لە هەولێر ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای حەوێزی (خاڵی باوکم) شاعیر و ئەدیبێکی پایەبەرزی ئەو دەمە بووە و پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستیی زۆر بەهێز بووە لەگەڵ کەیفی کاغەزێکی بە شیعر بۆ دەنووسێ و داوای لێ دەکا کە بگەڕێتەوە کۆیە، بڕوام هەیە ئەم کاغەزە بە ئاگاداری و لەسەر پەسەندکردنی حاجی مەلا عەبدوڵا بووبێ چونکە جگە لە پێوەندیی خزمایەتیی مەیانی ئەو ڕەشید ئاغا، هەم ڕەوشتی و نزیکییەکی گیانی تەواویش هەبووە، بێگومان ئەو کاغەزنووسین و داخوازییە بۆ گەڕانەوەی کەیفی نابێ لە دژی ئارەزووی حاجی مەلا عەبدوڵا بووبێ، کەیفی لە جەوابدا ئەم بڕە شیعرەی خوارەوە دەنێرێ بۆ ڕەشید ئاغا:

ئەی نووحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار
وەی ڕووح و سەر و ماڵی منت جومڵە بە نیثار

با خاکی بەری پێت بێ دڵی زار و نەزارم
با فەرشی سەری ڕێت بێ گوڵ و گوڵشەن و گوڵزار

لەوساوە بەنەی خامە غەزەل نووسی چی شیرین
شەککەر شکەنیت کردووە وەک تووتی بە مینقار

ڕەشحەی قەڵەمت مشکی لەسەر نامە فتان کرد
هەم خامە و هەم خامە، هەم ئەشعار و هەم ئیشعار

«في الجملة» کە نووسیوتە لە بۆ نایەوە کۆیە
چۆن بێمەوە ئێستەش کە لە سەرمایە شەڕی پار

ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆ بێ
بێ هۆشم و ئیفتادە پەرێشان و نگونسار

بێ غیرەت و بێ عارم ئەگەر بێمەوە کۆیە
وەک پەیکەری پێ ڕووت و وەکو سەر ڕەشی موختار

ئیمان و دڵم وا بە دەسی دولبەری دابوو
نەیدابوو وەها حاجی ڕەشک دینی بە دینار

من خەستە تەن و جەستە شکەستەی غەمی ئەو بووم
ئەو بوو بە دەوا و مەرهەمی بێگانە و ئەغیار

خۆت واقیفی ئەسراری کە چۆن ئاخری کاریش
بێ حورمەتی کردم بە قسەی موفسید و بەدکار

چۆن هەیبەتی بردم لە حوزووری حەزەراتی
چۆن هەیئەتی کردم بەسەر و سوورەتی دیوار

هەرچەندە جەفای دام و سەفام لێ نەدی ئەمما
شاهانە دەکەم مەدح و ثەنای چاکی بە ئەشعار

دائیم لە خەراباتی حوزووری حەزەراتم
نەمماوە لەبەر تاعەتی تەن تاقەتی دیدار

هەڵناغەڵەتی «کەیفی» لەمەولا بە فریبت
با بەس بێ وەفای ئێوە و با بەس بێ جەفای پار

خوێنەری بەڕێز سرنجێک بداتە سۆزی ئەم دێڕەیان کە دەڵێ:

ئێستەش وەکو مورغێ کە زەدەی چەنگی هەڵۆ بێ
بێ هۆشم و ئیفتادە پەرێشان و نگونسار

من بۆ خۆم ئەوەندە ئەم بەیتە دەخوێنمەوە موچڕک دەمگرێتەوە، دەتوانم بڵێم بۆنسۆی هەناوێکی هەڵقرچاوی لێ دێ... خاوەن هەست و هونەروەرێکی وەک کەیفی خاوەن گیانی نازکی شاعیری دەبێ چی چێشتبێ لەوەی کە لەگەڵیدا کراوە و چی چەشنە ئینفیعالاتێک سروشت و هۆش و وجوودی داگرتبێ و ئەنجن ئەنجنی کردبێ. باوەڕم هەیە ئەوەندە بەخۆیدا

شکاوەتەوە هەستی خەجاڵەت و ستەمی کردووە کە نەیتوانیوە تاکە یەک ڕۆژیش دوای کارەساتەکە لە کۆیە بمێنێتەوە. دەسەڵات چییە بەسەر ڕووداوێکی کۆن؟ ئاواتمان ئەوەیە شتێکی وا ڕوو نەداتەوە بۆ هیچ هونەرمەندێک بەڵکوو هیچ ئادەمیزادێک.

دەرچوونی کەیفی لە کۆیە کەی بووە؟

بۆ وەرامی ئەو پرسیارە بەڵگەیەکی مێژوویی هەیە لە ڕووداوی ئەو ڕۆژانە، حاجی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی 1288ی کۆچی لە ڕێی سووریەوە، لە خزمەت باوکیدا دەچێ بۆ حەج، کاتێک دەگەنە حەڵەب کەیفی مامۆستای کوڕانی والیی ئەو شارە بووە، کە دەزانێ ئەمان هاتوون بۆ حەڵەب خۆی پێ ناگیرێ دەچێتە لایان بۆ بەخێرهێنانیان و هەموو ئەو ڕووداوانەی کەلێنی خستبووە خۆشەویستی و پێوەندیی مەیانیان لەبیر دەچێتەوە. کەیفی هەروەک لە دوا دیدارانی ئەو بڕە شیعرەی لەسەرەوە نووسیمان ئیحتیرامی دەربڕیوە بۆ مامۆستای خۆی، دیسان لە شاری حەلەبیش هەمان ڕێزی کۆن لە مامۆستای خۆی دەگرێ و وەک چوکەیێک ئیشی بۆ دەکا، حاجی مەلا عەبدوڵا دەگێڕێتەوە دەڵێ خەڵقی حەڵەب زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە دەیاندیت کەیفی، مامۆستای کوڕانی والی، کەلوپەل و شتومەک هەڵدەگرێ و بەدوا کابرایەکی کورد دەکەوێ و خزمەتی دەکا، بەتایبەتی چونکە حاجی مەلا عەبدوڵا لە کیسوەتی خادمی لە خزمەت باوکیدا سەفەر دەکا، شتێکی مەشهوورە لە سەفەرەکەی حاجی مەلا ئەسعەد بۆ حەج کە لە هەر جێگایێک تووشی موجادەلەی عیلمی دێ لەگەڵ مەلاکانی ئەو شارانەی کەوتونەتە سەر ڕێگای حیجاز دەڵێ بانگی قەتارچییەکەم بۆ بکەن تا جەوابتان بداتەوە. مەبەس لێرەدا هەر ئەوە نییە باسی سەرەنجامی کەیفی و ئاشتبوونەوەی بکەین بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا دەمانەوێ ساڵی ڕۆیشتنی لە کۆیە سوور بکەینەوە، چونکە دیارکردنی ئەو ساڵە هەروەک ئێستاکە باسی دەکەین بەستراوە بەو ساڵی 1288 ەی کۆچییە کە باسمان کرد، حاجی مەلا عەبدوڵا زۆر جار گوتوویەتی دوای دوو ساڵ لە ڕۆیشتنی کەیفی، لە حەڵەب چاوم پێی کەوتەوە.

کەواتە تۆران و ڕۆیشتنی کەیفی لە کۆیە ساڵی 1286 ی کۆچی بووە ئەمەی لێرەدا گێڕامەوە لە بابەت ڕۆیشتن و دیتنەوە و ئاشتبوونەوەی کەیفی مەعلووماتێکە بە تەواتور بە ئێمە گەییوە و ئەو مێژووانەی کە لەو کورتە نووسینەدا بەیانم کردوون و بە خەتی باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵا لە موناسەبەی جووناجوون تۆمار کراون، یەک وشەی خۆکردی تێدا نییە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر چیرۆکێکی تەمسیلی لە بەشی کوردیی ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا بڵاو دەکرایەوە وای ڕادەگەیاند کەوا کەیفی بەزۆری زۆرداران لە کۆیە بەدەر کرا، ئەمە کەموزۆر پەیوەندیی بە ڕاستییەوە نییە، ئەوەی لەو ڕووپەڕانەی ئەم نووسینەدا گێڕامانەوە هۆی ڕاستەقینەی تۆران و ڕۆیشتنی کەیفی بووە. خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەو دەمەی کۆیە ڕێزی زۆریان هەبووە بۆ کەیفی و حاجی قادر و بێئەنداز خۆشیان ویستون. وەک دیمان ڕەشیدئاغای حاجی بەکرئاغا کە یەک لە دۆستانی کەیفی بووە کاغەزی بۆ نووسیوە و داوای گەڕانەوەی لێ کردووە. جەوابەکەی کەیفیش گومانێک ناهێڵی لەوەدا کە دەسەڵاتدارەکان سووچێکیان نەبووە لە بەسەرهاتی تۆران و ڕۆیشتنی کەیفی. هەر شیعرەکانی کەیفی ڕێز و خۆشەویستییان لێ دەبارێ بۆ ڕەشید ئاغا کە لە بنەماڵەیەکی بەهێز ئەو دەمە بووە. دیوانی حاجی قادریش چەند قەسیدەیەکی بەنرخی تێدایە لە ستایشی ئەمین ئاغا و حەماغا و بە پارێزەری مولک و میللەتیان دەژمێرێ. مەبەستم لەمەدا شتێک نییە مەگەر خزمەتی مێژوو و ڕاستی لێرە بەپێشەوە گوتمان حاجی قادر پێش کەیفی لە کۆیە ڕۆییوە.

بەڵگە بۆ ئەمە دوو شتە، یەکەمیان بەڵگەی شایەتی و گێڕانەوەیە کە لە جیلی پێش خۆم بیستووە و وەک مەعلووماتێکی خانەوادەیی ماوەتەوە و موجیبێکیش نییە شوبهەی لێ بکرێ. دووەمیان بەڵگەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەیە. ئەم هەموو ماجەرای شەڕەشیعر و جنێو بەیەکدانی بەینی کەیفی و شێخ ڕەزا یەک ناوی حاجی قادری تێدا زیکر نەکراوە و هیچ دەورێکی نەبووە. حاجی کە شاعیرێکی وا بەدەسەڵات و نزیکترین برادەر و دۆستی کەیفی بووە، نەدەبوا بەدرێژایی ئەو کارەساتە بێدەنگ بێ ئەگەر لە ولأت با، کە پیاوێکی وەک ڕەشید ئاغا بەو چەشنەی باسمان کرد بەشداریی کردبێ لەو ڕووداوە بێگومان دەبوا حاجی قادر هەر ببێتە لایەنگیر و یارمەتیدەری بێپێچوپەنا بۆ کەیفی کە ئەمە نەبووە لە بەر مەوجوودنەبوونی حاجی بووە.

کەمێکی کەم ماوە لە ژیانی کەیفی لێرەدا بتوانم باسی لێ بکەم چونکە ئەوەی کە دەیزانم لە ژیانی حەڵەب و ئەستەموڵی شتێکی زۆر کەمە. دەڵێن کەیفی کە دەچێ بۆ ئەستەموڵ بە زووپی فێری زمانی فەرەنسی دەبێ وە لە ڕۆژنامەیێکی فەڕەنسیدا دەبێتە نووسەر. وەک دەگێڕنەوە گۆیا ڕۆژنامەیێکی پاریس لە بارەی کوردەوە شتی نارەوا دەنووسی. کەیفی ئەم نووسینە دەبینێ و دەست دەکا بە جوابدانەوەی هەر لەو ڕۆژنامەیە کە خۆی تێیدا نووسەر بووە. لە ڕێزە مەقالێکی مێژوویی چی عەیب و عاری مێژووی فەڕەنسە هەیە دەیهێنێتە ڕووەوە و بە قەڵەمێکی سووتێنەر نووسینەکانی دەڕازێنێتەوە تا وای لێ دێ باڵیۆزی فەڕەنسە ئیحتیجاجێک دەدا بە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی، ئیتر فەرمانبەرانی عوسمانی دەکەونە ناوبژیکردن تا کەیفی واز دێنێ و چی تر لەسەری نارۆوا... بەڵام دەمی شیرن دەکەن ئەوجا!

بەراوردێکی تایبەتی

لەو ڕووداو و مێژووانەی کە نەمتوانییوە فیکرەیەکی میلەو ڕوون و تەحدیدکراوی دەربارە پەیدا بکەم و عەلاقەدارن بە نووسینەکەمان دوانن، یەکەمیان کەی کەیفی هاتۆتە کۆیە؟ دووەمیان کەی حاجی قادر لە کۆیە ڕۆییوە بۆ ئەستەموڵ؟

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ ڕووداو و مێژووی قەتعی و هەندێکی مەیلە و قەتعی هەن کە ماوەی بەهەڵەچوون تەواوێک تەسک دەکاتەوە وا لە ژێرەوە بە زنجیرە تۆماریان دەکەین:

1) حاجی قادر لە ساڵی 1276ی کۆچی لە دێی بێتووش بووە.
2) کەیفی پێش 1280 هاتۆتە کۆیە.
3) کەیفی لە 1286 لە کۆیە ڕۆییووە.

ئەم سێ مێژووە هیچ گومانێکیان تێدا نییە.

حاجی ماوەیێک پێش ڕۆیشتنی لە کۆیە لەگەڵ کەیفی ژیاوە و بە یەکەوە لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد بوون و پێوەندیی دۆستایەتی و برادەرییان بەهێز بووە.

حاجی لەو ڕۆژانەی کە ناکۆکیی بەینی شێخ ڕەزا و کەیفی پەیدا بووە لە وڵات نەماوە و چووە بۆ ئەستەموڵ، یا خود دەتوانین بڵێین کە شێخ ڕەزا هاتووە بۆ خوێندن لای حاجی مەلا ئەسعەد حاجی قادر لە کۆیە نەبووە. جا ئەگەر بزانرایە کەی شێخ ڕەزا هاتووە بۆ کۆیە بەم زانینە ساڵێکمان بۆ دیار دەکرا کە بگوترێ ئەمە کۆنترین ساڵە کوا مەعلووم کراوە لەوە بە پێشەوە حاجی قادر کۆیەی جێ هێشتووە.

خوێنەری بەڕێز لە دوای ئاگادارببوون لەو شتانەی کە نووسیومن دەتوانێ وەک من لێکدانەوە و بەراوردی بکا بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی ئەو مێژووانەی کە بە تەواوی مەعلووم نین، خۆ ئەگەر لەگەڵ لێکدانەوەی زهنی پرسیار و تەحقیقاتێکیش بکرێ لەو کەسانەی ئاگاداری ژیان و بەسەرهاتی ئەدەبییەکانی کوردن کە چوونەتە ئەستەموڵ و لەوێ ژیاون، وەک نالی و حاجی و کەیفی و ئیبراهیم حەیدەری و پیاوی دیکەی ئەدیب و ئەفسەر و مەئموری میری ڕەنگە مەعلوومات نوێ و شیعری نەبیستراو و ڕووداوی زۆری وا کە هیچی لێ نازانین وەدەست بێن و ژیان و هونەر و ئەدەبی ئەوان بلیمەت و هەڵکەوتووانەی کوردەواری بە جۆرێکی فراوانتر و قوڵتر ڕوون بکرێتەوە.

«...»

«کۆڕی زانیاری کورد» چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟

کۆواری زانیاری، ژمارە 4، ساڵی 1971

کۆمەڵێک لە نووسەران و خاوەن بیروڕایانی کوردەواری، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ناوەی «کۆڕی زانیاری کورد»، یا بە نووسین یاخود هەر بە قسە، خەریکی ڕەخنە لێگرتن بوون. پێش ئەوانیش ئەندامانی کۆڕ بە تێکڕایی، چەند دانیشتنێکی درێژە پێدراویان تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی ناوێکی ئەوتۆ بەپێی توانایی و لوان لەگەڵ مەبەستی دامەزراندنی ئەم ساختمانە بگونجێ.

بێگومان خۆماندووکردن بە کارێکی وا گرنگ و پیرۆزەوە، سەرەڕای ئەوە کە نموونەی پێویستییەکی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیە، بە سەرشانی هەموو خاوەن دەسەڵاتێکی فیکری و خامەیی کوردەوە، هەر لە خۆیشیدا بەڵگەیە بۆ بوونی گیانێکی بزۆز و پڕ جموجۆڵ لە نێوان ئەو کەسانەی پەیوەندیان هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی فیکری و ئەدەبی و مژدەدەری ئەوەیە کەوا لە هەموو هەڵوێستێکی لەم چەشنەی ئیستاکە و دواڕۆژیشدا هەمان گیانی داهێنەر و دروستکەر خۆی نیشان دەدا و بەرهەمی پاکی خۆی پێشکەش بە کوردایەتی دەکا. گوتمان «بەرهەمی پاک» چونکە گومان لەوەدا نییە کەوا هەر زمان و خامەی پاکە بتوانێ لە باغی فیکر و خوێندەواریدا، میوەی پاک و پیرۆزی زادەی مێشک و گیان بچنێ و بە هونەری ئینسانانە ئارایشتی بدا و بیخاتە کۆڕی ڕۆشنبیران لە مرۆڤی هاوچەرخ و نەوەکانی داهاتوو.

ئەندامانی کۆڕ، بەرلەوەی بگەڕێن بە دوای ناوێکدا، چەند دروشمی بنچینەییان ڕەچاو کرد تا هەر ناوێک پێشنیهاد بکرێ وە یا بژارە بکرێ، لە چوارچێوەی مەبەس و مانای ئەم دروشمانە دەرنەچێ و لە هەمان کاتیشدا ئەمەیان کرد بە بەرگری دەمەتەقێیەکی بێپایان و بێسوود، چونکە دوانی بێ دروشم و سنوور کەم وایە دوایی بێ. دروشمەکانیش ئەمانەن:

1. وشەی بێگانە بەکار نەهێنرێ لە دارشتن و دروستکردنی ناوەکەدا.
2. ناوەکە جێگەش ڕابگەیەنێ نەک هەر کۆبوونەوە.
3. ئەو وشانەی ناوەکە پێک دێنن لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بیسراو و ناسراو بن.
4. وەرگێڕانی پیت بە پیت لە «المجمع العلمي الكردي»یەوە بۆ ناوێکی کوردی، مەرج نییە و ناشێ بە کۆسپ لە پێش ناوێکی ڕێکوپێکدا.
5. مۆسیقای ناوەکە لە بیستندا خۆشبێت.

ئیتر لەبەر تیشکی ئەم دروشمانە، ئەو پێشنیهادانەی کەوا خرابوونە باس لێکردنەوە وەک «کۆڕ، هۆز، ئەکادیمی، مەکۆ، زانست و زانکۆ» هەڵسەنگێران و ئەمدیو و ئەودیویان پێکرا و لە ئەنجامدا:

1. وشەی «ئەکادیمی» پەسەند نەکرا چونکە کوردی نییە.
2. وشەی «زانست» دوور خرایەوە، چونکە لە هەندێ شوێنەکانی کوردستاندا نەبیستراوە (پاشان لە ڕوویەکی دیکەشەوە بەراوردی زانست دەکەین لەگەڵ زانیار).
3. وشەی «هۆز» و «مەکۆ» دوور خرانەوە، چونکە یەکەمیان جێگە ناگەیەنێ و دووهەمیان لەبەر ئەوە کە بۆ شتیک ناوبانگی پەیدا کردووە دووڕە لە زانین و خوێندەواریەوە. بۆیە هەردووکیان خەتیان بەسەردا کێشرا. جگە لەمانەش وشەی دیکەش هەبوون و پێشنیهاد کران، بەڵام بەر لەوەی بخرێنە لیستەی لێکۆڵینەوە، سڕانەوە، لەبەر هۆی ئاشکرای ئەوتۆ کە پێویستی نەهێشت بە لێکۆڵینەوە[1].

[1]- یەک لەو وشانە وشەی «ئەنجومەن» بوو کەوا لە نامەکەی مامۆستا وەهبیدا «ئەنجەمەن» نووسراوە و لە فەرهەنگەکەیدا «ئەنجومەن». دوو هۆی گرنگ خێراییان کرد لە دوورخستنەوەی ئەم وشەیەدا: یەکەمیان ئەوەیە کە

دوای ئەو دەسبژارە، لە پێشنیهادەکان دوو ناوی «زانکۆی[2] کورد» و «کۆڕی زانیاری کورد» مایەوە. هەردووکیان خرانە دەنگ وەرگرتنەوە. زۆربەی زۆری ئەندامان «کۆڕی زانیاری کورد»یان پەسەند کرد. ئیتر بڕیاری تێکڕایی درا کە ئەمەیان ببێت بە ناوی ساختمانەکە.

ئا ئەمەی لێرەدا بە چەند دێڕێک نووسین لێی بوومەوە، کاتێکی دووردرێژی خایاند لە زنجیرەیەک دانیشتنی پڕ لە جۆش و هەندێ جار پڕ لە دڵگەرمی، لە لایەن هەموو ئەندامانی کۆڕەوە، وە بە دەم دوان و دەمەتەقەوە دەربارەی ناوی کۆڕ بە وردی لەوە کۆڵینەوە ئاخۆ دوو وشەی «کۆڕ» و «زانیار» چین و مانایان چییە. من لێرەدا ماوەی ئەوەم نییە هەموو ئەو ڕا و باوەڕانەی دەربڕاون لەلایەن نووسەران و خاوەنبیرانی کوردەوە بەرانبەر بە مانای ئەم دوو وشەیە، تۆمار بکەم. ڕەنگبێ پێویستیش نەبێ چونکە هەرچی لە لایەن نووسەرانەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە لەم بارەیەوە، زۆربەی خوێنەران دیویانە و تێگەیشتوون. ئەوەندە هەیە نامەی مامۆستا تۆفیق وەهبی کە لە پیرۆزباییدا بۆ سەرۆکی کۆڕی نووسیوە و تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، وا لێرەدا دەیخەینە پێش چاوان، تا خوێنەرانی کورد لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگادار بن لەو ڕەخنە و دەمەتەقەی کە لەم دوو وشە و تەواوی ناوی کۆڕەوە سەری هەڵداوە و بەدوای ئەم ئاگاداربوونەوەدا ڕایەکی پوختەی لێ بەرهەم بێنن. بەشێکی ئەوەی لێرە بە دواوە لە بارەی دوو وشەی «کۆڕ» و «زانیار»ەوە دەینووسم، لە دانیشتنەکانی کۆڕدا باسی لێوە کراوە و هەندێکیشی بە پێی جێگە و پێویست لە کاتی نووسیندا خۆی سەپاندووە. لەوانەیشە بەراوردکردنەوەی هەندێ وشە لێرەدا درێژە بکێشێت، گەلێ زیاتر لەوەی کە لەلایەن کۆڕەوە بەراوردی لێ کراوە، چونکە ئەو کاتە زووتر لە ئێستە دەگەیشتینە ئەنجام و بڕیاردان، وەک لێرە من خەریک دەبم ئەوسا خەریکی وەرامدانەوەی ڕەخنەگەران نەدەبووین.

جا با بێینە سەر مانای دوو وشەی «کۆڕ» و «زانیار».

«کۆڕ» وەک بەلای کوردزمانەوە ئاشکرایە، کۆبوونەوەیە بۆ مەبەستێکی تایبەتی لە جێگەیەکدا. خۆ هەر ئەم مانایەشە لە فەرهەنگەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا بۆ کۆڕ نووسراوە.[3] لە پاڵ ئەمەدا با بڵێین وەک نامەکەی مامۆستا وەهبی دەڵێ: دەبێ مەبەسەکە کاتی (وقتی) بێ و بە دوایی هاتنی ئەو مەبەسە کۆڕەکەش نەمێنێ. من لێرەدا شتیکی دیکەش دەخەمە پاڵ «جێگە و کۆبوونەوە و مەبەسی تایبەتی و کاتی» تا هەموو مانای کۆڕمان خستبێتە سەر کاغەز، ئەویش ئەوەیە کەوا

وشەی «ئەنجومەن» فارسییە و لای هەموو کەس بە فارسی ناسراوە. لێکۆڵینەوەی دووردرێژی مێژوویی تا سووری دەکاتەوە داخوا ئەسڵێ وشەکە کوردییە یا فارسی لەگەڵ فرمانی کۆڕ یەکتر ناگرنەوە، چونکە دەبووا بە زوویی ناوێک بۆ «کۆڕ» دابنرێ. هۆی دووهەم ئەوەیە کەوا وشەی «ئەنجومەن» لە بارەی ماناوە «مجمع» ناگەیەنێ، بەڵکوو «لجنة» و «کۆمەڵە»ی سەرپەرشتیکەری ئیشێک دەگەیەنێ. فەرهەنگی مامۆستا وەهبی بۆ مانای کۆڕ council ی داناوە کە هەر دەکاتەوە «لجنة» و کۆمەڵەی سەرپەرشتیکەر. ئێستاش لە زمانی عەرەبیدا «مجلس»ی بۆ بەکاردێنن. «کۆڕ- مجمع» زۆر فرەوانترە لە «ئەنجومەن» چونکە کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆڕ دەبێت بە ئەنجومەن. وابزانم ئێستا لە تورکیدا «ئەنجومەن» ڕاستەوخۆ بە مانای «لجنة» بەکاردێ.

[2]- زانکۆ: وشەیەکی تێک هەڵکێشە لە دوو وشەی «زان» و «کۆ» پێک هاتووە، لە کاتی دەمەتەقەی ئەندامانی کۆڕدا مەیلێکی ئاشکرا هەبوو بۆ ئەوەی تا بکرێ وشەی تاک بەکار بهێندرێ نەک تێک هەڵکێش. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ خاوەن ڕای «زانکۆ»یان بەلاوە پەسەندتر بوو. لێرە بە پێشەوەش ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە و تا ڕادەیەک پەرەسەندوو بوو. بۆیە تەنها ئەمیان لە نێوان هەموو پێشنیهادەکانی دیکەدا بۆ لێدوان و هەڵسەنگاندن خۆی گرت تا کاتی دەنگ وەرگرتنی دوایی کە «کۆڕی زانیار» تێیدا زاڵ بوو بەسەریا.

[3] - بێ ئەوەی وشەی جێگەی بەکارهێنابێ، بەڵام کۆبوونەوەیەک کە لە «کۆڕ»دا دەبێ، بێجێگە نابێ. بۆیە دەڵێم ئەو مانایە لە فەرهەنگی مامۆستا وەهبیدا بەکارهاتووە. سەرەڕای ئەمە لە ناوچەی بادینان گوندێک هەیە بەناوی «کۆڕی گاڤان» کەوا ڕاستەوخۆ «جێگە» دەگەیەنێ نەک جێگە بەهۆی کۆبوونەوە.

لە وشەی کۆڕدا خرۆش و جۆشێک هەیە لە هیچ جۆرە جێگە و کۆبوونەوەیەکی تردا هەستی پێناکرێ. کەواتە وشەی «کۆڕ» جێگە و کۆبوونەوە و مەبەسی تایبەتی و کاتی و خرۆش دەگەیەنێ.

گومان نابەم هیچ خوێنەر و ڕایەک ڕەخنەیەکی هەبێ لە «جێگە و کۆبوونەوە و مەبەستی تایبەتی و خرۆش». دەمێنێتەوە ئەوە کە کۆبوونەوەکە کاتی بێ کەچی مەبەستەکە هەمیشەیی بێ، چونکە «مجمع» هەمیشەییە. بۆ ئەم ڕەخنەیە دوو وەرام هەیە:

1. کورتی و درێژیی کاتی ئەو مەبەستەی کە کۆڕی بۆ دەگێڕێ ئەوە دەگەیەنێ کەوا کۆڕی هەندێ شت لە هەندێکی تر درێژتر بێت. با بڵێین کۆڕی شەڕ لە کۆڕی زیکر و هەڵپەڕکێ درێژترە. شەر بۆ خۆی هەندێ جار سەعاتێک و هەندێ جار دە ساڵ دەخایەنێ. خۆ «جەنگی سەڵیبی» 200 ساڵی خایاند. جا کە بلوێ بە پێی داخوازیی مەبەست درێژە بدرێ بە کاتی کۆڕبەستن، هیچ بەرهەڵستێک بۆ ئەوە نامێنێ کە کۆڕی زانیار ئەو ماوەیە بخایەنێ کە فرمانی ساختمانەکە داخوازیی دەکا. جا ئەو ماوەیە هەر چەند درێژ بێ. ئەگەر ئەمەش بەس نەبێ، بۆ سەلماندن و دڵنیابوون، وا بزانم وەرامی دووهەم ڕێگەی نەسەلماندن دەبەستێ.
2. کەم وایە و ڕەنگە هەر نەبێ، زاراوەی تازەداهاتوو لە خودی خۆیەوە، پڕ بە پێستی ئەو مەبەستە بێ کە بۆی داتاشراوە و ئەگەر ئەم پڕبەپێستبوونە مەرجێکی بنچینەیی بێ لە داڕشتنی زاراوەدا، لە زۆر شوێندا پەک دەکەوێ و زمان ناتەواو و وەستاو دەمێنێتەوە.

لێرەدا چەند میسالێک دەهێنمەوە کە هەزاران هەزاری وەک ئەوان فەرهەنگەکانی جیهانیان پڕ کردووەتەوە.

عەرەب کە گوتی: «مربع» هەر ئەوەندەی کرد بەم وشەیە شێوەیەکی چوارگۆشەیی هێنایە بەرچاو. نە «زاویەی قائمە» و نە چونییەکی «ضلع»ـەکانی بۆ دەرنەبڕا. خۆ لە هەمان کاتدا «مستطیل» و «متوازی الاضلاع» و «معین» و «شبە منحرف» هەموویان چوارگۆشەیین و هیچکامێکیان بەو وشەی کە بووە بەناو بۆی، مانای مەبەس لە زاراوەکە ڕاناگەیەنێ. «مستطیل» خۆ هەر درێژکار نییە و بەس. ئەوانی دیکەش هەر ئەوە نین کە لە وشەکە دەفامرێتەوە.

یاخود کە بە کتێبی ئاین و ئاسمانیی خۆی گوت «قرآن»، لەم وشە ڕووتەدا تەنها «خوێندنەوە» ڕاگەیەنرا. دیاریشە نە «قرآن» تەنها خوێندنەوەیە و نە هەر کتێبی قرآن دەخوێندرێتەوە. کورد کە بە «رباعی»ـی گوت «چوارینە» و بە «مخمس»ـی گوت «پێنج خشتەکی»، لە هیچ کامێکیانا کێش و قافیەی دیاری نەکرد. «هایدرۆجین» کە «ئاو پەیداکەر» دەگەینێ، بە تەنها لە خۆیەوە ئاو پەیدا ناکا و جگە لە ئاو تێکەڵی قەوارەی زۆر مادەی دیکەش دەبێ کە لە وشەکە بە هیچ جۆرێک خۆی دەرناخات.کەواتە دەبێ ئەو وشانە و هەر وشەیەکی تری وەک ئەمانە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بسرێتەوە. جا هەر کاتێک لەگەڵ ئەو تەرزە زاراوانەدا کارێکی وا کرا، با کۆڕی زانیاری ئێمەیش وەک ئەوان ببێتە قوربانی پوختەیی زمان و لەناو بچێ.

لێرەدا دەمەوێ ئەمە ڕوون کەمەوە کەوا ئەمەندە بەسە بۆ زاراوە شیاو بێ بۆ مەبەسەکەی و لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەی بگونجێ، کەم و زیادییەک لە داڕشتنیدا وەیا ناتەواوییەک لە مانایدا هەبێ دەبێ چاوی لێ بپۆشرێ وەک لە زاراوەی تر پۆشراوە. ئیتر دوای بەکارهێنانێکی کەم لە خۆیەوە دەنیشێتە دڵ و مێشکی خەڵقەوە و دەبێتە سامانێکی تازە بۆ زمان و ئەدەب. باوەڕم هەیە زۆربەی زاراوەی هونەری و زمانی و زانستی و ئەدەبی لەو چەشنەن و بەو جۆرە داڕێژراون و خراونەتە بەکارهێنانەوە. کەواتە سەیر و جێگەی نارەزایی نییە وشەی «کۆڕ»یش وەک زاراوەیەکی تازە پەراوێزەکەی نەختێک بکێشرێتەوە تا کەمێک لە مانای خۆی زیاتر ڕابگەیەنێ.

تا ئێرە بەلای منەوە لە شیکردنەوەی ناوی «کۆڕ»دا زەحمەتێکی زۆر نایەتە پێش نووسەر، بەڵام وشەی «زانیار» وە یا «زانیاری» لێکۆڵینەوە و هەڵسوورِ و داسوڕێکی گەلێ زیاتری پێ دەوێ، تاکو بنچینە و مانای بە تەواوی ڕوون بکرێتەوە بۆ خوێنەری بەڕێز.

«زانیار» وشەیەکە لە ڕواڵەتدا هاوکێشێکی ڕێزمانییە لەگەڵ کۆمەڵێک وشەی دیکەی کوردیدا کە دواییان دێ بە سێ پیتی «ی-ا-ر» وەک: فرۆشیار، کڕیار، دزیار، پرسیار، بڕیار، جووتیار، هۆشیار و بەختیار. بەڵام هەر لە یەکەم نیگادا بۆ زمانزان دیار دەکەوێ هاوکێشیی ئەمانە هەر وشەیی و ڕواڵەتییە و لە لایەن جۆر و ماناوە دابەش دەبن بە دوو لەتی تا بڵێی لە یەک جیاواز.

لەم وشانەی کەوا دواییان دێ بە سێ پیتی «ی-ا-ر» و بە دیمەن وەک یەک جۆر دێنە پێش چاو، دوو وشەی «کڕیار» و «فرۆشیار» بێگومان هەردووکیان «اسمی فاعل»ـن ماناکەیان لە عەرەبیدا «مشتري» و «بایع» کە ئەوانیش هەر «اسمی فاعل». چەند وشەیەکی دیکەش وەک «جووتیار، هۆشیار و بەختیار» هەرچەند «اسمی فاعل»ـی ڕاستەقینە نین، چونکە لە «فعل» وەرنەگیراون، بەڵام دەشێ بخرێنە ڕیزی «اسمی فاعل»ـەوە، لەبەر ئەوەی کە هەرسێکیان مانای «خاوەن - صاحب»ـیان تێدایە کە لە ناوەڕۆکدا «فاعیلایەتی» دەگەیەنێ.

«بڕیار» و «پرسیار» و «دزیار» و گەلێ وشەی دیکەش کەوا وەک ئەمان بە «یار» دواییان دێ هیچ کامێکیان «اسمی فاعل» نین، بەڵکوو شتێکی دیکەی زۆر جیاوازن کەوا لە کاتی خۆیدا ڕوونی دەکەینەوە و ناوی لێ دەنێین. ئاخۆ ئەوەی هەندێکیان دەکا بە «اسمی فاعل» و هەندێکی دیکەیان دەکا بە «شتێکی دیکە» دەبێ چی بێ؟ وردبوونەوەیەک لە وشەی «فرۆشیار» و بەدوای ئەودا لە «کڕیار» و ئەوجا «فرۆشیار» و «هۆشیار» و «بەختیار» هۆی ئەم جیاوازییەمان بۆ دەردەخا.

وشەی «فرۆشیار» کە لە بنچینەدا لە «فرۆشتن» وەرگیراوە پیتی «ی»ـی تێدا نییە، کەواتە وشەکە دەبێ هەر سێ پیتی «ی-ا-ر»ی لێ زیاد کرابێ و پێوەی لکابێ، کردبێتی بە «اسمی فاعل». بە پێی ئەمە کە وشەی «کڕیار»یش وەک «فرۆشیار» «اسمی فاعل»ـە، دەبێ ئەمیش وەک ئەو سێ پیتی «ی-ا-ر»ی پێوە لکابێ و کردبێتیان بە «اسمی فاعل».

بەڵێ لە وشەی «کڕین»ـدا کە بنچینەی «کڕیار»ە پیتی «ی» هەیە، ئیتر ڕەنگە بگوترێ دەبوا دوو «ی» لە وشەی «کڕیار»دا هەبا یەکیان بنچینەی و ئەوی دیکەیان «ی-ا-ر». بەڵام بە پێی ڕێزمانی زمانی کوردی لە جێگەیەک کە دوو «ی»[4] لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هاتن و لەگەڵ یەکدا کۆبوونەوە، یەکیان دەپەڕێ و دەمێنێتەوە یەک «ی». وەک دەبینین لە حاڵی «اضافه» دا ئەگەر وشەی «مضاف»ـەکە پیتی «ی»ـی بە دواوە بوو «ی»ـی «اضافه»ـی ناخەینە سەر و نایکەین بە دوو «ی» و وای دەدرکێنین (تلفض) کە هەر تاکە «ی»ـیەکی پێوەبێ.[5] بۆ نموونە هەرچەندە لە وشەی «زەوی»ـدا «ی»ـیەک هەیە و لە کاتی «اضافه»دا دەبوا «ی»ـیەکی تریشی لەگەڵدا بگوترێ بەڵام یەک لە دوو «ی» کە دەپەڕێ و تەنها یەکێکیان دەمێنێتەوە.

ئیتر گومان لەوەدا نییە ئەوەی «کڕیار» و «فرۆشیار»ی کردووە بە «اسمی فاعل» لێ زیادکردنی سێ پیتی «ی-ا-ر»ە و ئەم ڕاستییە بە هۆی وشەکانی دیکەی وەک «جووتیار» و «هۆشیار» و «بەختیار» ەوە، بە تەواوی سوور دەبێتەوە، چونکە لەم وشانەدا گومانێک نییە کە سێ پیتی «ی-ا-ر» زیادن، بۆیە بوون بە شتێکی نزیک لە «اسمی فاعل» بەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە هەر وشەیەک «ی-ا-ر»ی لێ زیاد کرا دەبێ بە «اسمی فاعل».

کەواتە ئەگەر وشەیەک لە ئەسڵدا پیتی «ی»ـی تێدابوو وەک «ناسیار، پرسیار و بڕیار» کە بنچینەیان «ناسین» و «پرسین» و «بڕین»ـە و بە سێ پیتی «ی-ا-ر» دوایی هات لەگەڵ ئەمەشدا مانای «اسمی فاعل» نەبەخشێ دەبێ بە حوکمی «منطق و قیاس» بڵێین ئەم «ی»ـەی کەوا تێیدا هەیە بنچینەییە، نەک پێوەی لکاوە، وە ئەوەی لێی زیادکراوە دوو پیتی «ا-ر»ـە و بەس. بەم جۆرە ئەم وشانە هەرچەند لە ڕواڵەتدا دواییان «یار»ـە، بەڵام لە ڕاستیدا دەچنە ڕیزی

---

[4] - مەبەس «ی»ـی تیژە کە تا ئێستا بە دوو «ی» دەنووسرێ.

[5] - لێرەدا مەبەس درکاندنی پیتەکەیە نەک چۆنییێتی نووسینی، کەوا ڕەنگە نووسەرێک «ی»ی «اضافة» کە دابنێ و یەکێکی تر داینەنێ.

کۆمەڵێک لە وشەی دی کە دواییان بە «ار» دێ و هیچیان مانای «اسمی فاعل»یان تێدا نییە. وەک «کردار، گوتار و کوشتار» و هەمووشیان لە «فعل» وەرگیراون.

کەواتە وشەی «پرسیار» و «بڕیار» و هاوڕێکانیان هاوکێشی ڕێزمانین لەگەڵ «کردار» و «کوشتار» نەک «فرۆشیار» و «جووتیار»، چونکە وەک بۆمان دەرکەوت جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لە میانی هەردوو جۆرە وشەکاندا.

تا ئێستا بەپێی باوەڕی خۆم، سوورمان کردەوە کەوا وشەکانی وەک «فرۆشیار» و «جووتیار» لە جۆری «اسمی فاعل»ـن. ئەی ئەو وشانەی هاوکێشی «گوتار» و «کوشتار» و «بڕیار» و «پرسیار» کە هەر «ار» یان پێوە لکاوە، دەبێ چی بن؟

ئەمانە، بەپێی ئەوەی من بۆی دەچم، لە زمانی کوردی و فارسیدا جۆرێکن لە «مصدر» کە مانایەکی «مطلق» ڕادەگەیەنن، بێ ئەوەی «ڕوودان» (حدوث) وەیا «کات» (زمان)یان لێ بفامرێتەوە.

بۆیە لە کوردیدا دەگوترێ «داربڕین» و «شیعرگوتن» و «ئیشکردن» بەڵام ناگوترێ «دار بڕیار» و «شیعر گوتار» و «ئیش کردار» چونکە لەم «صیغە»یەدا ڕوودان نییە، بە پێچەوانەی «صیغە»کەی دی کە هەر خۆی سەرچاوەی ڕوودانە و «فعل» لەو وەردەگیرێ. لە عەرەبیدا بۆ «مصدر»ی بێ ڕوودان «صیغە»یەکی تایبەتی نییە، بەڵام کە ویستیان «مصدر»ێک مانای «مطلق» ڕابگەیەنێ، دەڵێن: «مصدر لا یقصد به الحدوث». هەندێ لە زمانزانی کورد بە لایانەوە وایە ئەمانە جۆرێکن لە «اسمی مفعول»، بێ ئەوەی جیاوازیی میانی ئەمانە و جۆرەکەی تر کە «اسمی فاعل» بوو ڕوون بکەنەوە، وەیا هۆیەک بۆ قسەکەیان بدۆزنەوە. بە گوێرەی تێگەیشتنی من ئەم ڕایە هەر ئەوەندەی پێکاوە کە وشەکانی دەرکردووە لە «اسمی فاعل»، دەنا بە سەرنجێکی کەم دیاری دەدا وشەی «پرسیار» کەموزۆر «مسؤول» و «پرسراو» ڕاناگەیەنێ، بەڵکوو ئەو مانایە ڕادەگەنێ کەوا لە وشەی «مسألة» دەفامرێتەوە و بە مەرجێک «حدوث» و «زمان»ی تێدا نەبێ.

هەروەها «بڕیار»یش «مقطوع» و «بڕاو» نییە، بەڵکوو مانای ئەو «بڕین»ـە «مطلق»ـەیە کە باسمان کرد. لێکۆڵینەوەی ئەوتۆیی کە لێرەدا خوێنەر دەبینێ وا بە کورتی و بە ڕادەی پێویست لەسەری دەڕۆم، بەلای زمانزانانەوە شتی سەرەتایین بۆ وردبوونەوەی قووڵیی «فیلۆلۆجی» کەوا بە ناخ و درێژایی و پانایی بابەتدا دەچێ و دێ.

هەرچەند من «فیلۆلۆجست»یش نیم، دیسانەوە تا کۆتایی و ناخی ئەو وشانە ماوەیەکی تەواوم ماوە. وا لێرەدا پەلە لە بڕینی دەکەم، تا بگەم بە وشەی «زانیار» و «زانیاری» کە هۆی ئەم دەمەتەقەیەن.

وابزانم زۆربەی خاوەن ڕایان لە کوردزمان وشەی «زانیار» لە جۆری «اسمی فاعل» دانانێن و بەلایانەوە «عالم» و «زانا» ڕاناگەیەنێ هەروەک «فرۆشیار» «بایع» ڕادەگەیەنێ. مامۆستا تۆفیق وەهبی لە نامەیەکدا دەفەرمووێ خۆی وشەی «زانیار»ی دروست کردووە و بۆ مانای «معلومات» نەک شتێکی دیکە. کەواتە مامۆستا وەهبییش لەو باوەڕەدایە «زانیار» لە چەشنی «اسمی فاعل» نییە. من وەک شاگردێکی ئەو مامۆستایانەی لە زمان و ڕێزمانی کوردی دواون و هەوڵ و زانینی وان هۆیەک بووە بۆ نەختە شارەزاییەکی کە لەم مەیدانەدا بۆم بەرهەم هاتبێ، ئا منیش لەو باوەڕەدام کەوا «زانیار» لە چەشنی «اسمی فاعل» نەبێ. بەڵام دوای ئەوەی بڕیار درا کە «اسمی فاعل» نییە، ئیتر ڕێزمانی زمانەکەمان بەدەنگ دێ و خۆی بڕیار دەدا ئاخۆ کە «اسمی فاعل» نەبوو ئیتر دەبێ چی بێ.

مەودای موناقەشە تا ئەو ڕادەیە کراوەتەوە کە گوترا ئەو وشەیە لە تیپی «اسمی فاعل» نییە، چونکە دەرکردنی لەم تیپە ڕاستەوخۆ دەیخاتە تیپەکەی ترەوە و دەیکا بە هاوکێشی ڕێزمانیی ئەو وشانەی دوو پیتی «ار»یان لێ زیاد کرابێ وەک «پرسیار» و «کردار» و «گوتار» و «بڕیار» و دەبێتە یەک لەو «مصدر»انە کە ڕوودانیان تێدا نییە. ئیتر ئەویش نالکێ بە وشەیەکی دیکەوە و بیکا بە «مفعول» و ناگوترێ «شت زانیار» هەروەک دەگوترێ «شت زانین».

کەواتە «زانیار» ئەو مانا «مطلق»ـە ڕادەگەیەنێ کەوا لە عەرەبیدا ئێستاکە وشەی «المعرفة» ڕای دەگەیەنێ نەک وشەی «علم» چونکە بەهۆی بەکارهێنانەوە وشەی «علم» بووە بە زاراوە بۆ تاقمێکی تایبەتی لە زانین پەراوێزەکەی تەسکترە لە «معرفة». ئێستا کە دەگوترێ «الاعدادیة العلمیة» جیاوازە لە «الاعدادیة الادبیة» یا «التجاریة» یا

«الزراعية»... تاد. هەروەها «هونەر» بەر «علم» ناکەوێ، بەڵام «هونەر» و «کشتوکاڵ» و «ئەدەب» و «بازرگانی» و هەموو جۆرە زانیارەکانی دیکە لە پەراوێزی «معرفة» دەرناچن. لە کوردیشدا بەپێی بەکارهێنانی سی چل ساڵی دوایی، وشەی «زانیار» ماناکەی فراوانترە لە مانای وشەی «زانست»، چونکە هەروەک لە عەرەبیدا «علم» جۆرە زانینێکی تایبەتییە و خۆی لە «فن» و «ادب» و «صنعة»... تاد جیا کردووەتەوە، زانستیش لە کوردیدا بەهۆی بەکارهێنان وەک وشەی «علم»ـی عەرەبی وەیا Science ی ڕۆژاوایی لێ هاتووە و بووە بە زاراوە بۆ تاقمێکی تایبەتی لە زانین کە هونەر و ئەدەب و پیشەسازی ناگرێتەوە. بەڵام وشەی «زانیار» چونکە زانینی «مطلق» ڕادەگەیەنێ سنوور و پەراوێزی نییە و هەموو جۆرە زانینێک دەگرێتەوە، زانست بێ یا ئەدەب یا هونەر یا پیشەسازی یا کشتوکاڵ... لەم ڕووەوە وشەی «زانیار» بۆ ناوەکەی «کۆڕ» گەلێ لەبارتر و پەسەندترە لە وشەی «زانست».

هەندێ لە ئەدیبەکانی کورد «زانیار» بە «اسمی فاعل» دادەنێن. هەرچەند باوەڕم هەیە ئەو ڕایە لە ڕووی ئەوەوە هاتووە کە خاوەنەکەی نەپەرژاوەتە سەر لێکۆڵینەوەی تەواوی وشەکە و شێکردنەوەی هەموو ئەو وشانە کە لە ڕواڵەتدا هاوکێشی ئەمن و لە ڕاستیدا لە یەک جیاوازن وەک لێرە بە پێشەوە باسمان لێ کرد، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە هەر چار نەما و «زانیار»مان کرد بە «زانا - عالم»، دیسانەوە لە ناوی «کۆڕی زانیاریی کورد» بەپێی ڕێزمانی زمانی کوردی وشەی «زانیاری» مانای «عیلم» و «زانین» دەگەیەنێ، چونکە ئەوساکە لە ناوی کۆڕدا وشەی «زانیاری» نەک «زانیار» بەکارهاتووە و ئەم «ی»یەی کە لێرەدا لکاوە بە «زانیار»ەوە هەمان «ی»ـی نیسبەتە کە دەلکێ بە «اسمی فاعل»ـەوە و دەیکا بە «مصدر صناعي» وەک لە عەرەبیدا دەگوترێ «العالمية» و «الخالقية»، ئەوسا «ی»ـی «اضافة» کە دەبێ هەبووبێ لە میانی دوو وشەی «زانیاری» و «کورد»دا و بەپێی ڕێزمانی کوردی پەڕیبێ و مابێتەوە «ی»یەکەی نیسبەت.

دوای شێکردنەوەی «زانیار» و هاوڕێکانی و ڕوونکردنەوەی ئەو بنچینەیەی لەسەری دامەزراون، دەردەکەوێ وشەی «دانیار» کە لە نامەکەی مامۆستا تۆفیق وەهبیدا ناوی هاتووە و دەفەرموێ بۆ مانای «موضوع»ـی داناوە، دەبێ ماناکەی هەڵگێڕینەوە لە «اسمی مفعول» و بیکەین بە «اسمی فاعل» و بڵێین «واضع»ـە نەک «موضوع» چونکە لە وشەی دانیار هەرسێ پیتی «ی-ا-ر» زیادن کە ئەم سیانە وەک لە زمانەکەماندا ڕەچاو دەکرێ وشە دەکەن بە «فاعل» نەک «مفعول». «دانیار» کە لە «دانان»ـەوە هەڵستاوە پیتی «ی»ـی تێدا نییە تا بڵێین تەنها «ار»ی پێوە لکاوە و بووە بە هاوکێشی «گوتار» و «بڕیار» و تەئویلێک لێرەدا پەیدا ببێ بۆ ئەوە بڵێین «اسمی مفعول»ـە یا هەر نەبێ «اسمی فاعل» نییە. جا ئەگەر بمانەوێ لە وشەی «دانان» هاوکێشی «گوتار» و «بڕیار» و «زانیار» و «پرسیار» وشەیەک داتاشین، دەبێ بڵێین «دانار»، ئەگینا هەر کە گوتمان «دانیار» کارەکە لە دەست ئێمە دەترازێ و دەچێتە بەر حوکمی ڕێزمانی زمانەوە و دەبێتە «اسمی فاعل». لێرەدا جورئەتێکی شاگردانە و نازێکی بچووکانە هانی دام خۆ هەڵقوتێنم لە ئیجتیهادی بلیمەتێکی وەک مامۆستا وەهبی.

مایەوە وشەی «کورد» کەوا لە ناوەکەی «کۆڕی زانیاری کورد»دا بەرانبەر وشەی «الكردي» دەوەستێ لە «المجمع العلمی الكردي»ـدا. مەبەسی ئەندامانی کۆڕ لە وشەی «کورد» و هەڵاوێردنی بەسەر وشەی «کوردی»دا ئەوە بوو کە کۆڕ بۆ هەموو کوردێکە نەک هەر کوردی زمانە. ئێمە با لێرەدا هەر لەو ڕادەی مەبەسەدا نەوەستین و لێکۆڵینەوەیەکی قوواڵتر بەکاربێنین لە دوو وشەی «کورد» و «کوردی»، تا بزانین کامیان زیاتر و باشتر و ڕاستتر مانای «الكردي» ڕادەگەیەنن کەوا لە ڕستەی عەرەبیی «المجمع العلمي الكردي» دەفامرێتەوە.

لە عەرەبیدا کە دەڵێن «الكردي، العربي، التركي» ئەم «ی»ـی نیسبەتە نەک تەنها بۆ زمان دەگەڕێتەوە، بەڵکوو بۆ گەلەکەش. دەگوترێ «انسان كردي» هەروەک دەگوترێ «لسان كردي» ئیتر لە عەرەبیدا کە گوترا «المجمع العلمي الكردي» هەم ئەوە دەگەیەنێ کە زمانەکەی کورديیە هەم خەڵکەکەی کە پەیوەندییان پێوەی هەیە کوردن. بەڵام لە کوردیدا کە «ی»ـی نیسبەت لکا بە ناوی گەل یان هۆزەوە، ئەو وشەی لەوەوە دروست دەبێ تەنها زمانی گەلەکە و هۆزەکە ڕادەگەیەنێ و بەس (ڕەوشت و داب و دەستوریشیان ڕادەگەیەنێ کە لێرەدا پەیوەندییەکی بە بابەتەوە نییە، بۆیە لێی نادوێین) وە بە هیچ جۆرێک مانای «گەل، مرۆڤ» ڕاناگەیەنێ. ئیتر کە گوتت «کوردی» مەبەست هەر زمانی

کورديیه. بەڵام کە ویستت مرۆڤێک بکەی بە کورد دەڵێی فلانە کەس کوردە بێ ئەوەی «ی»ـی نیسبەتی پێوە بلکێنی. هەروەها کە ویستت نیسبەی مرۆڤێک بدەی بۆ هۆزیک دەڵێی «فلانە جافە» یا «بڵباسە» یا «خۆشناوە»... تاد.

ئەوەندەی من هاتبێتە پێش چاو و زەینم، لکانی «ی»ـی نیسبەت بە ناوی گەل و هۆزەوە مانایەکە ناگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ، مەگەر ناوەکە خۆی دوایی هاتبێ بە «ی»ـی نیسبەت وەک «میراودەلی، سمایل عوزێری و دزەیی». لەم حاڵانەدا دەگوترێ فلانە کەس «دزەییە» یا «میراودەلییە». جا ئەگەر «گەل»ـیش «ی»ـی نیسبەتی لە دواییەوە هەبێ دیارە بۆ تاکە مرۆڤێکیشی «ی»ـیەکە هەر دەمێنێ. با ئەوەندەش لێرەدا بڵێم «ی»ـی نیسبەت کە لکا بە ناوی نیشتیمان وەیا شار وەیا جێگەیەکەوە، ئەوسا مرۆڤی ئەو نیشتمانە یا ئەو شارە یا ئەو جێگەیە دەگەیەنێ. کە گوتت «کوردستانی» یا «هەولێری» یا «ئاسیایی» مەبەستت خەڵکی کوردستان و هەولێر و ئاسیایە.

کەواتە «کۆڕی زانیاری کوردی» لە باری کوردایەتییەوە هەر زمانی کوردی بۆ کۆڕەکە دەسەپێنێ، بۆیە دەڵێ لە ژاپۆن وەیا بەڕازیل وەیا «جاوە»ش کۆڕ هەبێ بەناوی «کۆڕی زانیاری کوردی»ـیەوە و مانا و مەبەسەکە ئەوەبێ کۆڕەکە خەریکی زمانی کورديیە و بەس. ئیتر لە تەک ئەودا کۆڕ هەبێ بە ناوی «کۆڕی زانیاری عەرەبی» یا «تورکی» یا هەر زمانێکی دیکەوە. ئەم وردبوونەوەیە بۆمان دەردەخا «کۆڕی زانیاری کوردی» هەم ناتەواوە لە ڕووی مەعناوە کە بیوەستێنی بەرانبەر بە ڕستەی «المجمع العلمي الكردي»، وە هەم لە پەیوەندی بە کوردەوە کەم دەکاتەوە تا ڕادەی نەهێشتن. بە پێی ڕێزمانی زمانەکەمان چارمان ناچارە دەبێ بڵێین «کۆڕی زانیاری کورد»، ئەگینا کەلەبەرێکی زل دەکەوێتە و مانا و مەبەستی ناوەکە.

خوێندەری بەڕێز!

ئەوەی لەو نووسینەمدا خستمە پێش چاوت، بەپێی تێگەیشتنی خۆم هەمووم لە ڕێزمانی زمانی کورديیەوە دەرهێناوە، نەک لە گیرفانم، جا کە شتێکت لێرەدا خوێندەوە لەگەڵ بیروباوەڕی تۆ ڕێک نەکەوت، گورج بڕیاری لەناوبردنی مەدە و لچی لێ هەڵمەقرچێنە، هەڵێکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بدەیێ و بە چاوێکی وردی ڕەخنەکارانە و دڵسۆزییەوە سەیری بکە و ئەگەر لە هەندێ شوێنی نووسینەکەمدا نائاشکراییت هەست پێکرد مەودای ئەوەم بدە لە دەرفەتێکی ئایندەدا بەپێی پێویستی باسەکە و دەسەڵاتی خۆم مانا و مەبەستەکەت بۆ ڕوون کەمەوە. ئیتر ئەوسا چی بەڕاست و بەرژەوەند دەزانی ئەوە دەربڕە و بۆ خزمەتی زمانەکە و ئەدەبیاتی. ئێوە و منیش لەگەڵ ئێوە، هەموو دەزانین تا چ ڕادەیەک باسی فیلۆلۆجی لە کوردیدا تازە و سادە و سافیلکەیە. هەڵبەت بەو پێیە نووسەر تووشی قۆرت و هەڵە دێ. جا ئەگەر هەڵە لە نووسینی یەکێکمان نەدیترا، دەبێ ئەم بێهەڵەییە کاری «معجزة» و «سحر» بێ! بۆیە تۆ و من و هەموومان لە کاتی ڕەخنەگرتندا دەبێ لە گۆشەیەکی دڵمانەوە تارماییەکی بەیتە خۆشەکەی نالیمان بەبیر بێتەوە کەوا هەر وشەیەکی وەک دڵۆپێکی ئاوی کەوسەر دەتکێتە ناو دڵی مرۆڤی هەستیار و بەسۆز:

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراب
کەس نییە ڕازی بێ خەتا کە لە ئەولادی درێ

«...»

«پێشەکی» بۆ گوتاری «بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا»

گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد» ساڵی 1974

ژیان لە نووکیەوە کێشە و گرێ و گاڵ و تەنگوچەڵەمەیە. بەر لە ژیان، بوون و سروشت بە تێکڕایی، لە یەکتر خشان و بەیەکدا هاتن و تێکهەڵقژان و یەکتر خستن و کاری ئەوتۆییە... بە داخەوە.

لەم دەریا بێ سەروبن و پایانەی ئەرک و سەختی و دژایەتی و بینبڕکێ و دەستەویەخەبوونی ژیان و بووندا، بە پێی کەم و زۆری چەکی لەسەرەخۆکردنەوە و هەڵمەت بردن، هەڵوەست زۆرتر وەیا کەمتر زەحمەتی تێدا دەبێ: کە بەرەنگاری درندەییێک بوویت و چەکی خۆپاراستن و ڕاوکردنت دەست و ددانەکانت بوون ڕەنگە خۆت ببیتە نێچیر، خۆ ئەگەر تیروکەمانێک وەیا شیر و ڕمێکت پێ بوو ئەوسا تەرازووی بەخت ڕوو لە گۆڕان دەکات، کە دەستت گەیشتە دەمانچە وەیا تفەنگ وەیا نارنجۆک ئیتر دەبیتە ڕاوکەری ڕاستەقینە.

گەلانیش، وەک تاکە مرۆڤەکان، لە هەنگامەی بەیەکەوە ژیان و خۆ سەپاندن و ماملێتی ژین و ژیاردا خۆیان لەم هەڵوەستە پڕ ترس و لەرزەی «خوران و ڕەسین» دەبینەوە. هەرچەند شتێکی بەرچاوە کەوا پێ بە پێی تێهەڵکشانی ئادەمی لە پلەی شارستانەتی و زۆربوونی پەیوەندی و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و داهاتنی مەیدانی تازە بە تازەی هاریکاریی – بە کورتیی لەگەڵ پێشکەوتنی تێکڕایی ئادەمییدا، باری تێکگەیشتن و ڕێککەوتن و گونجانی بەرژەوەند و تەبایی گشتی وردە وردە پتر خۆ دێنێتە بەر هەستی هەستیار و سەرپەڕەی داستانی بوون و ژین، بەڵام هێشتان گەلێکی بە بەرەوە ماوە تا ئەو کاتەی پێویست نامێنێ بە ئەندێشەی خۆپاراستن و لەسەرخۆکردنەوە. بە نیسبەت منەوە کە تاکێکی کوردم و وتوویژم لەگەڵ ئەوە، چەندی بە قسەکانم ڕێی ئامادەبوونی کورد خۆش کەم بۆ بەهێز بوون و پەیداکردنی چەکی لەسەرخۆکردنەوە، ناگەم بە سنووری توهمە و تاوانی ستەمخوازی و دەستدرێژیی چونکە گەلی کورد لە باریٚکدا نییە چاوەنواڕی ستەم و دەستدرێژیی لێ بکرێت، هەتا پەل بکوتێ و تێڵا بوەشێنێ دەست و کوتەکی لە سنووری ماڵە کاولەکەی خۆی تێپەڕ ناکات. کەسێک بکەوێتە بەر کوتەکی کورد دیارە بە پێی خۆی هاتۆتە بەر ئەو کوتەکە و هەر خۆی دەستدرێژی کردووە لە سنوور و ماڵ و ژیانی کورد.

بێگومان گەلی بێدەسەڵات پتر حەز بە خۆشی و برایەتی و داد و ئاسایش و هێمنی دەکات، چونکە هەر لەو مەیدانەدا ئومێدێکی بە سوود و بەختیاری هەیە... ئەگەر ڕێم هەبێ لێم بە عەیب نەگیرێ دەڵێم هەموو ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان دەخورێ ئامادەن مەزبەتەی حەرامکردنی کوشتن و بڕین و گۆشت خواردن مۆر بکەن، مەرج ئەوەیە شێر و پڵینگ و گورگ ئیقناع بن و گۆشت حەرامکردن بسەلمێنن. گیانلەبەری بێدەسەڵاتی گۆشتنەخۆری گۆشتخوراو هەر بە جارێ قڕانی دێت کە هات و لە خۆی غافڵ بوو و کەمتەرخەمی کرد لە خۆبەهێزکردن.

گەلی کورد، وەک گەلێکی نموونەیی لە بەرەنگاربوونی هەڕەشەی سەخت بە دەسەڵاتی کەمەوە، خۆی لە باریٚکدا دەبینێ ئەویش باریٚکی نموونەییە لە پێویستبوونی پارسەنگکردنی لایەنی کەم و کوڕی و بێهێزیی، بەو چەکانەی کە دەستی پێیان دەگا و پێیان بەهێز دەبێ و دەسەڵاتی لەسەرخۆکردنەوەی فراژوو دەبێ. بێگومان لە هەموو چەکان نێزیکەدەستتر و لەگەڵ نێزیکەدەستییدا یەکجاریش کاریگەر، چەکی زانست و ڕۆشنبیرییە بە تایبەتی ئەو زانست و ڕۆشنبیرییانە کە وا پەکیان لەسەر «مختبر و تطبیقات» نەکەوتووە بە خۆیان و ئەرک و مەسرەفی قورسیانەوە کە وا ڕەنگە بە کورد هەڵنەستێ. هەر ئەم لایەنەی زەحمەت و ئەرکی «مختبر و تطبیقات» ـە هۆی کەمبوونی پسپۆڕی کورد لەو زانستانەی بەندن بە دامودەزگای تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی «مختبر» و کەرستەی گرانبەها... کوردێک بیەوێ لەو زانستانە ببێتە پسپۆڕ دەبێ خۆی لە گۆشەیێکی یەکێک لە ولاتە دەوڵەمەندەکان قایم بکا و دەست بگرێ بە دامەنی دەسەڵات و دارایی ئەو ولاتەوە بۆ بەردەوامبوونی لەسەر ڕەوتی پڕ ئەرک و خەرجی زانستی «تطبیقی».

تا ئێستا شەقامێکی بەرفرەوان لەبەر پێ و هەنگاوی کورددا هەبێت کە گەشتی ڕۆشنبیرانەی تێدا بکا شەقامی زانستیی «نظری»یە بە تایبەتی بابەتی ئەدەب و زمان. داهاتی ڕۆشنبیرانی کورد لە مێژوو و جوغرافیای کورد و کوردستان، تا ئێستا، لەچاو خەرمانی ئەدەب و زمانی کوردی وەک «بەرکوت» وایە. دیارە مێژوو و جوغرافیا، هەرچەند زانستی «تطبیقی»ش نین بەڵام هێندەی ئەدەب و زمان نێزیکە دەست نین. کەرستەی لێدوان و لەسەر نووسین و تۆژینەوەی ئەدەب و زمان لەبەر دەستی هەموو ڕۆشنبیرێک و نووسەرێک دایە، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بە نیسبەت ئەدەبەوە نووسەر بۆ خۆی دەتوانێ تێیدا ببێتە سەرچاوە، لەو ڕوەوە کە کاتێک خۆی گەیاندە پایەی «نووسەری وەیا بوێژی» نووسین و هەڵبەستەکانی دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ غەیری خۆی. وا هەیە نووسەر وەیا بوێژ بەهۆی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕەمزی هێمایی پڕ لە ڕستە و وشە و تەعبیری سەیر و قەت کەس نەبیستوو و کەس تێنەگەیشتوو، بۆتە سەرە باسی ڕۆژانەی نووسەران لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نامیلکە و کتێباندا.

باری زمانیش تا ڕادەیێک وەک باری ئەدەب وایە: کەرستەکەی هەمیشە لەبەردەماندایە، بە کوردی با بڵێین ئاوی بیری زمان «دەست هەڵێنجە» و پێویستی بەوە نییە شریت و دەولکەی بۆ بەکار بێت، چونکە خەریکبوونی مرۆڤ بە زمانەوە خەریکبوونە بە جوزئێک لە زاتی خۆی، بەو مانایە کە زمان و وتوویژی مادەرزاد بەشێکی بنجییە لە سروشتی مرۆڤ.

کە بمانەوێ دەتوانین لیستەیێکی ئەو زانستانەی «نظری» بگرین کە لە جغزی دەسەڵاتی پێوە خەریکبوونی کورددا هەیە و هەمووشیان لە نزیکەوە خزمەتی ڕاستەوخۆی کورد بکەن. بەڵام لێرەدا ڕێی دوور کورت دەکەمەوە و دەلکێم بە هۆی نووسینی ئەم پێشەکییەوە کە ناوەڕۆکی سێ وتاری ناو ئەم کتێبەن. بابەتی وتارەکان، هەرچەند زوربەی ئەو بابەتە نووسینی بێگانانە لەسەر کورد، بەقەدەر هەر بابەتێکی پاتەوپاتی کوردایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی کورد خەریکە و پێکهێنەری سوودە بۆ کورد. پێ بە پێی نووسینم لە ڕووپەڕەکانی لێرە بە دواوەدا مەبەسم ڕوون دەبێتەوە. بەدەم ڕوونبوونەوەی مەبەسیشەوە بیر و باوەڕێکم، کە لە ناوەڕۆکی گوتارەکانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەویش دەخەمە بەر چاوی خوێنەر.

من لە گۆشەی نیگای سوودی میللەتی کوردەوە سەیری ئەم نووسینانە و زانستانە دەکەم ئنجا بە تەرازووی ڕاستی و بێفێڵیی هەڵیاندەکێشم. بێگومان هەموو زانستێک و ڕۆشنبیرێک بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بۆ میللەتێکی پارچە کراوی ماف خوراوی وەک میللەتی کورد ئەو نووسینانە و زانستانە و ڕاستییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەوروبەری تاریک و نەزانراوی ڕۆشن دەکەنەوە و چەکێکی لەسەرخۆکردنەوە دەدەنە دەستی یەکجار بەکەڵکتر و پێویستترن لە زانست و ڕاستیێکی سادە و دوورەپەرێز لە سوودی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری... وەیا هەر لایەنێکی ژین و ژیار بێ. تا بڵێی حەز دەکەم بزانم لە زوهرەدا ژیان هەیە یان نییە، کەی گیانلەبەر بااڵی گرت، چۆن بوو بە دوو کەرتی لەیەکتر جودای ئاژەڵ و ڕوەک، ناوەڕۆکی ئاتۆم چ هەرا و سەدای تێدایە، مێرووڵە چۆن ڕێگەدەر دەکا بۆ سەر خواردەمەنی، با هەر لەوە گەڕێم کە چەند تێنووم بۆ زانینی نهێنیە زلەکانی ئەم جیهانە کە زانا و فەیلەسووفە گەورەکان تێیدا سەرسامن.

لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەم پرسیارانە و وەرامەکانیان هێندەی ئەم تاکە پرسیارە و وەرامەکەی دڵم نابزوێنن. ئایا کەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وشەی «کوردستان» کەوتە سەر زاران. زانینی وەرامی پرسیارەکانی پێشووتر بۆ کورد و غەیری کورد یەک بابەتە و هەمان نرخ و بایەخی هەیە، بەڵام دۆزینەوەی سەرەتای داهاتنی زاراوەی «کوردستان» پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژین و بوون و چارەنووسی کوردا هەیە سەرەڕای ئەوە کە ئەویش وەک هەموو بابەتێکی تر خۆی لە خۆیدا داهاتێکی ڕۆشنبیری و زانستە.

هەرچەند ڕۆشنبیران و زانایان و ئەدیبانی کورد لە باریکدا نین بتوانن ئامانج بۆ هەر یەکێک لە خۆیان دانێن تاکوو بە پێی پێویستی و گرینگی بابەتەکان تین و توانی مێشک و خامەیان ئاڕاستە بکەن و لە «گرینگتر»ەوە بۆ «گرینگ» هەنگاو هەڵێنن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کە لە خۆوە و بێ پلان دانان و نەخشە کێشان ئەم مەبەستەی دەست پێکردن بە «گرینگتر» لە بەرهەمێکی ڕۆشنبیریدا هاتە دی، ڕێکەوتێکی خۆش و پیرۆزی تێدا ڕەچاو دەکەین کە وا هێندەی «بەرهەمی بە پێی پلان» سوود و بایەخی هەیە. چ فەرقێک نییە لەوەدا نێچیر بە ڕێکەوت بکەوتە دەستت

یاخود تەڵەت بۆ دانابێتەوە و هەرگیز نێچیری «ڕێکەوت» لە بازاڕی نرخدا کەمتر نییە و نەبووە لە نێچیری بەر تەڵە کەوتوو.

بابەتی ئەم کۆمەڵە وتارە کە لێرەدا کۆڕی زانیاری کورد لە شێوەی کتێبدا دەیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە، بێگومان، یەکێکە لەو بابەتە ڕۆشنبیرییەی کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ سوودی ڕاستەوخۆ و پاتەوپاتی گەلی کورد. لە یەکەم وشەی یەکەم وتاریەوە تا دوا وشەی وتاری کۆتایی، وتوێژ و لێکۆڵینەوە و دوان و ڕەخنەگرتنی لە ڕاستە شەقامی ماف و بەرژەوەندی کوردەوە سەر هەڵدەدا.

بە پێی باوەڕی بێ لایەنگیری خۆم، سەرلەبەری نووسیەنەکانی ناو ئەم وتارانە لە ڕووی سوودی کوردایەتییەوە وەک ئەو تەرزە میوەیە وایە کە تۆپکڵ و دەنکی نەبێ و هەمووی هەر خۆراک بێ ئەگەر ناوناوەیێک یەکێک لە نووسەران خۆی تێدا خوێندبێتەوە زێدە شانازیکردن بە کوردایەتی وای لی کردوە وەک دلێر و سوارچاکانی کۆنینە کە هەڵسوڕ و داسوڕی شاریان بە شیر و ڕم دەکرد لە مەیدانی موبارەزەدا، ئەویش خامە هەڵگێشێ لە ڕووی ناحەزانی کورد و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لێ بکا بۆ کورد. لەمەشدا سەیروسەمەرە نییە. دیارە ڕۆڵەی میللەتی زۆرلێکراو و مافخوراو بەهەستتر و گوێ قوتترە بۆ تیر و توانج.

خۆناسین یەکێکە لە کەرستە و چەکی بەرگری. دۆزینەوەی هێز و بێهێزی و چاکە و خراپە و کەم و زۆری و پلەی پێشکەوتن و دابڕان و هەموو سەروبەرێکی گەل، یارمەتی ئەو گەلە دەدا بۆ ئەوە بتوانێ هەڵوەستی ڕاست و بێ هەڵە و تەلەزگە بوەستێ لە کۆڕی ژین و بووندا. کوردی گوتەیێکی هەیە دەڵێ «چەند دەخوا و چەند دەبەزێ» ئەم گوتەیە بۆ گەل پێویستترە لە تاک هەرچەند لە بنەڕەتدا پەندەکە بۆ تاک هەڵبەستراوە. کەم وا هەیە، یاخود ڕاستتر ئەوەیە بڵێین هەر مومکین نییە، مرۆڤ لە خۆوە بێ مامۆستا و ڕابەر وەیا بێ ڕەخنەگر و ناحەز بتوانێ لایەنی ڕاستەقینەی «پەسەند و ناپەسەند» لە خۆیدا هەست پی بکا و بە تەواوی، وەیا نیوەچڵی، بزانێ چەند دەخوا و چەند دەبەزێ. مرۆڤ زۆر بە ئاسانی و ئاسایی لە عاست خۆیدا بە سەهوو دەچێ هەم لە ڕووی ئەوەوە کە هەستکردنی بە لایەنی چاکەی خۆی چەند جاران لە پایەی ڕاستەقینە پتر دەبێ و بایەخی گەلێک زیاد بەو چاکەیە دەدا و هەم لە ڕووی ئەوەوە کە چاوی لە زوربەی خراپە و عەیب و کەم و کەسری خۆی هەڵدەنگوێ و نایان بینێ.

بە دوا ئەم ڕاستییەدا ڕاستیێکی تری وەک ئەو هەیە کە بەیەکەوە هەردوویان مەوزوعی «بەسەهو چوون» تەواو دەکەن. مرۆڤ چەند کوێرە لە عاست عەیبی خۆی هێندە زەرڕەبینە لە عەیبی خەڵقدا، لەم خوەشدا دەگاتە ڕادەی «بە عەیب گێرانی شتی بێ عەیب». لە پەند و فۆلکلۆری میللەتان ئەم لە خۆ و لە خەڵق بەسەهو چوونە بارەها و جارەها ڕوون کراوەتەوە و چی من لێرەدا دەیڵێم دووبارەکردنەوەی تەجرەبەی لە خۆم بە پێشەوەیە.

لە کولانەی ئەم ڕاستییانەوە سەیرێکی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەکەم و نرخی پێ دەدەم. لە ئاوێنەی بێگانەدا قەد و قەڵافەتی کورد دەبینم و بە چاوی ئەوان تێوەی ڕادەمێنم و هیچ وەتەنگ نایێم لەو ڕەخنە و پلار و توانجانەی بەسەهو چوون وەیا دەستدرێژییان تێدایە. چەندێکی لە کورد بە سەهو چووبن و بە قسە لێیان داشکاندبێ، ئەوەی لەسەر خەرمانی تێکرایی نووسینەکانیان دەمێنێتەوە سامانێکە بۆ کورد کە ئەگەر لەوانەوە نەبوایە هەرگیز کۆ نەدەکرایەوە.

لەگەڵ مندا بنوارە لاپەڕە 43 قسە شڕ و درەکانی دوکتۆر هێرتزفیلد بخوێنەوە(*) هەرچەند حەزم دەکرد قسەی خۆشتر و بە ئینسافتری کردبا دەربارەی کورد، بەڵام کە ئەمەی نەکردوە لە لای خۆمەوە مەمنوونی هەموو کارەکەی ئەوم تەنانەت جنێوەکانیشی. بە ڕاستی پێویستە خاوەنماڵ شتومەکی مێوان نەکۆڵێتەوە، مێوانیش هەقی هەیە وەتەنگ بێ لە دەست تێوەردانی کەلوپەلەکەی بە تایبەتی گەر ئەو شتومەکە کەرستەی دیراسەی ئارکایۆلۆجی بێ. تۆ بڵێ ئەگەر لەو ساڵە پڕ ترس و لەرزەی 1914 دا پسپۆڕێکی کورد بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و مێژووی ئەڵمان چووبایە باقاریا و خاوەنماڵە ئەڵمانەکەی کاغەزەکانی لێ دڕاندبا وەیا نەقشی نووسینەکانی لێ سڕیبایەوە وەیا وردە ئامرازی کاری ئارکایۆلۆجی لێ تێکەڵپێکەڵ کردبا دەبوا ئەو پسپۆڕە بە کام زمانی مەرحەبا و ڕەزامەندی باسی خانەخوێیەکەی کردبا؟ ئێمەی کوردی ئیمرۆش بە چ چاوێک سەیری لەخۆبوردنی پسپۆڕە کوردەکە و نانکوێری ئەڵمانەکەمان کردبا؟

من لێرەدا قسە زیادەکانی هێرتزفیلد ناڕازێنمەوە، لە مێواندارى کوردەکەش دانالەنگێنم. من دەمەوێ بە چاوێکى واقیعبین سەیرى خوێش و بێگانە و چاکە و خراپە بکەم. ئاخۆ ئەگەر ئەم «هێرتزفیلد»ە بەر لە 60 ساڵ نەچووبا ناوچەى «زەردى ئاو» و نووسراوەکانى دێى «پەیکۆڵى» نەخوێندبایەوە کام ڕۆژهەڵاتى، با نەڵێم کام کورد، زەحمەتى وەهاى بە خەرج دەدا بۆ پاراستنى ئەم نووسینانە؟ لەوانە بوو نەک هەر شتومەک، بەڵکو گیانیشى دەست تێوەردرابا ئەم دکتۆر هێرتزفیلدە!

خۆمان باشى دەزانین پیشەى تێکدان و شکاندنى شوێنەوارى مێژوویى پیشەیێکى کۆنینەى کورد و هەموو مسڵمانانە بە فەخر و شانازییەوە. لەناوبردنى دروشمى «کافران» پتەوکردنى بیروباوەڕى موسڵمانەتیى بووە بە درێژایى زیاتر لە هەزار ساڵى ڕابردوو... تا ئێستاش لەناو خەڵقى دەشتودەر و بەشێکى زۆر لە دانیشتووى شارەکانمان بەو پەیکەر و نەقش و شووڕە و وێرانگەى قەڵاى کۆن دەڵێن «گاوربار»، هەر لە گوێرەى ناوە ناحەزەکەشیان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

لە نووسینى هەندێک لەو نووسەرە ئەوروپییانەى لێرەدا ناویان دێت زمانى کوردى بە لەهجەیێکى فارسى لە قەڵەم دراوە. بێگومان ئەم ڕایەیان ناڕاحەتمان دەکات، بەوڵاى ناڕاحەتکردنى ئێمەشەوە، گەلێک لە ڕاستى دور دەکەوێتەوە. بەڵام دەبێ دوو تێبینى گرینگ بگرینە بەرچاو لەبارەى سەرجوملەى ئەم نووسینە غەڵەتانەوە.

یەکەم: نووسەرەکان چ مەبەستێکى ناپەسەندى دژایەتیى کورد و مێژوو و ڕاستییان نەبووە، بە ئارەزۆ و ئانقەستیش ئەو غەڵەتەیان نەکردووە. کە بیانزانیبا ڕایەکەیان هەڵەیە هەر نەبێ لەبەر خاترى خۆیان و ناو و شۆرەتى زانستییان لە هەڵە دوور دەکەوتەنەوە. دیارە بە پێى تێگەیشتنى خۆیان بۆ مەوزووعەکە ڕۆیشتوون و دووچارى هەڵە بوون.

دووەم: ئەوسا، کە ئەو نووسەرانە خەریکى تۆژینەوە بوون لە بارەى زمانى کوردییەوە و لە تۆژینەوەیاندا هەڵەیان دەکرد هێشتان تاکێک لە گەلى کورد پیتێکى نەنووسى بوو لە بارەى زمانى کوردى و ئەسڵ و ڕەچەڵەکیەوە. لەو دواییانەشدا کە زمانزانى کورد گەیشتنە پایەى تۆژینەوە و پشکنینەوەى فیلۆلۆجى و سوودێکى باشیان وەرگرت لە دیراسەى ئەو مامۆستایە بەهەڵە چوانەى ئەوروپا.

بەسەهو چوونى بێگانە لە عاست خزمایەتى زمانى کوردى و فارسى تا ئەو ڕادەیە کە کوردى بە لەهجەیێکى فارسى بزانێ ڕووداوێکى یەکجار ئاسایى و چاوەڕوان کراوە، چونکە لەیەکچوونى هەردوو زمان دیمەنێکى بەرچاوە و لە هەست پێکراو بەولاترە. کوردى لەهجەیێکى فارسى بێ وەیا فارسى شێوە کوردییێکى ڕەسمى و پێشکەوتووى کوردى بێ، وەک لەهجەى سولێمانى کە شێوە ئاخاوتنێکى پێشکەوتووى کورددییە، ڕواڵەتێکە ڕەشکەوپێشکە بە چاوى بینەر دەکا.

دۆزینەوەى ڕەسەنبوونى هەردوو زمانیش کارێکە پڕ ئەرک. ئەوەى ڕاستیى بێ تا ئێستاش لەو ڕوەوە دەمەتەقە لە میانى شارەزایانى زمان هەر بەردەوامە. بە نموونە سەیرێکى گوتارى مامۆستا تۆفیق وەهبى بکە کە لە بەشى دووەمى ژمارە دووى گۆڤارى کۆڕى زانیارى کورددا بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانى «أصل الاکراد ولغتهم» لەم گوتارەدا وێنەیێکى دەستەویەخەبوونى ناوخۆیى زمانزان و مێژووناسان دەبینى لەسەر ساغکردنەوەى کوردبوون و نەبوونى لەهجەى وڵاتێکى بەرفرەوانى باشووری ڕۆژاواى ئێرانى ئێستاکە.

ئەگەر لە بیر خۆمانى نەبەینەوە، تا ئەو دواییانە کە ڕاپەڕینى ڕۆشنبیرى کورد چاوى خەڵقى کردەوە بۆ دیتنى ڕاستى لەو مەسەلانەى پەیوەندییان هەیە بە کوردایەتى و ماف و مێژوو و وڵات... و هەموو شتێکى کوردەوە، بەشێکى زۆر لەو کوردانەى بە ناو سالاّن کەوتبوون و فرچکیان بە ژێردەستى و خۆ بەکەمگرتن گرتبوو زمانى کورددییان بە لاوە زمانێکى دواکەوتوو بوو، تەنانەت حیسابى مەسرەفى ڕۆژانەیان بە فارسى دەنووسى. لە نووسینێکى ئایندەمدا دەخوێنیتەوە کە وا لە ساڵى 1205[6] ى کۆچیدا مەلاى «ئیبنو ئادەم» ئەو کوردانە عەیبدار دەکا کە ڕەخنەیان لێ گرتبوو لەوەدا دیباچەى

[6] – پەراوێزى مەلاى ئیبنو ئادەم بە سەر نامیلکەى شەرحى «عویصة ابن مالك» کە دوا ئالقەى زنجیرە باسێکى ناو کتێبەکەى ئیبنو ئادەم خۆیەتى بە ناوى «جواهر المنقول».

نامێلکەیێکی بە کوردی نووسیوە... حاجی قادر لە چەندین جێگە ئەو کەسانە دەشکێنێتەوە کە دژی نووسینی کوردین، بە تووڕەییەوە باسی یەکێک[7] دەکات کە نارازی بووە لەوە کاک ئەحمەدی شێخ دەرسی بە کوردی گوتوتەوە. بێگومان ئەمە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو بارەیە کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ کورد خۆی تێدا دیوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە کورد لە عاست زمان و مێژووی خۆی ئەم هەڵوەستەی هەبێ و ئێمە عوزری بێنینەوە، ڕێی ئەوەمان نامێنی داوا لە بێگانە بکەین ببێتە پارێزەر «محامی» بۆ کورد و کوردی. هەر هێندەمان ڕێی گلەیی بەسەر بێگانەوە هەیە کە وا بە ئانقەست دژایەتیمان بکا و چاو لەو ڕاستییانە بپۆشێ سوودی کوردی تێدایە. کە ئەمە دەڵێم یەک زەڕەش لە نرخی ئەو لەسەرکردنەوەیە کەم ناکەمەوە کە ڕۆڵەیێکی کورد بۆ میللەتەکەی بە گیانبازی و سۆزەوە دەیکا و لەم مەیدانەدا قسەی ناحەزان وەیا بەسەهوچووان بە درۆ دەخاتەوە.

لەم تێبینیانەدا جارێکی تریش سوودی خۆ دیتنەوە لە ئاوێنەی باوەڕ و دڵ و دەروونی بێگانەدا لە بەرچاوان نوێ دەبێتەوە. هەروەک دەشێ نارێکی ئاوێنەکە بووبێتە هۆی نارێکی وێنە، دەشێ عەیبی خاوەن وێنەکە خۆی لە ئاوێنەدا دەر کەوتبێ و ئاوێنە چ سوچێکی نەبێ لە دزێو نواندنی وێنە.

من تا ئێستا لایەنی «سلبی» و نەیاری ئەو نووسینانەم کردوە بە سەرچاوەی سوود و کەڵک بۆ میللەتی کورد، کە لە ڕاستیشدا هەرچەند ڕواڵەتی «سلب» و نەیاریش بن سوودی بێ خەوشن. کە بێین و لایەنی «موجب» و باری نووسینەکان بۆ کورد بخەینە بەر چاو، ئیتر پێی ناوێ من و یەکێکی تر واتای چاکەی لێ بدۆزێتەوە وەیا تەئویلی ئینسافکارانەی بۆ لێبداتەوە. زوربەی نووسینی ئەوروپییەکان لەگەڵ ڕاستی جووت دەڕۆن و شان بە شانی بەرژەوەندی کورد جموجۆڵیانە، لەوەشدا چ نیازێکی تایبەتی «زاتی»یان مەبەس نەبووە ئەو مەبەسە نەبێ کە لە ڕاستیی لانەدەن ئەو ڕاستییەش لە خۆوە و بێ لایەنگیریی لەگەڵ سوودی کورددا ڕێک هاتبێت. کە بۆیان ڕوون بووبێتەوە زمانی کوردی کەرت و لەهجەی زمانێکی تر نییە و لەسەر ڕەگ و بنجی خۆی ڕواوە و بەولای سەربەخۆیی و ڕەسەنیشیەوە پڕە لە جوانی و ڕێکی و دەوڵەمەندی چ توهمەیێکی لایەنگیری و مەبەسی شەخسیی مومکین نییە لەو ڕێکەوتە سەر هەڵدا.

بێگومان بەرەنگاربوونی دۆزینەوە و سەپاندنی ڕەسەنی و سەربەخۆیی زمانی کوردی ئەرکێکی یەکجار قورس دەخاتە سەر شانی ئەو نووسەرانە و زانایانەی ئەوروپا. ئەگەر چاومان لێڵایی دانەهاتبێ لە دیتنی ئەم وێنەیەمان لەناو نووسینی بێگانەدا، دەبێ وەک مرۆڤی مەردی ملکەچ بۆ حەق و ڕاستی، خێرا و ئازایانە ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئەوان هەڵەنگێوین بۆ سەر شانی خۆمان یاخود هەر نەبێ ئێمەش شانی خۆمان بدەینە سەر بەشێکی ئەو ئەرکە. حەیفە، ئەگەر نەڵێم عەیبە، بێگانە بە مێژوو و زمانمانەوە خەریک بێت و خۆمان لە خۆمان غافڵ بین.

گەلانیش وەک تاکە مرۆڤ هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییدا نوستنی ناو کۆش و باوەشی خەڵقی لێ بە عەیب ناگیرێ و پاروویی دەستی خێرەومەندانی پێ ڕەوایە، کە هەستی بە خۆی کرد و چەپ و ڕاستی خۆی زانی و گەیشتە پایەی ڕەخنەگرتن و لێڕازیبوون و بەڕاستگێران و بەدرۆخستنەوە، زۆر لێی ناشیرنە چاو چڕکاتەوە لە دەست و خامەی بێگانە ئاخۆ کەی و چەند و چۆن و چی دەڵێ دەربارەی مێژوو و زمان و ئەدەب و هەموو شتێکی.

---

[7] _

واقیعا دەرسەکانی بۆ خوایە
چ دەبوو گەر بە کوردی نەبوایە
گوتم ئێستەش لەسەر کەریی ماوی
چا بۆ مستم نەدا لە نێو چاوی

جگە لە لایەنی عەیب و بێ عەیبیشەوە لایەنێکی بەرژەوەندی «مادی» هەیە لەوەدا کە کورد خۆی خەریکی خۆی بێت، چونکە بە ڕاستیی زانای بێگانە هەرگیز ناتوانێ وەک کورد لەو شتانەی کورد بگات کە پەیوەندییان بە زمان و ئەدەب و هونەر و بیر و باوەڕ و تێکڕای لایەنی نامادییەوە هەیە.

گوتەیێکی مەشوور هەیە دەڵێ پیاوەکی ئەوروپایی لە بەڵەدەکەی کوردی پرسیوە ئەم ئاواییە ناوی چییە؟ و بەڵەدەکەش گوتوەتی «نازانم» و لە خەریتان ناوی ڕۆییوە بە دێی «نازانم»! ئەم گوتەیە ئەگەر ڕاستیش نەبێ پەنجە بۆ ڕاستییێکی بێفێڵ درێژ دەکات. هەر وەک کوردێک لە واتای ئاشکرا و هێمایی گوتە و کردە و بردەی کوردی تێدەگا هەرگیز ئیمکان نییە زانایێکی بێگانە کە لە نووسین و خوێندنەوەڕا کوردی فێر بووە بەو شێوەیە و تا ئەو ڕادەیە تێی بگا. بە نموونە دەڵێم لە زۆر ناوچەی خاوەن کشتوکێڵی کوردستان کە گوترا فلانەکەس ملکانەی زەویەکانی «دوو زەکات» وەردەگرێ مەبەس لەم «دوو زەکات» ـە پێنجێکە، کەمیش وایە خەڵقەکە وشەی پێنجێیکیان لە بیر بێ یا بەسەر زمانیاندا بێت. دەوجا مرۆڤێکی بێگانە کەی دەچێتە ناو ناوەڕۆکی وشەی ئەوتۆیی کە بە ئەسڵ لەسەر بنەڕەتێکی ئاینی و «زکاة»ی ئیسلامەتی هەڵچەقیوە لەو ڕووەوەکە زەکاتی دەغڵ و دان دەیێک بێ. ئەوەش بزانە لەو ناوچانە هەرگیز زاراوەی «دوو زەکات» بۆ شیناوردی وەک تووتن بەکار نایەت هەرچەند خاوەن زەویەکە پێنجییێکی ئەو تووتنەش وەرگرێ کە لێی بەرهەم دێت، چونکە زەکات لە تووتن وەرنەگیراوە تاکوو «دوو زەکات» ی بۆ بەکار بێت.

لێرەدا نموونەی بەسەهوو چوونی نووسەرێکت بۆ دێتمەوە کە لە ئەنجامی نەشارەزایی تووشی هاتووە بەڵام لە مەیدانی ئایین نەک زمان.

ڕەئیف خوری، نووسەرێکی بەناوبانگی مارکسیستی دیانی عەرەب، لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتێکی مێژوویی کۆندا وا ڕادەنوێنێ کە «حسێنی کورِی ئیمامی عەلی» ئافرەتێکی تەڵاق دراوی مارە کردەوە و لای خۆی هێشتیەوە بێ ئەوە سەر جێی بکا تا ئەو کاتە کۆنە مێردەکەی پەشێمان بۆتەوە لەو کارە نامەردانەی کە کردبووی ئیتر «حوسێن» ئافرەتەکەی تەڵاق داوە و ئافرەت چۆتەوە لای کۆنە مێردەکەی. ڕەئیف خوری کە ئاگاداری شەریعەتی ئیسلام نییە نازانێ ئافرەتی تەڵاق دراو بۆ مێردی پێشووی حەڵاڵ نابێتەوە ئەگەر مێردی دووەمی نەچوبێتە لای. زەوقی حیکایەت گێڕانەوە و نەزانینی یاسای ئیسلام وەهای لێ خۆش هێناوە کە دەوری «حوسێن» لە بەسەرهاتەکەدا تەنها دەوری جوانمەردی و پارێزگاریی بێت، ئافرەتەکەش وەک بوخچەی نەکرایەوە و گوڵی نەژاکاو بۆ لای هەمسەری ڕاستەقینەی خۆی چووبێتەوە.

لەم بابەتە بەسەهوو چوونە بەهۆی کەم شارەزاییەوە گەلێک جاران گوتە و نووسین دێنە بەر گوێ و چاو. بێگومان بابەتی ئایینی بێ وەیا مێژوویی وەیا هەرچی دەبێ با ببێ هەموویان جێگەی تەلەزگە و لێ هەڵخلیسکانن بۆ مرۆڤی نابەڵەد. هەڵبەت من نامەوێ بڵێم پسپۆڕ و زانایێکی ئەوروپایی هێندەی ڕەئیف خوری نابەڵەد دەبێ، ئەوەی مەبەستی منە شتێکی تره.

من دەڵێم بەڵەدێکی ئەوروپایی لە زمانی کوردی و مێژووی کورد و نەریت و ئاداب و ئایینی کورد هەرگیز ناگاتە پایەی بەڵەدێکی کورد لەو مەیدانانەدا. لەوەش بترازی، بەڵەدی ئەوروپایی چی دەبێ با ببێ، تازە بەڵەدی کورد گەییوەتە ئەو تەمەنە ڕۆشنبیرییە کە بەرپرسی زمان و مێژوو و ئەدەبی میللەتەکەی بێ. پێی ناوێ بشڵێم خەریکبوونی کورد بە خۆیەوە چ ڕێیان لە خەڵقی بێگانە ناگرێ، بە پێچەوانە هاریکاریی هەر دوو لا فەرمانی زۆر سەختی ڕوونکردنەوەی مێژوو و زمانی کورد بۆ هەموان ئاسانتر دەکا.

نووسینەکانی زانایانی جیهان دەربارەی کورد کە بکەینە ئاوێنە و خۆمانی تێدا ببینین، دەتوانین تێبگەین بە تێپەڕینی کات ئاخۆ زیادمان کردوە یا کەم؟ گەورەتر بووین یا چووکتر لە باریکدا وەستاوین نە زیاد دەکەین نە کەم! چونکە گومان نییە لەوەدا تاکوو لە زیادکردن بین نووسینی بێگانان لە بارمانەوە ئەویش زیاد دەکا. میللەتی داوەستاو و بێ جمووجۆڵ و کەم بڕشت تەنها لە ڕووی ئەوەوە لەسەری دەنووسرێ کە پاشماوەی یەکێکە لە گەلان و خڵتەیێکی میژووە. میللەتێک لە ئێستاکەیدا هەڵمەت و بەرهەم و پێشکەوتنی نەبێ وەک ئەو کێلە بەردە سەیری دەکرێ کە بەسەر قەبری مردوەوە هەڵچەقیوە، ئیشارە بۆ ژیانێکی لەمەوپێش دەکا...

لە هەر ڕوێکەوە سەیری ئەم نووسینانە بکەیت و بە هەر تەرازوێک هەڵیانسەنگێنی، لە چاکەی کورد بەولاوە تێیاندا نابینیت. وەی کاشکی سەرلەبەری نووسینی ئەوروواپییەکان کە لە ناوەڕۆکی ئەم سێ وتارەدا ناویان هاتووە وەردەگێڕدرانە سەر کوردی و کتێبخانەی کوردناسیمانی پێ دەوڵەمەندتر دەبوو.

لە نووسینی وتارەکاندا هەستی تەوژمی خوێنی نووسەرەکانمان دەکەیت لەوەی دەینووسن. هەڵمەتیان دژی ئەو هێرشانەی بۆ سەر کورد هاتووە چ هێرشی نەشارەزایانە بێ چ هێرشی ئانقەست، هەڵمەتی سەربازانە و مەجزوبانەیە بەڵام بێ ئەوەی شێوازی مەوزووعی خۆیان دۆڕاندبێ. بە نموونە سەیری لاپەڕە حەڤدە و هەژدە بکە و سرنج لە لایەنی گیانی کوردپەروەرانەی خاوەن نووسین بگرە. من لەگەڵ ئەم باسەی لەسەرخۆکردنەوە و ناحەز بە درۆخستنەوەدا وتوویژێکی دوور و درێژ و پان و بەرفرەوانم هەیە، لە بەرەو دوای ئەم پێشەکیەدا کورتەیێکی لێ دەنووسم.

بابەتی ئەم کتێبە وەک لێرە بە پێشەوە گوتم لە جەرگەی سوودی کوردایەتییەوە هەڵدەستێ لەو ڕووەوە کە خەریکی چشتی ئەوتۆیە پەیوەندیی «عضوی» بە کوردەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە یار بێ وەیا نەیار بێ فەرقێکی چەندان ناکا، تەنانەت ئەوەی نەیارە ئەگەر ڕاستیش کا لە ڕەخنە و هێرشی بۆ سەر کورد هەر نەبێ وەک نەشتەر هۆشیارمان دەکاتەوە بۆ دیتنی کەم و کورتی و عەیب و عارێک کە مومکین نییە چ میللەتێک لێیان ڕەها بووبێ و خۆ لێ دوورخستنەوەشیان تا بڵێی پێویستە. میللەت بە تێکڕایی، سەرەڕای عەیبی تاکەکانی، دووچاری چەندین عەیبی کۆمەڵایەتی دێت کە هی وایان تێدایە عەیبی کوشندەن و لە میژوودا وا بووە فەلاکەتی بێ سامانی بەسەر هێناوە.

زوربەی خەڵق، بە تایبەتی گەنجان، حەز بەوە دەکەن باسکردنی گەل شریتەیێکی پێدا هەڵگوتن و هەڵدانەوە و ئارایشت دان بێت تەنانەت، بە زۆری، نووسەران و بوێژان و هونەرمەندانیش لە هاڤڕکێ «مسابقە» ی یەکتر بەجێهێشتنەوەن لە مەیدانی گوتنەوەی سروشت و ڕەوشتە پاکەکانی گەل وەک ئەوەی گەل کۆمەڵێک فرشتە و پەری بێت. ئارەزۆی وەها سادە و پیوریتانی هەرچەند لە تەنکاوێکی ڕوون و بێگەردی چاکەخوازی و گەلدۆستییەوە دێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەتەڵ بردنێکی دەبەنگانەیە بەسەر هەرچی دەرد و دەرمانی کۆمەڵە.

چاو کە عەیب و نەخۆشی و ناتەواوی گەلی نەدیت دیارە بە دوا دەرمانکردن و چارەسەرکردنیدا ناگەڕێت. کە بە دواشدا بگەڕێ بێگومان خەیاڵێکی چەوت بۆ دەرمانێکی هەڵەی دەبا. وا هەیە نووسەر دانی بە عەیبی گەل داناوە بەڵام دەرلەحزە کەڵکی دانپێدانانەکەی بڕیوە چونکە هۆی عەیبەکەی داوەتە پاڵ مەلا و شێخ و دەرەبەگ و بازرگان... هەر دەڵێی ئەم کۆمەڵە خەڵقەی کە وا بە لای ئەوەوە هۆی عەیبی گەلن لە لاوە، وەک تاعون، هاتوون بۆ ناو گەل. دیوومە یەکێک نووسیوەتی تاقمێک فێڵباز گەل گێل و نەزان دەکەن، لەمەوە وا دەردەکەوێ بەلای ئەوەوە لە بنەڕەتا گەل هەمووی ئەرەستۆ و لوقمان بوو بەڵام فێڵبازێکی وەک ئیمامی شافیعی و عەبدولقادری گەیلانی هات و گێلی کرد...

خاڵێکی تری بەسەهوو چوون کە ئەویش هێندەی «هەڵدانەوەی بێ بنج» مەترسی لێ دەکرێ، تاوانبارکردن و ناشیرنکردنی ئەو لایەنەیە کە بە ناحەز دادەنرێت. تاوانبارکردنی لایەنی ناحەز بووە بە فەرمانێکی ئایینی و لەوە دەرچووە دەمەتەقەی لەسەر بکرێ وەیا ڕەخنەی لێ بگیرێ. لایە نی ناحەز کە منداڵێکی لە خنکان ڕزگار کرد وەیا برسیێکی تێر کرد وەیا چاوی کوێرێکی ڕووناک کردەوە، بۆ نیازی بەد و گڵاوی خۆی ئەم کارانە دەکات. لایەنی دۆستیش کە بە قەمچی ئاگر لە پشتی خەڵق هەڵستێنێ بۆ سوودی ئەو خەڵقە قەمچیکارییە دەکات. ئەم تێبینییانە دەمگەینێ بە شیکردنەوەی ئەو ئیشارەیە کە نەختێک لەمەوبەر بەسەریدا تێپەڕیم و بەڵێنم دا کورتەیێکی لێ بنووسم.

لەخۆ ڕازیبوون، بەخۆدا هەڵگوتن، لە عەیبی خۆ بێدەنگبوون، ڕەوا دیتنی چاکە بۆ خۆ و هەموو خوو و ڕەفتارێکی ئەوتۆیی لە لایێکەوە، لە لایێکی تریشەوە گومان لە خەڵق کردن، دیتنی عەیبی ئاشکرا و نهێنییان، نەسەلماندنی مافیان، دانانەهێنان وەیا ئینکارکردنی چاکەیان، ڕق هەڵگرتن لێیان... خولاسە سەیرکردنیان بە پێچەوانەی سەیری خۆ کردن، ئا ئەم دوو خوە لە مرۆڤدا دیمەنێکی بەرچاوە بۆ چاوێکی عەینەکی ڕەنگ لێ دراوی بەسەرەوە بێ.

چ سەرپێچیی لەوەدا ناکرێ کە ئەم خوە دوو لاییەی لەخۆ ڕازیبوون و لە خەڵق هەڵسەنگرانەوە، لە بنەڕەتا داهاتی سروشتی مرۆڤن، بەر لە مرۆڤ هەرچی گیانلەبەریش هەیە بە ڕەک و ئاژەڵیەوە «خۆویستن و پەلەی ژیان»ی تێدا

بەدی دەکرێ. سەیری منداڵی یەک دوو ساڵی بکە دەبینی تا بۆی بکرێ شتێک بە دەستی منداڵی تڕەوە ناهێڵێ، تەنانەت ڕازیی نابێ برا و خوشکی لە خۆ گچکەتری مەمکی دایکی بمژێ.

بەڵێ، «خۆویستنی و خۆسەپاندن» (انانیة و تأکید الذات) لە مرۆڤدا هەیە وەک گۆشت و خوێن و دەمار و مێشک، لەوانەیە بوێرم بڵێم هەر ئەم لایەنەی خۆپەرستیی لە مرۆڤدا بە پێچەوانە دەر دەکەوێتەوە و دەبێتە بێگانە نەویستیی. من ئەمە بە ڕاست دەزانم و لەگەڵ ئەمەشدا کە حەزی لێ ناکەم لێی وەتەنگ نایەم چونکە بەشێکی پێکهێنەری مرۆڤی ئاساییە. وا دەزانم تا ئێرە چی وام نەگوتبێ خوێنەرم لێ ناڕازی بکا و بە دەنگی بێنێ چونکە لەو بابەتە قسەیەی بیستووە و گوێی پێ ڕاهاتووە. بەڵام شتێکی ترم ماوە دەیخەمە سەر قسەکانم ڕەنگە ئاشنا نەبێ لەبەر گوێ و چاوان.

من دەڵێم سەرەڕای ئەوە کە وا مرۆڤ وەک هەموو گیانلەبەرێک بەهۆی «پەلەی ژیان» ـەوە سوود و چاکە و خۆشیی بۆ خۆی دەوێ و لەگەڵ غەیری خۆی دەجەنگێ، جارێکی تر سەرلەنوێ باری کۆمەڵایەتیی، کە تایبەتی مرۆڤە، وای لێ کردووە زیاتر لە گیانلەبەرانی تر هۆی بێگانە نەویستنی بۆ پەیدا ببێ، واتە هەر وەک لە سروشتدا پەلەی ژیان شەڕ بە مرۆڤ و گیانلەبەران دەکا بۆ وەدەستهێنانی هۆی ژیان و مانەوە، کۆمەڵایەتی شەڕێکی تایبەتی بە مرۆڤ دەکا لەگەڵ مرۆڤی هاوجینسی خۆی کە ئەم شەڕە لە نێوان جانەوەرانی تردا نییە و نابێ. ئەم گوتەیە بەبەرپەوە هەیە لە کتێبێکی سەربەخۆدا شی بکرێتەوە، من لێرەدا هەر ئەوەندەی لەسەر دەڕۆم کە یەکێک لە موناسەبەکانی بابەتێکی ناوەڕۆکی هێنایە بەر سۆزی خامە.

کۆمەڵایەتی و گۆڕان و پیشکەوتن و وەستان و دواکەوتنی بە هەموو ناوەڕۆکە لە ئەژمار بەدەر و لە یەکتر نەچووەکانیەوە ئادەمیزادی لە باریکدا داناوە لێی دەوەشێتەوە «بارام» لە هەڵەبجە هەڵوەستێک بوەستێ بە لای خۆی و دراوسێکانیەوە زۆر شیرن بەڵکوو پیرۆز بێ، کەچی بەلای «کریشن»یێکی هیند و «جۆرج» یکی ئەوروپا و «تاناکا»یێکی ژاپۆنەوە سزای ئیعدامکردنی پێ ڕەوا بێ.

ئەمەی لەم سێ چوار دێرەدا گوتم شتێک نییە دەمەتەقە هەڵگرێ مەگەر ئەو دەمەتەقەیەی کە بۆ شەڕە دندوکێ و نەسەلماندن بێ. ئا لەم کاتەدا ئەگەر خێزانی کابراییکی دێی هێرۆ لە پشدەردا جلکی وەک کیژێکی کۆلیجی ئۆکسفۆردی لەبەر کرد، بێگومان دەرحاڵ سەری دەبڕێ، پیاوێکی فرەنسەییش ئەگەر لێی ئاشکرا بوو سێ ژنی ماڕە کردوە دادگەی فرەنسە بێ سێ و دوو دەیخاتە بەندیخانەوە. پێی ناوێ من نموونان بێنمەوە، کۆمەڵایەتی سەرلەبەری زنجیرەیێکە لەو جۆرە نموونانە.

لەم لێکدانەوەم، کە ئەگەر مەودا هەبا دەبوا تەواوێک لە شیکردنەوەی خەریک بم، دەگەم بەم ئەنجامە. مرۆڤ کە خاوەنی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵایەتیش بە هەموو باریکیەوە لە جێگەیێکەوە بۆ جێگەیێک و لە پلەیێکەوە بۆ پلەیێک و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێک دەگۆڕێ تا ڕادەی دژایەتی و پێچەوانەیی، ئا ئەم مرۆڤە زیاد لە هەموو گیانلەبەران هێندە لەیەکتر جودا و بێگانە و دژ و ناحەز و دوشمن دەبێ و هۆی دژایەتی و لەیەکتر بێگانەبوونی هێندە زۆر دەبێ لزوم بە پەلەی ژیان و خۆویستیی نەهێڵێ، نەخێر بەر لەوە پەلەی ژیان دەخلێکی هەبێ، لەیەکتر نەچوون و لەگەڵ یەکتر دژ بوون بە گژ یەکتریاندا دێنێ. مرۆڤ کە نەختێک لە مرۆڤەکەی تر دوور کەوتەوە باری کۆمەڵایەتیی هەردوویان ئەوەندەیان لەیەکتر دەترازێنێ بۆ یەکتریان دەکا بە گیانلەبەری نامەفهوومی نامەعقوول، جیاوازی زمان، دین، نەریت و عادەت، جلوبەرگ، خواردەمەنی، جۆری نووستن و خانوو و ژنهێنان و منداڵ بەخێوکردن بگرە جووت لێخورین و ڕەز بڕین و هەزاران جیاوازی تر وا دەکا لە کابراییکی ئەفغانی کە ڕازی نەبێ لە هەرچی کابراییکی هۆڵەندەیی دەیکا.

بە ڕاستیی بێگانە بە لای مرۆڤەوە نامەفهوومە کردەوە و ڕەوشتیشی نا جایەزە. کوردێکی شارەزوور لە لایەن فەللاحێکی چینی دەوروبەری پەکینەوە بانگهێشتن بکرێ لەوانەیە خواردنەکەی بۆ نەخورێ یا ئەگەر خواردی بیهێنێتەوە، گوێی خۆی بە پەمۆ بئاخنێ نەوەک ئەو ئاوازە ناخۆشانە ببیسێ کە گۆرانیبێژێکی پێشکەوتوی چینی لە شەرەفی ئەو دەیان چڕێ. بێگومان هەموو مەرحەبا و بەخێرهێنانەکانیشی بەلاوە کاری سەرسوڕهێنن. ڕەنگە لە ڕەفتاری فەللاحەکە بەرامبەر ماڵ و منالی خۆی هەر بە جارێ ناڕاحەت بێ. با میسالێکی ترت بۆ بێنمەوە.

سەد ساڵ لەمەوبەر فەللاحێکی کورد نانی لە ماڵی ئاغا وەیا کوێخای گوند دەخوارد، بانگهێشتنیشی دەکردن لە موناسەبەی ژنهێناندا بۆ ماڵەکەی خۆی. چ مانیعێکی نەبوو کچی خۆی بدا بە کوڕی ئاغا و کوێخا، مەمنونیش دەبوو ئاغا کچی خۆی بە کوڕەکەی دابا. بەڵام هەمان فەللاحی کورد دەسکوژی فەللاحێکی ڕوسی نەدەخوارد، بگرە گۆشتی لە فەللاحێکی دیان نەدەکڕی نەک هەر لەبەر دەسکوژ نەخواردن بەڵکوو لەبەر ترسی ئەوە کە ڕەنگە هی بەراز بێت. کە دەسکوژ و گۆشتی فەللاحێکی ڕوسی نەدەخوارد بشیان کوشتبا کچی خۆی نەدەدا بە کوڕەکەی کچیشی لێ نەدەخواست بۆ کوڕی خۆی.

دیتت نێزیکی و هاوئاینیی چەوسێنەرەوەی دەکرد بە ئاشنای چەوسایەوە کەچی لەیەکتر دووری و جوداوازیی ئایین دیواریکی هێند بڵند و مەحکەمی لە میانی دوو چەوسایەوە هەڵدەنا کە وا نە بڕمێ و نە کەسی لێ سەرکەوێ. ئەمانە ڕاستی و بەدیهین با من وەیا تۆ وەیا چینپەروەرێک و نیشتمانپەروەرێک حەزیشی لێ نەکا.

جاران کە دەگوترا «دین دوشمن» هەرچی پەیوەندی و لەیەکتر نزیکبوونەوە و دۆستایەتیی هەیە لە خۆوە دەپچڕاو دەبوە دوشمنایەتی... سەر و ماڵ و ناموسی «دین دوشمن» بێ دوودڵی و لێکدانەوە حەڵاڵ بوو، چەندین کەس ناوی جەوانمەردییان دەردەکرد لە ڕێی کوشتنی «دین دوشمنان»ەوە. سەد ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ بە پیاو کوشتن و دزیکردن و جەردەیی حەیای نەدەچوو، بەڵام دوو فڕی عەرەق خواردبایەوە لە جێگەیێکی وەک چوارتادا ناوی دەزڕا تا ئەو ڕادەیە کە بێ ئابڕو دەبوو.

بێگومان جوداوازیەکانی کۆمەڵایەتی خەڵقی ئەوەندە لەیەکتر جودا دەکردەوە کە سنووری نەبێ. تۆ لەوە بە سەهوو مەچۆ کەوا ئیمڕۆ لەسەر دەمی فڕۆک و گەڕۆک و ڕادیۆ و میللەتانی یەکگرتوو و دەیان و سەدان هۆی لەیەکتر نزیکبوونەوە و یەکتر ناسین ئەو نامەفهوومیە و ناجایەزیە بەرەو کەمبوون چووە، بیری خۆت بۆ ئەو سەردەمە بگێڕەوە کە پەیڕەوی مەزهەبێکی ئایینی وای دەزانی پەیڕەوی مەزهەبێکی تر کلکی ڕاستەقینەی هەیە. کە سرنج بگری لە ڕۆژگاری ئێستاکەشماندا نموونەی بێ ئەژمار دەبینی و دەبیەی لەو تەرزە دژایەتیەی کە لە سەرچاوەیێکی جیاوازی کۆمەڵایەتیی هەڵدەقوڵێ نەک لە جیاوازی بەرژەوەندی مادییەوە.

لە شوێنێکی وەک «قبرس»دا جیاوازی زمان و ئایین دانیشتوانی وڵاتەکەی گردەبڕ کردوە بە دوو کەرتی جودای لەگەڵ یەکتر دوشمن. نە بەرژەوەندی گشتیی نە هی چینایەتیی نە هی مرۆڤایەتیی نە هەرچی هۆی دۆستایەتیی میانی ئادەمیزاد هەیە توانیوەتی ئەم دو جوداوازیەی زمان و ئایین کە هیچ کامێکیان ماددی نین بوەستێنێ. سەرلەبەری تورکە موسڵمانەکانی قبرس لە شەڕدان لەگەڵ سەرلەبەری یۆنانیە دیانەکانی قبرس بە وەرزێڕ و عەمەلە و قوتابی و کاسبکار و ڕۆشنبیر و چاک و خراپی هەر دوو لایانەوە.

ئەو بانگەوازەی کە وا دلێرانە دەنگ هەڵدێنێ و دەڵێ سەرلەبەری ئادەمیزاد وەک یەکن، هەرچەند بانگەوازێکی تا بڵێی خۆش و پەسەند و بەشەرەفە بەڵام داخەکەم لە هەموو هەنگاوێک و هەموو لەحزەیێکدا لە عاست حەقیقەتدا کورت دێنێ و لە تەجرەبەی ڕۆژانەدا چەندین جار هەموو ڕۆژێک بە درۆ دەخرێتەوە و دووچاری دڵشکەستەیی دەبێت.

من لەو باوەڕەدام خۆگێلکردن بەرامبەر واقیع هەرچەند لە ڕواڵەتدا دڵسۆزانەش بێ ئەنجامێکی خراپی هەیە دژی سوودی تێکڕای ئادەمیزاد. ئێمە دەبێ دان بە ڕاستی و واقیعدا بێنین و دەردەکانمان چارەسەر بکەین لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە. نەک سافیلکانە خۆمان باوێنە سەر باوەڕی خۆشکەڵەی لە سەر زار و زمانان شیرن. من کە لە کولانەی ئەو ڕاستییانەوە سەیری هەڵوەستی ئەو نووسەرانەی ئەوروپا دەکەم کە هەڵوەستەکەیان بە دڵی ئێمە نییە لێم ڕوون و ئاشکرا دەبێ کە هۆی لەیەکتر ڕازی نەبوونمان ئەم نامەفهومیەی بێگانەیە نەک دژایەتی و دوشمنایەتیی ئانقەست. بۆ گۆڕینی هەڵوەستیشیان بەرامبەرمان دەبێ وا بکەین تێمان بگەن و بەلایانەوە مەفهووم بین. بێگومان داوا دەکرێ لە مرۆڤی زانا کە وا لە خۆوە لە خەڵق بگا بەڵام وا دیارە ئەم تێگەیشتنە هێندە ئاسان نییە وەک بۆ هەوەڵ نیگا دەردەکەوێ.

پێویستە ئێمەش لەوان بگەین و لێیان شارەزا بین. دەبێ عوزریان لێ بسەلمێنین کە عوزریان هەبێ. ئێمە و ئەوان و هەموو جیهان دەبێ بێینە سەر هەست بە عەیبی خۆ کردن و چاکەی بێگانە دیتن. کە ئەمە نەکەین و ئەو گوتە پەرەسەندویە بڵێینەوە کە وا ڕادەنوێنێ هۆی دژایەتی و ناحەزی و تێکنەگەیشتن لە میانی گەلاندا سوچی دەرەبەگ و

خوێنمژ و کۆنەپەرستانە بە مەدا خۆمان بە ڕایەک خەریک دەکەین لە تەنکاوێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆوە هەڵدەقوڵێ ڕەوایە پێی بگوترێ نەخوێندەواریی.

پێش ماوەیەک موحەمەد عەلی کلای لە بێروت لەمیانی قسەکانی کە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی دەکرد گوتی هەرگیز لەگەڵ ئافرەتی سپی جووت نابم، نە تێم دەگا و نە تێی دەگەم. من ڕەش و ئەو سپی ڕێک ناکەوین.

من دژی بەردەوامبوونی ئەو حاڵەم کە پیاوێکی ڕەش گوماناوی دەکا لە ئافرەتی سپی، بەڵام دەزانم کلای لەو قسانەیدا دەروونی خۆی ڕوون دەکاتەوە و بەرتیلی لە کۆنەپەرستان وەرنەگرتووە بۆ ئەم گوتانە. کە بمانەوێ دڵی کلای پاک کەینەوە بەرامبەر ئافرەتی سپی نابێ مستێکی لە بەردەمی بدەین و بڵێین ناماقوڵیت کرد، هۆ خزمەتکاری کۆنەپەرست و چەوسێنەران.

کە بێین و بەراوردی چارەسەرکردنی ئەو جوداوازیانە بکەین کە گەلان لەیەکتر دوور دەخاتەوە دەبینین نووسین لە هەموو شتێک پتر دەتوانێ خەڵق بەیەکتر بناسێنێ و لە یەکتریان حاڵی بکا. گەلان ناتوانن گەشتی دوور و بەردەوام بکەن بۆ تێگەیشتن و لێ ڕاهاتنی یەکتر بەڵام دەتوانن بە خوێندنەوە لەیەکتر بگەن. زۆر حەیف و مەخابنە ئەم تاکە هۆیەی یەکترناسینی نێو گەلان بە پێچەوانەی مەبەس بەکار بێت و ئەسبابی دژایەتییان پتر بکا. ئادەمیزاد لە ڕێی چارکردنی هۆیەکانی تێکنەگەیشتنیەوە بەرەو برایەتی دەڕوا نەک ئینکارکردنیان.

«...»

نامەیەک

بەیان، ژمارە 18، ساڵی 1974

لە ژمارە 16ی گۆڤاری «بەیان»ی خۆشەویست گوتارێکی ژیکەڵانەی ژیرانەی دڵسۆزانەم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی «ڕەدووکەوتن»ـدا.

من لە هەڵکەوتی ئێستامدا دەرفەتی خۆڕوونکردنەوەم نییە لە عاست ناوەڕۆکی گوتارەکە خۆی، هەروەها بەهۆی هەمان بێدەرفەتییەوە ناتوانم لەسەر باسی «ڕەدووکەوتن» بیروباوەڕێک دەربېرم کە لە گۆشەنیگای خۆمەوە بۆم بووە بە کولانەی تێوەڕامان لە ڕەدووکەوتن و گەلێک ڕواڵەتی تری کۆمەڵایەتیمان کەوا تێکڕایان ڕووپێو (مساحة)یکی بەرفرەوان لە ژیانی کوردەواری پێک دێنن.

لەم چەند دێڕە کورتیلەیەمدا کە دەمەوێت سەرەڕای ڕاگەیاندنی مەبەستم لە نووسین، پەیامی ڕێز و خۆشەویستیشم ڕاگەیەنێ بۆ خاوەنی گوتار و بۆ گۆڤاری بەیان، هەر هێندەم بۆ دەکرێ چەند تێبینییەکی قوت و سادە بێنمە ڕوو لە بارەی یەک دوو وشە و تەعبیری ناو گوتارەکە لە ڕووی زانستی زمانەوە و گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ ڕاستەدەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی و بەس. بە دەنگهاتنم لەو وشە و تەعبیرانە چ زیانێکی تێدا نییە. ئەگەر نیشانەم پێکابێت سوودی ئەو پێکانەم بۆ سەرجوملەی کوردییە، خۆ ئەگەر بەسەهووش چووبم لەم سەهووەدا هەر خۆم دەبمە لایەنی تێشکاو.

لە دێڕی 9 ی ستوونی یەکەمی لاپەڕە 22 وشەی «یەنێت» دێتە بەر چاو. خوێنەر دەزانێت چ جای نووسەر، ئەم وشەیە کاری ئایندە (فعل مضارع)ی وشەی «هێنای»ـە کە لە چاوگی «هێنان»ـەوە هاتووە. بەپێی دەستووری دارشتنی وەیا وەرگرتنی کاری ئایندە لە ڕابردووەوە، دەبێت بڵێین: «دەهێنێ» یاخوود «دەهێنێت» دانیشتوانی هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان کە شاری «سلێمانی» یەکێکە لەوان نیشانەی کاری ئایندە (فعل مضارع) دەنگی «ئە» بەکاردێنن لە جیاتی «دە» و دەڵێن: «ئەهێنێت». زۆربەی نووسەرانی کورد بەرەو «دە» دەچن، تەنانەت مامۆستا «تۆفیق وەهبی» لە ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»دا گوتارێکی لەسەر ئەم «ئە، دە»یە نووسی و ئەویش لەو باوەڕەدایە «دە» کوردیی ڕەسەنە و دەبێت واز لە «ئە» بهێنرێت.

هەرچەند من لێرەدا ڕێ بە خۆم نادەم بەکارهێنانی «ئە» یاساخ بکەم، دانیش بەوەدا دێنم وازلێهێنانی و نەهێنانی خواهشتێکی نووسەرانە، بەڵام دەتوانم داوا لە نووسەر بکەم لە جیاتی «یەنێت» «ئەهێنێت» بنووسێت چونکە قاڵبی «یەنێت» یەکجار ناوچەیی و تەسکپێوە. ئەگەر هاتوو هەر کەسە خۆی لکاند بە تایبەتیی ئاخاوتنی شار و دێ و گەڕەکی خۆیەوە، دووچاری نووسینێک دەبین بەبەریەوە هەبێت هەندێکمان تێیبگەن هێندێکیشمان نا!

بەزۆری نووسەرانی شاری سلێمانی دەنووسن «پیاوێکی کە، داریکی کە، ئاوی کە، بەردی کە» مەبستیشیان «پیاوێکی دیکە و داریکی دیکە ...»یە. وا دەبێ بەکارهێنانی ئەم «کە»یە لە شوێنی وەهادا سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ، بێگومان «کە»ی ئەم جێگایانە کورتکراوەی «دیکە»یە کە مافی ئەوەی نییە لەهجەی شار و گەڕەک خۆی بسەپێنێ بەسەر شێوازی نووسین و ڕێزمانی ئاخاوتنی زمانی میللەتێک. هەرچەندە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی بەلای باوەڕی منەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی زارەکانی کوردیدا دێت، دیسانەوە ناشێ ئەو تایبەتیانەی خۆی کە لە ڕاستەشەقامی کوردییان لاداوە بیانکا بە دەستوور و دەستوورە ڕاست و ڕەوانەکانیان پێ کوێر کاتەوە.

نابێ «بچۆرەوەوانێ» بە خۆی و بەم هەموو قورسایی و دریژاییەوە نەفەسی «بچۆوە» ببڕێت. هەروەها وشەکانی «مەند، ئەفەندی، دەربەند ...» ناشێ بکرێتە «مەنگ، ئەفەنگی، دەربەنگ ...». بەنموونە دەڵێم لە فرەنسیدا شێوەی پاریس هەرە پێشکەوتووی ئاخاوتنی میللەتی فرەنسەیە، خەڵقی پاریسیش دەنگی «ر» بە «غ» دەخوێنەوە، بەڵام لە نووسینی فرەنسیدا ئەم «ر»یە هەر بە «ر» دەنووسرێت با خەڵقی پاریسیش بە «غ» بیخوێننەوە... لە میسر دەنگی «ق» بە «ئ» واتە (هەمزەی عەرەبی) دەنگی «ج» بە «گ» دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەوانیش لە نووسینی ئەدەبی و ڕەسمیدا هەر بە «ق، ج»

دەیاننوسن. تەنانەت بەشێکی زۆری فارس دەنگی «ا» دەکەن بە واو و دەڵێن «تەهروون» لەجیاتی «تەهران» بەڵام لە نووسیندا ئەلفەکە هەر بە ئەلف دەمێنێتەوە.

خەڵقی سلێمانیش ئازادن لەوەدا بە قسەکردن چۆنیان بەلاوە خۆشە وەها وشە و پیتەکان دەربڕن، لە زەروورەتی شیعریشدا چ گلەییەک نایەتە سەر ئەو کەسەی شێوەی ناوچەیی خۆی بەکاربێنێت. بەڵام نابێت ڕێ بەخۆدان ئەوەندە تێپەڕ بکات. ئەم گوتەیەشم بەرانبەر هەموو کوردە، بەڕێکەوت پتر یەخەگیری شێوەی سلێمانی دەبێت لەو ڕووەوە لە سەدەی هەشتا وەیا زیاتری نووسینی کوردی لە شاری سلێمانی وەیا خەڵقی سلێمانی زەنە دەکات.

با پێشدەستی بکەم لە کەسێک بیەوێ لە تۆڵەی ئەو ڕەخنانە ڕەخنەی «هێندێ»م لێ بگرێ کەوا من ناوناوە دەنووسم «دەکا، دەبێ» ناوناوەیەکیش «دەکات، دەبێت ...» ئەم «ت»ـەی کۆتاییی فێعلەکانی «دەکات، بکات، دەکەیت و بکەیت» دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەر هەیە ئەوەی ڕاستیش بێ ڕەنگە یەکەم دەمەتەقەی گەورە کە لەسەریان هەڵستابێ لەلایەن منەوە بووبێ، تەنانەت لە گوتارێکی دوور و درێژمدا لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا «بەرگی دووهەم» نەختێک بە درێژی لەسەر ئەم «ت»انە دواوم. بەلای منەوە «دەبێ، دەبێت، دەبێتن، ببێ، ببێت، ببێتن» هەروەها «دەکەی، دەکەیت، بکەی، بکەیت» هەموویان ڕاست و دروستن بە درێژاییی کات، لە کۆنەوە بەسەر زار و خامەی میللەتی کورد و نووسەرانی کوردەوە بوون. کەس ڕێی نییە شەقامەڕێی بەرفرەوانی مێژووی ئاخاوتنی کوردی لە خۆوە کوێر کاتەوە... قسە درێژەی هەیە و دەرفەت تەسک.

با بگەڕێمەوە سەر گوتارەکەی خۆی.

لە ستوونی دووهەمی لاپەڕەی 22 لە دێڕی شەشەمدا وشەی «هەڵگرتوو» هەیە. ڕاستی ئەم وشەیە کە لە سەروبەری ژن هەڵگرتندا بەکار بێ «ژن هەڵگرتوو»ە نەک «هەڵگرتوو»ی سادە، چونکە بە تەنها چ دەلالەتێک نایگێڕێتەوە بۆ لای ژن، لەوانەیە هەنار هەڵگرتوو وەیا بەرد هەڵگرتوو بێ. لێرە بەدواوە لەسەر ئەم دارشتنەی وەک «هەڵگرتوو، گرتوو، بەرکەوتوو، کەوتوو، نوستوو، کوشتوو...» نەختێک وردبوونەوە دێتە پێش.

هەر لەهەمان لاپەڕە 22 لە ستوونی سێهەم و دێڕی هەشتەمدا وشەی «پێ هەڵسەرەکان» بەکارهاتووە. پێی ناوێ بڵێم ئەم دارشتنە بۆ دروستکردنی «ناوی کارا – اسم فاعل» بەکارهاتووە لە «کار – فعل»ی «هەڵستا – هەڵستان». ئێمە ڕێمان هەیە لە زۆر ڕووەوە ئەم «پێ هەڵستان»ـە هەڵسەنگێنین و بڵێین ئاخۆ دەشێ لە کوردی «قام به»ی عەرەبی بۆ هەمان مەبەست وەرگێڕینە سەر «پێ هەڵستا ...»؟ کە ئەمەشمان یەکلا کرد ئەوسا بپرسین ئاخۆ دەبێت بڵێین «بەکارەکە هەڵستام؟ کارەکە پێ هەڵستام؟ بە کارەکە پێ هەڵستام؟» ئاخۆ «هەڵستان» کە خۆی فێعلێکی لێکدراوی تێنەپەڕە (واتە لازمە) دەشێ بەهۆی پێشگرێکی وەک «پێ» بکرێتە «تێپەڕ»، چونکە دەزانین کاری «هەڵستان» تێنەپەڕە و کاری «پێ هەڵستان» تێپەڕە! لە عەرەبیدا تێپەڕکردنی کار (تعدية الفعل)ی تێنەپەڕ بەهۆی «حروف الجر»ەوە دەستوورێکی بەرفرەوانی زمانەکەیە، تۆ بڵێی لە کوردیدا ئەمە بلوێ و بشێ؟ من لەو هەموو پرسیارانە و هی تریش، وازدێنم و بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی دیکەی ئەم قاڵبە دارشتنەی «پێ هەڵسەر».

دارشتنی ناوی کارا (اسم فاعل) لە کوردیدا بە هۆی لکاندنی «ەر»بە کۆتاییی فیعلەوە شتێکی تازە داهاتووی نووسینی کوردییە. لە کۆنەوە «نووسەر، خوێنەر و کوژەر» بەکار نەهاتوون. ئەوەی زیهن بەسەهوو دەبا لەم شوێنەدا ناوی کارا (اسم فاعل)ی لێکدراوی وەک «نانکەر، باربەر» و هی ئەوتۆیە کە لە ڕواڵەتدا ئەمرازی «ەر»یان بەدواوەیە و لەوەڕا مرۆڤ بیری بۆ ئەوە دەچێ کە «نووسەر، خوێنەر»یش وەک ئەوان دارێژێ.

باسەکە نەختێک وردبوونەوەی دەوێ بە نیسبەت زمانزانەوە چ جای ئەوەی بە زمانەوە خەریک نەبووبێ. من لێرەدا بەکورتی و بە وردی لێی دەدوێم تا بگەم بە ڕوونکردنەوەی تێبینییەکی تر. وشەکانی «نانکەر، باربەر» وەک وشەکانی «نانخۆر، جلشۆر، دووربین و سەربڕ» جۆرێکن لە ناوی کارای لێکدراوی (اسم فاعل مرکب). لەم تەرزە دارشتن و لێکدانەدا کەرتی دووهەمی وشە لێکدراوەکە کە لە فیعلەوە هاتووە سەربەخۆ واتا نادا. سەیری وشەی «پیاوکوژ» بکە. کەرتی «کوژ» لە وشەکەدا کە لە «کوشتن»ەوە هاتووە بە تەنها هیچ واتایەک ڕاناگەیێنێ، هەروەها لە «نانخۆر، جلدروو،

سەربڕ»یشدا «خۆر، دروو، بڕ» هیچ کامێکیان مەبەستێکی تەواو بەدەستەوە نادەن. لە وشەی وەک «نانکەر، باربەر»یشدا «کەر، بەر» ئەوانیش لە خۆوە واتای تەواویان نییە. ئەم پیتەی «ر» کە لە کۆتاییی وشەکاندا هەیە هەر هەمان پیتی ناو فیعلی «کردن، بردن»ـە نەک لە لاوەڕا هاتووە وەک ئەمرازی کارای (فاعلیة»). سەیرکە «نانخۆرم» ئەویش پیتی «ر»ی تێدایە چونکە لە فیعلی «خواردن»ـدا ئەم «ر»ە بە ئەسڵ هەیە.

لەم شێوە دارشتنەدا ئەوەندەی فکرم کردبێتەوە تەنها لە دوو فیعلی «دان، نان» پیتێکی «ر»ی لەلاوە دێ و کەرتە ناتەواوەکە دروست دەکا و دەگوترێ «ناندەر، چێشتلێنەر» بە نیسبەت «نان»ـەوە ڕەچاو دەکرێ کە ئەم فیعلە بەبێ پێشگر بەکار نایێت. دەگوترێ «هەڵنان، لێنان، تێنان و ڕاونان» تەنها لەگەڵ وشەی «ناو»دا، دەشێ بێ پێشگر بەکار بێ وەک بڵێی «ناوم نا دارا». بەڵام دەبێ ئەوە بزانین لێرەشدا ئیمکان هەیە پیشگرەکە بێتەوە و بگوترێ «ناوم لێ نا دارا». لەمەش زیاتر دەبێت لەبیر نەکەین کەوا ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب)ی ئەم فیعلەش بەبێ پێشگر دروست نابێ، تۆ دەتوانی بڵێی «ناولێنەر» نەک «ناونەر».

بەهەمەحاڵ ئەم تازە قاڵبەی ناوی کارا (اسم فاعل)ی وەک «کوژەر، نووسەر و بینەر» بووە بە داهاتێکی زمان و ئەدەب نە بە کەس ڕەش دەکرێتەوە نە لە ڕەشکردنەوەی چ سوودێک پەیدا دەبێ. من بۆخۆم بێ پەروا بەکاریان دێنم. ئەمانە و گەلێک باسوخواسی تر لەسەر ئەم جۆرە دارشتنە نەوباوە هەڵدەستێ و لێرەدا جێی هەموویان پەیدا نابێ. ئەوەی ڕاستی بێ سەرلەبەری تێبینییەکان ئەو تێبینییە بنجی و تایبەتییە نییە کەوا ڕاستەوخۆ لە وشەی «پێ هەڵسەرەکان»ـەوە هەڵدەقوڵێ. لەم وشەیەدا دەستووریکی گرنگی دارشتنی ناوی کارای لێکدراو (اسم فاعل مرکب) لە دوو سەرەوە ژێرپێ خراوە.

لە سەرێکەوە ئەو ڕاستییەی لەبیر کردووە کەوا کەرتی فیعل لە ناوی کارای لێکدراودا کورتەیەکی فیعلەکەیە نەک هەموو فیعلەکە. تۆ دەڵێی: «پیاوکوژ، کاخەزنووس» ناڵێی «پیاوکوژەر، کاخەزنووسەر» کەچی «پێ هەڵستەر» سەرلەبەری فیعلی «هەڵستان»ی تێدایە.

لە سەرێکی ترەوە، کە ئەمایان یەکجار گرنگتریشە فیعلێکی تێنەپەڕ (لازم)ی کردووە بە ناوی کارای (اسم فاعل) لە حاڵێکدا دارشتنی ناوی کارا بە لێزیادکردنی «ەر» لە کۆتاییی فیعلەوە تەنها بۆ فیعلی تێپەڕ دەست دەدا و ناشێ و ناکرێ فیعلی تێنەپەڕ بکرێ بە بنگەی ئەم دارشتنە. سەیری وشەکانی «نووسەر، کوژەر، بینەر نێرەر...» بکە دەبینی هەموویان فیعلی تێپەڕن. نە لە کەس بیستراوە نە بۆ کەس جایەزە بڵێ: «نووستەر، ڕۆیشتەر، هەڵستەر و کەوتەر» ناوی کارا لە کار (فیعل)ی تێنەپەڕ تەنها یەک جۆر دارشتنی هەیە ئەویش بە زیادکردنی «و» لە کۆتاییی کارەکەوە دەڵێی: «نوستوو، ڕۆیشتوو، هەڵستاو، کەوتوو، خلیسکاو، سووتاو ...» فیعلی تێنەپەڕ بەرکار (مفعول)ی نییە تاکوو دارشتنی وەک «نانخۆر، دەستشۆر»ی لێ پەیدا بێ. ئەمە دەڵێم لەو ڕووەوە کەوا شتێکی ئاشکرایە لە وشەی وەک «نانخۆر، پیاکوژ» کەرتی یەکەمی وشەکە بەرکار (مفعول)ـە و پێش کەرتی فیعلەکە کەوتووە، دیارە لە فیعلی تێپەڕیش بەولاوە فیعلی تر پێویستی بە بەرکار نییە.

لە بارەی ئەم قاڵبە دارشتنەی ناوی کارای لێکدراوەوە دوو تێبینیی تری زێدە گرینگ هەیە دڵم نایێ لە خوێنەری بشارمەوە، چونکە هەریەکێک لەوان لایەنێکی مووقڵاشی و وردەکاریی زمانی کوردی نیشان دەدات.

تێبینیی یەکەم ئەمەیە: لە دارشتنی ناوی کارای لێکدراوی وەک «پیاوکوژ، نانخۆر، جێگر و دووربین» واتایێکی وەسفی بەردەوام پەیدا دەبێ نەک کاتی. کە دەڵێی: «ئەم پیاوە پیاوێکی تەڵاقخۆرە». مەبەست ئەمەیە کەوا کابرا تەڵاقخواردنی لێبووە بە پیشە. بەڵام کە گوتت: «کوا کابرای تەڵاقخواردوو»؟ ئەو کەسەت لە خەیاڵدایە کە تەڵاقی بەسەر زاردا هاتووە، نەک پیشەی تەڵاقخواردنە. وا دیارە لەم شێوە دارشتنەی وەک «نانخۆر، دووربین و پیاوکوژ» کەوا لێکدرانەکەی بووە بە جۆشخواردن لە ڕێی کورتکردنەوەی کەرتی فیعلەکانەوە لە وشەکاندا، زیهن و سەلیقەی کورد هەستی بەمە کردووە کە جۆشخواردنی وشە لەگەڵ بەردەوامبووندا پتر دەگونجێ.

تێبینیی دووهەم: ئەمەیە لە وشەی لێکدراوی وەک «گۆشتخواردوو، گورگانخواردوو، مەڕکوشتوو، زەهرکوشتوو، ڕۆژووشکاندوو، شێرشکاندوو»دا کە هەموویان لە فیعلی تێپەڕەوە وەرگیراون ئەم دارشتنانە جارێکیان دەبن بە ناوی کارای

لێکدراو (اسم فاعل مرکب) جارێکیشیان دەبن بە ناوی بەرکاری لێکدراو (اسم مفعول مرکب). هەر ساتێک وشەی پێشەوەی دارِشتنەکە لێی وەشایەوە بەرکار (مفعول) بێت واتای هەموو وشەکە دەبێتە ناوی کارا (اسم فاعل) چونکە دیارە بەرکار (مفعول) چاوەنۆڕی کارا (فاعل) دەکات. بۆیە کەرتی دووهەمی وشەکە «خواردوو» دەبێتە تەواوکەری واتای کارا (فاعل). بە پێچەوانە کە وشەی یەکەمی لێکدراو کە لێی وەشایەوە کارا (فاعل) بێ، بەهۆی ئەوەوە کە کارا داوای بەرکار دەکات، تێکڕای واتای لێکدراوەکە دەبێتە ناوی بەرکار.

بە نموونە کە گوتت: «گۆشتخواردوو» چونکە گۆشتەکە دەخورێ واتای وشەکە دەبێتە ناوی کارا. بەڵام کە گوتت: «گورگخواردوو» چونکە گورگ دەخوات و ناخورێ واتە کارایە نەک بەرکار، واتای سەرلەبەری وشەکە دەبێتە ناوی بەرکار. پوختەی گوتە ئەمەیە کارایی و بەرکاریی (فاعلية و مفعولية)ی ئەم وشانە پێچەوانەی کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەکەیە. بەڵام وا دەبێ یەک وشەی لێکدراو بە پێی داخوازی جێگە جارێکیان ناوی کارا و جارێکیشیان ناوی بەرکارە. بە نموونە کە بڵێی «گورگخنکاندوو» لەوانەیە مەبەستی ئەو بەرخە بێ کە گورگ خنکاندبێتی، لەوانەیشە مەبەستی ئەو سەگە بێ کە گورگی خنکاندبێ.

دەگەڕێمەوە بۆ وشەییکی تری گوتارەکەی «بەیان» لە هەمان ستوونی چوارەمی لاپەڕە 22 لە دێڕی 25 دا وشەی «گێڕاندنەوە» هەیە. نەختێک لێوردبوونەوە دەریدەخا ڕاستی وشەکە «گێڕانەوە»یە نەک «گێڕاندنەوە» چونکە کە بتەوێ فیعلێکی تێنەپەڕ بە هۆی پاشگری «اندن»ەوە بکەی بە تێپەڕ دەبێ دەست لە تەرکیبی فیعلە تێنەپەڕەکە نەدەیت، هەر ئەوەندەی لەگەڵدا بکەیت کە «اندن»ی بخەینە سەر. لێرەدا فیعلە تێنەپەڕەکە «گەڕانەوە»یە کە ئەویش بۆ خۆی لە «گەڕان»ـەوە هاتووە، کەواتە دەبێ دەست لە تەرکیبی نەدەین و یەکسەر بیکەینە «گەڕاندنەوە» وەک «کوژانەوە — کوژاندنەوە، برژانەوە — برژاندنەوە ...». بەڵام ئەم فیعلەی «گەڕان — گەڕانەوە» وەک کۆمەڵێ فیعلی تر دەتوانرێ بێ پاشگری «اندن» بکرێتە تێپەر لە ڕێی سیغەیەکی تایبەتییەوە کە دەماودەم و پشتاوپشت هاتووە ئەویش سیغەی «گێڕانەوەیە». دیارە کە گێڕانەوەمان بەکارهێنا دەخلێکمان بەسەر پاشگری «اندن»ەوە نامینێ و نابێ بڵێین: «گێڕاندییەوە». ئەمە چەند نموونەیەک لە فیعلی وەک «گەڕان، گەڕاندی، گێڕان».

فیعلی تێنەپەڕ فیعلی تێپەڕ بەهۆی «اندن»ەوە فیعلی تێپەڕی ڕاستەوخۆ

- کەوت کەوتاندی، کەواندی خستی
- درا درێاندی درێ
- گەڕا گەڕاندی گێڕای
- بڕا بڕاندی بڕی

لەم جۆرە فیعلانە هی تر زۆر هەن لزووم بە گوتنەوەیان ناکا فیعلی ئەوتۆش هەیە ڕاستەوخۆ بێ «اندن» دەکرێ بە تێپەڕ وەک:

- هات - هێنای
- هەڵبوو - هەڵیکرد
- گیرا - گرتی ... هتد.

دەمەوێ لێرەدا بڵێم ڕێگەت نییە فیعلێکی وەک «کەوت» بکەیتە «خستاندی» یاخود «گەڕا» بکەیتە «گێڕاندی» واش دەزانم ڕوونکردنەوەی تر پێویست نییە. چاوی کورد بە ئاسانی ئەم وردییانە دەبینێ هەر هێندەی پێ دەوێ دەستێکی بۆ ڕاهێڵی.

خوێنەر بمبەخشێ لە بەکارهێنانی ڕێنووسی هەمەچەشنە چونکە دەستم بە ڕێنووسی کۆڕ ڕاهاتووە و چاویشم گەلێک ڕێنووسی تر دەخوێنێتەوە، تێبینی هەبوون و نەبوونی پیتی دارژاوی کوردیش دەکەم لەو چاپخانەیەدا کە گۆڤاری «بەیان»ی لێ چاپ دەکرێت. من لە نووسینەکەمدا تەنها لایەنی زمان و ڕێزمانم بەهەند هەڵگرتووە، لەو پەلەپەلەی کە خۆشمی تێدا دەبینم پێم نەکرا چاوێک بە نووسینەکەمدا بخشێنمەوە یاخود پاکنووسی بکەم. کە هەڵەیەک لە چاوان چەقی حەز دەکەم ڕێی ڕاستکردنەوەی لێم نەگیرێ و دەرفەتم پێ بدرێ بۆ دەربڕینی بیروباوەڕی ترم، کە هەمبێ، نەک هەڵەکەم یەکجارەکی لەسەر حیساب بکرێ.

دوورکێشانەوەی نووسینەکەم لێرەدا وەستاندمی لەوە چی تر چینە بکەم لە کێڵگەی گوتارە نرخدارە خۆشەکەی «ڕەدووکەوتن»، کەواتە چی تر «بەدووی ناکەوین».

«...»

شاکارێکی ئاگرین

گۆڤاری «بەیان» ژمارە 21، کانوونی دووەمی 1975

پێشینان بێ ئەوە خۆ باوێنە ژێر باری زێدە خەستی گەیشتن بە دۆزینەوەی هۆیە نهێنییەکانی هەڵکەوت و ڕووداو، بایی ئەوەی ڕوالەتی بەسەر هات لێی بوەشێتەوە پەندی کۆمەڵایەتییان لێ وەرگرتووە و بە یاساکانی ئەو پەندانەش ڕازی بوون، یەکێک لەو پەندانەی بڕیاری ڕوالەتی بەسەرهات سەپاندوەتی گوتەی یەکجار پەرە سەندوی بێ دەمەتەقەی بەخت و تالعە. من وەک پێشینان لەم گۆتارەمدا پەیڕەوی ڕوالەت دەکەم و دەڵێم بەخت و تالع بۆی هەیە، ئەگەر بۆی نەبا چۆن ڕەوای هەقە پێنج خشتەکییە یەکجار نرخدارە پیرۆزە ئاگرینەکری «مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجە» کە سەردەمێک لە پایەی مارسیلیزی کوردی بوو بەم شکڵە بنبوو بکرێ و پشتگوێ بخرێ وەک هەر ڕۆژەک لە ڕۆژان لەبەر گوێی گەلی کوردا نەزرینگابێتەوە:

ئەی گەلی کوردی ستەم دیدەیی مظلومی سیەهچار
وەی میللەتی معصومەیی بەدبەختی گرفتار
تاکەی لە خەوان ئێوەو و دوژمن هەموو بێدار
تاچەن هەر ئەبێ مەست بن و خەڵقی هەموو وشیار
خۆتان دەکەنە مضحکەیی مەحرەم و ئەغیار

عالەم هەموو مەشغولی تەلاش و وەس و پردە
هەر میللەتە بۆ خۆیە خەریکی زەد و خوردە
هەر کەس لە بۆ خۆی حاکمی خۆیە وەکو مەردە
مەحرومی هەموو حق و حقوق میللەتی کوردە
ماتەم زەدەوو سووک و پەریشان و گرفتار

لەم نەفسی گەرم و هۆندنەوەی شاعیرانە و هەست و سۆزی کوردایەتیەوە چواردە بڕگەی پێنج مصرەعی دەخوێنیتەوە کە هەموویان نموونەی ئەدەبی پێشکەوتووی ئەوسا و ئێستا و هەموو ڕۆژگارێکن. لە هەندێ شوێنیش هێندە بەرز بۆتەوە و سەرەوژوور تێ هەڵکشاوە، تاک تاکە نەبێ، دەستی هونەرکار و ئەدیبی ناگاتێ. هەر لە بیرمە لە قۆناغی سەرەتاییمدا، کە منداڵ بووم و تازە بە تازە گرۆگاڵی کوردایەتیم دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوسام، سەرگەرمی خوێندنەوە و گوتنەوەی نەشید و هەڵبەستی نیشتمانپەروەرانە بووم و گەلێک جار لە خوێندنەوەیاندا خۆم و هاوڕێکانم جۆش و خرۆشی ساف و بێ گەردی کوردایەتی پەیتاپەیتا موچرکە بە لەشە ساواکانماندا دەهێنا، تا لەو کاتە پڕ جەزبە و عیشقی کورد و کوردستاندا ئەم پێنج خشتەکییە لە نێوان ئاڵقەی جەزبەگرتوانی کوردپەروەردا وەک بۆمبای ئاتۆم تەقییەوە و چەند جار لە تین و تاوی جەزبەی کۆنی خەڵقەکەی زیاد کرد و نەشید و هەڵبەستەکانی لە خۆی بە پێشەوەی خستە نزمایی و تاریکاییەوە. بەڕاستی کورد لەو کاتەدا کە تازە بریندی کارەساتی کوردستانی باکوور کەوتبوە دڵیەوە پێویستی بە هەڵبەستێکی بورکانی بوو هاوتای بورکانی ئەو نەگبەتییە و هێندەی ئەو کەفوکوڵ و هەست پەرۆش و ڕق و خەفەت و بەزەیی هەڵڕێژێ. لەو ماتەمە زلەی میللەتی کورد نووزانەوە و لاوانەوەی نەرمەگریان و سینەکوتانی کلاسیکی گوێچکەی شێوەنگێڕ، کە گەلی کوردە، نەی دەبیست. دەبوو دەنگێکی وەک فرتەنە و بلەرزە باوکەڕۆ و ڕۆڵەڕۆی کۆڕی شەهیدان هەڵگێڕێتەوە بە نرکە و نەعرەتەی کۆڵ نەدان بۆ بەر گوێچکەی ئادەمیزاد و مێژوو.

پێنج خشتەکییەکەی «مەلا حەسەن» لەو دەمەدا ئەو فەرتەنەیە بوو کروژنی شێوەن و للّفەی غەزەب و چریکەی هان دانی کردە یەک سیمفونی قەومی پڕ لە هامۆنی مێژوویی:

بەس طالبی تاڵانیی یەک و کوشتنی یەک بن
بەس جاهیدی بێ دەستی و دەست بەستنی یەک بن
بەس مائیلی فەوتانی یەک و مردنی یەک بن
مەشغولی برایی یەک و یەک خستنی یەک بن
تا کۆمەڵ و یەک دەستە و یەک بن وەکو ئەغیار

هەڵسن لەخەوێ خزمە دەم و چاوێ بشۆرن
چاوێکی هەڵێنن لە چەپ و ڕاستە بنۆرن
پرسێکی لە یەک کەن لە چ ئەحواڵ و چ شۆرن
ئەم عالەمە بۆچ عاجز و بێ کەیف و سرورن
بۆچی دەکەن ئەم کوردە فەقیرە هەموو هاوار

ئەم دەنگ و هەرا و نالّە و شینە لە چ لایە
ئەم ئاهی جگەرسۆز و گرینە لە چ لایە
ئەم گشت جەزەع و کوشت و بڕینە لە چ لایە
سەرچاوەیی ئەم چەشمەیی خوێنە لە چ لایە
چی بێ ئەبێ لەم شۆرش و غەوغایە لە ئەقطار
ئەم دەنگە هەموو نالّەیی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم شۆرە صەدای شێوەنی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم نرکە هەموو سۆزشی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم خوێنە گەشە خوێنی شەهیدانە لە دەست غەیر
ئەم نەعرە هەموو نەعرەیی کوردانە لەسەر دار

لەمانەدا شاعیر هەڵبەستەکەی بەبەر قەڵافەتی خوێناوی ئەنجن ئەنجن کراوی ئەوسای گەلی کورد بڕیوە کەیلی هەڵبەستیشی ئوستادانە چین چین هەڵناوە و پێ بە پێ بەرەو پۆپی پەیکەری درامای بردوە تاکوو لەگەڵ تەرمی شەهیدانی کورد بەسەر دارەوە هاوشانی کردوە.

ئەگەر پەندی کۆنینەی بێ تالع و بەختی لەم ئاگرستانە بەڕاست نەگەڕابێ بۆ دەبێ ناوێکی نەبرێ و دەنگێکی نەبیسترێ و چ زمانێک نەیڵێتەوە و چ چاوێک نەی خوێنێتەوە. بەشەرمەوە دەڵێم ناوناوە نووسەرێکمان زەنگێکی موژدە و خۆشیمان بۆ لێ دەدا و بەڵێنی بڵاوکردنەوەی گەنجینەیێکی ئەدەبی شارایەوەمان پێ دەدا، واش دەبێ نووسەرێکی تر گوتار بڵاو دەکاتەوە، وەک ئەم گۆتارەی من، شیعر و شاعیرێکی پێ هەڵدەداتەوە کەچی ئەوەی دێتە ناو کەشکۆڵی تەوقوعمانەوە شتێک دەردەچێ ئەگەر لەبەر ناچاری دەوڕێشانەمان نەبێ ئەوە نییە چ کەشکۆڵێک بەخۆیەوە بگرێ.

پێی ناوێ من بڵێم هەرچی کێش و قافیەی هەبوو مەرج نییە شیعر بێ، هەموو شیعرێکیش هی هەڵدانەوە نییە، تەنانەت کۆبوونەوەی دانا و کێش و قافیەشی نابێتە شیعر ئەگەر مۆسیقاکەی خۆشی نەبێ وەیا هێزی بزافتنەوەی گیانی گوێگری نەبێ وەیا دارشتنەکەی هونەرکارانە نەبێ:

تا دوشمن بژی لە نێو ولّاتان
هەر ژێر دەست دەبین نابێ نەجاتان

نە شیعرە و نە هیچ. ئاخۆ چ فەرقێکی دەکرد ئەگەر بگوترابا:

تا دوشمن بژی له نێو ولاتمان
هەر دوشمن دەژی لەنێو ولاتمان

یاخود یەکێک بێ و بڵێ دوێنێ شەو تا بەیانی ڕۆژ هەڵ نەهات وەیا من بڵێم بە دریژایی نووستنم خەوم لێ کەوتبوو. ژێردەستبوون و نەجات نەبوون بەیەکەوەیان هەندێکن و کەرتێکن لە ئەنجامە پان و قوولەکەی ژیانی دوشمن لە ولاتدا.

پێی ناوێ من یەخەی ئەم بەیتە بەستەزمانە بگرم و بەری نەدەم چونکە گەلێک جاران هەڵبەست و پەخشانی هاوتای ئەم پێیدا هەڵ دەگوترێ و نوقڵی شاباشی بەسەردا هەڵ دەدرێ. مەبەسیشم لێرەدا ئەوە نییە دەست لەسەر بەرهەمی ئەم و ئەو دانێم و بیکەمە بەڵگەی گوتەکانم هەر چەند هەندێک لەو بەرهەمانەی مەدح دەکرێن وەک «نان و بەفرەکە» ی «مەلای مەشوور» وایە کە خەڵق پەسەندیان نەکردوە ئەویش گوتی «ئەوەی ڕاستی بێ بۆ خۆشم ڕام لێێ نییە»، چونکە گومانم نییە لەوەدا بەرهەمی بێکەڵک کەسیش لە دژی نەوەستێ لە خۆوە دەمرێ کەواتە پێویست نییە نووسینی من یا یەکێکی تر خێرایی بکا لە مردنی.

لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا مرۆڤ پەرۆشیەتی بەرهەمی کز و لاواز لە مافی خۆی زیاتری پێ بدرێت، لەوە هەر گەڕێ بەر لەو مافە زیادە، لەسەرەتاوە، خەڵقێکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردوە و ڕووپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامانی داگیر کردوە و کرێکار و فەنییەکانی چاپخانەی عەوقاندوە و لە ئەنجامدا پەنجەیێکیش دەخاتە گیرفانی خوێنەرەوە و باجی خۆی لێ دەستێنێ.

وەک گوتم سەر لەبەری پێنج خشتەکیەیە 14 بڕگەیە، واتە جگە لەو شەشەی بە نموونە هاتنە ناو ئەم نووسینەوە هەشتی تری ماوە ئەوانیش لەم ڕێکار و هێز و تەوژمەدان. بەڵام نەمویست ڕووپێوی زۆری پێ گرمەوە لە ڕووپەڕەکانی «بەیان» بۆیە نەم هێنانە ناو نووسینەکەم، لێرەشدا کۆتایی بە گوتار دێنم بە 3 مصرعی یەکێک لە بڕگەکان و دەیانکەم بە سکاڵای تایبەتی خۆم و گوڵاوپژانی ڕووی خوێنەران:

واچاکە هەموو متحد و یەک دڵ و چابین
بۆ یەک نەکو وەک دەستەبرا عەینی برابین
مەردانە لەبۆ مقصدی یەک پشت و پەنابین

«...»

تریفەیێکی نەورۆز

گۆڤاری هاوکاری، ژمارە 259، نەورۆزی 1975

بەپێی باوەڕی خۆم پچڕانەوەی مرۆڤ لە ڕابردووی میللەتەکەی کەلەبەری گەورە دەخاتە سەرلەبەری بوون و ژین و چەندوچۆنیەوە و دەیکاتە گیانلەبەرێکی تار و تەریک کە نالکێ بە کۆمەڵایەتیی ڕاست و دروستەوە.

لە کولانەی ئەم ڕاستییەوە سەیرێکی دەمارەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی بکەین، ڕاستەوخۆ ئەو دەمارە بە پیرۆزتر و بایەخدارتر دەزانین کە لە مێژووی کۆنەوە هەستی شانازیمان بە میرات بۆ دێنێ. مرۆڤی ژیر و دڵسۆز لەسەریەتی بە ڕادەی چالاکبوونی بۆ پساندنی داوی پێوەندی کۆن و نوێی ناپەسند، لەوەش پتر، چالاک بێ لە ڕاندنەوەی داوی پێوەندی کۆنینەی پەسند لە دڵ و دەروونی خۆی و میللەتەکەیدا تاوەکوو تێکڕا، بە هۆی بەسترانەوەی ڕابردوو بە ئێستاکەوە، ببن بەو بەچکە نەمرەی مێژوو کە «نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان...». گیای دەشتودەر تاکوو ڕەگداکوتاوتر بێ بە ناخی زەویدا خۆ لەبەر تەکانی دەرکێشان پتر دەگرێ. من و تۆش وەک ئەو گیایە واین لە کۆڕی پڕمەترسیی ژین و بوون و چارەنووسدا: کە هەست بکەم باسکێکی دریژی پڕهێزی دوو هەزار ساڵەی دەنگ و ڕەنگ و بێن و بیرەوەریی پێشینان پاڵپشتیم دەکات، هانەهانی بەرەوپێشچوونم دەهێژێ... هەنگاوەکانم لەخۆڕازیتر دەبن... سڵ ناکەمەوە... مەودا پتر دەبڕم.

نەورۆز بە دریژاییی تەمەنی بیرکردنەوەم ئەو هاندەرە بووە لە پێش چاوی هۆش و هەستمدا هەموو جارێک کە کژی بەهار و هانگامەی نەورۆز بە دەست و پەنجەی گوڵگوڵییەوە سڵاوی ساڵانەی «خۆشی و هات» ی لە گەلی کورد دەکرد، سەرەڕای موژدەی هەرا و زەماوەند و شادیی موژدەیێکی تری نهێنیی پڕ شەرافەت و شانازیشی پێ ڕادەگەیاندم بەوەدا کە گەلی کورد وجاغکوێر و شوێنەوار چۆل نییە. ئاگری نەورۆزی ساڵانە، وەک کێلەی لیمیستونی بەسەر ڕێبازی مێژووی کوردەوە زنجیرەی هەنگاوەکانی ڕوون دەکاتەوە، هەر لە بڵێسەی چاوە ئاگرینەکانی «ئەژدەهاک»ـەوە تا دەستەچیلەی دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزی ئەم ڕۆژگارە، زنجیرەی پڕشنگی ئەم کلەڕێیانە لە بەر چاوی خەیاڵمدا بەرەو دواڕۆژیش گلێر دەبێتەوە - تا جیهان هەیە و کورد هەیە، بێ بڕانەوە و بێ پچڕانەوە.

ئاشنایەتیی خۆم لەگەڵ نەورۆز، وێڕای خزمایەتیی کورد و نەورۆز، ڕووپەڕەیێکی یەکجار ڕەنگین پڕ دەکاتەوە لە دەفتەری ژیانمدا. لە بیرمە کە منداڵ بووم، نەورۆز دەنگی هەبوو ڕەنگی نەبوو: دەماودەم خەبەری «ئاگرەشێرە»ی نەورۆزی پیرەمێرد لە سلێمانی دەکەوتە کووچە و بازاڕ و سەر زار و زمانانەوە بە دریژایی و پانایی کوردستاندا. یەکەم جار لە کۆیێ باسی نەورۆز کرابێ لە موناسەبەیێکی ڕەسمیی میریی سەرەتاکانی 1930 دا بوو کە بە ڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی نەورۆز یەکیان دەگرتەوە. تکا لە باوکم کرا گوتارێکی تێدا بڵێ. وا دیار بوو باوکم بە هەلی زانی و خۆی لە موناسەبەکە دزییەوە بۆ باسی نەورۆز و بەهار و کورد و کوردستان. هەر وەک گوتارەکەی بە کوردی بوو، هەڵکەوتەکەشی کردە جەژنێکی کوردانە.

لە پلەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەییمدا کە لە هەولێرم بردە سەر، نەورۆز لە دڵی خۆم و هاوڕێکانی ئەوسامدا هەر تارماییێکی ئاگر و ئاورینگ بوو لەگەڵ بووژانەوەی سروشت دەستەچیلەی جۆشوخرۆشی لە ناو خوێنماندا هەڵدەکرد. تا گەیشتم بە پلەی خوێندنی بەرز لە بەغدا، لە ساڵانی سەرەتا و ناوەندی چلەکان - ساڵەوساڵ، وەک دز، ئاهەنگێکی نهێنیی هەژارانەمان لە نەورۆزدا بەرپا دەکرد. هەر لەوان ساڵانەدا بوو «ئەی ڕەقیب»ی دڵداری جوانەمەرگ بوو بە سرودی میللیی کورد. هەروەها لەو ئاهەنگە نهێنی و قەلەندەرانەی گەنجی کوردی ساڵانی 1940 دا بوو، دەنگی پڕ نرکە و زەمزەمەی حسێن بەرزنجی گوێی خەڵقی ڕاهێنا بە موژدە و بەڵێنەکانی «ئەی ڕەقیب». بە دڵمدا تێناپەڕێ چ دەنگێکی تر پەیدا بێتەوە و بتوانێ وەک دەنگی حسێن نەشتەرەکانی «ئەی ڕەقیب» لە دڵ و گیانی کورددا ڕوو بچوێنێ. دڵدار و حسێن و نەورۆزی ئەوان ساڵانە تابلۆیێکی یەکگرتووی یەکجار هەستیار و زیندوو لە میشکمدا بەرهەم دێنن.. هەرگیز نامەوێ لەوان ساڵانەیان ڕاگوێزم. حەز دەکەم دڵدار و حسێن لە کۆشی گەرموگوڕی کوردایەتی و نەورۆزی ئەوسادا بخەوێتم و بە خەبەریان نەهێنم و هەر لەوێدا گۆڕێکی کوردانەیان بۆ هەڵکەنم و بە خاکیان بسپێرم..

لەگەڵ بەسەرچوونی قۆناغی خوێندنم نەورۆزیش فراژیتر بوو... لە تاریکایی نهێنییەوە هاتە بەر تیشکی نیوەڕۆی بەهار. بەرەو کۆتاییی ساڵانی 1940 کەوا هەتا دەهات گوڕە و نەرەتەی نەورۆز بەرزتر دەبۆوە؛ لە لاوە توانجی «ئاگرپەرستی» گیرایە جەژن و زەماوەندی نەورۆز. ڕۆڵە ژیرەکانی ناوچەی کۆیە و هەولێر، کەوا زیاتر لەوێدا دەنگی توانج هەڵدەستایەوە، قەڵغانێکی مەحکەمیان خستە پێش تیرەکانی توانجەوە: سەرەتای ئاهەنگی نەورۆز بوو بە «قورئان».. هەر وەک «عەلی- ی ئەبوو تاڵیب» گوتی: «نوروزونا کل یوم»، ئێمەش بە زمانی حاڵ تیری توانجمان گرتەوە ناحەزەکان و پێمان گوتنەوە: «هەموو نەورۆزێک قورئانتان بۆ دەخوێنین»...

چەند ساڵێکی تریش بە لێژگەی ڕۆژگاردا گلێر بۆوە تا گەیشتینە 1954. لەم ساڵەدا من نوێنەری پارتیی دیمۆکراتی کوردستان بووم لە ئەنجومەنی نوێنەران. ئەو ساڵە ئیجازەی ئاهەنگی نەورۆز بە ناوی منەوە دەرچوو. گەنج و قوتابیانی ئەوسای کوردی بەغدا لە باریٚکی ئەوەندە شۆرشگێڕانەوەدا بوون هەموویان وەک پشکۆی ئاگر سوور هەڵگەڕابوون و چووزەیان لە خەڵقەوە هەڵدەستاند. دەنگ بڵاو بۆوە «کۆترەی ئاشتی» لە ئاهەنگدا هەڵدەدرێ. دروشمی شۆرش و سۆشیالیزم هەڵدەکرێ.. ئەوە دەبێ کە هەرگیز نەبووە و نەبیستراوە. من دەمزانی قسەکان ڕاستن. هەموو جۆرە خوێنگەرمییەکم لە گەنجی ئەو سەردەمە چاوەڕوان دەکرد. دەستەی میری ترسی لێ سوار بوو و کەوتە خۆی.. گوێی قووت بووبوو بەرامبەر دەنگ و سەدای ئاهەنگی نەورۆز. دەماری کشت بوو! تا ڕادەیێک لێپرسراوێکی گەورە هەڕەشەی لە خۆم کرد و پێمی گوت: «هەرچی لە ئاهەنگدا ڕوو بدات تۆی تێدا بەرپرسیاری: بەڵێن دەدەی کۆترە هەڵ نەدرێ، سنووری یاسا نەبەزێ؟» بەڵێنی چی و حیکایەتی چی! کێ دەتوانێ لەبەر لافاوی حەماس و غەزەبی گەنجی نارەزادا بوەستێ؟ نە بەڵێن دەدەم و نە هیچ. ئەوەی دەبێ دەبێ.

بە دوای ئەو هەڕەشەیەدا شەوێکی بێتۆقرەم ڕابوارد.. تا سبەینە نەخەوتم.. تۆ بڵێی میری چ ئاشێک بنێتەوە بۆ هارینی گەنجان!! لێم ڕوون بوو ئاهەنگەکە دەتەقێ و خوێنی تێدا دەڕژێ. لە جیاتی شادبوون بە زەماوەندی نەورۆز، من لە پێشەوە خەریکی ماتەمی خەیاڵی بووم! ئەو شەهیدانەی کە لە پێککەوتنەوەی هێزی ڕووەوپێش و تەکانی بەرەودواوە دەبنە قۆچی قوربانی و خۆراکی «ئەژدەهاک»ی سەدەی بیستەم.. دیسان خوێنی گەنجی کورد دەبێتەوە ئارایشتی بەهار... لە نکاوی سبەینەدا یەکێک ڕۆژنامەیێکی بۆ هێنام و گوتی، «بخوێنەوە؛ بڕیاری میری بۆ لەغوکردنی ئاهەنگی نەورۆز». خەبەرەکەم دیت... بە مانشێتی گەورە نووسرابوو. دیمەنی جۆر جۆری لەیەکترنەکردووی پێخۆشبوون و نارەزایی لە دێرەکانی ڕۆژنامەکەوە هەڵدەبەزینەوە. ڕەنگە یەکەم جار بووبێ لە عومرم نەمزانیبێ هەست بە خۆشی دەکەم یا ناخۆشی. بێگومان لەغوکردنی ئاهەنگ خوێنی چەندین گەنجی کوردی پاراست بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵێکی ساڵانەی یەکجار گەورەی نمایشتی کوردایەتیشی لەکیس داین.. بۆ ماوەی چەند ساڵێک هەر لێم ڕوون نەبۆوە ئایا کورد لە نەهێڵانی بەڕابوونی ئاهەنگەکە سوودمەند بوو یا خەسارەتمەند... وردەوردە لەگەڵ تێپەڕینی کات و پتربوونی تەجرەبە هاتمە سەر ئەم باوەڕە کە مەرج نییە هەموو جاران نرخی بەندی نیشتمانپەروەری خوێن بێ وەیا هەمیشە دەبێ خوێنڕژان مزەی بەرەوپێشچوون بێ.

نەورۆز هەر هات و لەگەڵ گەشەکردنی گیانی کوردایەتیدا بووژایەوە و چەسپا. کەمکەمە جێی خۆی کردەوە لە دڵ و میٚشکی سەرلەبەری گەلی عێراق تاکوو شۆڕشی 14 ی تەموز دەورەکانی لە خۆی بە پێشەوەی پێچایەوە، بە هەموو بیروباوەڕەکان و جۆری لێکدانەوەکانی.. دوای بەینێک لە شەرمکردن و خستنەژێر لێو و لەبیرخۆ بردنەوە لە لایەن چەند دەستەی یەک لە دوای یەکی ڕێژیمی شۆڕشگێڕەوە، نەورۆز بۆ یەکەم جار لە ژێر ناوە لەرزۆکەکەی «جەژنی درەخت»دا کە دەیەویست وەک پەردەی تەنک شێوەی نەورۆز بشارێتەوە، چووە ڕیزی جەژنە ڕەسمییەکانەوە. هەنگاوێکی مەردانەی چەند ساڵ لەمەوبەر پەردەی ناوی «درەخت»ی لە ڕووی ڕاستی هەڵگرت و «نەورۆز» بوو بە جەژنی کورد.

«...»

فۆلکلۆر - بەشی یەکەم

بەیان، ژمارە 31 ,1975

فۆلکلۆر وەهای شۆڕەت بەستوە لە نێوان نووسەر و خوێنەراندا کەوا بەو بەرهەمە ئەدەبییە وەیا هونەرییە دەگوترێ خاوەنی ناسراوی نەبێ و بە مانّی هەموو میللەت لە قەڵەم درابێ.

ئەم ناساندنە و سنوور بە دەورەدا کێشانە گەلێک ڕاستیی گرنگ بە دەوری فۆلکلۆرەوە دەشارێتەوە چ لە لایەن قاڵبەوە بێ و چ لە لایەن ناوەرۆکەوە بێ.

فۆلکلۆر بەر لەوە خاوەنی ناسراوی هەبێ یا نەبێ خۆی لە خۆیدا تایبەتییەکە کە ئەگەر لێی دابڕا لە «فۆلکلۆرایەتی» دەکەوێت و دەبێتە شتێکی تر، فۆلکلۆر خاوەن شێوازێکی سەربەخۆیە وەک شەقڵ «علامة فارقة» پێی دەناسرێتەوە. ئەم شێوازە هەرچەندە بەر تەعریفێکی پتەو و مەحکمەیش نەکەوێ، یاخود با بڵێم نەشتوانین تەعریفێکی ڕێک و پێکی بۆ دانێین کە لە شتی تری هەڵاوێرێ، بە زەوق و سەلیقە و هەستی گشتیی مرۆڤ دەناسرێتەوە و سەهووی تێدا ناکرێت.

فۆلکلۆر چونکە لە دڵ و دەروون و قەناعەت و تەجرەبەی میللەتەوە هەڵدەقوواڵێ شێوازەکەشی «میللی» دەبێت، واتە لەو شتانە و لەو گوتانە دەچێت کە تێکڕای میللەت دەیکات و دەیڵێت. باش هەبوونی ئەم مەرجەی «میلليبوون»ی شێوازی بەرهەمی هونەری وەیا ئەدەبی، ناسران و نەناسرانی خاوەنەکەی دەخلێکی نامێنێ بەسەر «فۆلکلۆربوون»ی بەرهەمەکەوە. ئەو لاوکەی «حەسەن جەزراوی» دەیچڕێ بە فۆلکلۆر حیسابە ئەگەر خۆیشی بەندەکانی هەڵبەستبێ. زۆر جاران شایەری قسەڕەوان لە کاتی هەڵپەڕکێدا بەستەی شایی هەڵدەبەستێ و کۆڕی هەڵپەڕینی پێ گەرم دادێنێ. ئەم بەستانە فۆلکلۆرن هەر چەند بشزانین کابرای شایەر خۆی هەڵی بەستوون. بەستەی شایی هەمووی یەک شێوە و شێوازن خاوەنەکەی هەر کێ دەبێ با ببێ.

هەر لەم لێکدانەوەشەوە دەزانین ئەو بەرهەمە ئەدەبییە وەیا هونەرییەی کە شێوازەکەی «میللی» نەبێ بە فۆلکلۆر دانانرێ با خاوەنەکەشی نەناسرێ. گریمان غەزەلێک خاوەنەکەی نەناسراو مایەوە، هەرگیز غەزەلەکە ناچێتە ڕیزی فۆلکلۆرەوە وە هەروەهاش پارچە مۆسیقاییێکی نوێ نابێتە فۆلکلۆر هەرچەند دانەرەکەشی ناوی خۆی بە دەستەوە نەدات.

ئەگەر ئەمەی لێرەدا دەیڵێم نەسەلمێندرێ بۆ دەرخستنی بابەتی فۆلکلۆری، دەبێ هەموو بەیتەکانی عەلی بەردەشانی لە ڕووپەڕەی فۆلکلۆری کوردی بسرێتەوە، هەموو ئەو غەزەل و قەسیدانە خاوەنەکانیشیان نەناسراون بچنە ڕیزی فۆلکلۆرەوە کە ئەمە کارێکی بریتییە لە مانّ گوێزانەوەی فۆلکلۆر بۆ خانەییێکی تری نائاشنا و تێخزانی بێگانە لە مانّەکەی فۆلکلۆر.

من ئەمە دەڵێم هەرچەند دەشزانم فۆلکلۆر بە زۆری لەو بابەتانە پێک دێت کە خاوەنی نەناسراوە. ئەمە دەڵێم چونکە من بڵێم و نەڵێم «ناسران و نەناسرانی خاوەن» تێکەڵ بە سروشت و ناوەڕۆک و شێوازی فۆلکلۆر نابێت و دەخلێکیشی بە سەریانەوە نییە.

دەزانین بە عادەت پیاوی هەژار بیتاقەی دەرەجە دووی سینەما دەبڕێ و لە ڕیزە ناخۆشەکانی پێشەوە دادەنیشێت، بەڵام هەژار هەر هەژارە ئەگەر لە لۆجیش دانیشێت، دەوڵەمەندیش نابێتە هەژار ئەگەر بە قاچاخیش بچێتە ڕیزەکانی دەرەجە چوار. هەروەک هەژار و دەوڵەمەند بە جێگۆڕکی خۆگۆڕکێ ناکەن، هەروەهاش فۆلکلۆر و بابەتی تر بە ناسران و نەناسرانی خاوەنیان با یەکتر ناگۆڕێتەوە.

لەمەدا چ گرفت نییە، بەڵام دەبێ وەرامی تێبینییێکی تر بدرێتەوە: دەگوترێ لە فۆلکلۆردا کەسایەتی و شەقڵی «دانەر» کە تاکێکی میللەتە دیار ناکەوێ و ئەوەی تێبدا دیارە گیان و هەست و جووڵە و هەناوی میللەتە، وەک ئەوەی کە میللەت خۆی دانەرەکەی بێ.

ئەم تێبینییە زۆر ڕاستە، بەڵام دیسانەوە چ دەخلێکی بەسەر ناسران و نەناسرانی دانەرەوە نییە چونکە بابەتی فۆلکلۆری، بە تایبەتی ئەوەی لە زارەوە دەربێت، دەبێ تاکێک داینابێت، کە گۆڕانیشی بەسەردا هاتبێت هەر تاک گۆڕیوێتی، خۆ میللەت لە سەرەتای دانانی بەندێک وە یا بەستەیێک نەهاتووە خۆی بکات بە «کۆرس» و تێکڕای تاکەکانی بەیەکەوە دەنگ هەڵبڕن و قسەکانی بڵێنەوە تاکو بتوانین خۆ بدزینەوە لە دانهێنان بە دەوری تاک لە بەرهەمهێنانی فۆلکلۆردا.

ئەم ڕاستیانە بەولاوە بنێین کە لە ڕادەی بەڵگەنەویستدان، ئەگەر فۆلکلۆرمان لە «تاک» ستاندەوە و بەڵگەمان بەخشی، کە دەزانین ستاندنەوە بەخشینێکی بێجێ و نارەوایە، چ شەرەفێکی زیاد بە فۆلکلۆر دەگەیەنین کە پێشتر نەیبوو؟ ئەگەر دانیش بە دەوری تاکدا بنێن لە فۆلکلۆردا، کە دەزانین دان پێداهێنانێکی خوێندەوارانەیە، کام پایە و نرخمان لە فۆلکلۆر داشکاند کە پێشتر هەیبوو؟ دەبێ بزانین «گەلدۆستی» هەرگیز «تاکنەویستی» نییە. گەل بریتییە لە کۆمەڵێک «تاک» و چەندین ڕایەڵی کۆمەڵایەتی لە بیروباوەڕ و نەریت و پێوەندی چاکە و خراپە کە نایەنە ئەژمارەوە. لە نێوان ئەم کۆمەڵایەتییەدا خۆشی و ناخۆشی تاکەکان ڕادەگەیەنێ ئایا کۆمەڵ بەختیارە یاخۆ چارەڕەش! کۆمەڵ بۆ خۆی لەش و هەستی تایبەتی نییە تاکوو لە خۆشی و هەبوویی تاکەکان کەم کەینەوە و بەوی ببەخشین و بڵێین گەلمان شاد کرد. کە تاکەکانی ناشاد بوون شادی لە نێوان گەلدا پایدۆست دەکات. خۆماندووکردن بە ڕەشکردنەوەی دەوری تاک لە فۆلکلۆردا ڕاستەوخۆ دەمانکات بە ناحەزی گەل چونکە بەمەدا ستەممان لە تاکێکی هۆشیار (ڕەنگە دڵسۆزیش ڕاست بێ بگوترێ) و هونەرمەندی گەل کردووە و بایی پوولێکیش سوودمان بە هیچ یەکێک لە تاکەکانی تری گەل نەگەیاندووە.

سڕانەوەی کەسایەتی و شەقڵی تایبەتی دانەر لە بەرهەمی فۆلکلۆریدا، وەک پێشتر گوتم، مەرجێکی گرنگە لەو مەرجانەی بەرهەم دەباتە ڕیزی فۆلکلۆرەوە، بەڵام ئەم مەرجە لەلاوە خۆی بە مل فۆلکلۆر و دانەری فۆلکلۆردا نەبڕیوە بەڵکوو لە سروشتی بابەتی فۆلکلۆرییەوە زەنەی کردووە وەک کە ئاو لە کانی زەنە دەکات و لە لاوە بۆی ناخوازرێتەوە.

ئێمە کە سەلماندمان بابەتی فۆلکلۆری لە دڵ و دەروون و قەناعەت و تەجرەبەی میللەتەوە هەڵدەقوڵێ «وەک لە سەرەتاکانی ئەم گوتارەدا گوتم» بەوەدا شێواز و ڕێباز و دەم و ڕاوێژ و بەشی هەرە گرنگی ناوەڕۆکیشمان لە بابەتی فۆلکلۆریدا دەستنیشان کردووە چونکە ئەوەی لە میللەت نەوەشایەوە و لەوانە نەبوو لەو هەڵستێ چ لەلایەن ناوەڕۆکەوە بێ چ لەلایەن شێوەوە، لە خۆوە بێ تێکەڵبوونی من و تۆ لە دەفتەری فۆلکلۆردا ڕەش دەبێتەوە یاخود با بڵێم ناچێتە دەفتەری فۆلکلۆرەوە چونکە بەخۆیەوە ناگرێ وەک کە مریشک جوچکەی لەکلەک بەخۆوە ناگرێ.

خوالێخۆشبووی مەلا عەبدوڕەحمانی ڕاجی بە لاسایکردنەوەی عەلی بەردەشانی گەلێک بەیتی خۆشکۆلە و ئێسکی سوکی دانابون. ئەم بەیتانە لە لایەن شێوازەوە کتومت وەک هی بەردەشانی بوون، بەڵام ناتوانم بڵێم ناوەڕۆکەکەشی بە هی ئەو دەگیران، ئێستا هێندەم بە بیر نەماوە بزانم ئایا چ بابەت و ماددەی مەلایانە و خوێندەوارانەیان تێ کەوتبوو کە بیانکا بە مااڵی مەلا و خوێندەوار یاخود لەویشدا سادەمااڵی میللەت و عەوامی لە کارهێنابوو، لە فەرزی ناوەڕۆکی ئەو بەیتانە سەر بە بابەتی فۆلکلۆری بن چ دەمەتەقە هەڵناستێ لەوەدا کە پێیان بگوترێ فۆلکلۆر هەرچەند دەشزانین مەلاییێکی شاعیر دایناون چونکە ئەوەی فۆلکلۆر بە مەرجی بنجی بگیرێ تێیان دا پەیدا دەبێ هەر هێندە دەمێنیتەوە کە بەیتەکانم بۆ خوێندیتەوە پێت نەڵێم هی مەلا ڕاجین، کە حاڵیش وابوو دیارە چ بایەخێک بەوە نادرێ ئایا پێم گوتووی یا پێم نەگوتووی بەیتەکانم خاوەنیان هەیە یا نییە! ئەوەی بایەخدارە لێرەدا ڕادەی نزیکبوونەوەی بەیتەکانە لەو شێوە و ناوەڕۆکەی کە ئەگەر میللەت بەیتان دابنێ، بەو شێوەیە و لە ناوەڕۆکەیان دادەنێ ئەوپەڕی داشکانی بەیتەکانیش لە لایەن فۆلکلۆربوونیانەوە ئەوەیە کە بگوترێ ئەو بەیتانە بابەتی فۆلکلۆرین فلانە کەس دایناون کە ئەمە چ فەرقێکی نییە لەگەڵ ئەوەدا بڵێین بەیتەکان فۆلکلۆرین و خاوەنیان نەناسراوە.

ئەم دەمەتەقەیەی کەمبایەخی وەیا بێبایەخیی ناسران و نەناسرانی خاوەنی فۆلکلۆر سەرەتایێکە لەبارەی لایەنێکی تا بڵێی بێگانەی دوورەپارێز کە بگیرێ بەو تایبەت و سروشت و خاسیەتەی کە لە ناوەڕۆک و شێوازی فۆلکلۆردا دەبن بە ماک و پێکهێنەر.

ڕەنگە خوێنەر هەبێ بڵێ چۆن دەشێ «ناوەڕۆک» دابلەنگێ و بخرێتە تای تەرازووی شێوازەوە هەر وەک لەم ڕستەیەی مندا کە تازە بەکارم هێنا هەردووکیانم لە یەک ڕێکار (مستوی) داناوە! بێگومان ئەگەر ناوەڕۆک مەبەس بوو لە بەرهەمدا، شێواز ئەو نرخەی نابێ بیگەیەنێتە ڕیزی ئەوەوە، وەک کە دەیبینین مەعادەلیێکی حیساب وەیا زانیاریێکی جوغرافی وەیا پرسیاریێکی فەلەکی لەهەر قاڵبێکدا بێت نرخی کەم و زیاد ناکات، بەڵام هەموو ئەر بەرهەمانەی کە بریتیین لە «ناوەڕۆک و شێواز» نرخی شێواز تێیاندا شانبەشانی نرخی ناوەڕۆکەوە دێت، تەنانەت لە زۆر بابەتی هونەریدا نرخی شێواز پێش نرخی ناوەڕۆک دێت، چونکە مەبەستی یەکەم لەوێدا «جوانی، ڕێکی، جۆری تەعبیر، هارمۆنی و گونجان...» مەبەس دەبێ نەک مادەی بابەتەکە وەک کە یەکێک بە دوا خەتی خۆشدا بگەڕێ یەکەم شتی مەبەسی دەبێ خەتەکە و شکڵەکەی دەبێ نەک واتاکەی، تا ئەگەر دیندارێکیش بێ ڕازی نابێ پارە بە «بسم الله الرحمن الرحیم»ی ناخۆش نووسراو بدا بەڵام ڕەنگە ڕوباعییێکی پشت لە دینی خەیام بە پارەییێکی زۆر بکڕێ بە مەرجیک خەتەکەی خۆش بێت. خولاسە لە گەلێک حاڵدا لایەنی «چۆن» بەسەر لایەنی «چی»دا زاڵ دەبێ، واتە شێواز لە پێش ناوەڕۆکەوە دێت.

بەداخەوە من لێرەدا دەرفەتی دریژەپێدان و شیکردنەوەی ئەم گوتانەم نییە کەوا بەڕاستی سەرلەبەری بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و هونەری دەگرنەوە، بە ناچاری ڕووی خامەم وەردەگێڕمە سەر تاکە باسی فۆلکلۆر بۆ ئەوە بزانرێ چۆن شێواز لە فۆلکلۆردا تای ناوەڕۆک دەکاتەوە و لێی ناپچڕێتەوە. مەودای گوتار یەکجار بەرفرەوانە، من هەوڵ دەدەم بە چەند ڕستە و نموونە کورتە تۆێژینەوەییێکی تێدا بکەم و لێی ببمەوە بەڵکوو نووسینەکەم بە بەر لایەنی تری فۆلکلۆر ڕابگات کە ئەگەر لێی نەدوێم وەک ئەوە دەبم کە هەر لە هیچی نەدوابم.

لە بەرەودوای بەشی دووهەمی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» چەند بەیتێکی عەلی بەردەشانیم لە کتێبی «ئۆسکارمان»ـەوە ڕاگوێستەوە وا لێرەدا بێ دەسکاری دەیاننووسمەوە تاکوو بەراوردیان بکەین لەلایەن شێوازەوە لەگەڵ هەڵبەستێکی نوێی حەماسی بۆ دیارخستنی دەوری شێواز لەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەدا. عەلی بەردەشانی لە سەرەتاکانی بەیتەکەی کە بۆ عەبدورەحمان پاشای بابانی هەڵبەستووە ئەمانە دەڵێ:

ناکەم خزمەتی وەزیری
نانێ دەستێنم بە شیری

بە شیری نەبێ قەت پێک نایە
دەوڵەت نایەتە ڕەدایە

ناچمە سەفەری لە حسایە
یاغی دەبم لە بەغدایە

یاغی دەبم ئینشائەڵا
خزمەتی ناکەم وەڵا

ئافەرین بارەکەڵا
تەوەککول تەعالەڵا

هەی کورە بەبەینە هەڵا

سرنج لە دەمودووی پیتەکان بگرە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئەم تاکە فەردەی سەرەتای نەشیدێکی نوێدا:

دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین
هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین

سەیرێکی وردی هەردوو بابەت بکە: بەردەشانی کە دەڵێ «هەی کوڕە بەبەینە هەڵا» لە شێوازیکی میللی یەکجار ئاشنا و پەرەسەندوودا هانی نەوجەوانەکانی بابان دەدات بۆ هەڵمەتبردن وەک کە شاعیری سەردەمی نوێمان بە شێوازی ئەدەبی هانی کورد دەدات و بە دارشتنێکی خوێندەوارانە دەڵێ:

دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین

شێوازی بەردەشانی هێندە میللی و بەربیست و زارئاشنا و کوردانەیە لەبیرت دەباتەوە کەوا بەیتەکان لە پێشەوە وەک مامۆستای شارەزا مەشقی ئازایی بە گوێگر دەکەن و لەگەڵ مەشق پێکردندا ڕێگەی ئیقناعکردنیشیان بۆ هەموار دەکات. لایەنی ئوستادی و پسپۆڕی و زیرەکی و «فەلسەفە» کە پڕاوپڕی بەیتەکانن بە تەواوی و بە جۆرێکی جادووگەرانە لە ناو تەلیسمی شێوازدا سڕاونەوە. تۆ سەیری چۆن لە وەزیری پشترێ دەبێت و دەست بۆ شیر دەبات و دەیکاتە هۆی هێنانە ڕەدایەی دەوڵەت، ئەوجار وەک جەزبەی دەروێش و سۆفیایان دەکەوێتە نێوان ئەو چەند میسرەعە حاڵگرتووەی کۆتایی قسەکان: یاغی دەبم ئینشائەڵا خزمەتی ناکەم وەڵا... ئافەریم بارەکەڵا... تەوەکول تەعالەڵا - لێرەدا کەفوکوڵێ مەنجەڵی دڵە جۆشخواردووەکەی سەر دەکا و دەنەڕێنێ: هەی کوڕە بەبەینە هەڵا! لەم بەیتانەدا شێواز کۆڵەگە و نێرگەی ناوەڕۆکە کە ئەگەر ئەو نەبێ ئەم نابێ، بەڕاستی بەسە بۆ شێواز کە ناوەڕۆکت لە بیر بباتەوە.

ئەم شێوازە میللییە ڕەوان و بێ قۆرت و گرفتەی بەیتی بەردەشانی کە لایەنی مامۆستایی و پیتۆڵی و «فەلسەفە»ی ناوەڕۆکی گوتەکانی لە هەناوی خۆیدا شاردۆتەوە، لە حاڵێکدا دەزانین گوتەکان و ڕچە بەستنەکەیان پڕە لە زیرەکی و پیتۆڵی و «فەلسەفە»، لە نەشیدەکەدا چ جێگری نییە هەرچەند هەڵپە و کڵپەی هەردووکیان لە یەک سەرچاوەی سۆز و پەرۆشەوە هەڵدایسێن.

نەشیدەکە لە ڕێبازێکی یەکسەرەوە «مباشر» بەرەو ئامانجی هەڵبەست ڕۆییوە، هاندەرێکی «عقلی تێکەڵ بە عاطفی»شی کە لە میسرەعی دووهەمدا بێ پەردە و سەرپۆشی ئارایش خستۆتە بەرچاو و دەستی خوێنەر و گوێگرەوە معادەلەی «وروژاندن و ئیقناعکردن»ی پێ تەواو کردووە کەوا زۆر بە ئاشکرایی «هۆش» بەشداڕە لە شیکردنەوەیدا نەک تەنها «سۆز و عاطفە». ئەوەی ڕاستی بێ سۆز و عاتیفە لە بنەڕەتدا لەگەڵ «معادلە» و پێکگرتن و بەراوردکردن و پێ سەلماندن بێگانە و نەناسە، منیش کە لێرەدا بەیەکەوەیان باس دەکەم لەبەر تیشکی بەیتەکانی بەردەشانیدا پێویستیی «مقارنە» تێکیان دەبەستێ نەک خزمایەتی و بەیەکەوە گونجان. لەم مقارەنەیەشدا چ مەبەستم نییە عەیب لە نەشیدەکە بگرم کە دیارە نەشیدێکی ڕێکوپێک و خاوەن زرینگە و زیلێکی دەوڵەمەندە، گەلێک هەڵبەستی تری زۆر ناوداریش وەک ئەم، بگرە لەویش زیاتر، تاو و تەئسیری خۆی لە لێکدانەوە و ئیقناعکردن هەڵێنجاوە وەک لەو دوو میسرەعەدا دەردەکەوێت:

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانجی دەکەی تا نەکەی زیان

وەیا لەم چەند بەیتە عەرەبییەدا بەدی دەکرێت کە زووتر خاوەنەکەی هانی خەڵق دەدات بۆ شۆڕش، لێرەشدا «منطق» بەکار دێنێت بۆ ئیقناعکردن:

فإمّا إلى حيثُ تبدو الحياة
لعينيكَ مكرمة تُغنمُ
وإمّا إلى جدث لم يكنْ
ليفضله بيتكَ المظلمُ

ئەم هەڵبەستە پێشکەوتووانە چییان لێ کەم نابێتەوە بەوەدا کە بکرێن بە بەڵگە بۆ زێدە بلیمەتی و هونەرکاریی بەردەشانی هەروەک بەیتەکانی بەردەشانیش چ دانالەنگێن بەوەدا کە بزانین شێوازیان لە تەرازووی نرخی هونەریدا بەسەنگترە لە هەموو لایەنێکی تریان، من و تۆ و تێکڕای میللەتیش چ زەرەر ناکەین لەوەدا بۆمان ڕوون بێتەوە شێواز لە کاری ئەدەبی و هونەریدا بەشێکی هێندە بنجییە کە ئەگەر کەمبایەخ بوو سەرلەبەری کارەکە کەمبایەخ دەبێ وەیا هەر بەجارێ کەڵکی پێوە نامێنێ، تەنانەت وا دەبێ دەگاتە پلەییێک لە هونەر و جوانکاریدا کە، وەک جادوو، جوانیی ناوەڕۆکیش بۆ خۆی دەدزێتەوە هەر دەڵێی شووشەی بەلوورە شەراب و ڕەنگە ئاڵ و بڵەخشییەکەی دەکا بە خەرمانەی ئاورینگ و بریقوباق بە دەوری خۆیەوە.

ڕوونکردنەوە

ئەم بەیتانە لە کتێبەکەی «ئۆسکارمان»دا بەم جۆرە نووسراوە کە من لێرەدا خستمنە بەرچاو. بێگومان «ئۆسکارمان» چی بیستووە ئەوەی نووسیوە بەڵام دیسانەوە بێگومان، لە چەند جێگەیەکدا لەنگیی بەیتەکان خەتای ئەو کەسانەیە کە دەماودەم بە یەکتری ڕادەگەیەنن و لێی زیاد و کەم دەکەن دەنا وا دەزانم سەلیقەی بەردەشانی توانیویەتی لەنگ نەبێ.

«...»

فۆلکلۆر - بەشی دووم...

گۆڤاری بەیان ژمارە 35 نیسانی 1976

لە سروشتی فۆلکلۆردا چەند تایبەتییێک و پێکهێنەرێکی بنجی هەیە کە لە (ئەدەب و هونەرە جوانەکان) ی هەڵداوێرێت. هەمووشی لەو ڕاستییە سەر هەڵدەدات کە فۆلکلۆر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی زادەی بیر و چەژ و قەناعەتی تێکڕای میللەتە نەک هی بەرەییێکی بەرتەسکی میللەت، کە ئەدیب و هونەرکار و زانایە.

ئەم ڕاستییە کە لە ڕادەی بەدیهیەدایە ڕاستەوخۆ و پاتەوپات پێمان دەڵێ فۆلکلۆر خەریکی ڕووداو دەبێ نەک (تجرید). بەوڵای ئەم ڕاستییەوە، وەک لە پێشەوە گوتم، گەلێک تایبەتی تری فۆلکلۆر هەیە لێی دەبن بە شەقڵی پێناسینەوە کە ئەوانیش پێویستە نرخی خۆیان پێ بدرێت و پێ بە پێ و جێ بە جێ لێیان بکۆڵرێتەوە، بەڵام جارێ لایەنی (ڕووداو و تجرید – مادە و واتا) باس دەکەین بە دوا ئەودا، کە دەرفەت هەبێ، جڵەوی خامە با دەدەینەوە بۆ سەر چەند و چۆنی تایبەتەکانی تر.

سەرهەڵدانی فۆلکلۆر لە «ڕووداو» کە بریتییە لە شتی بەرهەست و بەرچاو و مادی، کاری ناچارییە بە دەست من و تۆ و بە دەست دانەری فۆلکلۆریش نیە، میللەت کە زوربەی زۆرینەی تاکەکانی نەخوێندەوار بووە و لە ئاست فەلسەفە و فکر و وێنەی خەیاڵی و تێکبەستنی واتا بە واتاوە داماو و بێدەسەڵات بووە، هەر ڕووداو و شتی بەرهەست و زەق دەمێنێتەوە زیهنکاری و هونەر ئارایی تێدا بکات و بڕی خۆی پێ بشکێنێت. لێرەدا زنجیرەی قسەکانم دەبڕمەوە بۆ ئەوە نموونەیێکی وەها بێنمەوە کە ئەم لایەنەی (بەسترانەوە بە وێنەی مادی و وینەی خەیاڵی) لە فۆلکلۆر و ئەدەبدا خێرا بە خێرا ڕوون کاتەوە بەر لەوە لێی دوور بکەومەوە:

گوێم لێ بووە کچە بڵباس لە شەڕە دندووکێی «بالۆرە»دا ئەمەی بە کچەکەی تر گوتوە:

ماینێ سەر بێ ڕێشم
لە برای خۆمت کێشم

لەمەدا کچە بڵباس وێنەیێکی بەرهەست و بەرچاوی ڕۆژانەی ناو ڕەوە ولاغی هۆز و هۆبەکەی خۆی کردوە بە نموونە و مەشقی لەبەردا کردووە، وێنەیێکی خۆشکەڵانەی خەیاڵی تێدا هەبێ، کە ڕەنگە نەختێکی لە ڕێکەوتەوە هاتبێ، ئەو واتا و وێنەیەیە کە لە وەسفی «سەر بێ ڕێشم»ـدا بەدی دەکرێت چونکە ماینی بەحورمەت هەمیشە ڕێشمەی بەسەرەوەیە و لەسەر سنگی پاڵ ئاخورِدا بەستراوەتەوە، کاتێک کە لەگەڵ ئەسپیش جووت دەبێ، نەک وەک ماینی ناو ڕەوە، بێ ڕێشم و بێ جڵەوگرتن و بێ حورمەت لەگەڵ ئەسپ جووت دێت...

کە بێین ئەم وێنە فۆلکلۆرییە بگرین بە وێنەیێکی ئەدەبی وەکو خۆی دەزانین خەیاڵی شاعیر چەند خەریک دەبێ وێنەی ناو هەڵبەست لە سادە وێنەی واقیعی ڕووت دوور بخاتەوە و بەرگی تەجریدی تێ بئاڵێنێ. لێرە بۆ مەبەستی بەراوردکردن نموونەیێکی یەکجار عادەتی دێنمەوە کەوا ڕەنگە نزیکترین نموونەی ئەدەبی بێت لە شێواز و وێنەی ناو بالۆرەکە. سالم لە نیوە دێڕی یەکەمی بەیتێکیدا ئەمەی گوتوە:

ڕەشە تیغی شکەمی کەر بە ڕەشت

دەبینیت چۆن خۆی ماندوو کردوە بە هۆندنەوەی وێنەیێکی هونەراوی تێک هەڵکێش و سەرپۆش کراو لەجیاتی ناوبردنی شتی پاتەوپاتی مادی بەرهەست، بە تایبەتی کە هاتووە وشەی «شکم – شکەم» ـی فارسیشی هێناوە لە جێی «سک، زگ» ـی کوردی داناوە بۆ پتر بەرەو «تەماوییەتی» بردنەوە تاکو تێکڕای واتای مصرەعەکە بەر ئەو دەستوورە گشتییەی عەوامی کوردەواری بخا کە زمان دەگرێ لە گوتنەوەی وشەی ئەوتۆ کە بەلای خۆیەوە دەبێ پەردەی بۆ بگیرێتەوە وەک کە بە ژن دەڵێن «خێزان، منداڵەکان» وەیا خوشک دەکەن بە «هەمشیرە». سالم لەوەش پتر هونەری وشەکاری

بەکارهێناوە کە لە دوو سەری مەصرەعەکەوە وشەی «ڕەش» ی داناوە بۆ پارسەنگکردنی مۆسیقای شیعر سەرەڕای خۆلادان لە گفتوگۆی عادەتی بە نیسبەت وشەی «ڕەش» ی کۆتایی مصرەعەکەوە. ئەم وێنە کێشانەی پڕ تەشبیە و تێکهەڵکێشان و سەرپۆشکردنە، بە عادەت، لە جغزی دەسەڵاتی فۆلکلۆر بەدەرە و دەشێ بەدەربێ چونکە خاوەنی فۆلکلۆرەکە کە تاکێکی نەخوێندووی میللەتە ناتوانێ و نازانێ نەخشی وشە و واتا بهۆنێتەوە، گریمان توانیشی ئەم هۆنینەوەیە بەکار بێنێت هەر بە کاری نایەنێت چونکە دەزانێ زۆربەی میللەت تێی ناگا لە حاڵێکدا ئەو مامڵەتی هونەرەکەی لەگەڵ زوربەی میللەتە نەک لەگەڵ تاکە بەرەی خوێندەوارەکانی میللەت، جگە لەوە کە ئەو بە بابەتێکەوە خەریکە سادە و نزیکە دەست و لە ڕێگەیێکیشەوە بۆی دەڕوات کە ئەویش سادە و هەمواڕە و چ ڕێگەیێکی تریش شک نابات بۆ تێدا ڕۆیشتن.

لەم دوو میسالەدا بە ئانقەست نموونەیێکی فۆلکلۆری بەرز و یەکێکی ئەدەبی عادەتیم هەڵبژارد بۆ ئەوە لە حاڵی پێویستدا بتوانری نموونەی ئەوتۆ بخرێتە بەر چاو کە هەموو نەسەلماندن و بەرهەڵستیێک پێ شیل بکات و نوختەی مەبەست باوێژێتە بەر قەناعەتی سەلیقە و چەژی مرۆڤی نیوە خوێندووشەوە: نموونەی فۆلکلۆری بەرەژێرتر و هی ئەدەبی بەرەژوورتر بەسەر زاری هەموو خوێندەوارانەوەن، چ پێی ناوێ من لێرەدا جێگایان پێ پڕ بکەمەوە هەر هێندە دەڵێم لە بابەتی «ئەدەبی بێپەردە»ی وەک ئەم بالۆرەیە و کەرتە بەیتەکەی سالم سەیرێکی «مەستورە»ی نالی و شەوە مەشوورەکەی «مصباح الدیوان» بکە و سەرنجیان لێ بگرە چۆن واقیعی بەرهەست و وێنەی خوێن و گۆشت لە ئەدەبدا بەرەو «تجرید» دەچێ و لەناو تەمومژی فەندە پەرداویەکانی مەجاز و کینایە و تەوریەی تەشبیهدا دەبنە تارمایی، کە ئەمانە تێکڕایان بێگانە و نا ئاشنان لە جیهانە سادە و سافیلکە و بێ گەوە و پێچوپەناکەی فۆلکلۆردا.

لەم زەمینەیەی «سادەیی و بێپێچوپەنایی» فۆلکلۆر دوو تێبینی گرنگ هەن یەکێکیان سەر دەکێشێتەوە بۆ سەر زاتی هونەرمەندەکە، ئەوی تریان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە، دوو تێبینیەکەش لەوانەن کە وردە ئیعترازێک دێننە بەر ئەو ڕایەی سادە و بێ پێچوپەنابوونی فۆلکلۆرەوە. تێبینی لەبارەی زاتی بەرهەمهێنی فۆلکلۆر ئەوەیە کەوا هەروەک لە نێوان ئەدیب و هونەرکاردا خوار و ژوور و بەهێز و بێهێز هەیە، ئەوانەی بە فۆلکلۆریشەوە خەریکن یەک چوون و هاوتا نین دیارە بەرهەمەکانیشیان هاوتا نابن، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە لە سادەیی و سەرەتاییدا گەیشتبێتە ئەوپەڕیش شوێن پەنجەی داهێنەرەکەی تایبەتیێکی وای پێ دەدا کە لە هی یەکێکی تری لە خۆی بەرەژوورتر وەیا بەرەژێرتری هەڵاوێرێت و جودای کاتەوە. ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوان کراوە لە هەموو مەیدانێکی بەرهەمی مرۆڤدا بگرە لە دروستکردنی کۆڵیتی مریشک و پینە لێدانی قۆندەرەش.

تێبینیەکەی تر کە دەربارەی بابەتی فۆلکلۆرە ئەوەیە بابەتی وا هەیە خۆی لە خۆیدا زەحمەتە بێ ئەوەی بەرهەمهێنەکەی لە ڕێی ئارایشت دان وەیا سەرپۆشکردنەوە زەحمەتی کردبێ وەک ئەوەی کە لە «مەتەڵ» دێتە بەرچاوەوە. مەتەڵ لە مەیدانی ئەدەبدا دەوەستێتەوە بەرانبەر «لغز و معمی» کە ئەوانیش لە بابەتەکانی تری ئەدەب زەحمەتتر و سەختترن.

ئەوەی ڕاستی بێ «مەتەڵ» ی کوردی گەلێکی وەهای تێدایە زۆر تێهەڵکشیوە بەرەو فەندی واتایی و وشەییەوە، هەر دەڵێی ویستوویەتی خۆی لەگەڵ فەندەکانی ئەدەبدا تاقی بکاتەوە، یەکێکیان ئەمەیە، داری شەکراوێ، چوارلکان ڕاداوێ، سێی لەبەر سێبەرێ، دووی لەبەر هەتاوێ (نوێژ مەبەستە) کەوا گوتەیێکی زۆر ورد و مەشووری «تصوف»ت بەبیردا دێنێتەوە.

چوومە سەر کانی ئاو نا
ڕۆژ هەڵات هەتاو نا
دەستم شوشت و چاو نا

واتاکەشی ئەمەیە «چوومە سەر کانی حەقیقەت واتە ئەو کانیە نا کە ئاوی تێدایە. دەستم لە دونیا شوشت نەک دەست و چاو شوشتنی عادەتی. ڕۆژی یەقین هەڵات، کە ئەویش ڕۆژی هەتاو نیە».

من لێرەدا کە ڕا دەنوێنم بابەتە فۆلکلۆریەکە لاسایی ئەدەبی کردبێتەوە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم سەرلەبەری مەتەڵ پێڕەوی لوغز و موعەممای کردوە چونکە پتر بە دڵەوە دەنووسێ، بە پێچەوانە، ئەدەب بە هەموو کەرتەکانیەوە بەرەژوور چوون و پێشکەوتنی فۆلکلۆر بێت هەروەک گۆرانی ئۆپەرا وەیا سەمای بالێ زادەی گۆرانی سەرەتایی و هەڵپەڕکێی کاڵوکرچن، کاخی ئاوێنەبەندیش نەوەی شرە زنجی بابەلباپیری مرۆڤە... بەڵام پاش ئەوی بەرهەمی ئەدەب وەیا هونەری پێشکەوتوو پەیدا دەبێت و جێی باوەڕکردنە فۆلکلۆریش پەندی لێ وەرگرێ و لاسایی بکاتەوە لە پەراوێزی ئەو دەسەڵاتە کەمەی کە بەرهەمهێنی فۆلکلۆر تێیدا دەجمێ. کەواتە دەبێ لە بنەڕەتدا لوغز و موعەممای زادەی مەتەڵ بن. بەهەمە حاڵ ئێرە جێگەی دەرهێنانی «قسام شرعی وەیا نظامی» ی فۆلکلۆر و ئەدەب و هونەرەجوانەکان نیە تا بزانین کامیان وەچەی کامیانن هەرچەند بە شێوەیێکی ڕووکەشیش زرە ناوێکی باوک و ئەولادەتیمان لێ نان.

بگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆر و ڕووداو. ئەم دیاردەیەی پەیوەستبوونی بابەتی فۆلکلۆری بە ڕووداو و شتی مادییەوە کە ڕاستەوخۆ لە پێ نەوێرانی میللەت بە (تجرید و واتا و ئارایشت) ەوە سەر هەڵدەدات لە گوتەی پیاوانی فکر و فەلسەفەی لێرە بە پێشەوەشدا تێخوێندراوەتەوە. یەکێکی هەرە دەست ڕۆیشتوو لە مەیدانی بیری کۆمەڵایەتیدا کە لە ڕێبازی تەحلیلی مادییەوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و میژوویی ڕۆیشتووە، مارکسیستە گەورە مەشوورەکەی ڕووس «پلێخانۆف»ـە. نووسینێکیم دیتووە دەڵێ سەرچاوەی ئیلهامی میللەتە سەرەتایی و دواکەوتووەکان بۆ بابەتی هونەری، هۆی ژیان و بەرهەمهێنانیانە واتە ئەو کارەی پێی دەژین وەیا ئەو هۆیەی شتی پێ بەرهەم دێنن دەبێتەوە بنگەی هونەریان، لێرەشدا چەند میسالان دێنێتەوە یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێ ئافرەتی هۆزە دواکەوتوەکانی کۆنە دانیشتوەکانی ئوسترالیا Aboridyeons لە شایی و هەڵپەڕکێدا ئەو جوواڵانەوە و هەڵسووڕ و داسووڕانە دەکەن کە ڕاستەوخۆ لە کەسابەتی ڕۆژانەیانەوە وەرگیراوە کە ئەویش هەڵکەندنی ڕەگی گیایە، واتە ئافرەتەکان لە شاییدا وەها دەبزوون هەر دەڵێی ڕەگی گیا هەڵدەکەنن... من کە ئەمەم خوێندەوە (بەر لە سی ساڵ) قسەیێکی باوکمم بیر کەوتەوە کە دەیگوت شایی (سێ پێیی) کوردی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە هەمان جووڵە و قاچ پێش و پاشخستن و هەنگاو بەرەوپێش و بەرەودوا بردنی پێمەڕەکردن بۆتەوە بە هەنگاوە ڕێکخراوەکانی شایی سێ پێی. هەر کە ئەمەشم بیر هاتەوە، دوای چەندین ساڵ، لە لای خۆمەوە زەینم بۆ ئەوە ڕۆیشت کە شایی «سێ پێیی» نەک تەنها خۆی بەڵکو ناوەکەشی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە لە کاتی پێمەڕەکردندا سێ پێ بەیەکەوە کۆدەبنەوە دوویان هی کابرای پێمەڕەدار یەکێکیشیان پێمەڕەکە خۆی. دیارە میللەت کە هاتووە جموجووڵی پێمەڕەکاریەکەی خستۆتە قاڵبێکی ڕێکوپێکی هونەرەوە ناوەکەیشی ئارایشت داوە بەوەدا کە لە «پێمەرەیی» یەوە گۆڕیویەتی بە «سێ پێیی» کە ئەمیشیان گۆڕینێکی ئێسک سووکە.

پلیخانۆف لێرەدا، پتر لەوەی من بۆی دەچم، بەشێکی زۆری فۆلکلۆر دەکاتەوە بە وەرگێڕانێکی ئالی «هۆی ژیان» بۆ هونەر. من وا دەزانم هەموو واقیع و ڕووداو و شتی بەرهەست و بەرچاو، نەک تەنها لایەنی ئابووری، دەبن بە سەرچاوەی فۆلکلۆر بەتایبەتی ئەو بابەتە فۆلکلۆرەی کە لە دەمەوە دەردێت وەک پەند و گۆرانی و سەرگوزەشت و بەند و بالۆرە و هەڵبەست و بەستە و لاوک و ... هتاد، کە ئەمە ڕاستییێکە بۆ یەکەم سرنجی لەسەرەخۆ دەردەکەوێت. بە نموونە لە شایی سێ پێییدا کە خۆی لە هۆیێکی گوزەرانەوە وەرگەڕاوەتە سەر هونەر، هەرچی بەستە و گۆرانی و دەهۆڵ و زورنا و هەموو سەروبەرێکی شاییەکە هەیە لە سەرچاوەی نائابووریییەوە هەڵدەدەن کە «دڵداری» لە پێش هەمووپانەوە دێت... تەنانەت چاوەشی زورنا ئەنگێو وەیا دەهۆڵ لێدەر وەیا شاباشکەر کە لە نووقتەی ئابووریییەوە دەجمێن و دەجووڵێن، دەورە دروان بە ئاڵقەیێکی فرەوانی صەدان کەس کە هەموویان لە شاباشکردندا دژی بەرژەوەندی ئابووری خۆیانەوە ڕەفتار دەکەن بۆ مەبەستی خۆ هەڵدانەوە وەیا ڕاکێشانی نیگای کچێکی جوان وەیا موجامەلەی خاوەن شایی وەیا شکاندنەوەی ناحەزێک کە نەتوانێ بەربەرەکانیی پارە بەخشین بکات بە پارە. لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی کە بە شایشەوە خەریکن ئەو سێ کەسەی کە پارەی شاباش وەردەگرن (زورنائەنگێو، دەهۆڵلێدەر، شاباشوەرگر) تەنها سێ کەس ڕێز لێنەگیراون، واتە لایەنی ڕەچاوکردنی ئابووری لە کەسبەکەیان نەبۆتە هۆی بەرەوپێش چوون و حورمەت، بە پێچەوانە هەرچی پایەیە نەیهێشتووە. وەک شایی و هەڵپەڕکێ کە دیتمان بنیچەیێکی مادی هەبوو هەرچی فەندی سوارچاکیش هەیە لە بنەڕەتدا هەمووی فەندی جەنگ و موبارەزەیە کە لێی سواوە و مشتومااڵ دراوە بۆ ئەوە بشێ ببێتە هۆی خۆش گوزەری و کەیف و گەپ، دیارە جەنگیش ڕووداوێکی مادی بەرهەستە، چ خەیاڵبازی و وشەسازیی تێدا نیە. بەشێکی زۆر لە سەمای پەرستگەکان

ئەویش لە فکرەی پەرستنی غەیبەوە هاتووە، ئەو غەیبەی کە شیرازە هۆنی ڕشتە و ڕایەڵی کۆمەڵایەتی و دەستوورات و نەریتی مرۆڤە، بە تایبەتی مرۆڤی کۆمەڵگەی سەرەتایی و نەخوێندەوار کە بەجۆرێکی عەفوی هەموو ئەو شتانەی تێیان ناگات (بە ڕاستی لە هەزاری دەی شتانیش ناگات) دەیانگێڕێتەوە بۆ غەیب، هەر بۆیەیشە دەبینین ئەم تەرزە مرۆڤە ئەوەندەی ئامادەیە خۆی بە قوربانی دار و بەردی مەرقەدی چاک و پیران وەیا کۆڵەگەی ماڵی شێخ وەیا خانەی پەرستن وەیا یەکێک لە باوەڕەکانی ئایین بکات ئامادە نیە بۆ بەرژەوەندی مادی ئەم فیداکارییە بکات، هەر وەک گوێشی دەکاتەوە بۆ ئەفسانە و وڕێنەکانی دێو و پەری و جندۆکە وەیا پێڕەوی فێڵبازێک دەکات و زەرگ لە سینگ و لاگوێی خۆی دەدات، بە دەیان فەیلەسووف و پیاوی ژیر و ڕابەری شۆڕش ناتوانن دوو بیری مەعقوول بخەنە مێشکیەوە وەیا دوو درۆی ئەفسانە لە دڵی بسڕنەوە وەیا ئیقناعی کەن بە ڕاستی و پیرۆزی ڕێی خەبات. تا ئەم گوتە ڕاست و دروستانە دەچنە مێشکیەوە صەدان ساڵ تێدەپەڕێت و هەزاران دێو و درنج لە نەفسیدا زاوزێ دەکەن.

پلیخانۆف بۆ پتەوکردنی باوەڕەکەی خۆی کە هونەری میللەتی سەرەتایی بۆ بنچەینێکی ئابووری دەباتەوە، دێت و دەڵێت چونکی بۆرجوازیەکان چینی بەرهەمهێن و پەیداکەر نین سەماکانیان لایەنی «دڵداری» تێدا ڕەچاو دەکرێت. ئەم ڕایەی کە پەرۆشێکی خۆبەخت کردوانە بۆ لایەنگیری چینی هەژار پێکی دێنێت پتر لە ڕایەکانی پێشووتری کردەوەی هونەری دەکاتەوە بە وەرگێڕانێکی ئالی واقیع بۆ هونەر. من لەم چەند گوتەیەی بە پەلەدا ناچمە هەڵسەنگاندنی ئەو بیروباوەڕەی کە حەز دەکات هەموو دەورێکی پێشخستن و فراژیکردن و بەرهەمهێنان و سازدان و ڕێکخستن لە بەرەیێکی زۆر فرەوان و زۆر پێشکەوتوو و زۆر چالاکی میللەت بسێنێتەوە کە هەموو داهێنەر و دۆزەرەوە و جیهانگەڕ و شاعیر و فەیلەسووف و هونەرمەندی لێرە بە پێشەوە لەو پەیدا بوون چونکە ئێرە جێی ئەم هەڵسەنگاندنە نیە و پێویستێکیشمان پێی نیە، بەڵام ڕێی ئەوەندەم هەیە بڵێم بە پێی بۆچوونی خۆم وادەزانم ئەگەر پلیخانۆف تا ئەم ڕۆژگارە مابایە لەم ڕایەی دەکشایەوە چونکە دەوڵەتە سۆشیالیستەکانیش، دوای چەسپانیان، بەردەوامبوون لەسەر داهێنانی سەما و مۆسیقا و بابەتەکانی تری هونەر بەو جۆرەی کە کۆمەڵگەیێکی ناسۆشیالیست دایان دێنیت. بنگەی یەکجار ڕازایەوە دروست دەکەن بۆ بالێ و ئۆپەرا کە چ پێوەندی نەبێ بە هۆی ژیان و بەرهەمهێنان و چینایەتی و چەوساندنەوە و ئەو تەرزە سەرچاوانەی کە بە پێی ڕایەکەی پلیخانۆف دەبووایە ئەوان سەرچاوەی هونەر بن لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستدا.

بە چاوی خۆمان هەموو ڕۆژێک لە تەلەفیزیۆندا دەبینین فیلمی کارتۆنی ڕووسی پتر لە هی دەوڵەتێکی سەرمایەدار خەریکی ئەفسانە و جنۆکە و دێو و ئەمیر و پیاوی ئایین و ئەو شتانەیە کە لەبەر تیشکی ڕایەکەی پلیخانۆفدا دژی هەموو بیروباوەڕێکی سەر بە چینایەتیین. بێگومان هونەرکارەکانی سۆڤێت هەنگاوی فرەوانیان بەرەو پێشەوە ناوە بەم خۆڕەهاکردنە لە قەپێلکی تەسکی تاکە سەرچاوەی «بەرژەوەند و بەرهەمهێنان»، هەرچەند وا دەزانم پتر لە پێویست دەوری جنۆکە و دێو و سیحر و تەڵەسم هەڵدێن وەک بڵێی بە جۆرێکی لاشعووری دەیانەوێ بە جیهان ڕابگەیەنن کە ئەوان پابەندی هیچ نیگاییێکی تەسک نین وەیاخود بیرورایە فەلسەفییەکەیان چ ڕێگایان لێ نابەستێت.

ڕاستی لەم مەسەلەیەدا ئەمەیە. ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە دەگاتە دارایی و دەسەڵات هەر ئەوەندەی لێ ڕەچاو ناکرێ کە لە تاکە سەرچاوەی «دارایی و دەسەڵات» چاوەڕوان دەکرێ چونکە دارایی و دەسەڵات هەرچی هۆی زانین و دۆزینەوە و داهێنان و سازدان هەیە بە دەوری خۆیەوە کۆدەکاتەوە و لە هەموویان ئیلهام وەردەگرێ نەک هەر لە (بێ ئیشی و خەریک نەبوونەوە)، بۆیەیە ڕێی ئەوەمان نیە بڵێین مرۆڤی پارەدار چ کاروکاسبی نیە جگە لە (دڵداری) کە ڕۆژگاری پێوە ڕابوێرێ وەیا ئیلهامی دانس و گۆرانی و پەیکەرتراشی و نەخش و نیگار و سەرجوملەی هونەری لێ وەرگرێ، هەروەها ڕێی ئەوەشمان نابێ بڵێین هونەرکاری کۆمەڵگەیێکی سۆشیالیستیش چاری ناچارە دەبێ بە هەموو عومری خەریکی فکرەی چاندن و دروستکردن و قوڕکاری و دروێنە و خەباتی چینایەتی بێت. مرۆڤ کە خوێندەواری و تێگەییشتن و بیرکردنەوە و فەلسەفەی بوو لە نۆکەرایەتی تاکە عامیلی «ئابووری» وەیا تێکرای عامیلی «دەوروبەری مادی» ڕەها دەبێت و دەچێتە پلەی ئەو ژوورخانەی کە بریتییە لە فکر و وێنەی خەیاڵی و دەستوور دانان و تێک هەڵکێشانی واتا و شێوە خستنە سەر شێوە و «تجرید» و هەزاران فەند و فێڵی تر کە لە تەک ئەواندا عامیلی سادە و

سافیلکەی «بەرهەمهێنان و بەرهەمنەهێنان» لە مەیدانی هونەردا لەوەندەی پتر بۆ نامێنێتەوە کە ببێتە پاشخانێکی (خلفیە) بێڕەنگ و کەمسەنگ هەندێ جارانیش هەر بەجارێ دەسڕێتەوە لە نێوان پەردە ئاورینگییەکانی تەجریددا.

لەم ڕۆژگارەدا تێکڕای مرۆڤ توانیویەتی بیری خۆی لە کۆت و بەندی دەوروبەری تەسک ڕزگار کات و جوانی و ناسکی و هونەر لە پەروازی خەیاڵەوە کۆ بکاتەوە، لەمەشدا چەپ و ڕاست و ناوەند لەیەک ئاسۆدا دەخولێنەوە چونکە خەیاڵ هەر خەیاڵە و ئەفسانەش هەر ئەفسانەیە، لێهەڵێنجانیشی بۆ هەموان، وەک ئاوی بیر، بە دۆلکەی مێشک دەکرێ. لەوە بەولاوە ڕێی تێ دەچێ هەر یەکە لەم سێ بەرەیە هەڵێنجانەکە و تەجریدەکە و سەرلەبەری کارەکە بکات بە خزمەتکاری ئەو ئامانجەی حەزی لێ دەکات.

پوختەی قسە ئەمەیە، لە نێوان گەلانی پێشکەوتوودا فێرگە و دەزگا و ساختمانی تایبەتی هەیە بۆ دانانی هونەری تازە وەیا وەرگێڕانی دیاردەکانی جیهان، بە مرۆڤ و سروشتییەوە، بۆ سەر زمانی هونەر، بە خەیاڵی کەسیشدا نایەت بڵێ دەبێ دەزگاکانی سۆشیالیست لە هۆی بەرهەمهێنان و گوزەرانکردنەوە ئیلهام وەرگرن لە حاڵێکدا هونەرکارێکی ولاتی سەرمایەدار هەر خەریکی بەرهەمی دڵدارانە بێت تاکو خاوەن فابریقە و ئاو و بەراو و پارە و پوول تەڕدەماغی خۆیانی پێوە بکەن.

تێهەڵکشینی مرۆڤ بەرەو پۆپی فکر و هونەر و ئارایشت و نازگی هەر لەوەندە نەوەستاوە بەرهەمی تازە داهاتوو بگەیەنەتە ڕێکاری ژیانی تازە. هەرچی بابەتی فۆلکلۆری کۆن و نوێش هەیە ناخرێتە بەرچاوی تەماشاکەرانەوە ئەگەر بەرگێکی شۆخ و شەنگی ئارایشت و ڕێکخستن و مشتومااڵ دان و بەرزکردنەوەی لەبەر نەکرێ. لە سەرانسەری جیهان یەک شانۆی ڕێز لەخۆ گرتوو نیە دیمەنێکی سادە و هەژار و سەرەتایی فۆلکلۆر بکات بە بەرنامەی شەوانەی و هونەرکارەکانی پێوە خەریک کات و خۆی پێوە هەڵداتەوە لە نەزەر تەماشاکەراندا. ئەوەی ڕاستی بێ فۆلکلۆری سادە لە شانۆی پشکۆی ئەم ڕۆژگارەدا نە جێی بەر دەکەوێت و نە تەماشاکەریشی دەبێ لەمەشدا کەس ستەمی لە فۆلکلۆر نەکردوە چونکە دیارە هەر وەک فۆلکلۆر خۆی کردوە بە «ژووڕخان» ی ڕووداو و بەرگی ئارایشی پۆشیوە، دەزگای هونەری نوێش مافی هەیە فۆلکلۆر بەرز کاتەوە بۆ ڕێکاری خۆی و ئەو بەرگانەی لەبەر کات کە لە کاخی پڕشکۆ دەوەشێتەوە.

«...»

ڕوونکردنەوەیەکی وردیلە

«ڕۆشنبیری نوێ»، ژمارە 75، 1979

لە لاپەڕە 175 ی کتێبە پڕسوودە تازە بابەتەکەی دکتۆر کەمال مەزهەر کە تۆژینەوە و پشکنینەوەی تێدا کردووە لە بارەی ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»یەوە، دوو بەیتی مستەفا بەگی کوردی نەختێک بە ئاڵۆزی لە لایەن نووسەری کۆنە ڕۆژنامەکەوە، کاتی خۆی، واتایان لێ دراوەتەوە. دواتریش کە بەیتەکان لە «دیوانی کوردی»دا چاپ کراون بە هۆی گۆڕینی یەک وشەیان هەر بەجارێ چ پێوەندییەکیان بەو واتا و مەبەستەوە نەماوە کە دڵ و دەروونی مستەفا بەگیان جۆشاندووە.

بەپێی کتێبەکەی دکتۆر کەمال ئەو دوو بەیتە لە ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا بەم شێوەیە نووسراون:

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژێ ئەمڕۆ کە لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر

نووری مەهدی لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی ڕۆمە لە بۆ کوشتنی «من کان کفر»

نووسەری «تێگەیشتنی ڕاستی» بۆ ئەوە چووە کە ئەم دوو بەیتە پەنجە ڕادەکێشن بۆ ئەو ڕۆژەی کە تورکەکان سلێمانییان داگیر کردووە و سەربەخۆیی حاکمایەتیی بابانیان لەبن هێناوە.

بۆ ئەوەی واتای بەیتەکان لە تاریکیدا نەهێڵینەوە پێویستە سەرلەبەری قەسیدەکە بخەیتە بەر چاو تا ببینین تێکڕایان بەرەو چ وێنەیەکمانەوە دەکەنەوە.

لە بەیازێکی شکڵ کەشکۆڵی کە وەختی خۆی لەلایەن خوالێخۆشبووی «نیهانی – شێخ موحیدینی شێخ کەریمی بەرزنجی کۆیێ» نووسراوەتەوە، دەقی برە شیعرەکە ئەمەیە:

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر

نووری مەهدی لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی ڕۆمە لە بۆ کوشتنی من کان کفر

ئەشکی خوێنینە بە چاوما بە گرێ وەستاوە
یا غوباری ئەلەمە باعسی عومیانی بەسەر

خەوە یا وەسوەسەیە یانە بەرەئیوەلعەینە
ئەم عەلاماتە کەوا دێتە ئەبەر مەدی نەزەر

ڕۆحی شیرینە کە دەردێ لە تەنی مەهجوورم
یا مەهی من نییەتی ڕێحلەتە بۆ عەزمی سەفەر

بۆ سەفەر کردەیی من لایقە گەر بەردی فەلەک
بیتە سەردەستی و[8] بۆ ڕەدی عەدوو بێ بە سوپەر

باوجوود تاکە ڕەقیب یاوەری ئەم دلبەرە بێ
هیچ تەفاوت نییە بۆ من لە سەفەر یا لە حەزەر

دائیما دەست بە دوعا بەندم و شایەد زوو زوو
شای سەفەر کردەیی من بێتەوە بێ عەجز و زەرەر

سۆزشی کوردییە یا جۆششی ئەییامی فیراق
ئاتەشی عیشقە مەگەر یا شەرەری ناری سەقەر

وا بزانم بەیتەکان دەمەتەقە هەڵناگرن لەوەدا کە لە موناسەبەی سەفەرکردن و دوورکەوتنەوەی خۆشەویستێکی «کوردی» بەوپەڕی کزە و سۆز و پەرۆشەوە لە ناخی دڵ و دەروونێکی هەڵقرچاوەوە سەریان کردووە تا دەبینین لە کۆتایی شیعرەکاندا کزە و سۆز سەر بە «ناری سەقەر» دەگەیەنن، لەوەش پتر داوا لە شیعر ناکرێ کە دەستەچیلەی ئازاری دووری و جۆشی عیشق ئاگر بەر بداتە گیان و وجودی شاعیر وەک کە لێرەدا «سۆزی کوردی و جۆشی فیراق و ئاتەشی عیشق و شەرەری سەقەر» خەریکن پارچە شیعرەکە بە خاوەنیەوە بسووتێنن.

وا پێ دەچێ نووسەرەکەی ئەو کۆنە ڕۆژنامەیە «غەلەبەی ڕۆم»ی بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی دوو نیشان بە یەک تیر بپێکێت، یەکێکیان دزێوکردنی ناوی تورکەکانە کە مەبەستێکی هەرە بنجیی ڕۆژنامەکە بووە لەو سەردەمەدا، ئەوی دیکەشیان بزاوتنی دەماری کوردایەتییە لە دەروونی خوێنەرانی ئەوسای کورددا. وەک دکتۆر کەمال بۆی چووە دەبێ خاوەنی نووسینەکە شوکری فەزلی بووبێت کە سوارچاکێکی ئەوسای جووتە مەیدانی کوردایەتی و ئەدەب بووە و لەگەڵ مێجەرسۆندا سەرپەرشتیی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی کردووە.

ئەوەی بە لای منەوە جێی سەرسوڕمانە شتێکە سەر بە واتای «غەلەبەی ڕۆم»ـە کە شوکری فەزلی خۆی لێ دزیوەتەوە وە یا بەجارێ هەر بۆی نەچووە، واش پێ دەچێ بۆنەچوونەکە ڕاست بێ نەک خۆ لێدزینەوە چونکە ئەگەر شەبەنگی ئەو واتایە بە مێشکیدا تێپەڕیبایە نەدەشیا پشتگوێی بخات چونکە ئەوسا دەیزانی خوێنەری ئەوتۆ زۆرن واتای ڕاستینەی «غەلەبەی ڕۆم» بزانن و خۆ لێ بێدەنگکردنی بە ناتەواوی لەسەر حیساب بکەن.
بێگومان ئەم «غەلەبەی ڕۆم»ـە هێنانی تیشکێکی قورئانە بۆ ناو هەڵبەستە کە جارێکیان لە سەرەتاکانی پەیدابوونی ئیسلامەتیدا ڕۆمەکان لە ئاست فارسەکاندا شکست دەهێنن ئیتر کافرەکانی قوڕەیش ئەم شکستەی «ئەهلی کیتاب» بەرانبەر مەجووسیان کرد بە تانە و لە موسڵمانەکانیان گرت کە گۆیا بە پێی چاوەڕوانیکردن لە قورئان و باوەڕی ئیسلام نەدەبوو ڕۆمی خواپەرست بە دەست فارسی ئاگرپەرستەوە شکستخورده ببن. قورئانیش لە سوورەی «الروم» بەم شێوەیە وەرامی کافرەکانی دایەوە: «بسم الله الرحمن الرحيم. الم غُلِبَتِ الرُّومُ فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ...» و موژدەی سەرکەوتنێکی نێزکی ڕۆمەکانی بە خەلق ڕاگەیان زۆریشی پێ نەچوو سەرکەوت.

موستەفا بەگی کوردی لە «غەلەبەی ڕۆم» مەبەستی سەرکەوتنەکەیە نەک ژێرکەوتنەکەی «غلبت» چونکە دیارە لە بەیتەکەدا «سیغلبون» لەگەڵ «کوشتنی من کان کفر» دەگونجێت، هەر ئەمەیشە هاوجینسی دەرکەوتنی نووری مەهدییە لە مەککە.

لێرەدا ڕەنگە گرفتێک بێتە بەر زیهنی خوێنەرەوە و بڵێت کە مەبەستی «کوردی» لەو بەیتانەدا سەفەرکردنی خۆشەویستەکەی بێت چۆن دەگونجێ باسی زاهیربوونی نووری مەهدی و غەلەبەی ڕۆم بکات کە پێچەوانەی

[8]- ئەم وشەیەم بەم شێوەیە نووسی کە لە بەیتەکەدا دەخوێندریتەوە.

دوورکەوتنەوەن. دەبوو ڕۆژئاوابوون و نووربزربوون بکات بە ماکی تەشبیهی ئەو دوورکەوتنەیە. ئەم گرفتە لە دوو ڕووی زۆر ڕوونەوە وەڵام دەدرێتەوە:

ڕووی یەکەم: ئەوەیە کە هەموو بڕە شیعرەکە خەریکی داد و بڕۆیە لە دەست سەفەرکردنی خۆشەویستی شاعیر، تەنانەت قەسیدەکە دەشێ بکرێ بە نموونەی قەسیدەی خاوەن «وحدة» جا ئەگەر ئیمە بێین لەبەر خاتری بۆرەتەگەرەیەک دوو بەیتی سەرەتای قەسیدەکە لە لەشی قەسیدەکە دابڕین وەک ئەوەیە کە سەری گیانلەبەرێک ببڕین و پەکی ژیانی بخەین.

ڕووی دووهەم: هێزێکی تەواویش دەداتەوە بە ڕووی یەکەم بەوەدا کە سەرلەبەری ئەو وێنە و هەڵپە و کڵپانەی کە لە قەسیدەکەدا نەخشەی باری نەفسی و عاتیفیی شاعیر دەکێشن هەموویان، تاک تاک و بەیەکەوە، حاڵەتێکی جەزبەگرتووانە و خۆونکردوانە دەدەنەوە کەوا کەمتر بەوە ڕادەگات کێشانە و پێوانەی وردی مەنتیق کاری لەگەڵ خۆیدا بکات. ئەم جەزبە و خۆونکردنە پتر نووری مەهدی و غەلەبەی ڕۆم و ئەشکی خوێنین و غوباری ئەلەم و خەو و وەسوەسە و... هتد کۆ دەکاتەوە لەوەی کە کارەساتی زۆر ناسازی داگیرکرانی سلێمانی کە لە «غەلەبەی ڕۆم»ـەوە دیاری دەدا لەگەڵ هەڵاتنی نووری مەهدی لە مەکە یەکدی بگرنەوە چونکە نووری مەهدی ناشێ ئەو نارەوایە بێ کە سفتوسۆی داگیرکرانی وەڵاتی پێبناسرێتەوە.

هەرچەند شوکری فەزلی وێستوویەتی بۆرە تەئویلێک بۆ ئەم لایەنە بهێنێتەوە (کتێبەکەی دکتۆر کەمال بخوێنەوە) بەڵام هیچ تەئویل و گونجاندنێک بایی ئەوە ناکات کە بەبێ بەڵگە دوو بەیتی سەرەتای قەسیدەکە لێی دابڕیت و بۆ لایەنێکی نادیار و تێ نەخوێندرایەوە ببرێتەوە.

دوور نابینم سەفەری خۆشەویستەکەی «کوردی» بەرەو ڕۆژئاوا بووبێت و لەوەوە عەلامەتێکی قیامەتی هەڵاتنی ڕۆژە لە ڕۆژئاواوە، وەپاڵ عەلامەتێکی دیکەی قیامەت کە دەرکەوتنی مەهدییە، دابێت و ڕەوای پرسیارکردنی لەبارەی حەشرەوە دیبێت. لە دوو بەیتەکەی سەرەتای هەڵبەست، کوردی، زێدە شارەزایی خۆی بە هەواڵی دین و ئایین و بڕوا بەدەستەوە داوە هەرچەند پێشیەوە دیار نییە کە دەرخستنی ئەو شارەزاییەی مەبەست بووبێت چونکە ڕەوانیی هەڵبەستەکە و مشتبوون لە سۆز و کەفوکوڵی عاتیفە چ هەناسەساریی خۆ هەڵدانەوەی تێدا دەرناکەوێت. زێدە شارەزاییەکەی لە هەردوو بەیتدا بە تێکڕایی و لە «ئەهلی خەبەر» بە تایبەتی دیار دەداتەوە، لەو ڕووەوە کە ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ خەبەراتی حەشر و قیامەت هەیە پێیان دەڵێن «ئەهلی خەبەر».

لە نیوەدێڕی بەیتی یەکەمدا «کوردی» دارشتنێکی فیعلی «دان»ی بەکارهێناوە کە ئێستاکە لە سلێمانی خەریکە بە تەواوی ون دەبێت، گوتوەتی «خەبەرێکم بدەنێ» و ئەم «ێ»یەی بە فیعلەکەوە نووساندووە کە من لە نووسینی خۆمدا پێی دەڵێم «ێ»ی «ڕێژەی ئینتیقالی» و لەگەڵ کۆمەڵە فیعلێکی کوردیدا دێن وەک «دامێ، کردمێ، بوومێ، گەیشتمێ، چوومێ و نۆڕێمێ... هتد». نالیش ئەم ڕێژەیەی بەکارهێناوە وەک کە دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمی ڕووڕەشی توو بم
ئەمسالّە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری

نابێ «تۆ» بنووسرێت چونکە ڕەونەقی شیعرەکە و نوکتەکەی دەدۆڕێت. وشە «توو» هەم بەواتای «تۆ» و هەم بە واتای «تووک» دێت دیارە ڕووی یارەکەی دوای سالێک «توو، تووک»ی لێهاتووە پێی ڕەش بووە.

بەهەمەحاڵ ئەم لاباسە ئەگەر پێوەندیشی بە بنگەی نووسینەکەمەوە نەبێت زیانێکی تێدا نییە. با بگەڕێمەوە بۆ «حەشرەکە و ئەهلی خەبەرەکە» لە «دیوانی کوردی»دا کە خوالێخۆشبووی گیوی موکریانی بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو بەیتە بەم جۆرە نووسراون: (بەیتەکانم لە کتێبەکەی دکتۆر کەمالەوە ڕاگوێست):

خەبەرێکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر

نووری مەهدی لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەڵبەیی کوردە لە بۆ کوشتنی «من کان کفر»

نیوەدێڕی یەکەم بەیتی شیعرەکان لە «دیوانی کوردی» و کەشکۆڵی دەسنووسی «بنهانی» وەکوو یەکن، هەر دەڵێی گیو لەو کەشکۆڵەوە بەیتەکەی ڕاگوێستبێت، دەمێنێتەوە ئەو جوداوازییەی نێوان وشەی «غەلەبەی» کەشکۆڵەکە و «غەڵبەیی» دیوانەکە. کە بگەڕێینەوە بۆ لای کەشکۆڵەکە دەبینین وشەکە «غلبەء» نووسراوە، لەوەوە دەشێ بڵێین گیوی موکریانی «غەڵبەیی» خوێندبێتەوە منیش «غەلەبەی».

وادیارە سۆزی کوردایەتی پاڵی بە ڕەوانشاد گیوەوە نابێت و ئەو غەڵبەیە و کافر کوشتنەی پێ کردبێتە شاباش و بۆ بەرەنگاری میللەتەکەی خۆی هەڵدابێت، ئیتر شیعرەکەش واتای دەمێنێ نامێنێ «ملی وەقوتەوە».

«...»

سڵاوێک لە شیعری نوێبابەتی کوردی

گۆڤاری بەیان - ژمارە 60، مارسی 1980 - لاپەڕەی 16-22

تێبینیەکی سەرەتایی هەیە لەبارەی ئەو ئامێرانەی مرۆڤ تەعبیریان پێ لە شتان دەداتەوە دەشێ ببێتە تیشک بە دەوروبەری «شیعر ـ ئامێری تەعبیر» دا، نەختێک چەشمەندازی بینەر ڕوون بکاتەوە:

مرۆڤ بە دوو جۆرە ئامێری ڕاگەیەنەر نیازەکانی خۆی دەردەبڕێ: یەکەمیان هونەرە جوانەکان. ئەوی دیکەیان، ئاخاوتن کە دەشبێتەوە نووسین. لێرەدا ڕەمز و ئیشارەت و بڕۆ هەڵتەکاندن و تەلیپاڵی و شتی ئەوتۆیی نایەنە ناو حیسابی ئەم وتوویژە چونکە نە دەچنە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن و نەدەشگەنە مەیدانی ئەوان هەرچەند بە جۆرێک لە جۆران، تا ماوەیەک، توانای تەعبیریان هەیە. خۆ ئەگەر بایەخ بەو چەشنە هۆیانەی تەعبیر بدەین دەبێ نیشانەکانی هاموشۆی سەر شەقامانیش بهێنیتە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن، ئنجا فیکەی شوان و دەرگە لێدان و ئحم و نازانم چیش... نەک هەر ئەمانە، بگرە وشەی وەک «هەچە، وشە، چغە،...» ش هەر نایەنە ناو لیستەی ئامێرەکانی تەعبیر هەرچەند لە شێوەی «دەنگی زمان» یش لە زارەوە دەردێن. قسەم لێرەدا لەگەڵ هونەر و ئاخاوتنە.

بەر لەوەی بچمە قوڵایی لێکدانەوەوە، تایبەتیەکی زێدە جوداکەرەوەی ئاخاوتن لە هۆیەکانی دیکەی تەعبیر دەدەمە بەر نیگای خۆینەر. ئاخاوتن تاکە ئامێرە کە بە مادە و واتایەوە زادەی هەناوی مرۆڤ بن، هونەرەکان هەر لایەنی واتایان بەچکەی مرۆڤە لەوە بەولاوە ڕەنگ و زەیت و بەرد و قوماش و فرچە و ڕیشە و ژێ و گەچ... و ... هەموو ئەو کەرەستانەی کە لە بەرهەمی هونەریدا بەشدارن لە مرۆڤ بێگانەن.

ئاخاوتن لە هەموو ڕوویەکەوە و بە هەموو وجودیەوە زەنەی هەست و هۆشی مرۆڤە، تەنانەت مرۆڤ دروستکەر و داهێنەری ئاخاوتنە پتر لەوەی هی منداڵەکەی بێت، بگرە لە گەرمایی لەشیشی لێی نزیکترە چونکە منداڵ و گەرمایی لە مادەی بە پۆز و بەرهەستی دەرەوەی وجودی مرۆڤ بەدەر دەدەنەوە کەچی «وشە» لە خودی مرۆڤەکە دەزێتەوە بەڵام زانەوەی مەعنەوی نەک مادی. ڕەنگە بیر بۆ ئەوە بڕوا کە «وشە» ش لە مادەوە وجود پەیدا دەکات، گۆیا «دەنگ» کە قاڵبی وشەی واتاداراە پێوەندی بە هەواوە هەیە هەواش مادەیە. ئەم بۆچونە ڕواڵەتی و سەراوییە چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە دەروونی خۆیدا وتوویژ بکات بێ ئەوەی بە زمان دەریان ببڕێت. خۆ زۆر کەسی بێزمان هەیە هەموو شتان تێدەگات و هەموو شتانیش بە دڵ و میشکی خۆیدا تێدەپەڕێنێت و یەک وشەشی لێ دەرنایەت.. هەر نەیسە. با بگەڕێمەوە بۆ سەر ڕچەی مەبەستی ئەم نووسینە.

هونەر، تێکڕایان، کە لە ڕووی شێوە و جۆری «تێگەیاندن ـ ڕاگەیاندن» ـەوە لەگەڵ ئاخاوتندا بەراورد بکرێن دەچنەوە بۆ لای «تجرید» و هێماکاری، واتە بەر لەوەی هونەرکار بیەوێ هیچ بەرگی نامۆیی لەبەر هونەرەکەی بکات، هونەر وەک خۆی هەیە بە جۆرێکی تەجریدی واتا دەبەخشێ و فەرهەنگی قەراردادە و نووسراوی نیە واتاکانی لێک بداتەوە وەک کە زمان فەرهەنگی هەیە، هەڵبەت بۆیە هونەر پێویستی بە «وەرگێڕان» نییە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر وەیا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین وەرگێڕان هەڵناگرێ وە کە زمان هەڵی دەگرێ و داخوازیشی دەکات، بە نموونە کە گوتت «تووڕەیی» عەرەبێک تێتناگا تا بۆی نەکەیتە «غضب» بەڵام کە بە وێنەکێشی تەعبیرت لە «تووڕەیی ـ غضب ـ fury ...» داوە هەموو بینەرێک لە واتاکەی دەگات ڕەنگە کوردێک و ژاپۆنیەکیش هەردوویان بە جۆرێکی لە یەکتری نزیک تەعبیر لە «تووڕەیی» بدەنەوە، ئەگەر جوداوازییەکیش لە نێوانیاندا هەبێت لەوانەیە هەر بەقەدەر جوداوازی نێوان دوو وێنەکێشی کورد وەیا ژاپۆنی بێت. ئەوەی ڕاستیش بێ تەعبیردانەوەی تەجریدی لە واتا بە ناچاری جوداوازی دەخاتە نێوان بەرهەمی هونەرکارانەوە چونکە مومکین نیە خورپەی دڵ و تاسەی دەروون و ڕەنگینی پەنجەی دوو کەس وەک دوو نوسخەی یەک شت بن کە ئەم بزوێنەرانەش لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆڕان هەڵبەت بەرهەمیشیان دەگۆڕی.

ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ ڕەسم لە پلەی پێشەوە و سەرەتای «تجرید» دا بێت مۆسیقاش لە دواییین پلەدا، واتە ڕەسم لە هونەرەکانی دیکە مەفهومتر بێ و مۆسیقاش لە هەموان زاتیتر و دەروونیتر بێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە ئامرازی تەعبیر لە هونەری مۆسیقادا، کە دەنگ و ئاوازە، لە خۆوە خزمترە لەگەڵ مەعنا و خەیاڵ و خوولیادا و بە ئەرک و بلیمەتی مۆسیقا هەر نەبێ ناتوانێ وەیا هەڵناگرێ تەعبیر لە شتی ڕەق و زەق و بەرهەستی وەک بەرد و دار و ڕەنگ و بێن و بینراو و بەرهەست و چێژراوانەیە، ئنجا دەشتوانێ بەهۆی وێنەی گوڵ تەعبیر لە «بێن» بداتەوە وەیا بەهۆی کەمانی ناو باوەشی مرۆڤێک واتای «ئاواز» ببەخشێ...

بە هەر حاڵ ئەم خاسیەتەی بەکارهێنانی «تجرید» و ڕێگە تەعبیری تەماوی و پشت پەردە لە هونەردا، بۆی بوە بە قەڵخان و بە درێژایی مێژوو لە زۆر بەڵای ناگەهانی ئەم جیهانە پڕ کێشەیەی پاراستوە سەرەڕای ئەوەی کە «هونەر» لە بنەڕەتدا مەخلووقی ئاراییشت و جوانکارییە. تا ئێستاکەش هونەردۆستی هەموو جیهان مەرحەبا لە بەرهەمی هونەرێک دەکەن کە لە ڕووی هونەری ڕووتەوە بێعەیب بێ دواتر سەر لە ناوەڕۆکی خوار دەکەنەوە، ڕەنگە هەر گوێشی نەدەنێ. هونەر خۆی لە خۆدا کەرەستەیەکی مام سەلامەتۆکەی تەعبیرە، زۆر بە درەنگەوە خاوەنەکەی دەهاوێژێتە ناڕاحەتییەوە. ئەمە ڕاستییەکە هونەر لە چارچێوەی ڕەوای خۆیدا دادەنێت، لە نرخی کەم ناکاتەوە، وەک ئەوەی کە هەنجیر و هەنگوین و تریێ و گوزەوێش نرخیان بەوەدا نادۆڕێنن کە لە لوولەی تفەنگەوە دەرنایەن...

لە تاقمی ئامێرە زمانیەکان، کە پەخشان و هۆنراوە، پەخشانیش بەسەر زۆر لە ئەژمارەکانی ئەدەب و زانست، ئنجا گوتار و کتێب، ئنجا چیرۆک و شانۆگەری.. دابەش دەبێ. بێگومان ئامێرە هەرە بەهێز و پێز و بە بڕشت و دەنگ و سەداکەی تەعبیر لە نێوان بەرەی ئاخاوتن و نووسیندا گوتاری سیاسی و نووسینی سەر بە سیاسەت و باوەڕ کە ڕاستەوخۆ و یەکسەر، بێ تەئویل و زمانگرتن و «پێچی دەوەنێ» نشتەر لە دوومەڵ دەدات چیرۆک و شانۆگەری، بە عادەت، لە ناو هەڵوەست و ڕووداوی ناو سەرگورشتەکەیان «بیروڕا» دەردەبڕن و لەوانەیە گوتە هەرە بە جورئەتەکانیان لەسەر «نووسەر، دەرهێنەر» حیساب نەکرێ چونکە بەسەر زمانی غەیری خۆیدا دەریان دەپەڕینێ و ڕێی ئەوەی دەمێنێ پەنا بباتەوە بەر سایەبانە زۆر مەشوورەکەی «ناقل الکفر لیس بکافر». ئەوەی مەترسی و بەڵا بۆ نووسەری چیرۆک و شانۆگەری دەنێتەوە، ڕەنگە چیرۆکەکە نەبێت بەڵکو ئینتیمای نووسەرەکە بێت، لەوانەیە هەمان قسە و هەڵوەستی ناو چیرۆکەکەکە لە نووسەرێکی دیکە کە ئینتیمای نییە وەیا جودایە بە داوێوە نەکرێ. ئاورێک لە مێژوو بدەوە دەبینی لە ولاتی مسڵماندا هەمیشە مسڵمانەتی بۆتە شەفاعەتکاری ئەوانەی قسەی بە جورئەتی پشت لە عەقیدەیان کردوە، نەک لە چیرۆک و بەس، بگرە لە هەموو مەیدانێکدا. هەڵبەت لە نێوان مەسیحیانیشدا هەمان دیاردەی خاڵەبەخشکردنی مرۆڤی مەسیحی لەچاو هی کافر باو بوە هەروەهاش لە نێوان باوەڕە جودا جوداکانی دیکەی ئەم جیهانەدا.

کە بێین و لە ڕوانگەی مەترسی و سەلامەتی تەعبیرەوە سەیری «ئاخێوەر، ئاخاوتن» بکەین دەبینین لە کۆنەوە شیعر ئامێرێکی سەلامەت و بێخەتەر بوە لەچاو پەخشان. هەمو ئەو قسە بێپەروا و بێپەردانەی کە ئەگەر نووسەر بیانکاتە پەخشان هەرای بۆ دەنێتەوە لە شیعردا بە درێژایی ڕۆژگار چاوی لێ پۆشراوە و بە قسەی جوان و نەقڵ و بابەتی ئاراییشت لە قەڵەم دراوە. سەیری شیعرەکانی نێو «ئەلف لیلە» بکە و بزانە چی تێدا گوتراوە «ئەلف لێلە بە شیعر و پەخشانیەوە ئەم بێپەردەییەی تێدا بەدی دەکرێ بەڵام شیعرەکانی کە بە نموونە دێنەوە زەقترن لە ڕووی جورئەتی زایەندییەوە (زایەند ـ جنس ـ sex). ئنجا گوێ بگرە خەییام چۆن ناوناوە دەگاتە پایەی «ابن الروانديی» و هەر بە خواناس و حەکیمیش ناوی دەبرێ. لە کۆنی هەرە کۆنەوە هەڵبەست بە تێکڕایی یەکجار کەمتر لە قسەی عادەتی، چ جایی نووسین، حیسابی جدیەتی بۆ کراوە، ئێستاش هەر وەهایە. نالی کە دەڵێ:

شیققەی فەلەکولئەتڵەس و ئەستوونەیی زێڕین
بێ بیکە بە تارایی سەر و سرکەیی والا

لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین مامە نالی چۆن دەکرێ ئاسمان و پەلکەزێڕینە بدەینە دەمی مەقەس و نووکی دەرزی، هەزار ئافەرین لە خەیاڵە بڵندپەروازەکەی و دارشتنە سیحراویەکەی دەکەین، جا ئەگەر یەکێکی عادەتی، یاخود نالی خۆی، بچێتە بازاڕی قوماش و جلدروان و، مامەڵەی ئەو تەرزە بابەتە و دروومانە بکات دەبێ چ وەرامێک وەرگرێتەوە!

کام نووسەر وێراوەتی لە پەخشاندا شتێکی وەک «هەتیوی بولغار و یەهودی بەچە» ی شێخ ڕەزا و شەوە زۆر مەشوورەکەی ئەدەب «مصباح الدیوان» بە قەڵەمی خۆیدا تێپەڕێنێ؟ مەسەلەی حیساب لەگەڵ نەکردن و لێ بە داوێوە نەکردن بە زیادەوە لە هەڵبەستی فۆلکلۆری سەپاو و دەقگرتوو بوە، واتە شایەر و گۆرانیبێژ و بەیتخوێن و بالۆرەبێژ پتریش لە شاعیر بەرەو تەعبیری بێپەردە و وێنەی شەرمهێنەوە دەڕۆن بێ ئەوەی کۆ لە جەزا و چاوسوورکردنەوە بکەن چونکە دەزانن کەس لێیان زویر نابێ. لە زۆر بەستەی شایی و گۆرانی میللی، حەزکردن ڕوو لە ئافرەتی شووکردوو دەکات وەک کە هەموو جاران شایەر دەڵێ «مێردە گوەی بمرێ...» وەیا «... ناوێرم بێنم ناوی، لەبەر مێردی گلاوی» وەیا گۆرانی «لانکۆڵێ» هەمووی هەر خەریکی ژیرکردنەوەی منداڵە بۆ پەیداکردنی دەرفەتی ژوانی دەمەو بەیان، لەوە هەر گەڕێ کە گەلێک جاران لە ڕەشبەڵەکدا باسی لەشی ئافرەت بەو شێوەیە دەکرێ کە لەوێدا نەبێ جایەز نییە... بە تێکڕایی، شیعر لەچاو فۆلکلۆر، پتر زمان دەگرێ لە ئاست ئەو وشە و تەعبیرانەی بیری بیسەر بۆ لای زایەند دەبەنەوە هەرچەند گەلێک پتر لە پەخشان ڕێی تەعبیری ڕەهای بەرەو زایەند بە خۆی دەدات و لێشی دەسەلمیندرێ...

بە هەر حاڵ، شیعر بە زۆر ناکەوێ لەسەر شاعیر، ئەمەش ڕاستییەکە لە خۆوە ئاشکرایە هەرچەند باسیشی ناکرێت و هیچ حیسابێکیشی لەسەر هەڵنەستاوە، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ منیش لە مامەڵەکردندا هەرگیز ئەو سەلامەتیەی شاعیرم تێنەخوێندۆتەوە و تێشی ناخوێنمەوە لە نووسینیشمدا ئەوەندەی باسی شاعیری کوردم بە تەقدیسەوە کردوە پەخشاننووسی کوردم باس نەکردوە، لێرەشدا کە ئەم ڕاستییە بەفراوانی دەدەمە بەر لێدوان پێش هەموو شێک مەبەسم ڕوونکردنەوەیەکی شوێن هەنگاوی شاعیری نوێخوازی کوردە جا ئەگەر بۆچوونەکانم هەڵبگرێ، ڕەنگە بە سوودی خۆی تەواو بێ، خۆ ئەگەر گوێشی نەدامێ چ زەرەرێکی نەکردوە، تەنانەت ئەگەر لە خۆشمی زوێر بکەم دۆستی لە من بەردەوامتر و ڕێزلێنەرتری چەنگ ناکەوێ، بۆیە وا بێپەروا دەڵێم لە ڕووی خەتەر و سەلامەتیەوە شاعیر دەکەوێتە نێوان هونەرکار و نووسەر. بایی ئەوەی کە شیعر وەک هونەر ئاراییشت و مۆسیقا و تەجریدە پشکی سەلامەتی هونەر وەردەگرێ، بایی ئەوەش کە بەهۆی ئامرازی «وشە» تەعبیری مەفهووم‌تر لە هونەر بەکار دێنێت بەرەو پەخشان دەبێتەوە لە مەڵبەندی ترس و خەتەردا. لە کۆنەوەش گوتراوە «زمان بەڵای سەرە».

ئەم لایەنەی بێخەتەری، وەیا کەمخەتەری، کاری نەکردۆتە سەر شۆرەتی شاعیر هەروەک کاری نەکردۆتە سەر هونەرکاریش، بە پێچەوانە، شاعیر هەمیشە لە نووسەری پەخشان بەناوبانگتر و مەرحەبا لێ کراوتر بوە. هەڵبەت دەزانم بەشێکی بەرچاوی ئەم پاداشە مەعنەوییە دەچێتەوە بۆ ئەو لەزەتە عاتیفیەی کە مەردم لە شیعری نازکی وەردەگرێ. لە بری هەستی حەسانەوە و ئارامی گیان و تامەزرۆیی شکان کە لە بیستن و گوتنەوەی شیعری جوانەوە بە مرۆڤ دەگات مرۆڤەکە پاداشتێکی خۆشویستن و سۆز بە شاعیرەکە دەداتەوە، ئنجا هۆی دیکەش هەیە پاڵپشتی لە بڵاوبوونەوە و ناو دەرکردنی شیعر و شاعیر دەکات وەک ئەوەی کە شیعر پتر لەگەڵ دەروونی بیسەردا وتوویژی بەردەوام دەکات و گەلێک درەنگتر خەڵق لە گوتنەوەی تێر دەبێ، پتریش لە پەخشان دەست دەدا بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵقەوە لەسەر شانۆ و لە کاتی کۆبوونەوە و نماییشت و چەندین موناسەبەی دیکەدا بگوترێتەوە و بخوێندرێتەوە باشتریش لەگەڵ جۆشی عاتیفە هاوئاهەنگ دەبێ، ئاسانتریش دەبێتە گۆرانی...

بەڵێ ئەمانە هەمووی یاریدەی شیعر دەدەن تا ئەویش وەک هۆیەکانی دیکەی ناو دەرکردن گۆرانیبێژی، سینەما، ڕۆژنامەگەری، یاری، موزیعایەتی... بە خیرایی شاعیر مەشوور دەکات و دەیباتە پلەی عەبدولحەلیم و حەسەن زیرەک لە شۆرەتدا، بێنە قوتابیەکی زانکۆ کە شیعر بڵاو بکاتەوە، لە ڕووی شۆرەتەوە بەو مامۆستایەی بگرە کە هەرچی زانستی سەخت هەیە بە دەرسی دەڵێتەوە و کتێبیشی لەسەر دادەنێ، دەبینیت قوتابیەکە زۆر لە مامۆستاکەی مەشوورتر دەبێ، ئەمە ڕاستی بێگومانە کە لە هەردوو دەستە تەرازووی ئەرک و پاداشدا بە سوودی شاعیر لەنگەر دەبەستێ.

بەو لای ئەم ڕاستییەوە ڕاستییەکی دیکە هەیە، ئەویش لە سوودی شاعیر زیاد دەکات و لە ئەرکی دادەشکێنێت: هەتا واتای شیعر تەماویتر بێ هەڵوەستی شاعیر سەلامەتتر دەبێ، چونکە نامۆیی تەعبیر وەک ئەو کاڵانەیە کە تیژایی و بڕندەیی تیغ لە نێو خۆیدا دەشارێتەوە و زۆر بە درەنگەوە لێی بە دیار دەدا کە دەیەوێ برین بخاتە لەشی ناحەزەکەیەوە.

لە سەرێکەوە شیعر بەهۆی شیرینی و ڕوح سووکی و خنجیلەیی خاڵەبەخش کراوە لە سەرێکیشەوە شاعیر بە تەعبیری تەماوی خۆی چەپ دەدات لەو نەرمە خەتەرەی کە شیعری وەک:

ملك ودستور ومجلس امة
كل عن المعنى الصحيح محرف

کاتی خۆی ڕەنگ بوو بیهێنیتە بەر هەنگاوی «رصافي». ئەوەی ڕاستیش بێ شیعرەکە و هی تریش دووچاری هیچ ناڕاحەتیەکیان نەکرد، ئەوەی پێی سەغڵەت بوو دەم لێدانی شتی سەر بە ئایین بوو کە لە حەقیقەتدا بە گەلێک مەزهەبی ڕەواش هەر ڕەوا بوو کەچی کۆمەڵەک مەلای لێ بەخەبەر هێنا، ڕەنگە هەر ئەو کەسانەش یاردەی ڕزگار بوونیان دابێت کە بە هەڵبەست هێرشی دەبردنە سەر. شتە سەر بە ئایینەکان بە پەخشان نەک بە شیعر بڵاو بووبوونەوە بۆیە بوو ئەو کارەی کرد، نەخۆ زەهاوی بە شیعر دەریبڕی کە دەبێ «أثير» خوا بێ چونکە هەموو ئەو سیفەتانەی دەدەنێ کە لە خودا ڕەچاو دەکرێ و هەر دەینێتەوە هۆش و خواز (ارادة)، کە ئەو دوانەشی پێ بدرێ بۆ نەبێتە خوا؟ ئەمەی گوت (هەڵبەت من دەقی قسەکانی زەهاویم نەهێناوەتەوە) و پێشم شک نایەت کەسی لە خۆی بە دەنگ بێنابێ.

تۆ بێنە لە هەڵبەستدا هەرچی جەهەننەمی دنا و قیامەت هەیە لە گیانی زۆردار و بەدکار و خوێنمژ و داگیرکەر و «سیخورِ» ی بەر بدە کەس تووڕە ناکەیت چونکە قسەکانت هیچ تاکێکی دیار و پەنجەنیشان ناگرنەوە، شیعریش پەخشی ئەخبار نییە ناوی کەسان و شوێنان و مێژووی ڕووداوان بکاتە لیستە و لە دێرەکانیدا قەتاریان بکات، بۆیەیە ئەوەی لەبارەی خراپەوە دەیڵێت، زۆر جاران، لەوانەیە بەدکارەکەش بیڵێت.

لەمەوە دەمەوێ بە شاعیری کوردی نوێخواز بڵێم خەستکردنی تەمومژی ناو تەعبیر و هەڵنانی پەردەی نامۆیی بە دەوری هەڵبەستەوە حەشارگەی خۆ تێدا بواردنە، ئنجا نمایشتی ماسوولکەی هونەرە، ئینجا سلێمانی گوتەنی «خەنجەر لە کا» یە بێ ئەرک و مەسرەفەکەیە، ئنجا «بیتاقەی شەرەف» بە خۆبەخشینە بۆ ڕیزی هەرەپێشەوەی قارەمانە ڕاستینەکانی هەرای فکر و باوەڕی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی گەلان.

ئاخێوەر هەتا لە تەم و نامۆیی زیاد کات خۆی لە خەبات دەشارێتەوە... بووکەکانی فکری مارەبڕی خۆی ناکات... بگرە دەخزێتە ناو ئەو بورجە عاجینەی کە لە فێرگەیەکی سەرلەبەری فکر و هونەر کراوە بە عەیب. ئنجا ئەگەر جوانی و شکڵی شیعر جارێکیان پەرژینی سەلامەتی بۆ کێشابێ، ئەو جینگڵ خواردنەی لە نێو بورجە عاجینەکەدا بەهۆی تەعبیری نامەفهووم لە زوربەی هەرە زۆری گەلی دادەبڕێت چونکە یەک تاکی جەمبوورەی ئەو خەڵقە لە قسەکانی ناگات.
شاعیری کەس تێنەگەیشتوو کە لەلایەن خەڵقەوە پێشوازی لێ دەکرێت، بەهۆی مەفهووم نەبوونی قسەکانی ئەو پێشوازیەی لێ ناکرێت، بەڵکو لە شێوەی قەرز و خواستنەوەدا پشکی «حورمەت و خۆشەویستی» لە تێکڕا مەفهوومی «شاعیریەتی»، نەک لە مەفهووم نەبوون، بۆی دەبێ بە ماڵ. سەرمایەی شاعیری نامەفهووم لەو شەعبییەتەی کە هەیەتی قەرزی دەست بەسەردا گیراوە.

شیعری زێدە تەماوی، بە ناچاری دەبێتە وتوویژ لەگەڵ خۆدا کردن، ئەوپەڕی لێک کێشرانەوەی جغزی مەفهوومبوونی ئەوەیە بەرەی شاعیران لە ڕێی کوتانەوەی ڕێگای لە یەکدی نزیک و لە یەکدی شارەزا بدۆزنەوە بتوانن لە یەکدی بگەن، یاخود هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی واتا لە شێعری هاوڕێکەی بداتەوە، کە ئەمەش شێوازێکی نوێی بابەتی لێکدانەوەیە خەریکە لە زوربەی مەیدانەکانی سەقافەت خۆی دەکاتە ڕوانگەی سەلمێنراوی تێوەڕامان، تا ئەوەی بەرهەمی کۆنینە دەدرێتە بەر نیگای سەردەم نەک بە نیازی پتر تێدا ڕۆچوون و ڕوونترکردنەوە و سەرەژوورتر بردنی سەرچاوەی ماکەکانی ئەو بەرهەمانە بەڵکو بە ڕاگوێستنی پاتەوپات و یەکسەری بەرهەم و خاوەنەکەی لە ڕۆژگاری خۆیەوە بۆ ئەم ڕۆژگارە وەک کە کورِی ئەم ڕۆژە بێت... هەر یەکەیان بە جۆرێک واتای لێدەداتەوە بە تەواوی خاوەن هونەرەکە کپ دەکات.

دەبێ بزانین شیعر لە بنەڕەت و لە یەکەم جوولەی هەڵنانیەوە جۆرە داپۆشراوییەکی وەک پەردەی تەنک یا ئەستووری بەسەرەوەیە لە چاو قسەی عادەتیدا، تا ئەوەی ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ شیعری زێدە سادە و ساکار و مەفهووم بە کاری هونەری لە قەڵەم نادریت، مەگەر لەوانە بێ کە پێی دەگوترێ «سهل ممتنع». بە نموونە، ئەم دێرە شیعرەی شێخ ڕەزا بەهۆی داڕشتنێکی نەختەک عادەتییەوە بوو بەو نامەفهوومەی کە هەر ئێستا باسی دەکەم:

کێ بێ لە دلێرانی عشایر کە نەچووبێ
وەک تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بەنافا

وەک دەبینیت دێرە شیعرەکە لە بەشی هەرە واتا ئاشکرای هۆنراوەیە، کەچی نیمچە شاعیرێک ئەمەی خوارەوەی لێ خواستەوە و کردی بە دیاری بۆ نەوەیەکی عوسمان پاشای جاف:

ئەوی نەوەی میر بەناف
ناعەلاجم شەو لە داخت لیر ئەکەم

ئەگەر دێرە شیعرەکەی شێخ ڕەزا هەڵوەشێنینەوە بۆ باری عادەتی ئاخاوتن و بڵێین: «کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نووکە ڕمی جافی بە ناوکدا نەچووبێ وەک تیری ئەجەل؟» نیمچە شاعیرەکە چاوی ڕەشکە و پێشکەی نە دەکرد لە وشەی «بەنافا» و وا تێبگا لە کۆتایی شیعرەکەدا سیفەتە بۆ «جاف»، ئنجا هەقیشم نییە بەسەر نەبوونی کێس و واتا لەوەی بە دەوری «بەناف» فەرموویەتی...

شیعری ئێستاکەی کوردی، زۆر بە داخەوە، پێبەپێ تێهەڵکشیوە لە نامەفهوومی تاکو گەلێک جاران دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لەخاوەنی بەولاوە ڕەنگە کەس تێی نەگات. ئەو نامەفهوومییە و نامۆییە لەوە دەرچوە زادەی عەفوییەت و وروژان و جۆشان و هەڵڕژان بێت وەک ئەوەی کە دەمەوانەی دەفری داخراو و ئاخناوت هەڵگرت ناوەڕۆکی دەفرەکە هەڵڕژێت و دەرپەڕێت. نامۆیی لە شیعری نوێبابەتی کوردی بوە بە شەقڵ و دەق و نەخش و ڕوخسار، بگرە تا ڕادەیەک بەرەو دەروونی شاعیریش ڕۆیشتوە لەوەدا کە خەریکبوونی شاعیر بە دۆزینەوەی داڕشتنی سەخت و وێنەی کێوی بەرەو خەیاڵ و واتای ورد و تێکهەڵکێش و نامەئلووفی ئەوتۆیەوە دەبات کە «معاناة» ی عادەتی نایانگاتێ، ڕەنگە ئەم وردپێوییە و تەنک هەڵبڕینەوە و خەیاڵ باریککردنەوەیەش تەنها سوودێک بێت بە شیعری کوردی بگات لە بری لە دەست چوونی ڕوونی و ساکاری و ئاشکرایی کە سەرچاوەی لێ خواردنەوەی ئاپۆڕەی خەڵقە.

واتا و خەیاڵی دووڕەدەست بە خۆی و نرخە هونەری و مەعنەوەیەکەیەوە وەک ئەو گەنج و زێڕ و گەوهەرەیە کە لە خەزنەی دەوڵەمەنددایە و بەر نیگای من و تۆ ناکەوێ، داخیشم ئەو داخەیە کە گەوهەری وەها نایابی کوردی، وەک دەست ئێمە چوە، تەرجەمەش نەکراوە بۆ زمانێکی دیکە بەشێوەیەک لە عالەمی ڕابگەیەنێ کە شاعیرە بێ پوول و پارەکە، بگرە بێ شەهادەکەی، کورد بە گەوهەری واتا و شێوەی کەس نەبیستوو و کەس نەدیتوو ئەو سامانە مەعنەوییەی بە دەوری ڕووتەڵەیی خۆیەوە هەڵناوە تا ئەو ڕادەیەی بتوانێ بەخشندە بێ و لێی بخوازرێتەوە. هیچ موجامەلە لەوەدا نیە کە دەڵێم شیعری نوێ بابەتی کوردی وەهام بیستوە بە قۆناخ پێش زوربەی، ئەگەر نەڵێم هەموو، شیعری نوێ بابەتی جیرانەکانی کورد کەوتۆتەوە، تەنانەت جارێکیان بە یەکێک لەو شاعیرانەم گوت کە تۆ دێیت و لە فلانە بڕە شیعرتدا، بەڵای خۆتەوە، بە ناوهێنانی چەند شاعیری غەیری کورد ڕووکاری هەڵبەستت بەرز دەکەیتەوە ئنجا لە بەرزایی هەڵبەستەکەتەوە دەتوانی دەست بهگەیەنیە دەستە بەرزکراوەکانیان بەرەو ئاسۆی پەروازت. لەمەشدا یەک تۆسکاڵ موجامەلەم بەکارنەهێنا چونەک بە ڕاستی و سەد جاران بە ڕاست ئەو بڕە شیعرە کە نموونەی گەلێک پارچەی دیکەی وەک خۆی بوو تاکە یەک هاوتای نەبوو لە هەموو ئەو شیعرە ناودەرکردوانەی غەیری کورد کە من لەو چەندین سااڵنەی دواییدا بیستوومن. جوانی و بەرزیی بڕە شعرەکەش پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتبوو ئایا تێیان دەگەیت یا ناگەیت. وەک فرۆکەی بە هەواوە هیچشی تێناگەیت و پێشەوە دەحەپەسێیت.

شیعری نوێبابەتی کورد گەلێک بەولای شیعری سەدەی نۆزدەمی کورد، لە نامۆیی و نامەفهوومی تێپەڕی کردوە، جا ئەگەر گلەیی لە شاعیرێکی بەر لە سەد ساڵ بکەین کە شیعری تۆپکلداری گوتووە دەشزانین ئەو شاعیرە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە جارێ شیعر نەبووبوە فەرمانبەری بیروباوەڕ، شاعیریش داوای شەعبییەت و گەلدۆستی نەدەکرد، خۆ دیوانەکەشی چاپ نەدەکرا، هیچ بەرە و تاقمێکی ڕۆشنبیرانیش بۆی نەدەبوونە پڕوپاگەندەچی نە خۆی بەتەمایە و نە کەسیش لێی دەسەلماند ببێتە پاڵەوانی کۆمەڵایەتی و قەومایەتی و ... و نە... نە... ئنجا شیعرەکانیشی لە چاو شیعری سەردەم ساکار و ڕوون بوون ئایا دەبێ چ جۆرە گلەییەک بکرێ لە نامەفهوومی شاعیری نوێخوازی نوێبابەتی کورد.

هەموو ئەو «نە... نە...» یانەی شاعیری کۆن بۆ «ئەرێ... ئەرێ... بەدی... بەدی.. بەڵێ... بەڵێ...» یە ڕێز و خۆشەویستنم بۆ شاعیری سەردەم ئەوەم لە بیر نابانەوە کە دەبی تێی بگەم... دەبێ خۆی لێم ئاشکرا بکا. داوا لە هونەر و توانای دەکەم یا قاڵبی وەها دارێژیت بە دڵی خۆی و بە فەهمی بیسەر بێ، یاخود پتر ڕووناکی بخاتە نێوان شیرازەی تەنینەوەی داوە باریک و لوول خواردوەکانی ئەو فکر و سۆزەی کە لە بەشێکی بەرچاوی شیعری ئێستاکەیدا بۆ شیعرخوێنی عادەتی و فراژووش گرێپچکە دەکا.

من ناڵێم، لێشی قبوڵ ناکەم، بە دەمودووی ئاخاوتنی عادەتی و پەخشانی سادە لەگەڵمدا سکاڵا بکات، تاوانباریشی دەکەم کە بە نیازی خۆڕوونکردنەوە و مەفهووم بوون واز لە وێنە و واتای کێوی و ڕامکردوو بهێنێ... مۆسیقا بدۆڕێنێ... پەردە و پۆشینەکانی سەر ڕووی بووکە خوولیاویەکانی بپێچتەوە... من مامۆستای قوتابیانم لە شاعیر و هونەرکار ناوێ... واعیز و پەندیاریشم ناوێ... ڕابەر ئایین و کۆمەڵایەتیشم ناوێ. ئەمانە بێ ئەوەی شاعیر بن هەن و لە کاردان... من شاعیرێکی هەستیاری هونەرکاری دەست ڕەنگینی هەناو تەقیوی جەزبەگرتووی شێت و شەیدا و بەلەرز و تا و... مەفهووم دەوێ، ئۆباڵی ڕسکان و نەڕسکانی ئەو مەرجانەش دەچێتەوە ئەستۆی بەهرەکەی، ئۆباڵی لێ حاڵیبوونیشی، ئەوسا، دەچێتەوە ئەستۆی خۆم.

نامۆیی شیعر، یا هەر بابەتێک بێ، کە گەیشتە پلەی پێچرانەوە و لوولخواردنی ئەولای تێگەییشتنەوە چ پێویست بەوە ناهێڵێ لە ناوەڕۆکەکەی بکۆڵرێتەوە ئایا ڕووی قسە و وتوویژی لەگەڵ چەندیەکی میللەت و کام بەرە و چینی میللەتە. پارچە هەڵبەستی وەها هەیە هەر لەبەر شێوازە نوێ پێوەکەی دەزانرێ نوێخوازە و کۆنەپەرست نیە. تۆ بڵێی ئەم داڕشتنە پشت لە «عروض» ەوە ئەم شیوە تەماوییە نامەفهوومە لە کوێوە پەڕیەوە بۆ ناو هەڵبەستی کوردی؟

هەڵبەت ناشێ بڵێین نمای ئاسایی و فراژووبوونی خۆڕسک شیعری کوردی لە عەروزەوە ڕاگوێست بۆ ئەو حاڵوبارەی کە هیچ پێوەندی بە ڕابردوویەوە نەهێشت، چونکە وەک دەزانین ئەو گۆڕانەی کە لە هەڵبەستی کوردیدا گەییشتە ڕادەی بەرەواژبوون و هەڵگەڕانەوە لە چەند ساڵێکدا ڕووی دا بەحاڵ بەشی لاساییکردنەوەی دەکرد چ جایی ئەوەی عەروزی تێدا پیر و گەندەڵ بێت و چڕۆی تازە دەرکات و ببێتە نەمامی شیعری نوێی کوردی.

ئەوەی بیەوێ گۆڕنی شیعری کوردی بباتەوە بۆ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و شارستانەتی و کوردستان نەکا دەماری پێوەندی ژووڕخان بە ژێرخانەوە بپچڕێ دەبێ ئەوە بە یادی خۆیدا بهێنێتەوە کەوا کاتێک شیعری «گۆران» تطوری کرد و بە دوا ئەودا زوربەی شاعیرەکانمان عەرووز و شێوە داڕشتن و بۆچوونی میراتییان تەڵاق دا هێشتا لە هەموو کوردستانی عێراق سێ ناوچەی لیوا و یەک دوو ناوچەی قەزا کارەبای تێدا هەڵکرا بوو و جارێ کوردەواری یەک بست بەلای پیشەسازی و جووڵەی هونەری و پەرەسەندی خوێندەواری و تازەبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادیی ئافرەت و ڕەهابوونی بیروڕا و ئەو جۆرە دیاردە ژیارییانەوە نەچوو بوو کە ئیتر ناشێ بڵێین گۆڕانی مێژوویی کورد هۆی گۆڕانی شیعری کوردی بوو. کە شێعری کوردی کیفی کۆنی خۆی، وەک ماری دمەو هاوینان، داڕنی جارێ زوربەی کوردەواری لە بری «ژنەکەم» دەیگوت «خێزانم... ماڵەوە... منداڵان».

بە کورتی دەڵێم ئەوەی بوە بنەمای گۆڕانی شیعری کوردی دوو چشت بوو: یەکەمیان چاولێکەری شێوازی دەرەوەی کوردستان، بگرە هی ڕۆژهەڵاتیش. دوەمیان، کە هەر خۆ پەلەی بە هۆی یەکەم کرد، بڵاوبوونەوەی زۆر خێرای فکری نوێخوازی دوای شەڕی دوەم بوو بە هەموو دنیا نەک هەر بە کوردستاندا، کە یەکێک لە داهێنانەکانی نێو کوردانی ئەوە

بوو وای لە نۆبەرەی ڕۆشنبیری ئەوسای کورد گەیاند گۆیا شکڵی عەرووزی لە شیعردا پاشماوەی سەردەمە پاشکەوتوەکانی کۆنەپەرستییە هەر وەک لە گەلێک مەیدانی دیکەی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕدا شەڕی پێ نایەوە دژی ئەوەی پێی دەگوترا کۆنینە. ئەوەی زیاتریش لە نێو شاعیرە نەوباوەکانی کورددا وای کرد شیعری عەرووزی و شێوازی کۆن قڕانی تێ بکەوێ پتر لەوەی لە نێوان فارس و عەرەبدا قڕانی بێت هەژاریە بێسنووریەکەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و سەرلەبەری وجودی مێژوویی کورد بوو کە ئەوەندە سامانەی بۆ کوردی دوای حەربی دوەم بەجێ نەهێشتبوو خۆی لەبەر شاڵاوی نوێخوازیی بێسنوور بگرێت.

ڕابردووی کورد ئەوەندە هەژار بوو نەیتوانی ڕوخساری حازری بپارێزێ لە ئاست ئەو وروژمەی کە فکری نوێخواز لە ژیاریی ئەوروپاوە بۆی هێنا، بە پێچەوانەی عەرەب و فارس کە لە بەرانبەر پاڵەپەستۆی فکری نوێخوازی پاش شەڕی دوەمدا سامانی فکری و مادی میراتی ئەوتۆیان هەبوو زۆرانی لەگەڵ هێزە هەڵتەکێنەکانیدا بکرێ و بارتەقای ڕاوەستێ. کوردەواری بەر لەوەی لە پلەی بەرەژوورچوونی مادیدا بگاتە میسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشا هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وازی لەو شێواز و دارشتنە هێنا کە ئێستاکەش لە قاهیرەی 1980 دا هەر باوە.

لە پاشماوەی گەشەکردنەکەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە دریژە کێشانی ڕسکانە کوتوپڕە سەرکەوتوەکەی ئەدەبی نالی و شاعیرەکانی دیکەی کوردی سەدەی نۆزدەم بوو، چەند شاعیرێک بە تەمەنی کاملیانەوە، لێرە و لەوێ ـ بە زۆریش لە سلێمانی ـ لەگەڵ شێوازی کۆن و شێوەی عەرووزیدا بەسەریان برد تاکو چرای عومریان کوژایەوە، ئیتر جیلی دوای، هەروەک لە بیرکردنەوەی ڕامیاریدا، پێوەندییان بە کۆنەوە نەما لە شێواز و ناوەڕۆکی شیعریشدا بە تەواوی لێی دابڕان تا ئەو ڕادەیەی کە ڕاستە بگوترێ دەماری نەسەبیان بە ڕابردووەوە هەڵبڕیەوە.

وەک دەزانین ئەم لە قەپێلک هاتنەدەر و دارنینی کیفی کۆن کە ڕۆشنبیری کوردی دوای شەڕی دوەم کردی کێشایەوە سەر دوشمنایەتی «تراث» و بەینێکیش دەوامی کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە گەشبینی و بەڵێنە خۆشکەڵەکانی فکری نوێخوازی کورد لەسەر تەختە بەردی ڕەق و تەقی هەژاری و نەداریی کورد وردوخاش بوون «تراث» نرخێکی پەیدا کردەوە، چونکە وردە وردە بە دەم تەجرەبەی تاڵەوە زانرا کە چینی لێرە بە پێشەوە و لەوان بە پێشترەوە ئەو گوناهبارە نین کە خەیاڵە شلکە سافیلکە بێ تەجرەبەکەی گەنجە نوێخوازەکان لێیان بە هەڵەدا چوو بوو، تاوانی دواکەوتنی کوردیش ناچێتەوە ئەستۆی «تراث» و «ڕۆشنبیری» ی کلاسیکی کورد، مەگەر بایی ئەوەی حاڵوباری نالەباری کوردی سەردەمی ئەو گەنجانە بچێتە ئەستۆی گەنجەکانەوە، واتە تێشکان و نەهاتنە دی بەڵێنەکانی باوەڕی نوێخوازی کوردی دوای شەڕی دوەم پێبەپێ بوو بە پاکانە بۆ ڕابردووی کورد چونکە بە هەست و بە دەستیش زانییان ڕەهابوون و بە ئاوات گەییشتن بۆ میللەتی هەژار و بێهێز ئەو دەست هەڵێنجە نییە کە لە ڕاپەڕینەکەی «وثبة» ەوە گەنجە نوێخوازەکان لێی بەپەلە بوون. ئێستای بینینی ڕۆشنبیری کورد، وەک مزاش، حورمەتگرتنی کەلەپوور و بەردەوام بوونە لەسەر شێواز و نیازی نوێ.

لەبەر تیشکی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا، کە من بە ڕاستی دەزانم، مەعلووم دەبێ شێوازی نوێی عەروزنەویستیی شیعری کوردی لەسەر بنجی مێژوویی خۆی نمای کردوە، پەرەسەندنیشی هی پێداویستی سەردەمی کوردی نییە بایی ئەوەی کە وەچەی لێک ماربڕانی هەژاریی مێژووکردی کورد و وروژمی سەقافەتی ڕۆژاوایە، ئنجا کە شاعیرێکی کورد دێت و لە نێو لووزەوە جودا جوداکانی فیکر و شێواز و بۆچوون و ڕواڵەت و گەشکەگرتن و، بە تێکڕایی «ناوەڕۆک و ڕوخسار» ی سەردەمدا تەکان دەدات و مۆدێل دەگۆڕێت و ڕاوی واتای ڕامکردوو دەکات و تەمومژ لە خۆی دەئاڵێنێ بۆ ئەوەی، بەلای خۆیەوە، لە کاروانی بزووتنەوەی ئەدەبیی جیهانی دانەبڕێ دەبێتە ماملەتکەری مەڵبەندێکی «شیعرکردی خەیاڵکردی لاسایی کرد» ی ئەوتۆ ئەگەر لە کوردستانی هەڵکەنیت و بیبەیتە «تەموڤرستان» خۆی لە دەوروبەرێکی زۆر نائاشنادا نابینیتەوە چونکە لەوێشدا هەمان ماملەت و کار و بازاڕ لە گەڕدایە.

تەمومژ و نامۆیی بەبەرپەوە هەیە تارمایی مێوان بە هی خانەخوێ بناسرێت...

«...»

پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردیی سەدەی نۆزدەمدا

بەیان، ژمارە 72، ساڵی 1981

بەر لەوەی من بڵێم لەخۆوە دیارە، شیعری کوردی بریتییە لە هەموو ئەدەبی کوردیی سەدەی نۆزدەم، چونکە بێ لە شیعر هیچ بابەتێکی دیکەی ئەدەب لەنێو کورداندا زمانی کوردی بۆ بەکار نەهاتووە، نە لەو چەرخە و نە لەویش بەپێشتر. بەڕواڵەت سەیر لەوەدایە کەوا پەخشان لە زمانی کوردیدا دوای شیعر کەوت، چونکە وا چاوەڕوان دەکرێ مرۆڤ زووتر ئامرازی سادەی تەعبیر بەکار بهێنێ (کە لێرەدا پەخشانە) ئنجا مەیلەو لەسەرخۆ و بەدرەنگە کاتەوە تێ هەڵکشێ بۆ بەکارهێنانی ئامرازێکی باهەڵداوی، تێکهەڵکێشی، بە پێوانە و کێشانەی وەک شیعر. بەڵام، ڕاستییەکەی، لەو ژیانە زێدە هەژارە - زێدە سەرەتاییە - زێدە سادە - زێدە سەراوەی کە گەلی کورد بەدرێژاییی مێژوو بەسەری بردوە پەخشان کاڵایەکی بە فیز و ناز و ئەرستۆکرات و دوورەدەست و نایاب بووە کە لە کۆمەڵگەی کوردا ببرای ببرای کڕیاری نەبووە، تەنانەت نامەی عادەتیی نێوان خەڵق بە زمانی بێگانە - بەزۆری فارسی - نووسراوە.

زمانی بێ خاوەن و خزمەت تەنها بەسەر زاری ئاخێوەرەوە دەژیت. نە حکومەت، نە تیجارەت، نە کەسبوکار، نە مەزهەب و دین هیچیان لە نووسینی ڕەسمی ئەدەبی و زانستیدا بەلایەوە ناچن. زمانی بێخاوەن هەروەک نووسەر و دانەری نابێ، لە شکڵی بەدیهییەدا، خوێنەرەوەشی نابێ، ئەگەر بشێ بڵێم لە میللەتی وەک کوردی بێ فێرگە و دەزگای ڕۆشنبیری بەر لە سەدان ساڵ مومکین بووبێ خوێندەوار هەبووبێ، کە نەبووە... مەبەستیش لە بوون و نەبوونی خوێندەوار لە نوقتەنیگای ڕەواجی پەخشانەوە ئەو ژمارە بە پۆزەیە کە کۆڕ و بازارێک بۆ کاڵا و بابەتەکە پەیدا دەکەن نەک تاک و تەرا.
بەهەمەحاڵ حیکایەتی نەبوونی پەخشان لە نێو گەلی بێ کیان و بێ دەسەڵات و ساماندا خۆی بەتەنها باسێکی بەرفرەوانە و گەلێک هۆ و ئەنجام تێیدا تێک دەکەنەوە و دیاریدەیەکی زێدە سەلبیی کاریگەر لە کۆمەڵەدا پێک دەهێنن کە یەکێک لەوان پەیدانەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە، بەڵام ئێرە جێی لێدوان و شیکردنەوەی ئەم باسەی تێدا نابێتەوە، تەنانەت ئەگەر بەدوا شیکردنەوەی تاکە دیاردەی سوڕگومبوونی مێژووی میللەتی بێ پەخشان بێ نووسینی ئەدەبی و بێ زمانی یەکگرتوو بکەوین بەدرەنگەوە لێی دەبینەوە، بۆیەیە وەها بەخێرایی و سەرکێڵ بایی ئەوەی تاکە وشەی «ئەدەب» داوای کرد پێدا تێ پەڕیم و لێشی دەرچووم بۆ ئەوەی بڵێم: شیعر پتر لە پەخشان دەتوانێت بێ ئەوەی بازاڕی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەت لەگەڵ کردنی هەبێت بژێت و پەرەش بسێنێت چونکە شیعر بەر لە هەموو شتێک سکاڵای تاکی هەستیار و هونەرکارە لەگەڵ دەروونی خۆیدا کە ئەمە لە سەرەتاوە پەکی لەسەر کڕیار نەکەوتووە، ئینجا بە هۆی سۆز و جوانی و ئارایشت و هونەرێکی تێدا هەیە گوێگریشی دەبێ بێ ئەوەی لەو گوێگرتنەدا سوود و زەرەر و پێداویستی مادی چ دەخلێکی هەبێت. تۆ لە شیعر ڕاگوێزە بۆ هەڵبەستی فۆلکلۆری دەبینی لەوێشدا شایەر و گۆرانیبێژ و بەیتخوێن پەکیان لەسەر پاڵپشت و یاریدەدەر نەکەوتووە، بەدوا کڕیاریشدا ناگەڕێن چونکە ئەوانیش وەک شاعیر، بەڵام سادەتر لەو، هەستی دەروونیان لە کولانەی ئەو بەهرە فیتیرییەی کە دەسەڵاتی هەڵبەست و چڕینی پێ داون بۆ بەرگوێی نەبیست و بیسەر وەدەر دێنن، خۆ ئەگەر کڕیارێک پەیدا بوو لە ڕۆژی شایی و زەماوەند و داوەتدا دەها چاکتر، زێدە پارووێکە لە خوا و بیسەر بەزیاد بێت.

کە زانرا کورد لە سەدەی نۆزدەمدا تاکە بابەتێکی ئەدەبی هەبووبێت شیعر بووە ڕێی ئەوە نامێنێت بە دوا لێکۆڵینەوە لە پای شیعر لە ئەدەبی کوردیی ئەو سەدەیە بکەوین چونکە شیعرەکە خۆی هەمووی ئەدەبەکەیە. لەم حاڵەتەدا دەشێت هەوڵ بدەین بۆ دیارخستن و ڕوونکردنەوەی پایەی شیعری کوردی، وەک کە شیعرە، ئەویش لە ڕێی بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری دراوسێکانی کەوا، کەموزۆر، ئەوانیش لەو چەرخەدا مەیدانەکانی ئەوسای شیعری کوردیان کوتاوەتەوە، بەڵام نووسینەکەی من ئەو بەراوردکردنەی نەکردۆتە مەبەسی ئێستاکەی خۆی چوونکە نیاز لێرەدا باسی «پایەی شیعری کوردی لە ئەدەبی کوردی»یە، کە شیعرەکەش خۆی ئەدەبەکە بوو دروستتر ئەوەیە بزانین پایەی لە ژیانی کوردەواریدا

چی بووە؟ چ دەورێکی دیتووە لە بووژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی؟ گیانی قەومایەتی؟ چ کەلێنێکی لە دەروونی مەردمدا پڕ کردۆتەوە؟ چ خزمەتێکی بە زمانی کوردی گەیاندووە؟ چ هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی بە کوردگەل هەڵناوە؟ ئەم تەرزە پرسیارانە و وەرامەکانیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و زیندەڵ لە نێوان شیعری کوردی و کۆمەڵایەتی و قەومایەتیی کوردەواری ڕووبەڕووی نەبووین: چۆن وەها ڕێک کەوت کە کوردستانی خواروو، لەنکاو، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا ملی نایە شیعری کوردی؟ ئەم هەڵبەزینەوە و بازدانە لە چییەوە بوو؟

وەک دەزانین شیعری کوردی بۆ یەکەم جار لە کوردستانی خواروودا لە لایەن نالی و سالم و کوردییەوە بەکارهاتووە. ئنجا ئەگەر ژیانی نالی بکەین بە دیارخەری ئەو ڕۆژ و کاتەی کە شیعری کوردی هەڵێنا، بێ دەمەتەقە، سەرەتای شیعری کوردی لە کوردستانی خواروودا دەکەوێتە یەکەم پێنجیەکی سەدەی نۆزدەم، چونکە وەک سەرچاوە نووسراوەکان باسی نالیمان بۆ دەگێڕنەوە لە ساڵی 1797 هاتۆتە دنیا؛ بە پێی ئەوە کە بەشی هەرەهەرە زۆری شیعرەکانیشی کوردین، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین چاو لەو دوو سێ پارچە هەڵبەستەی بپۆشین کە بە فارسی و تورکی و عەرەبی داینناون، دیارە هەر لە سەرەتاوە بە کوردی شیعری هەڵبەستووە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێت یەکێکی وەک نالی گومانی دانانی شیعری عەرەبی و تورکیی لە سەرەتاکانی شاعیریەتییەوە هەرگیز لێ ناکرێت چونکە لەو تەمەنە زووەدا هیچ یەکێک لەو دوو زمانەی نەزانیوە، زانینێک کە بەسەر هەڵبەستیدا ڕاشکێنێ. دەمێنێتەوە فارسی کە دەزانین بۆ نالی هەموو هاوچەرخەکانی لە عەرەبی و تورکی ئاشناتر بووە، ئەویش بەسەرنج لێ گرتن هەر دەچێتەوە ڕێزی عەرەبی و تورکی چونکە مەهارەت پەیداکردن لە زمانی فارسی باییی ئەوەی کوردێک شیعری پێ هەڵبەستێ لە ئیممکاندا نییە مەگەر دوای خوێندنی فارسی و ئەزبەرکردنی دیوانی شاعیرەکانی فارس. دیارە ئەم مەرجانەش لە تەمەنی 15-12 ساڵیدا بۆ نالی و کەسی دیکەی وەک ئەو نایەتە دی. کەواتە گومان لەوەدا نییە کە نالی پڕانی هەستی شاعیرییەت و یەکەم دەربڕینی خولیاکانی لە ڕێی هەڵبەستی کوردییەوە بووە. ئنجا تۆ بڵێ چ هۆیەکی مێژوویی وەیا کۆمەڵایەتی وەیا ڕامیاری وەیا هەر هۆیەکی دیکە بێ پاڵی بە نالی و هاوڕێکانییەوە ناوە بەرەو هەڵبەستی کوردی؟

لێرە بێشەوە، لە نووسینی دیکەمدا. وەرامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. بەر لە وەرامەکەش زۆر زەینبزێوی و خەیاڵگێڕیم کردووە بۆ دۆزینەوەی وەرامی پرسیارەکە چونکە لە کەسم نەدەبیست و لە کەسم نەدەخوێندەوە دوور و نێزیک خۆی لە پرسیارەکە بدات وەیا لە شێوەی گرێچکەدا بیخاتە بەر نیگای خۆی و خوێنەران و داوای کردنەوەی گرێکە بکات.

وەک بۆم ساغ بۆتەوە، وەیا هەرنەبێ وەک باوەڕم هێناوە نالی و هاوڕێکانی لە حکومڕانی عەبدوڕەحمان پاشای بابانداً گەیشتنە تەمەنێک شیعری تێدا بهۆننەوە چونکە بەپێی ڕاگەیاندنی سەرچاوە مێژووییەکان عەبدوڕەحمان پاشا لە 1228 ی کۆچی (1813 ی زایینی) مردووە کە لەو ساڵەدا نالی بە تەمەنی 16 ساڵەیی گەیشتووە ئەمەش تەمەنێکە بەهرەی شاعیریەتیی تێدا دەکرێتەوە. بگرە زووتریش دەکرێتەوە. تەنانەت لەو سەردەمانەدا مرۆڤ کە بلوغی دەبوو هەستی بەرپرسیاری خێزان و گوزەرانگێڕانیشی بەخەبەر دەهات و بەزۆری لەو تەمەنەدا ژنیشی دەهێنا. باری ئێستاکەی ژیان و گۆڕانی شێوەی کۆمەڵایەتی و قانوونی و جۆری گوزەران و خوێندن و دەوری حکوومەت لە نەخشەی کۆمەڵ و سەروبەرێکی بەسەربردن و هەڵکردن وای کردووە لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤی شازدە ساڵی بە دەمڕووت و هەرزەکار لە قەڵەم بدرێ لەمەشدا ئێستاکە و ڕابردوو هێندەی بڵێی لە یەکدی ترازاون چونکە ئەم هەرزەکارە شازدە ساڵییە بەر سەد ساڵ بە پیاو دەخوێندرایەوە بەتایبەتی لە نێوان خێڵ و ئێلەکاندا کە بە فرمانی پێداویستیی گوزەران، ئەرکی بەرپرسی و پەلەی ژیان خێراتر نێرینەی دەرودەشتی لە منداڵییەوە هەڵدەداشت بۆ ناو جغزی کاملی، زووتریش شووی بە کیژان دەکرد.

ئەم ڕاستییەی گەیشتنی نالی و هاوڕێکانی بە تەمەنی شاعیرییەت لە حوکمڕانیی عەبدوڕەحمان پاشادا دەچێتەوە بەر ڕووناکایی ڕاستییەکی دیکە کەوا لەبەر تیشکی ئەودا دەبینین چۆن لە شێوەی حەتمی هەڵبەستن بە زمانی کوردی لەلایەن شاعیرەکانی بابانەوە دەبێتە بڕیاری مێژوو، عەبدوڕەحمان پاشا یەکەم ئەمیری بابان بوو دەستی دایە کوردایەتی و لێشی

بەدیار کەوت، واتە ئەم مرۆڤە لەوە دەرچوو وەک ئەمیرێکی عادەتیی حوکمخواز و دنیادۆستی ڕووت بێت چونکە وێڕای نیازی شەخسی لە حوکم و دەسەڵاتدا هەستی نەتەوایەتیش پاڵی پێوە دەنا بەرەو وەدەستهێنانی چارەنووس بۆ میللەتەکەی.

خوێندنەوەی ئەم هەستە پیرۆزەی نەتەوایەتی لای عەبدوڕەحمان پاشا لەوانە نییە چاو و زەینی سەرنجدەر مانوو بکات چونکە لە زۆر لاپەڕەکانی ئەم ئەمیرەدا کردە و گوتەی ئەوتۆ نووسراوە کوردایەتیی بێفێڵ دەڵێنەوە: یەک لەوان قسە مەشوورەکەیەتی لە ئاست ئەو پێشنیارەی بۆی کرا کە ببێتە والیی بەغدا بە ڕوتبەی وەزیری ئەویش هات و گوتی یەک فڕە بەفراوی کوردستان بەوە ناگۆڕمەوە... دووەمیان ئەو وەقفنامەیەتی کە بەسەر کتێبی دەستنووسی «صحيح البخاري»یەوە سنووری قەڵەمڕەوی بابان دەکێشێت و کتێبەکە وەقف دەکا بۆ «العلماء العاملين بناحية كردستان بين الموصل وبغداد وسنندج...» وەک دەشزانین کتێبی «صحيح البخاري» لای کوردی سوننی لە دوای قورئانەوە دێت کە ئیتر خزمایەتیی بە هەرچیی سەربە دنیاوە هەیە نایمێنێت، جا ئەگەر هەستێکی زێدە بەهێزی نژادناسی تێکەڵ بە هەستی خواناسی نەبێ کتێبەکە لە قەبەڵ تەنها عولەمای سەر بە نژادێکەوە ناکرێت...

سێیەمیان قسە ئاگرینەکانی عەلی بەردەشانییە لە بەیتی «عەبدوڕەحمان پاشا» کە هەمووی دەنگدانەوەی سرکە و کورکە و ڕاز و نیاز و وتووێژ و قسە و ڕاوێژی دیوەخانە و بارەگا و سپا و دەستەودایەرەی سەر بەعەبدوڕەحمان پاشایە کە عەلی بەردەشانی وەها بە پسپۆڕی دەیانکاتە هاندەر و وروژێنەر و پاڵپێوەنەر و تەکاندەر.

والێرەدا بەشێکی سەرەتای ئەو بەیتە بەشایەد دەگرم بۆ دروستبوونی ڕایەکەم:

ئەزم عەلی بەردەشانی
دەبەندێم نەکەی زمانی

بەیتی دەڵێم بە دیوانی
مەدحی پاشای کوردستانی

مەدحی پاشای کامیان باشە
شایەد ڕۆم و قزلباشە

هەر جاری شیری دەکێشا
هەمووی دەهاتنە تەماشا

عالەم ئالایە چاوەشە
مەردە عەبدوڕەحمان پاشا

پاشای بەبان جیهانگیری
تەحا بە ڕا و تەگبیری

ڕانابوێری بە ڕەزیلی
ناکەم خزمەتی وەزیری

نانی دەستێنم بەشیری
بەشیر نەبێ قەت پێک نایێ

دەوڵەت نایەتە ڕەدایێ
ناچمە سەفەری لەحسایێ

یاغی دەبم لە بەغدایێ
یاغی دەبم ئینشائەڵا

خزمەتی ناکەم بە وەڵا
ئافەریم و بارەکەڵا

تەوەککول بە تەعالەڵا
هەی کورِە بەبەینە هەڵا

ئەوەی نەختێک وێنەی ڕووداو و ڕۆژگار و چەندوچۆنی سەردەمی خۆمان و ئەو سەردەمانەی کە لە مێژووەوە بۆمان پارێزراوە لە دڵدا هەڵگرتبێ دەزانێ لەرزوتای نەتەوەپەرستیی ناو ئەو بەیتەی بەر لە 160 ساڵێک گەلێک گەلێک بەولای هەستی کوردایەتیی دەیان ساڵی سەدەی نۆزدەم و بیستەمی بەشێکی زۆری سەرلەبەری میللەتی کوردەوەیە. بێگومان پۆرگی هەناو و تەلی زمانی عەلی بەردەشانی ئاخناو و تەرجومانی ڕەهێڵ و هەورەتریشقەی نیشتیمانپەرستیی دەوروبەری خۆیان بوون.

هەستی نەتەوایەتیی عەبدوڕەحمان پاشا کەوا ڕاستییەکی ئەولای گومان و دەمەتەقەیە زادەی سەردەمێکە بە بەریەوە هەبوو مرۆڤی هەستیار و هۆشیار و بەپەرۆش و دڵئاوەدانی وەک ئەو پیاوەی تێدا بگاتە خۆناسینەوە و شانازی بە گەل و مەفتەنەوە کردن.

کە سەرنجێک بدەینە مێژووی کتێبە دەسخەتەکەی بوخاری (1211ی کۆچی) دەبینین ئەو ساڵە دەکەوێتە بەرانبەر 1996-1997 ی زایینی، واتە 8-7 ساڵێک دوای بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسە، وەک دەشزانین ئەو شۆڕشە ڕووداوە مێژوویی ڕاگەیەنەرەکەی بیری قەومایەتی و مافی نەتەوایەتی بوو نەک هەر لەڕێی پەند و سکاڵا و ئامۆژگاری و فەلسەفەوە، بەڵکوو بەهۆی دەمەچەقۆی ئاگاکەرەوەی کارەساتی پڕ ژان و ژوار و بە سفتوسۆی تێک هەڵقژان و ڕەوەبردن و لەسەرخۆکردنەوە و تێکدان و بنیاتنان و خوێن و ئاگر و بوومەلەرزەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و زانستییەوە. ئنجا کە میرێکی ئاسۆفرەوانی تێگەیشتووی بەرژەوەندزانی وەک عەبدوڕەحمان پاشا پەندی بیری نەتەوایەتی لەو ڕووداوە بێرەزایە وەربگرێ و لە کردە و گوتە و دەوروبەری تا دەگاتە شایەری بەیتبێژی بەدەر بداتەوە جێی خۆیەتی، بەڵکو لە پێداویستەکانە، کە شاعیرەکانی بگەنە پلەی هەڵبەستن بە زمانی دایکزادە.

ئەم گووران و ڕسکانەی ئاووهەوای «شیعری کوردی» بەدوا شۆڕشی فرەنسە و لە حاکمایەتیی عەبدوڕەحمان پاشادا جارێکی دیکەش لەوەدا خۆ بەدیار دەخات کە شاعیری کورد لە سەرانسەری کوردستانی عێراق و ئێراندا، بێوەخران، شوێن پێی نالی و کوردی و سالمیان هەڵگرتوە و کەوتنە سەر ڕاڕەوی هەڵبەستی کوردی هەر دەڵێی، کوردی گوتەنی، بێستانێک بوو بێنی تێ گەڕابوو چاوەنۆڕی شەپۆلیکی گەرما بوو کاڵک و کۆڵک و گۆزەڵەکانی تێکڕا بگەن.

ئەم قۆناغە زێدە گرنگەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیی کورد کە شاعیری کوردی تێدا گەیشتە پلەی هەڵبەستی کوردی تیشکێک بەرەو دواوە دەهاوێژێت و دیمەنێکی پڕ دەلالەتی هەستی فیتریی قەومایەتی ڕووناکتر دەکاتەوە: بەر لەوەی شیعری کوردی پەیدا بێ هەر دەڵی کورد شاعیری نەبووە. ناوناوەیەکی زۆر کەم نەبێ، تاکوتەرا، لێرەولەوێ کوردێک قەسیدەیەک و غەزەلێک و دوو بەیت و سێ بەیتی بە فارسی وەیا عەرەبی دانابێت لەوە بەولاوە چی ئەوتۆمای لە بەرهەمی شاعیری کوردستانی خواروی سەدەی نۆزدەم و پێشووتر پێ نەگەیشتوە «دیوان» پێک بێی. ئەگەر مەلا عەبدوڵای بێتوشی و شێخی نۆدەهی (لە شیعری عەرەبی- کە بەزۆری هی موناسەبە و هی دینن) و مەولانا خالید (لە فارسی و عەرەبی و کمێکی کوردی بە لەهجەی هەورامی) و حاجی بەکر ئاغای کۆیێ لە حیسابان دەراوێین تەنها دەمێنێتەوە ئەو چەند بەیتەی کە میژووی مەرگێک وەیا منداڵبوونێک وەیا خانوودروستکردنێکیان بەحسابی ئەبجاد پێ دەرهاتووە، ئەویش ئاغلەب بە فارسی، کەمتاکورتێکیش واها بووە نامەی برادەرانە هەڵبەستی فارسی لە نێواندا هاتووچۆیەکی کردووە. خولاسە دەتوانین بڵێین لە کوردستانی خواروودا بەر لە پەیدابوونی هەڵبەستی کوردی شیعرێکی ئەوتۆ بە غەیری کوردی نەبووە تێ بخوێندرێتەوە هەرچەند لەو سەردەمانەدا مەلایەتی و شێخایەتی، کە بنەمای خوێندەواری ئەوسا و جێ مەزندەی شاعیری بوون، لەوپەڕی گەشەدا بوون. وا دیارە شیعر کە پێوەندیی سەرەکیی

بەهەست و سۆزی دەروونەوە هەیە پتر لەگەڵ زمانی دایکزادا ئامادەیە لە زووێکەوە بپژێ. ئەوەی بەتەما بێ لە ڕێی زمانی بێگانەوە وتوێژی دەروونی دەربڕێت سەردەمی گەنجایەتی و گوڕی عاتیفەی لە دەست دەچێ ئینجا دەتوانێ هێندە مەهارەتە پەیدا بکات کە لە زمانەدا شیعر هەڵبەستێ، ئەوساش بە خۆهێنان و بردنێکی ئەرکدار بەیتێکی ساردوسڕی موناسەبە گەڵاڵە بکات.

هەر ئەم هۆیەی تەقینەوەی بەهرەی شاعیرییەت بە زمانی دایکزا وای کرد شاعیری کورد بتوانێ پتر لە جاران بە زمانی بێگانە، فارسی بەتایبەتی، شیعر دابنێت چونکە دەمەزەنکردنەوەی هەمیشەیی بەهرەکەی بە زمانی دایکزا کە لە سەرەتای عومری شاعیریەتییەوە گەشابۆوە دەبووە مانیعی کوێربوونەوەی تواناکەی بۆ بەکارهێنانی ئەو بەهرەیە لەهەر زمانێک بێت کە تێیدا بەڵەدە، هەرچی جاران بوو تا دەهات فێری زمانی بێگانە بێ لە تەمەنی پڕ هەیەجانی عاتیفەی گەنجایەتی دەترازا بەرەو تەمەنێک کە وەک گۆمی بەر ڕێژگەی قەڵبەز ڕادەوەستێت و کەفوکوڵی هەڵڕژانی دەپووچێتەوە. هەر لەم کولانەوە، بەقیاس، تێ دەگەین چۆن مەلای دانەر و پەراوێزهۆن (مؤلف و محشی) هەلی تەئلیف و حاشیەنووسی بە زمانی عەرەبی لەدەست نەدەچوو چونکە حاشیە و تەئلیف بەرهەمی پێگەیشتن و تێگەیشتن کە هیچ پێوەندییان بە گەنجایەتی و عاتیفە و بەهرەی شاعیرییەتەوە نییە، بەپێچەوانە، لەگەڵ تەمەنی کاملێدا گونجاو و خزم و دراوسێ و بران.

نەبوونی هەڵبەست بە زمانی بێگانە لەلایەن خوێندەواری کوردەوە دیمەنێکی دیکەی قەومایەتی-کۆمەڵایەتی لە خۆی بەرفرەوانتر دەکاتەوە بۆ بەر چاو و زیهنی سەرنجدەر، کە خوێندەوارەکە نەیتوانیبێ وەیا نەیویستبێ بە زمانی دەرەکی شیعر هەڵبەستێ نەخوێندووەکە هەرگیز نەیتوانیوە، بگرە بەبیریشیدا نەهاتووە، شیعری بێگانە لەبەر بکات و بیڵێتەوە چونکە دیارە شتی نامەفهووم لەبەر ناکرێ، کە بە زۆرەملێ و نیوەچڵ لەبەریش کرا گوتنەوەی بە شێوەیەکی شکستەی ناقۆڵا و ناحەز دەبێتە خەیاڵشکێن نەک دڵبزێو. ئەوسا لە کودووڵەی تەڕیشدا گوێگری نابێ بەڵکوو دەشێ گوێگران شیعرخوێنی ئەوتۆیی دەمکوت بکەن ئەگەر لێی نەدەن!

لەم بۆچوونەوە دەردەکەوێ کەوا بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی کۆڕی بەزم و ئاهەنگ و کۆبوونەوەی خۆشی و شایی و مەجلیسی ئیجازەی مەلایان و دانیشتنی شەوانەی دیوەخانان، بەدەگمەن نەبێ، شیعری تێدا نەگوتراوە، ئەوەی گوترابێ بابەتی فۆلکلۆری کوردی بووە وەک بەیت و لاوک و حەیرانە و گۆرانییە ڕەسەن و میراتییەکانی ئەڵاوەیسی و خاوکەر و تێکهەڵکێش و ئایای و نیوەشەو و ئەو تەرزە دەنگ و ئاوازانە. هەروەک لەم ڕۆژانەی خۆمان تێیدا ژیاوین خۆشکەرەوەی بەزم و ئاهەنگ شیعر و هەڵبەستی کوردی بووە. بە قیاسی ئەولاتەریق، گۆرانیچڕ و گوێگری کوردی بەر لە سەدەی نۆزدەم هەنگامەی کەیف و شادیی خۆی بە ئاواز و هەڵبەستی دایکزا تەنیوەتەوە نەوەک دەنگ و وشەی نامەئلووف و نامەفهووم تەڕدەماخییەکەی لێ بشێوێنێ. ڕاستییەکەی، نەفسی ئادەمیزاد لە دەمی خۆبەردان بۆ شادی و حوزن، وەک ساوا، گرۆگاڵ و لاواندنەوە بە تاکە زمانی دایکزا و شیرمژ هەڵدەڕێژێ چونکە تەقینەوەی عاتیفەی گەلێک خێراتر و کەلەڕێژترە لەوەی گیر بخواتەوە بەدەست تەرجەمە و ڕێکخستن و سازاندن و وەبیرهاتنەوەی لەسەرەخۆ و بەکێشانە و پێوانەی مامۆستایانە. بەهەمەحاڵ قسەی ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئاپۆرای خەڵقە نەک تاکوتەرایەکی بۆی ڕێک کەوتبێ کە هێندە لە نێو بێگانەاندا ژیابێت زمانەکەیان و هەموو ئاداب و داب و دەستوور و بۆچوون و هەستونەستیانی لێ بووبێتە هاوتای سروشتی زگماک.

ئەم خۆدانەوە بەزمانی دایکزا، نەک هەر لە دەمی خۆشی و ماتەمدا، بگرە لە هەموو هەڵوەستێکی ئەوتۆدا کە مرۆڤ موحتاجی قسەی گورجوگۆڵ و لەسەرێەک و نیشانەئەنگێو و دابڕ و دازڕ بێ هانابردنێکی ئاسایی و سروشتییە بۆ بەر چەکە هەرە بڕندەکەی لەسەرخۆکردنەوە و هەڵمەتبردن وەک ئەوەی کە لە کاتی هەرای شەڕە چەپەڵۆک و تێکهەڵقژان و شەڕەجنێو و یاری و گەپدا کەس بەبیریدا نایەت خەیاڵ لە قسەی ناو کتێبان بکاتەوە وەیا قسەی دەماودەمی بێگانە بەبیری خۆیدا تێ پەڕێنێت، تەنانەت زمانە ئەدەبییەکەی خۆشی لەو دەمەدا فەرامۆش دەکات و یەک ڕستەی لێ بەکارناهێنیت. ئەم ڕاستییە پتریش ڕوون دەبێتەوە بەوەدا کە تا ئێستا لەو تەرزە حاڵوبارانەدا شیعری نوێبابەتی ڕەها بەکار نایەت. تاکە یەک گۆرانی لە دەمی کەس دەرنەهاتووە شیعری بێ کێش و قافیە و پڕ لە پەردە و دەرگا و دۆڵابی تازەبابەتی گوتبێتەوە هۆیەکەشی دەچێتەوە بۆ نەگونجانی عەفوییەتی گۆرانی لەگەڵ (معاناة)ی هەردوو ڕووی ڕوخسار و

ناوەڕۆکی شیعری نوێ... لەم تێبینییانەوە بۆ ئەوە دەچم کە گۆرانیبێژی کورد بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی دەمی لە شیعری بێگانە نەداوە. ئنجا کە ئەمە وەها بێ دەزانین شیعری کوردی چ کەلێنێکی گەورەی لەو بەتاڵاییە جوانکارییە هونەرییەی ڕووپێوێکی بەرینی ژیانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و وجیدانی کوردی پڕ کردۆتەوە. تۆ بێنە دیمەنی ئێستاکەی کۆڕی بەزم و شادی پڕ لە ئاواز و زەمزەمەی شیعری کوردی بگرە بەدیمەنی ئەو سەردەمانەی کە بەر لە پەیدابوونی شیعری کوردی وشکێن و بڕینگێن و بێ تەڕاوەتی غەزەل و قەسیدەی شلک و ڕازاوەی کوردی بوون. ئنجا بیر لەوەش بکەوە کە گۆرانیبێژ و گوێگری کورد چ ناتەواوییەک و نوقسانییەکی گەورەی هەست کردووە لە نەبوونی غەزەل و قەسیدە بەسەر لەرزە و لەرەی ئاهەنگەکانییەوە. ڕەنگە ناو ناوەیەک کە لە دەمی دەرۆێش و گەڕیدەی جیهانپێوەوە گوێگری کورد غەزەلی فارسی بیستووە حەپەسانێک و سەیر هاتنەوەیەکی بێ ڕەوانەوەی توش هاتبێ و هەستی نارەحەتی لە دیارنەبوونی کاڵایەکی ئەوتۆی کوردی دایگرتبێ تا ئەو ڕۆژەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا پاڵەپەستۆی مێژوو لێهاتوویی عەبدوڕەحمان پاشا بلوێرە سیحرییەکەی هەڵبەستی کوردییان نایە سەر لێوە گەوهەرپژێنەکەی نالی و سالم و کوردی، ئیتر لەوانەوە زۆر بە خێرایی تێکڕای شاعیری کورد کەوتنە سەر ڕێبازی چڕین و هەڵبەستی کوردی.

خۆشامەدیکردنی کۆمەڵگەی کوردزمان لە شیعری کوردی گەیشتە ڕادەیەک کە ئەگەر پێشتر شاعیری کورد لە ئاڵقەی پیاواندا دەست نەدەکەوت دواتر ناوناوە ئافرەتی کوردیش بوو بە شیعربێژ. بەڵێ ڕاستە ژمارەی شاعیری ئافرەتی کورد تا بڵێی کەمە بەڵام دیسانەوە کە ئەو کەمتاکورتە بە نەبوونی شاعیری کورد دەگریت و بەراورد لە نێوان هەبوون و نەبووندا دەکەیت ژمارەکە بەزیادەوە گرینگ دەبێت. هەرچەند «ماهـ شەرەف» لە لایەن بەکارهێنانی کوردییەوە ناگاتە «ماهـ شەرەف»ی بوێژی فارسی، ئەو حسابەی هەر بۆ دەکرێت کە ئەویش لە پلەی پەیدابوونی هەڵبەستی کوردییدا بۆتە بوێژ و شیعری کوردیشی هەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوروبەر و پەروەردەبوون یارمەتی ماهـ شەرەفی دابێت بۆ گەیشتن بە پایەی بوێژی، دیسانەوە نەدەهات بە کوردی شیعر بڵێ ئەگەر شیعری کوردی لەبەر گوێیدا نەزرینگابایەوە، نالیش نەدەهات بە نشتەری زمانی کوردی گەوهەرەکانی بۆ بسمێ ئەگەر لایەنی کوردبوون و شاعیری کوردبوونی ماهـ شەرەفی ڕەچاو نەکردایە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا بوێژیکی خاتوونی وەک «حەزینە» لە کۆیە ماوەیەکی بەرفراوانی مەیدانی مەهارەت و شارەزایی لە شیعری کوردی بڕی تا ئەوەی لە بەشێکی شاعیرانی ئەو سەردەمەش پێش کەوتەوە. بێبەشبوونی ئافرەتی کوردی ئەو ڕۆژگارانە لە بەهرەی خوێندەواری هۆی کەمبوونی ژمارەی ئافرەتی کورده لە بوێژیدا، ئەو چەند تاکەی کە بووشن بە بوێژ لەوانە بوون دەوروبەر کردبوونی بە خوێندەوار.

دیاردەی نەبوونی شیعری بێگانە بەسەر زمانی گۆرانیبێژی کوردەوە بیرمان بۆ دیاردەیەکی دیکە دەبات کە ئەویش هەر دەچێتەوە بۆ گونجانی عەفەوییەتی زمانی دایکزا لەگەڵ عەفوییەتی کرانەوەی دەروون بۆ شادی و حوزن: شیعری هەر یەکێک لە لەهجەکانی کوردی تەنها لە نێوان ئاخێوەری ئەو لەهجەیەدا دەبیسرا چ بە گوتنەوە بی و چ بە گورانی، ئەووی کە لە بابەتی لەهجەیەکەوە بۆ لەهجەکانی دیکە بڵاو دەبووە شتی فۆلکلۆری بوو، بەتایبەتی بابەتێک کە سەرگوزشتە و حیکایەتی دەگێڕایەوە وەک زۆربەی لاوکی لەهجەی سەروو، بە عادەت گوێگری گۆرانی هەتا بەستە و شیعری لەهجەی خۆی چنگ بکەوێ گوێ بۆ شتی دیکە شل ناکا، بەڵام کە لە گۆرانیدا باسی بەسەرهاتی دڵداران وە یا شەڕی نێوان چاپووکسواران وە یا هەر ڕووداوێکی دیکەی ئەوتۆیبی هەبێ خەڵقەکە سەرەڕای بیستنی دەنگی خۆش و ئاوازی سازگار لەو گورانییانەدا، بە دیار باس و خواسی سالْحی نۆی قاوەچی و کەژێ و گەنج خەلیل و شیخ قادر و فەتاح بەگ گوێ و دڵ دەکەنەوە هەر نەبێ بایی ئەوەی کە بۆ سەرگوزشتەی حەفت دەرۆێشە و سەلیمی جەوهەری و کۆرەی یەمەن قوتاخ دەبن. وەک بە سەرنجگرتنیش دەردەکەوێ بابەتێ فۆلکلۆری لە نیوان ئێڵەکاندا لە لەهجەیەکەوە یۆ لەهجەیەکی دیکە پتر برەو دەستێنێ نەک لە نیوان دانیشتوانی شارستان واش بزانم هۆی ئەم ڕاستییە تا ڕادەیەک دەچێتەوە بۆ هاوچوونبوونی زەوق و خەریکبوون و ڕێکاری تێگەیشتن و نرخاندن و سەنگاندن و پێوانەی «نرخ و گرنگی»ی شتان لە نێوان ئێلەکاندا کە لە سەرەتا و بنەڕەتدا باری کومەڵایەتی و ژیاری و گوزەرانیان پتر لەگەڵ بەکتردا هاوچوونە نەک لەگەڵ هی شارستان. تۆ سەیری حەیرانە مەشووڕەکەی دزەییاتی بکە دەبینی پتر لە دەشتودەر و نێوان ئەهلی عەشرەتدا دەگوترێتەوە

به هەرحاڵ ئەم لایەنە لێرەدا بە تەواوی مەودای ساغکردنەوەی نییە، دیاردەیەکە لە شیعر و هەڵبەستـ و گۆرانییەوە کەوا ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵایەتین، سەرهەڵدەدات، بەڵام دەبێ ئەوەندە بخەمە سەر قسەکانم کە نامەئلووفبوونی لەهجەیەکی زمان لەبەرگوێی ئاخێوەری لەهجەیەکی دیکەدا دەچێتەوە بۆ لەیەکدی دابڕانی خەڵقەکە. وا بە چاوی خۆشمان دەبینین لەوەتەی یەکدی دیتن و یەکدی بیستن و لە یەکدی شارەزابوون پەیدا بووە، بەتایبەتی ڕادیۆ، خەریکە سەرلەبەری گوێگری میللەتێک، چ کورد چ غەیری کورد، گەلێک پتر لە جاران بە دیار گورانیی لەهجە جوداکانیەوە دەگەشێتەوە، هەتا دەنگی گورانییەکەش دلکێشتر بێ گەشانەوەکە گەشکەدارتر دەبێ.

هەڵبەستی کوردیی کوردستانی خواروو لە سەرەتای پەیدابوونیەوە شەقڵ و چەژ و دارشتن و ڕوخسار، تارادەیەکیش ناوەڕۆکی شیعری فارسیی بەخۆیەوە گرت، لەمەشدا بێگومان خزمایەتیی هەردوو زمان وێڕای تاووتینی ئەدەبی فارسی بۆ ویژدانی ئەدەب و خوێندووی کورد دەوری هەرە گەورەی هەبوو. خەیاڵی شاعیری کورد لە خەیاڵی شاعیری فارس نێزیک دەبۆوە نەک هی عەرەب و تورک کە دەزانین شاعیری تورکیش لە شیعردا پتر شوێنپێی شاعیری فارسی هەڵدەگرتەوە نەک هی عەرەب. هەرچی زمانی عەرەبییە لەلایەن مسوڵمانی غەیری عەرەبەوە لە قەبەڵ باسەکانی ئاین و زانست کرابوو، تەنانەت مەلاکان کە هەموو عومری خوێندن و مەلایەتییان لە «صرف ونحو»ی عەرەبیدا بەسەر دەبرد نەیان دەتوانی دوو قسەی عادەتی بە زمانی عەرەبی بڵێن مەگەر مەلاکە خۆی لەگەڵ عەرەبدا ژیابێت، لە ڕاستیشدا زمانی نەحوی عەرەبی بەلای عەرەبیشەوە هەر سەختە چونکە دەستوورەکانی زەحمەترن لە دەستوورەکانی ئەو عیلمەی پێ دەخوێدنرێ. شاعیر هەتادێت هەست و سۆزەکەی خۆی دەداتەوە بەحوکمی «مرفوع ومنصوب وغیر منصرف ومنتهبی الجموع...» و ئەو تەرزە دەستوورە ورد و پەنامەکیانە هێزی بوێژی و دارشتن و قافیە سنجی لێ دەبڕێت. یەکێک دەتوانێ لەگەڵ دەستوورە سەختەکانی «صرف ونحو»دا شعیربێژ بێت کە لە منداڵیەوە بەهۆی ڕاهاتن و مشتومالبوونی زەوقە ئەدەبییەکە لەگەڵ ئەو دەستوورانەدا صرف و نحوەکەی لێ بووبێتەوە بەشێکی پێکهێنەری هێزی ئاخاوتن و مەلەکەی شاعیریەت نەخۆ هەروەک مەهارەتی وەستای بەننا بەسەیرکردنی سادە پێک نایەت تا ڕاهێنانی دەستی لەگەڵدا دەبێت هەروەهاش هەڵمشتنی دەستوورەکانی «ثلاثي مجرد» لەلایەن مێشکەوە بە ڕاشکاوی نابێتە زمانڕەوانی ئەگەر لە فێربوونیاندا زمان هاوبەشی مێشک نەبووبێت.

یەکێک لەو شەقڵانەی شیعری فارسی کە بۆ شیعری کوردی ڕاگوێزرا نازناوی شاعیر بوو، سەت جارانیش دەستیان خۆش بێ لەو کارەی کردیان هەر نەبێت لەبەر دوو هۆی یەکجار گرنگ:

هۆی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر «نازناو» خاوەنایەتیی پارچە هەڵبەستەکە بۆ دانەرەکەی نەپاراستبایە لە وانەبوو بەشێکی زۆری شیعری ئەو سەردەمانە کە جارێ چاپکردنی دیوانی شاعری کورد فەرمانێک بوو دەیان ساڵ دوای مەرگی شاعیر جێبەجێ دەکرا، بۆ غەیری خاوەنەکەی ساغ ببێتەوە و دروشمی شاعیرەکانمان لەو ڕێگەوە تێکەڵ پێکەڵ بەڵکوو کوێر ببێتەوە. ئێمە دەزانین لەگەڵ هەبوونی نازناویش گەڵێ جار هەڵبەستی شاعیرێکمان بۆ یەکێکی دیکە دەبردرێتەوە لەمەشدا شیعری کوردی گەڵێک پتر لە هی عەرەب و تورک و فارس دووچاری خاوەنگۆڕی بووە. وا پێ دەچێ کورد کەمتەرخەم بووە لە ڕێکخستنی دیوانی شاعیرەکانی تا ئەوەی یەکێکی وەک حاجی قادر لە ئەستەبۆڵەوە دەستودامانی هاوڵاتییەکانی دەبێ و دەڵێ:

ئەی ڕەفیقانی وەتەن زۆر غەزەلم ماوە لەوێ
لە کەلێنێکەوە تەقدیرە وەکو هەڵبکەوێ

وەک سەفینە بگەڕێی بیدەیە بەر مەدی نەزەر
حەیفە وەک من لە غەریبی بمرێت و نەتەوێ

ئینجا کە حاڵ ئەمە بێت پارچە شیعرەکانی بێ مۆری نازناو چۆناوچۆنی بۆ خاوەنەکانیان دەبرێنەوە؟

هۆی دووەم ئەوەیە کە هەبوونی نازناو بە کۆتایی شیعرەوە وەک «تەزکەرەی نفووس» گەڵێک باری شیعرەکە ڕوون دەکاتەوە. دەزانین هی کام ڕۆژگارە... هی کام مەڵبەندە... تێ دەگەین چ جۆرە گۆڕانێک بەسەر ئاخاوتنی ئەو مەڵبەندەدا هاتووە لە چاو ئاخاوتنی ئێستاکەی. بە نموونە لە شیعری نالییەوە تێ دەگەین کە بەری بابان لەو سەردەمەدا وشەی وەهای تێدا بەکار هاتووە کە ئێستاکە وەک تێیدا نەمابێ وەهایە:

دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە قوربان
حاڵی نالی کە نە مرد و نە ژیا

وشەی (ئیدی، ئی دی- بە واتای ئیتر) لە ئاخاوتنی ئێستاکەی سلێمانی بەسەرچووە.

هەر نالی خۆی لە جێگەی (ئە)ی ئایندە (دە) بەکار دەهێنێ:

ڕیشەکەی پان و دردێژی بۆ ڕیا خزمەت دەکا
من گریە ئەتۆ خەندە بەیەکدی دەفرۆشین

لێت موعەییەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا

خولاسە نازناو گەلێ سوودی هەیە، بگرە لە سوود بەولاوە تێیدا نییە.

* ئەم وتارە لە دیداری شیعری کلاسیکی کوردی لە سلێمانی خوێندرایەوە

بۆ خوێندنەوەی دەستنووسی تەواوی گوتارەکە بڕوانە:
http://mamosta.net/Destnus_PDF/PayeyShiir_2010919.pdf

دڵدار

گوتارێکی مەسعوود محەمەد

کتێبی «دڵدار - شاعیری شۆڕشگێڕی کورد»، نووسینی عەبدولخالق عەلائەددین.

بەغدا 1982-12-04

ساڵی 1941ی زایینی کە لە کۆلیجی «حقوق» دەستم کرد بە خوێندن یەکێک بووم لە نێوان سەد قوتابی کە ئەو ساڵە لە پۆلی یەکەم قبوڵ کران چوار قوتابی دیکەش لە ساڵی ڕابردووەوە مابوونەوە، یەکێکیان «دڵدار» - یوونسی مەلا ڕەئووفە فەندی «خادم السجادة» - بوو کەوا لەبەر ناساغی نەیتوانی بوو لە ئەزموونی کۆتایی ساڵدا بەشدار بێت. لە یەکەم دیتندا زەردی و بێهێزیی ئەو ناساغیەییم لێ ڕەچاو کرد دواتریش کەمکەمە ئاشنای باری ژیانی بووم.

ساڵی یەکەمی خوێندنمان بەیەکەوە هەر بایی ئەوەی کە دوو قوتابی کوردین و خەڵقی یەک شارین بەڕەو یەکتری دەکردینەوە، پێوەندی ناوکۆیی و هاوڕێیەتیمان لەوەی تێپەڕ نەدەکرد کە ڕیز لە یەکدی بنێین و لە گیروگرفتی دەرسەکان پرس بە یەکدی بکەین و لە ڕێکەوتی دەوری مێزی چێشتخانەیەکدا پێشدەستی مەسرەف بەملەوەگرتن بۆ یەکدی بکەین. لە ڕابردوودا وەها لە یەکدی نزیک نەبووین کە بەیەکەوە خوێندنمان لە بەغدا ببێتە قۆناغی چەسپاندنی برادەرییەکی کۆن. بەڕاستی هەردووکمان خەریک بووین، بە خامۆشی، لەنوێوە تانوپۆی برایەتی بتەنین.

دڵدار قوتابیەکی دڵزیندووی هۆشیاری مێشک کرایەوە بوو. ڕەنگە گومان لەوەدا نەبێ کە لەمپەری «لالێ» لە بەرایی ئاخاوتنیدا، وەک بناوانێکی پەنگاو بە ئاو بداتەوە، هەموو گوتە نەبێژراوەکانی و بیروباوەڕە ئاشکرا نەکراوەکانی و هەست وسرکەوکورکە خەفەبووەکانی دابێتەوە دەروونی و لە ناخی گیانی و هۆشی ونیدا بووبێتەوە ئەو بژێوە مەعنەوییەی جارەهای جار بەدەم وروژانی عاتیفەیەوە وەک تاقگە هەڵدەڕژا. لەوبارانەدا کە هێزی خەفەکراوی ئاخاوتنی ڕەها دەبوو تۆڵەی ئەو جارانەشی بۆ دەستاندەوە کە بەزەحمەت ماملەتی پاکەتە جگەرەیەکی تێدا دەکرد.

ڕێبازی ژیانی ساڵی یەکەممان لە حقوق بە دراوسێیەتی برادەرانە گەیاندینیە پشووی هاوینە. بێ ئەوەی تێکەڵ بە یەکدی ببنەوە لەو ساڵەدا خوالێخۆشبوان کاکە حەمەی خانەقا و عومەر عوسمان و من، ناوی «الفرسان الثلاثة»مان بێ ڕەوا دیترا بوو... هەرسێکمان لە کۆلیج و دەرەوەی کۆلێج هەمیشە بەیەکەوە بووین تا ئەگەر یەکێک منی ویستبایە دەیتوانی بەدوا عومەردا بگەڕێت و بمدۆزێتەوە. بەداخەوە عومەر هەر لەو ساڵەدا دووچاری ناساغییەک بوو کە دەرفەتی پێ نەدا نیوەی خوێندنی حقوق تەواو بکات و زۆریشی مۆلەت نەدا جوانەمەرگی کرد... ماینەوە کاکە حەمە و من... دڵداریش بەرەبەرە لێم نزیکتر دەبۆوە، وەک کە لەگەڵ کاکە حەمە پێشتر برادەرییان ڕەگ و ڕیشەیەکی داکوتابوو.

لەباری گوزەرانەوە دڵدار ساڵی یەکەمی بە پۆشتەیی بردەسەر، لە برایەکی گەورەتریەوە کە لە ناوچەی ناوەندی عیراق مووچەخۆری حکومەت بوو، خەرجییەکی تێروتەسەلی بۆ دەهات. ئەوساش جارێ جەنگی دووەم تەنگی بە ئابووری و نرخی پارەی مووچەخۆران هەڵنەچنی بوو کە دەستیان لە یارمەتی کەس و برا کۆتا بکات... بەڵام بەحاڵ ساڵ چووە سەر کە براکەی دەستی لە ئیش کێشرایەوە دڵدار کەوتە سەغڵەتی گوزەرانەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بۆ باسکردن، ئیزن لە گیانی دڵدار بخوازمەوە، جوامێریی بەرەیەکی نیشتمانپەروەری کۆیی بوو کە بەسەر حاڵوباری وەک هی دڵدار ڕادەگەیشتن و بەڵای کەمەوە لە سێ بەشی خەرجیی بەڕێوەچوون دوو بەشیان جێبەجێ دەکرد بێ ئەوەی هەستێکی تێدا بریندار ببێ بەپێچەوانە لە خانەی حورمەتەوە بەرەوپیری ئەو کارەوە دەرچوون، تەناتەت دوای مەرگی باوکم لە 1943 هەمان دەستی یارمەتی بۆ منیش درێژکرا بەڵام من ئەو پێویستیەم نەبوو کە ببمە هاوبەشی ئەوانەی دەستیان تەنک بوو.

لە ساڵی دووەمی خوێندنمانەوە پێوندی نێوانمان بەرەو پتەوتریەوە ڕۆیی و لە چەندوچۆنی یەکتر شارەزاتر بووین، هەندێ خەسڵەتی دڵدارم لەو ساڵەدا بۆ ڕوون بۆوە، تێ گەیشتم دڵدار گەنجێکی ئازایە، پڕ بە پێستی وشەی ئازایش ئازایە. جارێ لەلایەن ئەوەی کوردی پێی دەڵێ «مالّی دنیا» دڵدار فلسێک و دینارێکی بەلاوە یەک شت بوو... دەیتوانی چی خوا پێی

داوه و پێی نەداوە بە قوربانی نیازێکی بچووکی برادەرەکەی بکات، پەندی عەرەبی کە دەڵێ «اصرف مافي الجيب يأتك ما في الغيب» بە قاڵبی دڵدار دارژابوو. هەژارییەکی کە خۆی لەبارەی خۆیەوە باسی دەکات لەجیاتی لێ گرتنەوە خەرجکردن بووبوە هۆی دەستبڵاوی و گاڵتە بە هەبوونی و نەبوونی کردن. دەستکورتی بایی تۆسقاڵێک عەزمی نە شکاندبوو چونکە ئازاییەکەی لە تێ شکانی هەژاریەکەی پتری بۆ تێ دەهێنایەوە. نەمدیت ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵدار قسە قووت بداتەوە وە یا لە هەڵوەست دابەزێ بە مەراییکردن بەرانبەر نەوازشت و یارمەتی ئەموئەو، هەر ئازایەتییەکەشی بوو بەسەر تێوەمانی نەداریدا زاڵی کردبوو تا ئەوەی حیسابی دەستکورتی لە ڕووپەڕەی کرداری دڵداردا سڕابۆوە...

هەروەک ڕیخۆڵە کوێرە بە کەسەوە دیار نییە نەداریش بە کردەوەی دڵدارەوە دیار نەبوو، لە کەسیشەوە هەست نەدەکرا دڵدار بە دەستکورت دابنێ، هەر لە ئازایەتیشەوە بەسەر گیروگرفتی زمانیدا بەڕەو ئەو کارانەوە دەڕۆیشت کەوا پەکیان لەسەر زمانی پاراو کەوتبێ وەک کە یەکێک بوو لە چالاکترین ئەندامانی پارتی هیوا و گەرمترین دەمەتەقەی بە دەوری کردەوە و ڕەفتاری ئەو حیزبە و ئەندامانی بەرپا دەکرد، ئینجا نوکتەشی لە خۆی و برادەرە لاڵەکانی وەک خۆی دەگرت... جارێکیان برادەرێکی هەردووکمان کە ئەویش لاڵ بوو پێمان گەیشت و ڕووی لە دڵدار کرد گوتی «ها... لاڵەپەتە...» دڵدار قسەکەی لێ قوستەوە گورج گوتی «ها... قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێ...».

دڵدار مرۆڤێکی ئازا بوو...

لە پۆلی دووەمی حقوق دڵدار دەرگەیەکی بە ڕوومدا کردەوە، دواتر بوو بە کولانەیەک بۆ ناو دەروون و دڵ و ویژدانی خۆی: بردمی بۆ سڵاوخانەی «بهية فرج الله الكردي».

ئەم خاتوونە کیژی «فرج الله الكردي» بوو کە لە میسر بە برادەرایەتی و هاوڕێیی و پشتگیری «محمد علي عوني» کتێبی شەرەف نامەی بە چاپ گەیاند... بەهیە، دوای مەرگی باوکی بە خۆی و دایکی هاتنە عێراق و لە قوتابخانەیەکی بەرزی کچان دەرسی دەگوتەوە، لە ڕادیوش گوتار و سەرگورشتەی بۆ ئافرەت و منداڵان دەگێڕایەوە. لە حورمەتی باوکی لای کورد، پشکێکی گەورە بۆ ئەو کیژە مابۆوە، لێهاتوویی خۆیشی وەهای کرد سڵاوخانەکەی لە «أعظمية» شێوەی ساڵۆنی «مي زيادە»ی قاهیرە وەربگرێ. فرج الله ئاشنایی لەگەڵ باوکمدا هەبوو، چەند نامەیەکەیشی بۆ باوکم یادگاری ئەو ئاشناییە بوو لێی بەجێ مابوو. کاتی خۆی کە «شرفنامە»ی بڵاوکردەوە چەند دانەیەکی لێ نارد بۆ لای باوکم... ئەم پێوەندییە کۆنینەیە ڕێخۆشکەرەوەیەکی دروست بوو بۆ ئەوەی بەهیە بەخێرهاتنێکی گەرم وگوڕم لێ بکات.

فرج الله بە خێزانەوە بەهایی بوون... بەرلەوەی من ببمە ناسیاوی بەهیە، دڵدار چەند جاران لەبارەی دینی بەهایی لەگەڵ پێشەواکانی مەحفەلی بەهایی بەغدا هەر لە مااڵی بەهیە، وتوویژ و گفتوگۆی کردبوو، هەندێ تێبینیشی لە باوەڕی بەهایی لێ وەرگرتبوون... شەوانی ڕۆژەک لە ڕۆژەکانی هەفتەدا سڵاوخانەی مااڵی بەهیە پێشوازی لە میوانان دەکرد و چەندین سەعات مەجلیسی ئەدەب و نوکتە و قسەی ڕێکوپێک بەردەوام دەبوو...

بەزۆری دڵدار و من، ناوناوەش لەگەڵ کاکە حەمەی خانەقادا، بەیەکەوە دەچووین بۆ لای بەهیە. دەبوو لە ڕۆژی تایبەتیدا بێ میوان و بێ کۆبوونەوە سەرمان لێی دەدا، هەندێ جار هەر لای ئەو نیوەڕۆژمان دەخوارد. بەهیە لەگەڵ دایکی بە فارسی دەدوا چونکە کوردییان نەدەزانی هەرچەند گیانی کوردایەتییان زۆر پێوە دیار بوو. بە عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسەیی و فارسی جوانترین شێوە ئاخاوتنی هەبوو. وابزانم دڵی زۆر کەسی بۆ چووبوو بەاڵم تا ئەوەندە من بزانم دڵی ئەو تەنها بۆ کوڕە دەوڵەمەندێکی سلێمانی کە برادەرم بووو یەک دوو ساڵێک دوای پۆلی من بوو لە حقوق، لێی دەدا هەرچەندە ئەو کوڕەش بەهیەی خۆش دەویست چارەنووس لێکی ترازاندن... لە بەهیەم بیستووە دەیگوت، ئاواتمە شوو بە گەنجێکی کورد بکەم و بمباتە دێیەکی کوردستان وڕێم پێ بدا خزمەتی ئافرەتی کورد بکەم... دڵداریش ئەمەی لێ بیستووە ڕەنگە گەنجی دیکەش گوێ بیستی بووبن.

بۆ من بەهیە خوشکێکی بەڕێز بوو کە ئیتر پێشنیازی ئەوتۆیی لای من دەنگ نەداتەوە. ئەوساش جارێ ئەو برادەرەمی نەدیتبوو کە دواتر دڵی بۆی چوو، ئیتر نازانم بۆچی ئەو ئاواتەی نەگەیشتەجێ...

لەو ساڵەدا کە ساڵی دووەمی خوێندنم بوو لە حقوق هەستم نەکرد کە دڵدار لە ناوەوە بۆ بەهیە دەسووتێ، ساڵی سێیەم و چوارەمی خوێندنمان کە 1944/1945 – 1943/1944 دەگرێتەوە دڵدار و من لەیەک ژووری ئوتێلی «رشید»ی گەرەکی «سید سلطان علي»-مان بەسەر برد. لەو دوو ساڵەی خوێندندا بە یەکەوە ژیانمان هەموو ئەو ڕووبەڕە دەروونیە شرایەوەی کە بشێ بۆ بەرچاوی برادەر بکرێتەوە، بۆ یەکترمان کردەوە... بەڵام لە گۆشەی حەز و دڵداریەوە باسی بەهیەم هەرگیز لە دڵدار نەپرسی چونکە دەمزانی حەزلێکردنێکی یەک لاییەوە بۆ ئەو بە سفتوسۆیە.

دەبێ لێرەدا بە خوێنەر ڕابگەیەنم کە دڵدار و من لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنماندا ڕۆژەک لە ڕۆژان و لە هیچ ڕێکەوتێک و ڕووداوێک و هەڵوەستێکدا بە هیچ جۆرێک دڵی یەکترمان نەئێشاندوەو هەرگیزاوهەرگیز لە پلەی ڕێزلێگرتن بۆ یەکتر دانەبەزیون. دڵدار بەڕاستی لەو ساڵانەدا هاورێیەکی نموونەیی بوو... سەرلەنوێ، دوای دابڕانی جوانەمەرگ عومەر عوسمان کاکە حەمە و دڵدار و من ناوی «فرسان الثلاثة»مان پێ درا چونکە بەزۆری بەیەکەوە دەدیتراین تەنانەت جارێکیان برادەرێکم بانگهێشتنی کردم بۆ ماڵەوەی گوتی «جگە- لە کاکە حەمە و یوونس کێی دیکەت دەوێ بانگی بکەم؟».

دووەمیان ئەوەبوو حیسابی بۆ خەون دەکرد. هەر لەبیرمە ماوەیەکی کورت بەر لە ئەزموونی ساڵی چوارەممان، سبەینەیەکیان دڵدار خەونی بۆ گێڕامەوە گوتی لە خەوما تۆ و من، بێ کاکە حەمە، دەڕۆیشتین تۆ لەپێشەوە منیش لە دواتەوە تا گەیشتینە کۆسپێک تۆ بێ زەحمەت لێی سەرکەوتیت و بەرەوپێش چوویت منیش لە کۆسپەکە کەوتم و هەڵستامەوە و بەدواتدا هاتم... گوتی لێم سووڕە تۆ دەردەچیت منیش ئیکمال دەبم و دەردەچم، کاکە حەمەش، ڕەنگە، ئیمسالٌ بمێنێتەوە. ئاکامیش وەها دەرچوو.

دڵدار لەو دوو ساڵەدا دەروونی ئاوس بوو بە عیشقی بەهیە بێ ئەوەی ڕۆژەک لە ڕۆژان بدرکێنێ خۆشی ویستووە. هەر ئەو خۆگیرییەی بوو لێ نەگەڕا بپرسم ئەرێ دڵدار تۆ کە ئەم کێژەت خۆش دەوێت، ئەویش بە ئاشکرا دەیەوێ شوو بە گەنجێکی کورد بکات ڕپی بداتێ خزمەتی ئافرەتی دەشتەکی بکات، گوندیشتان هەیە بەسەر زێی تەقتەقەوە ئەگەر داهاتیشی کەم بێ خۆ ئافرەتی زۆرە ئیتر بۆچی نایخوازیت؟! کەموزۆر دەرفەتی ئەم پرسیارەم لێی چەنگ نەکەوت. دەشێ ئەویش چاوەنۆڕی دەرفەتێکی لەمنەوە کردبێت و چەنگی نەکەوتبێت تاکوو دەردی دڵی بڵێتەوە. وەک دەزانم لای کاکە حەمەش هیچی لەم بارەیەوە نەدرکاندوە بەداخەوە ئاگرەکەی وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش خۆی دەخواردەوە، گەرماییشی هەر ئەوەندە دەدایەوە کە لە هەندێ پارچە هەڵبەستی بە دیاری دەدا، یەکێک لەوان «خەندەکەی بایی». ئەوانەی بە شیعر و بەسەرهاتی دڵدارەوە خەریکن دڵنیا بن لەوەدا کە فرشتەی ناو «خەندەکەی بایی» بەهیە فەرەجوڵڵایە.

لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە ژان و ژواری هەناوی دڵدار بەو مەلۆتکە شیعرە لەو دەمانەدا بوو کە بەیەکەوە لە ژووریکی «ئوتێلی ڕەشید»ی بەغدامان بەسەردەبرد، وا لێرەدا زەرفی ئەو بوحرانەشم باس کرد کە عاتیفەی تێدا تەقیەوە. ڕاستیەکەی دڵدار بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە بەدەست ئەو هەڵبەستەوە وەک نیوەسەرخۆش وەیا نیوەمەدهۆش بە تەواوی نەیدەزانی چۆنوچی دەکات، هەمیشە چاوەکانی دەبڕیە دیمەنێکی خەیاڵی تەنانەت لە ڕۆییشتندا کەمتر ئاگاداری بەرهەنگاوەکانی بوو... بەسەر خواردنەوە لە لۆقنتە ڕادەما... هێندێ جار قسەم بۆ دووپات دەکردەوە ئینجا تێم دەگەیی... چەندێکیش لەو هەڵبەستە هۆنیبایەوە بۆمی دەخوێندەوە... وا دەبوو بەدوا وشەیەکدا دەگەڕا و پرسی پێ دەکردم. لە شوێنێکی دیکەدا نوسیوەتم کە لەبری وشەی «چەپک» بۆ وشەیەکی لێ پرسیم کە یەک تاڵ نەک چەپک ببەخشێت بەداخەوە ئەوسا نەمتوانی یارمەتی بدەم... دڵدار لە هیچ هەڵبەستێکدا هێندەی «خەندەکەی بایی» زۆرەملێی لەگەڵ عاتیفە و شاعیریەتی خۆی نەکردوە هیچ پەری و فرشتە و ئادەمییەکیش بایی ئەو هەڵبەستە ئارایشتی لە دڵدارەوە بۆ نەچووە...

لە لایەن فکرە و فەلسەفەی سەر بە کۆمەڵایەتییەوە، دڵدار، لەو ساڵانەدا بەلای تەقدیسی تاکە بێمانەندەکانەوە دەچوو تا ئەوەی جارێکیان لەوتوویژدا پێمی گوت گەل وەکو ئەو ئۆتۆمۆبیلەیە کە بێ لێخوڕ نابزوێت، لە وەرامدا پێم گوتەوە گەل ئەگەر کەسیشی سەرۆک نەبێت بە گوزەرانەوە هەر خەریک دەبێت... بە جۆرێک لە جۆران دەجووڵێت... ڕادەبوێرێت... زاوزێ دەکات... ڕاوورووتێک دەکات، لێمی نەسەلماند و هەر لەو قسانەدا چۆوە بۆ باوەڕی کارلایل و کتێبەکەی کە لە

عەرەبیدا بە سەرەناوی «الابطال» تەرجەمە کراوە. فکری خەستی قەومایەتیی دڵدار کە لە سروودی «ئەی ڕەقیب»ـدا دەردەکەوێت و وێنەکێشی ویژدانی کۆمەڵایەتیی ئەوسایەتی، لە وتوێژدا خەستتر و پاڵاوتەتر رابەرپەرست خۆی دەنواند...

دڵدار لە ئاست هەژاریدا دوو هەڵوەستی پێچەوانەی هەبوو... یەکیان ئەوەبوو کەوا نەک هەر شەرمی لێ نەدەهاتەوە بگرە گاڵتەشی پێ دەکرد وەک کە گاڵتەی بە سامانی ساماندارێش دەکرد. دووەمیان ئەوەبوو کە لە خۆوە دەستی بۆ کەس پان نەدەکردەوە تا ئەگەر لە برسانیش مردبایە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەیان ڕووداو دەگێڕمەوە. دوو ساڵی بەیەکەوە ژیانمان هەموو پەردەیەکی بێگانەتی لە نێوانماندا هەڵگرتبوو تا ئەوەی دەتوانم بڵێم کیسەجودایمان نەما بوو. کاکە حەمەی خانەقاش بۆ دڵدار هەروەها بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆژەک لە ڕۆژان دڵدار داوای فلسێکی لێ نەکردووین... بەڵێ بەیەکەوە دەژیاین و دەمانخوارد و دەچووینە گەڕان بەڵام وەهابووە شەووڕۆژێک لە یەکدی دابڕاوین بەهۆی خەریک بوونی دڵدار بە حیزبایەتییەوە، ئینجا کە ڕۆژی دوایی بە دەوری مێزی چێشتخانەوە کۆبووینەتەوە تێی گەیاندووین کە لە دوێنێوە هیچی نەخواردوە چونکە دواپین فلسی لە پێرێوە خەرج کردوە، بە کەسیشی نەگوتوە برسییە و پارەشی پێ نییە. لەو بارانەدا گلەیی دنیا و قیامەتمان لێ دەکرد لەوەدا کە بۆچی پێشتر دەنگی نەکردوە خۆ ئێمە ماڵمان کاول نەبوو بوو بەڵام هەرگیز نەمانهێنا سەر ئەو بارەی لە خۆوە ئیعلانی ئیفلاسیمان بۆ بکات.

لە کۆتایی ساڵی چوارەمی خوێندنم ناچار بووم بۆ ماوەی بیست ڕۆژێک بچمە ئوتێلێکی دیکە و لە ژووریکدا تەنها ببم بەڵکوو بتوانم نەختێک خێرایی لە خوێندنەوەی دەرسەکانم بکەم کە بە دریژایی ساڵ بۆم نەکرا بوو سەریان پێدا بگرم [ئێرە جێی باسی ئەو هۆیانەی تێدا نابێتەوە کە ئەو ساڵە منیان لە خوێندن تەنبەل کرد].

کاکە حەمەش هەر لەو ئوتێلە ژووری گرتبوو ئیتر ڕۆژێ هەرسێکمان بەیەکەوە دەبووین شەوێش هەروەها تا دەمی نووستن. ڕۆژانی ئیمتحان دڵدار لامان دەبوو تا دوای نیوەشەو، سبەینانیش دەهاتەوە لامان و بەیەکەوە بە تاکسی دەچووین بۆ کۆلێج. سبەینەیەکیان دڵدار دەرنەکەوت. چاوەنۆڕی بووین تا ئەگەر چی دیکە وەخرابایین نەگەینە ئیمتیحان... چوینە کۆلێج. لەو دەمەدا کە زیلی چوونە ژووڕەوەی لێ دەدا، دڵدار پەیدا نەبوو... کاغەزی پرسیارەکان بەسەر قوتابیدا دابەش دەکرا ئینجا دڵدار بە هەناسەسواری هاتە ژووڕەوە... پاش ئەزموون لێمان پرسی بۆ وەها وەخرا؟ گوتی لە ڕۆژان درەنگتر خەبەرم بۆوە ڕام کرد بۆ ئۆتێلەکەتان دەرچووبوون... پارەی پاسم نەبوو بە پێیان کوتام... بەڕاستی خەریک بووین لێی دەین: هەی ماڵت شێوێ تۆ شەوێ تا دوای سەعات دوازدە لامان بوویت... بەیەکەوە لەوەڕاین... کاکە حەمە پێی گوت ئۆغرت بەخێر نەبێ بۆ شەوێ نەتگوت دیناریکی خوێڕوو سەد فلسێکی بێ ناموسم دەنێ هیچم پێ نییە؟

بەر لەو جارە هێشتان لەگەڵ یوونس بووم و نزیکی مانگێکی مابوو بۆ ئیمتیحان عەسرێکیان هاتەوە ئوتێل گوتی من لە ئیمتیحان قبوڵ ناکرێم! منیش لە جێگەدا بووم ڕاست بوومەوە سەبەبم پرسی، گوتی دوو قستی «اجور مدرسي» قەرزدارم ئیعلانیش کراوە ئەوەی قەرزدار بێ ڕێی پێ نادرێ بچێتە ژووری ئیمتیحان منیش ئەو پارەیەم نییە - گوتم کاکە یوونس ئەگەر من لە جێگەی تۆ بامایە و تۆ لە جێگەی من چیت بۆ دەکردم؟ گوتی باخەڵبڕیشم بۆ کردبایت پارەکەم بۆ پەیدا دەکردیت... گوتم ئینجا بۆچی هێندە خۆت لە برادەری خۆت پیاوتر دەزانیت؟ پارەکەم بۆ پەیدا کرد بزەیەکی هاتێ... پرسیم چیتەوە؟ گوتی چاوم فریوە ئەم پارەیەش بایی فڕینەکە ناکات چونکە پارەکە بۆ خۆم نییە... بەڕێکەوت نزیکی ڕۆژاوا هاتمە جادە خاڵوانم لە ڕانیە و پژدەرەوە هاتبوون بە عادەتی خۆیان خەرجییەکی تێروپڕیان دامێ کە زۆرم لێ زیاد بوو... گەڕامەوە ئوتێل گوتم کاکە یوونس پارەی ئەو دوو قیستە و حەقی چاوفڕینیشت لە منەتدا نەما... خوا زۆری ناردوە... چەند گەش و پاک بوون ئەو ڕۆژانە!

دڵدار لە برادەریدا سنووری نەدەهێشتەوە: بەڵێ ڕاستە لە خۆوە داوای یارمەتی نەدەکرد بەڵام لەوپەڕی جوانمەردیدا ئەو بێفەرقیەی دەکرد کە ئەگەر لێت وەرگرتبایە منەتبار نەبیت ئەگەر لێشی وەرگرتبایت وەها بزانیت بە خۆتت داوە. شەخسیەتی خۆیشی ژووروویی ناچاری و بێگوزەرانیەوە دەگرت لەو ڕوەوە کە هەبوون و نەبوونی لە هەموو حیسابێکی «ڕەفتار و گوفتار» دەرهاویشتبوو، تاکو جارێکیان هاتەوە ئوتێل قاپووتێکی لەبەر بوو کە دەمی بەیانی دەرچوو لە ئوتێل نەی بوو... لێم پرسی ئەمەت لەکوێوە؟ گوتی ئەمە قاپووتی فلانە جوانەمەرگە براکەی ئیمرۆ بۆی هێنا، دەیزانی پێم دەوێ...

ئەو «برا»یەی دڵدار ناوی هێنا دۆستی ئەویش و منیش بوو، بەر لە دوو ساڵێک برایەکی لە خۆ گەورەتری کە ئەویش قوتابی «حقوق» بوو جوانەمەرگ بووبوو... دڵدار ئەگەر حیسابێکی بۆ نوێیی و کۆنی جلک وە یا بەرماوەی زیندوو مردوو کردبایە قاپووتەکەی لەبەر نەدەکرد، بەڵگەش ئەوەیە کەبێ دوودڵیکردن چۆنیەتیەکەی بۆگێرامەوە وەک ئەوەی بڵێ لە «سوق الهرج» بە دینارێکم کڕیوە...

بەڵای ئەوەوە بوونی دۆستایەتی و نەبوونی منەتباری تەنها شتێکە لەو تەرزە خەسڵەتە لە دڵداردا شیرنتری دەکرد چونکە لە تروکەیەکی چاودا ماوەیەکی بەرەو ئاشنایی و برایەتی دەبڕی کە کورد غیرەتی بە دوو ساڵ نایبڕێ. وابزانم لە قوڵایی دڵیدا هەستی ئامادەبوون بۆ خولەبیرکردن لە پێناو برادەر هەمیشە دەیهێنا سەر ئەو باوەڕە کە ڕەتکردنەوەی یارمەتیی برادەر دەکێشێتەوە بۆ گومان لەخۆکردن و بەخۆدا ڕانەپەڕموون لە مەیدانی تۆڵە بۆکردنەوەدا: دڵدارێک هیچی لە برادەر چاو نەبێ بۆچی کۆمە بکات لە چاکەی برادەر؟ بۆچی ڕیی دڵسۆزیی لە برادەر ببەستێ؟ دەزانم، لەو دەمەدا کە هەی بوو قوتابیەکی پۆلی خۆی کەوا تازەبەتازە یەکدی دەبینن و بەحاڵ ناوی یەکدی دەناسن، لە سەغڵەتیدا داوای پارەی لێ کردبوو، دڵدار چاکەتەکەی لە ژووڕەوە بوو خۆیشی لە ساڵۆنی ئوتێل دانیشتبوو، بەو قوتابیەی گوتبوو زەحمەت نەبێ بچۆ ژووڕەکەم و سەیری گیرفانەکانم بکە... چەندی هەیە دەتوانیت بیبەیت، ئەو قوتابیە کە بۆخۆشی جەوانمەرد بوو لەو ڕۆژەوە بوو بە برادەری گیانی دڵدار، دواتریش بوو بە برادەری من تا ئێستاش هەر برادەرین...

من کە ئەم ڕووداوە بچووکانە لە دڵدارەوە بۆ خوێنەر دەگێڕمەوە دەمەوێ لە ڕێی واقیعەوە نەک تەنها باوەڕی شەخسی یادی دڵدار بێ زیادوکەم هەناسە هەڵێنێ، ئەوساش گوزەران وەک ئێستا نەبوو حیسابی بۆ نەکرێ، هەژارییش ئەو دەردە نەبوو بە ئاسانی چارە بکرێ، دڵدار کە داوای لێ کرا، لە کوشندەی دەست کورتیدا کچێکی «زەهاوی» فێری کوردی بکات و تەکلیفەکەی هەڵگرتەوەو پاداشەکەی ڕەت کردەوە [واتە بێ پارە ڕۆژانە دەرسی بەو کچە دەگوتەوە هەرچەند کچەکە زۆریشی هەوڵدا خزمەتێکی لێ بسەلمێنی] دەبێ حیسابی ئەوەی بۆ بکەیت کە مامۆستایەکی ئیمرۆ کە لەگەڵ مانگانەی تێروتەسەلیشدا لە بری هەر دەرسەکی خارجی کە دەیڵێتەوە دە دینار بیست دینار سی دیناریش وەردەگرێ... کوردی دەڵێ: هەر کەسە گوێز لە هەنبانەی خۆیدا دەژمێرێ، منیش دەمەوێ گوێزی دڵدار بە وەکالەتی ئەو، لە هەنبانەی خۆیدا بژمێرم، نەک لە خەرمانی تێکڕای گوێزی عالەم.

بارەها لەگەڵ خۆمدا لێکدانەوەی ئەوەم کردوە ئایا ئەگەر من لە وەزعی دڵدارا بوومایە خوێندنم بۆ تەواو دەکرا؟ تەنگانەی دەستکورتی و لەمپەری زمان و بیئومێدی لە ڕەوینەوەی ئەو دوو گرفتە زلە کۆڵیان لێ دەدام بایی سەر بە کتێبداگرتن و تێگەییشتنی؟ ئایا دەمتوانی شەووڕۆژێک نان نەخۆم و قوتابیش بم؟ دەموێرا بە زمانی لاڵەوە ڕوو بە ڕووی جەمیوورەی بینەران و گوێگران وەرگەڕێمە خوتبەی سەرپێیی یەک سەعاتی؟ هەڵبەستم بۆ دەهات؟ نەخێر و سەد جار نەخێر. لە دوای مەرگی باوکم کە گەڕامەوە بۆ بەغدا لە بیرەوەری چل ڕۆژەی مردنیدا ئاهەنگێکی تازیەمانەی بۆگەڕا لە یانەی سەرکەوتن... نۆرەی دڵدار هات گوتارەکەی بخوێنێتەوە. چەند دێڕێکی لێ خوێندنەوە زمانی گیرا... ویستی بە تانووت لە خۆدان زمانەکەی بەگەڕ بهێنێتەوە، بۆی نەکرا... لەسەرەخۆ کاغەزەکانی پێچایەوە و بە ڕەوانی و بێگرفت عوزرخوازی لە خەڵقەکە کرد و گوتی نەخۆشی زمانیم هەیە وا ئێستا گرتمیەوە و لێ ناگەڕێ گوتارەکەم بخوێنمەوە، ببەخشن. گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی دانیشتبوو بێ ئەوەی کەس هەستی بە خۆداشکانەوەی لێ بکات وە یا ئەو تێمانەی لێ بەسەر بگرێتەوە. لە لای خۆمەوە زاڵبوونی دڵدار لەو دەمەدا بەسەر شەرم و بەخۆداشکانەوەی زمان نەگەڕانی دەمی گوتاری خوێندنەوەی نێو کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆییدا گەلێک ئازایانە و ئازادانەتر لە خوێندنەوەی لووس و لێک و بەتین و تەوژمی گوتاری نیو سەعاتی و دوو سەعاتی لەو دەمەدا من لە جیاتی دڵدار موچڕکم پێدا دەهات. دەزانم دڵدار دەیتوانی بێ نووسینەوە لەو موناسەبەیدا بدوێت و زمانیشی نەگیرێ بەڵام بەلای کەمەوە دوو تێبینی خستیە سەر پەسندکردنی گوتار ئامادەکردن: تێبینی یەکەم ئەوەیە کە بە گەورەگرتنی ئاهەنگەکە لێی دەوەشێتەوە گوتاری بۆ حازر بکرێ، تێبینی دووەم ئەوەیە دەشێ گوتاری ئامادە نەکراو هەموو جاران نەگاتە پایەی ئەو موناسەبەی تێیدا دەگوترێ، پایەی باوکیشم لای دڵدار ژووڕووی هەموو حیسابێکەوە بوو. بەداخەوە نەمزانی ئەو گوتارەی چی لێ بەسەرهات.

ئەو چوار ساڵەی بەیەکەوە خوێندنمان لە حقوق بە تێکڕایی و دوو ساڵی بەیەکەوە ژیانمان لە ژووریٚکدا بەتایبەتی، هێندەی لە ژیان و ئەدەب و شەخسیەتی دڵدار شارەزا کردووم بتوانم بە دریٚژی لەسەری بنووسم بەڵام لێرەدا وەرامی پرسیار لەبارەی چۆنیەتی ژیانی ئەو چەند ساڵەی دەدەمەوە نەک تۆژینەوە لە باسی «دڵدار» دەکەم چی لەو ڕووپەڕانەش خرانە بەر چاوی خوێنەرەوە بایی وەرامەکە دەکات بەڵام ماوەتەوە تێبینیەکی دواییں لەبارەی فۆرمی شەخسیەتی دڵدارەوە دەربرم کە تەعبیر لێ دانەوەی ئاسان نییە زۆر جارانیش خۆمم بەو شیکردنەوەیەوە خەریکاندوە بۆ ئەوەی هەر نەبێ لە شێوەیەکی مەفهووملا پەراوێزێک بە دەوری وێنەی نەقشبەستووی تەماوی و نامۆی شەخسیەتی دڵدار لە هەستمدا بکێشم بەڵام وەک بمەوێ جیوە بگرم، هەر جارە ویستبێتم پەراوێز بە دەوری ئەو خوولیایەوە بکێشم خوولیا بڵاوەی لێ کردوە... دڵدارم بۆ دەردەست نەکراوە.

لەبەر چاوی زەینمدا دڵدار پەردەیەکی تەمومژی بەدەورەوە بوو نەیدەهێشت هێندەی مرۆڤی ئاسایی بۆ بینەر ئاشکرا و خۆشخوێن بێ. چەندێکی لەگەڵیدا ژیابێتم و وتوویژم لەگەڵدا کردبێت و لە یەکدی نزیک کەوتبینەوە زانیوەتم ئەمەی دەیبینم و دەیبیستم هەموو «دڵدار» نییە: پشکێکی حەقیقەتی دەردەکەوت کەوا هەرگیز بایی لێ شارەزابوونی تەواوی نەدەکرد. هەستم دەکرد، پشکی شرایەوەی دڵدارد بە خۆی و نهێنیەکانیەوە، وەها ڕاپێچەکی قوژبنە حەشارەکانی نەفسی دڵدار دراون بوونەتە بوونەوەری سەربەخۆ کەوا ڕەنگە لە فەرمانی دڵداریش دەرچووبن.

بەلای باوەڕی ئەوسا و ئێستاشمەوە، کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو ژێرزەمینانە کاری پسپۆڕی سایکۆلۆجی بوو بە مەرجێک دڵدار خۆی یارمەتی کرانەوەیانی دابایە. هەرگیز دڵدار لەخۆوە پتر لە نیوەی حەقیقەتی خۆی دەرنەدەخست وەیاخود پێی دەرنەدەخسترا هەرچەند دەیزانی، ئێمەی برادەرانی ئاگاداری ئەحوالی هەین نەیدەگوت برسیمە، نەیدەگوت سەرمامە نەیدەگوت موفلیسم، نەیدەگوت بێئومێد عاشقم، نەیدەگوت فلانە ڕەفتارم لەگەڵدا مەکەن، نەیدەگوت دڵم بدەنەوە دەردی هەرە قوولی ناو دڵی بەزماندا نەدەهات، حەزی لە شتێک کردبایە بە خامۆشی و بێ ئەوەی لە چاوان بچەقێ خشکەی بۆ دەکرد. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم حاڵەتەی نامۆیی و تەماویەتی لە دڵداردا نەبوو بوە نەخۆشی، مەگەر نەخۆشیەکەی زمانی بدەیتەوە بەو حاڵەتە. ئینجا کە بە دواکاتەوە لە مەرگی ناکاتی ڕادەمێنم دەبینم، یا بە ڕێکەوت یا بەداخوازی بڕیاری واقیع، جوانەمەرگبوونی دڵدار ئاکامێکی گونجاوە لەگەڵ نامۆیی تەمومژدا چونکە ئەو تەرزە حاڵەتە بەردەوام بوون هەڵناگرێ: نهێنی لەگەڵ تەمەنی دریٚژدا ڕێک ناکەوێ.

دڵدار بەشە یادداشتەی وا بڵاودەکرێتەوە ئەگەر چەند پەردەیەکی ژیانیشی بە نەکراوەیی گل دابێتەوە، هێندەی هەڵڕشتووە سایکۆزان کنەی تێدا بکات بەرەو ئەو هۆیانەی کە پەنامەکیەتی لە دڵداردا کرد بە پێکهێنەرێکی شەخسیەتی وەک کە د. عەلی کەمال لە ڕێی شیعرەکانی «متنبی»یەوە بەرەو دۆزینەوەی گرێی «ئۆدیپ» لە نەفسی «متنبي»دا ڕۆیشت. دڵداری خاوەنی «ئەی ڕەقیب» و «خەندەکەی بایی» تۆژینەوەی ئەوتۆیی لێ بەزیاد ناگیرێ.

«...»

دەساتیر

گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 12، مانگی 9ی ساڵی 1983

ناوناوە لە خوێندنەوەی بابەتی فارسی سەر بە زمان و ئەدەب و ئایین چاو لە وشەی «دساتیر- دەساتیر» هەڵدەئەنگوێ وەک کە دەنووسرێ فلانە وشە دەساتیرییە وەیا فلانە باوەڕ لە دەساتیرەوە هاتوە، هەندێ جاریش دەبینیت فەرهەنگی وەک «برهان قاطع» پایەی بەرەژێر دەکرێتەوە بەوەدا کە وشەی دەساتیری تێکەوتوە. ئێمەمانانی کوردی عێراق لەبەر کەم پێوەندیمان بە سەقافەتی نوێی فارسییەوە لە ئاست ئەم دیاردەیەی بەدم داهاتنەوەی نووسەرانی فارسی سەردەم لە دەساتیر تەنها هەستی کێشەیەکی بێ سەر و سۆراغمان بۆ دەمایەوە، تەنانەت بەش بەحاڵی خۆم نەمدەویست پرسیاریش لە دۆستە باخەبەرەکانم بکەم نەکا وەکوو ئەزموونی وەڕسکەری بێ وەڵامی لێ بێت. ئەم پرسیارە دەرنەبڕاوە مایەوە تاکوو دوای کرانەوەی کۆڕی زانیاری کورد و ئاڵوگۆڕی دیاری چاپکراو لە نێوان ئەو و بنکە ڕۆشنبیرییە دوور و نزیکەکاندا بەشێک لەو کتێبە فارسیانەی بەدیاری بۆی هاتن پرسیاری دەساتیریان یەکاڵاکردەوە. ئەوساش چونکە کتێبەکان تەنها لە کتێبخانەی کۆڕ چنگ دەکەوتن. هێندێکیشیان بۆ خۆم دەهاتن [زۆربەیان بۆ کۆڕمانەوە] و بە دەگمەن نەبێ لەلایەن ڕۆشنبیری کورد نەدەخوێندرانەوە، مەسەلەکە لە تاریکیدا مایەوە. لە یەکەم جاری سەرم بەم باسەدا گرت و بۆم ڕوون بۆوە حەزم کرد بخرێتە سەر خوانی ئەدەبی کوردی، بەڵام باری نالەبار دەرفەتی نەدام تاکوو بەو دواییە عوزری پشتگوێخستنیم بەدەستەوە نەما ئیتر ویستم لە گۆشەیەکەوە ڕووناکایی بۆ بهاوێژم بەڵام ئەوساش بۆ دڵنیاییبوون لەوەی کە بڵاوکردنەوەی باسەکە خۆ پێوە ماندووکردن دەهێنێ لە هەندێ ڕۆشنبیری هێژاوی شارەزا بە سەقافەتی فارسی کلاسیکیم پرسیارکرد، دیاربوو لەناوی دەساتیر بەولاوە شتێکیان لەو بابەتە پێ نەگەییشتوە. بەم جۆرە بۆم دەرکەوت ڕوونکردنەوەی پرسیاری دەساتیر هەرنەبێ سووچێکی سەقافەتی میراتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە تاریکی دەردەهێنێ جگە لەوەی کە نموونەیەکی گرنگیش لە «ساختەکاری ئانقەست بە نیازی ڕەپێشخستنی ئامانجی ڕەچاوکراو» بەبەر هۆش و گۆشی خوێنەرەوە دەگرێ بەوەشدا تەلێکی خاوبوویەوەی هەست و سۆسەکردن لە مەیدانی هەڵفریواندنی فکریدا کشت دەبێتەوە. بەهەمەحاڵ ئاگادارببوون لە هەوڵی جۆراوجۆری دەسخەڵەتدانی خەڵق بەرەو ئامانجی بەرژەوەندی دنیایی، بەتایبەتی لەڕێی ئایینەوە، پێی ناگوترێ ئەرک و کات بەفیڕۆدان چونکە وەک دەزانین ئەم پیتۆلییەی تێک بەستنی ئایین و بەرژەوەند لە کۆنەوە باوبوە.

ئێستاش بە پێی داخوازی و بۆ لوان هانای دەبرێتە بەر تەنانەت، بەزۆری، ئایدیۆلۆجی ڕامیاریش لەشێوەی ئایینداً باوەش بە بەرژەوەندی دنیاییدا دەگرێ ئنجا پێڕەوەکانی خۆیانی تێدا بەخت دەکەن: هیچ ئامانجێکی دنیایی لە شێوەی مادەی ڕەق و تەق و بێ ئاراییشت و ئاوڕینگدا ناتوانێ ببێتە عەسای ئەفسوناوی بەدەست ڕابەری دنیاییەوە خەڵقی پێ ڕاپێچ بدات بەرەو لە خۆبووردن. هەر چونکە دەساتیریش لە شێوەی ئایدیۆلۆجیدا شیلە و بیلەی لە مەردەم بزرکاند توانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەدایان بکات، دواتریش کە بە بەڵگەی زانستی بێ دەمەتەقە پووچەڵبوونی بە ئیسپات گەییشت، ڕێز و پایەی لای پارسیەکانی هیند بمێنێتەوە، لەوە هەر بگەڕێ کە زەنەی سەدان وشەی دەساتیر بۆ ناو فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی سەری گەیاند بەحاڵ و باریک کەوا ڕەنگە سوانەوەی لە ئیمکاندا نەمابێ، چ نهێنیەکی سەرسوڕێنە وەها دەکات باوەڕی پووچەڵ و جنۆکاوی هێندە بە ئاسانی بتەنێتەوە و بچەسپێت؟ هەتا بیرێکی ڕاست و ڕووناک دەچێتە لانەوە ئێسکی خاوەنەکەی دەبێتە خۆڵ کەچی هەلەق مەلەقی دەجال وگای ژێر زەوی خەست خەست دەنیشێتە ناخی دڵ و گیانی ملێونەهای خوێندەوار و ناخوێندەوار، نە حکومەتیشی بە دواوەیە و نە بەرتیلیشی لێ خەرج دەکرێ، سەیر لەوەدایە کە دەبینین بابەتی زانستیش ئەگەر هیچ لایەنی تێدابێ سەر بە عاتیفەوە بنێ ئەویان جەزبە بەخەڵق دەگرێ. ئەم دەساتیرەیش لە بابەتی هەلەق مەلەقی ڕێز لێگیراوی بێ بەرتیل و بێ دەسەلاتە.

لە کتێبی «فەرهەنگ ایران باستان» (فەرهەنگی ئیرانی کۆن) لە بڵاوکراوەکانی دانشگای تەهران، ساڵی 2535 ی شاهەنشاهی، نووسینی پوور داوود ئەم باسەی دەساتیر هەر لە لاپەڕە 17 تا کۆتایی لاپەڕە 51 ی لێگرتۆتەوە. داوتریش لە پاشکۆی کتێبەکە شەش لاپەڕەی دیکە، لە 329 ڕا تا کۆتایی 334، بە پشکنینەوەی نوێ پڕدەکاتەوە بۆ سەپاندنی باوەڕێکی یەکجارەکی خۆی لە بارەی سەرچاوەی لێهەڵقوڵینی دەساتیرەوە.

لەسەرەتاکانی نووسینەکەیدا باسی تەجرەبەی خۆی لە مەیدانی عیشقی زمان و داستانی کۆنی پارس دەکات کە چۆن مەجزووبانە ڕێگوزەری سەری بە «دساتیر» ەوە نا... و هەوەڵ جار چ پایەپەکی لە دڵ و ویژدانی دا هەبوە و دواتر مرۆی لە خۆی باخەبەرتر چاویان باداوەتەوە سەر ساختەکانی و وردە وردە ئەویش ڕاستی مەسەلەی دەساتیری بۆ ڕوون بۆتەوە و تێگەییشتوە چ زەرەرێکی لە باوەڕ و لە زمانی پارسی و فارسی داوە...

وەک کە پوور داوود خۆی لە ناوەڕاستی لاپەڕە 25 دا دەڵێ، منیش دەڵێم [اینک ببینیم دساتیر چیست- ئنجا بابینین دەساتیر چییە؟] لێرە بەدواوە قسە لەپوور داوود دەگێڕمەوە.

مەلا کاووس لە پارسییەکانی هیند، بەنیازی ڕەواندنەوەی نەسازی و نەگونجانێکی ساڵنامەی یەزدگوردی کە تەفاوتی مانگێک تێیدا سەری نابوو بە پێش و پاش کەوتنی جەژنەکانی ئایینی زەردەشتی، لە ساڵی 1778 ز. بەرانبەر 1192 ک، قەمەری. لەگەڵ کوڕی خۆی «فیروز- فەیرووز» ناو چوو بۆ ئیران تاکوو لە زەردەشتیەکانی ئێران ئاگادارییەک لەبارەی ساڵنامە پەیدا بکات و ئەو گرفتەی تەفاوتی یەک مانگ لە ساڵنامەی یەزدگوردی چارەسەر بکات، لەشاری ئیسفەهان دەسخەتێکی «دساتیر» کە تاکە نوسخە بوە بە دەستی دەکەوێت لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ هیند. ئەوسا مەلا فەیروزی کوڕی مەلا کاووس گەنج بوە، دواتر پاش چەندین ساڵ لە ڕەنج و زەحمەت کە دەساتیر بە چاپ دەگەیەنێ لە دیباچەکەیدا ئەم بەیتە بە مێژووی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە دادەنێ:

بد صدو پنجاه هشت و یکهزار
سال کین گنج نهان شد آشکار

«ساڵ هەزار و سەدو پەنجاو هەشت بوو کە ئەم گەنجە شرایەوە ئاشکرا بوو، مەبەست لە ساڵی 1158 مێژووی یەزدگوردییە کە دەکەوێتە بەرانبەر ساڵی 1818 ی زایینی. نوسخەی ئەو دەسخەتە کە بە فارسی نووسراوە تا ئیستاش لە کتێبخانەیەکی بۆمبای کە بەناوی مەلا فەیرۆز ناونراوە هەرماوە. ئەو نوسخەیە بەخەتێکی جوان نووسراوە، لە ژێر ڕستەکانی دەقی کتێبەکە خەتی سوور کێشراوە و تەفسیریشی بە دوادا هاتوە، نە ناوی دانەری و نە ساڵی نووسینی ڕوون نەکراوەتەوە.

مەلا فەیرۆزی پارسی کوڕی مەلا کاووس بە زمانی فارسی شیعری دادەنا و هەڵبەستەکانیشی لە کتێبێکی سێ جلدی بە ناوی «جۆرج نامە» کە مێژووی داگیرکرانی هیند لەلایەن ئینگلیزەوە باس دەکات چاپ کراوە و لای پارسییەکان ناسراوە.

مەلا فەیرۆز لە ساڵی 1830 ز. بەرانبەر 1246 ی ک. دوعا خوازی لە دنیاکرد، تا ئێستاش لای پارسییەکان بە چاکە ناوی دێت، بە پێی نووسینی مەلا فەیرۆز لە دیباچەی دەساتیر، ساڵەهای درێژی بەو کتێبەوە خەریک بوە. مێژوونووسی ئینگلیز سیرجۆن مالکم sir john malcoim نووسەری کتێبی History of Persia «مێژووی فارس» لە چەند نامەیەکدا مەلا فەیرۆزی هان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەساتیر. هەرچەند لە مێژوەکەیدا ناوی دەساتیری هێناوە. خۆی کتێبەکەی نەدیتوە بەڵکوو لە زمانی خەڵقەوە قسەی لە بارەوە دەکا. دوایی مەلا فەیرۆز بە یارمەتی ویلیەم ئەرسکین William Erskine دەساتیری هێناوەتە سەر ئینگلیزی و بە دوو جلد بڵاوی کردۆتەوە جلدی یەکەم بریتییە لە دەق و تەفسیر و پێڕست لە زمانی دەساتیر. جلدی دووەمیشی وەرگێڕانیەتی بۆ ئینگلیزی.

بەر لە تەرجەمەی مەلا فەیرۆز و ئەرسکین کابرایەکی دیکەی ئینگلیز Duncan ناوێک فەرمانفەرمای بۆمبای بوە دەستی داوەتە تەرجەمەی دەساتیر بەڵام بەر لە تەواوکردنی خۆی مردوە. دوای مردنی نە تەرجەمە ناتەواوەکە و نە نووسینی دیکەشی نەدۆزراوەتەوە. ڕەنگە هەندێ کەس گومان ببا کە مەلا فەیرۆز دەساتیری هەڵبەستبێ بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە مەلا فەیرۆز پیاوێکی پاک بوە و ساختەی ئەوتۆیی لێ نەوەشاوەتەوە. بەر لەویش بەسەد ساڵێ هی وەها هەبوون دەساتیریان دیتبێ، کۆنترین سەرچاوەیەکی ناوی دەساتیری هێنابێ کتێبی «شارستان چهارچمن»ە.

نووسەری ئەمەیان [کە بەپێی ناوەکەی دیارە 4 جلدە] «بهرام کورِی فرهاد کورِی ئەسفەندیاری پارسی» مەشوور بە «فرزانه بهرام»ە گۆیا لە دەوروبەری 1034 ی ک. بەرحەیات بوە. شارستانی چەهار چەمەنیش لە 1223 یەزدگوردی لە بۆمبای چاپ کراوە. بڵاوکەرەوەکەی «سیاوخش کوری اورنزدیار کورِی سیاوخش اذری» لە دیباچەدا دەنووسێ کە ئەو فەرزانە بەهرامە لە شاگردانی «حضرت سپهر فضل اذرکیوان کورِی اذر گشسپ» بوە کەنەسەبی دەکاتەوە «حضرت وخشور ساسان پێنجەم». لێرەدا دەبێ ساسانی پێنجەم کە بە پێغەمبەر ناسراوە لە بیرنەکەین تاکوو دێینە سەر باسی ئەو لە دەساتیردا. کتێبی شارستان بە ناتەواوی کەوتۆتە دەست ئەو سیاوەخشەی کە بڵاوی کردۆتەوە. لە چەمەنی یەکەم باسی «کیومرت، سیامک، هوشنگ، تهمورس، جمشید، آبتین، فریدون، ایرج، منوچهر، نوذر» هاتوە.

لە چەمەنی دوەم قسە لەبارەی «کیان، کیغباد، سیاوخش، کیخسرو، کی پشین، کی اروند، لهراسب، گشتاسب، زرتشت»ەوە کراوە. سەرانسەری ئەو کتێبە بە ئایەتی قورئان و بە حەدیس و فەلسەفە و تصوف و عیرفان رازاوەتەوە هەر دەڵێی نووسەرەکەی ویستوویەتی لە نێوان ئیسلام و «مزدیسنا- مەزدەیەسنا»دا گونجانێک پەیدا بکات. ڕەنگە مەبەستی دیکەشی هەبووبێت بەڵام من [پووردااوود] بۆی ناچم. بەڵام کتێبەکە خۆی مایەی سەرسوڕمانە: فەرزانە بەهرام لە لاپەڕە 228 دا دەڵێ «نابێ بەڕواڵەتی نامەی زەرتەشت کە پێویستی بەتەئویل هەیە ڕەفتار بکەین بەڵکوو دەبێ تەئویلی بکەین تاکوو لەگەڵ دەساتیر بگونجێ» لەم ڕستەیەڤو هی دیکەشی وەها پێدەچێ فەرزانە بەهرام دەستێکی لەسەروکاری دەساتیر هەبێ! «محسن فانی» لەکتێبەکەی «دبستان المذاهب»دا کە لەسەرەتای سەدەی دوازدەهەمی کۆچی، نووسیویەتی لەچەند جێگەیەکدا ناوی دەساتیر لە «شارستان چهارچمن»ەوە نەقڵ دەکات. «محمد حسین کورِی خلف التبریزی» لە فەرهەنگە ناسراوەکەی خۆی «برهان قاطع»دا سەدان وشەی دەساتیری هێناوە ئەمجا لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا ناوی دەساتیر نابات بەڵکوو سەرچاوەکانی وەک «فرهنگ جهانگیری، مجمع الفرسی سروری، سرمه سلیمانی، صحاح الادویەی حسین الأنصاری» سەرژمار دەکا. لەمەوە گومان نامێنێ کە ئەمانە پێش مەلا فەیرۆز دەساتیریان دیتوە. تەنانەت مەلا فەیرۆز خۆی لە دیباچەی دەساتیردا دەنووسێ کە دەساتیر تا ڕۆژگاری «شامجهان کورِی شاه اکبر» لای زانایان ناسراو و ناوداریش بوە دواتر کەوتۆتە پەنهانی. کاتێکی کە مەلا فەیرۆز بەپێی گوتەی خۆی نوسخەی دەساتیری لە ئیسفەهانەوە بۆ هیند هێنا ناوی هیچ نوسخەیەکی دیکەی دەساتیر لە هیند نەبیستراوە.

وەک دەبینین لە هەر جێگەیەک ناوی دەساتیر هاتبێ و وشەیەک لەوەوە یادکرابێ وەیا قسەیەک لە ناوەڕۆکیەوە کرابێ هەمووی هەر لە نووسینی نوێیە و هیچ یەکێکیش لەو نووسینانە بایەخ و گرنگییەکی نییە. لەوەوە دەردەکەوێ مێژووی دانانی دەساتیر لە 350 ساڵ تێناپەڕێ، واتە ناچێتەوە پێش زەمانی شاعەباسی گەورەی سەفەوی 995-1038. خۆ ئەگەر دەساتیر وەکوو شارستانی چەهار چەمەن و «برهان قاطع» لە هیند نووسرابێ و نووسخەیەکی لەوێوە بۆ ئیران هاتبێ دەبی لە ڕۆژگاری «اکبر شاه هندی» پەیدا بووبێ. بەپێی ناوەڕۆکی دەساتیر پتر هەڵدەگرێ کە لەسەر زەمینی هیند نووسرابی نەک لە ئیران. بووژانەوەی ئایینی لە زەمانی ئەکبەر شاهدا زەمینەیەکی هەمواری بۆ ئایینسازی پێک دەهێنا. ئەکبەر شاه خۆی لە ساڵەکانی 963-1014 ی ک. حوکمڕانی کردووە و خوازیاری ئایینێکی نوێ بووە بەناوی «توحید الهی».

دەساتیر کە ئاوێنەی باوەڕی جۆراوجۆر و بەیەکدی دژ و تێک هەڵشێراوە دەبێ بەرهەمی بیروباوەڕە تێکەڵ و پێکەڵەکانی ئەو سەردەمە بێ کەوا دەوەستێتە بەرانبەر ڕۆژگاری شاعەباسی گەورە.

کە دەڵێم نابێ سازدانی دەساتیر لە 350 ساڵ کۆنترێ لەو ڕووەوەیە کە ئەو تەفسیرەی بەسەر دەقی دەساتیرەوە نووسراوە دەمودووی ئەو زەمانەی هەیە. هەرچەند لە دەساتیردا وەها ڕانوێندراوە گۆیا تەفسیرەکەی هی ساسانی پێنجەم و لە ڕۆژگاری «خسرو پرویز» بۆ دەساتیر نووسراوە، بەڵام دیارە دەبێ ئەو فارسییە ساختە و نادروستە هی سەردەمی

سەفەویەکان بێ، ئەوەندەش نزم و نارێکە دەبێ لە دەرەوەی ئێران نووسرابێ. چەندین پێشگۆیی خراوەتە دەساتیر [وەک کە خەبەری فەتحی ئیسلام بۆ ئێرانی تێدایە] کە دەستی ساختەچییان دەکاتەوە.

لە نامەی ساسانی پێنجەم لە بەندەکانی 18، 19، 24، 25، 31 هاتوە: «دیتت بەدکاری ئێرانییان کە پەرۆیزیان کوشت، ئەو کەسەی من بەرزم کردەوە ئەوان هاڵیان داشت، وا لە عەرەبان پاداش وەردەگرنەوە. هەڵگرنەوە کوژراوی خۆیان لەسەوزپۆش و ڕەشپۆشان. کە هەزاران سااڵی عەرەب بەسەر دیندا [دینی ئێرانە] تێپەڕی گۆڕانی وەهای بەسەردا دێت بە خاوەنی نیشان بدەی نەیناسێتەوە».

ئەم پێشگۆییە بەچاکی ئەوە ئاشکرا دەکا کە نووسەری دەساتیر هەزار ساڵ دوای ڕەوی عەرەب ژیاوە کە دەکاتەوە زەمانی سەفەوی. هەروەها بەندی دواین لە پێشگوێیەکەدا پاتەوپاتی ئەم شیعرەیە کە دەڵێ:

دین نزا ازپی ارایشند
ازپی ارایش و پیرایشند

بکەبیستند بران برگ و ساز
گرتو بە بینی نشناسیش باز

– – –

خەریکن ئاراییشتی دینەکەت دەدەن

ئاراییشتی دەدەن و ڕێکی دەخەن

ئەوەندەیان بەرگ و با تێبەستوە

گەر بیبینیتەوە نای ناسیتەوە

ئەو تەرزە پێشبینیانە بەتایبەتی لە نامەی ساسانی یەکەم زۆرە جگە لە عیسا خەبەر لە مانی و مزدەک و حەزرەتی محەمەدیش دەدات.

کەواتە دەساتیر سەرەڕای ئەو هەموو تەقڵەبازییە ڕێی نییە شانازیش بکا بە کۆنینەیی. بۆ ئەوەی گوتە درێژ نەبێتەوە چاو لەو نیشانانە دەپۆشین کە بەڵگەی نوێبوونی دەساتیر بە دەستەوە دەدەن و یەخەی تەقڵەبازییەکانی دەگرین.

ناوی دەساتیر خۆی وەک ئەو زمانەی پێی نووسراوە و بابەتەکانی تێیدان، ئەویش نادروست و ساختەیە چونکە وشەی «دەساتیر» ڕێژەی «منتهی الجموع»ی عەرەبییە و لە «دستور»ی فارسییەوە هاتوە. فەرهەنگی «انجمن ارای ناصری» بەخۆڕایی هەوڵی داوە بۆ پەیداکردنی ڕیشەیەکی دیکە بۆ «دەساتیر».

بە گوتەی دەساتیر شازدە پێغەمبەر، کە بەتەعبیری دەساتیر پێیان دەڵێ «فرجیشور» گەییشتونەتە پلەی وەرگرتنی قسەی ئاسمانی ئەمانە پێغەمبەرەکانن: 1- مهاباد 2- جی افرام 3- شای کلیو 4- یاسان 5- گلشاه 6- سیامک 7- هوشنگ 8- تهمورس 9- جمشید 10- فریدون 11- منوچهر 12- کیخسرو 13- زدتشت 14- سکندر 15- ساسانی یەکەم 16- ساسانی پێنجەم [بەڕێنووسی ناو کتێبەکە ناوەکانم نووسی].

دەساتیر بریتییە لەو نامە ئاسمانییەی کە بۆ پێغەمبەرانی هەناردوون. نامەی «هۆشەنگ» ناوی «جادوان خرد» بوە. نامەی «تهورس» ناوی «برین فرهنگ» هی «جمشید» ناوی «فرازین اروند». هی «فریدون» ناوی «هنرستان» هی «منوچهر» ناوی «دانشیار» هی «کیخسرو» ناوی «سروش کردار». خانەدانی یەکەم پێغەمبەر کە پێی گوتراوە «آبادیان» لەماوەی یەک سەد «زاد»دا خوسرەوییان کردوە. بابزانین «زاد» دەکاتە چەند ساڵ.

لە دەساتیردا هەر «زاد»یک هەزار «واد» ساڵە. واد سێ هەزار «جاد» ساڵە. یەک جاد هەزار «مەرەد» ساڵە. یەک مەردە هەزار «وەرەد» ساڵە. یەک وەرەد هەزار «فەرەد» ساڵە. هەر فەرەدیک یەک ملیۆن ساڵە. ملیاریک ساڵ پێی

دەگوترێ «اسپار». دەملیۆن ساڵ «سحار»ێکە. سەد هەزار ساڵ «سلام»ێکە. بەو پێیە یەک زاد ساڵ دەبێتە ئەم ژمارەیە:

3 000 000 000 000 000 000 000 000 000 [لە نووسینی پوور داوود لە جیاتی 3 ژمارەی 2 نوسراوە بەڵام هەڵەیە چونکە ژمارە 3 لەو حیسابانەدا هەیە نەک 2] ئنجا بۆ خۆتان بزانن یەک سەد زاد کە درێژی فەرمانڕەوایی خانەدانی ئابادیانە چەند ساڵ دەگرێتەوە [سێ سەد هەزار ملیۆن ملیۆن ملیۆن]. دواییین پادشای ئەم خانەدانە کە ناوی «ابادازاد» بوە خەستە و دلماو بوە کە ئیتر نەیتوانیوە مەردم لە کەچ ڕەفتاری بگێڕێتەوە بەناچاری لە جیهان زوێر بوە و لەبەرچاوان بزربوە. جیهان لەوەدا پڕ بووە لە ئاژاوە. چەندین کەسی میرخاس داوایان لە «افرام» کوڕی ئاباد ئازاد کردوە کە لەسەر تەختی باوکی دابنیشێ. لەودەمەدا فەرمانی ئاسمانیشی پێ گەییشت و بوو بە هەڵبژاردە بۆ سەروەری و ڕێنمایی خەڵقی ئەم دنیایە. کە نۆرەی پێغەمبەرایەتی و خوسرەوایەتی بە ئەفرام گەییشت لەقەبی «جی» بۆخۆی هەڵبژارد. لەوە بەدواوە جێنشینەکانی ئەو هەموویان بە «جی» ناو دەبران. خانەدانی «جیان» یەک «اسپار» ساڵ کە دەکاتە یەک ملیار ساڵ فەرمانڕەوابوون. داوییین مەزنی ئەم خانەدانەش «جی الاد» وەکوو «ایاد ازاد» لە کرداری نابەجێی مەردم وەتەنگ هات و ڕووی لە دنیا وەرگێڕا. ئەوسا دیسان ئاژاوە تەنییەوە تاکوو کوڕی ئەو «کلیو» بە داخواستی مەردم و فەرمانی ئاسمان لە شوێنی باوکی دانیشت و لە قەبی «شای» بۆ خۆی هەڵبژارد. خانەدانی ئەمیان بە «شاییان» ناوبران. ئەم خانەدانە یەک خانەدانە یەک «سمار» ساڵ کە دەکاتە دەملیۆن ساڵ فەرمانڕەوابوو. دواییین مەزنیان «شای مهیول» لە کرداری ناڕەوای خەڵق پەککەوتە بوو ئەویش وەک «اباد ازاد وجی الاد» لە گەورەیی کنارگیر بوو لەبەر چاوان ون بوو. دیسان ئاگری ئاژاوە زمانەی کێشا تاکوو مەردم بە فەرمانی ئاسمان «یاسان» کوڕی «شای مهیول»یان بە گەورە و ڕابەر و پێغەمبەر هەڵبژارد. خانەدانی یاسان پێی دەگوترێ «یاسانیان» جودەتی ئەمانە نەوەدونۆ «سلام» ساڵ بووە. گوتمان هەر «سلام» یەک سەد هەزار ساڵە. دواییین پادشای ئەم خانەدانە کە ناوی «یاسان اجام» بوە. ئەویش لە پاشایی و لە ژیان کنارگیر بوە. ئاژاوە دنیای داگرت، مەردم وەکوو دێوان کەوتنە گیانی یەکدی تا ئەوەی ناوی ئادەمیزادییان پێ ڕەوا نەدیتراوە. دنیا ڕووی لە کاولی کرد. وەهابوو تاکو خودای گەورە «گلشان»ی کوڕی «یاسان اجام»ی بە پێغەمبەری و فەرمانگوزاری خستەکار.

لە میژو و داستان و نووسینە دینییەکانی ئێران کەسمان چەنگ ناکەوێ بەناوی «مهاباد و جی افرام و شای کلیو و یاسان». ئەمانە فەرمانڕەوای دەسکردی ناو دەساتیرن. بەڵام دوازدە پێغەمبەرەکەی دیکە کە لە دەقی دەساتیر بە ناوێک و لە تەفسیرەکەیشی بە ناوێکی دیکە نووسراون بەم جۆرەن.

1-فرزینسار گلشاه یاخود کیومرث

2- سیامر سیامک

3- هورشار هوشنگ

4- تخمورد تهمورس

5- جرمشار جمشید

6- پرسیدوم فریدون

7- میرزاد منوچهر

8- سکلاسرو کوڕی سیاوخش - کیخسرو کوڕی سیاوش یاخود هیرتاووش

9- هرتوش یاخود هرتوشاد کوڕی هرسفتمار - زرتشت اسفنتمان

10- سیمکندش سکندر

11- خرمین سرسار یەکەم ساسان

12- پندم اردیناس پێنجەم ساسان

بێ ئەوەی بڵێم دیارە ئەم ناوانە نووسەری دەساتیر هەڵی بەستوون، هیچ یەکێک لەوان ئەو ناوەیان نەبوە کە دەساتیر بۆی داناون. لە ئاڤێستادا کە کۆنترین سەنەدی نووسراوی ئێرانییان حیساب دەکرێ تا دەگاتە «زرتشت» بەم جۆرە ناویان هاتوە:

- Gaya- maretan کیومرث
- Syamaka سیامک
- Haoshangha هوشنگ
- Takhmo- urupa تهمورث
- Yima- khashaata جمشید
- Thrbelana فریدون
- Manush- lchithi ra منوچهر
- Haosra vanyhu خسرو
- Syavat shan سیاوش
- Zarathushtra زرتشت

ناوی خانەدانی زەرتەشتیش spitama سپیتمان.

لە ئاڤێستادا «کیومرث» لە جێی ئادەمی سامیەکان یەکەم مرۆڤە. لە دەساتیردا «مهاباد» یەکەم مرۆڤە. ئەوانی دیکە هەموویان بەجگە لە زەرتەشت لە ئاڤێستا و لە داستاناندا لە چاکان و گەورە پیاوان و ناودارانن، چونکە داستانی پیشدادییان موشتەرەکە لە نێوان ئێرانییان و هیندییان هەندێک لەوانە ناویان لە نامەی دینی برەهەنان «ڤیدە veda»دا هاتوە. بەڵام لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ ناوەکانی دەساتیر یەک ناگرنەوە. واتای ئەو ناوانەی لە لیستەی سەروودا ژماردمانن بۆ ئێمە ئاشکرایە، گومانیش لەوەدا نییە کە لە سەرچاوەی ئاڤێستا و نووسینەکانی پەهلەوییەوە بە دروستی پێمان گەیشتوون، ئەو گۆڕانەی لە فارسیشدا بەسەریاندا هاتوە بەپێی دەستوور و قاعیدە بووە.

ئەمما یەکەم ساسان و پێنجەم ساسان کە لە دەساتیردا بە پازدەمین و شازدەمین پێغەمبەر ژمێرراون و گۆیا یەکێکیان لە باپیرانی ئەردەشیری پاپەکان و ئەوی دیکەشیان لە ڕۆژگاری خوسرەوی پەرویز لە «مرو» پێغەمبەر بوە. وەک دەزانین لە مێژوودا ساسان باپیر وەیا یەکێک پێشینانی ئەردەشیری پاپەکانە کە لە ساڵی 224 ی ز. خانەدانی شاهەنشاهی ساسانیانی بنیاد ناوە. لە گۆشە و سووچەکانی مێژوودا تووشی چەند کەسێک دێین ناویان ساسان بوە بەڵام لە هیچ جێگەیەکدا ناونیشانی پێغەمبەر ساسانی یەکەم و پێغەمبەر ساسانی پێنجەم نییە. وەک دیتمان لە دەساتیردا ئەسکەندەر دوای زەرتەشت چواردەمین پێغەمبەری شێران بوە. لە دەساتیردا ئەسکەندەر ناوی هاتوە بە «سمکندش کورِی نشاب واتە دارا». ئەم پێغەمبەرە هەمان مەلعوونە کە لە 330 ساڵ پێش عیسادا ئێرانی لە خاک و خوون کێشا، دڵ ڕەقی و بێدادی ئەو لە عەرەبەکان [لە نووسینی خۆمدا گوتوومە نووسەرانی فاسی سەر بە قەومایەتی ئیسلام و جەنگیز وەکوو یەکدی حیساب دەکەن. م. محەمەد] و تەیموور کەمتر نەبوە. ئەسکەندەر لە هەموو نامە ئایینیەکانی پەهلەوی بە «گجستک- گوجەستەک» واتە پیس و ناپاک و وێرانکەری ئایین ناوی هاتوە و لە کۆنەوە بەلای ئێرانیان مەعلوومە ئەو ئاڤێستای سووتاندوە. گومان نییە لەوەدا کە لەئاکامی داگیرکرانی ئێران لەلایەن ئەسکەندر و جێنشێنەکانی «سلوکیەکان» بەشێکی

نامەی ئایینی ئێرانییان لەناوچوو. تەنانەت کاتەکان و سروودەکانی زەرتەشتیش هەر لەو ڕۆژگارانەدا نابوود بوون و تەنها چەند پارچەیەکیان بە ئێمە گەییشتووە.

ڕاستە ئەسکەندەر لە داستانەکانی ئێمە، وەک شانامەی فیردەوسی و ئەسکەندەر نامەی «نظامی» و مێژووی «طبری» و هی دیکەش، ناوی بە چاکە هاتووە بەڵام دەبێ بزانین نزیکی هەشت سەدە دوای ئەسکەندەر کتێبێکی کە یۆنانیەکان لە بارەی ئەسکەندەریانەوە نووسی و بە ناوی «کالیستینس kailisthenes» بڵاوبۆوە بریتییە لە داستان و ئەفسانە، بەپێی دڵخوازی خۆیان لەو کتێبەدا ئەسکەندەریان باس کردووە، ئەو کالیستینسەی کتێبەکەیان لە ناوی ئەو بەستووە یەکێک بوە لە نووسەرە ناوداراەکانی یۆنان کە لەکاتی لەشکرکەشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک مێژوونووسی یۆنانی بەگەڵ لەشکرەکە کەوتبوون. لەمەدا وەک کە دوترا سوڵتان مەحمودی غەزنەیی لەڕەوی بۆ سەر هیند دەستەیەک نووسەری لەگەڵدابوون تاکوو بە نووسین پێیدا هەڵبڵێن، ئەسکەندەریش ژمارەیەکی لە نووسەران بەگەل خۆی دابوو تاکوو مەدحی بکەن و تام و شامێک بخەنە داگیرکردنەکانیەوە باسی پاڵەوانەتیی بکەن بەڵام کالیستینس نەیویست خراپەکانی ئەسکەندەر بە چاکە لە قەڵەم بدات و پلەی ئەسکەندەر بگەیەنێتە پایەی خوایەکانی یۆنان. ئەمە بووە هۆی نارەزامەندیی ئەسکەندەر لە کالیستینس تا بە گوناهێکی تاوانبار کرد و خستییە زیندانەوە و تێیدا مرد. ئەوەی کالیستینس لە ژیانی خۆیدا بە ڕەوای نەزانی دوای هەشت سەد ساڵ لە مەرگی کەسانی دیکە هاتن پەسەندیان کرد و هەر بەناوی ئەوە و قاتڵەکەیان، کە ئەسکەندەرە وەکوو پەروەردگار هەڵداوە. ئەفسانەی ئەسکەندەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی و ئەرمەنی و عیبری و عەرەبی تەرجەمەکرا. هەرچی لە ئەدەبیات و داستان و مێژووی فارس لە بارەی دوژمنە کۆنەکەی، ئەسکەندەرەوە، یادکرابێ هەمووی لەسەرچاوەی یۆنانی و هەمان کتێبی ساختەوە هاتووە، بێگومان کتێبی «خدای نامک»ی پەهلەوی کە کانیاوی لێوەهەڵێنجانی شانامەیە هیچ باسێکی ئەوتۆیی لە بارەی ئەسکەندەرەوە تێدا نەبووە. بە پێغەمبەر زانینی «گجستک ئەسکندر» لە دەساتیردا باشترین بەڵگەیە کە ئایینی دەساتیری هیچ سازانێکی نییە نە لەگەڵ دینی زەردەشت و نە لەگەڵ مێژوو.

دەساتیر بەچاولێکەری لە ئاڤێستا خاوەنی مەتن و تەفسیرە. مەتنەکەی بە 16 بەش دابەش کراوە و هەر بەشێکیشی بە پێغەمبەرێکەوە بەستراوە هەر یەکێک لەو 16 نامانە خاوەنی چەند بەندێکە. بە نموونە، نامەی ئاباد 170 بەندە، هی «جی افرام» 88، هی «شای ملیو» 80، هی «یاسان» 12 هەروەهاش نامەکانی دیکە دریژترینیان نامەی زەرتەشتە بە 164 بەندەوە کە هیچ یەکێکیان وێچوونی نییە لەگەڵ گوتەکانی زەرتەشت لە کاتەکاندا. تەنها پێنج سروود لە گوتەکانی زەرتەشت لە گەزەندی ئەهرەمەنی ڕۆژگاری ئەسکەندەر ڕزگار بوە بەئێمە گەییشتووە. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ شتێک لەو سروودانەدا جێی بەراوردکردن نییە لەگەڵ ناوەڕۆکە ساختەکەی دەساتیر، سەرتاپای زمانی ئەو سروودانە و هی هەموو ئاڤێستاش لە هیچ ڕوویەکەوە خزمایەتی لەگەڵ زمانە هەڵبەستراوەکەی دەساتیر نییە.

هەر یەکێک لەو 16 نامانەی دەساتیر بە مەدحی خودا دەست پێ دەکا و لە ئەنجامدا موژدەی پەیدابوونی پێغەمبەرێکی دیکە ڕادەگەیەنێ. لە کۆتایی ناوی «منوچهر» خودا پێی دەڵێ: لە دوای تۆ پێغەمبەرێک دێت ناوی «کیخسرو»ە، لە ئەنجامی نامەی زەرتەشت خودا دەڵێ:

«ئەی وەخشوور زەرتەشت، دوای تۆ ئەسکەندەر «چمر» دەبێ. دواتر یەکەم ساسان بە پێغەمبەری دێت. نامەی تۆ «همسیراز» تەرجەمەی تەفسیرە.

خراپ نییە چەند ئایەتێک یا بەگوتەی دەساتیر چەند «چمراس»یێک لە مەتنی دەساتیر بهێنین و بزانین خوای دەساتیری بە چ زمانێک نامەکانی ئاسمانی بۆ «فرجیشوران» واتە وەخشووران خۆی [وەخشووران هەر بۆ زەرتەشت بەکارهاتووە] هەناردووە. لە «چمراسەکانی» 28 — 82 نامەی فەرجیشوور «جی افرام» دەفەرموێ: «گرودفرتاش- جمشان- جمساس- چمساش- خمساشان خمساش- واسالاس- پاساپاس- راساراس- تاساتاس- کریاس نامود- کرتاس نود- الیاس هود- الماس رود- سناساب- ستاشاب- جاماجاب- نوراتوس- سارانوش- اموال فانوس- اهوالی کاروس- گستهم توش- سمرنوش- جودبروش- اورنگان پوش [دوای چوارِ دێرِی دیکە ئەمانە دێن:] هامستنی رامستنی شامستنی زامستنی- شالشتنی شالشتنی شالتنی شالشتنی مزدستنی سزدستبنی و زدستنی ازدستنی شالشتنی شالشتنی- شالشتنی

سیدستنی میدستنی جیدستنی هیدستنی شالشتنی- کایستنی کارستبنی شارستنی وارستنی شالشتنی- هیرکستنی ترکستنی سرکستنی فرکستنی شالشتنی [شەش دێڕی دیکەش لەم هەلەق مەلەقە بەسەر دەچێ ئینجا بە پێنج جاران شالشتنی ئەو ئایەتانە کۆتایی دێت، پێویستم نەدیت هەموویان بنووسمەوە م. محەمەد].

خوێنەران ناچارن دڵیان بیەوێ بزانن «شالشتنی» کە هێندە جارە دەگوترێتەوە چ واتایەکی هەیە، خۆشبەختانە لە زەمانی پەرویزی ساسانی پێغەمبەر ساسانی پێنجەم لە تەفسیری خۆی ئەو وشەیەی لە چاوگی «شالستی» وەرگرتووە بەواتای «دانستن- زانین»: لە تەفسیری «چمراس» 88 و 81 دەفەرموێ «دانستنی دانستنی دانستنی». بەڵێ دەمانزانی دنیا شتی وەهای تێدایە کە «دانستنی-هی زانین» بن، بەڵام هەرگیز نەماندەزانی زمانێک هەبێ لە ماوەی سەدان هەزار ملیۆن ساڵ گۆڕانی بەسەردا نەیەت [دوای چەند دێڕێک نموونەی نەگۆڕانەکە دێت، م. محەمەد] کەچی زمانی ئێستاکەی فارسی لەگەڵ پەهلەوی و زمانی پەهلەوی لەگەڵ هەخامەنشی جوداوازیبان زۆرە هەموو جوداوازیەکەش لەماوەی یەک هەزار ساڵدا ڕووی داوە چونکە مەعلوومە لە نێوان ئەردەشیری سێیەمی هەخامەنشی «359- 338 پێش عیسا شایەتی کردووە» کە نووسراوی بە فارسی تا ئێستاش ماوە و لە نێوان «حنطلەی بادغیسی» کە چەند شیعری فارسی لێ بەجێ ماوە تەنها هەزارو سەدو ئەوەندە ساڵە تێپەڕیوە و جوداوازیبان دیارە، ئەمما زمانی دەساتیر لە ڕۆژگاری مەهابادەوە کە زانیتان پێش چەندین هەزار ملیۆن ساڵ ژیاوە هەتا ڕۆژگاری ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەرویز بووە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە: بەنموونە لە سەرەتای نامەی مەهاباد چمراس 3، دەفەرموێ: «فرشیدشمتای هرشنده هرشنشگر زمرپان فراهیدور». لە سەرەتای نامەی ساسانی پێنجەمیش دەنووسێ: «فرشید شمتای همرشنده هرشنشگر زمرپان فراهیدور».

ئەم زمانەی دەساتیر نە بە زمانی کۆنی ئێرانی وەک فورسی هەخامەنشی و ئاڤێستایی و پەهلەوی و پازەند، نە بە لەهجەکانی کۆنی تەخاری و سەکزی و سوغدی و غەیری ئەوان دەچێ بە [کورتی] خزمایەتی لەگەڵ هیچ زمانی ئادەمیزادی کۆن و نوێدا نییە. ئەم زمانە لەلایەن دروستکەرەکەیەوە پێی گوتراوە زمانی ئاسمانی، چونکە لە هیچ جێگە و هیچ کاتێک و لای هیچ یەکێک لە میللەتانی جیهان زمانی وەها نەبووە هەر دەمێنێتەوە لە چەرخ و فەلەک و ناهید و کەیوان کە لە نهێنیەکانیان ئاگادارنین زمانی وەها بەکار بهێندرێ یاخود دەبێ بڵێین کابرایەکی فێڵباز لەم تۆپە خاکییەی خۆمان زەمانێک گۆشەگیری کردووە و ئەو زمانەی لەلای خۆیەوە هەڵبەستووە. خوداوەند بەم زمانە، چ ئاسمانی بێ چ زەمینی، لەگەڵ شازدە پێغەمبەری بژاردە گفتوگۆی کرد و بۆ ئێمەی بەندەکانی خۆی وەڵامی نارد و دەستووری دانا تاکوو بتوانین [ڕاە ازچاە شازشناسیم- ڕێگە لە زیندان جودا بکەینەوە] و لەسەر ئەنجامدا ڕزگار بین. دەستووری ئاسمانی دەبێ لەلایەن مەردەمەوە تا ڕۆژی ژیانەوە بەکاربێت و ئایینی مەهابادی گەورە لە بیر نەکەن. هەر چونکە ڕزگاری لە هەردوو دنیادا بەند بووە بەپێڕەویکردن لە دەساتیر خوداوەند فەرمانی دایە دواین «وخشویر»ی خۆی کە ساسانی پێنجەمە تاکوو نامەی پێغەمبەران بهێنێتە سەر زمانی دەورانی خۆی.

ساسانی پێنجەمیش وەهای کرد: هات فەرموودەکانی هەر شازدە پێغەمبەر کە نامەی خۆیشی یەکێکە لەو فەرموودانە، تەفسیرکرد و بەپێی پێویست ڕوونیکردنەوە. لەداوی هەر ئایەتێک تەفسیرەکەی دێت بەو جۆرەی کە ئیمرۆ دەزانین پێغەمبەری پێشینان چیان گوتوە. ئەگەر ئەو تەفسیرە نەبوایە نەمان دەزانی «کایستنی کارستنی هارستنی وارستنی شالشتنی» چ واتایەکی هەیە. بەڵام لە ڕووناکی ئەم تەفسیرەوە دەزانین «جی افرام» بەوەدا دەفەرموێ «گوتەی خودا و نامەی خودا و هەناردەی خودا دەبێ بزانرێن». هەڵبەت ئایەتی کورتیلەی ئاسمانی واتای زۆری هەیە بۆیە ساسانی پێنجەم و ئەو پێنج وشەیەی مەتنی دەساتیری بە 176 وشەی دیکە شەرح داوە [لێرە بەدواوە 9 دێڕ لە نووسینەکەی پوور داوود جۆرێکە ئەگەر وەکوو خۆی وەرگێڕدرێتە سەر کوردی لێحاڵیبوونی زەحمەتە، من مەفهوومەکەی بە کورتی دەنووسمەوە: ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەرویزە دەبوو ئەو تەفسیرە بە زمانی ئەو سەردەمە بنووسێ. لەو سەردەمەشەوە نموونەیەکی نووسراوی گرانبەها بە ناوی «ماتیکان هزار داتستان» بەجێ ماوە کەچی تەفسیرەکە هیچ وێچوونێکی لەگەڵ ئەو زمانەدا نییە بەڵکو بە زمانی فارسی سەردەمی شاعەباس نووسراوە کە هەزار ساڵ لە ساسانی پێنجەم دواترە دیارە ئەو کەسەی دەساتیری هەڵبەستووە لە سەردەمی شاعەباس بە زمانی سەردەمی شاعەباسی نووسیوە].

زمانی تەفسیری دەساتیر فارسییە ئەمما پارسی نە گەمە! لە هەر جێگەیەکی بەرانبەر وشەی عەرەبی هی فارسی چنگ نەکەوتبێ یەکێکی ساختەی بۆ دروست کردووە. هەر ئەو وشە ساختانەن بە پارسی دروست وەرگیراون و چوونەتە ناو «برهان قاطع و چمن ارای ناصری» لە نامەی «جی افرام» دا دوو بەندی 70- 71 ئەمە دەڵێ: «دوو جۆرە نامە خودایین، یەکیان «مهین نامە- نامەی گەورە» کە لە خەڵقی دوو جیهان دەدوێ، ئەوی دیکەش دەساتیرکە «کهین نامە- نامەی بچووکیش» ی پێ دەگوترێ.

ئەمش نموونەیەکە لەو «کهین نامە»یە کە دەساتیری ئاسمانیە: خودا نۆ ئاسمانی خەڵق کرد. هەر یەکێکیان خاوەن هۆش و گیان و لەشە، لە ئاسماناندا فرشتەی بێئەژمار و ئەستێرەی زۆر هەن، هەریەک لەوانیش هۆش و گیان و لەشی هەیە، ئەستێرە گەڕۆکەکانیش خاوەن هۆش و گیان و لەشن. هۆش و گیان و لەشی مانگ ناویان «فرنوش، ورنوش، اردوش»ە، هۆش و گیان و لەشی تیر «عطارد» «وارلاس، فرلاس، ورلاس» یان پێ دەگوترێ، ناوی هۆش و گیان و لەشی ناهید «زهرە» «نروان، فروان، زروان»ە، ناوی گیان و هۆش و لەشی ڕۆژ «شادارام، شادایام، تشادارسام»ە. هۆش و گیان و لەشی بەهرام «مریخ» بە «بهمن زاد، فرشاد، رزبادواد» نافرەت بوون. ناوییان هۆش و گیان و لەشی هرمزد یاخود برجیس «مشتری» «نجم داد، نجم اراد، شیداراد»ە. هۆش و گیان و لەشی کەیوان «زحل» «فرنسا، لاتینا، ارمنا» ناویانە.

جیهان وەکوو ئادەمیزادە: ئاسمان پێستی ئەوە، کەیوان سپڵی، بەرجیس جگەری، بەهرام زڵاوی، ڕۆژ دڵی، ناهید معیدەی، تیر میشکی، مانگ سیپەرلاکی، ئەستێرەکان و بورجەکان دەمارەکانی، ئاگردتێ هەوا هەناسەی، ئاو ئارەقەی، خاک تۆزی پێی، بروسکە بزەی لێوی، گرمەی هەور ئاوازی، باران فرمێسکی، کانگەکانی گیاکان و گیانلەبەرەکان کرمی لەشی.

پێستی ئادەمیزاد وەکوو ئاسمانە و حەوت ئەندامەکانی، سەر و سنگ و میعدە و دوو دەست و دوو قاچەکانی، لەجێی حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکانن، خوێن و بەڵغەم و سەفراو سەودای لە جێی چوار «عنصر»ی ئاو و ئاگر و خاک و هەوان، ئەستێرە بێ ئەژمارەکان و حەوت چەرخ لە کاری جیهاندا دەسەڵات و تەئسیریان هەیە پێویستە بۆ ئەوان «سنجرستان» واتە جێگەی پەرستن دروست بکرێت و بە بوت بڕازێتەوە.

لە دەساتیردا قسە لەبارەی «تناسخ»ەوە زۆر هاتوە. گیانی هەموو بونەوەر، لە مرۆڤ و گیاندار و ڕوەک و شتی بێ گیان، لە لەشێکەوە بۆ لەشێک گوێزە دەکات. لە نامەی مەهابادا پێغەمبەر ئاباد لە خودا دەپرسێ بۆچی پاشایان و فەرمانڕەوایان و توانایانیش لە ژیاندا ڕەنج و غەم دەبینن؟ خودا لە وەڵامدا دەڵێ: چونکە ئەوانە لە ژیانی لەشی پێشتریان بەدکار بوون جەزایان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە، بەنەخۆشی و ڕەنجووری لە دایک دەبن وەیا بە دەردی دیکە گرفتار دەبن. گیانداری زەهراوی و درندە دەیان گەزن. ئەمانە تۆڵەی کردارەکانی ژیانی پێشینی خۆیانە. هەروەها گیانەوەری درندە و مەل و چارپێ هەریەکەیان پاداش وەیا جەزای ژیانی پێشینی خۆیان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە. ئەگەر سووڕی یەک ژیان بایی سڕینەوەی گوناهی پێشووتری نەکرد لە دەورەی ژیانی سێیەم و چوارەم جەزا دەدرێن، ئەوەن دەچن و دەبنەوە تاکوو گوناهی پێشین پاک دەبێتەوە. ئەو کەسانەی بەدکارن لە ژیانێکی دیکەیان دەچنە قاڵبی کانگە «معدن»ەوە. چارپێیەکانی کە لەم جیهانەدا وەکوو ئەسپ و گا و حوشتر و کەر بارکێشن کەسانێک بوون کەوا چوونەتە قاڵبی جانەوەران و لە باربەریدا جەزای ڕەفتاریان دەبیننەوە.

لە دەساتیردا زەحمەت کێشان و وەرزش و خۆشەکاندن زۆر بایەخی پێ دراوە، لە ریازەکێشان و ڕۆژووگرتن و دوعاکردندا دەشێ گیانی ئادەمی لە کڵێشەی دەرچێت و بۆ تەماشای جیهان بڕوات و دواتر بێتەوە لەشەکەیەوە کەسێکی گەییشتە ئەم پایەیە چی دیکە گیانی قاڵب گۆڕی ناکات. ئەو تەرزانە دوای مەرگ لە بەهەشتدا نەمر دەبن.

کوشتنی چارپێ و خواردنی گۆشتیان لە دەساتیردا حەرام کراوە. دەبێ مردوویان بەخاک بسپێردرێ یاخود بسووتێندرێ، لەوجۆرە مەبستانەوە کە پێچەوانەی ئایینی ئێرانییانە دیار دەدات دەساتیر پێوەندی بەهێندەوە هەیە یاخود، وەکوو پێشر گوتمان، لەهیند نووسراوە. جگە لەمە زۆر لە وشەی دەساتیر هیندین کە هاتووە سەروگوێلاکی شکاندوون و شێوەی گۆڕیوون و وشەی نوێی لێ سازداون هەر وەک لەگەڵ زۆر وشەی فارسیشدا ئەمەی کردوە.

نووسەری دەساتیر هەرشتێکی لە دینی برەهمەنی و زەردەشتی و ئیسلام ودینی دیکەی بیستبێ وەیا خوێندبێ دینێکی نوێی لێ پێکهێناوە و بەناوی خودایەک کە پێی دەڵێ «مزدام» و بەیارمەتی 16 پێغەمبەر بانگ هێشتنی خەڵق دەکا بۆ ئەو دینە. لە دەساتیردا دینی برەهمەنی پتر لە دینەکانی دیکە شوێنی دیارە، تصوفیش کە لەسەردەمی ئەکبەر شای هیندی ڕەونەقی هەبوو لەو دینەدا دەردەکەوێتەوە.

ڕەنگە تا ئیستا کەس پێڕەوی ئەو دینەی نەکردبێ هەرچەند لە دەساتیردا نامەی ساسانی یەکەم دەڵێ ئەردەشێری پاپەکان وێڕای ئاتەشگەدە بوتخانەی ئەستێرانیشی دروست کردووە. ئیمرۆکە شتێکی لە دەساتیردا گرنگ بێ زمانەکەیەتی نەک باوەڕەکەی چونکە زەرەرێکی لەوەوە پێمان گەییشتبێ لە زمانە ساختەکەیەوە هاتووە نەک لە دینە ساختەکەیەوە. ئەگەر زیانێکی دیکەی هەبووبێ لە غەیری زماندا بەزەردەشتیانی گەیاندووە کە بێن نامەی وەها ناپاک بەنامەی ئایینی خۆیانی وەربگرن. لێرە بەپێشەوە گوتمان نووسەری «برهان قاطع» سەدان وشەی هێناوە بێ ئەوەی بڵێ ئەو گەوهەرە گران بەهایانەی لەکام گەنجینەی نرخدار هێناون.

بەدبەختانە ئەو فەرهەنگە سەراپا نادروستەی کە لەهیند نووسراوە و کەوتۆتە دەست ئێرانییان بێ ئەوەی وشەکانی هەڵسەنگێنن لە هەڵبەست و پەخشان بەکاریان هێنان. داوی بڵاوکردنەوەی دەساتیر ئەو وشانە وردە وردە پتر کەوتنە کایەوە هەرچەند بڵاوکەرەوەی دەساتیر مەلا فەیرۆز لە دیپاچەیدا نووسیوەنی: «دەبێ بزانرێ زمانی ئەسڵی ئەو «صحایف منزله» ببرِای خزمایەتی بە زەند و پەهلەوی و فارسی دەرییەوە نییە بەڵکوو لەگەڵ هیچ زمانێکی ناسراوی تایەفە جوداکانی ئەم سەردەمە نیسبەتی نییە.» هێندە هەیە مەلا فەیرۆز نەی گوتوە دەساتیر ساختەکاری مرۆڤێکی تەقلەباز بێ. لە هەموو جێگەدا بەتام و بۆ ناوی دەبات بەکتێبی پیرۆز و ڕووپەڕەی ئاسمانی دادەنێ تاکوو لە ئێران وەهایان زانی کەوا بەڕاستی دەساتیر لە نووسینەکانی ئێرانی کۆنەوە هاوتای ئاڤێستایە. زمانیشی یادگارێکە لە ڕۆژگاری تێپەڕیو. ئەمەیە دەبینین نووسەرانی سەردەمی «ناصرالدین شاھ» بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بخەنە بازارِ دەستیان دایە تاڵانکردنی دەساتیر بەڵام هیچ یەکێکیان لە خۆی نەپرسی ئایا ئەگەر دەساتیر ڕاست و دروستە بۆچی تاکە یەک فەرهەنگی پێش «برهات قاطع» زمانی دەساتیریان یاد نەکردووە؟ بۆچی لە شیعری شاعیرانی پێش خۆیان یەکێک لەو وشانە دەرنەکەوتوو؟ بۆچی لە هەزاران کتێبی هۆنراوە و پەخشان قسەیەک لە بارەی «مهاباد، جی افرام، شای کلیو، یاسان» نەگوتراوە؟ بۆچی دەساتیر خۆی بەر لە چاپکردنی لەهیچ کوێیەک ناو و نیشانێکی نەبووە؟

«محمد تقی خان» بەنازناوی «حکیم» و نووسەری «گنج دانش» هیچ بە دڵیدا نەهاتووە کە دەساتیر ساختەی بابایەکی تەقلەباز و نابەکاربێ، بۆیە لە بارەیەوە دەنووسێ: «دەساتیر ناوی کتێبێکی ئاسمانییە کە بۆ «مەاباد»ی یەکەم پێغەمبەریان (مەبەست ئابادیەکانە) هاتۆتە خوار و بە جۆرە زمانێک نووسراوە تێگەییشتنی مومکین نییە و ساسانی پێنجەم وەری گێڕاوەتە سەر پارسی کۆن و لە «توحید و تجرید و حکمت و طاعت» دەدوێ و بریتییە لە چواردە ڕووپەڕە «صحیفة» کە بۆ چواردە مەزنە پیاو نازڵ بووە و لە بەندەری بۆمبای چاپ کراوەو وەگێڕدراوەتە سەر ئینگلیزی و بۆ ئێرانیان ناردووە و وشەکانیشی لە گەڵدایە [واتە تەرجەمە کراون]. خاوەنی «برهان» دیتوویەتی و هەندێک لە وشەکانی وەرگرتووە [ذکر کردوە] ئێستا بەردەستە و بابەتی هۆشیەسەندی تێدا زۆرە و لای پارسییان گەلێک خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەنێن» من خۆم [پوور داوود] سەد وشەی دەساتیرم هەڵبژارد و تەماشای ئەو فەرهەنگانەم کرد کە لە دەستمدان، هیچ کامێکم لەو وشانە تێدا نەدیتن. لەمانە «لغت فرس أسدی» کە لەسەدەی پێنجەمی ک. نووسیویەتی. «فرنگ جهانگیری» کە جمال الدین حسین بەناوی جیهانگیری پاشای هیند لە 1017 بە ئەنجامی گەیاندووە. «فرهنگ مجمع الفرس سروری» کە محمد قاسم کورِی حاجی محمد الکاشی سروری لە زەمانی شا عەباسی گەورەی صفوی کۆی کردۆتەوە. «فرهنگ رشیدی» کە عبدالرشید کورِی عبدالغفور الحسینی المدنی التتوی لە ساڵی 1064 لە هیند نووسیوەتی کە لەودەمەدا محمد حسین بن خلف التبریزی لە 1062 هەر لە هیند «برهان قاطع»ی نووسیوە.

هەروەها هیچ یەکێک لەو سەد وشەیەم لەو شانامەیەدا کە woltt ڕێکی خستووە نەدۆزیەوە و لەناو ئاڤێستا و پەهلەوی و پازەندیش تووشی تاکێکی نەبووم. بەڵام هەمووم لە «برهان قاطع»دا دۆزیەوە و دیتم هەرگیز ناوی دەساتیریان لە گەڵدا ناهێنێ هەرچەند گومانم نییە لەوەدا کە نووسەری برهان قاطع هەمووی لە دەساتیر هەڵگرتوونەتەوە. نووسەری برهان

قاطع دەربەستی دروستی و نادروستی وشە نەبووە هەرچی پەیدای کردووە خستوونیەتە فەرهەنگەکەیەوە، ئەوەندە هێزەشی نەبووە وشەکانی تورکی و عەرەبی و هیندی لەیەکدی جودا بکاتەوە وەیا ئەو وشانەی بنج و ڕەگی فارسییان هەیە لە وشەی ساختە بناسێتەوە.

نووسەری دەساتیر بۆ وشەسازی چەندین شێوازی بەکارهێناوە: بۆ هەندێک وشە مەعنای تازەی داناوە: ئامیغ کە بەواتای «امیزش- تێکەلکردن»ە لە دەساتیردا بۆتە «حەقیقەت- ڕاستی» «امیغی- ڕاستەکی». «یوزە» تووڵەی ڕاوە بۆتە «تفتیش- پشکنین»... و هی دیکەش. بۆ هەندێ وشەی عەرەبی وشەی فارسی سازداوە وەک: «خانە اباد- خانەی ئاوەدان» بەرانبەر «بیت المعصور- کعبة» و «هرسویە پادشاهان- پاشایانی هەرلایە» لە جێی «ملوک الطوائف» و «کنور- کون وەر» بۆ «فاعل- کارا» و «چشمیدە- چاوێنراو» بۆ «منظور» و «برش دید- بڕینی دیتن» بۆ «قطع نظر».... یەک ڕشتەی وشەکانی لە مەفهوومی عەرەبییەوە هاتوە وەک «رویش- ئەوەتی» بۆ «هویة» و «راست پوش- کافر» و «افرازستان «هەورازستان» عالم علوی» و «فسردەشهر- علم سفلی» و «نخستین انداز «یەکەم ئەندازە» بدیهیة» هەندێک لە وشەکانی لە ڕێی پێکگرتن «قیاس»ەوە سازداوە. لە «خورشید»ەوە وشەی «هورشید و ماەشید»ی دروست کردووە. لە زۆر وشەی فارسیدا پیتی یەکەم وەیا دوایی قرتاندووە یاخود پیتێکی بەسەرەوە وەیا کۆتاییەوە ناوە و وشەی دیکەی لێ هەڵبەستوون: «نیوارە» کە تیرۆکی نانکردنە و «وردنە»شی پێ دەڵێن لە دەساتیردا بۆتە «نیور، نیوار» بەڵام بە واتای جۆ. «باستان» بۆتە «باس» بە واتای «کۆنینە» لە بەرانبەر «حادث». وشەی «چم= واتە» پیتێکی «ر»ی پێوە نووساوە و «چمر» بە واتای ئاشکرا و پەیدا. وشەی «همە- هەموو» نیشانەی نەفی «أ»ی چۆتە سەر بۆتە «اهمە- ئەهمە» بە واتای ناتەواو.. هی دیکەش زۆر. بەم شێوازە نووسەری دەساتیر وڕێنەکانی خۆی خستۆتە قاڵبی وشە و ڕستەی ئاسانەوە و بەزمانی سەردەمی ساسانییانی لە قەڵەم داوە. بۆ هیچ وشەیەک پەکی نەکەوتووە. جارەها بۆ وشەیەکی عەرەبی چەندیکی داتاشیوە بە نموونە: «هرآینە بود، هرآینە هستی، ناچار باش، باگزیر باش، ناچار هست، گرور فرتاش» هەمووی بە واتای «واجب الوجود» و «شایستەهستی، شایستە بود، ناور فرتاش» لە جێی «ممکن الوجود».

لە دەساتیردا زۆر وشەی هیندیش دەدیترێ وەکوو وشەکانی فارسی سەر و پێ و دەستی شکاوە و واتایەکی دیکەیان پێ دراوە.

[لێرە بەدواوە پوور داوود 16 دێڕ لە وشەی جۆراوجۆری ساختەکراوی دەساتیر دەهێنێتەوە کە لە فارسی و هیندی و عەرەبی و هیچە داتاشراون.. پێویستم نەدیت لە چەند نموونەیەک بەولاوە ڕاگوێزم بۆ ئێرەکانە چونکە کەس پێیان دەوڵەمەند نابێ. م. محەمەد]

اپرخیده	صریح و بی رمز
اوچیز	حقیقت و هامیت
پازتازی	جزئی
فراتین	گفت- اسمانی
روزستان	اهل حرفت
نمشته	عقیده
نوله	کلام
نواد	زبان
وندسار	نقطة وسط دائرة
یمینه	معده..

گوتمان له برهان قاطع سەدان لەو وشانە یادکراون و ناوی دەساتیریان لە گەڵدا نەهاتوە. وەک دەشزانین لەم فەرهەنگەدا بۆ هیچ وشەیەک شایەد نەهێنراوەتەوە. لەبەرئەمە ناسینەوەی وشەی ساختە بۆ ئەو کەسانەی مایەیان نییە زۆر زەحمەتە. «رضا قلیخان هیدایت» لە فەرهەنگەکەی خۆی «انجمن ارای ناصری» وەکوو خاوەنی برهان قاطع سەدان وشەی دەساتیری یادکردووە بەڵام هەرچەندە لە ئاست هێندێک وشەدا دەڵێ لە دەساتیر وەیا لە برهان قاطعەوە وەرگیراون، لە زۆر وشەدا نە ناوی دەساتیر نە هی برهان قاطع ناهێنێ. ئەڵبەت بۆ هیچ یەکێک لەو وشە ساختانەش شایەدێکی نییە. رضا قلیخان بەرانبەر وشەی «فرسنداج» دەنووسێ: «بە هەرچی پێرەویکەری پێغەمبەران هەیە دەگوترێ. لە فەرهەنگی دەساتیر وەها نووسراوە. زۆر وشەی کە لە جهانگیری و سروری و رشیدی و برهان پەیدانین لە فەرهەنگی دەساتیر ناوە کۆنەکانی پارسییان بە دەست کەوتووە و نووسراوە..» کاتێک رِضا قلیخان فەرهەنگی خۆی دەنووسی دەساتیر بەیارمەتی مەلا فەیرۆز بلّاوبووبۆوە. رضا قلیخانیش وەکوو سەدان لە نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی دەساتیری بە نامەی دینی ئێرانی کۆن دەناسی و لە زەمینەی یادکردنی وِرێنەکانی پتر لە برهان کەمەری هیممەتی بەستبوو و لە هەندێ جێگەدا هەڵەی برهانی رِاست کردۆتەوە و هەر لە سەرچاوەی دەساتیری ئاسمانیەوە نرخ و واتای ئەوانەی چەسپ کردوە. زۆر جێی داخە کە برهان قاطع و انجمن ارا لە ئێران سەرنجرِاکێش بوون بەڵام فەرهەنگی جهانگیری و مجمع الفرس سروری کە باشترین فەرهەنگن بەلاوە نراون. ئەم گوتارە جێی رِەخنەگرتن لە برهان قاطعی تێدا نابێتەوە، جگە لە دەساتیر وشە نادروستەکانی برهانیش پترن لەوەی لێرەدا بگونجێن.

بێگومان برهان لە مەیدانی رِەواج دان بە وشەی دەساتیر لە پێشەوە دێت، بەڵام هۆیەکی کە ئەو زمانە و وشانەی بەرِادەی قبولّ گەیاند مەلا فەیرۆزە چونکە پێدا هەڵگوتنی ئەو لە دەساتیر وەهای کرد کەسانێکی لە زمانە کۆنەکانی ئێران ئاگادار نەبوون متمانە بکەن کە ئەم نامەیە یادگارێکن گرانمایەی رِۆژگاری تێپەرِیو و میراتێکی پیرۆزی پێشینانە.

وەک دەزانین چەند کەس لە دۆستە زاناکانم خەریکی گردکردنەوەی فەرهەنگی فارسین. ئومێد دەکرێ لە هەر کوێیەک تووشی وشەی دەساتیری بوون، بنووسن کە هی دەساتیرن و ساختەن چونکە ئەگەر ئەمە نەکەن لە دوا رِۆژدا ئەو وشانە یەخەگیری خەڵق دەبن، ڤوللرس vullers لە فەرهەنگی فارسی و لاتینی خۆیدا کە لە چەندین فەرهەنگەوە پێکی هێناوە لە هەموو شوێنێک کە لە وشەیەکی دەساتیری نیشان دابێ نووسیویەتی هی برهان قاطع و رِاگوێستەیە لە دەساتیر، بە جۆرێک کە رِۆژهەڵات ناسانی ئەوروپا لەو گەزەندە دوورن. لە ئەنجامدا دەبێ بەسەرقسەکانمەوە بنێم:

وشەکانی دەساتیر کە دزەی بۆ ناو فارسی کردووە زۆریان لە تەفسیری نامەی ئاسمانی سەر بە «فرجیشور» ساسانی پێنجەمە، ئەو پێغەمبەرەی کە خودا پێی دەفەرموێ: «ودم تبالیس ارجم فرجیشوریک هورانگ زاهد» واتە «وە لە توخمی تۆ هەمیشە پێغەمبەرێک دەمێنێ». نامەی ئاسمانیی ساسانی پێنجەم بە «پرتوستان- پرتەوستان» ناودەبرێ.

با ئەوەش بڵێم کە زمانی مەتنی دەساتیر بریتییە لە:

یەکەم: یەک مست لە وشەی وەرگەرِاوی فارسی و عەرەبی و هیندی وەک: چمین= چونین (وەها). ئام= فام (پاشگرە وەک زردفام) زمیر= زمین. چار= چهار (چوار). پندم= پنجم. سنجم= ششم. سفدم= هفتم. دشمیر= دشمن [سێ دێرِی دیکەش لەو جۆرە وشانە. م. محەمەد].

دووەم: لەو وشانەی کە بەهیچ رِەملّ و ئوستورلابێک نازاندرێ چین و لە کوێوە هاتوون وەک: جاگفری= بیداری (بەخەبەری). پلیر= نخست (یەکەم). فرداب= پرتو (تیشک). جمساش= نور (رِوناکی). گاپ= سایە. هیرتاسیام= ئێرانییان، نوراخ= یونان. کلیار= أندوه (غەم). شلیدە= فرزانە (زانا، زیرەک، پاک نژاد...).

نموونەیەک لە کار (فعل): هوزامیدن= پەنابردن. شالندن= زانین. آدن= بوون. کمدن= کردن. انتامانیدن= انجامانیدن (ئەنجام پێ دان). زاهدن= مان. وختن= گوتن و هی دیکەش..

جگە لەوەی کە ئەم چاوگانە بە پێی چاوگی فارسی بە دال و نون [وختن= گفتن بەتێ و نونە] دروست بوون، لە گەردانیشدا وەکوو کاری فارسین. لێرەشدا دیارە کە نووسەری دەساتیر بێنێکی لە زمانە کۆنەکان وەرگرتووە ئەوەندە هۆشەشی نەبووە بۆ ئەم زمانە ساختەیە رِێزمانێکی ساختەش دابنێ. وەکوو دەزانین چاوگ لە زمانی ئافێستا و فورسی

هەخامەنشی و لە سانسکریتدا کە بە خوشکی زمانە کۆنەکانی ئێران دەناسرێ وەنەبوو وەک چاوگی پەهلەوی هەر بە «تن» و وەک چاوگی فارسی هەر بە «تن، دن» کۆتایی بێت بەڵکو وەک کۆنە زمانەکانی هیندی- ئەوروپایی و وەک ئیستاکەی زمانی ئینگلیزی دەشیا بەهەر حەرفێک «دەنگێک» کۆتایی بێت.

هەروەها لە زمانی کۆنی ئاڤێستا و فارسی و سانسکریت کار (فعل) وەک کاری فارسی [نوێ] گەردان نەدەکران.

ئنجا فارسی نوێ ئەگەر ڕیشەی بەمەتنی دەساتیریشەوە نەبەسترابێتەوە کە گۆیا بەر لە هەزاران ملیۆن ساڵ بەسەر «فرجیشوران» دا دابەزیوە، بەڵکوو بەتەفسیرەکەیەوە بەسترابێتەوە کە گۆیا لە زەمانی «خسرو پرویز» بە ئەنجام گەیشتووە، خۆ ئێمە لەبارەی زەمان و زمانی ئەو دەورانە [بایی لێککردنەوەی ڕاستی و درۆ] بەڵەدیمان هەیە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە زمانی دەساتیر خەتی تایبەتیشی نییە و بە ئەلفبێتکەی فارسی ئیستاکە نووسراوە، ئەمەش عاجباتیەکی کتێبەکەیە. نووسەری دەساتیر بێ هیچ دەستوور و قانوون وشە پەککەوتەکانی پەهلەوی هەڵبژاردووە تەفسیری پێ نووسیوە. لە ناواخنی دیارە دەساتیر لە هیند نووسراوە و نووسەریشی ڕەنگە بە ئەسڵی زەردەشتی بووبێ بەڵام لە ئایینی دێرین ڕووی هەڵگێڕاوەتەوە و بە زەردەشت خۆی دەڵێ: «جم دساتیرکانی لەونی= جزدساتیر کاری نکنی. جگە لە دەساتیر کارێک نەکەی.» ئەمەیە دەساتیر، کتێبێکی بەر لە 120 ساڵ لە نامەکانی دینی ئێران حیساب کراوە و زمانیشی بە فارسی پێشکەوتوو وەرگیراوە ئەمما ڕاستییەکەی سووکیکردنێکە بە ئێران و زمانی فارسی.

بەمەدا گوتارەکە تەواو دەبێ. لە ژێریەوە دەنووسێ: «تەماشای ڕووپەڕە 329 ی ئەم کتێبەش بکەن» لەو ڕووپەڕەیەدا سەرەناوی «ملحقات» (پاشکۆکان) چەند کورتە نووسین و تێبینی بەدوا خۆیدا دەهێنێ. یەکەم جار لە شەش ڕووپەڕدا بە باسی دەساتیر دێتەوە، بە درێژی باسی ئەو بەڵگانە دەکات کە دانەری دەساتیر دەبێ ئەو «ادزکیوان»ەبێ کە پێشتر ناوی هات و لە «دبستان المذاهب» ناوی ئەو و موعجیزاتی و ناو و ئاکاری پێڕەوەکانی بە زۆری هاتوە کە ئەمەش هەر بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە نووسەری «بستان المذاهب»یش یەکێک لەو گرووپەی بە دوا ئازەر کەیوان کەوتوون و بۆ دەساتیر خەبتاون. پوور داوود لەو پاشکۆیەدا هەڵەیەکی خۆی ڕاست دەکاتەوە کە لە گۆتاری دەساتیردا بۆ ئەوە چوو بوو کە دانەری «دبستان المذاهب» محسن فانی بێت. دەڵێ: لە ڕووپەڕە 28، لە گوتاری دساتیر نووسەری «دبستان المذاهب»م محسن فانی داناوە، ئەمەش هەڵەیەکە کە لە پیاوێکی ئینگلیز «sir w- jones»ەوە بە خەڵقی گەییشت و دەمێکیشە ڕاست کراوەتەوە بەڵام من بەدرەنگەوە زانیم. لە دبستان المذاهب ناوێکی محسن فانی هاتوە و لە زاری ئەوەوە باسێکی یەک لە شاگردانی ادزکیوان گێڕاوەتەوە ئیتر بەهەڵە لەوەوە محسن فانی بە نووسەری دبستان زانراوە. دانەری دبستان نەناسران بەڵام لە ناوەڕۆکی ڕا دیارە کەمێک پێش ساڵی 1027 ک. لە هیند هاتۆتە دنیا. بەگەنجی چۆتە «اکبر اباد- اگرە- aqra» و لە کشمیر و لاهۆری ڕابواردووە و سەفەری بۆ ئێران کردوە و چۆتە مشهد و .. و .. لە نێوان ساڵانی 1064 و 1067 دبستان المذاهبی نووسیوە و لە ساڵی 1081 لە پازدەمین ساڵی حاکمایەتی اورنگ زیب مردووە. وەک خۆی دەڵێ: «خرادو قرشیدو ردوبهمن و خرمند» ی لە patna و «موبذ هوشیار دوم، سروش، خودا جوی» لە کشمیر دیتووە. ئەو کتێبانەی کە نووسەری دبستان ناویان دەبات و ئەو مەبەستانەی لێیانەوە نەقڵ دەکات هەمووی لە نووسینەکانی اذرکیوان و شاگردەکانی ئەون وەک کتێبەکانی: آمیغستان، دساتیر، اخترستان، جشن سدە، سرودمستان، جام کیخسرو، شارستان چهارچمن، زردست افشار، نوش دارو، سکنگبین، بزنگاه ارژنگ مانی و هی تریش. چوار دانە لەو نامانە کە «دساتیرو جام کیخسرو و شارستانی چهارچمن و زەردست افشار»ن هەن و لە هیند چاپ کراون. ناوی نووسەری دبستان لە یاداشتێک بە «موبد شاه، یاخود، ملا موبد» هاتووە [لە پەراوێزدا دەڵێ سەیری ئینسیکلۆپیدی ئیسلام TOMI بکە] .. هتد .. هتد ..

«...»

ڕاجی لە ژیانی دوای مەرگیدا

پێشەکی بۆ «دیوانی ڕاجی»، بەغدا 30-01-1984

مەکانە شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار
حەیاتە زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاب و هەوا

ڕەحمەت لە گۆڕت، ئافەرین لە یادت ئەی ئاخێوەر بە زمانی غەیب. حاجی قادر! بە من چی گوڵزاری بێ بولبول! بە تۆ چی باخی بێ قومری! بە جیهان چی مەیکەدەی بێ کۆڕی دڵداران!

تۆپەڵە بەڵەکی زەوی لە چەرخوفەلەکی بێ دۆڵاب و مەنگەنە دەنیشێت و دانە تەزبێحی نیوەڕەش نیوەسپی شەو و ڕۆژان لە گشتەکی ئەبەد قەتار دەکات و کۆرپە هەرە زرینگ و زیت و نرخدار و بایەخدارەکەی، مرۆڤ لە کۆش و باوەشی پڕ گەڵا و چقڵ... پڕ گوڵ و دڕوو هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات و بەهەزاران باری فرەچەشنی خۆشی و ناخۆشی... هێمنی و بێئۆقرەیی... هەستیاری و بێهەستی... گومان و یەقین... ڕق و ئەڤین، بەژێر بارانی فرمێسک و تریفەی بزەدا جۆلانەئاسیی دەهێنێت و دەبات، هەر لەو دەمەڕا بە مەلۆتکە لە هەناوی عەدەمەوە بەردەبێتەوە تا ئەو دەمەی بە کفنەوە بەڕێ دەکری بۆ هەناوی عەدەم. دەست بەتاڵ، مازووچنی کۆن لە پاشۆڵ نە تووشەییێکی بێبڕانەوە بە کۆڵەوە، نە فلسێکی گەنجی داخراو لە گیرفاندا... دەبێتە خەیاڵ بەسەر پەردەی خولیای خەڵقەوە... شەبەنگێکی یادگار لە دەروونی بەجێماواندا تەنها بۆ ماوەیەکی کورتیلە... لەوە بەولاوە سپیپات دەبێتەوە وەک تیشکی جیلوە نەبەستووی ناو بۆشایی، خەون و وڕێنەی نوستن و لەرزوتا... تۆ بڵێ هەر هیچ... زمانحاڵی چۆڵایی پێش مەرگی لە زرە تارماییەکەی دەم دادەپچڕێنێت و دەمڕێنێ...

بنوارە بوونی ئەووەلت و چوونی ئاخیرت
هاتی چ ڕووت و قووت و، هەڵاتی چ لووس و پووس

کێڵی قەبرەکەی؟ لەوانەیە ناوی لێ هەڵنەکدرابێ! هەڵیشکەندرابێ چش، باران دەیسڕێتەوە، ئەویش ئەگەر قەبری بە کێڵی هەبێ!

کوڕ و وەچەی؟ کێ دەڵێ لە ڕێبازێکی پشت لە ڕێبازی ئەوەوە نارۆن؟

ماڵەکەی؟ ڕەنگە لە شوێن بەرماڵەکەی عەرەق بخوریتەوە یان بە عەکسەوە...

داهاتەکەی؟ بە هەموو ئومێد و ئاواتییەوە بارتەقای لەشە عەنبار پۆیەکەی ناو قەبری، ڕزایەوە، بڕایەوە...

ژینێکی کە مردنی لە دوو بێ چ نییە
باغێکی بە قونجرە و دڕوو بێ چ نییە

ملیۆنەها، ملیارەها ئاپۆرەی بنیادەمی بێ ناونیشان بێ شوێنەوار بێ ئاستەوار دەوروتەسلیمی پەلەکوتکەی پێنج و دوو ڕۆژی ژیانی کولەمەرگی لەگەڵ فریشتەی مەرگ یان لەگەڵ هیچدا کرد، بە چاڵی نەبووندا سەرەنگرێی بڕانەوە بوو، وەک نەخشی سەر ئاو... تروکەی چاو سڕایەوە و کوژایەوە مەگەر بەخێر و سەدەقەی فەیلەسوفان لەژێر سەرەناوی ساردوسڕی

«سەربازی نەناسراو»دا بۆ ئیسپاتی دەسترەنگینی و دڵسۆزیی سیاسەتبازانەی خۆیان، شرە ترنجۆکێکی پوایەوە قەڵەمچن بکەن بە دروشمی «مێژووی گەلان...» کە خۆیان لەژێر سایەیدا دەحەسێنەوە نەک گیانی هاوڕێیە نەناسراوە بە قەنارەداکراوەکانی سپارتاکۆس! هەر برۆ سەربازی نەناسراو، تەپە لەبنی چاڵی بزربوون و نەبوون هەڵستێنە... زەردایی شەرمەزاری لە ڕەنگی بزرکاوتەوە بەسەر ڕووی بوونەوەری مێژوودا بهێنە... ئەگەر بۆت بلوێ، کە نالوێ... لێی مەسەلمێنە گۆیا: ڕەحمەت بۆ مردوان... فاتیحە بۆ گیانی کۆچکردوان! یەقکەرەوەی ناوی سڕاوە و گۆڕی نراوەتەوە... کوا دەنگت ئەم زریکەیە بگەیەنێتە بەر گوێی بیسەران؟ کوا ڕەنگت؟ نە دەنگ، نە ڕەنگ، نە سەنگ... تۆ نەهەنگ نەبوویت گردۆڵکەی پشتی پۆزت زگی دەریای مێژووت بۆ بقەڵاشێتەوە... تۆ هەنگ بوویت شیرنایبت بەسەر لیوی سیاسەتمەدارانەوە ملْچوهوڕی: «هەربژی و نەمری» دەداتە بەر گوێی ئەو میلیارەهایەی سەرلەنوێ: نە دەنگێک... نە ڕەنگێک... نە سەنگێک...!

خەسارەتمەندی دەستبەتاڵ لە ماڵی دنیا!

ڕەنجەڕۆیی بێبەش لەناوونیشان!

خۆراکی هیچایەتی! خۆت.

لەژین بەدەر... هەی مێوانی پوانەوە!

بۆرەپیاو!

لە گەشتی ڕوەو عەدەم، بە پاشماوەی ئەم دیوی قەبر، چی بێمەرگ بۆ مرۆ دەمێنێتەوە، بزیەکی سەرلێوان، تروسکەیەکی فکر، جۆشێکی دەروون... ئەگەر لێی بەجێمابێ بە میرات بۆ ئەوانەی بەدوا ئەودا لە مەیدانی نێوان دوو عەدەمدا مەقەسە دەکەن.

نەسرانەوە و لەبیر نەکران و بەردەوامبوون سەرمایەی جاویدانە لە کۆڵەباری هەموو ڕێبواریکدا دەست ناکەوێ: خواپێداوەکان لە خەونیشدا بالایان کەڵەگەتتر دەبێ... خەڵقوخوا بۆیان بەسەرەوە دەنێن، ڕەشوڕووت، هیچنەدار، بێدەسمایە، جگی نییە پێی بچێتە جگێنە لە قۆمەرخانەی مێژوو، دەبێ جگ و دەستکەلا لە مەهارەت... لە هونەر... لە مەعلانی... لە دەسترەنگینی بسازێنێ دەنا پێی دەڵێن و دەریشی دەکن.

سر زده داخل مشو میکده حمام نیست

گوناهی هەرە گەورەی «عەبدورڕەحمانی ڕاجی» بێ جگ و دەستکەلایی... بێمووشەیی... بێتووشەیی بوو. گوناهی ئەبەدی... بە درێژایی عومر... لە هەموو هەواریکی لێی باخەبەرم... زارەوزار بیستوومە... بە چاو دیتوومە.

نانێکی بێمنەت و لانێکی بە بنەمای هەبوایە حاڵی لە باریکی دیکە دەبوو. ئەگەر لیستەیەک بگیرێتەوە بۆ دارایی و سامانێکی بە میرات پێی گەیشت... ئەگەری بۆچییە؟ ئەم لیستەکە:

1. لە پارەوپول، هیچ.
2. لە ملْک و خانوو، بەولای هیچەوە.
3. لە وەزیفە و داهاتی مسۆگەرەوە، تووڵ... چش.

نامزەدێکی زەق و ڕەق و تەقی ئامادە بۆ چاڵی فەرامۆشیدا چوون...

لەبەر خۆمەوە دەیڵێم ئەگەر بەو تەبیاتە و خەسڵەتی پێوەی ڕساکاوم چوبامایە کڵێشەی ژیانی ڕاجییەوە، ناونیشانێکم لێ بەجێ دەما؟ دەستم قەڵەمی دەگرت؟

ڕاجی، بەگژ هیچایەتی و بۆشایەتیی ژیانی مادی خۆیدا، سەروژوور لە خوڕگە مەلەی کرد... دڵی بەهێز و مێشکی تریسکەدار و زمانی پاراوی لە شەڕگەی گوزەراندا بەگەڕ هێنا. وەک دامەزانی مەعلان گرەوی ناسراوی لە هەژاری و نەداری بردەوە بە ڕێزلێگیراوی... بە خۆشەویستی... بە هەستیاری... بە شاعیری... بە چاوی خەڵق لەڕێیەوەبوون... بە ڕۆشندڵی، دەشتی کاکی بە کاکیی ژیانە موفلیسەکەی کردە مەزاری زەکای زگماک و هۆشی بەبڕشت و ڕوحسووکی و قسەشیرنی، وێرای باخەبەری و هۆشیاری و ئازایی و ئازادی.

ڕاجی، لەبنی بیری دەستبەتاڵییەوە بە پێپلیکەی لێهاتوویی فیتریی خۆیدا سەرەژوور چوو، وەک منارەی چرابەسەرەوە لەدوورەوە بوو بە پەنجەنیشان.

پەیوەندیم بە ڕاجییەوە بەردەوام و نەپساو بوو، تا ئەوەندەی لە کۆیە و دەوروبەری بووبێ و هەڵکەوت یارمەتی دابێ تاموشامم لە ڕەفاقەتی چەشتووە.. چەندین دەیەها جاروبار، شەوانە لە دانیشتنی فەقێیانەی پاش تەراویح و سەرەتای دەهۆڵی پارشێوی ڕەمەزان، هەر شەوە لە مزگەوتێک، بەزۆریش لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی، تەمبووڕمان دەبەست... بێنە باسووغ و کاکڵەگوێز... حەلقووم و حاجی بادەم... چەرەزی تێکەڵپێکەڵ... جگەرەی بێ شەما... سەماوەریش گیزەی دێت و تێکەڵ بە تریقوهوڕی بێخەم و خەیاڵ دەبێت، هەر کەسێکی هونەری لایەق بەو مەجلیسەی هەبوایە پێشکەشی دەکرد. سینی و زەرف و کارەمستێنە (حەڵوا و شەکەراتی پێوە بوو)، فەنەی بێدەنگ، قەساب و گۆشت بەشینەوە، هێلکە بە بۆنێ، کورەی ئاسنگەر، شارەهەنگ بڕینەوە، ئاشەوان و جۆگە هەڵبەستنەوە، زڕموهوڕی گەمەی جەردە و قافڵە، «ئێمەنی وەرە» و چەپڵەڕێزانی «هەی کەر هەی کەر» بۆ نەشارەزایەکان، گەنم گەنمێنە... و چەندین فەندوفێڵی فۆلکلۆریی کۆنینە کە فەقێیان لە گەشتی خوێندن بەهەموو کوردستاندا فێریان دەبوون و شارەوشار لەگەڵ خۆیان دەیانگێڕا لەو مەجلیسانەدا هەر شەوە بۆ ماوەی 7-6 سەعات دنیایەکی گەش زەنوێڵی هەڵ دەنا.

لەو ناوەدا ڕاجی، بەڕاستی، پێشەوای هەموان بوو، چونکە لە هەموو گەمەکان شارەزا بوو، چەند گەمەیەکش هەبوو هەر ئەو دەیزانین، فێربوونیشیان زەحمەت بوو چونکە دەم و ئاردواوێژی تایبەتیان گەرک بوو. گوتوبێژی ناو گەمەکان بەهەر لەهجەیەک بوایە، بۆ زاری ڕاجی وەک بۆ زاری ئاخێوەری لەهجەکە وەها بوو، بە تام و لەزەتێکی کۆییانە، بڵباسانە، مەنگوڕانە، جافانە، دۆمانە، جولەکانە، خۆشناوانە... ئیدی بڵێم چی، بە هەموو باریێک زمانی دەگێڕا و خەڵقی دەخستە سەر گازەرای پشت. ناوناوە وەردەگەڕایە بەیتی شێوە بەردەشانی، یان لە میانەدا چەند بەیتێکی شایی و هەڵپەڕکێی بەدەم گەمەوە وەکوو شاباش هەڵدەدا بەسەر مەجلیسدا... لەو تەرزە دانیشتنانە و بەزم و ئاهەنگی ئیجازەی مەلای موستەعیددا هەنبانەی فەندەکانی بەتاڵ نەدەبوو. بەڕاستی خوێی چێشت و نەوتی چرا بوو. دەزانن لە یاری سێباز چی دەکرد؟ لەشی وەکوو ڕوحی سووک بوو، بەڵام هێندەی بەعزێکیان قاچ داقڵیشاو نەبوو بۆ بازی دریژمەودا ببرێ. دواین جار کە لێی دەکشایەوە و خۆی تێ دەکرد لە بازی سێهەمدا، دەهات بە حەواوە لەشی خۆی وەکوو بڕکەدار یان جلیت تورِ هەڵدەداشت، کاتێک کە وەک دارەمەیت دەکەوتە سەر زەوی هەردوو پێی لە شوێن پێی خەڵقەکە تێپەڕی دەکرد، سەریش مەتر و نیوێک بەدواوە بوو. دەیگوت سێبازە و پێ دەیباتەوە نەک سەر...

ڕاجی مەلا و شاعیر و نوکتەباز و سوعبەتچی و فرەپیشە بوو، هەرچەند ئەهلی خوێندن لە کۆنەوە بەشۆرەتی شێخایەتی و مەلایەتی و شاعیری ناوی هەڵدەدرا، دوای مەرگیش ئەو چەند دێرە نووسراوەی لێ بەجێ دەما بۆی دەبووە شەهادەی جنسییە و دەفتەری نفووس، بەڵام لە ژیانی واقعیدا مەلایەتی و شاعیری و شێخایەتی هەر لە سەردەمی دەرسودەور یان زیکر و فکر وەیا شیعرخوێندنەوەدا بۆ خاوەنەکەی دەبووە ناوهێنەر و بیرخەرەوە. بەشی هەرە زۆری عومری بەهۆی لەگەڵ خەڵقدا گونجان و سازان و گوزەراندن دەبێتە تۆماری پەسەندایەتی یان ناپەسەندایەتی مرۆڤ چ شاعیر بێ چ مەلا بێ چ شێخ. ئەو بەشەی گەر بەر نووسین و تۆمار ناکەوێ لەسەدا نەوەدی عومری مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەوەیان حەقیقەتی کەسایەتی و ئاکاری تاک دەنوێنێ. ڕاجی لەم نۆبەشەی عومردا کە بە عادەت لەگەڵ بەسەرچوونی دەسڕێتەوە، مرۆڤایەتیی خۆی بەکار دەهێنا، هەر سامانێکی مەعنەویشی هەبووبا لەخزمەتی ئەو نۆ بەشە تۆمار نەکراوەی خەرج دەکرد. نالێم ڕاجی فریشتە بوو، دەڵێم بابایەک بوو مەلای ڕوحسووک، شاعیری دۆستپەروەر، نوکتەبازی خزمەتگوزار، شایەری

کۆڕی برادەران، سوعبەتچی بەوەفا، کابرایەک بوو حەزی بە ڕەفاقەتی بکەیت و چاوت لە ڕێی بێ. بە بیرمدا نایەت ڕاجی دوعاخوازی کردبێت و چاوم لەدووی نەبووبێت. جارێکیان لە مزگەوتی حەتک ڕووی پرسیاری کردە مەلا محەمەدی مەلا برایم (دلاوەر – بەئەسڵ دڵ ئەخگەر بوو) و گوتی:

ئەرێ ئەگەر مەسەلەیەک وەها و وەها بێ چۆن هەڵدەبڕیتەوە؟

لەوەڵامدا گوتی: بەپێی شەرع حوکمی مەسەلەکە وەها و وەهایە...

ڕاجی پێی گوتەوە بە شەرع نا، نا...

مەلا محەمەد گوتی: ئەدی بەچی؟

ڕاجی گوتی بە هەق بە هەق...

ئەمەی گوت و خۆی و خەڵقەکەش زۆر پێکەنین، ملیشی بۆ شەرعەکە ڕاکێشا.

لێرەوە دەبێ بڵێم، ڕاجی لەنزیکەوە دۆستی مەلا محەمەدی مەلا برایم بوو، ناشزانم لە لایەن بۆچوون و دین و مەزهەبییەوە چۆناوچۆنی بوو. مەلا محەمەد لە مەسەلەی ماڵێکی ڕیبای تێدابێ، بانکەنۆتی بە ماڵی ڕیبادار حیساب نەدەکرد و قازانجەکەی بە حەڵاڵ دەزانی. ئەمە دەڵێم بە یەقین چونکە لە خۆییم بیستووە. هەتا ساڵی 1958 بەینمان زێدە خۆش بوو، لەهەموو بابەتێکەوە لەگەڵم کراوە بوو. ڕاستییەکەی یەکێکیش بوو لە قوتابییە هەرە زیرەکەکانی باوکم، خوا لێی خۆش بێ و صەد جاریش گەردەنی ئازاد بێ لە هەر گلەییەکی کەوتبێتە بەینەوە.

ڕاجی مامەڵەی لەگەڵ ژیان و کۆمەڵدا بەلای گونجانێکی ڕێز لە خۆگرتوودا بوو، تا بیتوانیبایە بە سینەفەراحی و لێبووردن و دڵدانەوە و فریاکەوتن، لە پەیوەندی بە خەڵقەوە گەشایی ڕوخسار و بزەی لێوی دەپاراست. ڕۆژێک لە ڕۆژان، جارێک لە جاران، نەمدی شتێک بڵی کە دەبوو نەیڵێ، وەیا شتێک بکا کە دەبوو نەیکات. هەرچەند لە جەواب دانەدەما و ئازاش بوو. هەرگیز سنووری ڕێزی ئاخاوتنی نەدەبەزاند. دیتوومە لە دەمەتەقەدا گەرم بوو، بەڵام چەند جاری پێداویستی جەوابە جەنگی زۆری لێ کردبێ خۆی ساردکردۆتەوە و تیژاوی وەڵامەکەی لە لۆکە و ئاوریشمی نوکتە وەیا تەعبیری حورمەتکار وەرپێچاوە.

بەینێک لە خانووی مامم، شێخ نووری، کە بانەوبان دراوسێی ماڵی باوکمە شورەش لەنێوان بانەکاندا نەبوو، ڕاجی و خێزانی بەسەریان برد. ئەوسا ڕاجی بێ منداڵ بوو، لەو هەموو دەمانەدا کە دراوسێ بووین ئەوەندە دەنگی بەرز نەدەکردەوە کە بزانین لە ماڵەوەیە یان جارێ نەهاتۆتەوە، ناوناوە کە خامۆشییان بێ تەقەورەقە دریژەی دەکێشا لەسەربانەوە سەرەتاتکەیەکم لێ دەکرد. جارێکیان لێی بەدەنگ هاتم گوتم: ئەرێ ئێوە ماون یان خوانەخواستە چوونەتە بەهەشت؟ گوتی: خوانەخواستەم بۆ جەهەننەم لێ بکێشە...

بەعادەت شاعیر فەرهەنگی وشانی تێروتەسەلە. هەرچی ڕاجی بوو بەهۆی شایەریشەوە لە وشە دەوڵەمەند بوو. سەرەڕای وشە جۆرەها تەعبیری لە گەشتی فەقێیەتی هەڵگرتبۆوە کە شاعیری شارنشین ڕێی پێ نابا. سەیری قافییەی هەندێک لە پارچە هەڵبەستەکانی بکەیت و پاشخانەکەی تێدا بخوێنیتەوە بەلای کەمەوە دوو شادەماری تێدا دیاری دەکەیت. یەکیان، گەشت و گەڕانی هەراو و بەردەوام. ئەوەی دیکەیان، تەنگژەی باری ژیان کە بەدوای قافییەی سەخت و دەگمەنیدا گێڕاوە. کورد دەڵێ شەڕ و نیوەشەڕ هەر یەکێکە، ڕاجیش هێناویەتی نیوەشەڕی قافییەی کەمبیستراوی خستۆتە سەر شەڕی گوزەران. بەزۆریش تێیدا سەرکەوتووە... لەم تەرزە هەڵوەستەدا، ئەگەر ڕاست بێ بگوترێ: گەڕان بەدوای وشەدا دوورکەوتنەوەیە لە سۆز و ناوەڕۆک، دەبێ قبوڵیش بکەین کەوا گەڕان بەدوای قافییەی سەخت و دەگمەن لە ژیانێکی سەخت و ئاستەنگدا وەک سۆراغکردنی پەنا و نوایە لە گەرمەی شەڕدا: هەمووی هەر لە چوارچێوەی یەک نەخشە دایە.

نامەوێت ئەو تەرزە تێبینییە بمدزێتەوە بۆ لای نرخاندنی دیوانەکەی چونکە لێرەدا نرخاندن مەبەست نییە، دەمەوێت دەربوونەیەک دەر بکەم بۆ ناو دەروون و کەسایەتیی ڕاجیی «مرۆڤ – شاعیر» لەگەڵ ئەوەندە تیشکەی پێویست بێ بۆ ڕوونکردنەوەی شوێن هەنگاوی کەسێکی تازەبەتازە دەبێتە مشەختی جیهانی «ڕاجینامە».

لەم کورتە پێشکەشکردنەدا بەتەما نەبووم و نیم شیعری ڕاجی بە خوێنەری کورد بناسێنم، هەر نەبێ لەبەرئەوەی خوێنەریش وەکوو من شیعرەکانی دەخوێنێتەوە و تێیان دەگات، ئاسانی و ڕەوانیشیان لەوەیان بەدەر دەبا پێویستیان بە شیکردنەوەی ورد و واتالێکدانەوەی بیندریژ هەبێ، ئەو بەشە عەرەبییەی نەبێت کەوا ڕەنگە هەموو کوردێک تێی نەگات، بەڵام ڕاستییەکەی هەڵبەستە عەرەبییەکان لەسەر ئەدەب و شاعیرایەتیی ڕاجی حیساب ناکەم، شاعیری کورد ئەگەر لە ڕێی خوێندن و خوێندنەوەوە لەگەڵ شیعری عەرەبی ناسیاوی پەیدا کردبێ، بێ ئەوەی لەگەڵ عەرەبدا ژیابێ ناتوانێ بە عەرەبی بهۆنێتەوە، چونکە خەیاڵ و شێواز و بۆچوون و دارشتن و ئارایشت و هەرچی لایەنی هونەری و ناوەڕۆکیش هەیە لە عەرەبیدا تایبەتن بە زمان و توراسی عەرەب، تەنانەت شیعری بەشێک لە شاعیرانی عەرەبی دوای سەردەمی ئەمەوییەکانیش کە تێکەڵاوییان لەگەڵ سەقافەتی غەیری عەرەبدا ڕەنگی دایەوە ویژدانیان بەوەدا عەیبدار بوو کە لەدەرەوەی هەست و پێزانینی عەرەبییەوە وێنە و خولیا و دارشتنی خواستۆتەوە.

جگە لە «مەلا عەبدوڵای بێتووشی» و «جەمیل صدقی زەهاوی» نەمبیست شاعیرێکی کوردزمان لە هەڵبەستی عەرەبیدا شانبەشانی شوعەرای عەرەب ڕۆیشتبێ، دیارە ئەو دوو شاعیرەش بەهۆی ژیانیان لە وەڵاتی عەرەبدا هەستی شاعیریان بە چەژی عەرەبی زاخاو دراوە.

دەڵێن ئاغایەکی میراودەلی لە دیوەخانەکەیەوە دیتی کابرایەک بە ڕێگەدا دەڕوا، گوتی: دەبزانن ئەو پیادەیە چ کارەیە؟ نۆکەرێک بانگی ڕاهێشتێ پیادەکەش لە وەڵامدا گوتی: بەڕێ! ئاغاکە ڕووی لە ڕێگە وەرسووڕاند و گوتی: لێی گەڕێن کۆییە. شاعیری کوردیش کە ڕادەسێتە شیعری عەربی بەتایبەتی کە خوێندنی مزگەوتی تەواو کردبێ، بەحاڵ لە ڕایەڵی دەستووراتی قەواعیدی عەرەبی شڕەدەفرێکی بۆ ساز دەدرێ و بە شڕوشیتاڵی کوردی دەیئاخنێ. با دوور نەڕۆین، وەها دەبێ شاعیرێکی کوردی دەرەوەی ناوچەی سلێمانی زۆر لەخۆی دەکات و سلێمانیانە دادەبڕێ، زۆر نابات دەکەوێتە کۆسپ و ئاستەنگان و لاساییکردنەوەی پێوە دیار دەبێ. تا ڕادەیەک، جاران، شاعیری کوردی عێراقی دەیتوانی بە فارسی بهۆنێتەوە هەم لەبەر خزمایەتی هەردوو زمان و هەم لەبەر زێدە خەریکبوونی ڕۆشنبیری ئەوسای کورد بە زمان و ئەدەبی فارسییەوە. خولاسە من شیعری عەرەبیی شاعیرانی کورد دیوانبەدەر دەکەم.

بێ ئەوەی دەست بەرم بۆ دیوانی ڕاجی، هەر لە شێوەی تێبینی گشتییەوە دەتوانم ڕێ بەخۆم بدەم و بڵێم و لە شیعرەکانڕا دیارە دوو شادەماری ئەستووری پەیوەندی ڕاجی بە جیهانی خولیاوە، بەڵکوو بە جیهانەوە قوڵ دادەگرن، یەکیان خواپەرەستییە و ئەوەی دیکەش کوردایەتییە.

لە لایەنی خواپەرستییەوە، وەک من لە ڕاجی گەیشتبێتم، بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارانەی لێوەی نێزیک بووم، خرتە و ورتەی گومان لەبنی دڵییەوە میرووڵەی دەکرد، بەڵام هەر جارە زوو بە زوو سەرقاپێکی خەفەکەری باوەڕ و متمانەی بەسەر جۆش و بڵقی دەروونیدا دەهێنا و نەفەسبڕی دەکرد. بەشی هەرە زۆری شیعرە ئایینییەکانی، بەپێی باوەڕی من شەڕی نێوان گومان و یەقین پێی هەڵدەبەستن، هەر هەتا یەقین بەسەر گوماندا زاڵ بکات.ڕاجی مرۆڤێکی دڵتەڕی، جیهانپەسەندی، ژیاندۆستی، لەزەتبردووی، سوحبەتچی، یارانەی مەشرەب بەهاری بوو. لەوەشدا بە پێچەوانەی داخوازیی باری دەستکورتی و قیافەتی مزگەوتی هەمیشەکات خەریکی ڕاست ڕاگرتنی موعادەلەیەک بوو کە ئەمسەر و سەری تێکیان نەدەکردەوە و یەکدییان نەدەخوێندەوە. کتومت وەک «خەییام» دەڵێت:

ماییم در این گنبدهٔ شعبده فام
نه کافر مطلق، نه مسلمان تمام

ڕاجیش لەلایەکەوە بە کەللەی پڕ هەست و خواستی «تەفسیر و حەدیس و کەلام و أصول و صرف و نحو...»ەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بە دڵ و دەروونی تەلەزگەبەستووی سەر بەستەڵەکی فەلسەفە و مەلەکردووی گۆمی لەزەت و

حەزی سروشت، بە داروەکازی شیعرە ئایینییەکانی کوتەکوتی بەرەو لایەنی کردگاری پەروەردەگارەوە دەکرد. هەرچەندە لە سالانی دوایی ژیانی ئەوەندەم نەدیت، بزانم کەشتی گەشتەوەرانەی نێو دەریای گومان و یەقین بە کام بەندەرەوەی قەدەم کرد، بەڵام بەپیی دیوانەکەی وەها دەردەکەوێ تا دواییں هەناسەی چنگی لە خواپەرەستی قەییم کردووە و نەیهێشتووە گومان لێی بە مەبەست بگات. ئەگەر زەللەی گەورەی فیکریم نەکردبێ، ڕاجی، لە دەمی گیانەلاوەدا باوەشی بە تارمایی فریشتە قەتیس وەستاوەکانی سەر پەردەی تەصەوەراتیدا کردووە.

ئەم شەڕەی نێوان گومان یەقین بۆ کەسێک لە ڕاجی شارەزا بێ، لەسەرانسەری دیوانەکەی بە شێوەی «هێزەکی» (وجود بالقوة Potential) جلوە دەبەستی، بەڵام لە پێنج خشتەکییەکەی «ئەی خوا لەم ماوە داماوە بە پاوە یان نەجات»دا زریکە لە گیانی ڕاجی هەڵدەستێ و یەک تاقگە لە خڵتەی چەندین سالەی نائارامی و نارەزامەندی و بێئۆقرەیی و دڵەکوتکە و لێوەلەرزە، بوو بە گلەیی و گازەندە و پاڕانەوە لە بارەگەی دادی خوداوەندی. ڕاجی لەو پێنج خشتەکییەدا ڕازی پێیەکی لە باریکەڕێی خەییام و پێیەکیشی لە دەربوونەی مزگەوتەکانە. ئەم ڕەوتەی ڕاجی لە تەنگەبەرەی نێوان دوو بەرداشی گومان و یەقیندا نموونەی بچووکی تەجرەبە زلەکانی کۆنینەی بەر لە هەزار سالە کە بلیمەتی وەکوو «ئیبن سینا» و «ئیمام غەزالی» پێوەی مەشوور بوون. تا ئەوەی «ئیبن سینا» بەر توهمەی ئەوتۆ کەوت ناچار بێ لەسەر ئیمانی خۆی بکاتەوە و بڵێ:

کفر چو منی گزاف و آسان نبود
محکمتر از ایمان من ایمان نبود

در دهر چو من یکی و آن هم کافر
پس در همه دهر یک مسلمان نبود

«غەزالی»یش چەند کتێبی مەحکەمی ئەوتۆ لە جەنگی نەفس و شەیتان و گومان دابنێ بایی بردنەوەی گرەو لە فەلسەفە و لە ئیلحادی تێ ببێ. ڕاجی لە ڕێگەی وەدەرنانی هەستی دەروون بۆ بەر گوێ و چاوی شیعرخوێنان کارێکی ڕاستگۆیانەی کردووە بۆی بە چاکە و پیاوەتی لە قەڵەم دەدرێ.

کوردایەتییەکەی ڕاجی، هەم لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوایەتی وەک غەیبپەرستی نییە بە دوودڵی و گوماندا تێپەڕێت، هەم لەبەر ئەوەی ڕسکانی گیانی کوردایەتی لە ویژدانی ڕاجیدا لەوکاتانەدا بوو کە جارێ ڕاڕەوەی نیشتمانپەروەری لە کوردەواریدا چ ڕێچکۆڵەی سەر بە فەلسەفەی چینایەتی و لکە زۆر و ئەژمارەکانی سەر بە کۆمەڵایەتی و مافە جوداکانی تیریژە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵ تێیان نەدەکردەوە، کوردایەتییەکی ساف و سادەیە.

شاعیری دیکە هەبوون هاوتەمەنی ڕاجی بوون و وەک ئەو بە کوردایەتییەکی بێگرێ و قۆرت دەستیان دایە شیعری نیشتمانپەروەرانە، دواتر دەموودوویان گۆڕا، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ (کە ئێرە جێی دەستنیشانکردنی تێدا نابێتەوە) تین و تاوی هیچ فەلسەفەیەکی تازە و بڕەوستاندووی لە کوردستاندا نەیتوانیوە شاڵاو بۆ دەروونە داڕێژراوە کوردپەروەرانە خواپەرستانەکەی ڕاجی بهێنێ و ڕێگۆڕکێی پێ بکات. بۆیە دەبینین ڕاجی نە لە ڕاستەشەقامی کوردایەتییە میراتییەکەی لاداوە، نە شێوازی عەروزی کۆنینەشی بەلاناوە. نەبزی هەڵبەستەکانی ڕاجی دریژەی ئەو فرکەیەیە کە لە دەماری کوردایەتی بیستەکانەوە دەستی کرد بە هەڵاویشتن و ڕیشەشی دەچۆوە بۆ فەرمایشتەکانی حاجی قادر. ئەم خۆلکاندنەی ڕاجی بە فیکری کوردایەتیی بێتەئویل بەوەدا پتر ڕوون دەبێتەوە کەوا لەنێوان ئەو باس و خواسانەی لەسەردەمی ڕاجی تازەبەتازە دەکەوتنە بەر گوێی کوردەواری تەنها بابەتی ڕووەو کوردایەتی ڕەنگی داوەتەوە لە شیعری ڕاجی. گەشتیرین نموونە لەو پارچە هەڵبەستە دڵداریییەدا دەردەکەوێ کە سەرەتاکەی بە: «گوڵ پێ ئەکەنن، لالە ئەپشکوون لە چەمەندا» دەست پێ دەکات و دواتر ئەم دوو بەیتەی تێدا دەدیترێن:

ئەو دار و گیای بەهرەوەری و بەرهەمی ڕاستی
زەردەشتە کە چاندوویە لەناو خاک و وەتەندا

با هەڵبێ لە ئاسۆی هەوسا ڕۆژی ڕوانت
ئاوابێ شەوی بەد، لە سەمای ئاری و زەندا

لە سەردەمی «حاجی قادر»دا ناوی زەردەشت و زەند و ئاری نەدەبیستران، کە پەیداش بوون نە لە شیعری سەر بە ئایین و نە لە شیعری سەر بە چین دەرنەکەوتن و نەشدەبوو دەربکەون، چونکە هەریەک لەوان کابەی خۆی هەیە و ڕووی تێ دەنێ و دەستەودوعا بۆی ڕادەوەستێ. هەرچی ڕاجییە چونکە خۆتەرخانکردووی شیعری ئایینی نەبوو، بەرهەڵستیشی نەدی لەمپەڕ بێ لەپیش کۆکردنەوەی ئایین و نیشتمان لەیەک دەفردا، توانی لە هەردوو مەیداندا زمان بگێڕێ تا ئەوەی لە پارچە هەڵبەستی «میژووی پێغەمبەرایەتی و کورد»دا دێت کوردایەتی بە قاچاغ بۆ ناو عەقیدە دەبات و دەڵێت:

نووح، بەهۆی کەشتی لە جوودیی ئێمە گرتی لەنگەری
دابەزی هۆزی هونەرپەروەر، لە کوردستان خزا

لەم بەیتەی ڕاجی بە ڕێبازێکدا دەڕوات کە پێشتر «حاجی قادر» لەم پارچە هەڵبەستەدا شەقڵی شکاندبوو:

ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی ی مەننان
ئەم عالەمە پاکی بوو بە طوفان

بانگەوازەکانی ڕاجی لەبەر سادەیی و سافییان ڕوویان لە هەموو کوردە نەک لە چینێکی وەیا تیرێژێکی وەیا دەستە و تاقمێکی.

لە ئایین و نیستمان بەولاوە هەڵبەستەکانی هەمەچەشنەی بابەتن. بەشێکی کە هی موناسەبەن لە دەمێکدا گوتراون کەوا جارێ موناسەبەکە لەبەر چاوی خەڵق نەدزا بوون.

بەهەمەحاڵ شاعیرێکی وەکوو ڕاجی لێی ناگیرێ بەپێی داخوازی هەڵکەوت و حاڵوبار، لە سنووری بەرژەوەندی گشتیدا، شتێک بڵێ کە ڕەنگە شاعیرێکی سەر بە لایەن لێی بگیرێ.

ڕاجی سنووری بەرژەوەندی گشتی نەبەزاند!

دروود لە گیانی.

«...»

لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک

گۆڤاری کاروان، ژمارە 19، ساڵی 1984

هەندێ جار نووسین لە باڕێکدا دەبێ بشێ پێی بگوترێ «فەرمانی ناچاری ئێسک قورس»، لایەنی ناچاریەکەی لەوەوە دێت کە پێویستی سەر شانی نووسەرە، تا ئەو ڕۆژەی پەنجەکانی لە نووسین دەکەون، خۆی نەدزێتەوە لە دەربڕینی ڕاستیی شرایەوە و ڕاستکردنەوەی شتی هەڵەدار و سازدانی شتی ناتەواو. لایەنی ئێسک قورسییەکەشی ئەوەیە، چەندێکی نووسین خۆی شرین بکات دیسانەوە کە ڕووی لە ڕەخنەگرتن و هەڵە دەرخستن و کەموکوڕی برین بوو هەر دەبێتەوە بە وێنەی ناو ئەو ئاوێنە عەیبدارەی کە جوانترین ڕووخسار تێیدا وەک پەتیارە خۆی دەنوێنێ، من بەش بەحاڵی خۆم کە بەسەر نووسینی یەکێکی دیکەدا دەچمەوە هەستی ناڕاحەتی دام دەگرێ، ئنجا کوردی گوتەنی دەبێ هەستی «خاوەن تەعام» چۆن بێ! لە نێوان هان دان و بەرتەک دانەوەی ئەم دوو ماکەی فەرمان و ئێسک قورسییەدا چەند شەفاعەت کارێک ڕووی خامە سپی دەکەنەوە: دەست خاوێنی، نیازی پاک، ئەدەبی شێواز... نووسینێک ئەم مەرجانەی پێوە نەبێ خوێندنەوەی لێ خەسارە، چ جایی نرخی وەڵام دانەوەی هەبێ.

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە سەرەتاییانەدا بەرەو بابەتی گوتارەکەمەوە دەڕۆم کە دەسکێ گوڵی چەند گوڵزارێکی نووسینی ئەم دواییەی ڕۆشنبیری کوردی هەڵبژاردووە بۆ خامە تاقیکردنەوە لە ئارایشت دانیان و خستنەوە بەر نیگای خاوەنە بەڕێزەکانیان و تێکڕایی خوێنەرانی خۆشەویستی کوردزمان.

مرۆڤ کە لە نووسیناندا شتێکی ئەوتۆ دیت تێبینی هەڵبگرێ «کێچ دەکەوێتە کەوڵی» تا تامەزرۆی خۆی لێ دەشکێنێ بە نموونە کە «بەرگی دووهەمی یادی مەردان»ی مامۆستا مەلا شێخ کەریم خوێندەوە بە دەست خۆم نەبوو لە ئاست ئەو بەیتەی کە لە پەراوێزی لاپەڕە 15 دا میژووی وەفاتی شێخ عەلائەددینی تێدا دیاری کردووە دڵم هەڵدەچوو بۆ ئەوەی دەنگی خۆمی بگەیەنمێ و بڵێم مامۆستای بەڕێزم نیوە بەیتی «گم شد از باغ محبت گل باغ عمری» کە بەدواییدا دەفەرموێت «بە حیسابی حرووفی ئەبجەد نیوە بەیتی دوایی ئەکاتە 1373 و ئەوەش ساڵی کۆچی دوایی شێخە« ڕاستییەکەی 3198 دەگرێتەوە کەوا جارێ نزیکی 1800 ساڵی ماوە بیگەینێ. تەئریخەکە لە «گل باغ عمری» دەر دەچێ کە دەکاتە 1373. بەداخەوە دەنگم نەیگەییشتێ تاکوو وا لە سەر ڕووی ئەم لاپەڕەیە دەڵێم، بەئەدەبەوە، مامۆستا دەرهێنانی میژووەکە ڕاست و شیرینە بەڵام لەو یادی مەردانەدا ئەوەی سەرپەرشتی کتێبەکەی کردووە بە وردی پەنجەی لە جەرگەی نیشانە نەکێشاوە.

هەر لەو کتێبەی «بەشی دووهەمی یادی مەردان» دا مامۆستای بەڕێزمان کە باسی شێخ نەبی ماویلی دەگێڕێتەوە بە چاکە و دینداری و مەلایەتی ناوی دەبات، دیارە مامۆستا قسەی لە جیلی پێش خۆیەوە وەرگرتوە چونکە سەردەمی شێخی ماویلی بە بیری ئەو نییە «بەپێی نووسینی مامۆستا لەو کتێبەدا شێخ نەبی لە 1301ک مردووە کە 100 ساڵ پتری بەسەردا تێپەڕیوە». لێرەدا ناچارم بە دڵی نائارامەوە بڵێم، بەڵگەی بێ کەڵەبەر هەیە لەسەر ئەوەی کە شێخی ماویلی بۆ ماوەیەک لەسەرەتای ئیرشادیدا بەڕاستە شەقامی ڕێنموونی و خواپەرستیدا ڕۆیشتوو لەوە بەو لاوە ڕوو لە دنیا بووە. چونکە بەینێکی تەواویشی لە دەوری دنیادۆستییەکەی لە کۆێ ڕابواردووە، لەو بەینەدا ڕایەڵەی ڕەفتاریشی کەوتوونەتە ڕێگوزەری حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی و حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، گەلێ خەبەراتی ئەو سەردەمەی شێخی ماویلی پشتاوپشت بۆ ڕۆژگاری ئێمە هاتۆتە خوارێ، هەمووشی باسی لە دین دەرچوونی ئەوسای دەگێڕێتەوە تاکوو باری گەییشتە ڕادەیەک بوێژێکی ئەو ڕۆژگارە بڵێ:

«ست عشر» ژنیەتی بە مەزهەبی حیماری
«ابن آدم» نەماوە سەری پان کا وەک ماری

لەمانەش چاوپۆشی بکەین خۆ ناشێ شایەدیی حاجی قادر و کارەساتی بەینی ئەو و شێخی ماویلی بەلاوە بنێین! حاجی قادر هەروا لە خۆڕایی و بەربەیار نەیگوتوە:

شێخ دەڵێ باری ڕیاشانم جدەو ناکا ئەگەر
کێوی کارۆخ بێ گوتم صەد «بارک الله» کەر «نەبی»

وەیا لە ئەستەمبۆڵەوە بە کۆیی-یان ڕادەگەیەنێ:

لە دەوری «کەر نەبی» تا دەوری «گای کوێر»
لە گوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

شیعرە برندەکانی حاجی قادریش بوو وەهای لە شێخ نەبی کرد فەرمانی کوشتنی حاجی قادر بە مریدەکانی بسپێرێ، ئەوانیش ڕابسێنە کوشتنی، دەشیانکوشت ئەگەر فەقێ و موستەعید و خەڵقێکی لەو دەمەدا حازر بوون چەپارەی حاجییان نەدابایە، ئەم ڕاستییانە هی نەسەلماندن نین. کە بێین ڕازی بین بە دەنگوباسی دینداریی شێخی ماویلی دەبێ هەم مێژوو بە درۆ بخەینەوە هەم حاجی قادریش ئەوەندە نزم بکەینەوە کە ڕەوای کوشتن بێ، ئەوساش نازانین شیعرەکانی چ لێ بکەین بە خۆیان و پرشنگی بە هێزی دڵسۆزی و ڕابەرایەتییان لە مەیدانی نیشتیمانپەروەریدا.

مامۆستامان بە دڵی سافەوە لە «سیاق التصدیق» دا قسەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە شایەدیی چاکەی شێخی ماویلییان سازداوە، لەمەشدا مەیلی فطری بۆ زۆربوونی نموونەی پاکی و چاکی لە مرۆڤدا ڕێ خۆشکەرەوەی باوەڕهێنان بەو شایەدییانە بووە. لە چەند جێگەیەکی کتێبەکەدا هەڵەی چاپ وای کردووە واتای وشەکە بگۆڕێ وەیا فۆرمی شیعر بشێوێ هەندێک لەو هەڵانە لیستەی کۆتایی کتێبەکە لێیان بێدەنگە وەک کە نیوە بەیتێکی حاجی مەلا عەبدوڵلا لە لاپەڕە 175 دا، نووسراوە:

لە جێی من بەر شەقی دەم ئەو بەر لەقی دام

وشەی «ئەو» لەم نیوە بەیتەدا زیادە و لەنگی کردووە و برگەکانی لە یازدەوە کردووە بە دوازدە لە دەسنووسەکانی لای خۆمان کە من دیتوومن دێرە شیعرەی ئەم نیوەبەیتە پەیدا نییە، بەهەمەحاڵ سەرلەبەری ئەو هەڵانەی ڕاست نەکراونەوە لەناو کانی کتێبەکەدا وەکوو گۆلمە زیخی بنی حەوز نموودی نییە و بە نەبوو حیساب دەکرێ.

لە کتێبە سودبەخشەکەی د.کامل البصیر «ڕەخنەسازی...» دا کە مەیدانێکی بەرفرەوانی ئەو باسەی گرتۆتە بەر، دەشێ خاوەن ڕایان ڕەخنەی تێدا دەربڕن هەریەکە بە پێی بۆچوونی خۆی، من لێرەدا لەسەر خاڵ و نیوێکی دەنووسم ئەویش نەک بە گیانی ڕەخنە لێگرتن بەڵکوو بە نیازی خزمەتی کتێبەکە خۆی و فکری ناو کتێبەکەش.

خاڵەکە خزمەتی کتێبەکەی دەکات چونکە هەڵەیەکی چاپ و سەهوێکی پەلەکردنی تێدا چارەسەر دەکات. لە پەراوێزی ژمارە 32 ی لاپەڕە 39 هێما بۆ ئایەتی 22 ی سووڕەتی «الشعراء» کراوە ڕاستییەکەی ئەو هێندەی بە ناوی ئایەتی 22 نووسراوە بریتییە لە ئایەتی 4 ئایەت، هەر لە 224 هەتا 227 ی کۆتایی ئەو سووڕەتە:

- ئایەتی 224 «الشعراء یتبعهم الغاوون».
- ئایەتی 225 «ألم تر أنهم في کل واد یهیمون»
- ئایەتی 226 «وأنهم یقولون ما لایفعلون»
- ئایەتی 227 «إلا الذین آمنوا وعملوا الصالحات وذکروا الله کثیرا وانتصروا من بعد ما ظلموا وسیعلم الذین ظلموا ای منقلب ینقلبون».

دیارە ژمارە 22 ی پەراوێزەکە هەڵەی چاپە، بەڵام واپێ دەچێ هێماکردن بۆ تاکە ژمارە سەهوو بێ. نیو خاڵەکەش تێبینیکردنە لەوەی د. کامل لە لاپەڕە 40 دا لە بارەی ئەو پێوانانەی قورئان لەو ئایەتانەدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەستیارەکانی داناوە و دەڵێ:

«پێوانەی یەکەم: لە جەماوەری شاعیرە خراپەکانەوە هەڵهێنجراوە کە قورئانی پیرۆز بە نازناوی «الغاوون» وەصفیان دەکات، واتە: ئەوانەی پیشەیان ڕابواردن و لە خشتە بردنی خەڵقە.»

لەم قسەیە وا دەردەکەوێ کە مەبەس لە «غاوون» ئەو کەسانەن کە شوێن شاعیرە خراپەکان دەکەون و هەر ئەو دواکەوتووانەشن ڕادەبوێرن و خەڵقی لە خشتە دەبەن. وەک دەزانین «غاوی» خۆی لە خشتەبردراوە چونکە بە واتای «ضال» دێت، لە «مختار الصحاح» دا دەڵێ: «غوی: ألغي، الضلال والخيبة. غوى فهو غاو، وأغواه غيره فهوه غوى». هەرچی شاعیرەکانن یەکسەر باسی لە خشتە بردنی خەڵقیان نەکردوە بەڵام لە ڕێی ئەو «غاوون» ـەو بە تەئویل دەبنە «لەخشتەبەر». لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە قسەیەکی کورتم هەیە دواتر بۆی دێمەوە.

چاوێک بە کتێبەکەی «ئەنجومەنی ئەدەیبان»ی ئەمین فەیضی بەگدا بخشێنین: بێگومان لێژنەی وێژە و کەلەپووری سەر بە دەستەی کوردی لە کۆڕی زانیاری عێراق کارێکی مەردانەی کردووە بە ژیاندنەوەی بیرەوەری ئەمین فەیضی و ئەو شوێنەوارە تریسکەدارە و مەیلەو لە بیرکراوەی. کاشکی لەو کارەیدا بە نەفەسێکی درێژترەوە ئەمین فەیضی بە کوردەواری ناساندبایە و پتر تینوەتی و تامەزرۆیی ئەدەب دۆستانی بشکاندایە، ئەویش بە دەرخستنی لایەنی نەزانراو لە ژیان و سەرجەمی چالاکییە زانستییە ئەدەبیەکانی ئەم بەهرەوەرە گەورەیەی کورد. پێشەکیە کورتیلەکەی لێژنە مێوانی نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمییە، چی مامۆستا حیلمیش نووسیویەتی بە حاڵ لە مێوانەتیی ئەمین فەیضی بەگی دەردواێ، تەنانەت نازانین «ئەکادەمی فرانسە» کەی و چۆن و بە چ موناسەبەیەک «تەقریری کەمالاتی ئەمین فەیضی کردبوو» بەپێی تەعبیری مامۆستا حیلمی. ئێمە باوەڕمان هەیە بە شایەدیەکەی مامۆستا حیلمی بەڵام تینووشین بۆ ئەوەی شارەزاتر بین بە بناوان و بنەمای ئەو خەبەرەی وەری دەگرین.

بەش بەحاڵی خۆم شارەزاییم بە ئەمین فەیضی چی ئەوتۆ فەرقی نەکرد، بگرە لە پەراوێزی بەرفراوانی کە من بەدەوری ناوی ئەمین فەیضیمدا کێشابوو، هەر لەبەر تەنگەبەریی پێشەکی و ناوەڕۆکی کتێبەکە، ئا لەو پەراوێزە کەمێک وێک هاتنەوە ڕوویدا... بێگومان ئەمین فەیضی گەلێک زلترە لە ڕانواندنی ئەم کتێبە هەر نەبێ لەبەر دوو سەبەب یەکەمیان هەژاریی کتێبەکە، دووەمیان لەو ڕووەوە کە بەرهەمی نووسراو چەندێکی ببێ بەشێکە لە ئەنباری زەخیرەی نووسەرەکەی، تەنانەت بەرهەمی نووسەر و زانا و هونەرکار بە ڕاڤەکردن و بەسەرەوە نانیش هەر ناتوانێ «هەموو» بەهرەی خاوەنەکەی بەدەستەوە بدات. ئەنجا کە من بێم ئەمین فەیضی بناسم لە ڕێی ئەو کتێبەوە کە چەند پارچە هەڵبەستێکی زانراو و بیستراوی شاعیرانی سەر بە بابانی تێدا کۆکراوەتەوە، پێشەکیەکانیشی تروسکەیەک ناهاوێژن بۆ هیچ لایەنێکی مەزنایەتی ئەم مەزنە زانایە. بە دەست خۆم نییە نەختیک پەرگارم وێک دەهێنمەوە... بەڵێ دەزانین بیرکردنەوە لە دەرکردنی کتێبێکی ئەوتۆیی لەو ساڵەدا 1920 بەڵگەی سۆز و پەرۆشی خاوەنیەتی بەڵام دەبێ ئەم خاڵانەش بە چاوەوە بگیرێن:

ئەو ساڵەی دەرچوونی کتێبەکە بەنیسبەت ئەوسا زۆر زوو نییە بەنیسبەت ئێستاش زۆر کۆن نییە، دەرکەوتنی گیانی کوردایەتی بە نووسینی پتر لە چواریەکی سەدەیەک بەر لەو کتێبە خۆی نواند بوو. ئەوسا 23 ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەستەنبوولّ بە ناوەڕۆکی شیعر و پەخشانەوە.

ئەو باری چاپەمەنی کە لە ئەستەنبوولّدا هەبوو لە شوێنی بێ چاپی وەک کوردستان پەیدا نەبوو. یەکێک ویستبای لە قەڵادزەی 1920 کتێب چاپ بکات دەبوو خۆی هەڵکوتێ بۆ هەندەران. نموونەی هەرە جانفیدای کورد لە مەیدانی چاپەمەنیدا سەید حوسێن حوزنی موکریانییە. دوور لە ڕووی ئەو وەک کە جانەوەر لە ترسی درندەی گۆشتخۆر بێچووی دەگوێزێتەوە ئەویش بە ئاوارەیی مەکینەی چاپەکەی بە ولّاتاندا دەگێڕا، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی...

ژیاندنەوەی ناوی ئەدیبەکانی کورد دەمێک بوو سەرمەشقی دادرابوو، بەتایبەتی لە شیعری حاجی قادردا کە نیگای بەهەموو کوردستاندا گێڕا بوو، تەنانەت لە قەصیدەی «شەهسەواری بەلاغەتی کوردان» دا شاعیرەکانی کۆیەی پشتگوێ خستبوون.

گەلێک سەربازی نەناسراوی بێ ناوونیشان بە دەسنووس کەشکۆڵی وەهایان تۆمار کردبوو کە دواتر ئەمین فەیضی بەگ و تێکڕایی کوردیش لەبەریان بنووسنەوە. مەراقی ئەو خەت خۆش و خەت ناخۆشانەی بێ ناوونیشان بۆ نووسینەوەی شیعرو خەبەراتی تەفرەقەی سەربە کورد گەلێک گەنجینەی ئەدەبی و هەواڵی مێژوویی بۆ ئێمە کرد بە زەخیرە. لەو مەراقەشدا نە بەتەمای مااڵ بوون و نە بەتەمای ناو وەک نووسەر و بڵاوکەرەوەی ئەم ڕۆژگارە بەهۆی لە چاپ دان و بڵاوکردنەوەوە لە مااڵ و ناویش خاوەن پشکن، هەزار جار لێیان پیرۆزبێ.

ئەم تێبینییانە نرخی کتێبەکە دانالەنگێنێ بەڵکوو وەک کە من هۆشم بەنرخی شتان بشکێ نرخی ڕەوای بۆ دادەنێ. دوای ئەوەی کە تیشکی واقیع ڕۆشنایی خستە دەوروبەری کتێبەکە و هەر هۆیەک لەوانەی ڕێیان بۆ دەرچوونی خۆش کردووە دەرخسترا ئەوسا بە دڵی ئارامەوە دەڵێین ئەمین فەیضی بەگ دەست پێشخەریەکی گیان پاکانەی لەو مەیدانەدا کردووە.

ئەگەر هەڵەی چاپ بەرپرس نەبێ بڵێین هەندێک لەو نموونانەی فەیضی بەگ کردوونی بە ناوەڕۆکی ئەنجومەن بە ئەسڵ لەنگ و نالەبار نووسراونەوە ناشزانم چۆن بەسەر زیهنی فەیضی بەگدا کشیوەتن. وەک دییارە لیژنەش خۆی بە ڕاستکردنەوەی ئەو نموونە عەیبدرانەوە خەریک نەکردووە پەنجەشی بۆ ڕانەکێشاون. خۆو تاڵع وا بووە هەڵەیەک لە خۆوە چارەسەر کراوە وەک کە سەرەتا ناتەواوەکەی «شەکوای حاڵ»ی «عارف» کە لە لاپەڕە 134 دا نووسراوە، لە لاپەڕە 125دا بەهۆی دەقی قەصیدەکە کە لە کتێبی «لەخەوما»وە ڕاگوێزراوە ناتەواویەکەی چار کراوە. هەڵە وەیا ناتەواوی شیعری نالی لە ڕێی شەرحەکەی مەلا شێخ کەریم و کاک فاتیحەوە بەسەر گیراوەتەوە بەڵام لە زۆر شیعری دیکەدا هەڵەکان وەکوو خۆیان ماونەتەوە هێماشیان بۆ نەکراوە وەک کە لە لاپەڕە 90 دا مەصرەعی یەکەمی بەیتی سێیەم لەنگە و بە لەنگی ماوەتەوە:

«گەر بە ئاوزەنگی پەراسوی ئەم سەرو ئەو سەر هەڵدڕی» دەبوو بنووسرێ: «گەر بە ئاوزەنگی پەراسووی ئەمسەرەو سەر هەڵدڕی». ڕاستیەکەی هەر لەو لاپەڕەیەدا دەبوو بنووسرێ: «سااڵ دوانزەی مانگ سواری نابم و...» چونکە کە نووسراوە «سااڵ دوانزە مانگ..» بەیتەکە کێشی تەنبەڵ بووە.

بگەڕێوە بۆ لاپەڕە 85 دەبینی بەیتەکەی نالی نووسراوە:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف

ڕاستەکەی ئەمەیە:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵدا لە هەر طەرەف

پێشتریش لە لاپەڕە 78 دا لیژنە چەند بەیتێکی خستۆتە سەر بەیتەکانی ناو ئەنجومەن و یەک دوو هەڵەی تێڕا کردوون. نووسیوەتی:

دەبێ ئەشکی تەراڕوزی ئارەزوو ئەی دیدە بشکێنێ

مصرەعەکە لەنگە، نەدەزانم چۆن چارە دەکرێ نە لە واتاشی دەگەم، دواتریش نووسیوەتی: «ڕەهابێ گەر لە بەندی زولفی یارا گەردنی من» ئەمەش لەنگە، ئەگەر نووسرابایە: «ڕەهابێ گەر لە بەندی زولفی یارا گەردن و شانم» لەنگێکەی نەدەما. بەڵام سەیر لەوەدایە لیژنە نیوەی دووەمی ئەم بەیتەی لە لیستەی «ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ»دا چارە کردووە کە نووسیوەتی «بەعدە» هەڵەیە و «بەعد» ڕاستە ئەمەش نیوەبەیتەکە بە هەڵەیەوە: «بە سەهلی بەعدە ئەزین بازی بە حەلقەی ئەژدەها ناکەم».

هەڵەی دیکەش لەو بابەتە دەکەونە بەرچاو مەبەستمان نییە سەر ژمارەیان بکەین. بەڵام دەبێ بڵێم فەیضی بەگ لە ژێرووی لاپەڕە 118دا بە دوا قەصیدەکەی شێخ ڕەزادا نووسیوەتی: «بیشمە» «شاور» «شیتنە» ئەمانە ئیسمی دێهاتن وەک دەزانین «بێشمە» ناوی دێ نییە بەڵکوو «بێ شەمە» بە واتای بۆن خۆشە و خەڵق دەڵێن «تووتنی بێ شەما». وشەی «بێ» لیرەدا لە «بە» ی فارسییەوە گۆڕاوە. بە نووسینی کوردی «بیە» دەنووسرێ، وا پێدەچێ فەیضی بەگ وشەی «بێ شەمە- بێ شەما» ی نەبیستبێ. لێژنەش بێلزوم خۆی لێ بێدەنگ کردووە.

لە لاپەڕە 38دا فەیضی بەگ ڕای خۆی لە بارەی شاعیریەتی نالی دەربڕیوە دەڵێ «ذەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی صنایعی لەفظییەی ئیستیعمال کردووە پیاو ڕەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە».

لێرەدا مەودای موناقەشە بەربەڕەڵڵایە و هەویرەکە ئاوخوازە بەڵام من بە کورتی دەڵێم: گلەییەکی گەورە ناچێتەوە سەر فەیضی بەگ لەوەدا کە قوولّ نەبۆتەوە لە سەرجەمی شیعری نالی چونکە لە بنەڕەتدا شاسواری زانست و عەسکەرییە نەک ئەدەب. لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانم بڵێم سامانی هونەری و ئەدەبیی لە ڕادەبەدەری نالی وەهای کردووە لەچاو هەژاری و نەداری لە ڕادەبەدەری کورد خۆی زەق بنوێنێ وەک کە هەژار جلکی پۆشتە لەبەر بکات پێوەی دیار دەبێ دەنا ئەگەر هاتبایە هەمان کەرەستەی «صنایعی لەفظییە» بەبەر شیعری حافظ و سلێمان نەظیفەوە بایە کەس لێی بەسەر نەدەگرتنەوە. سەیرێکی ئەو نموونانەش بکەیت کە «ئەنجومەن..» لە شیعری نالی هەڵبژاردوون وەکوو «قوربانی تۆزی ڕێگەتم- لە دوگمەی سینە- تاقمی مومتازی شاە- تا فەلەک دەورەی نەدا- نەمردم من- تەشریفی نەوبەهارە...» ئنجا نموونە یەک لە دوا یەکەکانی لاپەڕە 145، 146، 147 هەمویان شیعری نازکی پاراوی دەوڵەمەندی هونەرەکاری شاکارن. هەندێ قەصیدەی نالی کە ئاخنراون بە وشەی سەخت و واتای تێک ئاڵاوی ورد و قوولّ لە ڕاستیدا بۆ ئەو سەردەمە و بۆ هەموو سەردەمێک سەرمەشقی هونەر و ئەدەبن. بە دەست و قەڵەمی ڕەنگین و هێژا نەبێ نەخشەکێش ناکرێن. لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە یەک لە هونەرە بەرزەکانی نالی ئەوەیە کە توانیوەتی وشەی سەخت و سەرکێش ڕام بکات بۆ ناو ترنجۆکی شیعر وەک کە دەڵێ:

برق البصر لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لەئالی
خسف القمر لە ئیشراقی قیامەتی جەمالی

وەیا کە دەڵێ:

طەبعی نالی تونده ئیمرۆ یا بە نەشئەی نیم نیگاە
مەستی ڕەحڕاح و مەی و ڕاح و قوڕاح و قەرقەفە

«کوردی» ش لە لای خۆیەوە وەهای کردووە کە گوتوەتی:

لەوثیش ثبوتی دەعوییە یا ڕاستە یا درۆ

بەڵام «کوردی» کە دەڵێ «باعیثی عومیانی بەصەر» عەرەبیەکەی کورتی هێناوە چونکە وشەی «عمیان» بە واتای «عمی، کوێری» نەهاتووە. هەرچەند سەیری هەموو قاموسێکم نەکردووە بەڵام وابزانم ئاشکرایە «عمیان» ڕێژەی کۆی «أعمی» یە.

نالی شاعیری بەهرەیە نەک ڕاهاتن، بەڵگەش زۆرن یەکێکیان ئەوەیە کە نالی لە شیعردا ئاراییشتی وەهای بەکار هێناوە گرفت و لەقی و هەناسەسواریی تێدا نەبێ، لە زۆر شوێنیشدا خەیاڵی وەها تەنکی ڕاو کردووە هەر دەڵێی خەریکە بەناو داوە شیعرەکانیدا دەربازبێ:

به نەشئەی سستی و مەستی وەها مستوور و مەخموورە
نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

لێرەدا چاوی ماددی و خەوی مەوهووم تێکەڵ بەیەکدی بوون، لە خۆڕاییش ئەو تێکەڵبوونە پەیدا نەبوە: وشەکانی «سستی، مەستی، مەستوور، مەخموور» ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە. دوو وشەی «مەستوور، مەخموور»یش تێکەڵ بەیەکدی بوونەتەوە چونکە هەرچەند یەکیان کوردیە و ئەوی دیکەیان عەرەبیە، هەردوویان لە عەینی دوو واتا بەشدارن:

مەستوور - سەرخۆش، داپۆشراو
مەخموور - سەرخۆشی داپۆشراو- لە «خمار» هوە.

ئیتر حەزدەکەی «مەستوور»ەکە «سەرخۆش» بێ و «مەخموور»ەکەش «داپۆشراو» بێ حەزیش دەکەی باریان بگۆڕە، یان هەردوویان بە هەردوو واتاوە بۆ تەئکیدبوون یارمەتی تێکەڵبوونی ماددە و وەهمەکە دەدات...

هەر لەم غەزەلەی کە ئەم بەیتەی تێدایە فەیضی بەگ بەیتی دواییەنی وەها نووسیوە:

لە دوریی تۆیە ئەی خورشیدی پڕتە و بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حاڵاتی محاقی ماهی نەودایە

ئەم وشەیەی «دووری» ی سەرەتای بەیتەکە بۆتە تەپکەی ئەدیبان، نەمدیت یەکێکی پێوەی نەبووبێت. وشەکە «دەور»ە نەک «دوور» بە ڕێنووسی کۆن هەر دووکیان «دور» دەنووسران. ئەگەر نالی لەو خورشیدە پرتە و بەخشە دوور بایە نەدەکەوتە حاڵەتی «محاق» بەڵکوو دەبوو بە «بدر» بەڵام چونکە لە شەودا وەها لێی نزیک بۆتەوە کە پێشتر گوتبووی:

هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی

حەقیەتی بڵێ لە حاڵەتی محاقی ماهی نەودام، وشەی «نەو- نوێ» لێرەدا بەتەنها خۆی نرخی قەصیدەیەکی سەرکەوتووی هەیە.

ئەم وشەیە یەکێکە لەوانەی کاری ئەفسووناوی دەکەن: وەک دەزانین حاڵەتی «محاق» لە نێوان کۆتای مانگ و سەری مانگدا دەبێ. ئەگەر محاقەکە بەر کۆتایی مانگ بخرێ هی پیربوون و بەسەرچوونی مانگە ئەگەر هی «ماهی نەو- مانگی نوێ» بێ هی فراژیبوون و گەشەی مانگەکەیە، دیارە لێرەدا نالی کە بە یارەکەی گەییشتووە دەبێ لە محاقی «مانگی نوێ»ی بەرەو گەشەکردن بێ. سەیری ئەم نوکتە ئەفسووناوییە چەند بە لووس و لێکی و بێ گرفت و گرێ، هێندەی هەناسەی ئارام، دێت و دەچێت تا ئەوەی چاو و هۆشی ئەدیبانی بەسەردا دەکشێت و هەستی پێ ناکەن. ئایا ئەمە «صنایعی لەفظییە»یە یان هونەری تەژاوی زگماکی سروشتزادە؟

لە ڕیزە گوتاری «چەپکێک لە گوڵزاری نالی»دا ئەم غەزەلەم شی کردۆتەوە و گوتوومە سەرلەبەری بەیتەکان باسی تەجرەبەیەکی سەردەمی گەنجایەتی نالی دەگێڕنەوە کە بە شەو چۆتە پاریزی دۆستەکەی ... ئنجا فەیضی بەگ بە چاکی لە واتای بەیتەکان ورد بووبایەوە هەڵبەتە ڕایەکی بە دڵدا دەهات لە بارەی خاوەنەکەیەوە جودا بێ لەو «صنایعی لەفظییە» ئەوسا دەشی نووسی «لە دەوری تۆ...».

لیژنە ناوناوە لە چەند و چۆنی نموونە شیعری ناو کتێبەکە ڕایەکی خۆی دەردەبڕێ وەک کە لە پەراوێزی لاپەڕە 130دا «داری سەنگدل» بەسەر «یاری سەنگدل» تەرجیح دەدات، بەمەشدا کارێکی باشی کردووە. بەڵام داخەکەم لە زۆربەی ئەو شوێنانەی لێ بەدەنگ هاتنی دەوێ لیژنە بێدەنگە. لێرەدا من ڕێنووسی ناو کتێبەکە و شێوەی چاپکراوی وشەکانی

دەکەم بە شایەدی بیروڕای خۆم ناشزانم ئەو هەڵانەی لە کتێبەکەدان چەندیان هی چاپن و چەندیان ئەسڵین، ناشزانم ڕادەی دەسکاری لێژنە لە ڕێنووسی کتێبەکە چەندە چونکە ئاشکرایە فەیضی بەگ ڕینووسی وەکوو هی ناوکتێبەکەی بەکار نەهێناوە. نوسخەی کتێبەکەی 1920 م لا نییە بەراوردی بکەم لەگەڵ هی 1983. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ وتوویژ لەگەڵ ئەو شێوە ڕێنووسە بێ کە کتێبەکەی پێ چاپ کراوەتەوە.

لە ئاست بیروڕای لێژنەدا تێبینی دەردەبڕم لەگەڵ ڕێز و سپاسیشم بۆی:

لە لاپەڕە 22، 23 ی کتێبەکەدا لێژنە چەند ڕایەکی دەربڕیوە جێی هەڵسەنگاندنن، لەپێشەوە دەڵێ نالی لە 1215ک-1800ز هاتۆتە دنیا. ڕەنگە ئەم قسەیە ڕاست بێ بەڵام هیچ بەڵگەی لەگەڵدا نییە. لە کەسیش مەعلووم نەکراوە چۆناوچۆنی ئەو ساڵە بووە زادساڵی نالی. وەختی خۆی من لە «چەپکێک...» لە بارەی ساڵی بوون و مردنی نالیەوە دواوم، دواتر کاک فاتحیش بە درێژی لە مەسەلەکەی نووسیوە، عەلی موقبیل و بە دوا ئەویشدا هی دیکە دەڵێن نالی لە 1797 هاتۆتە دنیا، وەک کاک فاتیح دەڵێ ئەم ساڵەیان لە بەراوردە هەڵەیەکەی عەلی موقبیلەوە هاتووە کە 1215ک بەرانبەر 1797ز داناوە. بەهەمەحاڵ ساڵی لە دایکبوونی نالی وەها بە ڕاشکاوی نە 1800 و نە 1797 و نە هیچی دیکەشی بە متانەوە بۆ دەست نیشان ناکرێ، هەر نەبێ پێویستە سەیرەکێک وەیا پرسەکێک (علامة تعجب، علامة استفهام) بخرێتە سەر ئەو ساڵەی بۆ لە دایکبوونی دادەندرێ. بەڵای منەوە چەندێکی لە سنووری لواندا بوونی نالی پێش 1800 بکەوێتەوە چاکتر دەگونجێ لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە نالی لە حوکمڕانی «عبد الرحمان پاشا» دا دەستی کرد بە هەڵبەستی کوردی.

عەبدوڕەحمان پاشا یەکەم ئەمیری کورد بوو بیری لە کوردایەتی کردەوە و گیانی کوردایەتی لە دەوری ئەودا شیعری عروضی کوردی لە بابان و سەرلەبەری کوردستانی عێراق و ئێراندا داهێنا. من لە نووسینی دیکەمدا بە درێژی ئەم ڕاستییەم باس کردووە، لێژنەش لە پەراوێزی لاپەڕە 23 ی «ئەنجومەن... »دا بێ ئەوەی هێما بۆ لێکدانەوەی کەس بکات دەڵێ:

«بنیات نانی شاری سلێمانی لە 1784ز و بوونی میرنشینی بابان پاڵ پێوەنەرێکی بەهێز بوو بۆ تەقینەوەی بەهرەی شاعیریێتی [شاعیریەتی] نالی. ڕاستی ئەم بارە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیە بووە کە نەیهێشتووە ئەم بەهرەیە وشک بێتەوە. دوابەدوای خۆیشیا دەستەیێ شاعیری مەزن و گەورەی پێگەیاندووە وەکوو «سالم»، «کوردی»، «مەحوی» و «حاجی قادری کۆیی»... هتد».

ئەم قسانەی لێژنە بایەخدارن بەڵام کەلەبەریان هەیە و هەڵسەنگاندن هەڵدەگرن:

لە ساڵی 1784 ەوە تا ئەو ساڵەی نالی گەییشتە تەمەنی شاعیریەتی بەلای کەمەوە 30 ساڵێکی بردووە. ئنجا ئەگەر پەیدابوونی سلێمانی خۆی لە خۆیدا کاریگەری بووبێ دەبوو بەر لە نالی شاعیری دیکە پەیدا بووبن شیعری عروضی کوردی بهۆننەوە.

باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی بابان لەو ساڵانەدا کە نالی تێیاندا بووە بە شاعیر وەها لە بار و ئارام و تێر و تەژی نەبوو لەچاو ساڵانی دیکەدا کە تازە بە تازە سلێمانی تێدا بنیات نرابوو.

لە کوردستانی عێراق و ئێراندا بەر لە بنیات نانی سلێمانی شاری دیکەش هەبوون تەنانەت «سنە» میرنشین و گەورەتریش بوو لە سلێمانی، باری ئابووریشیان لە هی سلێمانی ئەوسا بەرەژێرتر نەبوو کەچی شیعری عەروزییان پەیدا نەکرد.

هۆی هەرە گرنگی پەیدابوونی شیعری عەروزی کوردی لە کوردستانی عیراق و ئێراندا ئەوە بوو کە عەبدوڕەحمان پاشا دەستی دایە کوردایەتی ئەویش لەوەدا قەرزداری شۆڕشی فرەنسە بوو... سەرنج بگرن لە بەیتەکەی عەلی بەردەشانی کە پێی دەگوترێ «بەیتی عەبدوڕەحمان پاشا» چ ئاگرێکی گیانی کوردایەتی تێدایە. عەلی لەو دەمەدا لە بارەگای عەبدوڕەحمان پاشادا شایەر بووە بۆیە وەها هەستی بزووتووە دەنا بەیتی دیکەی زۆرن کەچی کوردایەتییان تێدا دیار نییە.

که بپرسن ئەدی بۆچی نالی یەکسەر دەستی نەدایە کوردایەتی وەک کە عەلی بەردەشانی کردی؟ دەڵێن نالی لە بارەگای عەبدوڕەحمان پاشادا نەژیاوە وەکوو کە عەلی تێیدا دەژیا. بۆ نالی و برادەرانی ئەوەندە مومکین بوو کە لە ئیلهامی کوردپەروەریی عەبدوڕەحمان پاشاوە بەرەو هەڵبەستی کوردی ڕۆییشتن. تەنانەت نالی کە بۆی ڕێککەوت دۆستی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا بێ «تا فەلەک دەوری نەدا» و «ئەم تاقمە مومتازە»ی هۆنیەوە. لە دەوری عەبدوڕەحمان پاشادا نالی و سالم تازە مێرد منداڵ بوون و لە ساڵی مردنی عەبدوڕەحمان پاشا 1228ک تەمەنیان 13 ساڵەیی بووە [بەپێی ئەوەی لە 1215 بەوەلەد بووبن].

هاوڕێیەتی و بەیەکەوە ژیان هۆیەکی زێدە زێدە کاریگەرە. لە ملیۆنێ یەکێک نییە بێڕابەر خودبەسەر بەرەو بیرێکی نوێوە بڕوا. دەبینی میللەتێک بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەسەر باوەڕێک دەژیت ئنجا یەکێکی بەهرەمەند و دڵگەرم و قسە پاراو لە بارێکی بەبڕشتدا دەم لە بیرێکی نوێ دەبزێوێ و هەزاران هەزاری بۆ بەدەنگ دێت و دوای دەکەون. وەها دەبێ خەڵق شەیدای شەخسییەتی ڕابەرەکەیان دەبن هەرچەندە ناپەسەند و خۆپەرستیش بێ وەک مریدەکانی «حسن الصباح» بە برۆ هەڵتەکاندنی ڕابەرەکەیان، خۆیان لە شاخی هەڵدەداشت... ئێستاکەش شەیدای ئەوتۆیی پڕی دنیایەن، ئەم باسە زۆری بەبەرەوەیە پێویست نییە پتری بە دوو بکەوین.

لیژنە دەڵێ سالم و کوردی بەدوا نالی و بە پێڕەویکردن لەوەوە بوونە شاعیری کوردیهۆن. بەپێی ئەو تەرجەمە حاڵەی لیژنە خۆی بۆ سالم و نالیی پەسەند کردووە سالم و نالی لە هەمان ساڵی 1800ز بەوەلەد بوون. لەوەوە بەسەرنج دان و ئاکام لە واقیعەوە وەرگرتن دەرفەت نامێنێ، وەیا یەکجار تەسک دەبێتەوە، بگوترێ سالم بەدوا نالیدا شیعری کوردی گوتووە.

ئەم ڕاستییە لە ڕوویەکی دیکەی واقیعەوە مەحکەمتر دەبێ کە نالی زادەی «خاک و خۆڵ»ی شارەزوورە، ئنجا چ بڵێین باری ئابووری و کۆمەڵایەتی سلێمانی هاندەر بووبێ بۆ پشکووتنی غونجەی شیعری کوردی [وەک کە لیژنە بۆی چووە]، چ بڵێین ڕابەریەتیی عەبدوڕەحمان پاشا لە گیانی کوردایەتی بەدوا بەرپابوونی شۆرشی فرەنسە ئەو هاندەرە بووبێ [وەک من بۆی دەچم] نالی پێی ناکرێ بووبێتە ڕابەری شاعیرێکی وەک سالم کە خۆی خەڵقی سلێمانی و لە بابانەکان نزیکتر بووە. بەپێی تەمەن نالی و سالم وێکڕا دەگەنە پایەی شاعیریەت، ئیتر بۆ دەبێ سالم بەدیار نالییەوە بوەستێ تا لە دەشتودەر پێ دەگات و دەچێتە عومرێکەوە دەست بدا بۆ «مستعدی» لە خوێندنی شارستان و بە ئیلهامی شارستانەتی سلێمانی وەیا ڕابەرایەتی پاشماوەی گیانی کوردایەتیی عەبدوڕەحمان پاشا بەهرەی شاعیریەتی گەشە بکات ئنجا سالم لێیەوە فێری شیعری کوردی بێ؟ چ شارستانەتی هاندەر بێت و چ ڕابەرایەتیەکەی عەبدوڕەحمان پاشا. سالم لێوەی نزیکترە و زووتر چەشە خۆری دەبێ. ڕاستی مەسەلە سالم و نالی پێش و پاش ناخرێن و بە کەس ناکرێ ئیسپاتی مامۆستایەتی و سوختەیەتی بۆ ئەم و ئەو بکات.

مصطفی بەگی کوردی بە پێی تەرجەمە نامەکەی ناو «ئەنجومەن...» کە لیژنە داینناوە، وەیا پەسەندی کردووە، بە 12 ساڵ لەوان گچکەتر بووە. دوانزە ساڵ جوداوازیی تەمەن لە سەرەتاکانی ژیاندا بایی پێویست دەکات بۆ هەڵنانی پلیکانەی سرەی یەکەم و دووەم. کە مصطفی بەگ 10 ساڵی بووە ئەوان لە بیست ساڵ تێپەڕیان کردووە. بەم پێیە دەشێ مصطفی بەگ بە شوێن ئەواندا هاتبێ. حاجی قادریش کە کوردی پێش نالی دەخاتەوە و دەڵێ:

ئەو کە نۆشی شەرابەکەی تاڵی
نالی لەم عەصرەدا بووە تالی

مەبەستی ئەوە نییە بڵێ نالی بەدوا کوردیدا بۆتە شاعیر بەڵکوو مەبەستی پایەی شاعیریەتە. بەڵام وەها دەزانم ئەمەیش هەر ڕایەکە لە سیاقی شعیردا هاتووە نەک بەرهەمی تۆژینەوەیە. حاجی قادر لە گەلێک بەیتدا بە نالی هەڵگوتوە و پێیەوە دیارە چ پایەیەکی لێ دەنێ.

لیژنە سالّی مەرگی نالیشی بێ لێکۆڵینەوە و دوودڵی دەست نیشان کردووە. لەوەشدا قسەی لە خۆی بەپێشەوە، کە بێ بەڵگە 1856ی بۆ مەرگی نالی دیاری کردووە، دووبارە دەکاتەوە .

سالّی مەرگی نالی وەک هی لە دایکبوونی سوڕگوم نییە. دەبوو لیژنە سەرێک لە پێشەکیەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و «چەپکێک...» خوار بکاتەوە، هەر نەبێ لەواندا لێکدانەوەیەک کراوە... بەو دواییەش مامۆستا «حەمە بۆر» – (بە پێی تەعبیری خۆی) دەسنووسێکی دۆزیەوە گوتارێکی لەسەر بلّاوکردەوە و گومان ناهێلّێ لەوەدا نالی دوای 1288ک مردووە کە دوای 1872ز دەگرێتەوە. «چەپکێک...» و شەرحەکەی مامۆستا مەلا کەریم و گوتارەکەی مامۆستا حەمە هەڵیان دەگرت دوو قسەیان لە بارەوە بکرێ هەر نەبێ بۆ پووچاندنەوەیان. بەپێی ئەم سەرچاوانەش نالی بەر لە 1872ز نەمردووە. شیعرەکانیشی شایەدن کە زۆر پیر بووە و تەمەنی 58 سالّە جێگەی بۆ ناکاتەوە.

لیژنە لە لاپەڕە 23 دا دەڵێ «ئەم شاعیرە گەورەیە لە پاش سالّی 1840ز بە ناچاری شاری سلێمانی بەجێ هێشتووە». لێژنە پێمان نالّێ بۆچی دەبێ ئاوارەبوونی دوای 1840ز بێ، تێشمان ناگەیەنێ «ناچاری»یەکە چییە. وا من لە وەکالەتی ئەو وەڵامی ئەو دوو پرسیارە دەدەمەوە:

سالّی 1840ز لەوەوە دێتە پێش لێکدانەوەی لیژنە چونکە مەعلوومە لە سالّی 1254ک کە دەکەوێتە بەرانبەر 1838-1839ز لە سلێمانی بووە. بەپێی ئەوەی لەو سالّەدا «تا فەلەک دەورەی نەدا» ی لە لاواندنەوەی سلێمان پاشا و پیرۆزبایی ئەحمەد پاشای بابانداً گوتووە، دیارە لە سلێمانی بووە. چونکە دواتریش لە قەصیدەی «ئەم تاقمە مومتازە»دا مەدحی سپای ئەحمەد پاشا دەکات دەبێ لە 1840ز یش جارێ لە سلێمانی مابێ.

ناچارییەکەش لەوەوە دێت کە نالی لە پاش تێک چوونی میرنشینی بابان، لە ترسی ستەمی تورکە عوسمانلییەکان بۆی دەرچووە. بەڕاستی ئەم «ناچاری»یە لزوم بە ناوهێنانی سالّی 1840ز ناهێلّێ چونکە وەک «تحصیل حاصل» ـە کە ڕمانی حاکمایەتی بابان دەکەوێتە دوای سەرەتای حوکمی ئەحمەد پاشا. تێناگەم لیژنە، یان ئەو ئەندامەی لەبری لیژنە پێشەکیەکەی نووسیوە، بۆچی وەهای پەسەند کرد کە بە وشەی «ناچاری» سالّەکەی 1840ز هەڵوەشێنێتەوە؟. چ دەبوو بیگوتبایە «دوای ڕمانی حاکمایەتی بابان نالی بە ناچاری ئاوارەبوو»، بێ ئەوەی پێویست بە ناوبردنی 1840ز بکات؟

سالّەکەی ڕمانی بابان لە هەندێ نووسیندا کە یەک لەوان پێشەکیەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و کاک فاتیحە، 1264ک بۆ دەست نیشان کراوە کە دەوەستێتە بەرانبەر بە 1847-1848ز. بەڵام بە پێی ئەوەی کە عبدالباقی العمری لە پیرۆزبایی نەجیب پاشای والی بەغدا بەبۆنەی زالّبوونی بەسەر بابانداً نیوە بەیتی «بسدید رأیک فتحت بابانها»ی کردۆتە میژووی ئەو زالّبوونە دەبێ لە 1845ز بابان تێک چووبێ.

بەلای باوەڕی منەوە نالی لە کژە حەجی سالّی 1260 وەیا 1261 بە ئاسایی بۆ حەج چووە بەڵگەش بۆ ئەم سالّە لە لێکدانەوەی پێداویستی حالّ و واتای هەندێ شیعری نالییەوە دەردەست دەکرێ:

هیچ بەڵگەی سەلمێنراو نییە ئەم سالّە بەدرۆ بخاتەوە.

ئەگەر نالی لە کاتی داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن تورکەوە جارێ لە سلێمانی بووبێ و لە ترسان هەڕای کردبێ، زەحمەتە دواتر بوێرێ پرسی گەڕانەوە لە سالم بکات. بەڵام ئەگەر لەو دەمەدا چووبێ بۆ حەج جێی خۆیەتی ئەو پرسە بکات چونکە، پێشتر تەجرەبەی حوکمی تورکی لە سلێمانی نەبووە تا بزانێ ئایا لەوانەیە تێیدا بحەوێتەوە؟ یان نا؟

سەرنج لە موناجاتەکانی ڕێی حەج و قەصیدەی «ئەی ساکینی ریاضی مەدینەی مونەووەرە» و قەصیدەی «وەی کە ڕووزەردەی مەدینە...» بگرە هەست بەوە ناکەیت نالی ئاوارە و لێ قەوماوە، بەتایبەتی قەصیدەکەی دواییین «وەی کە ڕووزەرد...» پێوەی دییارە کە نالی عوزری بەجێ هێشتنی مەککە و مەدینە بەوەدا دەهێنێتەوە کە دەڵێ «من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەمۆم». بازی دیدەباز [بازی چاوبڕکێکەر] هی لێ قەوماوی نییە.

ئەم چەند بڕە شیعرە توند و بەرزەی لە یەکەم سەفەری حەجیدا گوتوون کە جارێ تەنگانەی نەگەییشتوەتێ. دوای جێهێشتنی حیجاز بەرەو مالّ خەبەری تێشکانی بابانی وەرگرتووە و ماوەتەوە... بەینێکی زۆری پێ دەچێ دەگەڕێتەوە بۆ

حەج. ئەم جارەیان لە قەصیدەی «ئەی تازە جەوان»دا ئاوارەیی پێوە دییارە کە دەڵێ: «موددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپیهرم» هەموو بەیتەکانی دیکەشی داد و بڕویە لە دەست پیری و بێ وەزعی و لێ قەوماوی...

ئەم بۆچوونە ڕێک دێت لەگەڵ ئەحوالّی مەعلوومی نالی: ئەگەر نالی لە 1280 بۆ حەج چووبێت و دوای سەفەری ئەو میرنشینی بابان تێک درابێت جێی خۆیەتی پاش چەند سالّان پرس بە سالم بکات بۆ گەڕانەوە چونکە لە خۆی بەگومانە ئایا دووچاری چی دەبێ لە سلێمانی. شایەدیەکەی «خۆدزکۆ» کە دەڵێ لە سالّی 1853ز ئەحمەد خان لە پاریس پێی گوتم بچمە شام نالی ببینم، بە چاکی جێی خۆی دەکاتەوە لەم لێکدانەوەیەدا. لە 1845 تا 1853 هەشت سالّان دەگرێتەوە ئەمەش مەودایەکی ئەوتۆیە هەم نالی تێیدا سەغڵەت بووبێ هەم پرسیش بکا بۆ گەڕانەوە. سالم لە خۆڕایی جەوابی نامەی نالی بۆ شام ڕەوانە ناکات، دیارە لەو دەمەی کە نالی کاغەزی بۆ سالم نوسیووە لە شام بووە، ئنجا لەکەیەوە هاتووە بۆ شام دەخلی بەسەر سەرەتای ئاوارەبوونیەوە نییە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 32 لیژنە وشەی «هەڵبەستەر»ی بە واتای «ناظم» بەکار هێناوە. هەرچەند جۆرە قیاسێک لە دارشتنی بەکار هاتووە، دیسانەوە لەبەر زەقیی وشەکە چاو لێی هەڵدەبەزێتەوە. جگە لەمە هۆی دیکەی ڕێزمانی هەیە دارشتنەکە دەخاتە خانەی ڕیزپەڕ «شاذ»:

بە زۆری «کار» ی کوردی دوو جۆرە «ناوی کارا» (اسم فاعل) ی لێ هەڵدەستێ. بەنموونە: خواردن، کردن، بردن، کوشتن تاقی دەکەینەوە دەگوترێ:

- نانخۆر/ نانخواردوو
- هەڵەکەر / هەڵەکردوو
- باربەر / باربردوو
- کوردکوژ / کوردکوشتوو

هەرچی کاری «بەستن، پەستن، پەرستن» و یەک دوانێکی دیکەش ڕێژەی بەرابنەر «نانخۆر، باربەر» یان نییە چونکە لە مضارعدا هەموو کارەکە دێتەوە و دەگوترێ «دەبەستم، دەپەستم، دەپەرستم». کەچی لە فیعلەکانی دیکەدا دەگوترێ «دەخۆم، دەکەم، دەبەم، دەکوژم». ئەم شێوە کورت کراوەیە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوو جۆرە ناوی کارا لەو فیعلانەدا.

ئنجا کە گوتمان «هەڵبەستەر» وەک ئەوەیە گوتبێتمان «تێکردەر» لەجیاتی «تێکەر« وەیا «نانخواردەر» لەجیاتی «نانخۆر»... هتد. لەبەر ئەمە وەها بەڕاست دەزانم لەو کارانەی کە مضارعیان کورت نابێتەوە ڕێژەی «خواردوو، کردوو، گوتوو..» بەکاربێت و بگوترێ «هەڵبەستوو» نەک «هەڵبەستەر». کە ویستمان ڕێژەی کارا لێکداراویان لێ وەرگرین بڵێین: «خواپەرست، بەربەست، قتووبەست» - دەنا تووشی «خواپەرستەر، بەربەستەر، هەڵبەستەر» دێین.

لیژنە لە لاپەڕە 64 دا بە شێوەیەکی گشتی «بۆ سەیرکردنی ڕاڤەی هەڵبەستەکانی نالی» خوێنەر حەوالّەی لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک فاتیح دەکات. لەوەشدا کاغەزی سپی بۆ ئەو لێکدانەوەیە ئیمزا دەکا. دەزانین کەس نەهاتووە سەرلەبەری دیوانی نالی شەرح بکات وەک ئەو دوو بەڕێزە کردوویانە، خۆیشم چەند گرفتم بووبێ لە ڕاڤەکردنی بەیتێکی نالی پەنا دەبەمەوە بەر ئەو کتێبە، خزمەتەکەشیان بە ئەدەبی کوردی لەلای هەموو قەدرزانێکەوە جێگەی سوپاس و منەتباری و بەگەورەگرتنە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی هەر بۆ خوایە، وا لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە لەو بەیتانەی کە ڕاڤەیان لەو کتێبەدا پێویستی بە مشتومالّ هەیە.

لە لاپەڕە 352 دا ئەم بەیتە سەیر بکە:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم
کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

له شەرحدا «عالەمی قەلب» بە عالەمی دڵ و خۆشەویستی لێک دراوەتەوە و هیچی تر، کەچێ ئەم عالەمەی قەلب هەرای ناوەتەوە لەبەر زۆری واتایی:

- عالەمی قەلب – عالەمی دڵ
- عالەمی قەلب – عالەمی چرووک «قەڵب»
- عالەمی قەلب – عالەمی وەرگەڕاو «وەرگەڕان»

هەر سێ جۆریش لەگەڵ «فەقری غینایە مردنی ژین» ڕێکن، لە بەیتی دوای ئەمیاندا کتێبەکە وشەی «تێدا»ی هەڵبژاردووە، لە پەراوێزدا دەڵێ چەند نووسخەیەک «تیا» یان نووسیوە، ئەمەشیان ڕاستە چونکە «تێدا» بەیتەکە وەها تەنبەڵ دەکا بەلای لەنگییەوەی دەبات:

تێدا ئوممیدو بیم و گریەو و سۆز
تیا ئوممیدو بیم و گریەو و سۆز

ئاشکرایە «تیا» شیرەخۆرەی بەیتەکەیە. نالی بەپێی داخوازیی کێش و مۆسیقا «تیا» و «تێدا»ی بەکارهێناوە وەک لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

پەچەی پەرچەمییوو پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا

یەعنی ریاضی ڕەوضە کە تێیدا بەچەند دەمێ
مشکین دەبێ باکاکوڵی غیلمان و زوڵفی حوور

لە لاپەڕە 340 دا سەرەتای «مەدحی تاقمی مومتازی شاهـ» کە دەڵێ:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

لە ڕاڤەیدا نووسراوە «تێکڕای پارچە شیعرەکە وا ئەگەیەنێ هەڵەیە..» لە ڕاستیدا بەیتەکە شاکارێکە بۆخۆی:

ئەم تاقمە مومتازە ئاشووبی دڵی مەملەکەتن. ئێجا ئەگەر مەملەکەتەکە سلێمانی بێ ئاشووبەکە هی خۆشویستن و پێوە شەیدابوونە. ئەگەر مەملەکەتی دوژمن بێ دیارە ئاشووب چ دەگەیەنێ.

ئەم تاقمە مومتازە قەلبی سوپاهن. جاران لە سپادا مەیمەنە و مەیسەرە و قەلب هەبوو. ئەم تاقمە قەلبەکەن کە جەرگە و کۆڵەگەی سپان و بە دەوی سەرکردەوە دەوەستن.

ئەم تاقمە مومتازە ئاشووبی قەلبی سوپاهن. لێرەدا قەلبی سوپاهـ هی لەشکری دوژمنە.

نالی بە مەهارەتە لەحەد بەدەرەکەیەوە هاتوە بۆ «مەملەکەت» وشەی «دڵ»ی إضافە کردووە و بۆ «سپاهـ»یش وشەی «قەلب»ی إضافە کردووە چونکە لە زاراوەی عەسکەریدا «قەلب» بەکارهاتووە هەرچەند لە واتادا هەر دەکاتەوە «دڵ». بەم دوو وشەیەی «دڵ، قەلب» عەسکەری و مەدەنی گرتۆتەوە کە ئەوانیش لە دوو وشەی «مەملەکەت، سوپاهـ» دا دەردەکەون.

له لاپەڕە 342 بەیتی ژێرەوە هەیە:

صەحرا بەتەجەللی دەکەنە وادیيی ئەیمەن
قامەت شەجەر و مەظهەری ئەلطافی ئیلاهن

له ئاستی وشەی «ئەلطاف» ـدا هەر ئەوەندە نووسراوە کە لە هەندێ نوسخەدا وشەی «انوار» هاتووە. ئێمە ئەگەر مەهارەتی نالی بکەینە سەرپشک، لەو دوو وشەیەدا بێگومان «أنوار» ئەسڵییە ئەویش لەبەر هۆیەکی زێدە بنجی: «أنوار» ڕێژەکۆی دوو وشەیە: «نور» – بە واتای ڕووناکی و «نور- نەور» بە واتای غونچە. ئنجا کە واتای «نور- ڕووناکی» لێ وەربگرین، بۆ «تەجەللی» دەچێتەوە کە دەزانین لە قورئاندا باس کراوە نوری خوا لە درەختێکەوە تەجەللی کردبوو. ئەگەر واتای «نەور- غونچە»ی لێ وەربگرین، بۆ درەخت دەچێتەوە. وشەی «ئەلطاف» بەیتەکە ڕووت دەکاتەوە لەو سامان و ئاراییشتەی وشەی «ئەنوار» پێکی دەهێنێ چونکە ئەو «استخدام»ەی لێ دەستێنێتەوە. وەک بزانم «ئیستیخدام» ـەکانی نالی بێمانەندن و قیاسی ناکرێ لە جیناس و تەوریيە و ئەو جۆرە هونەرانە.

بگەڕێیەوە بۆ لاپەڕە 257 سەیرێکی ڕاڤەی بەیتی خوارەوە بکەین:

دەس بەندییانە دێن و دەچن سەروو نارەوەن
صاحیب کولاهو سایەو و بەرگن وەکوو ملووک

له واتای «دەس بەندییانە»دا شەرحەکە «دەستگرتنی هەڵپەڕکێ»ی پەسەند کردووە، بەڵام واتایەکی دیکەی هەیە «دەس بەستراوانە»یە کە وەصفی ئینسانی بەستراو دەکات. نالی بەم وشەیە وەصفی درەختەکان لە دوو ڕووەوە دەکات: یەکیان ئەوەیە کە دێن و دەچن بە شنەی با و دەستی یەکدییان گرتووە وەکوو ڕیزی شایی. بەڵام ئەو درەختانە «دەست بەستراوانە» دێن و دەچن چونکە درەخت بە زەویەوە داکوتراوە و بەستراوەتەوە. جان پۆل سارتر لە وەصفی پەرژینی باغدا شتێکی وەک ئەمەی نالی گوتووە، لە عەرەبیدا خوێندوومەتەوە دەڵێ: «كانت أشجار السياج حركة خضراء كبيرة مسمرة». واتە «درەختەکانی پەرژین جووڵەیەکی سەوزی گەورەی داکوتراو بوون».

له لاپەڕە 440 بەیتێک نووسراوە:

دنیا بووە بەتاوە وو صەحرا بە ژیلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە ماری سەمەندەرە

له پەراوێزدا ئیشارەت هەیە بۆ ئەوەی کە له هەندێ نوسسخەدا له جیاتی «دنیا»کەی سەرەتای نیوە بەیتی دووەم وشەی «دەریا» نووسراوە، ئەمەشیان جێی خۆیەتی چونکە دووبارەکردنەوەی دنیا لەو شوێنەدا بێلزومە، دەریاش دەبێتە تەواوکەری دنیا بە صەحرا و دەریایەوە ئەوەندەش گەرمە لەو ڕۆژەدا وەکوو ئاگری لێ هاتووە. «دەریا دەروونی ئاگرە، ماری سەمەندەرە».

له ئاست وشەی «سەمەندەر»دا نیشانەیەکی پرسەک «؟» داندراوە یانی واتای نادییارە. ئەم وشەیە «سمندر، سمندل»ی هاتووە، وشەیەکی ئەفسانەییە بەو مارە دەڵێن گوێا له ناو ئاگردا دەژیت. لەطافەتەکەشی بەوەدا خەست دەبێ کە ماری سەمەندەر له ئاوی بەحردا بژیت دیارە بەحرەکە هێندە گەرمە له گەرمای وشکایی تێپەڕ کردووە وەک دەشبینین له بەیتەکەدا صەحرا ژیلەمۆیە و دەریا ئاگرە، ئاگریش له ژیلەمۆ گەرمترە.

له لاپەڕە 489دا بەیتی ژێرەوە هەیە:

له صەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرضی مەهلەکە هێشتا
یەمی فەججی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە

وشەی «ئاڵ» لە شەرحی بەیتەکەدا هەر ئەوەندە جێگەی بۆ کراوەیەوە کە دەڵێ «کەچی هێشتا دەریای شینی ڕێگای دووری...» بەو پێیە واتاکەی بە ڕەنگی «شین» لێک دراوەتەوە.

ئەم وشەیە «ئاڵ» نییە «آل- ئال» ی عەرەبییە کە بە واتای «سەراب» دێت. هەر ئەم واتایەشە مناسبی سەحرا و بەحر بێ چونکە سەراب دیاردەی سەحراویە و وەکوو ئاویش خۆی دەنوێنێ.

گەییشتنی کلکی وشتریش بە زەوی. وەک بزانم کینایەیە لە مردن چونکە وەها زانراوە کلکی وشتر لە پیربوونیشدا ناگاتە زەوی. ئنجا دەمێنێتەوە وشتر بمرێ بکەوێتە سەر تەنیشت چونکە بە زیندووەتیش پاڵ ناداتەوە.

پێی ناوێ چی دیکە نموونەی ئەوتۆیی بهێنمەوە مرازیشم لەو سەرنجڕاکێشانە ئەوەیە بڵێم حەواڵەکردنی خوێنەر لەلایەن لێژنەوە بۆ ئەم شەرحە نابێتەوە بەڵگەی تەواوی بێ کەلەبەری شەرحەکە. دیارە ڕێزی لێژنە بۆ شەخسی مامۆستا مەلا کەریم کە مامۆستای هەموو ئێمەمانانە سەنەدی سپی پێ ئیمزا کردوون، ڕێشی تێ دەچێ کە ئەوەندەی شەرحەکەی بە دەستییەوە داوە، بەلای نووسەری پێشەکیەکەوە، ئەوپەڕی واتای شیعرەکانی نالی بێ. ئنجا دەمەوێ بڵێم جارێ بە کەس نەکراوە بگاتە بنی دەریا و ئەوپەڕی ئاسۆی واتاکانی نالی. تۆێژینەوەیەکی بەراوردی بکری لە نێوان شیعری نالی و هی شاعیری زمانەکانی دیکە لە تاکە مەیدانی «استخدام»دا مەعلووم دەبێ نالی جۆرێکی «اسخدام» بەکارهێناوە گەلێک بەولای مەبەستی وشەکەوەیە و بە خەیاڵ زاناکانی «بەیان و بەدیع» ـدا نەهاتووە. وشە و تەعبیری وەها هەیە لە چەقی دائیرەوە چەند تیر بەڕێ دەکا بۆ ئامانجی جودا جودا، هەر بەڕێوە کینایە و تەوریبە و جیناس دەپێکێ و سەرلەنوێ استخدام لەو فنوونەوە هەڵدەستێنێتەوە هەمووشیان بە لووسی و بێگرفت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کە شەرحەکە پێویستی بە تەواوکردن هەیە و زۆر خۆی لە قەرەی ئەم استخدامانە نەداوە هەر دەڵێم کەس نییە لەوانەی شیعری نالی دەخوێنێنەوە قەرزداری شەرحەکە وەیا موحتاجی نەبن، بەڵگەشم لەوەدا بەر لە هەموو کەس خۆمم کەوا گەلێک پێوەی سوودمەند بووم.

ماوەتەوە بڵێم پێویستە لە ڕووی وەفاکاری بۆ حەقیقەت و بەنیازی حورمەتگرتنی میژوو ئاشکرا بێ کە بەشێکی گرنگی شەرحی دیوانەکە ماڵی حەڵاڵی سەربازی نەناسراو، کاک محەمەدی مەلا کەریمە. لەو ساڵەی 1976دا من لە کۆڕی زانیاری کورد وەکیلی سەرۆک بووم و ئاگادارم کاکە حەمە چۆن هەفتەها و مانگەها خەریکی تۆێژینەوە و پرسین و گرد و کۆیی بوو بۆ ئەم کتێبە. هەر لەبیرمە ڕۆژێکیان دوای دەرچوونی کتێبەکە، هەر خۆی سەرپەرشتیی لە چاپ دانی کرد، بە پەرۆشەوە گوتی، بەدرەنگەوە زانیوەتی «بوریا» واتای حەسیری هەیە، ئەگەر زووتر ئەمەی زانی بایە، لە شەرحی «ڕیشەکەی پان و درێژی بۆ ڕیا خزمەت دەکات»دا ئیشارەتی دەکرد کە «بۆڕیا» بە ڕێنووسی کۆن دەشبووە «بوریا- بووریا» بە واتای حەسیر.. شاڵاڵا بەم قسەیەشم کەسم نەڕەنجاندبێ چونکە کوڕ و برا و باوک هەمیشە بە شێری یەک بێشە دانراون.

دواییین قسەم ماوە لە بارەی ئەنجومەنەوە، خوا خێری بنووسێ، هەڵەیەکی خۆمی بۆ ڕاست کردمەوە. من وام دەزانی شێخ ڕەزا گوتوویەتی:

خۆی کرد بە نێرە تورک و لێمی خورِی کیم بلیر سزی

کەچی لە ئەنجومەندا دەرکەوت کە ڕاستیی بەیتەکە ئەمەیە:

خۆی کرد بە نێرە تورک و وتی کیم بلیر سزی

من لە هیچە دوو برگەم بۆ بەیتەکە زیاد کردبوو. ئەمما دەبێ بشڵێم من دیتوومە نووسراوە «خۆی کرد بە تورک و لێمی خورِی کیم بیلیر سزی» بەحرەکەشی تەواوە. دیارە من هەر دوو شێوەم لێ تێکەڵ بوون.

له زەمینەی هەڵەی خۆمدا، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بەتەلەفۆن پێی گوتم لە نووسینێکمدا گوتوومە وشەی «ئاش» لە «ئاشیانە»دا بە واتای هێلکەیە کەچی فەرهەنگەکانی فارسی هەمووی دەڵێن «ئاش» بە واتای تەیرە. زۆرم سپاس کرد بۆ ئەم پەرۆشەی، بەڵام قسەیەکیش بۆ دز بکەم:

لەو باوەڕەدام کە دیتوومە لە کتێبێکی فارسی نوێ، لەوانەی تۆژینەوەی زاناکانی ئەوروپا لە بارەی زمانە کۆنەکانی ئێرانەوە باس دەکەن، «ئاش» لە کۆندا بە هێلکە گوتراوە، تەنانەت کە ئەمەم خوێندەوە بە بیرمدا هات وشەی «ئاش» نزیکە لە «هێک» ی کوردی و egg ی ئینگلیزی. گەڕامەوە بۆ ئەو کتێبە فارسیانەی لەبەر دەستمدان، تەنها سێیانم لێ چەنگ کەوتن.

- کارنامک اردشیر بابکان
- فرهنگ ایران باستان
- مزدیسناو ادب پارسی

چەند کتێبێکی دیکەی وەک ئەمانەم هەن، لە گوێزەگوێزی کەلوپەلی ناومااڵ و ڕاخستن و هەڵگرتنەوەی ڕایەخ کەوتوونەتە قوژبنی ئەوتۆوە بە ئاسانی نایان دۆزمەوە. لە نێوان ئەو سێ کتێبەشدا تەنها «فرهنگ ایران باستان» لە بارەی وشەی «اش» هەوە دەدوێت و دەڵێ بە واتای «خواردن» ـە و لە بنەڕەتدا لە ad ی سانسکریتی وەرگێڕاوە و خۆی سەرچاوەی eat ی ئینگلیزی و essen ی ئەڵمانییە.

لەو ڕیشەیەوە چەند وشەیەک ماوەتەوە وەک:

- «کرگس» کە بریتییە لە دوو کەرت، یەکەمیان «کەهرکە» بە واتای «تەیر»، دوەمیان «ئاسە» بە واتای «خواردن» و دەبێتە «تەیرخۆر».
- وشەی «ناشتا – بە واتای خورێن»، کوردیش دەڵێ «لە ناشتا» ئەویش لە «نا»ی نەفی و «اش»ی خواردنەوە هاتووە دەبێتە «نەخۆر، بێ خواردن».
- هەروەهاش وشەی «ئەسپەست» بە واتای «خۆراکی ئەسپ» کە ئێستاش یۆنجەی پێ دەڵێن و لە سوریانی بۆتە «پەسپەستا» و عەرەب کردوویەتیە «فصافص».

فەرهەنگەکانی فارسی وەکوو «برهان قاطع» و هی نوێتریش ئاگایان لەو تەرزە توێژینەوانە نییە چونکە کاتێک ئەوان دەردەچوون جارێ زاناکانی ئەوروپا نەکەوتبوونە سەر لێکۆلینەوە لە میژووی کۆنی ڕۆژهەاڵت، بە درەنگەوەش نووسینەکانیان بەناو ولاتانی ڕۆژهەاڵتدا بااڵوبوونەوە. بەهەمە حاڵ ئەو سێ کتێبە بەاڵی ئەوەدا ناچن کە «ئاش» بە واتای «تەیر» بێ. ئنجا دەشێ من وشەکەم لە کتێبێکی ئەوتۆییدا دیتبێت دەنا دەبێ بەسەهوو لە جیاتی «مرغ» چاوم «تخم مرغ»ی خوێندبێتەوە چونکە وەک «فرۆید» دەڵێ زۆر جار مرۆڤ شتێک دەبینێ وەیا دەبیسێ بەو جۆرە لەدڵدا پێی خۆشە..

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی هەر لەو تەلەفۆنەدا نیمچە هەڵەیەکی دیکەشمی بۆم باس کرد کە من لە گوتاری «دساتیر»دا ڕستەی «راهرا از چاھ بدانیم»م بە «ڕێگە لە زیندان بناسینەوە» تەرجەمە کردووە لە جیاتی «ڕێگە لە چاڵ بناسینەوە». هەرچەند «چاه» بە واتای زیندانیش دێت بەاڵم لێرەدا بە جیرانەتی «راھ - ڕێگە» دیارە مەبەست لە «چاھ» قۆرت و چاڵە. سپاسم بۆ مامۆستا.

«...»

سەجادی لە سەرەتای نەمریدا

«نووسەری کورد»، ژمارە 1 ی خولی سێهەم 1985

ئەم ئەرزە گێڵ گێڵ بە ئاسمانی بەریندا دەخولایەوە بەرەو هەواریٚک قورسایی تەرمی وەهبی تێدا هەست پێ کردبوو بەسەر تۆپەڵەی سەریەوە... هێشتا سووڕی تەواوی نەدابۆوە ملی کەوتە سەر سنگ لەژێر قورسایی تەرمی سەجادیدا... سالٚێکی نەبردبوو چرای دوەممان کوژایەوە... چرا نەکوژایەوە وشکایی نەوتی هات... سفتوسۆی مەرگی غەریبانەی وەهبی جارێ لە دلٚاندا کزەکزەی بوو سەجادی پشکۆی تازەی نا بە جەرگەوە... ئەرزی خۆمانە و دەیناسم: ناتوانێ بە کەللە دوو کەڵەمەیت هەڵگرێ... گەردەنی چەمایەوە و دەستی نایە ئەژنۆی... لەگەڵ خەڵقدا بۆخۆی گریا.

خۆت خۆش ئەرزی ماد و زەردەشت! لە جەزیر و بۆتانەوە بە بادینان و بابانەوە تا موکریان و ئەردەڵانت... خۆت خۆش هەموو کوردستان لە سنووری نادیارتەوە تا سنووری نادیارت... خۆت خۆش بە بەرگی سووری شەهیدەکانتەوە... بە دایکی بێرۆڵەکانتەوە... بە باوکە کۆستکەوتوەکانتەوە... بە ئاودێر و سەپانتەوە... بە ڕەنجبەر و گاوان و شوانتەوە... بە خاک و ئاو و ئاسمانتەوە...

ئەو چاوە بەئەسرینەت لە سەجادی لار بکەوە... بە زاری منەوە زمانی گلەیی لێ ببزێوە... تۆ دڵت نایەت؟ من پێی دەڵێم: چی بوویت بە بەژنی کورت و چاوی کز و عەمامەی سپیتەوە ئاگرت بەردایە وەجاغی نووسینی کوردی و پشتت تێکرد بەرەو چاڵی مەرگ. دەک ماڵی مەرگ بڕمێ... وەی خانەی دوای مەرگت... خانەی دوای مەرگت با نەشێوێ! چ بشێوێ هەموو کوردستان و فەرهەنگستانە...

دەمبیەیت؟ یان:

ئەوەندە خەفەت لە جەستە بارە
نە جێگەی بینین نە ڕێی گوفتارە

دەمبینیت؟ یان پەردەی ئەستووری مەرگ نە چاو تێی بڕ دەکات و نە چاویلکە... دەسا پەردە هەڵدەوە... پەنجەیەکت لە دامەنی چەنگاڵ بکەیت، بە سەرەتاتکە لەم دیوەی پەردەوە هەزاران سوختە و هەڤاڵی خۆت دەبینی و لە جیهانی بووندا بۆت نیوە مردوون!

بۆ دڵیان نادەیتەوە؟ گوڵمێک لە گەوهەری «ڕشتەی مرواری»ی مەرگستان، لەژێر لچکی پەردەوە بپژێنە ناو خەونیانەوە. خۆ تۆ ئێستا گەوهەرچنی نالی و ڕەزا و حاجیت! تیشکێک لە ڕووناکی نۆدێی کاکەحمەد و مەولەوی و مەولانا بە پەیکی فریشتە بۆ مریدەکانت بەرێ کەیت!

تاوێک لە گەرمەی تەقریری حەیدەرییان و جەلییان و قەرەداخییان و ڕۆژبەیانییان.. لە مصنفەوە... لە بێتووشییەوە... لە پێنجوێنییەوە بەرەو وەجاغە ساردوسڕبوویەکانەوە گەرماژۆ بکەیت!

هەڵکشێیت بەرەو شادگەی گیانی جەزیری و خانی و هەمەدانی. جۆش و خرۆشێکی مەجزووبانەیان لێ بخوازیتەوە بۆ کۆڕی ڕەشپۆشی تازییەدارەکانت!

موژدەیەکی ئاشتبوونەوەی ئیبنو ئادەم و میری ڕەواندزمان لێت دەوێ لەبری قورئانی سەر قەبرت!

ڕاز و نیازێکی بلٚێسەداری بەدرخان و شێخی پیران و خولە و قازی بە گزنگی خۆردا ئاوەژووی بەفرستانی هەواری چۆلٚت بکەیت!

لە دەشتودۆلٚە گولٚگولٚییەکانی بەهەشت «گەشتی بکەی بە پرسش و تەفتیشی خوار و ژوور» قارەمانی لەبیرکراومان بدۆزیتەوە و فرمێسکی خەفەت و کەسەری فەرامۆشبوونی بهۆنێتەوە بە «ڕشتەی مرواری» و لاگیرەی کیژی بێباوان!

بۆ ناکەیت؟ خۆ تۆ بە زمانی هەموان دوایت و لەگەڵ هەموان ئاشنایت! پەنجا ساڵە بێتەلی هەستت خەبەری مردوان بۆ زیندوان سەرقەبر دەکاتەوە. لەوەتەی بیر دەکەمەوە خامەت بێنوبەرامەی مەرگستانی بلیمەتی کورد لەڕووی کوردەواری دەپژێنێت و بە زیندووکردنەوەیان تینێکی نوێ لە گیانی زیندوان دەگێڕێت.

بۆ ناکەیت؟ خۆ ئێمە لێت بێنیاز نین.
چاومان لە ڕێتە... ئومێدمان پێتە دوای کۆچیشت تیشک و پڕشنگ لە پەردەی خەیاڵمان جیلوەبەست بکەیت... کۆتر و پەپوولە و بولبول لە پەلکەزێڕینەی شەبەنگی گیانتەوە بە پانایی و بەرزایی ئاسۆی کوردستانی مەرگتێگەڕاو هەڵفڕێنیت!

بۆ ناکەیت؟ خۆ دەستی زۆردارت ناگاتێ بتگێڕێتەوە لە دەفەزەنیی ئاڵقەی ئەو ڕوحپەرانەی وەک خۆت گەرمەتەریقی ڕاستی و چاکەن. جەردەی فکر و ئازادی و ئاشتی دووربەدووری لە دۆزەخی ئەهریمەنەوە تێوەت ڕادەمێنن بای بەهەشتی بن باڵ و شاپەڕت بۆیان دەبێ بە دەرمانی کوێری...

نە جندرمە و نە چاوسوورکەرەوە و نە خەفەکەر و نەفەسبڕی حکوومەتستانی سەرزەمین هیچیان دەست بە قەمچی ناگەنە تازە دنیای گەلاوێژ و مێژووی ئەدەبی دیوی قەبرەکەت... تۆ بەسەر باڵی فریشتە و پەرییەوە پەروازی گیانپاکانە لە گوڵگەشتی کوردستان دەکەیت و تریفە و بریسکەی شاپەڕی ژەنگار بە دەورتەوە دەبێتە ترسولەرزی کۆمەڵەی نوختەی تەفتیش و عەسکەری «کوا هەوییەکەت»... ڕەهایت لە ترس و تەما، بێنیازیت لە نیازبەخشان، پەردەش هەڵستاوە لە نێوان دڵەکەت و کۆش و باوەشی ئەو دایکەی باری نالەبار لێتی دەشاردەوە... دەستێکی بخە گەردن و تێر تێر لە کەوسەری بخۆوە... لە زەڵم و بێخاڵی مەلە بکە... بچۆوە بۆ لای سەرچنار و:

بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین
شادبن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی طاهیر ئەو طەهوور

خۆ تۆ لە چامەی نالی و سالمەوە شیرمژی ئەو سەرچاوەیەیت تا ئەوەی شیری دایک لە ڕۆڵەی حەڵاڵ بووبێ هەر بایی ئەوەیە کە سەرچنار بۆ تۆ حەڵاڵە... تاقگە نییە لە کوردستان لە چاوی تۆوە هەڵنەڕژابێ بۆ حاڵی کورد... هەڤاڵی چل و ئەوەندە ساڵەم!

تۆش ئۆغرت کرد بۆ دواین قۆناغی چوون... گەیشتیتە ئەو مەڵبەندەی کەس لێی ناگەڕێتەوە... ئێستە وایت لە کۆچخانەی ئەبەد... بە نۆرە یەک لە دوای یەک ئێمەیش تاڵەشەربەتی گیانەڵا دەنۆشین و چۆڕبڕی دەکەین، لە تروکەیەکی چاودا نێوانی ئەزەل و ئەبەد دەپێچینەوە بۆ نەبوونستان... لە ئێمە بەدواوە نامزەدانی مەرگ لە منداڵدانی عەدەمەوە بۆ دنیاکەی کاروانسەرا ڕەنگ دەخلیسکێن و لێی دەردەچن... دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ژیان دەتکێتە ناو هیچگەی برانەوە... نە دڵۆپی ژیان دەوەستێ و نە دەفری مردن پڕ دەبێ، هاوار بەمانم!

ئەرێ براڵە! مامۆستاکەم! چ باسە لەو خامۆشەواڕە؟ ئەو خەڵقە چالاکەی بەرتیشکی ڕۆژ کە لێرە تێکیان دەهاویشت و کۆڕی ئاشتی و شەڕیان لە مەیدانی جەنگ و لە بازاڕی مامەڵەت دەبەست، ئێستە چی دەکەن لەو تاریکەمەنییە؟ بە چ زمانێک دەدوێن؟ چۆن تێک دەگەن؟ تۆ خۆت کە لێرە کۆتری ئاشتی و ڕاستی بوویت چ بازاڕێکی کڕیارت هەیە بۆ چنینی تانوپۆیەک لەو قوماشە؟ بۆت دەلوێ گیانە لێکتۆراوەکانی سەر زەمین بکەیت بە هاوڕێی تەباوڕەبای ژێر زەمین؟کەس گوێی لێتە ئەفسوونی شیعریان لێ بخوێنیت؟ کەس کاری پێتە بە ئیکسیری ئەفین گەشەداری بکەیتەوە؟ بۆت سازدەدرێ ڕیزی نوێژکەران لە پەرستگەی ڕەنگ و ڕووناکی، لە دواتەوە کرنووش ببەن بۆ نرخە زلەکانی ڕاستی و داد و شەرەف؟

هەر ساتێک و هەر کاتێک دڵت لەو نشینگە تازەیەت تۆزا، سڵت لە نوێژکەر و گۆیدەر و پەنابەری بن نوای قەبرستان کردەوە، بادەوە بۆ مەینەتخانەی پاش کۆچت و لەنوێ ڕایبزێنەوە بە چراغانی هاتنەوەت لە حەج... بە هەموو عومرت دڵم لێت نەیەشاوە، دڵی کەست لێ نەڕەنجاوە، ئەمجارەش وەفا بەوەعدە بکە و دڵم مەشکێنە: بگەڕێوە بۆ ماڵ و مزگەوت و

کتێب و دەرویشەکانت. دڵنیابە! کەس بە مردووی دانەناویت... تۆ لە مردن گەورەتری... مردن بە شاقەلێکی کەوا ئاودامەنەکەشت ناگات... ناتوانێ وەک تۆز لە پێڵاوەکت بنیشێ... کە دەمگوت مردوویت لە پەرۆشی خێری ئەو فاتیحایانەم بوو بۆت بەڕێ دەکران... مردنی تۆ بەندە بە مردنی وشە و ئەدەب و ڕۆشنایی و ئەو خاکە و ئەو خەڵقەی مردنیان بۆ نییە... کورد و کوردستان هەر زیندوون تۆش لە نێوەندی دڵیاندا...

تۆ لەم دەمەڕا ژینی بێبڕانەوە و هەبوونی بێکۆتایی بەسەر دەبەیت.

«...»

ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر

گۆڤاری کاروان، ژمارە 33، ساڵی 1985، لاپەڕە 5-11

دەمێکی لە مێژەوەیە خوولیای «ڕەمزی نەوازی» لە گەڵمدا دەژیت و خووتکەی هەستی ڕوح پەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ. خوولیا ساڵە و ساڵ لە دڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنیوە و باڵەوباڵ بە پێپلیکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێهەڵکشی، خوولیای نرخاندن و سەنگاندن، بەرەبەرە، لێم بوو بە هەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە. بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پرشنگدار لە زیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵبێنێ؟ خۆ پەنجە چیلکە نین قەڵەم و گۆڤاریش کلچووک و کفنی بەڵەک نین بە هەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لە گۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەر چاو و دڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن!! دوو ساڵ دەبێ بریاری پیرۆزم بە دڵی خۆمدا هێنا کە تۆز لە وێنەی ئەم خۆبەخت کردووە بتەکێنم و ڕیسی جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشی لێ دارنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بە دیاری دووەم لە خۆیەوە بۆ زیندووان: شاباشی یەکەمی لە ئاهەنگی میللەتپەرستندا گیانی بوو، شاباشی دووبارەی لە زەماوەندی بیرەوەریەکەیدا ئەم دراویلکانەن وا لە ورشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بە نووکی خامە بەرەو تۆمارخانەی مێژوو بە بەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە. قۆڵ و باسکی پەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بە مەرەکەب داشت و لە مەزرای کاغەزم گیرساند. وەک خەتە جووتی جووتیاری کورد کە بەسەر خاکی پاکی زەویەکانی کوردستانەوە وەردی ڕەش دەدەنەوە بە پیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران منیش بە نووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت لە دوا خەتی هاتوچۆی مێشک بە ناو تان و پۆی ڕایەڵەی کارەساتی قوربانی دانی ڕەمزی نافیع ڕۆڵەی نازدار و شەرەفداری شاری هەولێر لە پێناو تیکڕای میللەتی کورددا کە هەمووی لە تەرازووی بەراورد و هەڵسەنگاندندا هەر هەژاری دانەوێڵە و تروسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە لەوەتەی زەقەی چاوی لە پێڵووی شڵەقاوی مێژوودا هاتووە.

دەست و قەڵەم کە گەرم ڕاهاتن لە نووسین دەکەونە برشت : «خومخانەی خەیاڵی ئەرجومەندی ـ حاجی قادر» لە گۆبەندی یادکردنەوەی ڕەمزیدا، پەیتا پەیتا، لەجیاتی مەرەکەب بژێوی شەرابی بە خامەم دەبەخشی و منیش پێوە سەرگەرم دەبووم و «هەیپێ» م لە نووسین دەکرد: چرای گەشی چیهرەی ڕەمزی «شەمعی موتاڵا ـ نالی» م بوو.

جارێ، وەکوو ئێستاکە، لە سەرەتاکانی پێشەکیەکەدا هاتوچۆی ئەمسەر و ئەوسەری کاغەزم بە قەڵەم دەکرد، لە وتوویژدا، دۆستی ڕێزلێگیراووم د. کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بە ئەڵمانی لە لایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدا بوو بە قوربانی دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە، کە بۆ نیازێکی سەر بە باسی مێژووی کوردەوە دەردەستی کرد بوو. هەر کە ئەمەم زانی لە نووسین وەستام. ناشێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ کە پڕ بێ لە باسی ڕەمزی. د. کەمال کتێبەکەی بۆ هێنام لەگەڵ چەند لاپەڕەیەک لە پاڵاوتەی کورتەی کتێبەکە، لە لایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی. ویستم پتر لەم کتێبە سوودمەند ببم بە تەرجەمەیەکی بین دریژتر. بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د. فەوزی ڕەشید ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی پێکرا بە قسە باسی ناوەڕۆکەکەیم بۆ بکات چونکە دەرفەتی تەرجەمەی بە نووسینەوە نەبوو. لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردار و گێڕانەوەکەی د. فەوزی نەختێک جوداوازی هەبوو کە بە من نەدەکرا تێیدا بەریوان بم. ئەم تەگەرەیەش وەستاندمی. ڕەنگە ساڵێک، زۆرتر کەمتر بەسەر وازهێنانم لە نووسیندا تێپەڕی بێ بە دیار پەیدابوونی خێرەومەندێکی ئەڵمانیزان و دۆست و خاوەن دەرفەت تەگەرە بچووکەکەم بۆ بڕەوێنێتەوە، بە داخەوە چەندێکی هەوڵم دا و برادەری نزیکیشم هەوڵی بۆ دام بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتم، تا ئەوەی هەستم کرد کە شەرم و خۆداشکانەوە لە ئاست گیانی ڕەمزی چی دیکەم خاڵەبەخش ناکات. بۆیە بوو وا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بەر نیگای خوێنەرەوە هاتمەوە سەر باری نووسین هەمیشەش ئاگاداری ئەوە دەبم شتێک نەیەتە ناو نووسینەوە لەگەڵ ڕاستییەکی شرایەوەدا نەگونجێ. چی باسی دەکەم جێی دڵنیایی خوێنەرە، شتێکی لەوانە بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا ڕێک نەیەت، تا پێم بکرێ، خۆمی لێ لا دەدەم، ئەوەی کاریشمان پێیەوە هەبێ لەو بەسەرهاتەی پێوەندیدار بێ بە ڕەمزییەوە، وەکوو خەتێکی ڕۆشن ڕێگە بۆ سەر مەبەست دەردەکات. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆش کراوە لەوانەی بە

کوردەوە خەریک بوون، سەرگورشتەیەکی خۆشیشە لە گۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم لێی دێت نەختێک تەڕایی ببەخشێ بە دەماغی خوێنەر کە وشک بۆتەوە بە زوربەی ئەو نووسینە وشکین و بڕینگێنەی خۆ بە مل حاڵوباری ڕۆشنبیریماندا دەدەن. بەر لە 1300 ساڵ پتر پێغەمبەر د.خ فەرموویەتی «روحوا القلوب ساعة بعد ساعة...» ناوناوە دڵتان بحەسیننەوە... ڕاستییەکەی، لە دەستم هاتبایە سەرلەبەری کتێبەکەم بە کوردی یان بە زمانێکی ئاشنا لەبەر گوێی کورد بڵاودەکردەوە هەر دەشبێ ڕۆژەک لە ڕۆژان بکرێ...

ئەم کتێبە ساڵی 1959 لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا، لە ژێر سەر ناوی In brenneden Orient لە لایەن گتفرید یۆهانس مولەر- ەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. واتای عینوانەکە بە عەرەبی «فی الشرق الملتهب» ی لێ دراوەتەوە لە لایەن مامۆستا سەردارەوە، ئنجا خوینەر با دەقێکی کوردی بۆ پەسەند بکات وەک: لە ڕۆژهەڵاتی هەڵایساو ـ بڵێسەدار ـ ئاگرتیبەربووی ـ بڵێساوی... یان هەرچی دیکەی لەبارتر بێ.

مولەر لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکوو ئەڵمانییێکی بە پەرۆش بۆ میللەتەکەی لە جەنگی دووەمدا بیر لە پلانێک دەکاتەوە یارمەتی وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن. لە کولانەی پێویستی ئەڵمانیا بە نەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشتر گەشتێکی تێدا کردبوو، لە بەشێکی گەشتەکەیدا بە یارمەتی شێخ مەحموود گەرانێکیشی لە کوردستاندا کردبوو. لە ساڵی 1943 نەخشەی پلانێک بۆ سەرکردایەتی جەنگی ڕایخی سێیەم دەنێرێ لە بارەی چۆنیەتی سوود دیتن لە نەوتی عێراق بەهۆی کوردی عێراقنشینەوە. وەک خۆی دەڵێ، دوای حەفتەیەک فەرمان لە سەرکردایەتی سپا دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پێداویستی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی، زوو بە زوو تاقمێک لە دۆستانی ڕێک دەیەخێ بۆ تێهەڵچوون لەو پلانە بەڵام دەمێنیتەوە تەگەرەی هەرە گەورە بڕەوێتەوە. دەبێ کوردێکی وریای ئازا و دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن لەگەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ. بە بیری دێتەوە، پێشتر لە 1942، بە ڕێکەوت و لابەلایی لە شاری ئەستەنبوولْ شناسایی لەگەڵ «ڕەمزی نافیع» دا پەیدا دەکات کە کوردێکی هەولێری و لە بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتە. گورج دێتەوە بۆ ئەستەنبوولْ و بەهۆی عێراقییەکی سەر بە «مخابرات» ی ئەڵمانیاوە بە دوا «ڕەمزی نافیع» دا دەنێرێ. ڕەمزی بێوەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی دەکات و بە پێشنیازی مولەر ڕازی دەبێ کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بە یارمەتی ئەڵمانیا، لە ئەنجامدا کورد بە مافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لە نەوتی عێراق بەرخوردار بێ. (ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 بەرەو نیازی گەییشتن بە نەوت ڕۆیی کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچی لە ئینگلیز کرد و ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتی دانی کەوتنە خۆیان بەڵام ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سپای عێراق. م. م) مولەر دەگێڕێتەوە، ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا، لەوێ لەگەڵ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا خەریکی ڕاهاتن بە چەتربازی و خستنە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بە زووییی تێیاندا ماهیر دەبێ.

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە مولەر و دوو پسپۆڕی دیکەی ئەڵمان لەگەڵ ڕەمزی بە فڕۆکە بەرەو کوردستان بێن و لە شەودا بە پەرەشووت دابەزن و پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە ببەستن. بە پێی گێڕانەوەی د. فەوزی ژووان ئەوە بووە لە دووراییی 130 کیلۆمەتر لە ڕۆژاوای شاری ورمێ (رضائیه) بەسەر سنووری عێراقەوە لە شوێنێکدا دابەزن. نووسینەکەی مامۆستا سەرداریش دەڵێ دەبوو لە دووراییی 200 کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دابەزن، دیارە مەبەست ڕۆژهەڵاتی مووسڵە.

فڕۆکەیەک لە ئەڵمانیاوە دەیانهێنێ بۆ قرم، لەوێوە بە ڕێگەی ئاسماندا بەرەو ئامانج دێن. هەر لەو دەمەدا کە بە زاهیر نزیکی جێ ژووان دەبنەوە و فڕۆکەوانەکە چەند سووڕێک بە دەوری شارێکی کارەباگەشدا دەدات، مولەر دەکەوێتە گومانەوە، فڕۆکەوان لەجیاتی جێ ژووان لە ڕۆژاوای مووسڵ هەڵیان دەدات. ڕەمزی بە پرسین دەزانێ جێی دابەزینیان کوێیە و چ خزمایەتی لەگەڵ ئامانجی ئەواندا نییە. مووڵەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لە ئەڵمانیاوە بە ئینگلیزەکان فرۆشرا بوو. بۆی دەردەکەوێ کە ناحەزەکانی لە ئەڵمانیادا هەروەکوو لە سەرەتاوە وێستیان تەگەرە بیەخنە پلانەکەیەوە، دواتریش کە نەیتوانی بیوەستێنن بە دوژمنیان فرۆشت.

بەهەمە حاڵ بەرەو کوردستان مل دەنێن و بە مووسڵدا تێ دەپەڕن و لە زێی بادینان دەپەڕنەوە و بەرەو هەرێمی هەولێر کە لەوێوە بگەنە شاخەکان لەو ڕەتبوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن کە لە ئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا

هێنابوویان... سەر ئەنجام لە دێیەکی بنەماڵەی ڕەمزی خۆیان حەشار دەدەن بۆ دەرفەتێک... پۆلیسیش بە دوایاندا دەگەڕێ. ڕەمزی بۆ سۆراغی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕزگاربوون لە ئەڵمانەکان دوور دەکەوێتەوە، لەو ماوەیەدا خەبەری حاڵ و شوێنیان بە حکومەت دەگات و دەردەست دەکرێن. ڕەمزیش دواتر لە خزمی خۆیەوە تەسلیم بە حکومەت دەبێ. لە سەرەتاوە بۆ حەپسخانەی مووسڵ لەوێوەش بۆ بەغدا بەڕێ دەکرێن. سەرەنجامیان دەگاتە حەپسخانەی «مزە» لە قاهرەی میسر. دوای لێدان و ئەشکەنجە ڕەمزی لە بەغدا موحاکەمە دەکرێت و بە 20 ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام بەهۆی ئازاردانەوە تێک دەچێت. دوای بەسەر بردنی دوو ساڵ لە بەندیخانە بە نامەی «نەخۆشیەکی کە لێ دەربازبوونی بۆ نییە» عەفوو دەکرێت و هەر بەو دەردەی کە لە ئازاردانەوە دووچاری بووبوو دوای دوو ساڵی دیکە لە تەمەنی 30 ساڵیدا گیان دەسپێرێت.

لەماوەی حەپسبوونیدا، بە دوا ئەویشەوە کە بەڕەڵا دەکرێ خزم و کەس و دۆستەکانی هەمیشە بە دەوریەوە دەبن و بەدەم دڵراگرتن و خزمەتکردنیەوە لەبارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش لەوبارە نالەبارەی نەفسیدا کەمتاکورتێکی لێدەگێڕێتەوە بۆیان، پێشیان دەڵێ بەخێر کە چاک بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە.

حیکایەتی ئەو هێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا و حەپسبوون و بەڕەڵاکردن و مردنی لە سەرچاوەیەکی جودا لە کتێبەکەوە دێت چونکە کابرای ئەڵمان لە وردیاتی ئەم لایەنە بێئاگایە. بۆ وەدەستهێنانی خەبەراتی ئەو قۆناغە پڕ سفتوسۆیەی سەرگورشتەی ڕەمزی پرسم لە خزمەکانی کرد لەوانیشەوە چەند لاپەرەیەکم باس و خواس لەو بارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچاوەکان بوون بە سێ. هەرچەند جوداوازی لە نێوان وردیاتی ئەو سەرچاوانەدا هەشبێ، هەموویان شایەدی دان بۆ مەردایەتی ڕەمزی یەک دەگرنەوە، هەر ئەمەیشە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە و لەگەڵ چارەنووس و سەرەنجامی ڕەمزیشدا ڕێک دێت. ئەو لاپەڕانە، دوای نەختێک لێ کورتکردنەوە بەم جۆرە دەدوێن:

ڕەمزی لە ساڵی 1917 لە هەولێر پێ دەنێتە دونیاوە. لە ساڵی 1947 هەر لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات. لە ساڵی 1939 بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمەریکایی لە بێروت و لەوێ پلەی «فریشمان» تێدەپەڕێنێ. بەدوا ئەودا لە ساڵی 1942 دەچێتە «ڕۆبەرت کۆلێج» لە ئەستەنبوواڵ. لەوێ پەیوەندی بە د. کامران بەدرخانەوە پەیدا دەکات. ڕەمزی ئەندامێکی پارتی «هیوا» بووە و لە کوردایەتیدا دەستی هەبووە. لەم کولانەوە بەڕێ نموونی کامران بەگ لەگەڵ ئازادیخوازانی کوردی تورکیادا تێکەڵی پەیدا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بزووتنەوەیەکی گشتیی کورد. ساڵێک لەو مەیدانەدا چالاک بووە و یەکێکی لەوانەی پێوەندی پێیانەوە دەبەستێ «نووری مستەفا بابۆلی» بووە. کاربەدەستانی تورک هەست بە چالاکی ڕەمزی دەکەن و نیازیان بووە بیگرن و بیگێڕنەوە بۆ عێراق، ئەویش بە یارمەتی کامران بەگ پەنا دەبرێتە بەر باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانی بۆ ڕێک دەیەخەن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانەکان لە نەمسا بە نامەی ئەوەی کە سکرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتەختی بولغاریا (من بەرپرسیار نیم لە چۆنیەتی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرە و پەیدابوونی موستەشاری ئەڵمانەکانی نەمسا لە تورکیا و غافڵبوونی تورکەکان لەوەدا کە بە دوا کاتەوە سکرتێرێکی تازە بۆ موستەشار پەیدا دەبێ ئەمانە لە نووسینی خزمەکانی ڕەمزییەوە بە من گەییشتووە دەرفەتیشم نەبووە تویژینەوەی تێدا بکەم. م. م) لە سۆفیا کوردی شەریف شەرەف ـ ئەو شەریف شەرەفەی لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی بوو بە وصی لە بەغدا ـ کە دەبینێ ئەڵمانەکان وەها بە ڕژدی لەگەڵ ڕەمزی خەریکن لێی داوا دەکا یارمەتیەکی بدات بۆ ڕەپێشخستنی حاڵوباری لای ئەڵمانەکان... (ئەم خەبەرە لابەلاییە ڕووڵنکەرەوەیە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەکان و دەخلی بەسەر شتێکی دیکەوە نییە. م. م) دوای ئەوەی ئەڵمانەکان دڵنیا دەبن لەوەدا کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێوڕێیە لە ولاتی خۆی و کوردێکی پاکە، نە جاسووس و نە مفتەخۆرە، لە کۆتایی ساڵی 1942 دا دەینێرین بۆ بەرلین، ئەوسا حکومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێک خستبوو لە گەنجانی ئەڵمان، یەکێکیان بۆ پێوەندی بەستن بە ئازادیخوازانی خەلیجی عەرەبی، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ ئازادیخوازانی کورد (دیارە ئەم خەبەرە لە ڕەمزییەوە بە خزمەکانی گەییشتوە. م. م) ئیتر ڕەمزی پێوەندی بە مێجەر مولەرەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی سێ مانگ خۆی و تاقمەکەی خەریکی گرد و کۆیی دەبن. لەو دەمانەدا کابرایەک لە تورکیا بە وەکالەتی ڕەمزی ئەو پارە و پوولێکی لە عێراقەوە بۆی دەچێت وەری دەگرێت و بە ناوی کوردستانەوە بە

صەلیبی سووری دەبەخشێت ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێ ئەڵمانەکان بە نهێنی دۆستایەتییان لەگەڵ سوارغای سەرەک عشیرەتی بڵباس لە بێتوێنی سەر بە قەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمزی مەشقی بەکارهێنانی چەکی نوێی ئەوسا و ڕاهاتن بە ڕۆییشتن لە چۆڵی و شاردنەوەی ئەو شتانەی لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانە دەکات. لە مارشال کاتیل بەڵێن وەردەگرێ بەهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادیخوازانی کورد بەرانبەر بە نەوت، هەر لە بنکەی سەرکردایەتی ئەویشدا خۆی و هاوڕێیە ئەڵمانەکانی کە بریتی بوون لە مولەر و هوفمان و کۆنیچین ـ بەئەسڵ پۆڵۆنی ـ سوێند دەخۆن. ڕەمزی بە ئالای کوردستان ئەوانیش بە سوێندی ڕەسمی خۆیان، کە خیانەت لەگەڵ یەکدیدا نەکەن و هەردوو لا بەڵێن بگەیەننە جێ ئەم کارەش بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کورد و هاتنی یارمەتی پێویست لە ئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێ لە هەمان کاتدا ڕێگەی یارمەتی هێزەکانیان وەیا چەک و ئازووقەی دەوڵەتە سوێندخوارەکان کە لە ڕۆژاواوە بۆ ڕووسەکان دەچێت دەبەسترێ.

لە سەرەتاکانی هاوینی 1943 ئەم کۆمەڵەی چوار کەسی بە فڕۆکەوە لە ئەڵمانیاوە دێن بۆ قرم لەوێشەوە فڕینێکی شەوانە لە دەوروبەری 23 ی تەموز دەکەن بۆ عێراق بە نیازی ئەوەی لە بیتوێن بە چەتر دابەزن کەچی فڕۆکەوان لە نێوان موصل و دهۆک دایان دەبەزێنێ بۆ سەر زەوی (بیتوێن لەگەڵ ئەو قسەیەی کە بڵێ دەبوو لە دووراییی 200 کیلۆمەترەوە دوور لە موصل دابەزن ڕێک دێت چونکە لە موصلەوە بۆ بیتوێن نزیکی 200 کیلۆمەتر مەودا هەیە، جێگاکەش مەڵبەندی دەسەڵاتی سواراغا بوو. م. م) لەو شوێنەدا چی کەرەستە و پارەی زیاد و چەکێکی لەگەڵیاندا بوو بەجێ دەمینێ خۆیان دێن تا لە قەیاغی گوێر بەرەو قەزای مەخموور، لیوای هەولێر، دەپەڕنەوە. (پەڕینەوەیان لە گوێرەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێ کە بڵێ لە ڕۆژاوای مووسڵ دابەزیون نەک لە نیوان دهۆک و مووسڵ چونکە دهۆک خۆی لەبەری ڕۆژهەڵاتی دەجلەیە، زۆریش دوورە لە گوێر، بێلزوومیش لە شاخەکانیان دوور دەیەخێتەوە. م. م) شەو لە دێی تەرجان (بەری مەخموور) دەبن، لەوێوە بە سواری ولاغ دێن تاکوو لە دمەو بەیاندا دەگەنە هەولێر. لە باغەکەی پشت ماڵی «عطاء الله ئاغا» ی مامی ڕەمزی خۆیان پەنهان دەکەن بۆ جلک گۆڕین و لەوێوە بە ڕەفاقەتی ئامۆزایەکی «خورشید» دەچنە دێی بنەسڵاوە کە لە دووراییی سێ سەعات ڕێ بە سواری لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر کەوتووە. ڕۆژی دیکە دەچن بۆ دێی بیۆکە بە نیازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا و بەوێدا بگەڕێنەوە بۆ ئەڵمانیا چونکە ئاشکرابوونیان هەموو ڕێگەیەکی سەرکەوتنی پلانەکەیان لێ دەبەستێ، بە تایبەتی کە هەرچی کەرەستە و پارە و چەکێکی بۆ شۆڕش پێویست بوو لە کیسیان چوو بوو. ڕێکەوت وەها دەبێ قاچاغچییەکی ئەو دەوروبەرەی بیۆکە دەیانبینێ کە خۆی کونەفلووسەیی بووە، حکومەتیش 1000 دیناری پاداش دانابوو بۆ کەسێک خەبەر لەو کۆمەڵە بدات، کابرای کونەفلووسەییش خەبەرەکەی لە ڕێی جوولەکەیەکەوە بە حکومەت ڕاگەیاند. لە پێشەوە سێ ئەڵمانەکە دەگیرێن. ڕەمزی لەو دەمەدا لەگەڵیان نابێ. حکومەت باوک و مامەکانی ڕەمزی دەگرێت. مامێکی، نورالدین ئاغا، بە ئیزنی حکومەت دەچێ بە سۆراغیەوە و لێی داوا دەکا خۆی تەسلیم بکات و خزمەکانی پێوە ڕزگار بن ڕەمزی ویستبووی خۆی بکوژێت بەڵام مامی تەمای ژیانی لەبەر دەنێت و دەیهێنێتە سەر تەسلیمبوون (خزمانی هیچ هەوڵێک نەما نەیدەن بۆ ڕزگاربوونی ڕەمزی، ڕەنگە هەر ئەو هەوڵەش بووبێ لە ئیعدامی ڕزگار کردبێ) لەوە بەولاوە دەیاننێرن بۆ مووسڵ و بەغدا و قاهیرە، لە قاهیرەوە ڕەمزی دەنێردرێتەوە بۆ بەغدا و بە دوا موحاکەمەدا 20 سالّ حوکم دەدرێ... ئنجا نەساغی و تێکچوون و مەرگ...

من چەند جاران لە ڕێکەوتدا ڕەمزیم دیتووە. ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لە یادکردنەوەوە دێتەوە بەرچاوم، لە قژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەرلێوانی کە وەکوو شکۆفەی گوڵ هەمیشە لێی چەسپ بوو، لە وڕێنەشدا خەیاڵی نەدەبردمەوە بۆ چەتربازی و گیانبازی، بە پێوانەی ئەو ڕۆژگارە ڕەمزی گەنجێکی خواپێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هێوا لە دەستدا بوو. لەلایەن پێداویستی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکار بێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەڵییەوە بوو. نیازێک نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات. هەتا خەیاڵی چرووک بە دڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێڕی بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆک لە ویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بە دەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن لە ڕەمزییەوە وەک زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن. ڕێک کەوتنی بێ دەسەڵاتانەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاک و گەورە پاکتر بوو لە ڕێکەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر

چونکه ڕەمزی بۆ تاکە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی میللەتەکەی دەکۆشا، لەوەشدا ڕێی هەموارتر نەدەکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێ لایەنی وەکوو هۆڵەندە و بەلچیکا و دانیمارک... بەر لە ڕەمزیش خەڵقی دیکە هەبوون بە ئومێدی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئینگیلز و فرەنسای ئیمپێریالیست مەیلیان چووبێ بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا. بە هەمە حاڵ میللەتان کە لە مەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێگەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان، ئنجا ئەگەر میللەتێک هەبێ عەیارەیەکی دیکە لە نرخاندندا بەکاربهێنێ هەڵەی کوشندە دەکات، خۆ ئەگەر میللەتێکی دیکە وەتەنگ هات لە عەیارەی بەرژەوەندی ڕاستینە و پاکی ئەو میللەتە دیارە هۆی وەتەنگهێنانی دەچێتەوە بۆ چەوتی و نادروستیی عەیارەی خۆی. کوردێکی دەستی کۆتا بێ لە دراوسێکانی، بزەیی داگیرکەریشی بۆ نەبزوێ چۆن گلەیی لێ دەکرێ هانا بباتە بەر هەرچییەک بێ کە بۆرە ئومێدێکی پێ ببەخشێ بۆ ڕزگاربوون لە زیللەت و کوێرەوەری ئەو حکومەتانەی ئەوسا لە خەباتی یەکێکی وەکو ڕەمزی دەترسان لە نێوان خۆیاندا «میثاق سعداباد» یان بەستبوو کە یەکێک لە ئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوتکردنی خەباتی میللەتی کورد بوو. حاجی قادر بە خۆڕایی بەر لە صەد ساڵ نەیگوت:

گەر هیچ نەبێ بە ئۆیین تابیع بە دەوڵەتێ بن

لەو ساڵەی 1943دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شک بردبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردە کراوی، خۆی لە باوەشی گەرم و گوڕی باوک و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە بە گیان کردن، بۆ ڕێی هاتێک و دە جاران نەهات. ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی ، یان بۆ هەر نیاز و تەماو مەبەستێک بێ، بە پێلیژەی هەوادا، لە شەوی تاریک، سەرەژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لە ترسی سەکەتبوون و ملشکان و مەرگ.

بنەماڵەی ڕەمزی کە ئێستا لە هەولێر بە «حاجی ڕەشیداغا» هەڵدەدرێتەوە لە سەرەتاوە تا دوایی ناحەزی ئینگلیزەکان بوون. جگە لەم هەستە کۆنەی دژایەتی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز، تەجرەبەی خۆیان و تێکڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوسادا بەرانبەر کورد کە پێوەندی بە ئارەزو و بەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەبوو، بەناچاری گەنجی وەکوو «ڕەمزی» ی دەبردەوە بۆ لای دڕدۆنگی لەو سیاسەتە. لەم ڕوەوە چ سەیر و سەمەرە لەوەدا نییە گەنجێکی ئەوسای کورد ڕێگایەکی خەبات بگرێتە بەر پشت لە ئینگلیز بێت، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەرمالّی وەکوو باوکم پاتەوپات گوتبووی:

سووری موو زەردی چاوشین نەکەی بە ئومیدی بی

بەڵێ لەوەدا سەیر هاتنەوە پەیدا نییە بەڵام سەیرلەوەدایە یەکێکی وەکوو ڕەمزی زیاد لەو هەموو خەڵق و خوایە خۆ بە مل شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لە مەرگ نزیک بکاتەوە. ئەگەر ئاگری کوردایەتی مێشکۆڵەی ناو ئێسکەکانی نەسووتاندبایە ئەو گوڕەی پێ نەدەبەست کە یەکەم هەنگاوی بە «مل لە چەقۆ» خشاندن دەست پێ بکات، چونکە بە ڕاستی خۆهەڵدان بە چەتر لە تاریکایی شەودا مل لە چەقۆخشاندنە. تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لە بەرەنگاربوونی ئامانجی وەها سەخت و دووڕە دەست بە دڵاندا دێت یان نا، هەر لەوە تێبفکرە، ئایا چەند کەسی تێروتەسەل ئامادە بوو لە جیاتی ڕەمزی بەو فرۆکە لە قریمەوە بە شەو ڕوو لە بیتوێن وەیا هەرێمی ورمێ بکات و لەوێ بە پەڕەشووت خۆی فرێ بدات بۆ ئەوەی کە بەسەلامەتی گەییشتە سەر زەوی بیکەن بە وەزیر؟ لەوەدا ملشکان و کوژران و تێداچوونم کردە خاترانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانەیەکی لە ڕەمزی بەداوێوە بکرێ.

لە لایەن درەختی خانەوادەییەوە، ڕەمزی کوڕی نافیعاغای حاجی ڕەشیداغای یەحیاغای عەبدولوەهاباغای ئەحمەداغای حارساغایە، لە عەشیرەتی مەموندی، ناوچەی مەموندی بناری چیای سپیلک نزیکی دێی سیساوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقلاوە و ڕەواندزەوە لە سەردەمی حارساغا، یان باوکی ئەو کە ناوی بۆم ڕوون نەکرایەوە، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بە خاوەن ملک و ماڵ و دیوەخانە هەر وەک لە شوێنی خۆیاندا خاوەن ملک و دیوەخانە بوون. ڕەمزی لە لای دایکەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقلاوە، کە وەک بزانم، خوارزای میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی موستەفا بەگ

بووە. بەمەدا دیارە ڕەمزی بە ڕیشە و دەمار لە جەرگەی کوردەواریيەوە سەری هەڵداوە، وەک بشزانم ڕەمزی هەرچەند بە اصطلاح، لە ناز و نیعمەتدا پەروەردەی هەولێر بوو، لە لایەن ڕەوشت و تەبیات و ڕەفتارەوە دەماری گیانی عەشرەت و دەشتودەری بەهێزتر بووە.

خوێنەری کوردی بەڕێز!

چی لەم ڕووپەڕانەدا هاتە بەر نیگات بایی ئەوە بوو قەرزی ئەدەبی سەرشانمی پێ بدەمەوە بە کورد و مێژوو. نەخشەکێشانی ئەو ژیانە کورتە ناکامە جوانەمەرگانەی ڕەمزی و دۆزینەوەی هەستە قووڵەکانی و باسی سەر جوملەی کۆشان و لەخۆبووردن و ڕەفتار و کرداری کارێکە دەبێ لە دەمی وەرگێڕانی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. لەم هەڵوەستەمدا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە بڵێم: ڕەمزی! ڕۆڵەی بە شەرەفی کورد و هەولێر! نامەوێ لە بیرەوەریتدا چەتری فیزوناز بە قەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم، پێی ناوێ بۆ شەهیدان شێوەن و گرین... بە هەموو ماناوە شاگوڵیک بوویت لە باغی کوردایەتیدا، بەر لە پشکوتن هەڵوەریت... ئاواتێک بە ناکامی لە کیس نیشتمانت چوویت... بزەیەک بوویت، لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە ڕەنجی بەفیرۆ ڕۆییشتووت... وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت... وای لە بێ ڕەحمی ڕۆژگار بە تەنینەوەی فەرامۆشی لە دەوری پرشنگی ناو و خەباتت!

بڵێم حەسامەوە بە ڕزگاربوون لە شەرمەزاری بەرانبەر یادت؟ جارێ ماومە بۆ خۆم و لە جیاتی میللەتیش بەرباری قەرزت بم. هەزاران هەزار فرمێسکی بە کوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، نازداری کورد و هەولێر ڕەمزی گیان!

ڕوونکردنەوەیەک

لە ساڵێک زیاترە بە هەویا بووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێک لەگەڵ مامۆستا د. ئاوڕەحمان عەبدوڵڵا بکەم بۆ تۆمارکردنی ئەو هێندە ئاگادارییەی کە لە بارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزییەوە پێی گەییشتوە. لەو ساڵەی 1943، د. ئاوڕەحمان «ضابط احتیاط» بووە لە «حامیە» ی هەولێر. ڕووداوی دەستگیربوون و حەپسکردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لەبەرپرسیاری پۆلیسی هەولێر بە دریژی بیستبوو، زۆر شایەدیی بایەخداریشی دەماودەم پێگەییشتبوو لە ئەڵمانەکانەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتیی ڕەمزی. داخم ناچێ، لە ماوەی ساڵێکدا ڕێک نەکەوت ئەو دووانە لەگەڵ شایەدی وەها چاوساغ و ڕاستگۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەڕانی بێسوودم بە دوا ئەڵمانیزانێکی ئەوتۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ نەبێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی ڕەزاگران. تکای کوردانەم لە دۆستی بەڕێزم د. ئاوڕەحمان ئەوەیە چی دەیزانیت، یان چی بە بیردا دێتەوە لە بەسەرهاتی ڕەمزی بە نووسین بیپارێزێت، ئاخر بە ساڵدا چوونیش دەماری فەرامۆشکردن لە مرۆڤدا ئەستوورتر دەکات. وا لێرەشدا بە نیازی هاندان ئەو شایەدیەی لێ دەدەم تاکوو ئەمانەتەکە پشتگوێ نەخات و لە فۆتانی چەپارە بدات.

«...»

میرزا حاجی کەریمی ئاسنگر سەربازێکی بێناو

کاروان، ژمارە 49، ساڵی 1986

بەدڵێکی نائارامەوە دەڵێم، لەوانەیە گوتەی «بەختوتالع بۆی هەیە» بێنێکی ڕاستبوونی پێوەبێ. لەوەبگەڕێ کە زۆر کەسی کەمزان بێ ماندووبوون و دەردی سەر، چ لە ڕێی میراتەوە بێ و چ لە ڕێی ڕێکەوتی یانەسیب و پارە دۆزینەوە بێ، تێروتەسەل و حەسایەوە، بەسەر دەبات و ژیانێکی مزرۆکە ڕادەبوێرێ. لە دەرەوەی مەیدانی پوول و پارەش کەسانی وەها هەن ناو لە خەسڵەتی چاکەی وەکوو سەخاوەت و ئازایی و دڵسۆزی دەردەکەن چەند جاران لێیان زیادە. بەرەو ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرەوە بێیت دەبینی شاباشی «ئافەرین، ئافەرین زارخۆش..» بۆ بەرپێی مرۆی ئەوتۆوە هەڵدەدرێ مەگەر هەر خۆی بزانێ بەرگێکی چەند پان و درێژ لەبەر لەشی کورت و باریکی دەکەن. ڕاستییەکەی، قسە قسە دەهێنێ، مەسەلەی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی لێهاتوویی بووەتە خزم خزمێنە وەکوو کابرای عەرەبی سەربە «مسیلمة الکذاب» کە گوتی: خۆ دەزانم پێغەمبەرەکەمان درۆزنە بەڵام هی خۆمانە.

ئەم لایەنانە لە ژیانماندا وەک لە ژیانی گەلانی دیکەی پاشکەوتووی جیهاندا، تا بڵێی بە تاڵی لەگەروودا دەچێتە خوارێ بەڵام لە چاو تامە زەهراوییەکەی بەختوتاڵع و خزم خزمینە و لایەنگیری لە مەیدانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا تاڵایی ئەو لایەنانە بەرەو شیرینی دەچێتەوە چونکە خۆ نەناسکردنی گشتی لە پاکترین هەستی دەروون کە کوردایەتییە تا ئەوەی خاوەن ماف ئیفلاس بکات و بێمافیش نازوفیز لێ بدات، ئێسکە ماسییە و بە گەروودا ناچێت، هەزاران خۆبەختکردووی ڕێی ئازادی ناویان لە ڕووپەڕەی بوونەوەردا دەسڕێتەوە. هەزاران لەو هەزارانە هەر لە سەرەتاوە بێناو بوون و بە بێ ناویش چوونە ژێر خاک، نە کەس ناسینی و نە کەس فرمێسکێکی بۆ هەڵڕشتن و نە کەس فاتیحەیەکی نابەدڵیشی بەدوادا هەناردن، کەچی دایکی جەمال و مریەم خان لەوانەن سبەی ڕۆژ پەیکەریان بۆ داتاشرێ یان فێرگە و هۆڵی مۆسیقایان بەناوەوە بکرێ. قوربەسەریان ئەگەر نیشتمانپەروەر دەبوون، دەڕووتانەوە چونکە بەر لە هەموو شتێک دەبوو واز لەو کەسبە بهێنن کەوا هەرچەند لەگەڵ نیشتمانپەروەریدا ڕێک ناکەوێ هەر خۆیەتی ناویان بۆ نزیک ئەستێرەکان بەرز دەکاتەوە... لێیان پیرۆز بێ.

تالعوبەخت بۆی هەبێ و نەبێ، ئەگەر ئێمە باری سازگار نەڕەخسێنین زۆر بەختی ڕێوجێ ناگەشێنەوە. دەبینیت نووسەرێک دێت و موژدەی دۆزینەوەی شاعیرییەتێکی بێناومان دەداتێ. مالّت ئاوا کاکی نووسەر، دیوەخانەی ئەدەبی کوردیت بە تازە میوانێکی سەر سفرەی ئەدەب گەرمتر کرد. کەچی شرمبرمێک لە شیعرەکان دەخوێنیتەوە ناگا بە خلّت و خاشی شیعری شاعیرێکی پلەی سێیەم و بەرەژێرتریش.

حەماسەتی دوای ڕاپەڕینەکەی 1948 کە «وثبە»ی پێ گوترا زمانەی دەکێشا. شاعیر کووچە و مەیدانەکانیان پڕ کردبوو. نرکەی سینگ و گەرووی هوتاف کێشان بوو. شەڕە چەپەڵۆک بوو. بینبڕکێی چوونە پێشەوە بوو، هەرایەک بوو خوا بەخۆی بزانێ، چ پشکی کوردیش لەو بەرژەوەندەدا نەبوو کە هەرای بۆ دەکرا، بەرژەوەندەکەش نەهاتە دی. تازە برین و گەرماوگەرم پارچە هەڵبەستێکی ئەو ڕۆژەیان بۆ خوێندمەوە هەتا بڵێی قەڵب و بێنرخ... گوتم منیش دەزانم شیعری وەها چرووک و بێئارایشیت هەڵبەستم، فەرموون گوێ بگرن:

دەڕۆم نازانم دنیا زۆر سەیرە
کۆترەباریکە و پەنیری مەیرە

دڵشاد ڕەسوڵی لێم بەدەنگ هات و گوتی. فلّان غەدرە لە شیعرەکەی خۆت چونکە هەر نەبێ بە «تصوف» واتای بۆ پەیدا دەکرێ. کۆترە باریکەی باڵندەی هێلکەکەر گۆشتیشی ناخورێ. ئاژەڵی بێچوولەبەر شیرەکەشی دەبێتە خۆراک بە ماست و پەنیر و ژاژی و کەشک. ئا ئەمەتە گەورەیی و شکۆی پەروەردگار حەقتە سەرت لێی سوڕ بمێنێ و دنیات بەلاوە سەیر بێ. دڵشاد، خوا لێی خۆش بێ لێم نەگەڕا دەنا منیش دەبوومە شاعیر...

دووکەڵی شەختەی سەر خڕی گەرم
زەق زەق دەپێکی گاسنی نەرم
ئحم سەد ئحم ئاقار بە ئاقار
ئەژماری داری بەختی سەر تەختی نەنکی ئیستیعمار
بمرێ مار و هار

ئینجا ئەگەر خوێنەر لێم بپرسێ ئەم قسە تێک هەڵشێلانە چ پێوەندیی بە میرزای حاجی کەریمەوە هەیە، پێی دەڵێمەوە میرزاش لە فەرامۆشبوونیدا بەر هەڵشێلانێکی ئەوتۆیی کەوتووە. لە دابەشکردنی ناو و شۆرەتی مێرخاسیدا بە تێکهەڵدایی و بێ سەروبەری و نالەباریی سەرخەرمان و بنخەرمان چووە هەگبەی کەسانێکەوە کە زۆریان ئەوەندە پاداشەیان بەسە لێیان بێدەنگ بیت.

میرزای حاجی کەریم یەکێکە لەوانەی پشکی لە بەرەکەتی خزمخزمێنە نەبوو. زۆر عەجایبم هات کە بیستم خزمانی پێیان خۆش بوو بەڵێنم داوە لەسەری بنووسم، دەرکەوت هەقیشم بوو چونکە کەسیان وەڵامی هیچ یەکێک لەو پرسیارانەیان نەداوە کە بە عادەت ڕوو لە نووسەر دەکەن. لە چ بنەماڵەیێکە؟ هی لای باوکی و لای دایکی؟ کەی هاتە دنیا؟ منداڵییەکەی؟ خوێندنی؟ ژیانی وەزیفەی؟ کەی بوو بەئەندامی پارتی؟ لەو ڕۆژەوە کە داوام لێ کردن ئەو هەواڵانەم پێ ڕابگەیەنن تا ئەمڕۆکە 27/5/1986 دوو سێ مانگ تێپەڕیوە، لەو ڕۆژەی بەڵێنەکەشم تێدا بڵاو کردەوە تا ئەو ڕۆژەی تەکلیفم لێ کردن نزیکی دوو مانگ تێپەڕی بوو، ڕەنگە هێندەی دیکەش تێبپەڕێت و هیچ شتێکم لەبارەی میرزاوە پێ نەگەیەنن. ناچارم پشت بە ئاگاداریی خۆم دەبەستم و چی دەزانم ئەوە دەنووسم. ئەوی دەشیزانم لە جیرانەتی و هاوڕێیی و هاومەشرەبی و بەردەوامبوونی برادەرایەتی و ئەو جۆرە پێوەندییانەوە دێت. مەگەر بەسەهوو دەنا ڕێی بەهەڵەداچوونم زۆر فرەوان نییە، سەهووش بکەم لە بابەتی بنەمایی و بایەخدار نایکەم.

وەک بزانم بنەماڵەی ئەو مرۆیە چەند پشتێک لەمەوبەر لە لادێوە هاتوونەتە کۆێ. بەپێی دەماری دۆستایەتی و هاتوچۆ ڕەنگە لە دێی «الا الله ئیللەڵڵا»وە ڕایان گوێستبێ. نازناوێکی «چێڵێ»یان لەگەڵدا هاتووە، پێ دەچێ لە پاش ماوەی لادێیی بۆیان مابێتەوە کە ماوەیەک لە شار چێڵیان بەخێوکردبێ. ئەم نازناوە دەمێکە لە بیران چووەتەوە چونکە چینی تازە و چینە مزاشەکەی پێشتریش لە باریٚکدا نەمان بە گەرموگوڕی ئاوڕ لە ڕەچەڵەک و بنەچەک و کەی و کوێی خۆیان بدەنەوە. بەزۆری خەریک بوون بە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەی سیاسەت و تەنگوچەڵەمەی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژگار. ئێستا کە گەنجێکی کورد پشتاوپشتی لینین و ماو باشتر دەزانێ لە هی خۆی.

حاجی کەریم، باوکی میرزا، جیرانێکی نزیکمان بوو، لە گۆشەیەکی سەربانێکمانەوە بۆ بانی ماڵی ئەو دە مەترێک دووڕایی هەبوو، لە دەرگەشمانەوە بۆ دەرگەی ماڵەکەی لە چل مەتری تێ نەدەپەڕاند. حاجی کەریم و سۆفی نەشئەتی برای و تاهیری حەمەلاڵی برای لە دایکڕا، بەدرێژایی ژیانی باوکم لە هەموو دانیشتنێکی ماڵەوەی یان لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد بەشداریان دەکرد هەتا مەجلیسەکە بڵاوەی لێ دەکرد. حاجی کەریم ئاسنگر بوو. لەلایەن ئاکارەوە پیاوی وەها شەرم بەخۆ و دیندار و ڕاست بەدەگمەن پەیدا دەبێ. لە هیچ کەس نەبیستراوە ئەم خواناسە پێی بەخواری دانابێ. دەنگێکی بەسۆزی هەبوو، لە قامەتی پێشنوێژ و لە تەنزیلەی موناسەبەی دینیدا ئەو سۆزەی سەرنجی خەڵقی ڕادەکێشا. چەند ساڵێک دوای باوکم ژیا بەڵام ساڵی مردنیم لەبیر نییە. بنەماڵەی حاجی کەریم هیچ پێوەندیی بە ئاغا و پیاوی دنیاییەوە نەبوو.

دایکی میرزا کچی حاجی حەمە ڕۆمی بوو. من منداڵ بووم ئەم مام حاجییە کۆچی دوایی کرد. ماڵەکەی لە مزگەوتی کۆنە جومعە و ماڵی جەمیلاغاوە نزیک بوو، لە ماڵی ئێمەش دوور نەبوو بەڵام نوێژی لەو مزگەوتە دەکرد، وەک بزانم دیواریان بەین بوو. کوڕە گەورەکەی فەقێ تەها، خاڵی میرزا، جلدرووێەکی بەرچاوی کۆێ بوو، وەکیل خەرجی باوکیشم بوو لەو کەمتاکورتە داهاتەی ناوشار کە بە میرات مابۆوە بۆی. فەقێ تەها بێ پرس و دەرگە لێدان دەهاتە ژوورەوی

مالّمان، هەموو جارێکیش باوکم بۆ سەفەری هەولێر لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. هەموو هاوینێکیش دەهاتە چنارۆک چەند حەفتە لای باوکم دەمایەوە... فەقێ تەهاش دەنگخۆش و شارەزای گوتنی کوردی بوو. جارێکیان لە بن سوولی پاشای چنارۆک تەخمیسێکی ئەدیبی بەسەر غەزەلێکی تاهیربەگەوە خوێندەوە سەرەتاکەی دەڵێ:

سەرفی عومرم کرد چوو ڕەممالان بە زەوج و فەردەوە

بەڵام وشەی «ڕەممالان- رمالان»ی بە هەڵە وەرگرتبوو بووبووەوە «زەممارا‌ن» یاخود «زەممالان». من شلک بووم تێی نەگەیشتم و بۆم ڕاست نەکرایەوە، خۆیشی هەروەها بۆی نەچوو. ڕام کردە لای باوکم، ئەو بۆی ڕاست کردینەوە بە «ڕەممالان» و واتاکەی تێ گەیاندین: تەمەنی خۆم وەک ڕەملگرەوە بە تاک و جووت سەرف کرد. وەستا تەها تا دوو ساڵێکیش دوای شۆڕشی 1958 ژیا.

سۆزی دەنگی حاجی کەریم و سازگاریی دەنگی وەستا تەها بە جووتە لە دەنگی میرزادا دیاریان دابۆوە. بەڵام جارێ زووە بۆ باسی ئەم لایەنە.

میرزا بە دوو سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو هەرچەند ناتوانم ساڵی لەدایکبوونی بپێکم. لەلایەن بەشداریکردنی گەمەی منداڵانی گەڕەک، میرزا بەهۆی دوکانی باوکییەوە بە زۆری پاش بەسەرچوونی خوێندنی ڕۆژانەی سەراسۆیی کەسبی باوکی دەکرد بێ ئەوەی شاگردی بێت، لەشیشی بەبەرییەوە نەبوو تەقڵ و شەقڵی یارییە قورسەکان هەڵگرێت. زۆر جاران دوای ڕۆژئاوا یان لە ماڵی ئەوان یان ماڵی ئێمە تۆڵەی عەسرانمان دەکردەوە بە یاریی ناو خانە نەک هی گۆڕەپانان... هەروەک عەسران نەدەهاتە یاریی ئەوانەی وەکو خواجەڕۆیێ (خوازەڵێ) و زرینگ زرینگ تاوە و بەردەگەرمۆکێ کە لە کووچەی بەردەکی ماڵەکەیان بەرپامان دەکرد. لە سەیرانی بەهارانیش بەشدار نەدەبوو، نەشمدیت لەگەڵ کەس بەشەڕ بێت، تەبیاتی بەرەو هێمنی و ئارامییەوە بوو لەگەڵ لاوازییەکەی ڕێک دەهات.

دەڵێن مانگەشەو سەر لە ئێوارانەوە دیارە. ئەم گوتەیە ئەگەر لە ئاست مانگی حەڤدە و هەژدە شەوی ڕاستیش نەبێ، منداڵییەکەی میرزا لە هێمای بەرەو دوارۆژی ڕاستگۆ بوو. لەلایەن دەنگخۆشییەوە کە گەیشتە تەمەنی 16-15 ساڵی بە بەر دەنگییەوە هەبوو بیکاتە گۆرانیبێژێکی پەنجەنیشان. دەنگێکی پڕی مەخمەڵیی بیندرێژی سەرەژوور چووی بە لەرەولەرزەی سازگاری هەبوو لە تایپی دەنگی تاهیر تۆفیق، فەرید ئەلئەترەش، عەبدولوەهاب بەڵام هی میرزا ئەگەر لەلایەن پسپۆڕانەوە مشتومااڵ درابایە و ڕاهێنرابایە بەرەو ئۆپەراللییەوە دەچوو. هەتا بەرزی دەکردەوە لە پانایی و ئەستووراییی کورتی نەدەهێنا و باریک نەدەبووەوە.

لە تەمەنی 18-17 ساڵی بوو، سبەینەیەک پێش بەرچایی بەیەکەوە لە بن داروبارەکانی کانی خاتوونی چنارۆک بووین. دنیایەکی گەش و فێنکایەتییەکی بەهەشتی و کزەبایەکی عاشقانە و دڵ و دەروونێکی ئاسوودە لەو دەمەدا دەنگی بە میرزا هەڵبری و گۆرانییە مەشوورەکەی ئاوسای «يا لوعتي»ی عەبدولوەهابی بە ئاگرۆچکە لە دەروونییەوە دەرهێنا و بەسەر ئەو باغ و مەزرایەدا شەپۆلی پێ دا. کە گەیشت «ومن قلبي طاوعته ورحت بايس ايديه» سۆزێکی ئەوەندە خەست لە دەنگی گەڕا ئاوی لە چاوی من و خۆیشی هێنا. پشوویەکی کورتی دا ئەمجا گۆرانییەکەی بۆ تەواو کرا. دوای چەند ساڵێک لێی پرسیم: توخوا ئەو سبەینەیەی خاتوونی چنارۆک «يا لەوعەتي»یەکەم لە عەبدولوەهاب باشتر نەگوت؟ دەسا ئەشەدوبیللا باشتری گوت. لە دانیشتنی برادەرانەدا ئەگەر دەنگی هەڵێنابایە گۆرانیی کوردیی دەگوت. لە چ دەنگخۆشێکم نەبیست «وەک قومری سەربااڵم شینە»ی بەکوڵ دەربڕیبێ وەک کە لە دەنگی میرزادا ئاورینگی گەرمایی و سۆزی دەدایەوە. بەڵام بەو هەموو دەنگە خۆشەیەوە حەزی نەدەکرد ناو بە گۆرانیبێژییەوە دەربکات، هێندەش خۆی لێ دەپاراست کە کەس بەڕاشکاوی داوای گۆرانی گوتنی لێ نەکات. وەک کە بەسەرنجی دواکاتەوە لێی ورد دەبمەوە، ئەم تەبیاتەشی دەچووەوە بۆ مەیلە بنەڕەتییەکەی دژی خۆنیشاندان و دەرکەوتن و ناووشۆرەت، حەزی لە ڕابواردنی بێهەرای خاڵی لە ئەرکی ناووشۆرەت بوو. دواتر بۆ ئەم خاڵە دێمەوە.

له هێماکانی منداڵییەوەی ئەوە بوو کە لاشەڕ بوو. نە بە منداڵی و نە لە گەورەییدا، نەمدیت بە دەمەقاڵ بێت یان لە موناقەشەدا سوور هەڵگەڕێ. ئەم لاشەڕییەی و مەیلی سەلامەتی، وێڕای خەسڵەتێکی دیکەی کە هەر ئێستا دەیگەمێ، لە سەرەتاوە ڕاڕەوی ژیان و گوزەران و بەسەربردنی دواڕۆژی بۆ ڕەنگڕێژ کرد. لە هیچ پلەیەکی تەمەن و قۆناغێکی دواتریدا نەکەوتە سەر زۆرەملێ لەگەڵ ئەم و ئەودا بۆ تەمای بەرەوپێشچوون و فرەکردنی ڕزق و ڕۆژی و دەسەڵات گرتنەدەست. هەر چونکە ڕازی بوو بەو قسمەتەی بۆی هەڵکەوتووە بێ ئەوەی کەسی تێدا مەغدوور کرابێ بۆیەش بوو بە توندی، بەڵکوو بە پەرۆشەوە، لەسەر مافی ڕەوای خۆی دەکردەوە. ئەگەر لەوەدا سەریش نەکەوتایە پەشیمان نەدەبووەوە و خەفەتی نوێی لە سەرنەکەوتن نەدەخوارد، قەتیش لە سەرنەکەوتندا ئەو پەندەی بەکار نەهێنا کە دەڵێ: دەستێکی نەتوانم ببڕم ماچی دەکەم. دەستەکەشی پێ نەدەبڕدرا و ماچیشی نەدەکرد. لە نموونەی مافپارێزیی ئەو مرۆیە ڕووداوێکی کورتیلەی لێ دەگێڕمەوە. لە سییەکاندا من بە مێوانەتی لە ماڵی مەلا ئەفەندی قوتابیی فێرگەی ناوەندیی هەولێر بووم، میرزا کاتبی دادگەی کۆیە بوو. ڕۆژێک، سەر لە سبەینە، کۆییەکی دیکە کە لە دووڕەوڵاتان کاتبی دادگا بوو فەرمانی ڕاگوێزرانی خۆی بۆ کۆیێ و هی میرزا بۆ شوێنەکەی ئەو دەخاتە سەر مێز و بە فیزێکەوە پێی دەڵێ: هەڵستە لەسەر کورسییەکەت، بووەتە هی من. میرزا هەر ئەو ڕۆژە هاتە هەولێر... بردمە خزمەت مەلا ئەفەندی، نامەیەکی سفارشی لێ وەگرت بۆ کاربەدەستێکی گەورەی بەغدایێ (وابزانم وەزیری عەدل). لە سێ ڕۆژاندا بە خۆی و ئیلغای فەرمانی پێشووی گەڕایەوە کۆیە و هەر لە دەوامی ڕۆژی سێیەمدا (یان چوارەمدا) فەرمانی نوێی خستەوە سەر هەمان مێزی (کە ماڵی باوکی کەس نییە) بە ئاراداوێژی ئاخافتنەکەی بەر لە چوار ڕۆژان پێی گوتەوە: هەڵستە لەسەر کورسییەکەت... هەر لە بیرمە کە مەلا ئەفەندی گوێی لە ناوەکەی میرزا بوو بە زەردەیەکەوە فەرمووی: کوڕم چما ئەتوو عەجەمی؟ میرزا گوتی: جەنابی ئەفەندی خەریکم بکەومە شک دەنا ئەگەر عەجەم نەبم لۆ نەقلم دەکەن.

خەسڵەتەکەی دیکەی کە تەواوکەری لاشەڕییەکەی بوو بریتی بوو لەوەی کە لە زووێکەوە خۆی ناسی (چەند دەخوا و چەند دەبەزی). پلەی زەکای خوێندنی فێرگەی ناونجی بوو، هێزی ماسوولکەکانی لە مامناوەنجیش بەرەوژێر بوو. لە دەسەڵاتی دنیایی ئەوەندەی هەبوو کە خانەوادەیەکی شارستان بە ناموسپارێزی و ڕێزی خۆڕاگرتن و سنوور نەبەزاندن پەرژینی سەلامەتی بە دەوری خۆیەوە دەتەنێ. بە کورتی، موعادەلەی کۆمەڵایەتی و باری کەسایەتیی سروشتکرد لە میرزادا سازابوون و لەنگەرێکی بەستبوویان لەق نەبوو. ئەمەیش کە من دەیزانم و لەگەڵ خۆمدا وردبوونەوەم تێدا کردووە یەکجار یاریدەی میرزایان دا کە هەنگاوەکانی لە هەڵسوکەوتی ژیاندا مەحکەم بن و بەملاوبەولایدا نەبەن. بەدرێژایی وەزیفەبینینی شتێکی نەکرد ناچار بێ بەشاردنەوەی. هەرگیز بەرتیلی وەرنەگرت و پارەی لە کەس قبووڵ نەکرد لە جارێک بەولاوە کە ئەویش ناوی بەرتیل هەڵناگرێ. کە کاتب بوو لە دادگەی کۆیێ تۆجارێک دەعوای هەبوون لێیان بەپەلە بوو. میرزا بە خۆمی گوت کە دوای دەوام، عەسران، دەچووەوە بۆ دایەرە بەنیازی ڕاپەڕاندنی شکلیاتی دەعواکان و بەس. گوتی خۆ خزمەتکاری بابی مام حاجی نیم، لە دەوامدا دریغ ناکەم لە فەرمانم، دوای دەوام ئەرکی بێمزە هەڵناگرم ئەو ئیشەم بە پارەی ئۆڤەرتایم بۆ مام حاجی کرد. دەستیشی خۆش بێ.

گوتم دواتر دەگەڕێمەوە بۆ خەسڵەتی حەزنەکردنی لە ناووشۆرەت. چی تازە نووسیم هێماکانی سەرەتای ژیانی تێمان دەگەیەنێ کە مرۆی ئەوتۆیی لە کۆڕی سیاسەت و خەباتیشدا تیژڕۆ نەبێ. میرزا نموونەی واقیعبینی و بایەخناسیی ناو بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بوو. هەروەک شارەزای خۆی بوو (چەند دەخوا و...) هێندەش بە ڕوونی دەیدیت و دەیزانی، خۆ ماندووکردن بە شتی ناومکین لە هەر مەیدانێک بێ کارێکی نەزۆکە. دەیزانی، چاکیشی دەزانی خەیاڵبازی و منداڵبازاڕی و قوتەقوتی سینگدەرپەڕێنان و نەڕەنەڕی ژێر دروشمی وڕێنەکرد هەمووی هەر تەلەزگەبەستنە بۆ ناو هیچە. کە ئەمە باوەڕی بوو لێشی ڕوون بوو نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر و تێکڕای سیاسییان ڕێی واقیعییەتیان لە خۆیان کوێر کردووەتەوە تا ئەوەی یەکێکی بە مومکین ڕازی بێ ڕووت دەبێتەوە. لەمەوە میرزا یەکجارەکی دەماری چوونەڕیزی پێشەوەی سیاسەتی لە دڵی خۆی دەرکێشابوو. بە زۆرەملێش نەیدەسەلماند بکرێ بە چاوساغی بچووکترین تاقمی خەباتکەران. ئەم باوەڕە و تەبیاتی لەسەرەخۆیی هەمیشە لە ڕیزی هەرە پشتەوەی حیزبایەتیدا میرزای شاردەوە.

میرزا دوو ساڵێک بەر لە من قوتابخانەی سەرەتایی کۆیەی تێپەڕاند. تا من دەرچووم و دوو ساڵانیش دوای دەرچوونم ئینجا چووم بۆ ناوەندیی هەولێر، ئەو خوێندنی ناتەواوی هەولێری جێ هێشتبوو بۆ قوتابخانەیەکی کەممەسرەفی کەمماوە لە بەغدا. بەردەوام نەبوونیشی لە هەولێر هەر دەچێتەوە بۆ بنەمای خۆناسین و توانای بیندرێژی و کورتی لە پلە دوا پلەی ناوەندی و سانەوی و... شەڕی بە خۆی نەفرۆشت و خێرا سەلماندنی ئەم سەفەرە درێژەی خوێندنی سەرلەبەر و سەرتاسەر قاچ و قولێکی درشتتری دەوێ لە هی ئەو کە بە منداڵیش سێ بازی پێ نەکردبوو. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندنی کۆیەی بوو بە قوتابیی «دارالعلوم»ی «ئەعزەمییە»ی بەغدا. نە خۆی و نە هاوڕێکانی کوڕی ئەو مەیدانە نەبوون بەڵام تەمای ژیانی داخلی و مەسرەف گێرانەوە، کە ئەوسا بە زەحمەت پەیدا دەکرا، بۆ ئەو شوێنە ناجۆرە دژبابەتەی بردن. ساڵەهای دواتر گاڵتەی بە سەر و مێزەر و جبەی بەر خۆی و قوتابییەکانی دیکە دەکرد و نوکتەی لەسەر دەهێنایەوە کە خۆیشی دەگرتەوە.

هاوینی 1935 لە کەرکووکم دیتەوە بە کاتبی (وابزانم دادگە). ئەو یەکدی دیتنەوەمان لە حەدبەدەر خۆش بوو. لەگەڵ ئەودا بۆ یەکەم جار چوومە سینەما کە پێشتر هەر ناویم بیستبوو. هەر شەوە بۆ فیلمێکی دەبردم، یەکیان میسری ئەوی دیکە ئەمەریکایی. لە پاش دەوامەوە هەتا کاتی نووستن لەگەڵمدا دەبوو. زۆری پێ نەچوو خۆی نەقڵ کرد بۆ دادگەی کۆیێ بە کاتبی بەردەستی حاکم. بەینێک گوێزرایەوە بۆ ڕانیە و قەڵادزە. ئەو ماوەیە کە لە قەڵادزە و پژدەر بوو دوو یادگاری لەبیرنەکراوی پێ بەخشی. یەکیان نوکتە و قسە خۆشەکانی حاجی ساڵحاغای پێماڵک، ئەوی دیکەشیان ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەی کەسنەبیستوو کە بۆ کچێکی هێرۆیی ڕەخسابوو، چ تەفسیری عیلمی و نیمچە عیلمیش ڕێی پێ نابات. من ئەم ڕووداوەم لە زۆر کەسی دیکەش بیست دەبوو لێشی بکۆڵرێتەوە بەڵام لێرەدا مەودا نییە تەنانەت ناویشی بهێنم چونکە بە ئەفسانەی باوکی ئەفسانان دەژمێردرێ..

وەهام لە بیرە کە جەنگی دووەم بەرپابوو جارێ لە ڕانیە بوو. ئەو ساڵانەی چلەکان و پاش چلەکان زۆر جێگەی بە میرزا کرد هەمووش بە کاتبایەتیی دادگە. لە دەمی جەنگدا کە هیتلەر بە شێوەیەکی پەرەسەندوو لەلایەن ئاپۆرەی گوێگرانی رادیۆی بەرلین و «یونس بەحری»یەوە بۆ ئاسمان بەرز دەکرایەوە، میرزا بە تەبیات دژی دیکتاتۆرایەتی بوو تا بشڵێی هیتلەری دەدزا، زۆریشی پێ ناخۆش بوو کە وەستا تەهای خاڵی بە دڵ شەیدای هیتلەر بوو. بە بۆرە تەئویلان خەتایەکەی دەبردەوە بۆ تەجرەبەیەکی تاڵی خاڵی لە ئەزیەتێکی کە لە دەست ئینگلیزەکانی چێشتبوو. میرزا خزمی خۆی بە زیادەوە دەویست.

دەنگ و سەدای جەنگ و شکۆفەکردنی بیری نوێ لە سیاسەت و خەستبوونی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران بەپێکهاتنی کۆماری مەهاباد بوون بە هاندەری میرزا بەرەو ساغبوونەوە بۆ کوردایەتی و تێدا قاڵبوونەوە، ئەویش بەو جۆرە هێمنە واقیعبینەی کە دەمێک بوو لە میرزادا دەژیا.

هاتنەوەی بەلای کوردایەتیدا چ پێوەندیی بە دەماری چینایەتییەوەی نەبوو ئەگەرنا دەبوو چینپەروەر بێ نەک قەومپەروە، هەزاران هەزاری لەو تێروتەسەلتر (کە کاتبێکی دادگە بوو) لە کوردستانەکە و عیراقەکە و دەرەوەی عیراقەکەشمان، پاش جەنگی دووەم و سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت بەسەر ئەڵمانیادا، بە گورجی و گەرمی و چالاکی چوونە باوەشی فەلسەفەی سەر بە چینەوە. زۆربەی کوردپەروەریش لە کولانەی ئەو فەلسەفەیەوە لە چارەنووسی کورد ڕادەما. هەرچی میرزا بوو، بێ ئەوەی شیروتیر لە کەس هەڵگرێ و هەناسەسواریی پێوە دیاربێ کوردێکی بێتەئویل بوو، دەشیا بە باوەڕی دوای شەڕی دووەمییەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا کوردایەتیی کردبایە.

هەرگیزاوهەرگیز لێم نەدیت و لێم بەبیست تاکە یەک داوی کڵاڤەی کوردایەتی بە هیچ فەلسەفەیەکی غەیری کوردایەتی ببەستێتەوە. بەرژەوەندیی گەلی کوردی بەلاوە بەند بوو بە گەلی کورد خۆیەوە نەک بە پیوریتانیزمی نەشمیلەی ناو نەزەریانەوە کەوا لێی چاوەڕوان نەدەکردن ئاشقی چاوی ڕەشی کوردی بێدەسەڵات بن. هەموو خاوەن نەزەرییەک قسەی لووس و لێک و شیرینی بێ ئەرک و مەسرەف دەبەشێتەوە کە دەکا چش.

گەلێک جار و سەدان بار لە ماوەی پتر لە سی ساڵ هاوڕێیی دوای تەمەن و تەجرەبەی هۆش بە دنیا شکانمان، بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەکەی 1948، لەگەڵ میرزادا بەیەکەوە بزووتنەوەی کوردایەتی و چینایەتی و سیاسەتی دەوڵەتە (چەپی و ڕاستی)یەکانمان داوەتە بەر هەڵسەنگاندن و لێتۆژینەوە و بەر تاقیکردنەوەوە. میرزا لەو باوەڕەدا بوو، منیش هەروەها، کە کوردایەتییەکی نیگافرەوان و دوور لە وڕێنەی ڕەگەزپەرستی، سەرەڕای ئەوەی کە شەقامەڕێگایەکە کوردی هەست بە دنیا و بەخۆکردووی بەرەو چارەنووس و مافی قەومایەتی تێڕا دەڕوات، هەموو ئەو داد و چاکە و بەرژەوەندەشی تێدایە کە دەشێ لە هەر فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستدا هەبێت، ئینجا بە زیادیشەوە ئەو چاکەیە دەخاتەوە سەر چاکەی فەلسەفەکان کە هەر بەدواداچوونی ڕێچکۆڵەی کوردایەتی بە دەست کورد دەکەوێت. کوردێکی خاوێن لە ڕێی هۆشی فرەوانییەوە دنیای خۆش دەوێت بەڵام ئەوەندە خۆشویستنە گشتییە هەر بایی ئەوەی لێقەوماوێکی ژاپۆنی سوودی لێ دەبینێت کوردیش سوومەند دەکات. دەبێ کوردی خاوێن بەکردەوە لە وێنەی تایبەتیدا کوردی خۆش بوێت، پەرۆشیشی بۆ تێکڕای ئادەمیزاد وەک پەرۆشی تێکڕای ئادەمیزاد بێ بۆ کورد. ئینجا ئەگەر گوترا کورد هیچی بەبەرەوە نییە لە دوورەوە میللەتان بۆی بە پەرۆش بن یان لەسەری بەدەنگ بێن ئەوسا هەر بە جارێ کورد ڕزگار دەبێ لە پەرۆشخواردن بۆ غەیر چونکە کە لێی نەوەشێتەوە چاکەی لەگەڵدا بکرێ دیارە لێشی هەڵناستێ لە کولەمەرگی و کوێرەوەریی خۆیدا بە غەیرەوە خەریک بێت. من کە ناساغ بووم و پێت گوتم: تۆ ئەوە ناهێنیت خزمەت بکرێیت، تازە بە هیچ مەزهەبان ڕێت نامێنێ داوای خزمەتم لێ بکەیت.

میرزا لە ڕوانگەی ئەوتۆییەوە سەیری بزووتنەوەی کوردایەتیی دەکرد و بزووتنەوەی دیکەشی پێ تاقی دەکردەوە. ڕای ئەوە بوو دەیگوت، من کە کوردایەتی بکەم دەبێ من هەژاری کوردم بەلاوە مەبەستتر و خۆشەویستتر بێ نەک یەکێکی دیکە. لە ڕێی فەلسەفەوە پەرۆش و هەوڵی ئەو تەرزە کەسە کەم دەبێتەوە وەک ئەوەی کە دایکێک هەموو منداڵی دنیای بە قەدەر یەک خۆشویستن ناتوانێ شەونخوونی بۆ منداڵی خۆی بکات چونکە دیارە پێی ناکرێ شەونخوونی بۆ منداڵی هەموو دنیا بکات.

میرزا چەندێکی لە دەرسی قوتابخانە مامناوەنجی بوو لەوەی پێی دەڵێن common sense هەستیار و زیرەک و نیگا بەرین بوو. هۆشی بە ڕامیاریی ناوەوە و دەرەوە و نێو میللەتان دەشکا. زۆر بە ئاسایی و ڕاشکاوی و ئاسانی دەیزانی فەرقی نێوان سیاسەتی ڕووکەشەی دەوڵەتێک لەگەڵ سیاسەتی ڕاستەقینەدا چەند گەورەیە. هەروەک بڕوای نەبوو بەو شتانەی لە شێوەی پڕۆپاگەندەدا بە دنیادا بڵاو دەکرێنەوە هەروەهاش لە شێوەی بەدیهییەدا دەیزانی هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ لە قسە خۆشە سەرزارەکییەکانیدا ڕاست بکات. دەوڵەت نییە بتوانێ بەیەک لایی بەخشندە بێ، کە بەخشندە بوو زۆر نابا ئیفلاس دەکات. ئەوپەڕی ئینساف لە سیاسەتدا ئەوەیە لە مامڵەتدا فێڵ نەکرێت و پەیمانی درۆزن ئیمزا نەکرێ.

لە دەوڵەت وازبێنە: برایەتی کە پێوەندییەکی نێوان دوو مرۆڤە و هیچ مافی میللەتانی تێدا زەدە نابێ ئەگەر برایەک لە براکەی بسەلمێنێ ئینجا دەبینین ئەم سەلماندنە وەزەحمەت دەکەوێ، خۆ ئەگەر وەزەحمەت بکەوێ و نەکەوێ هەر دەمێنێتەوە بڵێن ناشێ ئەرک بەلای یەکێکیاندا بکەوێ و ئەوی دیکەیان لە پەنا برایەتیدا لوقمەی چەورتر بخوات، برایەتیش بەخشندەیی دوولایی گەرەکە. کە ئەمە وەها بێ ئایا دەبێ برایەتیی کورد و ئوستورالیان چۆن بێ؟ ئا لەم بابەتە لێکدانەوە و بۆچوونانەدا کەوا بێگومان ئەویش لە وتوویژی دوولایی پەیدا بووە، میرزا گەیشتبوو بەو قەناعەتە ناشێ چ میللەتێک بەربەیار و بێ سەنەد و سبووت و پەیمان و قەولوبڕیە گلەیی لە میللەتێکی دیکە بکات لەسەر کەمتەرخەمییەکی بەرانبەر خۆی لێی ببینێت. گلەیی لە پەیمانشکێنی دەکرێ نەک لە نەبوونی سەخاوەت. لەبیرمە دەیگوت، سولەیمانی کەیفی هات کە قەزای ڕانیەی خرایە سەرێ هەولێریش پێی ناخۆش بوو لێی پچڕایەوە، خۆ نە سولەیمانی قازانجێکی گەورەی دەست کەوت نە هەولێریش زەرەرێکی لێ کەوت ڕانیەش بە هەر لایەکدا بکەوێ دەچێتە باوەشی دایکی خۆی ئیتر بۆچی سەیرم بێتەوە لەوەی ڕووسیا و چین لەسەر سنووری لە یەکدی سوور هەڵگەڕێن خۆ هێندەی هەولێر و سولەیمانی خزم نین؟ سەیر لەوەدایە خەڵق لە ڕێی نەزەرییەوە بەتەما بێت دوو وڵات هێندەی دوو هەرێمی یەک وڵات لەگەڵ یەکدیدا بێ فەرق یان بێ فەرقتر بن. هاووڵاتییەتیی سولەیمانی و هەولێر و هاوباوەڕیی ڕووسیا

و چینیش له جغزی واقیعی مرۆڤایەتیدا، کەوا نە فریشتە و پەرییە و نە کۆمپیوتەر و تەرمۆمەتریشە، خۆ دەردەیەخێت. لە کەس داوا ناکرێ پتر لە خەڵق خۆی لەبیر بکات.

لە میرزام بەدی دەکرد قسە و بیروڕای ژیرانەی هەڵدەگرتەوە تەنانەت لە ئیزاعە و چاپەمەنیشدا گولّبژێری دەکردن. بە نموونە، جارێکیان بێ ئەوەی بزانم لێم سەیادە لەبارەی عەبدولکەریم قاسمەوە شتێکم دەربڕی، عەبدولکەریم دوای کردنەوەی دەروازەی ئازادی بۆ هەموو لایەنێک، پاش بەینێک کەوتە سەر سیاسەتی لێ کەمکردنەوە و فلّان بگرە و فلّان بەرمەدە... بە نیازی لە قاڵبدانی خەڵقەکە بەو جۆرەی کە عەبدولکەریم خۆی بە چاکی دەزانێ. من گوتم، هەروەک کە بەرخت گروو جارێکی دیکە لەشەکەت بۆ ناچێتەوە ناو پێستەکەی هەروەهاش میللەتی عێراق، تازە بە کەس ناکرێ بیخاتەوە قەپێلکێکی وەکو پێش چواردەی تەموز. دوو سێ حەفتە تێپەڕی لە ڕووداوێکی ئەو ڕۆژگارەدا میرزا گوتی: قسەکەی تۆیە، خەڵک ناچێتەوە ناو پێستی جارانی.

ناوناوە کە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی 1960-1959 لە وتووێژیاندا وڕێنەی منداڵانەیان دەکرد و لە زۆر لاوە چەپڵەی ئافەرینیان بۆ لێ دەدرا میرزا لەبەر خۆیەوە تێی دەسریواند و قسەیەکی مزری ڕامااڵ دەکردنێ بەڵام نەیدەهێشت خوێنگەرمەکانی شۆڕش تێی بگەن. سیاسەت بەلای میرزاوە نەبووبوو بە دین، دروشمەکانیشی لێ نەبوونە پەڕۆی سەر چاک و پیران. بڕوای بە کوردایەتیی بێ کەلەبەر و کەموکورتی بوو بەڵام ئەو هەنگاوەی بە ناوی کوردایەتی بۆ کوردایەتی لە واقیع و ئیمکان دەردەچوو بە خراپی دادەنا.

میرزا بوو بە ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کورد بەڵام نازانم لە کەیەوە. هەم بەپێی تەبیاتە هێمنەکەی خۆی و هەم لەبەر وەزیفەکەی، جگە لە لەمپەری تەمەن، نەیدەتوانی ئەندامیەتیی هوتاف کێشان و دروشم هەڵگرتن و نەشرە بڵاوکردنەوە بەڕێوە ببات. ئەو (وابزانم) لە ساڵی 1937 ەوە بوو بە خاوەن خێزان و هەڵگری ئەرکی ماڵ و منداڵ. ژنێکی دوای بەرهەمهێنانی کوڕ و کچێک جوانەمەرگ بوو، ژنی دووەمی پەیتا پەیتا ساوالەی بۆ دەخستنە ناو بێشکەوە. گرانبوونی نرخی کەرەستەی گوزەرانیش دوای جەنگ قورسایی زیاتری خستە سەر بودجەی مانگانەکەی کە بەحاڵ لە چەند ساڵێکدا نیوە هەنگاوێکی کورتی بەرەوپێش هەڵدێنا. لە باری وەهادا میرزا دەیتوانی لە سنووری ماڵی خۆی و دایەرەکەی خزمەتی ئامانجەکانی پارتی بکات. ئا لەم مەیدانەدا، بێ تەقەوهەرا، هەر جانفیداییەکی لە دەست مرۆیەکی وەکوو ئەو هاتبێ کردوویەتی. ساڵانی ساڵ نەشرەی نهێنیی پارتی لە ماڵی ئەو دەردەچوو. بەینێکی بەمەودا ماڵی لە کەرکووک بوو، کەرکووکیش لە چاو شارەکانی دیکە پتر جێی مەترسی بوو بۆ چالاکی دژ بە حکوومەت. لە دەمی دەسەڵاتی شەریکەی نەوتی ئینگلیز چاوساغ و خەبەردەر و هەستڕاگر و ئیخباریەساز لەو شارە تێکیان دەهاویشت. زۆربەی موتەهەمی سیاسیی کوردەواری لە عورفیی کەرکووک موحاکەمە دەکران. دوای ڕاپەڕینی «وثبة» و ئاشکرابوونی خەباتگێڕەکان خەتەری ئاشکرابوون و تێوەگلان خەستتر بوو لە جاران، میرزاش لە نزیکەوە برادەری هەموو ئەندامە ناسراوەکانی قیادەی پارتی بوو، لە زۆر هەڵکەوتدا بۆ سەر داوەت و دانیشتنی شەوانەی نادی لەگەڵیاندا کۆ دەبووەوە و ترسی گیران و ئیخباریەی بەوەدا لە خۆی دەتەکاندەوە کە لە ڕواڵەتی وەزیفە بەجێهێنان و ژیان بردنەسەردا بابایەکی بێلایەنی قسەخۆشی ئیسکسووکی بێهەڵپە بوو. ئەوەندە لە وەزیفەکەی شارەزا بوو حاکمەکان موحتاجی بوون.

ئەم وەزیفەیەی کە هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستاندا کۆی دەکردەوە لە ڕێی دەعوای سیاسییەوە شارەزای مەئموورەکانی تەحقیقاتی جینائی و خزمەتی نهێنیی دەکرد و زۆر خەبەری شرایەوەی پێوە دەزانی، ئا ئەم وەزیفەیە هەر وەک بۆی بووبووە قەڵغانی سەلامەتی، دەربوونەیەکیش بوو سرکەوکورکەی حکوومەتی لێوە دەزانی و حیزبی پێ خەبەردار دەکردەوە. تۆ بڵێ چەند جاران ئەمری گرتنی خەباتگێڕێک لە ڕێی مەحکەمەوە بە میرزا گەیشتووە و لەوێشەوە بە حیزب و لە حیزبیشەوە بەو خەباتگێڕە بەر لەوەی پۆلیس کەوتبێتە خۆی بۆ گرتنی کابرا؟

لەم مەیدانەی ئاگادارکردنەوەی حیزب بە خەبەراتی دەوڵەت خۆم ئاگاداری گەلێک چالاکیی میرزام، یەک لەان ئەوە بوو کە لە هەڵبژاردنەکانی 1953 و 1954 میرزا کاتبی دادگەی کۆیە بوو. بەڕێکەوت خەتی تەلەفۆنی کاربەدەستانی کۆیێ لە ڕۆخاوڕۆخی شوورەی بانی ئەو خانووەوە تێ دەپەڕی کە میرزا تێیدا کرێگرتە بوو. شەوانە، بە ئەسپایی تەلی دەهاویشتە سەر ئەو خەتانە و گوێی لە قسە و موخابەرەی ناوەوە و دەرەوەی حکوومەتی کۆیێ دەبوو هەتا خەو لە حکوومەت

دەکەوت. چی لەو گوێگرتنانەدا بیزانیبایە بە دەوروتەسلیم دەیگەیاندە پارتی. کە خۆم نوێنەری پارتی بووم لەو هەڵبژاردنانەدا میرزا ڕۆژانە دەیدیتم و ڕوونی دەکردمەوە. وەی کاشکی ئەو دەمە جیهازی تۆمارکردن هەبایە و ئەو موخابەرانەی بۆ دواڕۆژ بە نموونەی جۆری بیرکردنەوەی حکوومەتی ئەو ڕۆژگارە بەجێ هێشتبایە.

میرزا بەدرێژایی ساڵانی ئەندامەتیی لە پارتی سەربازێکی نەناسراوی زێدە چالاک و ژیر و دڵسۆزی کوردایەتی بوو، بە بەخشندەیی نەک بە مزە.

لە نوکتەبازی و سوحبەتچییەتیدا میرزا گرەوی لێ نەدەبردرایەوە. کە نەشرەی پارتی لە ماڵی ئەو دەردەچوو خێزانەکەی دووەمی (ئافرەتێکی دڵ لەخۆبووردووی هەولێری بوو) هەستی دەکرد ئەم کارە گەپ و گاڵتە نییە. میرزا دەیگێڕایەوە کە خێزانەکەی دڵخۆش دەکرد بەوەدا بەخێر لە سایەی ئەو مەکینۆکەی چاپ خشڵی زێڕ و جلکی ئاوریشم و تاقمی ناو ماڵی هەرە نایابی بۆ دەکڕێ. هەر سەبرێکم لێ بگرە! خێزانەکەی هەرچەند بێ ئەو بەرتیلە مەوهوومەش ڕازی بووە بە چارەنووس، ئەمما بێگومان خەیاڵی خوشکەڵەی بەدڵدا تێپەڕاندووە.

میرزا لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و شەخسییاتە بەرچاوەکانی پارتیدا نەک هەر بە پێوەندیی حیزبایەتییەوە بگرە بە ڕۆحی گەش و قسەی خۆش و مەجلیس ئارایی و تەبیات لەباری هەمیشە دڵخوازی ئەو کەسانە بوو. خواخوایان بوو هەڵی دانیشتن ڕێک بکەوێت و میرزا تێیدا بەربێتە قسە شیرین و خۆشەکانی. ئەگەر ڕێ هەبایە بۆ گێڕانەوەی ئەو نوکتە سیاسییانەی لەو دانیشتنانەدا بە زمانی میرزادا دەهات دەتزانی چ جۆرە مەجلیسی شەنگ و دڵکێش و خۆشبەخش بوو. مەجلیسێکی میرزا تێیدا دەکرایەوە هیچ پەناوپەسوێکی مەفهوومە سیاسییەکانی بەر لە شۆڕشی تەمووز و دواتر کە لە کردەوەدا خەباتگێڕەکانی بەگژ یەکدیدا دەهێنا، نەدەما لە میرزاوە نوکتەی تێ نەگیرا بێ.

بە درێژایی ساڵانی ئەندامەتی لە پارتی، میرزا ڕای خۆی دەربڕیوە و چی بە هەڵەی زانیبێت گوتوەتی هەڵەیە، بەڵام هەرگیز جوداوازیی بیروڕای نەکردووەتە هۆی کزبوونەوەی پێوەندیی خۆی بە حیزب یان بە ئەندامەکانی. چونکە شوێنیشی لە حیزب ئەوە نەبوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیدا ناچاری هاتوچۆ و جموجوڵ بێت ڕەخنەکانی لە سنووری «بیروڕا»دا دەبوونە موخالەفە نەک لە شێوەی سەرپێچیدا. ئەندامەکانی حیزبیش لە ڕەخنەکانی زیز نەدەبوون ڕەفتاریشیان لەگەڵیدا هەرگیز لە جغزی خۆشەویستی و ڕێز دەرنەدەچوو. لەلایەن پاداشیشەوە میرزا نەک هەر ئەرکهەڵگرێکی بێمزە بوو بەڵکوو تا ئەوەندەی بشێ لە ئاسۆیشەوە موژدەی مزە بۆ کوردپەروەرێکی وەکو ئەو تارمایی بداتەوە یەک پنۆکی تارمایی لە کەسەوە دیار نەبوو.

پاداشی میرزا لە کوردایەتیدا بەپێی ئەو بارەی کوردی تێدا بوو وەکوو بەهەشتی دوای مەرگ بوو کە لە ژیاندا هەر داوای نوێژ و تاعەت لە ئیمانداران دەکات. تۆ واز لە پاداشتی مادی بهێنە، لەلایەن ئەو نازەی کە ناو دەرکردن بە کوردایەتییەوە خەباتگێڕی پێ دەناسرایەوە، لەوێشدا میرزا پشکی نەبوو چونکە خزمەتەکانی نە بە بڵاوی دەزاندران نە لەوانەش بوون بەچاو بدیترێن. کە دیترابایە یان بیسترابایە نەشرەی پارتی لە ماڵی ئەو چاپ دەکرێ بەندیخانە و برسیبوون دەبوون بە پاداشی..

ئەم ڕاستییە زێدە گرنگە بێفێڵە پڕمەترسییە لە خەباتی میرزادا کەوا دوای مردنیشی نەبوو بە فاتیحەی سیاسی لە موناسەبەیەکدا بۆ گیانی بەڕێ بکرێ، بە قەرز مایەوە لە زیممەتی شوێنەواری کوردایەتی هەرچەند لە ئاست چارەنووسدا قەرزێکی بچووکیش بێ. مرۆی دیکە هەن لە غەیری مەیدانی کوردایەتیدا گیانبازییان کرد و بەسەر چوون، لەوانیشدا هی وەها هەیە بێسەروشوون مایەوە بەڵام قەرزەکەی بەسەر شانی کوردایەتییەوە نییە. تۆ نایەیت شەهیدەکانی غەزای قارس و بایەزیدی بەر لە سەدەیەک کە بە ناوی ئاینەوە خزمەتی پێچکەی تەختی سوڵتانی عوسمانلییان دەکرد بە شەهیدی کوردایەتی لە قەڵەم بدەیت. تەنانەت لە ڕشتەی ژیانی شۆڕشگێڕێکی وەکوو شێخ مەحموددا بەشداریکردنەکەی لە شەڕی عوسمانلییەکان دژی ئینگلیز بە درێژایی ساڵانی جەنگی یەکەم ناخەیتەوە سەر خەباتەکەی بۆ کورد. ئەگەر لەو بەشداریکردنەدا مەرجێکی مافی کوردانی بەسەر عوسمانلییاندا سەپاندبایە حیسابەکە بەلای کوردایەتیدا دەهاتەوە. ڕەنگە دینداریکی ئیمانمەحکەم بە عەیارەی خۆی شەڕی دژ بە ئینگلیز لە ژێر ئاڵای عوسمانلییاندا بەولای کوردایەتیشەوە ببات

بەڵام دیسان ڕاستییەکە لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە کە کوردایەتیی تێدا نییە. مەسەلەکە پتر ڕوون دەبێتەوە بەوەدا کە دەزانین دینداری ئەوتۆیی خەباتی کوردایەتیشی دژی پاشای ئیسلام نە ناڕەوا دادەنا. ئەدی نالێن مەلای خەتێ فەتوای ئەوتۆیی دژی پاشای ڕەواندز دەرکرد؟ ئەمە بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم دەنا من لەو باوەڕەدام فەتوای مەلای خەتێ بەنیازی چەپارەدانی بەرەی کورد لە تەفروتوونبوون بە ڕەزامەندیی پاشا بوو (لە بەرگێکی کتێبی حاجی قادری کۆیی ئەم مەسەلەیەم بەپێی قەناعەتی خۆم ڕوون کردووەتەوە).

هەموو بیروباوەڕێکی ڕاست و چەوتی ئەم جیهانە خەتێکی بە دەوری خۆیدا کێشاوە لێدەرچوونی بەدەرچوون لە باوەڕەکە حیساب دەکات. کوردایەتیش دەبێ هەر وەها بێ و خەتی دەوری خۆی تۆخ ڕابکێشێ دەنا لە هەموو تێک هەڵقژانێکی لەگەڵ باوەڕی دیکەدا بە عەیارەی ئەو باوەڕە کوردایەتییەکە تاوانبار دەردەچێت. مەسەلەکەشی هێندە ڕوونە دەبوو لەخۆوە بەلای کورد و ناکوردەوە دیار بێ. میرزای حاجی کەریمی ئاسنگر وەکوو میرووڵەیەکی بێناوونیشانی میرووستانی کوردایەتی دانەکێشیی لە ناو ئەو خەتە ڕانەکێشراوەدا دەکرد. مااڵم هەقە یەک کەرتە گەنم یان جۆ یان پووشکەی نەکێشا بۆ غەیری کوردایەتی. ئەشەدوبیللا لەو کەرتە دانەوێڵانەش یەک تۆسقاڵ ئارد نەچووە هەناویەوە.

من سەیرم لەوە نایەتەوە کە میرزا هەرگیز ڕێبازی خۆی نەگۆڕی. سەیرم لەوەش نایەتەوە کە بێ ئومێدی سوود کوردایەتیی دەکرد. سەیرم لەوەش نایەتەوە کە مزەی ئەرکی خۆی بەلاوە نابوو. سەیرم لەوەش نایەتەوە کەوا بێمزە و بێئومێد خەباتی پڕ خەتەری دەکرد، سەیرم لە تاکە یەک خەسڵەتی دێتەوە کەوا ڕەنگە سەرنجی کەس ڕانەکێشێ. سەیرم لەوە دێتەوە، چۆن توانی بێوچان و بێ لێ کەمکردنەوە - بێئومێد، بێسوود، بێناو - لە شەقامەڕێگەکەی خۆی بەردەوام بێت و هەناسەسواریی پێوە دیار نەبێت و خۆ بەڕەنجەڕۆ دانەنێت و پەڵپ و بەهانان نەهێنێتەوە خۆی پێ بدزێتەوە لە ئەرک و ڕەفتار و کرداری نەگۆڕێت چ لە کوردایەتی بێ چ لە وەزیفە، چ لە بواری کۆمەاڵیەتی.

لە هەستیارترینی هەنگامەی دڵگەرمی و تیژڕۆیی و گەشبینی و «قەرسیل لە چۆکان» ئەو مرۆیە هەمان واقیعناسە بێهەڵپە بێتەکلیفە خزمەتگوزارە بێناوەکە بوو کە لە کەرکووک و شوێنی دیکەدا ماڵەکەی کردبوو بە چاپخانەی حیزب... چەندین جار گوتوومە، بەردەوامی لەسەر فەرمان و پێداویستی ئەدەبی کە بەرژەوەند و گوزەرانی پێوە بەند نییە ئەستەمترین کارێکە مرۆڤ بە خۆیەوە بگرێ. ئایەتی «فاستقم کما أمرت» بە ڕواڵەت بێتەکلیفە کەچی هیچ تەکلیفێکی گەورە و گچکە و کوشندەش نییە بەر مەفهوومی نەکەوێ. ئافەرین بۆ بابایەک بە ناوی دیوەخانە کونە بۆقڕێک دەکاتەوە و هەتا مردن خۆی پێوە دەلکێنێ با مەسرەفەکەشی ئەوە بێ کە یەک جگەرە بە میوان بدات. بەردەوامبوون لەسەر ڕاڕەوێکی قەرارادەی بێ پێچوپەنا زەحمەتترە لەو ئەرکەی تێیدایە. تۆ وەرە ئەرکی ساڵێک لە خزمەتی دیوەخانەم بە دوو حەفتە لە کۆڵ بکەوە و مااڵت سەد جار ئاوا بێ. میرزا ئەو بەردەوامە بوو کە من سەیرم پێی دێت: بەردەوامبوون لە شتێکدا چ سوودێکت پێ نەگەیەنێ.

لە وەزیفە نەختێک هەڵکشا تا بوو بە معاون تەسوییە ئەمما ئەگەر لەوانە بایە خۆڕەپێش دەیەخن ئەوەندە لێزان و مەعلانی کاری وەزیفە بوو هەموو ماوەیەکی مومکینی دەبڕی. کە خۆڕەپێشکەر نەبوو یارمەتیشی لە کەس داوا نەکرد پلەیەکی بەرەژوور ببات. ئەم دووڕییەی لە هەڵمەتەکاسەیی بەاڵیەکدا، تەواوکەری ئەم خەسڵەتەی بە ئەرکتر بوو لە پشتگوێخستنی بەرەوپێشچوونی بە منەت. هەتا منداڵی هەراش دەبوون و گوزەرانی زەحمەتتر دەبوو لە بودجەی مەسرەفی کەم دەکردەوە تاکو داهاتی کەم بەری مەسرەفی فراژیبووی بکات. بەر لە هەموو شتێک خەرجی خۆی داشکاند، وازی لە جگەرە هێنا... چوونە نادیی کەم کردەوە هەتا وازی لەویش هێنا. سەرت نەیەشێنم وەهای لێ هات ئەو جاروبارەی داوەتی یەک دوو برادەری تێدا دەکرد ئەویشی پێچایەوە. کە منداڵەکانی بە دامەزران و شووکردن لێی دەبوونەوە بەرەژوورچوونی ڕێکاری گوزەران و نرخی کەرەستەی خۆراک و پۆشاک فەرقەکەی تێ دەبرد، ددانی چیرکردنەوە لە نەخواردن و مەسرەف کەمکردنەوە هەتا ناچاری بەرتیل و قەرز و دەست پانکردنەوە نەبێ.

میرزا دەیتوانی بە بەرتیل دەوڵەمەند بێ، برادەری ئەوتۆشی هەبوون حەزیان دەکرد یارمەتییان لێ قبووڵ بکات یەکێک لەوان نازداری هەموو لایەک، زەدەی مەرگی ناکات ئەحمەدی حەمەدەمیناغای دزەیی، بەاڵم میرزا لە منداڵییەوە هەتا مردن ئەو دەزنوێژەی «لە کەس وەرنەگرتن»ی ڕاگرت لەگەڵ مندا کە هێندە برادەر و لە یەکدی نزیک بووین هەمان

خۆگرتوو بوو که هەبوو. ڕۆژەک له ڕۆژان ڕووی تەکلیفی لێ نەنام. نەک هی پارە که منیش نەمبوو، بگرە له هیچ تەگەرەیەکی که له وەزیفەدا هاتبێتە پێشی (لەوجارە بەولاوە که سفارشنامەم له مەلا ئەفەندی بۆ وەرگرت، ئەویش هی بەرەوپێشچوون نەبوو، لەسەر خۆکردنەوە بوو). لەم مەیدانەدا سێ هەڵکەوتی لێ دەگێڕمەوە که خۆم تێیاندا شایەدم و بەر تەجرەبەی خۆم دەکەوێ:

یەکیان ئەوە بوو که له هاوینی 1961 میرزا لەگەڵ خۆپارێزیشی گیرا و دوور خرایەوە بۆ «رمادي». خواوڕاستان دوورخرانەوەی لەو ماوەیەدا بوو که عەبدولکەریم قاسم لەلای خۆیەوە بنیاتی دۆستایەتیی لەگەڵمدا دانا. میرزا کەم و زۆر داوای یارمەتیی لێ نەکردم، له خۆمەوە خوایشتم له حاکم عەسکەریی عام کرد که میرزا بۆ ماڵ و وەزیفەکەی بگێڕێتەوە. تەڕەدەست میرزای بەردا... له ئۆتێل هاتە لام بۆمی گێڕایەوە که چەندی پێ خۆش بوو له وتووێژدا حاکم عەسکەری پێی گوتبوو فلان پاکانەی بۆ کردی، تومەز کابرایەکی سەر بە عەبدولکەریم وەهای ڕانواندبوو خۆی یارمەتیی داوە له بەربوونی. میرزا گوتی: ڕازی بووم بەدوورخرانەوەم هەر هێندە قەرزداری ئەو کابرایە نەبم.

پاکانەکەی من بۆ میرزا ئەوە بوو که له وەڵامی تەکلیفدا لیوا عەبدی گوتی «میرزا ئەندامی پارتییە» منیش بێ کۆمەکردن پێم گوتەوە، له پارتی بێت و نەبێت یەکێکی وەکوو میرزای واقیعناسی لەسەرەخۆ هی ئەوەیە حکوومەت ئاواتەخواز بێ ئەندامی هەموو حیزبەکان وێنەیەکی ئەو بن. ئەم قسەیەم یەکسەر چووە دڵییەوە. که له ڕەماددییەوە گێڕایەوە بۆ بەغدا، زۆری ڕێز لێ نابوو کۆڵێکیش عوزرخوازیی لێ کردبوو. دواتر لای منیش مەدحی هۆش و زیرەکی و هێمنیی میرزای کرد.

تەجرەبەی دووەم ئەوە بوو که له دەمی وەزیریمدا میرزا به هیچ جۆرێک تکا و خوایشتی بۆخۆی نەکرد بەڵام بۆ گەنجێکی که له ساڵانی 1959 و 1960 ـدا بزۆز و بێعار بوو هاتە لام و ڕووی تەکلیفی لێ نام و گوتی: فلانە کەس فەسڵ کراوە، له دایەرەی ئەمن معاملەی گێڕانەوەی بۆ وەزیفەکەی نارۆێتن زۆریش دەستکورتە چەندێکی بشڵێی شەرم دەکا بێتە لات منی بە وەکالەت ناردووە بۆ عوزرخوازیش. ئەو گەنجە بەزووپی گەڕایەوە سەر وەزیفەکە... بەر له دوو ساڵێک مەرگ گلاندی.

تەجرەبەی سێیەم ئەوە بوو که له «مجلس الخدمة» ئەندام بووم میرزا بۆ تەرفیع له 100-70 هاتە دیدەنیی مەجلیس. نە پێشتر داوای کرد یارمەتیی بدەم بۆ تەرشیحکردنی لەلایەن دایەرەکەیە و نە له دیدەنیشدا هانای هێنامە بەر. بە لێهاتوویی خۆی مەجلیسی منەتبار کرد که مەئموری ئەوتۆیی بەڕێزەوە وەرگرێ. من لەم تەجرەبانەدا چ نیازێکی خۆهەڵدانەوەم نییە که دەزانم نازوفیزی خۆهەڵدانەوە و پەڕوباڵ فشکردن له مرۆیەک ناوەشێتەوە خۆ بە مرۆ بزانێ. من که شایەد بۆ پیاوەتیی کەسێک پەیدا بکەم خۆم بەشایەد پتر جێی متمانەی خۆمم، ئەوەی بەشایەدیشی دەهێنمەوە بنیادمێکە وەکوو خۆم دەبێ پاکانەش بۆ قسەکانی بکەم.

گوتار بە بەرییەوە نییە هەموو لایەنێکی کەسایەتیی مرۆی باسکراو بگرێتەوە دەنا وەهام لێ خۆش دێت چ بە نووسینی خۆم و چ بە هی کەسێکی دیکە بێ سەرلەبەری بابەتی نووسین بەسەح بکاتەوە تا ئەگەر باسی شاعیرێکم خوێندەوە شارەزام بکات بەو کەسە وەک ئادەمییەک نەک تەنها وەک شاعیر، خۆ ئەو کابرایە ساڵی دوازدە مانگ، شەو و ڕۆژ 24 سەعات، هەر شیعر نالێ، کێ دەڵێ شیعرەکانی تەرجومانی ویژدانییەتی؟ هەڵسوکەوتی ژیانی تێم دەگەیەنێ چەند لە ڕەنگی شیعرەکانی ساختە و چەندی دروستە. دەزانم دەبێ بایەخی زۆر بە شیعرەکانی بدرێت بەڵام ڕۆبۆت و کۆتەڵی بێلایەن شیعر نالێن بۆیەیە دەبێ «شاعیر – مرۆ» بناسم نەک مەکینەی کۆککراوی ئەدەب و سیاسەت. میرزا و غەیری میرزاش دەبێ لە سنووری دەسەڵاتدا بەو شێوەیە بناسرێت تا هەر نەبێ «پرسەک»ی گەورەی لەسەر هەڵستێ (پرسەک: علامة استتفهام).

تۆ که فیلمت دەرهێنا لەسەر شاعیر و نووسەر و هونەرکار و سیاسی وەیا بۆرەپیاوی کورد خۆی نایەیت کامێرا بەسەر تاکە داوی ئەو سیفەتەی ڕاگریت، بەڵام هەتا ئێستا ئەو نووسینانەی نووسەرەکانی کورد که مرۆی کوردیان بە خەڵق ناساندبێ لێیان هەڵناستێ بایی فیلمێکی دە دەقیقەیی چەندوچۆنی مرۆیەتییان ڕەنگرێژ بکەن. ئەمانە ڕاستیی ئەوتۆن

دەمەتەقە هەڵناگرن بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی بەسەر ڕاگەیشتنی سەرلەبەری بابەت لەبەر نووسەری کورددا ئەو فرەوانە نییە بتوانێ زات بکات قەڵەم و کاغەز و چاپەمەنی و مەسرەف و کات و ڕەنج خەرج بکات لە نەخشەکێشانی ئەو لایەنە شەخسییانەی کە بە ڕواڵەت پێوەندیی بەتینیان لەگەڵ چارەنووس و دەردە کوشندەکانی کۆمەڵدا نییە. ئەمە ڕاستە و زۆریش تاڵە بەڵام خۆ ئەگەر ئاو نەبوو دەبێ «تیمم» بکەین. لەسەرێکی دیکەشەوە ئەوەی پێی دەڵێین شیکردنەوەی مادی فەرمانێکی ناچاریی بەملدا بڕیوین کە دەبێ ڕەفتاری «کەس» لەگەڵ داخوازیی دەوروبەریدا بگونجێین، دەوروبەریش تەنها کاریگەرە گشتییەکان ناگرێتەوە دەنا دەبوو زۆربەی خەڵق وەکوو یەکدی ڕەفتار بکەن. لە دەوروبەردا کاریگەریی تایبەت بە «کەس» شەقڵی دیارتر دەبێ پێوەی چونکە مرۆ بە خۆی و بە سەرلەبەری پێکهێنەرەکانی مادی و مەعنەویی خۆیەوە تەفاعول لەگەڵ دەوروبەری فرەواندا دەکات ئیتر یا سەر دەنێ بە ملکەچی یان یاغیگەری یان یەکێک لە پلە بێ ئەژمارەکانی نێوان ئەو دوو سەرپەڕە. لە حاڵەتی میرزادا بایی نیمچە پێویست دەوروبەری، لەویش پێویستتر، تەبیات و ڕەفتاری سروشتکردی باس کراوە، لە ناچاریشەوە بەوەندە ڕازیم چونکە ڕێگام نییە هەموو شتێک دەربڕم، دەرفەتیش لە گۆڤاردا چەنگ ناکەوێ بۆ ئەوەی هەموو مومکینیش بگرێتەوە. ئێستا ماوە بڵێم لە میرزادا خەسڵەتی دیکەی بەرچاو دووان بوون:

یەکیان ئەوە بوو تا ڕادەی بێزبوونەوە ڕقی لە تاکپەرستی بوو. ئەگەر قسە سیاسییەکانی گرد بکرێنەوە بەشێکی بەپۆزی ڕەخنەگرتن و عەیب دۆزینەوە و درۆ بەسەرگرتنەوە بوو لەو کەڵەمێردانەی ناویان بە تەقدیسەوە دەهات.

لە زۆر باردا ئەوانەی بە دوژمنی میللەتەکەیان دادەنا. نابێ لە بیر بکەین خەڵق تێکڕا ئازان لە عەیبدارکردنی سەرۆکی باوەڕپێکراوی غەیری خۆیان کەچی کوڕنوو دەبەن بۆ ئەوەی خۆیان کە بەلای غەیرەوە عەیبدارە، هەرچی میرزا بوو لە ئاست هەموو باوەڕێک و باوەڕپێکراوێک بیروڕای خۆی هەبوو. کورتەی قسە ئەوەیە میرزا تاکنەپەرستێک بوو تاکی نەبێ.

خەسڵەتی دیکەی کە ئەویش سێبەرێکی یەکەمیانە ئەوە بوو خۆی بە گچکەی کەس نەدەزانی. هەرچەند ڕازی بوو بە پایەی خۆی لە کۆمەڵایەتی، بەڵکوو ڕەنگە بەهۆی ئەو ڕازیبوونەیەوە بووبێ کە ژوورچوونی بە مایەی کەمایەتی نەدەزانی. هەتا بڵێی لەنگەربەستنی واقیع لەسەر ئەو بارەی کە ئەوی تێدا بەرەژێرە بێ تەزاندن و داڕووشاندن بەسەر هەستیدا دەهات. نامەوێ بڵێم میرزا بەتەما بوو یان دەیەویست ئەو لەنگەرە هەروەها بەردەوام بێ و نەگوڕێ، نەخێر بەلەنگەرێکی بەدی دادەنا بەڵام نەویستنی ئەو لەنگەرە نەیدەخستە سەر هەڵپەی بێجێ و پەلەی بێسەروبەر. تا ئەو ڕۆژەی باری کۆمەڵایەتی بە چاکتردا دەگۆڕێ میرزا لە پایەی خۆیدا چەسپاو بوو، کە یەکێکی لە خۆی بەرەژوورتری پێدا ڕابووردبایە بەرزەپێ بۆی بڵند نەدەبوو مەگەر لە دڵدا بە موحتەرەمی زانیبێ. لێرەشدا نامەوێ بڵێم میرزا شەڕی بەدنیا دەفرۆشت. حورمەتی ئەو حاکمە دادپرسەی دەگرت کە خۆی کاتب بوو لای بەڵام بێقانوونیی بۆ نەدەکرد و هەڵەی پێ دەگوتەوە و لە حاڵەتی چوونە کەشفی لادێ داب و دەستووری خەڵقەکەی تێ دەگەیاند جا ئەگەر قسەی نەبیستبایە لێی بێباک دەبوو.

کوردپەروەریی بێفێڵ بەلای میرزاوە چەندی بڵێی ڕێزلێگیراو بوو بەڵام کوێرانە و دەرونشانە ڕێزی نەدەبەشییەوە. مترزا لای بۆرە پیاو بوو. هەرچەند لە سنووری قانووندا پێی بە خواری دانەدەنا ئەمما ئەگەر بۆرەپیاوی هەژاری بەدەست قەرزەوە سەغڵەت دێتبایە وەیا لە شکاتی تێوەگلاندن و پێوەکردندا خەتەری گیران و مەسئوولبوونی بۆ کابرا چاوەڕوان کردبایە تێی دەگەیاند چ بڵێت و بکات باشە بۆی. بیزانیبایە خەڵق قسەکانی دەبیەن لە بن لێوانەوە وەک یەکێکی قسە لەگەڵ خۆیدا بکات چی پێویست بوو بۆی دەدرکاند. کە لە یەکێکی وەکوو منی تەقیە نەدەکرد بە ڕوونی هەژارەکەی تێ دەگەیاند، لە زۆر باردا ئەرزوحاڵی گەڵاڵە دەکرد کە مافی هەژارەکە بپارێزێت بەڵام نەک بە خەتی خۆی. میرزاش و سەمەدی حاجی محەمەدی بەننا کە بە سەمەدی حاجی مەنجەڵ بێ قانوونی ڕۆیشتبایە، حسێن بازیانیش، خوا لەو و لەوانی دیکەش خۆش بێ، ئەو جورئەتەی لێ چاوەڕوان دەکرا. چەند کاتبێک هەبوون لە ئاکامی پاکی و زانین و بێترسییانەوە حاکمەکان کۆمەیان لێ دەکردن.

میرزا هەروەک دەنگە خۆشەکەی بەکار نەهێنا دەسەڵاتی نووسینیشی لە بیر خۆی بردەوە. لەلایەکەوە وەزیفەی میری بۆ تەبیاتی ئەو شتێک نەبوو لەگەڵ نووسینی سەر بە سیاسەتی بەرەو کوردایەتی بگونجێت، لەلایەکی دیکەشەوە کە بوو بە موەزەف جارێ شلک بوو مابووی لە ڕۆشنبیری و بەهرەی نووسەری دابمەزرێت، دواتریش کە وردە وردە هێزی قەڵەمی

لە مەیدانی نووسینی ڕەسمی گەشەی کرد، چاپەمەنیی کوردی گەشەی نەکردبوو، لە باریٚکیشدا نەبوو وەکوو ئەوانەی لە چلەکاندا بە نووسەری کورد ناسران پێوەندیی بە جیهانی نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە هەبێت. کە لە کەرکووکیش هەڵقەنا بەرەو کۆیێ و ڕانیە و قەڵادزە هەر بە کاتبی، بەجارێ لە هەرێمی ئەفسووناوی «وشەنووسی» دوورکەوتەوە. ئەگەر لە چلەکاندا بۆی ڕێک بکەوتایە ماوەیەک لە بەندیخانە بمێنێتەوە بایی ئەوە بکات گەڕانەوەی بۆ وەزیفە و زەحمەت بکەوێ دەشیا ڕێگەی نووسین بگرێتە بەر و تێشی بناسرێت هەر نەبێ لە دوو بابەت، هونەری «مۆسیقا و دەنگ» و سیاسەتی کوردبابەت. لە مۆسیقا چەند ڕۆژێکان پەنجەی لە عوود (یان کەمان) ڕاهێنا و «ڕێ. می، فا...» یشی لەگەڵ مامۆستایەکیدا گوتەوە، هەر لەویشم ئەو زاراوە مۆسیقییانە بیست بەڵام خێرا پشتی تێکرد و بۆی نەچووەوە. بەهەمەحاڵ وزەی هونەری و ئەدەبی لای میرزا، تا ڕادەیەک، بوونە قوربانیی تەبیاتی دووڕەپارێزی و مەشرەبی خاکی و خۆهەڵنەدانەوە و ئەو جۆرە خەسڵەتانەی.

کە بە وردی سەرنج لە میرزا ڕادەگرم نموونەی مرۆیەکم بە بەر زەیندا تێدەپەڕێت کە بە کەڵکی ژیانی ئارام و کۆمەڵایەتیی بێ هەرای وەک سوید و نەرویج دێت کە بەرهەم و تێری و ڕێکوپێکی بە خەڵق دەبەخشێت و تاکە یەک پاڵەوانی سیاسەت و قارەمانی بگرە بەرمەدەی بۆ نارِسکێنێت. لە شوێنی وەها هێمندا پاڵەوان سەر بەرز بکاتەوە حەبسی دەکەن.

مەرگی میرزا

لە هاوینی ساڵی 1978 ماوەی چەند مانگێکی حەسانەوەم لە «عمان» پاتەختی ئوردن ڕابوارد. شەوێک بە عادەتی هەمیشەیی، لە ساڵۆنی ئۆتێل، میوانانی بە دەمودوو کۆمەڵ بووبووین قسەی بابەتمان دەکرد، لە سۆنگەی شتێکەوە گوتم، حەز لە زرەی زیلی تەلەفۆن ناکەم، ئەم حەز نەکردنەشم شەرح دا... دوای ئەم قسەیەم تا کۆبوونەوەی سبەی شەومان، لە بەغداوە تەلەفۆنێک و لە لەندەنەوە دوو تەلەفۆنم بۆ کرا مەرگی پێنج خزم و دۆستمیان پێ ڕاگەیاندم، یەکێک لەوان مەرگی میرزا بوو لە لەندەنەوە پێم گەیشت، تەلەفۆنەکەی بەغدا جارێ خەبەری کۆیە و هەولێری نەبیستبوو. پێی ناوێ بڵێم لەخۆوە دیارە خەبەری ئەوتۆیی لە غەریبدا چ کارێک دەکاتە سەر کانیاوی هەست و سۆز لە دەروونداا، لەو دەمەوە کە ئاشکرا بوو مەرگ شوێنەواری خەباتە هێمنە پڕ خەتەرە بێناو و شۆرەتەکەی میرزا کوێر دەکاتەوە بەدڵ بەرباری قەرزێکی ئەدەبیی قورس بووم بەوەدا کەوا لە دەرفەت و بەپێی توانین تۆز و ڕێی فەرامۆشی لە وێنە ونەکەی بتەکێنم، بەم گوتارەش بەشێکی قەرزەکەم لەسەر لادەچێ چونکە کەسایەتیی میرزا ماویەتی بە مافی خۆی بگات لە جلوەبەستن و تێڕڕەنگی.

«...»

قەرزدانەوەیە؟ یان خۆهەڵدانەوەیە؟

بەیان 127 کانوونی دووهەم 1987

لە یادکردنەوەی نەمراندا جووتە هەستێک بەیەکەوە سەر دەکەن: هەستێکی بێگەردی زامدارانەی پاک و پیرۆز لە کانی نرخە زلەکانی نەمرییەوە خۆی لە دەروون و زمان و قەڵەمی بیرکەرەوە دەگێڕێ و بەرەو باوەشی نەرمونۆڵی وڕێنە خۆشکەڵەکانی دەمی وەنەوزییەوە دەبات، خۆی لە بیر دەکات.

هەستی دووهەم هێندە سادە نییە، تێکەڵ پێکەڵییەکی لەگەڵدایە: هەتا یادکراو لە تەمی نەناسراویدا بێت مەیلی بیژۆکی خۆویستی وەها لە یادکەرەوە دەکات کە خۆی بە خاوەن چاکە و منەت بزانێت. هەر دەڵێی کابرایەکە خێر و سەدەقە دارەبەش دەکات، کەچی لە ناخی ناخییەوە خەجاڵەتییەک بە کزی دەبڵاچێنێ و وردە ختووی پێدا دەهێنێ کە بە ساختە هەستی منەتباری خۆی بەرانبەر ئەو یادە گۆڕیوە بە منەتداری. هەتا مرۆ دەگاتە ئەو پلەیەی لە سەرەتاوە لایەنی منەتداری لە دڵی خۆیدا هەڵدەکێشێ و شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە بە هەستی قەرزداری، خۆڕاهێنانێکی دەرونشانەی گەرەکە. کە یادکراو ناو و شۆرەتی هەبوو هەستی یادکەرەوە بارێکی دیکەی دەبێت، مەگەر هەستەکە دەمکووت بکرێت، یادکەرەوە هەستی منەتداری ناکات چونکە خێر بە دەوڵەمەند ناکرێ، ڕەنگە کەم و زۆر، بە پێی کەڵەگەتی خۆی لەتەک هی یادکراودا مزاشێکی شانازی و لە خۆڕازیبوون حندرحۆیێ لە هەناویدا بکات. من کە دێم لە یادی حاجی میرزا عەبدوڵا (خادم)دا مەشقی قەڵەمگێڕی دەکەم نە منەتداری و نە منەتباری لەخۆمدا نادۆزمەوە چونکە ئەوەندە دۆست و ئاشنام بوو «دق الباب» لە بەیندا هەڵستابوو. منەتی کیسەجوودایی مەعنەوی هیچابووەوە.

هەرچەند «خادم» لە تەمەندا بەلای جیلی پێش منەوە دەبووەوە بەڵام تەبیاتی ڕەندانە و دڵتەڕانەی لەگەڵ هەموو تەمەنێکی دەگونجاند. بە بیرمدا نایەت لە ئاخاوتن و گوتوبێژ لەگەڵیدا تێر بووبم. خادیم ناچاری کردبووم کەوا بایی هێزڕێشکانم، لە میراتی حورمەتی ئەو بۆ باوکم و بنەماڵەی جەلیزادە، ڕازی ببم بە پشکێکی زیاد لە مافی خۆم. من لە دڵدا جێگەی مامێکم بۆ دانابوو. بە تایبەتی لە دوا کۆچی مامم شێخ نووری کە لە ڕۆژانی ناوەندی تەمووزی 1952 مالاوایی لێکردین، خادیمیش بە ڕەفتار و گوفتاریش تۆڵەی دە ئەوەندەی بۆ دەکردمەوە. ئا ئەم هەڵوەستەی لە ئاستمدا، بە تەمەنی هەڵکشاوییەوە لە چاو تەمەنی من، نایەڵێ قەڵەم لەیادی ئەودا بە لووسی و ڕەوانی لەسەر کاخەز بخشێت و زمانگیریم پێدەکات[9] و هەستێکی خەجاڵەتیم وەبەردەنێ کە دێم بە تەمای قەرزدانەوە خەریک بم چەند ئەمانەتێکی لام هەیە

[9]- لە شەوی نێوان 1/11987/ و 1/21987/ نزیکی سەعات دوو کەوتمە سەر نووسینی ئەم گوتارە. کە گەیشتمە ئەو وشەیەی «دەکات» کە ژمارە یەکم لەسەر داناوە بە نیشانە بۆ پەراوێز لەسەر داناوە، وازم لە نووسین هێنا. ڕۆژێکی دیکە تا دوای نیوەڕۆ دەرفەتم نەبوو بۆی بگەڕێمەوە. کاتێک بۆی چوومەوە خەیاڵێکم بە دڵدا هات، بۆچی نەزانم فەرقی تەمەنمان چەند بوو؟ بەرگی دووهەمی دیوانەکەی لامە، بەڵکوو لەوێدا ساڵی لە دایکبوونی نووسرابێ. داخەکەم تێیدا نەبوو دەبێ لە مەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا ساڵەکەی نووسرابێ. لەگەڵ ئەم دەستبەتاڵییەشدا گەڕانم بەدوای ساڵەکەدا نیگامی بۆ لای ئەو چەند وشەیەی «پێشکەش» کەوت کە لە لاپەڕەی 3ی دیوانەکەدا سێ نیازی دەربڕیوە، هی سێهەمیان دەڵێ: «بەوانەی لە ئاستی ناڕاستی بێدەنگ نابن». چەندم لێخۆش هات کە یەکەم هەنگاوم لە نووسینی بە ڕێکەوت جووت هات لەگەڵ نیازەکەدا بەر لەوەی هاندەری ئەو نیازە بمبزێوێت، چونکە شاردنەوەی ئەو ئەمانەتە کارێکی ناڕاستە بەو پێیە لە خۆ دەبووە «بێدەنگبوون لە ئاست ناڕاستیدا». ئەم ڕێکەوتە خستمییە سەر چاوخشاندن بە پێشەکییەکەی دیوانەکەدا.

منیش ئافەرین دەکەم لە کۆششی کاک جەمال کە شیعرەکانی میرزای خستە بەر ڕۆشنایی و تۆزی ڕۆژگار و ڕیسی جاڵجاڵۆکەی لێتەکاندن بەڵام کە هاتم لەسەر ڕاگەیاندنی ڕووپەڕەی یەکەمی پێشەکییەکە (دەکەوێتە لاپەڕە پێنج لە دیوانەکەدا) کە گۆیا بە هۆی واتا لێدانەوەی بەیتەکان پێویست بە فەرهەنگۆک نەما، هاتم ئەو واتا لێدانەوانەم بە تاقیکردنەوە دیتم زۆر شوێنی ئاستەنگ بە جێ هێشتراوە، زۆر وشەی نائاشنا لەبەر گوێی نەوباوەکانمان ڕوون نەکراوەتەوە.

لە نموونەی وشەی ئەوتۆیی بنوارە لاپەڕە 21ی دیوانەکە دەبینی لە دێڕی سێهەمدا «پیرەزاڵ» هەیە. کێ دەزانێ چ مەبەستە لێی لە دێڕی 5دا «ڕەزم، مەساف – مصاف» چین؟ دەڵێین بەزمووڕەزم بێ ئەوەی بە تەواوی لێکیان بدەینەوە. لە دێڕی 7دا وشەی «نەبەرد» واتاکەی چییە؟ بە نەبەردی کە «پاڵەوان» دەگەیێنێ لێی بە سەهوو مەچۆ، لێرەدا شتێکی دیکەیە شەڕ و جەنگە... «نهالٌ – نیهال» لەو لاپەڕەیەدا دەبوو ڕوون بکرێتەوە، بە تایبەتی «نهالی کەشت» کە هەردوویان نا ئاشنان و شێوازی کلاسیکی هێناویەتە ناو هەڵبەستە.

لەو لاپەڕەدا تەنیا پەروانە و بێپەروانە لە پەراوێزدا واتای دەقەکانیان لێدراوەتەوە بە «پەپوولە و بێباک» بەڵام تێمان ناگەیەنێ بۆچی پەپوولە «بێباک» حیساب دەکرێ؟ دواییین وشەی ئەم ڕووپەڕەیە وشەی «مەندەبۆر» کە ڕوون نەکراوەتە ڕاستییەکەشی «مەندەبوور»ە.

لە نموونەی شوێنی ئاستەنگ بڕوانە کۆتایی لاپەڕە 248 و سەرەتای 249 کە ئەم دوو دێڕە دەخوێنیتەوە:

لە ناکاو سەبا هێنای بۆ دەماغ
بۆنی پیراهەن بۆ دڵی پڕ داغ

کولبەی ئەحزانی بۆ کردمە گوڵزار
ڕووناکیی دایە چاوی ئینتیزار

تەنیا وشەی «پیراهەن» واتای لێدراوەتەوە بە «کراس» لەوەشدا حیرەتی خوێندەواری نەوباو پتر دەبێ چونکە نازانێ مەبەستی حاجی میرزا کراسی یووسفە کە بۆ یەعقووبی باوکی چوو گوتی: «انی اجد ریح یوسف». کە خستیانە سەر چاوە کوێربووەکانی «ارتد بصیرا – بۆوە چاوساغ». کولبەی ئەحزان ماڵەکەی یەعقووبە کە لەوەتەی یووسفی لێ بە مردوو حیساب کرابوو بووبووە «بیت الحزن – ماڵی تازیەدار». من لێرەدا مەبەستم نەبوو واتای هیچ شتێک ڕوون بکەمەوە بەڵام نایابیی بەیتەکان زۆری بۆ هێنام.

بە نیازی خزمەتی دیوانەکە و شیعری حاجی میرزا و لە گۆشەی بایەخدان بە هەوڵی کاک جەمال محەمەدەوە ماوەیەک لەگەڵ ڕووپەڕەکانی ئەو دیوانە دەڕۆم و شوێنێکی کەموکوڕی تێدا بێ هەڵوەستی تێدا دەکەم. ڕاستییەکەی دەبوو پرس بە شارەزایانی عەرووز و واتائارایی شێوازی کلاسیکی بکرێ ئنجا فەرهەنگۆک دابنرێت و دەقی بەیتەکان لەسەر کێشی ڕاستیان بنووسرێنەوە، بەیتێکیش کە بە فەرهەنگۆک ڕوون نەبێتەوە ئەو شارەزایانە شەرحی بدەن.

لە لاپەڕە 14 دێڕی پێنجەم وشەی «بووەتە» لەنگی کردووە. ئەگەر «وابۆتە» بێ لەنگییەکە هەڵدەستێ:

گوڵشەنی شادی بە وەیشوومەی خەزان وا بۆتە پووش

لە دێڕی 15 وشەی «داخێ» دەبێ «داخی» بنووسرێ «داخی بە جەرگم».

لە لاپەڕە 15 دێڕی سێهەمی لەنگە، بە پەراوێز هێما کراوە لە هەموو نوسخەکان هەروەها بە لەنگی هاتووە. ئەگەر وشەی «بگرن» ئەو «ب»یەی لێ بقرتێ لەنگایی هەڵدەستێ:

گوێ لە قرچەی جەرگی سووتاوی گرن بۆتە کەباب

قرتانی ئەم «ب»ـەی کە پێی دەڵێن ئیلتیزامی زۆر باوە، حاجی میرزا خۆی لە چەندین جێگەدا قرتاندوویەتی.

لە لاپەڕە 16 دێڕی دەهەم لەنگەوشەی «گوڵاوو» بەم شێوەیە جێگەی لەقە لە بەیتەکەدا. بەیتەکە بەم شێوەیە چار دەکرێ:

هەم بریقەی گۆلەئاو، بەرق و تریشقەی هەورەکان

دێڕی یازدەهەمینیش لەنگە. سەرەتاکەی «مەل ملی درەخت بە خوێندن» واتاشی دیار نییە و لەنگیشە. وەها بزانم ڕاستییەکەی ئەمەیە.

مەل ملی دەرخست بە خوێندن بلبلیش پەرواز ئەکا

لە دێڕی 13، وشەی «سەروو» لە کۆتاییدا دەبێ «سەرو» بنووسرێ. لە دێڕی 14شدا «سەرووی ڕەوان» دەکرێتە «سەروی ڕەوان».

لە دێڕی 16 وشەی «برِ» دەکرێتە «پرِ».

لە دێڕی 17 «خورِەمی دڵگوشای» دەکرێتە «خورِەمی وو دڵگوشای».

لە دێڕی 22 «خان و مان» وەها بزانم «خانمان»ـە وەک «نیشتمان». ئەم «مان»ـە پاشگرە دەڵالەتی جێگەی هەیە. لە ئاقێستا بە عەرِش گوتراوە «گەروودەمان».

لە لاپەرِە 17 دێڕی یەکەم، وشەی «تۆ» تەنبەڵی دەکا دەبێ «تو» بخوێندرێتەوە. لە دێڕی دووهەم وشەی «زستان» دەکرێتە «زمستان» دەنا لەنگە.

لە لاپەرِە 18 دێڕی دووهەم، وشەی «چییە» ئەگەر بە «چییە» نەخوێندرێتەوە لەنگ دەبێ ئەوساش ناقۆڵا دەردەچێ، ئەگەر «کوانێ» بێ عەیبی نامێنێ.

لە دێڕی سێ «خۆیی و مەی» دەکرێتە «خۆی و مەی».

لە دێڕی 5 «پەزموورەو» دەکرێتە «پەژموورەو» دەنا دێرِەکە لەنگە.

لە دێڕی 9 «بۆ گەداوو» دەکرێتە «بۆ گەداو» هەتا لەنگ نەبێ.

دێڕی 13 زۆر لەنگە واتاشی نایەت «کەیفەکەت ئازیز مردووە ماتەمی داگرتووە» دەستخەتی نەبینم خەریکی ڕاستکردنەوەی نابم.

دێڕی 15 «بووەتە» دەکرێتە «بۆتە» «کەندووشیو» دەکرێتە «کەندوشیو».

دێڕی 19 «وڵاتەکەی تۆی تێکڕووخاند» دەکرێتە «ماڵەکەی تۆی تێکڕوخاند».

لە لاپەرِە 19 دێڕی شەش، وشەی «کوچەیی» دەکرێتە «کووچەیی».

لە لاپەرە 20 دێڕی چوار «بۆ» دەکرێتە «بوو».

دێڕی 5 «سەوزەیی» دەکرێتە «سەوزەی». «کردووم» دەبێ بخوێندرێتەوە «کردوو – وم». دێڕی 15 وشەی «ئومێدم» دەخوێندرێتەوە «ئوممێدم». لە لاپەرِە 21 قەسیدەکە وەها دەست پێ دەکات:

خاوەنی عەزم و سەبات و سەفدڕی مەیدانە کورد
مەنشەئی سیدق و وەفا و ڕوستەمی مەیدانە کورد
بۆ شەجاعەت ڕۆستەمی زاڵی لە لا وەک پیرەزاڵ

وەها دەزانم لە دێڕی دووهەمدا «حەیدەری مەیدان...» گۆڕاوە بە «ڕوستەمی مەیدان...» چونکە لەگەڵ «سەفدڕ» باشتر دەڕوات و لە دێڕی سێهەمیشدا ڕۆستەم دەشکێنێتەوە ئیتر چۆن دەشێ جارێ بە مەدح جارێ بە شکانەوە ناوی ڕۆستەم بێ؟

لە دێڕی 4 «بازیی» دەخوێنرێتەوە «بازیی».

لە دێڕی 11 «ئومێد» دەخوێندرێتەوە «ئوممێد». لە دێڕی 15 «بە» دەخوێندرێتەوە «با». وەک پێشتر گوتم «مەندەبۆر» لە کۆتایی لاپەڕەکەدا دەکرێتە «مەندەبوور».

لە لاپەڕە 23 دێڕی 9 «خەیاتی» دەکرێتە «خەییاتی».

لە لاپەڕە 24 دێڕی 3 «بەدەورا بێ» دەکرێتە «بەدەورایی».

لە لاپەڕە 26 دێڕی 2 «بۆیێ» دەکرێتە «بۆیە».

واتای «چەشمەیی حەیوان» لە دێڕی دەهەمدا «ئاوی حەیات»ـە کە هەرچی لێی بخواتەوە نامرێت، نەک «سەرچاوەی ژیان» کە واتای بێسنوورە.

لە دێڕی 14 «ئاشنامەو» واتاکەی دەباتەوە بۆ بێگانە، دەبێ بگوترێ «ئاشنامە».

لە لاپەڕە 27 دێڕی 3 «پەرگار»ی ناو قەسیدەکە ڕاستە نەک «پەرگاڵ»ی شەرحەکە.

لە دێڕی 4 «یەربازی» و «سەربازی» کە لە پەراوێز کراوە جێی لێ تۆژینەوەیە. لێرەدا مەودام نییە، چونکە دەچینەوە بۆ «باختن و می بازت» و داڕشتنی ئیسمی فاعیلی لێکدراو بە «سەرباز» و پێوەلکانی «ی»ـی ئیسمی مەعنا و ... و ... کوردەکە لە جیاتی «باخت» دەڵێ «بەخت – خۆی بەخت کرد» کە جۆرێکە لە بەکارهێنانی قرتاو... لە دێڕی 5 وشەی «نییەتی» دەخوێندرێتەوە «نی ییەتی» دەنا دەبێتە «لایملک».

لە لاپەڕەی 28 دێڕی 10 «کردییە» دەکرێتە «کردیە».

لە دێڕی 19 «بووم» دەبێ بخوێنرێتەوە «بوو – ووم».

لە دێڕی 21 «ڕەحمەتیتان» دەکرێتە «ڕەحمەتی تان» واتا ڕەحمەتی خۆی تان.

لە لاپەڕە 29 «مەلە جوانەکەی سەر شاخ و کێوان» مەلە لە دەریای بێپایانی ئاسمان دەکات نەک لە دەریای قوواڵ و بێبن وەک لە پەراوێزدا شەرح دراوە. بەمر لەسەر کێوان چی دەکات؟

لە دێڕی سێهەمی بڕە شیعرەکە «پیرۆزی» لە جیاتی «پیرۆزە»ی دەگوترێ. نەشم بیستووە «پیرۆزە» بە هووما گوترابێ وەک لە شەرحدا هاتووە.

لێرە بە دواوە تەنیا هێما بۆ ژمارەی لاپەڕە دێڕەکان دەکەم کە هەڵە وەیا کەموکوڕییان هەبێ بێ ئەوەی ساخیان بکەمەوە مەگەر شوێنی زێدە گرینگ:

لاپەڕە 33 دێڕی 10، لاپەڕە 35 دێڕی 9 و 17. لاپەڕە 37 دێڕی 3 و 9. لاپەڕە 38 دێڕی 17 وشەی عیجز هەڵەیە ڕاستییەکەی «عەجز»ە. دێڕی 19 میشک نەک «مێشک». لە لاپەڕە 39 دێڕی 4 سەرلەبەری تەماوییە، «سەنجیە» چییە؟ نازانم. سەرەناوی قەسیدەکە نابێ «ڕۆژ»بێ چونکە نەعتی پێغەمبەرە.

لاپەڕە 40 دێڕی 1 «عومرێ» نەک «عومری».

لاپەڕە 42 دێڕی 7 «نااڵەیی» نەک «نااڵەی».

لاپەڕە 43 دێڕی 6 «جیلوەیی» نەک «جیلوەی». دێڕی 7 «ڕێگەیێکە» نەک «ڕێگەیەکە».

دێڕی 8 «پەردەیی» نەک «پەردەی».

لاپەڕە 44 دێڕی 5 «تییا» نەک «تێیا». نالی دەڵێ:

پەچەیی پەرچەمی یوو زوڵفی سییا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تییا

دێڕی 7 «بێدار» هەڵەیە، «بیدار» ڕاستە. دێڕی 10 «دەریایی» نەک «دەریای».

لاپەڕە 47 دێڕی 3 «بەقەد سەروی جۆیبار» نەک «سەرووی جۆیبار».

لاپەڕە 48 «بیدار» ڕاستە. دێڕی 3 «بووی» نەک «بوویی».

لاپەڕە 52 دێڕی یەکەم «تو» نەک «تۆ». دێڕی 2 «تەماشایی ئەوا» نەک «تەماشای ئەوان». دێڕی 3 «دەردی دڵی» نەک «دڵی دەردی».

لاپەڕە 54 دێڕی یەکەم «قسێکت» نەک «قسەیەکت». دێڕی 8 «جیاکەر».

دێڕی 9 «بۆتە» نەک «بووەتە».

لێرەدا کۆتایی بەو تەتەڵەکردنە دەهینم چونکە لە سنووربەدەر درێژەی هەیە، هەر ئەوەندە دەکەم کە چاوێکی خێرا بە دیوانەکەدا بگێڕم تا ئەگەر توانیم چەند زەق و زۆپییەک بە قازانجی دیوانەکە و خوێنەرانی چارەسەر بکەم بە دڵێکی ئارامەوە ماڵئاوایی لە یادی خادیم بکەم بۆ هەڵێکی لەبارتر.

لاپەڕە 62 بەیتی حەفتەم:

وەکو تەم دای دەپۆشی ڕوویی خەزرا
بە ئەشکی خوێنی چاوان سوور بوو غەبرا

لە پەڕاوێزدا هەر ئەوەندە هاتووە کە «خەزرا» سەوزاییە. مەبەست لە خەزرا «خضراء» ئاسمانە کە هەناسەی دووکەڵاویی بێچاران دەبوو بە تەم و ڕووی ئاسمانی دادەپۆشی. غەبرا «غبراء»یش زەوییە کە بە فرمێسکی خوێنین سوور هەڵدەگەڕا. ئەم خەزرا و غەبرایە زۆر هاتووەتە ناو شیعری شاعیرانەوە.

لە لاپەڕەی 67 بە پەڕاویز هێما بۆ ئەوە کراوە کە نیوەبەیتی خوارەوە لەنگە:

کەسێ نەدیوە وابێ هیچ قەومێ

ئەم مصرەعە لەنگ نییە، دەبێ بە پێی دەستووری کێشی کوردی وشەی «هیچ» ببێتە دوو بڕگە «هی – چ» نەک یەک بڕگە. وەها دابنێ کە ئەم «چ»ـە لە بەرایی ڕستەوە دێت وەک کە نالی دەڵێ:

تۆ کە حووری وەرە نێو جەننەتی دیدەم «چ» دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سوزانمدا

یان هەر نالی لە بەیتێکی دیکەدا بۆ کێشی شیعر دەنگی «س» قورس دەکات:

لێرەدا «ڕاستی» سێ برگەیە: «ڕا – س – تی». لە ئەسڵیشدا دووە: «ڕاس – تی». دەبوو لە لاپەڕە 64 بەم مصرەعە بڵێ لەنگە:

عەشایری لە کوردان زۆر لەگەڵ بوو

ئەم مصرەعە ئەگەر «عەشایر»ی نەکرێتە «عەشاییر» لەنگە، بەو شێوەیەش هەر عەیبدارە. لە لاپەڕە 60 مصرەعی: «نەیانهێشت مریشک و گۆشتی کاوڕ» دوو برگەی نوقسانە دەبێ وەها بنووسرێ: «نەیانهێشت هیچ مریشک و گۆشتی کاووڕ» جێگەی دیکەش زۆرە لەم بابەتە.

ئەو «مەنزوومەی سەفەربەرلگ» کە لەلاپەڕە 54 هەتا 74ی دیوانەکەی گرتووەتەوە، لە بەرەو کۆتاییەکەیدا نەختێک بە نائاشکرایی دەدوێت. بە پێی سەرگوزشتەکە لە سەرەتاکانی ساڵی 1920 یان لە دەوروبەری ئەو ساڵەدا بە یارمەتی برادەرێکی چووەتە قەڵادزە (ئەو برادەرە حاجی تاهیری کۆیی بووە) لەوێ سێ ساڵ ماونەتەوە چوونەتە سلێمانی:

هەتا نێزیکی سێ ساڵێ لەوێ بووین
لە ئاخر بۆ سلێمانی بە ڕێ بووین

بەدوا ئەمەدا دەڵێ:

فەلەک بۆ قیسمەتی ئێمە لە هەر لا
بە چەپدا مۆرەیی ئەردی فرێ دا

سلێمانی هێنا قیسمەت وەها بوو
موعین و ناسری ئێمە خودا بوو

لەمەدا دوو پرسیار هەڵدەستێ: یەکیان ئەوەیە کە حاجی میرزا عەبدوڵا و حاجی تاهیر، وەک بزانم، پتر لە سێ ساڵان لە قەڵادزە مانەوە. پرسیاری دووهەم ئەوەیە کە ئەم مۆرە نەحسەی فەلەک بە چەپیدا فرێدا بۆ ئەوان چی بوو؟ «سلێمانی هێنا» مانای چی؟ سلێمان کێیە؟ پێغەمبەر سلێمانی موبارەکە دیارە ئەو مەبەست نییە. یاخود شاری «سلێمانی»یە؟

لێرەدا بە تەلەفۆن لەگەڵ کاک محەمەدی حاجی تاهیرم پرسیار کرد، نومرەی تەلەفۆنەکەشیم لە مامۆستا بەکر ئیسماعیل سەرۆکی دادگای حوکمی زاتی وەرگرت، کاک محەمەد تێی گەیاندم کە ماڵی ئەوان و ماڵی حاجی میرزا عەبدوڵا پتر لە 25 ساڵ دانیشتووی قەڵادزە بوون. دەوری 1946 هاتوون بۆ سلێمانی. ئەو نەردی فەلەکی چەپ گەردیش هی ئەو ساڵانەی قەڵادزەیە کە دوو جاران لە دوو ڕووداوی ناخۆشی گشتیدا ناچاربوون بە ڕاگوێستن لە قەڵادزە تا بە زەرەر و زەحمەتی زۆرەوە سەرلەنوێ هەر جارە کەوتوونەتەوە سەر باری ئاسایی. بەمەدا دەرکەوت کە من ژمارەی «سی»ـم بە «سێ» خوێندوەتەوە لە دیوانەکەش هەر «سی» نووسراوە، تووماز بە تەما نەبووم ئەو دوو بنەماڵەیە سی ساڵ لە قەڵادزە بووبن (ئەم دیاردەیە لە نووسینەکانی فرۆیدی نەفسناس شیکراوەتەوە).

دەمتوانی لەم کێشەیەدا نووسینەکەم بگۆڕم و حیکایەتی تەلەفۆنکاری تێدا ڕەشبکەمەوە، بەڵام چ زەرەر لەو ڕاستییە سادەیە ناکەین، خۆشتریش دێت لەگەڵ تەبیاتی ژیانمان کە هێندە توند نەپێچراوینەوە بە سەهوو نەچین. وەها بزانم حاجی میرزاش سەهووی کردووەکە لە لاپەڕە 76دا دەڵێ ساڵی 1939 تەشکیلاتی حکوومەت لە قەڵادزە کرا، وەک لە

بیرمە ئەو تەشکیلاتە لە ساڵی 1937 بوو. بەهەمەحاڵ ئەم لایەنە لە منیش ڕوون نەبێ مێژووی هەیە. دوای ئەو تەلەفۆنەش دیتم حاجی میرزا دەڵێ لە ساڵی 1946 چووین بۆ سلێمانی.

لە لاپەڕە 88 شەرحی «ئافەرین گۆیان» هاتووە بە «ئافەرینیان کرد». ئەم وشە لێکدراوە لێدوانی دەوێت. لێکدانەکە فارسییە، لەوێشدا «گوویان» دەخوێندرێتەوە. وشە لێکدراوەکە فاعیلیەت و وەسف دەبەخشێ، لە لایەن ڕێزمانیشەوە کە کەوتە ڕستە بەلای «ئاوەڵکار adverb»دا دەچێتەوە چونکە وەسفت «کردیان بە جەژنە» دەکات. ئەم «ان»ـە هی فاعیلیەتە لە فارسیدا، بەزۆریش لەکاردێت وەک: «لەرزان، دەوان و خەندان... هتد». لە کوردیدا باوی نەماوە مەگەر چۆناوچۆنی دەنا بۆ فاعیل بەکار ناهێنین تەنانەت کە دەڵێین «لەرزان، ڕێبەندان و هەرزان...» لە بیرمان چووەتەوە کەم ئەم وشانە ناوی کاران (اسم فاعل).

وشەی ئافەرین تورکی نییە (وەک لە شەرحەکەدا دەڵێ کوردی و فارسی و تورکییە). بە ئەسڵ وشەیەکی ئاڤێستایە لە قاڵبی «ئافرینە، ئافریتی و ئافریڤەنە» هاتووە بە واتای ئافەرین کە لە ڕیشەی «فری» وەرگیراوە بە واتای خۆشویستن و پەرستن و دڵخۆشکردن و خوێندن و خەڵقکردن. کە دەگوترێ جیهان ئەفەرین بە واتای «خالق الکون». ئەم «ئافەرین»ـە لێرەدا خەڵقکردنە. لە کوردیدا زۆر جاران بە شۆخی یەک بە یەکێک دەڵێ «ئافرەوان» و بە خەیاڵی خۆی واتای «ئافرەت»ی لێدارڕشتووە، لە ڕاستیدا ئەم «ئافریڤەنە»یە دێتەوە سەر زمانان. دوور نابینم وشەی «ئافرەت»یش هەر لە «ئافریتی» وەرگیرابێ کە نازپێدانێکی تێدایە، نەک لە «اروادی» تورکی. لەم مەیدانەی «ئافەرین»دا تەماشای لاپەڕە 206 و 207 بکە لە کتێبی «مزد یسنا و ادب پارسی، جلد اول، د. محمد معین» (هەرچی لەبارەی ئافرەت و ئافرەوانەوە گوترابێ هی خۆمە — م.م). نەفرین کە نەعلەتە بەرانبەر ئافەرین هاتووە.

لە لاپەڕەی 59 وشەی «تەل» شەرح دراوە گۆیا فارسییە بە واتای تەلەفۆن ئەم وشەیە telephone نە فارسییە نە ڕۆژهەڵاتی. کەرتی یەکەمی بەواتای دووەم نەک تەل. وەک «تەلەپاثی، تەلەگراف و تەلیکس». کەرتی دووهەمی «فۆن» بەواتای دەنگ بە هەردووکیان دەکەن «دووەدەنگ»، دەنگی دوور. وشەکان لاتینین «فۆن» لە «تەلەفۆن، گرامۆفۆن و دیکتافۆن...»دا مانای دەنگ دەبەخشێ.

هەر لەو لاپەڕەیەدا «موهاجیر» بە «کۆچکەر» لێ دراوەتەوە باشترە «مشخت» بەواتای موهاجیر لەکاربێت. لە زاری کرمانجی سەروودا بیستوومە ئەو واتایەی هەیە.
بازێک دەهاوێژم بۆ لاپەڕە 142 کە سەرەتای مەرسییەکەی بۆ باوکم لەوێوە دەست پێ دەکات. لە کۆتایی دێڕی یەکەم وشەی گریان لە صیغەی فاعیلیەتی فارسییەوە هاتووە بە واتای «باکی» نەک لە «گریان»ی کوردی بە واتای «بکاء» چونکە سیفەتە بۆ چاو. پێشتر باسی ئەم ڕێژەیەم کرد لێرەدا شایەدم بۆ هێنایەوە.

لە دێڕی نۆهەم «فاختە» کۆترەباریکەیە. دوای ئەمە «نالەی تەزرە» نووسراوە و واوی عەطفی پێوەیە بووەتە «تەزرەوو» ئەم وشەیە «تەزەروو»وە کە ناوی تەیرێکە وەک کۆترەباریکە، نالی مەدحی تاقمە مومتازەکەی «خاصەی شاهـ» دەکات و جارێکیان دەڵێ: «سینەی تەزەروون».

لە لاپەڕە 145 دێڕی 3 «دوو دەماغ» هاتووە هەڵەیە. «دوو دمان» ڕاستە بە واتای نەسەب و ڕەچەڵەک، لەم وشەیەشدا «مان» پاشگرە بەواتای جێگە وەک لە نیشتماندا دەدیترێ پێشتریش لەمە دوابووین. لە لاپەڕەی 147 نیوەدێڕی دووهەم «زانۆ»ی دەکرێت بە «زانوو». لە نیوەدێڕی چوارەمی شیعرەکە هەڵە زۆرە کە نووسراوە:

موتالای سەفحەیی دیوانی مەعنایی کامەرانیم بوو

ئەمە ڕاستەکەیەتی:

موتالّای سەفحەیی دیوانی مەعنای کامڕانیم بوو

کامڕان له «کام» و «ڕان» پێکهاتووه. «کام» به واتای ئارەزۆ، هەوەس دێت. «ڕام» کەرتی ناوی فاعیلی لێکدراوه له ڕاندنی فارسییەوه هاتووه بەواتای «لێخوڕین، ڕواندن – له ڕۆینەوه نەک ڕوان هاتووه» تێکڕای دەبێته «ئارەزۆ لێخوڕ – چی بیەوێت دەیکات».

له لاپەڕه 149 نووسراوه:

له نەسلی ئەو ڕەزا بوو گەر ڕەزا نەبوو قەزا بوو
له شیعر و قافییەی جوانی ڕەزا بوو بێ ڕەزا بوو

هەر دوو مەصرەعەکه لەنگه ئەمه ڕاستەکەیانه:

له نەسلی ئەو «ڕەزا» بوو گەر ڕەزا نەبوا قەزایێ بوو
له شیعر و قافییەی جوانی ڕەزابوو بێ ڕەزایێ بوو

دیسان له مصرەعی شەشەم «بۆ» بکرێته «بوو» ئینجا «بوو» بکرێته «بۆ».
له سەرەتای لاپەڕه 150 مصرەعی دووهەم دەنگی «ح» له وشەی «فەتح» سووک بخوێندرێتەوه. «خالید» دەبێت «ی» وەسڵی بەدوادا بێت بکرێته «خالیدی» ئینجا «ئەووەل» دەبێته سیفەتی.
دەچم بۆ لاپەڕه 299 دوو مصرەعی بەیتی شەشەم نووسراوه:

خاکساری مەقامی بالّایه
نیستی حازری مەقامی بالّایه

مصرەعی دووهەم هەم لەنگه هەم واتای نالەبارە. ڕاستیی نیوه بەیتەکه ئەمەیه:

نیستی حازری مەقامی حزوور

که دەبێته هاوقافییه لەگەڵ «طیور، لجور، طور و غەفور...» که قافییەی بەیتەکانن. «نیستی» بەواتای «نەبوون» له فارسییەوه هاتووه. مەعنای بەیتەکه ئەمەیه: وەکوو خاکبوون مەقام بەرزییه. نەبوون بریتییه له حازربوونی مەقامی «حضور»ی لیقای خوا.

له لاپەڕه 300 مصرعی یەکەمی بەیتی سێهەم نووسراوه:

گاهـ تەسبیحی زوهده ئەیگرێ

که سەیری مصرەعی دووهەم بکەیت نووسراوه:

دەستی ساعیز گرم که ئەیزانم

مصرەعی یەکەم جگه له لەنگی واتاشی ڕوون نییه، مصرەعەکه بەیەکێک لەم دوو شێوەیه چاره دەکرێ:

گاهـ تەسبیحی زوهده ئەیگێڕی
گاهـ تەسبیحی زوهده ئەگرێ مەی

چونکه «دەستی ساعیزگر» که دەستێکه جامی شەڕابی گرتووه، جێگەی هەردوو شێوه هەموار دەکات.

چەند بەیتێک دواتر «زەننار» نووسراوە لە جیاتی «زیننار»، پاشتر «ڕێگەیەکە» لەنگە «ڕێگەیێکە» دەست دەدات. پاشتر نووسراوە:

نەشری ئەم شیعرەیە بوو لە دیوانم

یان دەبێ بکرێتە نەشری شیعرەیە لە دیوانم یان بنووسرێت:

نەشری ئەم شیعرە بوو لە دیوانم

لە لاپەڕەی 301 مصرەعی سێهەم «هەروەک ئەلفی جانە ستوونی» لە قەسیدەی مەدحەکەی حاجی قادر بۆ بارەگەی قەرەنی ئاغای پیران وەرگیراوە کە سەرەتا دەڵێ: ئەم خەیمە کە شەمسییەیی شاهەنشەی ئەرزە «شەمسییە – چەتر». دەبێ دەنگی لام لە وشەی «ئەلفی» قورس بکرێ و وشەکە بە سێ برگە گۆ بکرێ «ئە – لە – فی».

لە لاپەڕەی 304 مصرەعی یەکەم بەخۆڕایی لەنگ کراوە. ئەگەر وشەی «ئەدەبدا» بکرابایە «ئەدەبا» لەنگییەکە هەڵدەستا.

لە مصرەعی یەکەمی بەیتی دووهەم دەبێ «کە» بخرێتە دوای وشەی «ئەووەل». لە دێڕی 11 «ئەم قائیدی ئەعلایە لەپاش مورسەل» سێ برگەی کەمە دەبێ بگوترێ: «ئەم قائیدی ئەعلایە لەپاش ڕیحلەتی مورسەل».

لە دێڕی 17 «سایە» دەبێتە «سایەیی». ئینجا دوای «عەرشایە» وشەی «لە» زیاد دەکرێ. پێشتریش لە دێڕی 14 «خەرقەی» دەکرێتە «خەرقەیی».

لە لاپەڕەی 306 «سیحاب» بە واتای «جیوە»یە. لە کوردیدا «زیواو» بووەتە «جیوە». واتەکەی ئەوە دەبەخشێ کە زیوێکە شلە وەک ئاو لە عەرەبیدا کراوە بە «زئبق».

لە دێڕی 14 «ئەیقان» دەکرێتە «ئیقان».

لە لاپەڕەی 307 دێڕی 6 «شوجاعەت» هەڵەیە «شەجاعەت» ڕاستە.

لە لاپەڕە 311 دێڕی یەکەم مصرەعەکە «غوبارێکی ئالوودەدایانی تۆم» واتای نییە ڕاستییەکەی «غوبارێکی ئالوودەدامانی تۆم».

لێرەدا ئەم ڕەچەیەی تەتەڵەکردن دەبڕمەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم گەلێ جێگەی دیوانەکە دەبێ ڕاست بکرێتەوە بە نموونە: لە لاپەڕە 284 ئەو پارچە نازکەی شەش بەیتی دێڕی 4، 7، 9، 10، 11 تێیدا زەدەیە هەریەکە بە جۆرێک «دهانی» فارسیش خزمی «دندان»ی کوردی نییە، لە فارسی «دندان» ددانە.

لە کۆتایی ئەم گوتارەدا ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی گرنگی ناو دیوانەکە دەکەم بە «مسک الختام»ی ئەم ئاهەنگی بیرەوەری خادیمی نەمری ئەدیبی جگەرسۆزی وەفادار. هەزاران هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی.

لە لاپەڕەی 119 بەیتی کۆتایی مەرسییەکەی بۆ مەرگی «بێخوود» نووسراوە:

لە تەئریخی وەفاتی پیری مەعنی پێی وتم ئیمشەو
دەڵێ «مەغفوورە» ئەم پیرە لە ڕەنگی نەوجەوانا ڕوویی

لە پەراوێزدا نووسراوە کە وشەی «مەغفوورە» بە حیسابی ئەبجد ساڵی 1955 دەگرێتەوە. بە لێکدانەوەی «مەغفوورە» ژمارەی 1342 مان بەدەستەوە دەدات. کەواتە ساڵی 1955 مەبەست نییە لەو مصرەعەی کۆتایی مەرسییەکە. بە پێی

بیاندەمەوە بە تۆمارخانەی میژووی نەمران، کەچی تەوازوعی حاجی میرزا لەو ئەمانەتانەدا دەمهاوێتە سەر بای پاکانەکردن بۆ خۆم کە جگە لە حورمەتی یادی ئەم دۆستە و دەرهێنانی یەک دوو گەوهەری ئەو لە قدووی داخراودا ناشێ گومانی چ نیازێکی دیکەم لێبکرێ.

حاجی میرزا لە ساڵی 1952ـەوە هەتا ڕۆژانی پێش مەرگی دۆست و ئاشنا و برا و کەس بوو. ڕەنگە بە هەمووی دوو سێ هەفتە کەوتبێتە نێوان دواین نامەی بۆ یەکدیمان هەناردووە لەگەڵ ڕۆژی مەرگی. بەر لە 1952 ناوناوەیەکی زۆر دوور لە یەکدیمان دەبیست و دەزانی، چونکە هاتووچۆ لە نێوان کۆیە و سلێمانی لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو. لە کۆتایی ساڵی 1952 سێ چوار مانگ بە وەزیفەی حاکمی لە سلێمانی بووم کە ئیتر دیدەنی بووە کاری ڕۆژانە یان هەفتانەمان. بە دەم زیادبوونی پێوەندیمانەوە هاتووچۆی نامە لە نێوانماندا زیادی کرد. بە مناسەبەی جێگە دەڵێم هەتا حاجی میرزا مابوو دەمگوت بە دەست نامەی دوو کەسەوە تێدەمێنم، یەکیان کاک حسێنی خانەقا و ئەوی دیکەیان حاجی میرزا عەبدوڵایە چونکە هەردووکیان هەتا بڵێی خەتیان خۆشە و چەندێکی بشتەوێ ئینشایان جوانە، خۆ ئەگەر لە وەڵامدا چاری ئینشاکەش بکەم هەر دەمێنێتەوە دەستەتەرازووی خەتم لەنگ بێ. جارێکیان لەم ڕووەوە نامەم بۆ برادەرێک (شێخ ئاوڕەحمانی شێخ سالّح) لە کەرکووک نووسی و گوتم: «خەتەکەم لەگەڵ خەتەکەی خۆت ساپێنەیان پێ بکە».

لە ساڵی 1965 بەدواوە نشیمەنم بوو بە بەغدا، بە تایبەتی لەو دەمەوە کە کەوتمە «مجلس الخدمة» حاجی میرزا بە هۆی ئاسانبوونی گەیشتنی نامە پێم لەبەر ئاشکرایی ئەدرەسم خێرایی دەکرد لە نامەنووسین، منیش بێوەخران وەڵامم دەدایەوە. جارێکیان نەبێ پتر لە عادەت نامەم دواکەوت ئەویش لەبەر هۆیەکی لاوەکی کە هیچ درێخیی منی تێدا نەبوو بەڵام تۆڵەم کردەوە بۆی بە نامەیەکی درێژی نووکتەئامێز و هۆی وەخرانم بۆ شەرح دا کە چۆن ڕاستیان گوتووە: «پەک لەسەر کشتەکی مەزراح کەوتووە». منیش لە دایەرە کاخەزم هەیە زەرفم نییە، لە ماڵەوە زەرفم هەیە کاخەزی لەبارم نییە. لە هەردوو حاڵدا پوولم نییە لە زەرفی چەسپ بکەم، پوولیش چەند نەوعە (هی بەرید و هی دیفاع مەدەنی و نازانم چی). ئەوەی کاخەزی تەسلیم دەکەم کەی دەگاتە بەرید، کە ئەوسا دەبوو سەفەری بۆ بکەی، پوولان چۆن تەدبیر دەکات و تێیان دەگات. لە وەڵامدا حاجی میرزا لە ڕۆژی 1969/3/27 کاخەزێکی بۆ ناردم بە عادەتی هەموو جارانی پڕ لە نەوازشت و تەوازوع، لێرەدا چەند گوڵێکی مناسبی ئەم گوتارەی لێ ڕادەگوێزم دوای پێشەکی دەڵێ:

«لەم ڕۆژانە زۆر بیرم ئەکردن، ئەم شیعرەم هاتە سەر زبان کە بۆتان بنووسم:

وەها مات و پەرێشانم لە میحنەت دەردی بێ تۆیی
وەکوو کوردێکی مەڕمردوو لە حەسرەت دەردی بێ دۆیی»

بەردەوام دەبێ لە نامەکەی و دەڵێ:

«لەم ڕۆژانە بە خزمەت نامەتان گەیشتم، فەرموتانە زۆرتان قەرزدارم قوربان بە دەرەجەیەک قەرزارت کردوومەوە بەم عیبارەتە جوانە و بەم نکاتە شیرنانە وەکوو سەلەمی توجارەکانی خۆمان کە لەگەڵ تووتنەوانەکان ئەیکەن قەت لە ژێری دەرنایەن، بەخوا منیش ئەم قەرزەم پێ نادرێتەوە، جا بزانین خوا بەرەکەتی بخاتە زرعاتەکەمان و لە خۆشی قسە خۆشەکانت ئەوا چەند شیعرێکم بۆ نووسی و نامەکەشت بەشی موودەتێکی زۆرم دەکا پێی ڕابوێرم و هەموو ڕۆژێ جارێکی ئەخوێنمەوە:

نامەی شیرینت گەیشتە دەستم
بە بادەی یادت تا ئێستا مەستم

جۆگەلەی ساڵانی هیجری و زاینی 1955 بەرانبەر 1374 – 1375ی هیجری دەوەستێ. بە نەختێک زەینکاری دەرچوو کە ئەوەی تەئریخەکەی لێ وەردەگیرێ «دلی مغفورە»یە کە 1375ی لێ پێک دێت و سڵاو لە خوێنەران.

شەماڵ چرپاندی مژدەی تۆ بە گوێم
لە خۆشی ئەوە نەمزانی لە کوێم

فەرەحی دایە دڵی غەمناکم
ڕووناکی دایە چاوی نمناکم

نامەت ئەنیسی مەحفەلی شادی
قسەت جەلیسی لە غەم ئازادی

جا قوربان با سەرت نەیەشێنم ...». کۆتایی نامەکەی بە سفارش بۆ «سەلام حاجی سوور – کە ئێستا نایەتەوە بیرم» دەهێنێت لەگەڵ سڵاوی چەند برادەرێکی ئەوسام کە لە سلێمانی موەزەف بوون.

ئەم نامەیەی حاجی میرزا یەکێکە لەو پێنج نامەیەی کە فۆتان ڕێی پێنەبردوون. هەرە کۆنیان ئەوەیە لە 1968/5/14 بۆمی نووسیوە. دوای پێشەکیی سڵاو و ئەحواڵپرسی دەڵێ: «ئەحواڵی ئەم موخڵیسە پرسیار ئەفەرموون ئەوراقم لە موعامەلەیە (مەبەستی نزیکبوونەوەی مەرگە) دوعا بۆ عاقیبەتم بفەرموون...». لەدوا ئەمەدا بە شعر دەمدوێنێ، 9 بەیتی لێنووسیون لەمانە شەشی پێشەوەیانی بە نامەی هۆنراوە بۆ مەلا محەمەدی قەڵادزەشی ناردووە ئیتر نازانم زووتر بووە یان دواتر بۆی ناردووە. بەیتەکان لە نامەی کە بۆ مەلا محەمەدی ناردوون یەکەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەم و هەفتەم و هەشتەمی بەیتەکان دەگرنەوە. پاش ئەم شەش بەیتە دوو دێڕی دیکەی بۆ من نووسیوە کە لە نامەکەی بۆ قەڵادزەیی هەناردووە دەرناکەون:

تەمەننا جلوەی ڕازی ئێوەیە
تەماشا نەغمەی سازی ئێوەیە

لە کام خڵوەتە ڕێ بۆ ویصالتان
لە چ ئاوێنەیەک دیارە جەماڵتان

یەکسەر دوای ئەمە دەڵێ: «جا لێرەوە نەمتوانی هیچی تر خۆماندوو بکەم وە سەری ئێوەش بیەشێنم، دوعای بەرزی و موەفەقیتان بۆ دەکەم، بیستوومە ئەڵێن دوعای ئینسانی فاسق قبووڵ ئەبێ جا بزانین والسلام علیکم».

جلوەی هەروەک و بەرقی سینەما
بوو بە ئاگرێ لەناو سینەما

ئەوەی لەبیرمە کە نامەم بۆ هات تاکە بەیتێکم نووسی لە بەرانبەر هێمای بۆ نزیکبوونەوەی مەرگ لێی. بەیتەکە ئەمەیە:

ئەگەر مەولانا دوعای فاسق ئەدا کا
دوعای من عومری تۆ بێ ئینتیها کا

بەرهەڵستنامەکەمی وەخراند، بەڵام تاکەبەیتەکەی پێگەیشتبوو، لە ساڵی 1968/10/28 نامەی بۆ ناردم، لە پاش دوعا و سەلام دەڵێ: «هەتا لەم ڕۆژانە وەرەقەیەکیان بۆ هێنام شعرێکتان بۆ تەمەندرێژیی من نووسیبوو، زۆر مەسروور بووم». منیش ئەم چەند شعرەم بۆ نووسی، هەرچەند جەسارەتە ئەمما گوتویانە «الجاهل جاسر» و لە دوای چەند شعرێک دوعام بۆ کردووی دوعای فاسق قبووڵ بێ هی «أفسقیش – ئەفسەقیش» هەر قبووڵە. پاش چەند بەیتێکی کە لە موناسەبەی دیکەدا بۆمی ناردبوو ئەمانە دێن:

خەیاڵم پەرتبوو بۆ تۆ سووبەسوو
دڵیش پێم ئەڵێ «ولاتیأسوا»

پیر و بێتاقەت قامەت چەماوە
جوزیادت موونیس لەلام نەماوە

بێپچڕانەوە ئەم ڕستەیە و شعرەکانی دوایەوە دەنووسێ و دەڵێ: «ئەمەش چەند شعرێکی تری دوعای ئەفسەقە ئینشائەڵا قبووڵ دەبێ»:

«قول أعوذ» هەردوو پارێزگارت بێ
بەرگی بەڵا و چاوەزارت بێ

«قول هو الله احد» یارت بێ
«الله الصمد» مەدەدکارت بێ

«انا فتحنا» بۆت بێ ئامادە
دەرگەی ڕەحمەتت بۆ بکا گوشادە

مەستی شەڕابی «الم نشرح» بی
دڵ پڕ زانین و سینە فەرەح بی

قەلعە و حەسارت «آیة الکرسی»
قووتی ڕووحت بێ قەت نەبی برسی

لە تینی تیشکی حادیسەی زەمان
شاپەڕی جیبریل بۆت بێ سایەبان

هاوڕێت لە ڕێگە ئیسمی ئەعزەم بێ
دڵی بێ کینەت دایم بێغەم بێ

ئینجا دەڵێ: «قوربان هەرچەند زۆرم مابوو نیهایەتی پێبێنم، وەک چاوەشی چاک، تازە سەرپیکم بۆ خۆش بووبوو ئەمما لەبەر ئەوە کە تۆ سەرت دەئێشا، ئینشائەڵا عومرم هێندە مابێ هەتا ئەمجارەش چاوم بە دەستخەتی ئێوە دەکەوێت...».

بەسەر ئیمزاکەیەوە ئەمەی نووسیوە:

ویستم بنووسم بۆ ئیمزا موخلیس
خامە ڕاستی کرد کە نووسیی موفلیس

ئەم برە شعرە لە لاپەڕە 257 ی بەرگی دووهەمی دیوانەکەی نووسراوە بێ ئەوەی بڵێ بۆ کێی بەڕێ کردووە، هەر دەڵێ: «دوعا و پارانەوەی خادیم بۆ هاوڕێیەکی». بەیتی دیکەش هەن خادیم لە موناسەبەدا یادی دۆستی دیکەی پێکردوونەوە وەک کە لە لاپەڕە 252 ی بەرگی دووهەمی دیوانەکەیدا بۆ ئەحمەد شوکری دەنووسێ.

نامەیەکی دیکەی لە 1969/7/11 بۆ ناردووم لە سەرەتاوە دوای سەلام و پێشدەستی دەنووسێ: «بەعزێ شەو لەگەل کاک بەکر حاکم و کاک حاجی قائیمقام باستان ئەکەین...» ئنجا دەڵێ: «لەم چەند ڕۆژانە جەنابی شێخ محەمەدی خاڵ قازیی پێشوو سووئالی لە بەندە کرد گوتی: ئەزانم مەلا محەمەدی کۆیی کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵایە، ئەمەوێ بە

تەحقیق بزانم هەتا سەر مەلا عومەر کە ئاخری هەموانە بزانم کامیان کوڕی کامیانە. منیش عەرزم کرد هەر ئەوەندە ئەزانم حاجی مەلا عەبدولّا کوری حاجی مەلا ئەسعەدە و ئەویش کوڕی مەلا عەبدورەحمانە لەوەش هەر موتەئەکید نیم. جا لام وایە ئەیەوێ بیکا بە ڕیسالەی جەلیزادەکان، زۆر حەز دەکەم ئەگەر تەفسیراتم بۆ بنووسی وەعدم پێداوە و ئەم شعرەشم بۆ نووسی ئینشائەللا هەر وایە:

دڵت ئاوێنەی ئەسراری نوور بێ
لە ژەنگ و تۆزی حادیسە دوور بێ

باقی باقی نەبێ هەرچی باقی تۆی نەوێ...

ئێستە لەبیرم نەماوە لە ئاست داخوازییەکەی چیم نووسیوە یان هەرچیم نەنووسیوە. لێرەدا دەڵێم: بنەچەکەی جەلیزادان ناچێتەوە سەر مەلا عومەر ڕەنگە عومەرناو لەو سیلسیلەیەدا هەر چنگ نەکەوێ. حاجی مەلا ئەسعەدیش کوڕی «واثق باللە مەلا عەبدولّای جەلیزادەیە کە دەکاتە عەبدولّای دووهەم. عەبدولّای سێهەم باپیرم کوڕی حاجی مەلا ئەسعەدە». مەلا عەبدورەحمانی کاکی جەلی باپیری حاجی مەلا ئەسعەدە و کوری مەلا عەبدولّای کاکی جەلییە کە عەبدولای یەکەمە. بەمیان ناگوترێ جەلیزادە وەک کە بە ئادەم ناگوترێ بنیادەم، چونکە مەلا عەبدولّای یەکەم زادەی جەلی نییە، خۆی یەکەم کەسە لەو بنەماڵەیە هاتۆتە جەلی. ئادەمیش کوڕی ئادەم نییە. جەنابی شێخی خاڵ ئەو ڕیسالەیەی نەنووسیوە چونکە لە مانگی یازدەهەمینی ساڵی 1968 سەردانێکم کرد لەگەڵ هاوڕێ مستەفا سالّح کەریم، یەکێک لە داخوازییەکانی شێخی خاڵ ئەوە بوو کە مێژووی جەلیزادان بنووسم، دیارە ئەگەر خۆی کردبایتی داواکەی نەدەکرد.

نامەی پێنجەمی خادیم لە ڕۆژی 1969/12/8 نووسراوە. ئەمەیان بریتی وەڵامێکە لە پرسەنامەیەکی من کە بۆ مەرگی خوشکەزای خۆی سەرەخۆشیم پێکردبوو لە عەبدولحەمیدی حاجی تۆفیق، کە خوارزایەتی و برای ئەم خاتوونەیە، خاڵ بە زاری خوارزاوە دەنووسێ تا لە کاخەزەکە دەبێتەوە، ئینجا لە دامەنی کاخەزەکە بە مائیلی سێ دێڕی خۆی بۆ نووسیوم دەڵێ: «سەروەرم زۆر عەرزی ئیحتیرام و سەلامم هەیە. مودەتێ بوو بە خزمەت نامەتان نەگەیشتبووم هەر وەتەماشاکردن و یادتان باری ناساغییەکەمی سووک کرد ئیتر هەر بژی بەخۆشی». دیارە مەبەستی ئەوەیە کە چاوی بە پرسەنامەکەی من و عەبدولحەمید حاجی تۆفیق کەوتووە. خادیم هیچ هۆیەکی موجامەلەی نەدەهیشتەوە بێ ئەوەی نەوازشتی دۆستی خۆی پێوە بکات. بەداخەوە لەو نامانەی بۆی ناردمن تەنیا ئەم پێنجەیان لە دەستی تەفروتوون بوون ڕزگار بوون. لەوانەی منیش بۆ ئەوم ناردوون تەنیا نوسخەی یەکێکیان هەڵگیراوە ئەویش نازانم چ ڕێکەوتێک وەهای کردووە نوسخەی لێ وەربگیرێ.

لایەنی شاعیرییەتیی حاجی میرزا سێ شەقڵی پێوە دیارە: یەکیان بەهرەی زەوقی ئەدەبی. دووهەمیان نەفەسدرێژی. سێهەمیان سۆزی عیشقێکی سووتێنەری نائومێدانە کە لە سەرەتای ژیانیدا مێشکۆڵەی ئێسکەکانی وە برژەبرژ هێناوە. ئەم سۆزە زۆر لە هەنیسکەکانیدا بە لای نموونە شعری هەرە سۆزناکەکانی شاعیرە مەشوورەکانی پێش خۆیدا دەباتەوە تا ئەوەی هەندێ جار بە «تضمین واقتباس» ڕستەی تەواو، هەندێ جاریش مصرەعی تەواویان لێ ڕادەگوێزێ بۆ نا و هەڵبەست، ئەمیش دیاردەیەکە لە ئاکارەکانی مرۆڤ کە لە غەمی غەمباردا لە دوو غەمدا دەژیت. یەکیان هی خۆی.

سەقافەتێکی حاجی میرزا هەیبوو وەک هەنگوینی هەنگ خۆی لە شەربەتی کتێبە ئەدەبییە کلاسیکییەکانی هەڵمشتبوو، کمێک نەبێ لە چەژی دەرسی مزگەوت کە ناوناوە لە شعرە دنیاییەکانیدا تام دەداتەوە. هەرچی شعری ئاینیی حاجی میرزایە یەکسەر لە عەقیدەوە هەڵدەقوڵێ و بۆ چەژی دەرس و دەور ناچێتەوە. بەڵای منەوە سوودی شاعریەتیی لەوەدابوو کە زۆر قوولّ نەبووبووەوە لە زانستەکانی سەردەم چونکە لە باریٚکدا نەبوو بەم زانستانە ببێتە مامۆستای زانکۆ و بەرهەمی کارەبایی و فەلەکی پێشکەش بە جیهان بکات، هەر ئەوەندەی سوود لێوەرگرتن کە سەکۆیەکی پەند و وەعزی تازەمۆدێل لەو زانستانەدا سازدات و خۆیانی پێ بکاتە پەندیار کە ئیتر نە تام لە شعریدا دەما نە کەسیش بەدوو وەعزەکانیدا دەچوو. بۆ ئەو بەس بوو کە مرۆیەکی ڕۆشنبیر و بەرژەوەندناسی میللەت و وەڵاتی خۆی و تێکڕای جیهانیش بوو، ئاکاریشی لە

خۆوە بەرەو مێرخاسیدا چووبوو، من و تۆیش سەدجاران بە پەرۆشتر شعرە عاتیفییەکانی دەخوێنینەوە لەوەی خۆی لێکردبایەنایە ئەفەندی و بە مەنتیق لە خشتەی بردباین. ماموّستا لەم مەیدانەدا زۆرن چ لزووم نەبوو بەوەی کە خادیم ژمارەیەکی لێزیاد بکردایە، ئەوساش ژمارەیەکی بە نرخ لە مریدەکانی جەزبەی سۆز و فرمێسک کەم دەبووەوە ئێمەی تێدا خەسارەکردوو دەبووین.

لە گیانی خادیم داوای لێبووردن دەکەم کە هاتم ئەم چەند دێڕانەی دواییم وەپاڵ یاداشتەکانی دا. ئینساف داوای دەکرد من تەراتێنە لەو مەیدانەدا نەکەم، بەڵام نییەتم پاکە و لەبەر تیشکی ئەودا چەند هەنگاوم بەم لایەدا هەڵهێنا.

کاک جەمال محەمەد، کە نازانم ئێستا لە کوێیە و لە چ باریٚکدایە، خزمەتی هەرەگەورەی بە گیانی خادیم و خادیمدۆستان ئەوەیە سەرگوزشتەی تەواوی ئەومان بۆ بگێڕێتەوە بە هەموو لایەکانییەوە. دەبێ بزانین ئەو عیشقەی میرزا چ کاریٚکی لە ڕەفتاری کرد، لەو دەمانەدا چەندی شیعر پێ هەڵبەست، کوا نموونەی؟ مەعشووقە چی لێ بەسەرهات؟ و چەندانی دیکە لە پرسیاری ئەوتۆیی بە دەوری تاکە ڕووداوی عیشق قوت دەبنەوە. ژیانی قەڵادزەی، پاشتر لە سلێمانی بە هەڵسوکەوتییەوە، بە جۆرێک کە ئەگەر تەئسیرێکی تێکردبێ بتوانین لە هەڵبەستەکانیدا بیدۆزینەوە... خولاسە، وەها خۆشە تامەزرۆییمان بشکێنێ، هەتا یادیشی کۆن نەبووە کارەکە ئاسانترە، کە دەورانی بە سەردا تێپەری دەبێتە تەیری هەڵفڕیو:

ئیستەکەش فرسەتە گەلی یاران
کەپەنک بۆچییە لە پاش باران

«...»

ڕۆشنبیری پێویستی بە کوردەغیرەتی نییە

هاوکاری، ژمارە 844، 1987

بەردەوامبوون لەسەر ڕەوشتی چاک پێبلەکەی بەرەژوورچوونە، بگرە لە بنەڕەتدا ئەم خووەی ئۆگرگرتن بەداوودەستوور بەلای چاکە و بەرژەوەندیی مرۆڤدا دەچێتەوە هەرچەند هەموو داوودەستوور چاکیش نین. بەرژەوەندەکە لەوەدایە کە گەلێک لە شیرازە پیرۆزەکانی کۆمەڵایەتیمان قەرزاری ئەو خووەیە، بە نموونە: ئۆگرگرتن بە خاک و تێکڕای پێکهێنەرەکانی سروشتی و مرۆیی لەو دەوروبەرەی تێیدا دەژین بنەمای هەستی نیشتیمانپەروەرییە. لە باری پێچەوانەدا کە هات مرۆ لە دەوروبەری منداڵیی خۆی دوور کەوتەوە و ماوەیەکی درێژ لێی دابڕا هەستی بزە و سۆزی بۆی دەیوێتەوە. بەکورتی، گیانی ئاشنادۆستی و دەماری کۆنەویستی (نەک کۆنەپەرستی) لە سەرجەمدا خزمەتگوزارن نەک بەدکار.

جاران، بەر لە سەدان ساڵ و هەتا سەردەمێک کە بە بیری زۆر کەس لە زیندووواندا دێتەوە، چەنگاڵ گیرکردن لە داوودەستوور و نەریت و بیروباوەڕ تا ڕادەی دەرویشایەتی هاندەری بەردەوامبوون و پەکخەری نوێکردنەوە بوو بە ئاسایی و بێ هەناسەسواربوونی کەس، چەرخی بەرەوپێشبوون و نوێخوازی تێدا تەنبەڵ دەکات هەر بەو پێیەش فرچکگرتن بە نەگۆڕاوی و یەکنەوایی شەقڵی خۆی لە ڕەفتار و ئاکار دەدات. 450 ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دۆزینەوەی گەڕانی زەوی بە دەوری ڕۆژدا هێشتان تەقەی ئوستورلابی کۆن لە سەری فەلەکناسەکانمان دەهات، جا ئەو کۆنە فەلەکناسانەش گەلێک بەرەوپێشبوون لە چاو زۆربەی هەرە هەرە زۆری میللەت کە پتر حەزی دەکرد زەوی تەخت بێت و شەیتان و جنۆکە ڕۆژ و مانگ تاریک بکەن. پارەداری زەمانی عوسمانلی دوای شەڕی یەکەم تێیاندا بوو پارەی کۆنی بە نوێ نەگۆڕییەوە هەتا ئیفلاسی کرد... بەینێکی درێژ سواربوونی گەڕۆک و بیستنی ڕادیۆ بە حەرام لە قەڵەم درا... ئەگەر ئەو زانین و دروستکردنانە لە هەناوی خۆمان ڕسکابانایە هەڵبەت هێندەیان بەربەرەکانی لەگەڵدا نەدەکرا.

نوێخوازەکانمان بەر لەوەی قووڵیش ببنەوە لە زانست و سەقافەتی سەردەم، بە زووییی، پشت لە کۆنینە ڕاوەستان و چاکیشیان کرد هەرچەند لە هەندێ ڕووەوە پەلە و لە هەندێ بۆچووندا هەڵەیان کرد بەڵام وا پێ دەچێ پەلە و هەڵە باجێکە، نوێبوونەوە لە مرۆی دەستێنێ.

دژوەستان لە ئاست گیانی داوەستاوی کۆنەخوازی کارێکی ڕەوایە، لە ڕەواش بەولاوە پێویستە: ئێمە کە هێندە بە ئینساف بین لەگەڵ کۆنینە مافی لەسەرخۆکردنەوە و بەردەوامبوونی عادەتیی لێ بسەلمێنین دەبێ هەر نەبێ هەمان ئینساف لەگەڵ نوێخوازیش بەکاربهێنین و چاو بپۆشین لە ورده تیژڕۆیی و کەمسەبرییەکی کە لە هەوڵی نوێکردنەوەدا پێوەی دیار دەبێ چونکە هەروەک کۆنەخواز بە سروشتی مەیلەکەی بۆ وەستان و وەستاندن تێ دەنووسێ بەرەو پێشەوە.

بەرەوپێشچوونی ڕاست و دروست بە زیادەوە مافی چاولێپۆشینی بەسەرمانەوەیە. لەم قسانەدا شتێکم گوتووە ڕەنگە دەمەتەقە لە نوێخوازەوە هەڵنەگرێت بەڵام هەر ئێستە دەگەمە خز و خلیسکی ئەوتۆ دووچاری وێککەتنەوەم دەکات لەگەڵ نوێخوازدا.

ڕۆشنبیری نوێخواز ناشێ لە شەقامەڕێی خۆیدا ببێتەوە بە کۆنەخواز. ناشێ دەق بە شتێکی تازەبابەتەوە بگرێت و چنگاڵی لێ گیر بکات وەک کە فەلەکناس چەنگاڵی لە خولانەوەی ڕۆژ گیر دەکرد. سووربوون لەسەر بیروباوەڕێک و قەناعەتێک کە گومانی تێکەڵ دەبێت بەلای کۆنەخوازیدا دەچێتەوە چونکە گومان پەیدابوون بەسە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر بهاوێتە سەر کنەکردن لە بنەمای ئەو گومانە، ئاخۆ لێ پەیدا دەبێ. کە هات و گومانەکە بەلای چەسپانەوە بۆوە ئەوسا سووربوون لەسەر هەڵەی کۆن سنووری کۆنەخوازی تێ دەپەڕێنێت و دەبێتە کوردەغیرەتی و هۆی وەستاندن. بگرە پاشەکشەش.

چی لەم گوتارەدا بە بەرچاوی خۆمەوەم گرتووە چەند خاڵێکە لە هیچییاندا هەستیاری (حساسیة) نازێتەوە چونکە بابەتی ئەوتۆن بەهەر لایەکدا بکەون چ حیسابێکی بنەڕەتی لە کەس هەڵناوەشێننەوە بەڵام دەشێ سەلماندنیان لەلایەن نوێخوازەوە ببێتە ڕێباز بۆ سەلماندنی شتی ئەوتۆیی لە دواڕۆژدا. بەهەمەحاڵ کوردەغیرەتی لە نوێخواز ناوەشێتەوە.

لە پێشەوە کێشەی ساڵی بوون و مردنی نالی دەخەمە ڕوو کە دەنووسرا لە 1800 ز بووە و لە 1856 مردووە، مامۆستا سەجادیش دەیگوت لە 1779 بووە.

ئەم دوو ساڵەی هاتن و چوونی بێ بەڵگە و بێ لێکدانەوە و بێ سەرچاوە و بێ بەراوردکردن لەگەڵ داخوازیی حاڵ، وەکوو نیرای عاسمان نەقشی لە دڵاندا بەست، هەرچی هات لەو کانیاوەی خواردەوە و پێی مەست بوو.

عەجەب و سەد عەجەب لە بێدەنگیی نووسەرانی نەوباوی نوێخواز لە خەبەرێکی بێ ئەسەری بێ سەروشوێنی بێ بەڵگە کە دەزانین نوێخوازانی دوای شەڕی گەورەی دووهەم گومانیان خستە بەدیهییەکانی کۆنیشەوە. بەڕێکەوت من حیکایەتی نوێم لابوو لەم مەسەلەیەدا، وا بوو لە حەفتەکاندا کە لە کۆڕی زانیاری کورددا ئەندام بووم بە خوێنەری کوردم ڕاگەیاند کە حاجی مەلا عەبدوڵای باپیرم لە ساڵی 1288 ک کە دەوەستێتە بەرانبەر 1871 و 1872 لە سەفەری حەجی بۆ مەکە «نالی»ی دیتووە. ئەما بە پیری و زۆریش بە پیری. بەدوا شایەدیی باپیرمدا لێکۆڵینەوەشم لە هێمای شیعرەکانی نالی کرد کە تەمەنێکی هەڵکشاوتر لە 56 ساڵ ڕادەگەیەنن. ئەم حیکایەتانەی من هەر ئەوەندەی لێ کەوتەوە کە کاکە فاتیحی مەلای مودەڕیس لە پێشەکیی کتێبە بەنرخەکەی «دیوانی نالی - لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، 1976» بە گەرمی لایەنی ڕایەکە و خەبەردانەکەمی گرت، خەڵقی دیکە هەر لەسەر ڕچەی بێ سەروسۆراغی کۆنینە بەردەوام بوون. خوا و ڕاستان مامۆستا حەمەبۆر لە ژمارەکانی 695، 696 و 697 هی مانگی حەفت و هەشتی ساڵی 1983 دا گوتارێکی بایەخداری ڕوونکەرەوەی لەم بابەتەوە نووسی کە لە کەشکۆڵی عەلی ئاغای نەفتچیی هەڵێنجا بوو، مەرگی نالیی دەبردەوە بۆ ساڵی 1289 ک کە دەوەستێتە بەرانبەر 1872 و 1873 ز.

لێرەدا پێویستە بڵێم ئاغا لە نێوان ساڵانی 1269 و 1313 ک ئەم کەشکۆڵەی لە گەشتی نێوان کەرکووک و کۆیە و سلێمانی کۆکردۆتەوە کە گرینگییەکەی لەوەدایە بۆچوونەکەی لە وەختێکدا کردووە چەند ساڵێک بەسەر مردنی نالیدا تێپەڕی کردووە، واتە بەلای ئەوەوە ساڵی 1289 زۆر لەبار بووە چونکە لەو دەمانەدا ئەو ساڵە ڕێک هاتووە لەگەڵ ئاگەداریی خۆی دەربارەی مەرگی نالی. ئەگەر نالی لە 1273 ک مردبایە عەلی ئاغا بیری لەوە نەدەکردەوە لە ڕێی حیسابی ئەبجەدەوە ساڵی 1289 نامزەد بکا بۆ مەرگی نالی، ئەوساش جارێ نە «عەلی موقبیل» و نە کەسی دیکەش پەیدا بووبوون بە هەڵە مەرگی نالی بە ساڵی 1273 ببەخشن و عەلی ئاغای نەفتچی بیەخنە گومانەوە، کە دەزانم لە جیاتی ئەوەی بکەوێتە گومانەوە دەستەیەخەیان دەبوو. مامۆستا حەمەبۆریش بەم بەڵگەیەی لێکدانەوەکانی ئاغای نەفتچی پشتگیریی لە ڕایەکەی من کردبوو.

ماڵی ئاوا بێ. دەبێ ئەمەش بڵێم کە من گوتوومە باپیرم لە 1288 ک نالی لە مەککە دیتووە قسەکەم لەوە دێت کە ئەو لەگەڵ باوکی، حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە. سەفەری حەجی کردووە بۆ مەکە لە ساڵی 1288. دیارە حەجەکە لە «ذو الحجة»ی ئەو ساڵەدا بووە. بەڵام باپیرم لە خزمەت باوکیدا ماوەتەوە هەتا ئەو ساڵە بەسەرچووە و دوای مەحەڕەمی 1289 ش نالیی بە زیندوویەتی دیتووە و لە مەککە بەجێی هێشتووە.

ئەمانە بەجێی خۆیان. لە بەرەو کۆتایی ساڵی 1986 مامۆستا عەبدوڵا حەداد کە لە پاریس خەریکی تەواوکردنی خوێندنی بەرزە و سەردانێکی نیشتیمانی کرد و بە خەڵقی ڕاگەیاند کە لە کتێبێکی تورکیدا خوێندووەتیەوە، نووسەری کتێب دەڵێ لە ساڵی 1290 ک نالی لە ئەستەمبوڵ مردووە و خۆی بەشداریی کردووە لە مەراسیمی ناشتن. من دیدەنیم بوو لەگەڵ مامۆستا حەدادا، تومەز گوتارێکیشی لەم بابەتەوە بۆ دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ناردووە بەڵام لە پۆستە تێچووە. خەبەریشم پێ درا کە مامۆستا حەداد لە تەلەڤیزۆنی کەرکووک دووانێکی بووە ئەم ڕاستییەی تێدا دەربڕیوە.

ئەم دۆزینەوەیە لێکدانەوەکەی عەلی ئاغای نەفتچی گەلێک لە ڕاستی نزیک دەکاتەوە، بۆ ئەویش کە لە دووڕەوە خەبەری مەرگی نالی وەرگرتووە، کۆتایی 1289 و سەرەتای 1290 تێک دەکەنەوە.

وابزانم تازە کەس مافی ئەوەی نەما بە کوردەغیرەتی و کوتەکم حەقی چن و سووربوون لەسەر زۆرەملێ بینەقاقەی ساڵی 1856 ی زاینی و 1273 ی کۆچی بگرێت بە نامزەدی مێژووی مەرگی نالی، خۆ لە ئیمکاندا نییە نالی خۆی یان کەسێکی هاوکاتی خۆی بژێتەوە و شایەدیمان بۆ بدات. ئەوەی ڕاستی بێ کەسێکی بییەوێ پێ داگرێ لەسەر هەڵە، بەتایبەتی لە

نێوان ئێمەماناندا، کە بڕشتی سەقافیمان لەمپەر نایەخێتە بەر هەنگاوی هەڵە کردوو، دەتوانی بڵێت و بنووسێت هەر دەبێ نالی لە 1856 مردبێت. نووسینەکەشی بۆ بڵاو دەکرێتەوە چونکە چاپکراو و چاپکەر پێی عەیبدار نابێت.

بگەڕێمەوە بۆ لێکدانەوەکەی عەلی ئاغای نەفتچی و هێمایەکی لێ وەربگرم کە بەکەڵکی ئەم نووسینە دێت.

من ئەو ژمارانەی 695، 696 و 697ی «هاوکاری»ـم لە بەردەستدا نییە. بە تەلەفۆن لە بەیانییەکەی ڕۆژی 1987/1/10 لە مامۆستا حەمەبۆرم زانی کە عەلی ئاغا بۆ ئەوە چووە کە حاجی قادری کۆیی لەو پەڕە شیعرەی کە بە «شەهسواری بەلاغەتی کوردان...» دەست پێ دەکات مەبەستی لە نیوە دێڕی «اسمی صاحبقران خاص اوە» دەرهێنانی مێژووی مەرگی موستەفا بەگی کوردییە و 1276 دەگرێتەوە. دواتر کە دەڵێ: «ئەو کە نۆشی شەرابێکی تاڵی ـ نالّی لەو عەسرەدا بووە تالی» وشەی «بووە» کە 13 دەگرێتەوە بەحیسابی ئەبجەد دەخرێتە سەر 1276 و مێژووی مەرگی نالی پێ دەدرێت. دیارە بەم حیسابە سالّی 1289 دەست دەکەوێ.

من وەهای بۆ دەچم عەلی ئاغا نەهاتووە لە سەرەتاوە بە وردبوونەوە لە واتا و هێمای شێعرەکان ژمارەی 1276 و 13 ی دۆزیبێتەوە و مێژووی مەرگی ئەو دوو شاعیرەی لێوە وەرگرتبن. عەلی ئاغا لە سەرەتاوە زانیوەتی نالی لە دەوروبەری 1289 مردووە چونکە خۆی لەو سالّەدا بەرحەیات و شیعردۆست بووە تا ئەوەی دوای حەوت سالّ کەوتووەتە سەر کۆکردنەوەی کەشکۆڵ ئیتر خەریک بووە بە وردبوونەوەی دواکاتەوە دوو ژمارەکەی هەڵناوە تەنانەت بۆ ئەوەی لە نیوە دێڕەکەی «اسمی صاحب قران خاص اوە» سالّی 1276 هەڵستێ ئەو «ی»ی ئیزافەی بە وشەی «اسم»ـەوە ناوە کەچی لە وشەی «خاص»ی ستاندۆتەوە کە ئەویش دەبوو بەپێی دەستووری اضافە «ی» بەدوادا هاتبایە. ئەوساش ژمارەکە دەبوو 1299 و کەڵکی پێوە نەدەما. خۆ ئەگەر بگوترێ چ زوو لە بیری چوو نالی لە 1290 مردووە نەک 1289: دەڵێم من و تۆش لە ماوەی 4 سالّ و 6 سالّدا تووشی لەبیرچوونەوە دەبین.

دەسا بەر لەوەی مامۆستا حەمەبۆر پێم بڵێ گوتارەکەی هاوکاری لە 1983 دەرچووە لە بیرم نەما بوو کەی دەرچووە هەرچەند خۆی نوسخەی دابووم.

ئەم هەڵسەنگاندنەی بۆچوونی عەلی ئاغا جارێکی دیکەش یارمەتیی دەدا لەوەدا کە نالی لە دەوروبەری 1290 مردووە هەرچەند دوای دۆزینەوەی ئەو کتێبە تورکییە پێویست بە لێکدانەوە و دەلالەت وەرگرتن نەماوە.

کێشەی «بەروار» کەوا گەلێک لە نووسەران بە هاوواتای date ی ئینگلیزیی دەزانن وەک کە دەنووسن: ڕۆژی پێنجشەمۆ بەرواری 18ی مانگ... ئا ئەم کێشەیەش هەتا ئێستا بە تۆندی هەناسە هەڵدێنێ، تا ئەوەی بەر لە یەک دوو حەفتە نامەی ناسیاوێکم پێگەیشت زۆر بە ڕاشکاوی «بەروار»ی تێدا نەخشبەست کردبوو.

بەش بەحاڵی خۆم دەمێکە بە خەڵقم ڕاگەیاندووە، ئەم وشەیە چ پەیوەندیی بەو واتایەوە نییە وا لێرەشدا حکایەتەکەی دووبارە دەکەمەوە:

برادەرانی مەهابادی کە بەشداریی شۆڕشەکەی قازی بوون گێڕایانەوە کە لە دەمی جمهوریەتی مەهابادا نامەیەکیان لە عێراقەوە بۆ هات لە کۆتاییدا نووسرا بوو «بەرواری 94/4/7...» تومەز لە «بەرواری بالّا»وە نووسرا بوو برادەرانی مەهابەدی وەیانزابیبوو کە «بەروار» بە واتای مێژووی نووسینی نامەکەیە، ئەو «ی»ـەی کۆتاییشی هی اضافەیە وەک کە بڵێی ڕۆژی 7/15/ ... لەو ڕۆژەوە ئەم وشەیە وەکوو دانەگەوهەرێکی بەنرخ چووە فەرهەنگمانەوە. تۆ سەیری، ڕێکەوت چۆن وەهای کرد نووسەری ئەو نامەیە نەهات تەواوی ناوی «بەرواری بالّا» بنووسێت و ئەو کێشەیەمان بۆ نەنێتەوە. لە موناسەبەدا دەڵێم، منداڵێک دەگریا خوشکی گەورەشی بۆ ژیرکردنەوەی بانگی کرد، وەرە کنم شتەکت بدەمێ منداڵەکەش گریانەکەی بڕییەوە پرسی چم دەدەیێ ئەویش هەر بە زمانی کۆیێ گوتی «چی کووت دەوێ» واتە «چی چۆنت دەوێ» منداڵەکە وەهای زانی «چی کوو» شتێکە و ئەو نەیبیستووە، دایەوە گریان و گوتی «چی کووم دەوێ، چێ کووم دەوێ...» ئێمە کە منداڵ نین نابێ «بەروار»مان بوێت، چونکە خەت و سەوادیشمان هەیە دەبێ واز لە نووسینی بهێنین.

لە باسی «ڕاناو» دریژە هەیە ئێرە جێی نییە، من تەنها لە یەک دوو خاڵەوە بۆی دەچم. لە حەفتاکاندا بە دریژی لەسەر ڕاناوم نووسی و چەند جارێکیش بۆی گەڕامەوە تا ئەوەی مەتەڵی ئەم دوو چۆرە جێگۆرکێی سیفەتی ڕاناوی کارا و بەرکار کە لەم دوو ڕستەیەدا دەردەکەوێت بابەتی بەشێکی یەک لە نووسینەکانم بوو. ڕستەکان ئەمانەن:

- دەتدیتم
- دەتبینم

لە ڕستەی سەرەوەدا ڕاناوی کەسی دووەمی تاک «ت» کارایە و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک «م» بەرکارە. لە ڕستەی دووەمدا بێ ئەوەی ڕاناوەکان ڕابگوێزرێن ئەوەی کارایە بووەتە بەرکار ئەوەی بەرکارە بووەتە کارا... زمانزانەکان ئەگەر هەموشیان نەبن بەشێکی زۆریان وەها دادەنێن کە ئەو «ت»ـەی کۆتایی فیعلی وەک «دەچێت، دەکات و دەژێت» ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە. لە ڕوونکردنەوەدا نووسیم، ئەگەر ڕاناو بایە دەبوو ئەویش وەکوو ڕاناوەکانی دیکە بووبایە مەفعوول. لەوەش زیاتر: ئەگەر ڕاناو بێ لە ڕیی قیاسەوە دیارە مادەم لە «دەچێت، دەڵێت و دەبێت»ـدا ئەو «ت»ـەی کۆتایی فیعلەکان ڕاناو بێ لە فیعلی «چووبێت، هاتبێت و نووستبێت»ـیشدا هەر ڕاناوە. ئنجا کە ئەمە وەها بێت ئەدی چی بڵێین لە «چووبێتم، چووبێتین، نووستبێتین و هاتبێتین...»؟ تۆ بڵێیت ژیربێژی (گوتەن = منطق) لێمان بسەلمێنێت یەک فیعل ڕاناوێکی کەسی سێهەمی تاک و یەکێکی کەسی یەکەم و دووهەمی هەبێت؟ لەم نموونانەدا فیعلەکان هەموویان تێنەپەڕن. نموونەی فیعلی تێپەڕی وەکوو «کردن و بردن...» دەشی بکرێتە «کردبێتی ــ بردبێتی...» کە لەواندا دوو ڕاناوی کەسی سێهەمی تاک لە یەک فیعلدا بەدوا یەکدیدا دێن جگە لەوەی کە گوترا «کردبێتم، بردبێتیان، خواردبێتمان، دیبێتیان و بواردبێتت» لە هەمووواندا دوو فاعیلی «ڕاناوی» کۆ دەبنەوە کە شتی ئەوتۆیی لە کدووڵەی تەڕیشدا نەبیستراوە و نەدیتراوە و بە خەون و خەیاڵدا نەهاتووە. لەمەوە هێندەی تیشکی ڕۆژ ئاشکرایە ئەم «ت»ـی کۆتایی فیعلەکان زیادەیەکی گەردانی «تصریفی»ـیە بێ زیاد و کەم، لە زۆردا لەهجەشدا تێ دەبردرێ و گۆ ناکرێت وەک کە دەڵێی «دەخوا، دەڕوا و دەچێ... هتد». هەر خۆم تازە نووسیم «دەڵێی» لە جیاتی «دەڵێیت»: نەشمنووسی «تێ دەبردرێت».

وا بزانم بەڵگەیە بەهێزتر بۆ هیچ شتێک پێویست نییە، جا ئەگەر نەسەلمێندرێ هەر دەبێ کوردەغیرەتی هۆی نەسەلماندن بێت. لەلای هەندێ نووسراوە لە فیعلی وەکو «بدە، بکە و ببە»دا ئەم دەنگی کۆتایی فیعلەکان کە شکڵی «ە»ی بۆ دادەنێین ڕاناوی کەسی دووهەمی تاکە. ئەگەر وەها بێ ئەدی لە «بکەم، بدەم، بدەیت، بکەیت، بکەین و بدەن...»دا چۆناوچۆنی ڕاناوێک دەردەچێ؟ لێرەشدا دوو ڕاناوی لە یەکتر جودا بۆ دوو کەس لە یەکتر جودا کۆ دەبنەوە وەیا دوو ڕاناوی یەک تاکەکەس لە فیعلێکدا دەردەکەون.

ئەگەر کوردەغیرەتی لە بەیندا نەبێ چ ڕێگەی پێگیری لە پێش کەس نامێنێتەوە دەبینین لە «ببە»دا نەشیا بڵێین «ببەم، ببەین و ببەیت» تومەز گەردانی فیعل جارێکیان ئەم بزوێنەی «ە»ی هێڵایەوە و جارێکیشیان تێی برد. مەسەلەکە دەچێتەوە بۆ قاڵبی «گەردان» کە هەر جارە بەپێی هەڵکەوت دەگۆڕێ و هیچ دەخلێکی بەسەر ڕاناووونی ئەم بزوێنەوە نییە.

کەسی سێیەمی تاک لە ڕابردووی فیعلی تێنەپەڕدا دەرناکەوێت. لە ئایندەدا هەر بەجارێ ڕێی دەرکەوتنی نامێنی چونکە ڕاناوی کەسەکانی یەکەم و دووهەمی تاک و کۆ و کەسی سێهەمی کۆ کە لە ڕابردووی تێپەڕدا «م - مان، ت - تان، ی - یان»ـە لە ئایندەدا وەکوو ڕاناوی فعلی تێنەپەڕی لێ بەسەر دێت کە لە ڕابردوو و ئایندەدا «ین، یت، ن»ـە.

ئنجا کە ڕاناوی بەهێز لە ئایندەدا بێهێز بێت چۆن فیعلی وەکوو «ڕۆیی ـ هات» کە ڕاناوی نییە لە ئایندەدا لێی دەڕسکێت. ڕێژەی ئەمری کەسی یەکەمی تاکیش چونکە کەسەکە لە ڕووداید لزووم بە ڕاناو نەماوە هەتا لەلایەن ژمارەی تاک و کۆی کەسی دووهەمەوە پێویست بە ڕاناو پەیدا دەبێ ئەوساش ڕاناوی بێهێزی بۆ بەکار دێت. کە فیعلەکە بوو بە ئیلیزامی و گوترا «بکەیت» و لە ئەمری سەریح دەرچوو ئەوسا ڕاناو پەیدا دەبێت، کە «یت»ـە.

لزووم نەبوون بۆ دەرکەوتنی ڕاناو باری دیکەشی هەیە، کە دەڵێی: خواردم، دیتم، بیستم، کردتان، بڕیمان و گوتت، لە خۆوە دیارە بەرکاری ئەم فیعلانە تاکی سێهەمە چونکە ئەگەر بەرکار شتێکی دیکە بووایە دەبوو دەرکەوێت.

ئەم ڕاستییە زۆر بەسەیری وەها دەکات هێندێ زمانزان بۆ ئەوە بچن کە لە فیعلی «خواردی، کردی و بردی...»دا ئەم «ی»ـە مەفعوول بێت جونکە هەبوونی مەفعوول لە شکڵی کەسی تاکی سێهەم یەکسەر بە بیردا دێت، ئینجا کە ئەم «ی»ـە دەرکەوت خێرا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە مەفعوول بێت. بۆ پتر ڕوونکردنەوە سەیری نموونەیەکی دیکە بکە. کە دەڵێی: «دەی دیت»، ئەگەر ئاگەداری خۆت نەبیت یەکسەر ئەو «ی»ـەی دوای «دە» بە مەفعوولی بێ دەمەتەقە دادەنێیت بەڵام لەگەڵ نموونەی وەکوو: «دەی دیتم» خێرا بۆچوونەکەی هەوەڵ جار دەپووچێتەوە هەرەها کە دەڵێی: «دەم دیت»، لێت مەعلووم دەبێ کەسی سێیەمی تاک لە شکڵی ڕاناودا کە دەرنەکەوتووە مەفعوولە، ئەگەر ڕاناوێکی دیکە بایە دەردەکەوت وەک: دەم دیتن، دەم دیتیت.

دیتوومە نووسراوە کە ڕاناوی لکاو لە کوردیدا نییە گۆیا ئەوەی بە ڕاناوی نەلکاو دادەندرێت شتێکە وەکو verb to be لە ئینگلیزیدا، لەم گوتەیەشدا پتر ڕاناوی لکاوی بێهێز مەبەستە وەک: نوستن، چوون، هاتیت، ئێمە کوردین، دەبینین و دەخۆن.

لەبارەی ڕاناوبوونی ئەوانەی کە لەم فیعلانە دەردەکەون: دیتمان، خواردتان، بردییان، کردت، بیستم، هێنای، ئەوە بەسە کە دەبنە «مضاف الیه» وەک: براتان، دەستمان، خزمم، مااڵیان، هاوتات و باوکی. دەشبنە بەرکار (مفعول) وەک: دیتمانی (دیتینی)، دەتانناسم، دەمگرن، دەتئاخێووم، دەیگێڕین و دەیانکێشین. کەواتە گومان نییە لەوەدا کە ڕاناوی لکاوی بەهێز هەیە و جێی دەمەتەقە نییە، دەمێنێتەوە لکاوی بێهێز.

بۆ بە تاقیکردنەوەیان نایەین لەگەڵ فیعلی ڕابردوودا بیانهێنین چونکە لەگەڵ ئەو فیعلەدا گومانی ڕاناونەبوونیان لێ دەکرێت، لەبەر هەمان سەبەبیش نەهاتم لکاوی بەهێز لەگەڵ فیعلی ڕابردوودا بهێنم تەنها لە نموونەی یەکەم نەبێ. ڕاناوی لکاوی بێهێز ناتوانێ ببێتە «مضاف إلیه». بەڵام دەبێتە بەرکار (مفعول) وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- دیتینی - ئەو ئێمەی دیت (ین، مفعوولە).
- دەم ویستن - من ئێوە وەیا ئەوانم دەویست (ن، مەفعوولە).
- هەڵیان بژاردیت - ئەوان تۆیان هەڵبژارد (یت، مەفعوولە).

پێشتر گوتم کەسی سێهەمی تاک بە مەفعوول لەم شوێنانەدا دەرناکەوێ هەرچی کەسی یەکەمی تاکە لە هەردوو حاڵی بەهێزی و بێهێزیدا هەریەک فۆرمی «م»ی هەیە وەک:

- دەم بینێ، دەیدیتم (دەیدیتین و دەیدیتیت...)

ئەم ڕاناوانەی لە ڕستەی بێ فیعلی ئاشکراش دێن. دیارە ڕستەی ئەوتۆیی بەناچاری داوای ڕاناوی بێهێز دەکات چونکە ڕاناوی بەهێز هەر لەگەڵ تێپەڕدا دێت، ئەویش لە ڕابردوودا. ئەمانە نموونەی ڕستەی بێ فیعلن:

- من ئازام، تۆ ڕاستگۆیت، ئێمە کوردین، ئەوان - ئێوە کورتن.

کە دەگوترێ «ئەو کورتە» ڕاناوی کەسی سێهەمی تاک دەرنەکەوتووە، ئەوەی لە کۆتایی ڕستەکەدایە پاشماوەی verb to be کۆنە. لە هەندێ لەهجەدا دەگوترێ: «کورتەس». بگەڕێیتەوە بۆ پتر لە دووهەزار ساڵ ئەم فیعلی هەبوونە ڕابردووشی هەبوو. ئێستە لە فارسیدا «است» بەکار دێت لەگەڵ ڕاناوەکان وەک: مرداستم، بالاستی، خوب، استیم... هتد.

هەروەها بێ ئەو «است»ـەش ڕستە دروست دەبێ وەک: خوبم، خوبی، خوبیم، خوبند، خوبید. تەنها لەگەڵ کەسی سێهەمی تاکدا دەبێ است ـ هست بەکار بێت.

من لە نووسینی کۆنمدا ئەم بزوێنەی «بااڵت ڕاستە»ی کۆتایی «ڕاست»ـەکەم بە ڕاناو دادەنا، لەمەدا سەهوو بووم تومەز لێرەشدا ڕاناوی کەسی سێهەمی تاک جێی دەرکەوتنی نییە هەروەک لە فیعلی تێنەپەڕدا نەیبوو. فیعلی بوون لەم ڕستانەدا سوواوە چی ماوەتەوە ڕاناوە جگە لە کەسی سێهەمی تاک.

ڕاستییەکەی دەبوو بۆ مەفهووومی «فعل ـ کار» وشەیەک دابنرێ نەک تەنها کردن و ڕوودان بگرێتەوە بەڵکو ئەوەی ڕوودان و کردنیشی تێدا نییە وەک «دارا مەردە» ئەویشی بەر بکەوێت... لەم تەرزە ڕستانەدا گەلێک جار «کات»یش مەبەست نییە: تۆ کە دەڵێی: «بەفر ساردە» ناتەوێ بڵێی ئێستە سارد بوو، سبەی سارد دەبێ. تۆ دەتەوێ ڕاستییەکی «مطلق» دەربببڕیت کەوا نە ڕوودان نە کات، هیچیانی تێدا نییە. لە ئاست زاراوەی verb تێبینیم هەیە چونکە لە قامووسەکانی من دیتوومن نەنووسراوە واتای وشەکە لە دەرەوەی ڕێزمان چی دەگەیەنێ.

کە وردتر بپێوین تاقمی «افعال المطاوعة»ی کە من لە کوردی «کاری ڕوودان»یان پێ دەڵێم لەوانەشدا «کردن» پەیدا نییە. بە نموونە، کە دەڵێی «دیوارەکە ڕما» دیواری بەستەزمان هیچی نەکردووە، بێ ئەوەی ویستبێتی ڕوودانی «ڕمان»ی بەسەردا هاتووە. ئەم تاقمە وەکو تاقمی کاری کارا نادیار (مبني للمجهول) خۆ دەنوێنن لە ڕووی دەوری کارا (فاعل) تێناندا کە هیچ لایەنی ئیجابیەتی تێدا نییە: لە ڕستەی «دارا دیترا»دا دارا چەند ماندوو بووە، کە گوترا «دارا کەوت، پووش سووتا» لەوێشدا دارا و پووش هەر هەندە ماندوو بوون، کە دەکا هیچ. هەر بۆیەیشە ڕێژەی کاری ڕوودان بەزۆری وەک ڕێژەی کارا نادیارە، گەردانیشیان یەک جۆرە وەک:

- سووتا - دەسوتێ - دەسوتێم
- ڕما - دەڕمێ - دەڕمێم
- پسا - دەپسێ - دەپسێم
- دیترا - دەدیترێ - دەدیترێم
- خورا - دەخورێ - دەخورێم.
- کێڵرا - دەکێڵرێ - دەکێڵرێین

... هتد

بێینە سەروکاری ئەم زاراوەیەی مامە «ڕاناو» کە لەسەریشم نووسیوە و لێرەشدا بۆ ئەو و زاراوەیەکی دیکەش دەگێڕمەوە.

وەک دەزانیت و دەزانم مەبەس لە وشەی ڕاناو ئەوەیە واتای وشەی pronoun بەدەستەوە بدات، واتە وشەیەک بێت لە تاقمی «ناو» حیساب بکرێت... هەر بەم مەبەستە بوو، هێندێ زانای زمانی «بۆناو، جێناو»یان لە بری «ضمیر ـ pronoun» دانا.

ئەم دارشتنەی «ڕاناو» کە بریتی بێ لە «ڕا + ناو» بە هیچ مەزهەبێکی ڕێزمانی کوردی ڕەوا نییە چونکە وەک چەند جارێک لێرە بەپێشەوە گوتوومە، ئەگەر ئەم «ڕا»یەی بەرایی وشەکە پێشگرەکەی «ڕاخورین، ڕاپسکووتن و ڕاکێشان...» بێت دیارە هەر دەچێتە پێش کار (فعل) و ناشێ بە هیچ جۆرێک بخرێتە بەرایی ناو و غەیری ناویش. ئەگەر کورتکراوەی «ئەڕا» بێ بە واتای «بۆ، لەبۆ» دەبوو هەر نەبێ بگوترێ «ڕای ناو». بەهەمەحاڵ «ئەڕای ناو، ڕای ناو» هەردوویان ناقۆاڵن بەاڵم هێندەی پێشگری «ڕا» بێجێ نین. بە کورتی ئەم زاراوەیە نالەبارترین دروشمە بۆ زمانناسی کە بیکا بە عینوانی زانستەکەی مەگەر هەر زاراوەی «فرمان» لەو نالەبارتر بێت کە نەختێکی دیکە لێی دەدوێم.

لەم «ڕاناو»ـەدا سەیرێکی دیکە هەیە لێبێدەنگبوونی دەبێتە بێتاگایی: ئەو زمانناسانەی لە بری «ضمیر ـ pronoun» هاتن «ڕاناو، بۆناو، جێناو»یان ڕەچاو کرد، ویستیان خۆیان لە «ضمیر» بدزنەوە بۆ زاراوەی pronoun گۆیا ئەمیان لەگەڵ کوردی ڕێک دێت. کە ئەمەیان کرد چۆناوچۆنی هاتن بایاندایەوە سەر عەرەبی و دەقاودەق «متصل و غیرمتصل "منفصل"»یان لێ خواستەوە بۆ ڕاناوی «لکاو و نەلکاو»؟ ڕاستییەکەی ئەم لکاو و نەلکاوە هەرچی دەوری ڕاناوەکە هەیە لە زمانی کوردیدا پێشێل دەکات چونکە ڕاناوی لکاو شیرازەهۆنی ڕستەی کوردییە تا ئەوەی لە ڕابردووی کەسی سێهەمی تاکی کاری تێنەپەڕ و لە ئەمری کەسی دووهەمی تاک بترازێیت ڕستەی تەواو لە کوردی پەیدا نابێ بێ ڕاناوی لکاو، قسەش لێرەدا لەگەڵ لەهجەی کرمانجیی سەروو نییە کە لە بابەتی ڕاناودا ئەو لەهجەیە تۆژینەوەی خۆی هەیە.

هەرچی لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ «جملة اسمیة» لە کوردیدا ڕاناوی لکاو جێی کاری هەبوونی تێدا گرتۆتەوە واتە verb to be لە ڕستەی کوردیدا سواوە و ماوەتەوە ڕاناوەکە (جگە لە کەسی سێهەمی تاک کە گوتم پاشماوەی ئەو کاری هەبوونی پاراستووە) خۆ دەزانین کە هەرچی فیعل هەیە بێ لەو دوو ڕێژەیەی باس کراوە بێ ڕاناوی لکاو نایەن. من ئەم لایەنەم لە دەمێکەوە ڕەچاو کردووە تا ئەوەی لە حەفتەکاندا زاراوەی «ڕاناوی مەند» بۆ «نەلکاو» و «ڕاناوی چالاک»م بۆ «لکاو» پێشنیاز کرد ئێستەش هەر وەها دەکەم هەرچەند دەزانم کەس بەدوا قسەمدا نایەت. چ بڵێیت «ئادەمی گیانلەبەرێکە دوو چاوی هەیە» و چ بڵێیت «ڕاناوی لکاو و نەلکاو» هاتوویت وەسفێکت بەکار هێناوە هەرچی سروشتی بنەڕەتیی وەسفکراو هەیە تێی بردووە. ڕاناوی لکاو و زاراوەی تاوانبارن.

بێینە سەر باسی «فرمان»: ئەم فرمانە هیچ پێوەندییەکی بەمەفهوومی «فعل، وقوع و ڕوودان»ـەوە نییە. هەروەک پێوەندییەکی بەوانەوە نییە، زۆریش ئاشکرایە چ واتایەک بەدەستەوە دەدات.

فرمان بێ زیاد و کەم ئەو «فەرمان»ـەیە کە پاتەوپاتە لەگەڵ «امر» فەرمان لە «فەرموون»ـەوە بەشێوەی «ناوی چاوگ» هاتووە وەک کە «ترس» ناوی چاوگە «پرس و لەرز...»یش. هەروەها جاران دەگوترا «فەرمانی سوڵتان» ئێستە وا دەڵێین «فرمانی ڕێزمان» بەڵام دوور لە واتای خۆی.

ئەم «فرمان»ـە لە زاری بازاڕ و ئاخاوتنی عادەتییەوە وەرگیرا کە خەڵقی نەخوێندووە دەیانگوت و دەڵێن «فرمانی خۆم بەجێ هێنا» مەبەستیشیان ئەوەیە بڵێن «ئەو کارەی بەسەر شانمەوەیە» واتە «ئەو واجبەی بەسەرمەوەیە». لەم بەکارهێنانەوە خوێندەواری نوێ بۆ ئەوەی چوو کە «فرمان» بەرانبەر «کار، عمل و فعل» دەوەستێت ئیتر گورج پەنجەی لێ گیر کرد و لەبری «فعل»ی عەرەبی کەلێنی لە ڕێزمانی کوردی پێ گرت. چ فەرقێک نییە لە نێوان «واجبم بەجێ هێنا» و «فعلم بەجێ هێنا» لە نەزەر ئەو کەسەی کاری خۆی بە واجب دەزانێ هەروەهاش چ فەرق نییە لە نێوان «فرمانم بەجێ هێنا» و «کارم بەجێ هێنا» لە نەزەر ئەو کوردە نەخوێندووەی کە ئاگای لە ڕێزمان نییە، ناشزانێ چۆناوچۆنی وشە جێگۆڕکێ و واتاگۆڕکێ دەکات.

لەو زاراوانەی تا ئێستە بۆ «فعل» دانراون هیچیان ناگەنە زاراوەی «کار» چونکە وشەی «کار» لە هەموو وشەیەک دەلالەتی «فعل»ی هەبێ پتر بەرەو «تجرید» چووە. ئەو لە «کردار، کردن» گەلێک «مطلق»ـترە، ئێمەش زۆرمان پێویست بە «مطلق و تجرید» هەیە بۆ ئەوەی نیزیک ببینەوە لە سروشتی ئەو فیعلانەی هەر ڕووداویان تێدایە بێ کردەوەی ڕاستەقینە. ئەمە لەلایێکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە «کارا، بەرکار» بۆ «فاعل، مفعول». کارگێڕی لێ وەردەگیرێ بۆ «مدیر».

هێندێک لە بری «فاعل» دەنووسن «بکەر»: چەندێکی بمەوێ خۆمی پێ ئیقناع بکەم بێ سوودە. بەڵام دەتوانم بە ڕەهایی بڵێم ئەم ڕێژەیەی «بڵێ، بخۆ... بکەر» بواری خۆی هەیە، لە باریکی تایبەتی ئاخاوتندا ڕاگەیێنە. جگە لەمەش، هەر دەمێنێتەوە بڵێم ئەو کەسەی لە هەوەڵەوە «بکەر»ی بەکار هێنا دوو دەستووری «اسم الفاعل»ی کوردی تێک بەست چونکە قاڵبی «بڵێ، بوێر، ...» پێویستی بە «ر»ی فاعلییەت نییە بۆ هەڵنانی فاعیل وەک کە دەڵێین «ئاخێوەر، کوژەر و بیسەر، ...» لەبەر ئەم هۆیە دەبوو «بکە» بە فاعیل دابنێت ئیتر خۆشە ئێمەی تێدا بەپرس نین. ئینجا ئەگەر بگوترێ. لە «کردن»ـدا دەنگی «ر» هەیە خۆ لە «خواردن»یشدا هەیە کەچی کەسێ نالێ «بخۆر، بخوەر» ناشبێ بڵێین

«بدەر» بەقافیەی «بکەر». لە قاڵبی «بڵێ، بخۆ»دا کە فیعلێک ڕێژەی ئایندە «مضارع»ی دەنگی «ر»ی تێدا مایەوە لە فاعیلیەتیشدا دێتەوە، بۆیە دەڵێی «بوێر» چونکە دەنگی «ر» لە «وێرای، دەوێرێ» بەردەوامە کەچی لە «خواردی، دەخوا»دا بەردەوام نییە. وشەی «ببڕ» کەوا پێ دەچێ بووبێتە «بیوور» لە موزاریعدا «ر»ەکەی دەمێنێت: «بڕی، دەبڕێ» جێی خۆیەتی لەو قاڵبەشدا دەرکەوێتەوە. کورد لە ڕێژەی موزاریعەوە ناوی کارا (اسم فاعل) هەڵدەنی. لە «کردی، دەکا»دا ئەم «ر»ە بەردەوام نییە کەواتە ناشێ بگوترێ «بکەر».

لە نووسینی ئەم گوتارەم نەبووبوومەوە ژمارە پازدەهەی گۆڤاری دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراقم پێ گەیشت، دیتم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە گوتاری «بە ڕێگای ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا، ئەمەیش هەنگاوێکی تر» دەنووسێ کەوا لە چاپکردنی دیوانەکەی حاجی قادر کە مامۆستا سەردار خۆشناو و مامۆستا کەریم شارەزا گردوکۆییان کردبوو، منیش (مەسعوود محەمەد) پێیدا چووبوومەوە، دەسکارییم لە زۆر شوێنیدا کردووە. پێشتر ئەمەم نەدەزانی لەبەر ئەمە پێداچوونەوەی من ئەو بەرپرسییەی تێدا نەماوە کە ئەگەر وەکوو خۆی مابایەوە ڕووی لە من دەکرد. دەشبوو کاکە محەمەد پرسم پێ بکا لە گۆڕینی ئەو دەقانەی کە بە گۆڕاوی لەسەر من حیساب دەکرێ. ڕاستییەکەی من هیچ سەرچاوەیەکم لا نەبوو پشتی پێ ببەستم، خۆ هەرچی هەبێ لەو سەرچاوانە هەر هێندی من پەییان بە شیعری حاجی بردووە. ئەم کارەی کاکە محەمەد کە بێگومان لە پەرۆشەوە کردوویەتی، ئەویش کوردەغیرەتی پێ ناوێ کە نەختێک سنووری «ئازادی لە کردەوە»ی بەزاندووە، بەهەمەحاڵ لەلای منەوە گەردنی ئازاد بێ، بە تێبینیی ئەوە کە لە دواڕۆژدا پرسم پێ بکرێ.

«...»

کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ

بەیان، ژمارە 142 ,1988

بەر لە ماوەیەکی چەند مانگی وە یا پتر لە ساڵێک گوتاری گۆڤارێکی کوردیم سەیر کرد، لە ناوتوێژیدا وەها هاتبوو کە شیعری نالی لە چاو هی حاجی قادر هێندە بەرزە، کوردی گوتەنی، ئاسمان و ڕێسمانە کە دیارە ڕیسمان واتە پەت، بە باڵای ئاسمان ڕاناگات.

هەرچەندە دەزانم قسەکە لە چەژی موبالەغەدۆستیدا خۆی لەبەر زاری نووسەری گوتارەکە شیرین نیشان داوە، دەشزانم موبالەغە ڕەوایە لە تەقالیدی شیعردا بەتایبەتی شیعری خۆرهەڵات، دیسانەوە لەبەر دوو سەبەب لێم خۆش نەهات. یەکیان ئەوەیە کە شێوازی دەربڕینی قسەکە دۆستانە نەبوو. دووهەم ئەوەیە موبالەغەکە خۆی موبالەغەی تێدا بوو، لە هەموو ئەو عەیارانەی لە بەراوردا لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا ڕادەشکێت دوو عەیارە ئەوپەڕیان گرتۆتەوە یەکیان ئەم «ئاسمان و ڕیسمان»ـەیە، ئەوی دیکەشیان «قەترە بەدەریا»یە کە لێیان تێپەڕ بووین بەراورد لە نێوان بوون و نەبووندا دەکەیت.

پێی ناوێ بڵێم، لە دەمێکەوە و بەزۆری سەلمێندراوە کە نالی لە مەیدانی شیعری کوردیدا پێشڕۆیە، حاجی قادر خۆیشی لە چەند قەسیدەدا بە نالی هەڵدەڵێت و تەنها شاعیرێکی ئەو سەردەمانەیشە بە تەوازووع و حورمەتەوە خۆی بۆ شکاندبێتەوە تا ئەوەی لە بەیتێکیدا پاتەوپات دەڵێ:

بە تضمین فەردەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەک گەوهەر نابێ

«کە مەندی زولفی دوولانە لە بۆ گەبز و مسلمانە»
«دەکێشی بێ محابانە چ لەملا بێ چ لەولا بێ»

دەبینین خۆی بە خەزەف و نالیشی بە گەوهەر داناوە بەوەشدا خەریکە وەک خاوەن گوتارەکە قسە بگەیەنێتە ئاسمان و ڕێسمان.

کە پێویستیش بێ پاکانە بۆ خۆم بکەم لەوەدا کە مەبەستم ڕوونکردنەوە نەبێ هیچی تر نییە، بەبیر خوێنەردا دەهێنمەوە کە چەندین جار لە تەلەفزیۆن و لە چەندین نووسینمدا پایەی شاعیریەتی نالیم بێپەروا لە تۆقاڵەی شیعری کوردی داناوە تا ئەوەی لە شیکردنەوەی بەشێک لە بەیتەکانی بۆ قوولاییەک چووم، بەلای هەندێ کەسەوە، سنوورم بەزاندووە بۆ ئەودیوی مەبەستەکانی نالی. هەڵبەت گۆمی نالی لەوە قوولترە کەسێک بێت بە خێری خۆی بیری تازە لە تەختی بنیەوە لێ بدات بەرەو قوولترەوە، بەڵام ڕەنگە من پتر لە یەکێکی دیکە بە هەناسەی درێژەوە بناوم لەو گۆمە لێ دابێت بۆ دۆزینەوەی گەوهەرەکانی، بەوەشدا مافی تەواوم هەبێ بیروڕا دەربڕم لە ئاست هەڵبەستەکانی وە یا لە بەیەکدی گرتنی شاعیریەتی ئەو بە شاعیریەتی یەکێکی دیکە چ خۆم چ یەکێکی دیکە کردبێتی.

خواروژوور نەک هەر لە نێوان دوو کەس و دە کەسدا بگرە لە نێوان دەستی چەپ و ڕاستی تاکە کەسیشدا هەیە... دوو چاوی خۆت و دوو گوێی خۆیشم لە هێزی بیستن و دیتندا بەرانبەر نین. شیعری تاکە شاعیریش هەمووی هەر تا تەرازووی هاوسەنگ نین. تۆقەڵانەی گردێکی سەد مەتری لە نەوەد مەتری لای دامەنی کەژێکی دوو هەزار مەتری بەرزترە. ئینجا ئەگەر سەرووی بەرزایی شتان و کەسان و هونەران بەیەکدی نەگرین بۆمان ئاشکرا نابێ کام لە کام و کێ لە کێ بەرزترە.

دیوانی نالی بگرە بە شایەدیی ئەم قسەیەم: بەر لەوەی زەینی خۆت بە نرخاندن و هەڵسەنگاندنەوە خەریک بکەیت دەبێ لە پێشەوە دان بەم ڕاستییانەدا بهێنیت:

یەکەم ڕاستی ئەوەیە کە شیعری سەرەتای دەمدان لە شیعر لە چاو شیعری تەمەنی قاڵبوونەوەدا وەک پلە سەرەتاییەکانی پێپلیکانەن لە چاو پلە ژووڕچووەکاندا. کەس لە پڕێ نابێ بە کوڕێ. لەمەوە بەدیهییەیەک تووش دێین لە ئاست هەموو خاوەن مەهارەتێکدا بەڕاست دەگەڕێ. ئینجا سەیر نییە ببینین دوانی شاعیرێک نموونەی لە یەکدی دووری تێدا بێت کە ئەوانیش لە ڕێی موبالەغەوە هەندێکی لە چاو هەندێکی «ئاسمان و ڕێسمان» بێت.

دووهەم ڕاستی ئەوەیە کە بەرهەمی قۆناخی لێکەوتەیی و پەڕپووتیی دەمی پیری سەرەژێر دەبێتەوە نەک تێ هەڵدەکێشێت. پاش قاڵبوونەوەی تەواو قۆناخێکی وەستان دەست پێ دەکات کە لە ئاکامدا وردە وردە دەستەوناو دەبێت و خوڕگەی بەرەژێری لێ پەیدا دەبێت. دەشێ مرۆ هەبێ بەو پلەیە نەگات، بە جوانەمەرگی وەیا مەرگی دەمی قاڵبوونەوە...

ئەم ڕاستییەش لەگەڵ ڕاستیی پێشووتر بە بێژنگی لە یەکتر کردوو بەرهەمی شاعیر و هونەرکار دادەبێژن لەگەڵ تێبینیی ئەوەدا کە داهێزرانی دەمی پیری پێگەیشتوویی قۆناخی قاڵبوونەوەی پێوەیە هەرچی پلەی سەرەتای مەهارەتە کاڵی و کرچیی ساوایی تێرا دەخوێندرێتەوە.

سێهەم ڕاستی و چوارەم ڕاستی ئەوەیە کە لە دەمی قاڵبوونەوەشدا خاوەن مەهارەت بەپێی ڕێکەوت و هەڵکەوت و باری نەفسی و دەوروبەر بەرهەمی لە یەکنەچووی دەبێت وەیاخود مەهارەتی گەورە لە هەندێ مەیداندا لە ئاست مەهارەتی مامناوەنجی کە پسپۆڕی ئەو مەیدانەیە کورت دێنێت. دەبینی پاداشتی گەورە و مزەی ئەرک هەندێ کەس وەها چالاک دەکات پێش لە خۆ مامۆستاتر دەکەوێتەوە کە بۆ ئەو پاداشتە تامەزرۆ نەبووە.

کورتیی قسەی درێژ لێرەدا ئەوەیە کە نرخاندنی شیعر وەیا هونەر گەلێک بە درەنگەوە دەگاتە ئەوەی تەعبیری قەترە بە دەریا و ئاسمان و ڕێسمانی تێدا بەکار بێت چونکە لەوانەیە تەنها کەسیش لە دوو بەرهەمی بەرز و نزمیدا بەر ئەو تەعبیرە بکەوێت وەیا بەرهەمی خاوەن هونەری مامناوەنجی لە هەندێ بواردا پێش بکەوێتەوە وەک تازە گوتمان... نرخاندن لە نێوان دوو کەسی هاوکەسبدا، چ شاعیر بێت و چ نووسەر و هونەرکار بێت، لە تێکڕای بەرهەمیان و لە تۆقەڵەکانیاندا دەکرێت دەنا، کەم و زۆر، بەشێکی بەرهەمی ئەو مەهارەتدارانە لە هێز و پێزدا دراوسێن وەک ئەوەی کە سەرمایەی 100 دینار پێکەڵپێکە لەگەڵ 100 دیناری یەکەمی سەرمایەی هەزار دیناری وەیا ملیۆن دیناری.

لەو هەڵبەستانەی کە وەپاڵ نالی دراون تێیاندا هەیە کەم شاعیر پێیان ڕازی دەبێ وەپاڵ خۆیان بدرێن تا ئەوەی من لە ئاست هێندێکیاندا هەرگیز ئالای سەلماندنم هەڵنەکردووە و بە هی نالییان نازانم، تێشیاندا هەیە شەقڵی نالییان پێوە ئاشکرایە بەڵام لە لووسولێکی و گەوارایبدا تۆزی هێندێکی دیکە کە شیعرەکانی ناشکێنن.

حاجی قادریش لەلای خۆیەوە ئەم خواروژوور و نێوداشت و تۆقەڵانەی هەن لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە مەراقی کورداییەتی وەهای لێ کردووە زۆر جاران گوێ نەداتە بەلاغەت و ڕەوانی و جوانی لە هەڵبەستدا تا دەبیەین، لە خۆی، پاتەوپات پێمان دەڵێ:

با بڵێن ئەم شێتە قەحپە مردووە
چەند وەڕیوە چەند وڕێنەی کردووە

حەق تەعالا واقیعی ئەحواڵمە
خالیصەن لیلایە تەرقیمی ئەمە

بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن
مەقصەدم لەم بەند و باوە دەربچن

وەرنێ ئەم دونیایە نەفسی نەفسییە
گەر لەبەر ئێوە نەبێ باکم چییە

من لە تووفانا بەڕی خۆم دەردەکەم
وا مەزانە دامەنی خۆم تەڕ دەکەم

حاجی که لێرەدا دان بەعەبداریی شێعری خۆیدا دەنێت نەهاتووە لە ڕووتەنی بێ شەقڵ و دروشم و هێمامان سەرگەردان بکات. هەر لەو بڕە شیعرەدا کە تۆمەتی خواری و کەچییان تێ دەگرێت، مانّم هەقە، زۆرینەی ئەو 53 بەیتە وەک گەلێک قەصیدەی دیکەی، نموونەی ڕەوانی و بەلاغەتن بەڵام بە شێوازێک کە بۆ «سهل ممتنع» دەچێتەوە. حاجی لە پشت ئەستووریی خۆی بە مەتانەتی دارشتن و سامانی ناوەڕۆکی شیعرەکانیەوە بێباکانە لە جیاتی خەڵق عەیبیان بۆ ڕەچاو دەکات، ئەم ڕاستییەش نەک هەر تەنیا بە قوڵبوونەوە لە جووت سەرواکانی، کە سهوولەتی قافیەگۆڕییان تێدایە، بەڵکوو باشتر بەوەدا دەردەکەوێ کە لە چەند بەیتدا پاتەوپات خۆی هەڵداوەتەوە کە لێرەدا نموونەیەکیان لێ دەهێنمەوە:

خەزنەیێکە بەیتی من دوو میصرەعم داخستووە
کەس تەماعی تێ نەکا ڕێگەی دزم لێ بەستووە

بیکە بەر، دیبایی نەظم، تا قیامەت نادرێ
چونکە ئەبکاری مەعانی تار و پۆیی ڕستووە

زاهیرەن بەیتم لە نالی و کوردی زۆر کەمتر نییە
تالعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە

ڕێکەوتێکی لەبارە بۆ ئەم نووسینە کە حاجی قادر خۆی لە موبالەغەدا بەپێی پێویست ئەم ئاسمان و ڕێسمانەی لە هەڵبەستدا بەکار هێناوە ئەمما لەبەر کێشی شیعر وشەی ئاسمانی تێدا گۆڕیوە بە فەلەک: هەروەک لەو بڕە شیعرەدا تەفعیلەی بەیتەکان دەڵێی خەریکی سەماکردنن و ئوستادانەش داستانی مێژووی کۆنی ناو حکایەتانی کردووە بە ئاوبارە بۆ واتاکانی، ئەم گۆڕینەی ئاسمانیش بە فەلەک هەم دەسەڵاتی زمانناسی و هەم تێرکردنی ڕەنگی داستانی تەقلیدیشی پێوە دیارە:

پەرچەم و فێسی کەچی تۆ ئەی جەوان
تاجی کەیان و عەلەمی کاویان

من لە غەمت ڕێگەیەکم کەوتە بەر
خوانی بەهەشت و سەفەری هەفت خوان

بێژەنی چاهی زەقەنی تۆیە دڵ
ڕاهی نەجاتی: فەلەک و ڕێسمان

تیری موژەت بۆ دڵی ئەسفەندیار
تیری گەزی ڕۆستەمی مازەندەران

فیرقەتی تۆ لەشکری ئێرانییە
صەبری منیش لەشکری تووڕانییان

بەسیەتی سا خوێنی سیاوەش نییە
جان و دڵت بردووە هەم دینمان

حاجییە فیردەوسیی کورد سا ئەتۆش
گوێ وەکوو مەحموود مەدە قەوڵی بەدان

دەبێ بڵێم لەم «ش»ـەی دوای «تۆ»ی بەیتی پاینی غەزەلەکە دڵگرانم، باشتر ئەوەیە «ئەتۆ» بێ چونکە ئەم «ش»ـە وەها ڕادەگەیەنێ کە دەشێ مەحموود گوێی نەدابێتە قەولی بەدان هەروەک دەشێ گوێی دابێتێ بەڵام ئیحتیمالی گوێنەدان بەهێزترە. «ش»ی پێوەندی وەکوو «و، هەم» «معطوف و معطوف علیه» دەخەنەوە سەر یەک نەک لە یەکدییان دادەبڕن. کە «ش»ـە کە هەڵستا و گوترا «ئەتۆ وەک مەحموود گوێ مەدە»... ئەتۆ و مەحموود لێک دادەبڕێن و بەر دوو حوکمی جودا دەکەون: مەحموود گوێی داوەتێ، تۆ گوێ مەدەرێ. ناشزانم ئاخۆ بە ئەسڵ حاجی چی گوتووە. ئەگەر «ئەتۆش»ی گوتبێ وەک ئەوەیە، پێشەکی، لەبەر زێدە ترسی لەو گوێدانە وەهای دانابێ یار گوێی داوەتە قەولی بەدان ئیتر بە گلەییکردن لەو تۆمەتە مەوهوومە دەیەوێ ڕێی گوێدانی لێ ببڕێتەوە. لەلایەن دارشتنیشەوە «ئەتۆش» تێرترە لە «ئەتۆ» ئیتر ڕەنگە ئەم وردە زینەتە حاجیی بردبێتەوە بۆ ئیحتیماڵە بێهێزەکەی باسم کرد.

دیوانی حاجی قادر بەیتی واتاسەختی زۆرن کە جارێ لە کەسم نەبیستووە بە ڕەهایی و بێگرفت ساغی کردبێتنەوە. بەر لە بیست ساڵێک مەرحووم مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغا لیستەیەکی 20-30 بەیتیی بۆم هەنارد کە بە باشی لێیان حاڵی نەبووبوو. بەداخەوە لیستەکەم نایەتەوە بەرچاو، تەنها بەیتێکیم بەبیردا دێتەوە کە دەڵێ:

لێوی وەک قەندە موکەڕەر لە دەما شیرینە
بۆیە تەکرارە وەکوو نااڵە ئەنیسی نەفسە

لە مەجلیسی خدمە ئەندام بووم، مەلا ڕەئووف هاتە لام و لەو بەیتانەوە دواین واتای ئەمیانم تێ گەیاند کە شەکر بە «تکریر ــ دووبارە سافکردن» شیرینتر دەبێت وەک کە دەگوترێ عەرەقی دووبارە بە دووجار تکاندن پەسەندتر دەبێت. لەبەر ئەم زێدە شیرینییە وەکوو نااڵەکەی هەمدەمی دائیمی هەناسەیە لێوەکەش هەمیشە بەسەر زارانەوەیە. حاجی لەم بەیتەدا لێوەکە و وشەی لێوی بە مەهارەتی تەعبیر خستۆتە دەمی خۆیەوە و بە دووبارەکردنەوەی ناوهێنانیشی سات لە سات شیرنتری دەکات، یاخود هەتا دەیمژێ شیرنتر دەبێ. مەلا ڕەئووف لەم «تکریر، تکرار»ەی شەکر بەڵەد نەبوو بۆیە مەعناکەی لێ ڕوون نەبوو. ئێستا لە سایەی تەکریری نەوتەوە قوتابی سەرەتاییش ئاشنایی بووە.

جگە لە ئیشکالاتی واتاداخراوی و نەکراوەیی هێندێک لە بەیتەکانی، گرفتی دیکەش هەن پێوەندییان بە ژیان و بەسەربردنی حاجییەوە هەیە کە لە دیوانەکەیدا دێنە بەرچاوی خوێنەر. من لەو سێ بەرگەی «حاجی قادری کۆیی» کە لە ساڵانی ئەندامەتیم لە کۆڕی زانیاری کورددا نووسیمن نەگەیشتمە شەرحی دیوانەکەی چونکە جارێ زۆرم مابوو لە تۆێژینەوەی ژیانی ببمەوە، خوا کاری خزمی چاکەخوازم ڕاست بهێنێت ئەو ئەرکەیان لەسەر شانم لادا بە دوورکەوتنەوەم لە کۆڕ. ئێستا لە موناسەبەدا گرفتێکی ئەوتۆیی ناو دیوانەکە بۆ بەرچاوی خوێنەر هەڵدەستێنمەوە.

بڕە شیعرێکی پێنج بەیتی کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەست پێ دەکات:

مەتنی کوتوبی ئەم دەرە با شەرح کرابێ

بەپێی نووسینی مامۆستا گیو موکریانی لە هەجووی قازییەکی سابڵاغی داناوە کە سەروکاری لەگەڵ مروەت ناوێکدا هەبووە... هتد. لە کۆتایی شیعرەکاندا ئەم بەیتە دەخوێنیتەوە:

حاجی دەڵێ ئەم میسرەعە تەئریخییە قازی
«انصافی نییە، عاری چییە، مروەتی گابێ»

ئەم دەقە هی دیوانی حاجی، لە لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزایە. مامۆستا گیو نووسیویەتی:

هەر حاجی دەڵێ ئەم قسە تەئریخییە قازی

ئێمە ئیشمان بە میسرەعی دووهەمە کە تەئریخی ڕووداوەکەی تێدایە هەرچەند ڕێم هەیە بڵێم دەقەکەی موکریانی وشەی «دەڵێ» تێیدا بێ گرفت هاتووە... بە حیسابی ئەبجەد ئەگەر «مروت» بنووسین لە جیاتی «مروەت» هێشتان ژمارەی نرخی پیتەکانی میسرەعەکە (ئەگەر بەسەهوو نەچووبێتم) 1285 دەگرێتەوە. ئەم ساڵە بە هیچ لێکدانەوەیەک، لەگەڵ گەشتی ژیانی حاجی ناگونجێت. من لە لێکدانەوەی دوور و درێژ و بەیەکدی گرتنی ساڵ و ڕووداو و کەین و بەینی ژیانی ئەو و باپیرم و کەیفی و شێخ ڕەزا کە لە بەرگێک لە بەرگەکانی «حاجی قادری کۆیی»ـدا بڵاو کراوەتەوە مانەوەی حاجی قادرم لە سابڵاغ گەیاندە 1279. ئینجا ئەگەر لە 1285 جارێ لە سابڵاغ بووبێت چۆن دەشێ حاجی پێش کەیفی بە جەند ساڵێک کۆیەی جێ هێشتبێت؟

دەربەدەربوونی کەیفی جێی گومان نییە کە لە 1286 ڕووی داوە، ئەویش بە شایەدیی باپیرم کە خۆی لەبەر خاتری شێخ ڕەزا کەیفیی سەرشکێن کردووە و تاراندوویەتی... لە دەقی شیعرەکەدا بنگەیەک نابینم بۆ داشکاندنی 5-6 ساڵێک لەو مێژووە تا بەرەو هەوراز بچێتەوە بۆ 1279، 1280 ناشکرێ خۆم لە ڕاگەیاندنی میسرەعەکە نەزان بکەم و پشتگوێی بخەم. لەلایەکی دیکەشەوە بە زەحمەت بشێ بگوترێ بڕە شیعرەکە هی حاجی قادر نییە چونکە شەقڵی ئەوی پێوە دیارە هەرچەند لە نووسیندا هەڵەی تێ کەوتووە. ئینجا ئەگەر یەکێک بڵێ ئەم مێژووەی 1285 بەرەو سەلماندنی ڕیوایەتێکمانەوە دەبات کە دەڵێ حاجی و کەیفی بەیەکەوە بەرەو ئەستەنبوڵ ڕۆیشتن، پێی دەڵێمەوە: باپیرم کە لە ساڵی 1288 لەگەڵ باوکیدا بۆ حەج دەچێت لە حەلەب کەیفی دیتبۆوە، مامۆستای کوڕانی والی بووە. جگە لەمە، کە لە کۆیەش دەرچووە بەینێک لە هەولێر مایەوە بایی ئەوە بکات کە ڕەشیداغای حاجی بەکراغا بە نامە لێی داوا بکات بگەڕێتەوە بۆ کۆیێ. ئەویش وەڵامە ئاگرینەکەی:

ئەی نوحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار
وەی ڕوح و سەر و ماڵی منت جومڵە بە «ایثار»

بۆی دەنێرێتەوە و تێیدا دەڵێ:

بێ عیزەت و بێ عارم ئەگەر بێمەوە کۆیێ

ئەم کەین و بەینانە هەمووی دوای ئاوارەبوونی حاجی بووە...

خولاسە ئەم ئیشکالە هەتا ئێستە بۆ من ساغ نەبۆتەوە. کە لە ئیشکال و گرفت بدوێنین جێی خۆیەتی بڵێم چوارینەیەکی حاجی هەیە لەوانەیە خوێنەری بە پەلە تەڵەزگەی تێدا بکات و واتاکەی بە بەرەواژی بۆ ڕوون ببێتەوە و وەها تێ بگا حاجی لەو چوارینەیەدا نالیی شکاندبێتەوە لە ئاست شاعیریەتیی خۆیدا. حاجی دەڵێ:

بەیتی نالی و بەیتی من گەر تێکەڵی یەکدی دەکەن
ئەحمەقی سورەت پەرست و جاهیلی مەعنا نەزان

حاجی لەکلەک لەک بەلەک فەرقی لەگەڵ تووتی هەیە
وەک هەزاری ئەو بەهار و بلبولی فەسلی خەزان

لە وشەی حاجیی لەکلەکەوە دیارە کە حاجی خۆی بە لەکلەک داناوە لە ئاست نالیدا، تووتیی بۆ دەمێنێتەوە لەو میسرەعەدا. من دەقەکەم لە دیوانی حاجی، بەلێکدانەوەی مامۆستایان سەردار و شارەزا، بۆ ئێرە ڕاگوێست کە خۆشبەختانە وشەی «هزار»ی بە واتای بولبولیان بە «هەزار» نەک بە «هوزار» نووسیوە. خۆزی لە هەندێ هەڵەی بەرچاو و زەقی ناوناوەی دیوانەکە هەمان نیشانەشکێنییان بکردایە وەک کە لە لاپەڕە 271 هاتوون «کەلبی ڕەقیب»-یان لە جیاتی «کەلبی ڕەقیبم» نووسیوە و میسرەعەکەی پێ لەنگ بووە. ئەمەش تاکە نموونە نییە، لە کۆتایی لاپەڕە 270 شدا میسرەعی یەکەم جگە لەوەی کە هەڵە و لەنگە سەرەتاکەشی بە بەحرێک دەست پێ دەکا جودایە لە بەحری میسرەعی

دووهەم... چەندێکی دیکەش هەن من خەریکیان نابم و زۆریش سوپاسگوزاری ئەو ئەرکەم کە گەلێک لایەنی شیعرەکانی حاجییان پێ ڕوون کردۆتەوە...

تا ئێرە چی نووسیم لە قاڵبی وەلاوەنانی تۆمەت و لەسەرکردنەوەی بەرگیرانە و ڕوونکردنەوەی چەندوچۆنی هەندێ حاڵ و باری حاجی و بەشێک لە هەڵبەستەکانی بوو، کە بمانەوی، پێویستیشە بمانەوێ بەر مەیدان و بێ تەقیە لە بەرزایی شیعری حاجی بدوێین نموونەی تۆقەڵانەیی زۆرن لە دیوانەکەیدا کە لێیان بوەشێتەوە شەڕی گەردەنکێڵی بە خەڵق بفرۆشن. جارێ لە پێشەوە با بڵێم گومان ناکەم چ ئەدیبێک ڕێ بە خۆی بدا دوودڵ بێ لەوەی قەسیدەکەی «بەهار»ی حاجی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی شیعری مرۆڤایەتییەوە دێت نەک هەر هی کورد. لەلایەن دەسەڵاتی هونەری شاعیرییەوە حاجی بەو قەسیدەیە و نموونەی دیکە کە لە زێدە جوانی و سفتی و چڕی و پتەوییان خەریکن بقەڵشن، لەوە دەرچووە شاکارەکانی بدرێنەوە بە کاری ڕێکەوت و تەقڵەی مامە حەمە و پێکانی ڕەشهاوێژ. سەیری ئەم چوارینەیە کە لە وەسفی کابرایەکی تەقتەقیی داناوە:

شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە مانەندی کەمە
تەرکەشی تیری تەژاو و شیری دەستی ڕۆستەمە

ڕووی لە تەختی ڕوومەتت هێناوە بۆ شانت دەڵێی
ماری سەرشانی زوحاک و دوشمنی تەختی جەمە

تەرکەش (تیردان) بەمەدا هەر داوە موویەکی سمێڵەکە وەکوو تیرێکی تێراوە، تێکڕای مووەکانیش وەکوو شمشێری دەستی ڕۆستەمن. ئەمەندەم گوت لە شەرحدا هەتا خوێندەواری نەوباو بچێتە ناو چوارینەکەوە دەنا داڕشتن و مۆسیقای چوارینەکە مامۆستای شەرحدەری ناوێت.

سەیرێکی ئەم پێنج بەیتە بکە کە لە مەدحی ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەویزیی داناوە:

ئەی محەمەد وەی ئەمینودەولە ئیمرۆ کۆیێی توو
جەننەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوور کەوتەوە

مودەتێکە دەربەدەر گەردی دیاری غوربەتم
بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە

چونکە توحفەی لازمە هەر کەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من قەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە

قاوەچی بەزمی ئەتۆ دنیایە، سینی ئاسمان
ئافتایی زەرفە، فنجانی مەهە، قاوەی شەوە

ئەو شەوە بۆ هەرکەسێ دونیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
شەو لە خیتەی ئەو عەنقایە دەربانی خەوە

خوێنەر سەرنجێک لە بەیتی چوارەمی مەدحەکە بگرێ. دنیا قاوەگێڕی دیوەخانەیە. ئاسمان سینییەکە فنجانەکانی قاوەی لەسەر دادەنرێن. ڕۆژ ئەو ژێر پیاڵەیەیە فنجانی بە سەرەوەیە، مانگی سپی فنجانی قاوەیە. شەو خۆی قاوەیە. چ ماوەتەوە بە بەڵگەی گەورەیی بخرێتە پاڵ شەو و ڕۆژ و مانگ و ئاسمان و هەموو جیهانەوە؟

بەیتی پێنجەم لە داخراوەکان دەژمێردرێت و ڕەنگە کەم کەس مەتەڵەکەی هەڵهێنابێ. من لە خۆم گوماناویم بەڵام بەڕێک دەهاوێمە مزگەوت بە هێندە مەعنایەی کە بۆی چووم:

شەوی ئەو بەیتە دوو مەعنا دەبەخشێت و لە ئاکامدا تێکیش دەکەنەوە. یەکیان ئەوەیە کە شەوی بەزمی دیوەخانەی ئەمیناغا وەک «شەوی قدر» (لیلة القدر) کەسێک تێیدا بێ تا سبەینە، تاریکایی لە ژیانیدا دەبێتە عەنقا کە هەر ناوی هەیە و ناوکی نییە. مەشووڕە دوعای شەوی قەدر قبووڵن ئیتر ژیانی ئەو کەسە دەبێتە بەختیاری و ئاهەنگ کە خەو تێیدا دەبێتە دەرگەوان، دەرگەوانیش وەک دەزانین لە دەرەوەی خانە دانانیشێ.

ئەوەی دیکەیان قاوەکەی تێ دەخوێنێتەوە کە شەوی پێ تەشبیە کرابوو، واتە:

هەر کەسێکی قاوە لە فنجانی مەجلیسی ئەمیناغا بخواتەوە هەتا ڕەشایی قاوەکە سپیایی فنجانەکە بەر دەدات وەک کە ڕەشایی شەو بەسەر چوو دنیا ڕوون دەبێت، ئا ئەو کەسە شەوی ڕەش لە عومری وەکوو عەنقای لێ دێت... خولاسە خۆشییەکی بۆ دەبێ وەک لە شەونخوونی شەوی قەدر دەست دەکەوێت. تەشبیهی فنجان بە دنیا لەم مەعنایەدا لەوەوە دێت، کە قاوەمان دانا بەشەو فنجانیش دەبێتە دنیا، چونکە شەوەکەی لە خۆیدا گرتووە، قاوەکەش ناو فنجانەکەی پڕ کردووە وەک کە شەو دنیا دادەگرێت.

غەزەلێکی چوار بەیتیی حاجی هەیە زۆر ئاوکێشە و گەلێک شەنگە و یەکجار وەستایانەش داڕژاوە، وا بۆتی دەنووسمەوە:

لە نەزاکەت کەمەری وەک خەتی ئەهلی حیکەمە
لە نەبووندا دەهەنی بێ قسە عەینی عەدەمە

چین یەکێکە لە کەچی زولفی کەچی عاجزە، بۆ؟
دڵی سەودایی خەتای کردووە بۆیە نەدەمە

ماچی ئەو غونچەدەمە بێ «حەق»ی جان «مهر»ی دەمە
سااڵێکی ڕاهی عەدەم بێ دەمی نەقشی قەدەمە

گەر ڕەزا بێ چییە بۆ ماچی دەمی جانی عەزیز
تەجروبەم کردووە عیشرەت بەدەمە نەک بە دەمە

شاعیرانی ڕۆژهەاڵتی موسڵمان مەبەستیانە بڵێن کەمەر و دەمی یار لە باریکی و بچووکیدا دەگەنە سنووری نەبوون. ئینجا خەتێکی ئەهلی حیکمەت بیکێشێ دەبێ یەکجار باریک و ڕاستیش بێ وەک کەمەری یار. دهەنی، واتە زاری، لە نەبووندا، بێ موناقەشە عەدەم خۆیەتی. «بێ قسە» ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەگەر یار قسە نەکات زارەکە وەک عەدەم دەبێ. «عەینی عەدەم» لە واتایەکیدا «پیتی عەین» کە وا لە سەرەتای وشەی «عدم» دایە، زاری عەینەکە لە شکڵدا وەک دەم، زار دەنوێنێ بەاڵم چونکە هی عەدەمە هەر دەبێتەوە نەبوون.

چین کە وڵاتی چینە پێچێکە لە کەچیی زولفی چین چینی، کەچی یار عاجز و نارەزایە، چونکە بە دڵ سەودای خەتای کردووە. خەتا وڵاتێکە مەشووڕە بە میسکی بۆنخۆش کە مناسبی زوڵفەکەیە لەبەر بێن و ڕەشاییش. وشەی خەتا بە واتای «هەڵە»ش دێت، ئیتر سەودا و ماملێتەکەی کە چینی خستۆتە کەچیی زوڵفی هەڵەیە و یار لێی پەشیمانە. وشەی «ندم - نەدەم» جگە لە پەشیمانی «نە - دەم، بێ دەم»یش ڕادەگەیەنێ کە بڕێتییە لە زێدە بچووکیی دەمی یار، وە یا قسەنەکردنی. مرۆ کە عاجز بوو قسەش ناکات.

لە بەیتی سێهەمدا «حق» لە شێوەنووسینی کۆن بە «حوق، حەق»یش دەخوێندرایەوە. «حوق» بە واتای قتووی مجەوهەرات دێت. «حەق» نرخ و کرێیە. وشەی «مهر»یش هەم بە «موهر، مۆر و خەتم» هەم بە «مەهر ـ مارەیی» دەخوێندرایەوە. ئەگەر لە «حق»دا واتای «حوق» مەبەست بێ «مهر» دەبێتە «مۆر، خەت»، ماچی ئەو غونچەدەمە ئەگەر لە نێو قتووی جاندا نەبێ کە هیچ دەمێکی ناگاتێ، دەبێتە مۆرێکی سووری وەک خوێن بەسەر لێوی عاشقەوە چونکە غونچە خۆی وەک خوێن سوورە. وە یاخود دەبێتە مۆرێکی کە عاشق لە خوێنی خۆی هەڵکێشابێ.

ئەگەر «حق» کرێ و نرخ بێ ئەوە دەگەیەنێ کە ماچی غونچەلێوەکە جگە لە نرخی جان خوێنی عاشقیشی دەوێ بەمارەیی. خوێنەکە چونکە مناسبی ڕەنگی غونچەیە لە هەموو باراندا بەردەوامە. بۆیە لە میسرەعی دووهەمدا دەبینین شاعیر دەڵێ: کەسێکی ڕێگەی عەدەم، نەبوون (کە زاری یارە) بگرێت شوێن پێی لە خوێنی خۆی نەقش بەستوو دەبێت چونکە لە نەبوون و عەدەمدا خوێن بە ناچاری دەدۆڕێت. مومکینە بشڵێین: بێ دەمی، نەقشی قەدەمی سالێکی ڕاهی عەدەمە.

ئەم شکڵە یەکجارەکی ماندووم دەکا هەتا لە شەرحی دەبمەوە: بێ دەمی = بێ زاری، بێ وەختی و بێ خوێنی. بێ دەمییەک بە هەر کامێک لەو سێ واتایەی ببەخشێت شەرحێکی سەربەخۆی دەوێت، سەرێشەکە بۆ خۆت بەجێ دەهێڵم و دوو دانە ئەسپرینیش... سەیرێکی لاپەڕە 111 بکە لەو کتێبە باسکراوەی دیوانی حاجی غەزەلێکی حەفت بەیتی دەبینیت نموونەی زێدە پاراوی و مەتانەتی شیعری تەقلیدیی کوردین.

قافیەکانی لەوانەن زرنگەدار ناو بنرێن، لە هیچیشیاندا کەم و کەسری نییە. لە ڕواڵەتدا هەر بەیتە سەربەخۆ خەریکی مەبەستێکی تایبەتییە بەڵام بەیتی شەشەمی غەزەلەکە تێمان دەگەیەنێ سکاڵا لەگەڵ کێیە:

ئەو نەوڕەسەی ئیجبارەیی مسکینەکان دەکا
حەجاجە گەرچی سەیدە بەم خورج و هەستەوە

دیارە لاوێکی شلکی خاوەن قەباڵەی حکوومەتی و سەیدیش بووە. چەژی بەیتەکان تام و شامی وڵاتی خۆمانیان تێدایە بەڵام بەیتی یەکەمی، لە ڕواڵەت، بۆ دەمی پیری دەچێتەوە کە دەڵێ:

دالی قەدم کە ئەلفی عەسای گرت بەدەستەوە
تیر و کەمانە، سەیدی جەوانیم نەبەستەوە

قەد بوو بە دال و وەک کەمانی لێ هات عەساشی بەدەستەوە گرت، لە پیری بەولاوەی لێ نافامرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆرە ئیحتیمالێک هەر دەمێنێ کە مەبەستی حاجی داهاتنەوەی خەفەت و کەسەر بێت نەک پیری، بەیتیش هەن لە غەزەلەکەدا بێنی جحێڵی لێ بێت وەک بەیتی چوارەم و پێنجەم:

بۆ قەسری وەسفی ئەو مەهە میعماری فیکرەتم
وەستاوە کوللی لەحزە بە خۆی و کەرەستەوە

قوربان ڕەقیبی سەگ سەر و چاوی شکاندووم
چۆن بتگەمێ بەپێی شەل و دەستی شکستەوە

قسەی خۆمان بێ، وا دەزانم حاجی لە جیاتی «وەستاوە» گوتوویەتی «وەستایە» لەسەر لەهجەی کۆیی و بەری سۆران، دواتر نوسخەنووسان گۆڕیوەتیان چونکە «وەستایە» لەگەڵ «معمار»دا ڕێک دێت جگە لەوەی کە «وەستاوە»ش ڕادەگەیەنێت.

قسەیەکی کورتم هەیە لەگەڵ قەسیدە مەدحەکەی «شەمسییەی شاهەنشەهی ئەرز» کە لە لاپەڕە 108 و 109ی کتێبە باسکراوەکەدا نووسراوە:

لە پەراوێزی ژمارە 1 دا هاتووە کە دەقی قەسیدەکە لە بەشی دووهەمی کتێبی «حاجی قادر کۆیی» وەرگیراوە. من لە لاپەڕە 248 هەتا کۆتایی لاپەڕە 283 بەو قەسیدەوە خەریک بووم. وەک لەوێشدا نووسراوە قەسیدەکەم دایە خوا لێخۆشبووی مامۆستا هێمن کە بەپێی بۆچوونی خۆی بەیتەکانی بهاوێتەوە سەریەک. من ئەودەمیش و ئێستاش لەو

باوەڕەدام کە بەیتی کۆتایی ئەو ڕیزکردنە دەبوو ببێتە بەیتی هەشتەمی قەسیدەکە. قافییەی بەیتی حەفتەمی قەسیدەکەش کە «لوغز»ە من بە «لەغەز»ی دەزانم.

کوردەواری هەر گووتوویەتی «لەگەز»، لەم بەیتەدا لەبەر کێش و قافیە کراوەتە «لەغز». وەها پێ دەچێ حاجی قادریش لەو سەردەمەدا هەر بە «لەغەز»ی زانیبێ چونکە چەندی مەلای لێم بیستبێ ئەم وشەیەی گوتبێت هەر «لەغەز»ی بەکارهێناوە وشەکە خۆیشی بابەتی ناو مەلا و فەقێیانە.

پێویست نابینم گوتارەکە درێژ بکەمەوە. بە هێنانەوەی نموونەی دیکە بۆ بەئیسپات گەیاندنی شاعیریەتیی حاجی، لەمبارەوە هەر ئەوەندە دەڵێم حاجی قادر یەکێکە لە سێ شاعیری کورد کە بەیتی سەرکەش و داخراویان وەهایە هەموو مەهارەت و شارەزایی بە تەقالیدی شیعر و زانستەکانی مزگەوت و تەسەوفیان پێویست بێ، وێڕای زیهنێکی مووقڵاش. دووەکەی دیکە «نالی و مەحوی»ـن کە هەریەک لەوان شەقڵ و شێوازی خۆی هەیە. ئەم قسەیەم شێخی خانی و مەلای جزیری ناگرێتەوە چونکە لەبەر کەم شارەزاییم لە زاری کرمانجیی سەروو ڕێ بەخۆم نادەم بڕیاریان لەبارەوە بدەم هەرچەند لە خوێندوەیان لەزەتێکی زۆر وەردەگرم.

حاجی قادر دوو کاریگەر سنووریان لە دەوری شاعیریەتیی کێشا.

یەکیان لە سەرەتای ژیان و شاعیریەتیدا ئەوە بوو کە دووچاری عیشقی ئاگرین نەبوو بەوەشدا مەیدانە هەرە بەرین و مەودادارەکەی شیعری ڕۆژهەڵات کە غەزەلە لێی تەسک بووە تا ئەوەی مەزرایەکی مەیدانەکە بوو بە هی شێعری سەر بە مادەی دەرسی مزگەوت، لە غەزەلیشدا حاجی بوو بو نازم. سەیرێکی دیوانەکەی بکەیت لە زۆر بەیتدا تووشی شێوەی کوڕی جوان دەبێت وەک کە دەڵێ:

تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا
چاوەکەم بۆتە دوێت و گریە سورخی تێ دەکا

وە یاخود دەڵێ:

خەتی، دەوری ڕوخی داوە وەکوو موری سولەیمانی

خەت مووی ڕێشیەتی.

دیسان دەڵێ:

چونکە نرخی ماچی تۆی گۆڕی هەموو دەستە و دوعان
خەتی نەوخیزت وەکوو زولفت خودا پیری نەکا

خەتی تازە دەرچووی ڕێشیەتی، نرخی ماچی گۆڕیوە بەلای کەمبوونەوەدا، هەروەها:

با وجوودی نەوجەوانی، خەتی سەوزی دەرکەوێ
عەهد و پەیمانی نەبوو موو، بۆیە پشتی پێ نەبەست

دیسان:

ئەمیش جاران نییە قوربان توفەیلی بێمە سەر خوانت
خەتت میهانییە ئەمسأڵ نەماوە لەژەتی پارم

واتە: ئەمسأڵ موو بۆتە میوانی ڕووی یار...

دیسان:

پەرچەم و فیسی کەچی تۆ ئەی جەوان
تاجی کەیان و عەلەمی کاویان

نموونەی دیکەش زۆرن یەک لەوان «ئەو نەوڕەسەی ئیجازە...» بوو کە پێشتر لە نموونەدا هات.

نەبوونی عیشقی سووتێنەر وەهای کردووە کە شیعرێکی بۆ مێینەش هەڵبەستبێ لە پەراوێزی دەستوورانی شاعیر و نوکتەبازییەوە تەمای تێ دەکات... من ئەم لایەنەی نەبوونی عیشقی ئاگرین لە تەجرەبەی حاجیدا بە دریژایی لێی دوام لە بەشێکی ئەو سێ بەرگەی «حاجی قادری کۆیی» لزووم نابینم لێرەدا چی دیکە لەسەری بڕۆم.

کاریگەریی دووهەم ئەوە بوو کە لە پاش ئاوارەبوونی کەوتە سەر خولیای کوردایەتی و خەریکبوون بە وشیارکردنەوەی نوستووان، بەمەشدا دوو ئەنجام هاتنە دی یەکیان ئەوە بوو ئاگرێکی لە عیشق هەڵنەبوو لە کوردایەتی بڵێسەی سەند. دووهەمیان ئەوە بوو کە پەرۆشی چارەنووسی هەڕەشە لێکراوی کورد، حاجی قادری خستە جانبازییەک کە زۆر گوێ نەداتە خەریکبوون بە ئارایشی بەیتەکانی، بگرە هەر ئەم هۆیەش بوو وای کرد زۆر لەو بابەتە شیعرەی کوردپەرستی بە قاڵبی «جووت سەروا» دابڕێژێت.

لێرەدا قەڵەم ڕادەگرم چی پێشکەش کرا، لەم هەڵوەستەدا بایی مەبەست دەکات، زۆریش بەداخەوەم نە لەبیرم ماوە ئەو گوتارەی خستمیە سەر نووسینی لە چ گۆڤارێک بڵاوکرایەوە نە بە تەواویش گوتارەکەم بۆ خوێندرایەوە نە گەڕاشمەوە بۆ سەرەتاکەی کە بزانم نووسەرەکە کێیە، گۆڤارم لێک کردەوە وەک کتێبگرەوە، ئەو شوێنە کرایەوە کە ئاسمان و ڕێسمانەکەی تێدا چەسپ بوو.

گەلێ قسەم لە دڵا بوو حیکایەتم مابوو
کەچی گرێی دڵی پەستم مەجالی بەستنی نەدا

«...»

زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری «مەحوی» ی تۆقەڵەوە

گۆڤاری کاروان ژمارە 62 ساڵی 1988

لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جەماوەر، لە سلێمانی، بانگهێشتنێکم بۆ هات وێڕای نامەیەکی دڵسۆزانە لە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرینەوە بە بۆنەی سازدانی میهرەجانێکی بیرخەرەوەی شاعیری مەزنی کورد «مەحوی» لە ڕۆژانی 17- 18\12\1987 هەر لە سلێمانی. چەندێک بەو میهرەجانە دڵخۆش بووم هێندەم پەرۆش خوارد لە نەلوانی دەرفەت بۆ ئامادەبوونم تێبدا. باری نالەبار و تەنسازی مەیلەو لار، بوونە سەرباری چەند هۆیەکی دیکەی نەگوتەنی لە شوێنی خۆمدا پیشیان پێ خواردمەوە. چ ماوەیەکیش نەبوو لە نێوان شەوی 11-12\12\1978 کە نامە و بانگهێشتنەکەم پێ گەیشت لەگەڵ ڕۆژی بەڕابوونی میهرەجانەکە بایی ئەوە بکات بە گوتار پایەی ئەو کەڵە شاعیرە لە هەستمدا بدەمەوە بە خامە و بیکەمە نامەی پیرۆزبایی و منەتباری بەڵکوو قەرزداریم لە ئاست گیانی مەحوی و چاکەی بەڕێوەبەرانی میهرەجانەکە نەختێک کەمتر بکاتەوە. ئیستا لە 19\12\1987 کەوا گاگۆڵە بە خامەی ساوا دەکەم بۆ ناو باغ و ڕاغ و دەشت و بەهەشتی جیهانی مەحوی نازانم میهرەجانەکەی بە چ گەیشت. تەما و ڕاپەڕموونم بە پایەی مەحوی و هەستی نرخ زانی و بایخ ناسیی ئەدیب و ئەدەبدۆست و جەماوەری خوێنەری کورد بە گشتی و هی شاری سلێمانی بە تایبەتی هانم دەدا لە تاریکی بێ خەبەریدا گەشبینانە چاوەچاوەی ئەو دەمە پیرۆزە بم کە موژدەی نە تەنها سەرکەوتن بەڵکوو هی هەڵمەتبەری و بەهرەبەخشی و بەرهەمداری میهرەجانەکە گیانم دەگەشێنێتەوە، وا لە ئێستاوەش ڕێم بە خۆم داوە ختووکەی شادی دەروونم بەو موژدەیە بگرژێنێتەوە و بەوەدا تام و شامی کۆڕی مەحوی بپژێتە مەرەکەبمەوە و بە خۆشاو بتکێتە ناو دێڕەکانم بۆ بەر چەژی خوێنەران:

دڵی بردم بە شۆخی دلبەرێکی تازە، سەرلەنوێ
موبارەک بێ لە دڵ سەودایەکی کەی کەوتە سەر، لە نوێ

بە ڕاستی و بێ تەئویل، مبارەک بێ لە دڵ و سەودای دەریا و دەشت و دۆڵ و کەژ و چەمەن و باغی مەحوی کە بە ئەفسوونی شیعرەکانی جلوە لە خەیاڵی خوولیادار دەبەستن، نرکە و نەعرەتە و هەڕەشەی ئەم سەردەمە لەبەر گوێی دڵدا دەگۆڕن بە ئاهەنگی بلبل و ساز و عود یان هەر نەبێ وەک بەنجی برینکاری ئازاری هەستی زامدار سڕ دەکەن. کێ بێ لە ئێمەی کوردی ئاخەلێوی ساڵی بەدیوومی 1987 و صەدەی بیستەمی خوێن لێ چۆڕاو دڵێکی یان ملێکی بەر تیغی برێندە نەکەوتبێت.

لە چاوا نەم نەما بۆ گریە نۆبەی سەجدە و بەر دەربە
سیاساڵم نەبارە نوێژی ئیستیسقا نەکەم چ بکەم

خۆم لە جیاتی قەڵەم صەد جار «سەجدە بەردەبەر» ی پەرستگەی دیوانی مەحویم کە لەوێدا بێ لە چاکی و پاکی شتێک نییە سەجدەی بۆ ببردرێت.

خەیاڵی کۆن و نوێم لێ تێکەڵ دەبن و دەمگێڕنەوە بۆ ڕابوردووی دە دوازدە ساڵێک لەمەوبەر و حیکایەت خوانیم پێ دەکەن تا بڵێم: یەکێک لەو خوولیایانەی دەمی ئەندامەتیم لە کۆڕی زانیاری کورد کە هەست و خوازمی بۆ خۆی دەکێشا ئەوە بوو. دوا بە دوای لێ بوونەوە لە باسی حاجی قادر، یان بە کتێب یان بە زنجیرە گوتار لەسەر شاعیرانی ڕیزی یەکەمی خاوەن دیوانەکانمان بنووسم. بێگومان مەحوی لوتکەیەک بوو لەوان. هەرچەند شیعری مەحوی تا حەفتاکانیش هێندەی شیعری نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزا و وەفایی و مصباح الدیوان... بە بەرچاومدا تێنەپەڕیبوو، بەڵام ئەو

نموونانەی بیستبوومن و خوێندبوومنەوە، بێ هەڵوەستکردن، شەبەنگی مەحوییان لە هەستمدا بەرەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد. مەهارەتێکی لەو نموونانەدا ڕەنگی دەدایەوە دەتگوت لە گۆمی نالی بڵق دەدات:

ئەوا لەیلا بەڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا محوی
هەتا قامی قیامەت ئاهـ و واوەیلا نەکەم چ بکەم

چەند ئاشکرایە «واوەیلا» جڵەوی هۆشت بەرەو «وا لەیلا» وە دەبات کە لە بەرایی نیوە دێڕی یەکەمی بەیتەکە دەدرەوشێتەوە: «وا» ی سەرەتای وشەکە سێبەری ئەو «و» ەی بۆ ناو وشەی دواتر بردوە و «لەیلا» ی کردوە بە «وەیلا». سەیریش بکەی دەبینیت لە «ئەوا لەیلا» دەقی «وا لەیلا» بە تەواوی دروست بووە. ئنجا لە وشەی «وادە» ی دوای وشەی «حەشریش» تەکانێک بۆ ئەو «و» ە باس کراوە دەچێت کە «لەیلا» ی کردوە بە «وەیلا» و بە تیرێک دوو نیشان پێکراوە. ئەم مەهارەتە، بەر لە مەحوی، تەنها لە نالی بەدی کراوە کە گوتوەتی:

بۆ شهدی کلامت کە بە اشرابی لطافت
«لذة» دەگەیێنێ بە دڵ و «دهن» ی مخاطب

بە ئانقەست و بۆ خاتری باشتر ڕوونکردنەوە بەیتەکەم بە ڕێنووسی کۆن نووسی، دارشتنی بەیتەکە و کەرەستەی تەعبیری تێیدا بەکار هێنراوە نوختەیەکی پیتی «ذ» ی گوشراو لە «لذة» ەوە دەگەیەنێ بە «دهن» و دەیکاتە «ذهن». شەهدی کەلام لە «دهن» دا کە بە واتای دەم و زارە جێی دەبێتەوە بەڵام کە «لطافت» ی تێکەڵ بوو حەقیەتی بگاتە «ذهن» یش. شەهد و دەم هەردوویان ماددین. بەڵام «ذهن» مەعنەوییە بە «لطافت» کە وەک ذهن مەعنەوییە ئەو شەهدەی پێ دەگات. وشەی «دهن» ی فارسی ئەگەر وەک خۆی «دهەن» بخوێندرێتەوە کێشی بەیتەکە تێک دەچێت بەوەشدا دیارە تەرخان کراوە بۆ قۆستنەوەی نوختەکەی «ذ» تاکوو ببێتە «ذهن» کە لەگەڵ «دهن» نەک «دهەن» دا هاوکێشن.

سەیەری دوای «لذة» بکە یەکسەر «دەگەیێنێ» هاتووە کە هەر «گەیاندن» چاری ڕاگوێستنی ئەو نوختەیە دەکات بۆ سەر «دهن». دەمێنێتەوە بڵێین «دڵ» هەر شیرنایی مەعنەوی شەهدەکە هەست دەکات. نە نوختەی ڕاگوێزراو بەخۆیەوە دەگرێت و نە پەکیشی لەسەری کەوتووە بۆیەیە ئەو نوختەیە لە شێوەی «حتمی» بۆ «دهن» دەچێت. وەک کە شیرنایی مەعنەوی بۆ دڵ و ذهن لەبارە، شەهدیش بۆ «دهن» کە دەمە لە شوێنی خۆیدا بە ماددی دەمێنێتەوە.

مەحویش کە لەیلای لە جێگەی «یارم، مەحبووبە...» داناو نەیگوت:

ئەوا یارم بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...

ئەوا مەحبووبە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...

نیگارم وا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...

مەبەستیەتی تێی بگەین دەیەوێ «والەیلا» ویردی زاری بێت تا ڕۆژی قیامەت. لە سێبەر یاخود لەبەر تیشکی وا وەیلا و وا لەیلادا «قامی قیامەت» یش قوتە قوتێک لەگەڵ هێما ناسینەوەماندا دەکات. ئەگەر نەگونجانی کێش لێ گەڕابایە دەشیا «قامی قامەت» لە جێی «قامی قیامەت» بێ وەک کە شیا واوەیلا لە جێی والەیلا بێ چونکە لە پێشەوە باسی حەشر هاتووە. لە واتادا فەرق نامێنێ لە نێوان قامی قیامەت و قامی قامەت کە دەزانین قامی قامەتی ئەو نازدارە لەیلایە هەزاران جار پتر پەسەندی مجێزی عاشقە. هەتا قامی قیامەت دەبێ بڵێم والەیلا... دەرکەوتن و ڕاستبوونەوەی قامەتی لەیلاش ئاواتێکە هێندەی حەشر لە تەمای عاشق دووەر. هێندەی حەشریش ئاشووبی شەیدایی لە جیهان پەیدا دەکات.

مەبەستم نییە بڵێم ئەو مەهارەتە و هونەرەی مەحوی لەم بەیتەدا چاولێکەرییە لەوەوە بۆ نالی. خۆ ئەگەر وەهاش بێت چ کەمایەتی تێدا نییە. بگرە زێدە بەهرەیەکی مەحوییە لەو بەیتەدا دیار دەدات چونکە ئەم جۆرە چاولێکەرییە ئاستەنگترین ڕێگەیە شاعیر پێیدا بڕوات لە هونەری شیعری خۆبەستنەوە بە شیعری یەکێکی دیکەوە وەک: اقتباس، تضمین، معارضة... ڕاستییەکەی ئەگەر مەحوی هەستی بەو هونەرەی نالی کردبێت، کە بە ترجیحەوە دەڵێم هەستی پێ کردوە، تاکە کەسیک دەبێت لە شوعەرای کوردی دەیانناسم ئەو هونەرەی لە نالیدا دۆزیبێتەوە. من لە گوتارێکی زنجیرەی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» دا دەوری ئەم شیوە هونەرەی نالی هەڵاتووم، ئەوساش جارێ بەیتەکەی مەحویم نەدیتبوو بۆیە بوو پەنجەم بۆ نموونە شیعری ڕانەکێشا لە بابەتی بەیتەکەی نالی بێت، ئەو هونەرەش نەمبیستووە ناوی بۆ داندرابێت مەگەر بە تەئویلێکی دوور بدرێتەوە بە «استخدام» ئەوساش پەراوێزی ئیستیخدام وەها لێک دەکێشرێتەوە زۆرینەی جۆرەکانی «محسنات» ی تێدا جێ ببێتەوە. ئێرەش جێی لێکۆڵینەوەی باسی ئەوتۆیی نییە لە مەحویمان بدزێتەوە بۆ خۆی...

دوای دابڕانم لە کۆڕ باری چالاکیم لە مەیدانی نووسیندا گۆڕا. حاجی و نالی جگە لەوەی کە خۆم بە دڵ و زمانیش پێیانەوە خەریک دەبووم، بڕیاری ئەنجوومەنی کۆڕیش ئەوەبوو لێیان بکۆڵمەوە و بۆ حیسابی کۆڕ ئەو لێکۆڵینەوانە بڵاو بکرێتەوە. لەبەرەو کۆتایی ساڵی 1978 ەوە ئیمکان نەما خۆم تەرخان بکەم بۆ تاکە باسی کەسێک یان بابەتێک ساڵێکم لێ بخایێنێ مەگەر یەکێک یان لایەنێک بەرباری ئەرکی ئەو کارە بێت، ئیتر نەشیا چی دیکەی بە پلان و نەفەسی دریژەوە تەمای خۆم لە تۆژینەوەی ئەدەب وەیا ژیانی کەسانی دەستنیشان بنێم. لوان و ڕێکەوت چۆنی هێنا و کێی خستە تۆڕی فکرمەوە دیمانەی بەخێر، قەدەر، ڕێکەوت وەها بوو کە ئەم ساڵەی 1978 لە گیانە لاوەی بەسەرچوونیدا هات دوو لێوەی مەرگی لێک بنێت بابەتی ئەم نووسینەی بەرکەوت و بە میرات بۆ منی بەجێ هێشت. ئاخر منیش 365 ڕۆژی ڕەبەقی ڕەق ڕووڵەییم کردوە و لێی بووم بە میراتگر. دەڵێن سەیرە لە کۆیێ بەڵام سەیرترە لە ڕۆژگار کە ساڵی وەها ڕەش میراتی وەها گەش بەجێ بهێڵێت. ئایەتی «یخرج الحی من المیت» م بە بیردا دەهێنێتەوە.

مەحوی و هاومەسلەکە نەمرەکانی لەو جۆرە ئەستێرانەن ئاوابوون و بزربوونیان بۆ نییە. لە دەمێکەوە بە دڵ و هۆش ئاشنایانم. پێ بە پێی فراژیبوونیشم لە ناسینەوەی بایەخ و نرخ و جوانی پتر ئۆگری ناو و شاعیریەتیان بووم. ئەو ڕاستییەش لە زێدە پیاوچاکی خۆمەوە نییە. بگرە لە زێدە پیاوەتی ئەوانەوەیە کە لەسەر بنگەیەک دامەزراوە بە دروستترین عەیارەی نرخپێو سفتی و پتەوییەکەی بە ئیسپات دەگات، لە گەییشتن بەو ئیسپاتەش ڕەنجم بردوە.

من لە عەیارەی نرخپێو هەرچی خاترانەیە تێم نەخوێندۆتەوە، مەرجەکانی پەسەندایەتی عەیارەش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێک دەگۆڕێن. ئەو بابەتانەی کە لایەنی «جوانی» تێیاندا بنەڕەتییە دەبێ لە پلەی جوانیدا ژووروی «ناوەنجی» کەوتبێتەوە دەنا بە عەیارەی من لە سەنگ دەکەوێ، ناچاریش نەبێ خۆمیان تێ ناگەیەنم. بێکەس لە موناسەبەیەکدا گوتی: هەردوو گوێم پڕ بوو... منیش دەڵێم ئەرز و ئاسمان پڕ بوو لە گۆرانیی ناوەنجی و مۆسیقای ناوەنجی و بەستەی ناوەنجی و شیعری ناوەنجی و چیرۆک و ڕەسم و پەیکەر و شلەساواری ناوەنجیش تاکوو لە دەفری تەحەمولمان کەلەڕێژییان کرد. ئەو بابەتانە - جگە لە شلەساوار – تێکڕایان بەر جغزی مەهارەت دەکەون، بابەتیش هەن وەکوو پزیشکی، بەننایی، خەباتی، دارتاشی، شەعبەدە، چاپوک دەستی... و دەیان و صەدان کەسب و کار لە هەموواندا مەهارەت هەیە تا ئەوەی پزیشکی ناماهر دەبێتە مەرگی نەخۆش بەڵام دوو نوختە (نالێم پتر) لێکیان جودا دەکاتەوە. نوختەی یەکەم ئەوەیە کە هەرچی بەرەو هونەری تەواوەوە دەچێت لایەنی جوانی و مەهارەت تێیدا بەرچاوترە تا ئەوەی ڕەنگە هونەر هەبێ هەر مەهارەتی ڕووت بێت کەچی پزیشکی لە سەرەتاوە زانستە دواتر مەهارەتە. نوختەی دوەم ئەوەیە پزیشکی و نەجاری و لێخوڕی و بەننایی بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و نووسینی ڕۆژانە ناخرێتە بەر چاو و گوێی خەڵق. گۆرانیبێژێکی نیوداشت لە هەموو زاناکانی وڵاتی خۆی مەشوورتر دەبێت، تێشیاندا هەیە لە مەرگیدا کچان خۆیانیان بۆ کوشتوە.

شیعر بابەتێکە لە لایەن مەهارەتەوە دەکەوێتە نێوان ئەدەبی پەخشان و هونەروە. بایی زێدە پشکی لە جوانی و مۆسیقا پەخشان بەجێ دەهێڵێتەوە بۆ لای هونەر. هەرچی بابەتێکی پشکی جوانی و مەهارەتی تێدا بەرچاو بێت لە پلەی یەکەمدا ڕوخسارە ئەوجا ناوەڕۆک. تابلۆیەکی ڕەسم کە مەرجی هونەر و مەهارەتی تێدا نەهاتە دی نرخی نابێت با لە ناوەڕۆکدا

پێش نیسبەی ئاینشتاینیش کەوتبێتەوە. ڕەنگە مولحیدێک وێنەیەکی مەهارەتی کەعبە بە دەیان هەزار دینار بکڕێت هەر وەک دینداریش لەوانەیە ڕەسمێکی پشت لە دینی پڕ لە مەهارەت بەو نرخە بکڕێت بە مەرجێک خۆی مەیلی هونەری هەبێت. ئنجا کە زانیمان شیعر خزمی هونەرە هەقمانە لێی داوا بکەین جوان و ڕازاوە بێت، کە وەها نەبێت لە شیعرایەتی دەکەوێت.

ڕاستییەکی دیکەی گرنگیش هەیە داوا لە شیعر و تێکڕای هونەر دەکات ڕازاوە و بێ عەیب بێت. شیعر و هونەر لە چاو قسە و پەخشان ئامێری مام سەلامەتۆکەی تەعبیرن. جارێ لە پێشەوە با بڵێم هونەری ڕووت چونکە قسە ناکات یەکجار یەکجار بە درەنگەوە ڕقی خەڵق هەڵدەستێنێت لە خۆی، شیعریش بە درێژایی ڕۆژگار بە قسەی خۆش و جوان و شیرین لە قەڵەم دراوە و خاڵەبەخشیش کراوە لە جورئەتێکی تێیدا بووبێت. شیعری بێ پەردە و پشت لە دین کە بە ڕەهایی لە ماوەی هەزار و چوار صەد ساڵدا بڵاوبۆتەوە ڕێی خۆش نەکرد بۆ بڵاوبوونەوەی یەک لاپەڕە نووسینی پەخشانی پشت لە دین و بێ پەردە.

چەند سەیرە کە دەبینین هەموو ئەو تامەزرۆییانەی خەڵق بۆ لای زایەند «جنس» کە بە قسەی نووسراو لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەدا ناشکێندرێت بە ڕەسمی ڕووت خۆی دابین دەکات هەر چونکە ڕەسم هونەرە و قسە نییە گۆڤار و ڕۆژنامەش هەر ئەوەن کە هەن. لەمەوە دەڵێم پەخشانێکی هەڵمەتی تێدا بێ بۆ سەر ڕوویەکی کۆمەڵایەتی نالەبار ئەگەر ڕواڵەت و ڕوخساری کزیش بێت جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بندرێت چونکە ئازایی شەفاعەتی بۆ دەکات، قۆنتەراتیشی نەگرتووە جوان و شلک بێت. بەڵام هەمان هەڵمەت بە شیعری لاواز نرخی نابێت چونکە مەرجی شیعرایەتیی تێدا نوقسانە. یەکێک نەتوانێ بە شیعری جوان هەڵمەت بەرێت خۆ پەنجەی لە پەخشان ڕەق نەبووە هەڵمەتەکە بداتەوە بە پەخشان. بۆیەیە دەبینین نووسینی لاواز پتر لە شیعری لاواز بڵاو دەکرێتەوە. بەیتێکی لەنگ بێت لە خۆوە دەسڕێتەوە.

لزوم نابینم خۆم لە خوێنەران بکەم بە پسپۆڕی نرخی جوانی و بایەخی بابەت لە کاری ئەدەبی و هونەری و هی دیکەشدا هەرچەند دەشزانم بازاڕی ڕۆشنبیریمان تا بڵێی پێویستی بە ناسینەوەی ئەو نرخانە و پایەیان لە پلەی خوار و ژوورودا هەیە چونکە بە داخەوە لە گەلێک نووسیندا دیتوومە بەرهەمی ترسنۆک وەها بردراوەتە بەرزایی هەر دەڵێی قارەمانەتی دوازدە سوارەی مەریوانم بۆ دەگێڕێتەوە.

شیعری شاعیرە بەسەرچوەکانی قوتابخانەی «نالی» دەبێ لەو کولانانەوە سەیری بکرێت. لە لایەن ناوەڕۆکەوە ناشێ لە کۆتایی صەدەی بیستەمەوە عەیارەی نرخاندن بە دیاری بنێرم، وەکوو کۆتک و تەبەقی دەستەوایی، تاکوو «ساقی لە پەردە دەرهات و مەستوورە و غەیری وەحدەت لە وجودا نییە و لە تەققەی نالّ و شەفقەی پانی بەرزی و بەهودی بەچچە...» ی پێ هەڵبسەنگێندرێن.

مەحوی کە بدرێتەوە بە ڕۆژگاری خۆی تۆقەڵەیەکە لەو تۆقەڵانەی گەردەن کێل کە لەو دیوی ئاسۆی بەسەرچوونیانەوە بە پرشنگ و تاووتین، ڕووناکایی و گەرمایی و جوانی لە شێوەی میراتی بێ برانەوە بۆ چین لە دوا چینی زیندووان بە دیاری دەنێرن. چی گوتوەتی و کردوەتی بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەبێ لە نرخاندنا ئینسافی دۆستانەی لەگەڵدا بەکاربێت، ئینسافی دۆستانەش پێویستی بە لایەنگیری نییە. دوو نوختەی سەرەکی سادەی تێدا ڕەچاو بکرێ بەسە:

1- داوا ناکرێ لە شاعیر قارەمانی خۆبەخت کردوو بێت.
2- کەس بێ عەیب نەخوڵقاوە.

بەسە بۆ مرۆ عەیبی ئەوتۆی نەبێ شەرمەزاری بکات.

ئنجا ئەگەر کەسی وەها هەبوو بە ئازایی لە نیوان هەموو عالەمدا خۆی لە پێناو گەل و مەفتەن گەیاندبێتە پەتی سێدارە وەیا هێندە بێگەرد بووبێت لە عومەری عەبدولعەزیز و غاندیشی تێپەڕاندبێت، بەڵام ناشێ ئەو پاڵەوانەتیە سێبەر بهاوێتە سەر خەڵقوڵڵای جیهان کە خۆیان بەخت نەکردوە کاتێک گلەییەک بەسەر شانی تێکڕای میللەتدا دوورا ئەوسا جێی خۆیەتی عەیبداری وەکوو بارانی پەڵەی ئیقلمیگیر هەموو شاعیر و ئەدیب و شێخ و مەلا بگرێتەوە.

لێرەدا ڕاستییەکی سەر بە کۆمەڵایەتی هەیە بەر پەراوێزی ئەم باسە دەکەوێ لەو دەمانەدا کە کۆمەڵ وەکوو گۆمی داوەستاو بێ جووڵە ژیانێکی ڕۆژانەی کەم ڕەنگ بەسەر دەبات و وەک چوێلکە و کەرووشک خەریکی گوزەران و خۆپاراستنی «ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە» یە هەموو چالاکییەکی گۆم شەقێن کە باری ئارام و مەندی کووچە و بازاڕی ڕێ و بانان لەبەر هەنگاوی کەسابەت و گوزەران دەشوێنێ خۆی زەق و ڕەق و ناحەق دەنوێنێ. کە گوتراوە لە قەدەر بەڕی خۆت پێت ڕاکێشە وەیاخود مریشک هێلکەی قاز بکات وەهای لێ بەسەر دێت تەعبیری لە دڵ و دەروونی ئەهلی بازاڕ و کاسبی عادەتی و هەژاری بێ دەسەڵات داوەتەوە ئێجا هی دەسەڵاتدار. بە دریژایی ڕۆژگار بۆرە پیاوی سەربزێو لە لایەن ڕەش و ڕووت و بێ دەسەڵاتەوە سەرشکێن کراوە «ئەگەر بە دەستم بوایە پەیکەری سەربازی نەناسراوم بۆ ئەو سەربزێوانە هەڵ دەنا» دواتر قسە گەیشتۆتە توجار و شێخ و مەلا. حاجی قادر لە کۆیەی صەدەی نۆزدەمدا نموونەیەکی بێمانەند و دەگمەنی چەندین صەد ساڵە بوو، خۆ ئەگەر مەلا نەبوایە و زمانی لە شیعری بڕندە نەگەڕابایە هەرگیز نەی دەتوانی لە بەرگی فەلاحێکی نەخوێندوو یەخەی شێخ نەبی و شێخ غەفوور بگرێت، کە یەخەشی گرتن توانی لە پەنا مەلایەتی و شاعیری و شەخسیەتی خۆیەوە ڕێزی خۆی بپارێزێ دەنا کەس بە دەنگییەوە نەڕۆیی. مریدەکانی شێخ نەبیش کە بریتی بوون لە ڕەش و ڕووت و کاسبی بازاڕ و بەشێکی توجارەکان و ئاغای لێ کەوتە وەها چاو ئازا بوون پەلەیان کرد لە ڕۆژی ڕووندا هەڵی بدڕن. حاجی لەگەڵ ئەو ئازایەتی و هۆشیاریەشیەوە نەیتوانی لە کۆیێ بگاتە ئەو بزێوییەی پێی دەڵێن چالاکیی کوردایەتی، دواتریش کە لە ئەستەنبوڵەوە پەندی کوردایەتی بۆ هاونیشتمانەکانی دەهەنارد کەس بە کردەوە گوێی بە قسەکانی نەبزووت. گۆمی داوەستاوی کۆمەڵ کە لە بنەڕەتدا بەسەر هەژارییەوە داوەستاوە و پەنگ خواردووی ژیانی کولەمەرگییە، هێندەی عەزابی گۆڕەوشار وەتەنگ دێت لە بزێویی بێ سەروبەر و داک و باب کەوا تروسکەی ئومێدێکی نزیک و بەرچاوی لێ دەرناکەوێت.

کۆمەڵی دەوڵەمەند ئەگەر بە حەقیش نەبێ بە ناحەق دەستدرێژی لە جیرانی دەکات. فەلسەفە و بیری ڕووناکی بەرەو هاندان و هەڵگەڕانەوەش لە کۆمەڵی نیوە مردوو کار ناکات. لە نوختە نیگای ئەم قسانەشمەوە نەبوونی کیان لە هەموو هۆیەک بێ ڕەزاترە بۆ چەسپاندنی ئەو مردەڵییەی لە هەژارییەوە دەڕسکێت.

بە بیرم دێت لە بیستەکان و سییەکان خەڵقی شار لە شایی و بەزمی شەوانەی چایەخانە و دانیشتنی دیوەخانەکان لە شیعری غەرامی بەولاوە گوێیان لە شتێکی دیکە ڕانەدەگرت، ناوناوەیەک نەبێت گۆرانیبێژ بای دەدایەوە سەر شیعری ئاینی. ئێجا لە خۆوە دیارە کەوا بەر لە 50 – 40 ساڵیش زووتر ئەو خەڵقە هەر شیعرە دڵداریەکانی حاجی قادریان لە کۆڕی شادیدا دەخوێندەوە. قوتابی مەکتەب هەوەڵ جار بوون بە ئیستگەی بێتەلی شیعری نیشتمانی. لەوانەوە وردە وردە خەڵقەکە ڕاهات ئاردی گۆرانی لە مزاشی شیعری دڵداری و وەتەنی بهاڕن. ڕەوای حەق نییە ئێمە مجێزی سیاسی و فەلسەفی خۆمان لە چەژی مرۆی بەر لە صەد ساڵ بگێڕین وەیا بە عەیارەی ولاتە هۆشیارەکانی ئەو سەردەمە کوردستان و کوردەواری هەڵسەنگێنین.

ئایا ئەگەر ئێساتەکەی خۆمان بە ئێساتەکەی ئەڵمانیا و سوید بگرین چ دەردەچین؟ تا نووسینی ئەم دێڕانە یەک بانکی کورد لە منداڵدانی مێژوو نەڕسکاوە. نەک بانک، تاکە یەک «صراف» ی کورد پەیدا نەبووە. ئێمە هەتا ئێستا لە قسە بەولاوە فێری هیچی دیکە نەبووین قسەکەشمان لە خەڵق وەرگرتووە. ئەگەر لەوانمان نەبیستبایە هەر گاڵ و بوغی ڕۆژگاری سەردەمی حاجی و بەر لەویشمان دەکوتایەوە. با ئەوەش لە بیر نەکەین کە حوکمداریی بابان و سۆران و ئەردەڵان و نازانم کوێ لەسەردەمی خۆیاندا لەگەڵ هەموو شانازییەکی ڕەوای پێیانەوە دەکەین، بەند بوو بە دەسەڵاتی کەسانێکی وەیا بنەماڵەیەکی بەر زاراوەی «دەرەبەگ» دەکەون و لەلایەن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی سەردەمەوە تۆمەتی بڕندەی درندەیان تێ دەگیرێ تۆمەتیش لە بەیندا نەبێ دەبێ بزانین ئەو ئەمیرانە و حوکمدارانە بە کردەوەیان لە واقیعی دواکەوتووی کورد زماندا تێمان دەگەیەنن کە بەرژەوەندی خۆشیان نەی خستنە سەر باری هاریکاری و دۆستایەتی ناوکۆیی لە ئاست هەڕەشەی هێزە بێگانە زلە داگیرکەرەکانی ئەوسای کوردستان. خەڵقەکەی ئەوساش، لە دەرەوەی جغزی لەشکر و دەست و پاوەندی حوکمدارەکان دەوڕێکی بەرچاوی تایبەت بە خۆیانیان نەبوو لە هەڵس و کەوت و

چەند و چۆنی ڕووداوی سەر بە حوکم و ئەوەی لە پەلاماری بێگانەوە بۆ سەر حوکمدارەکان و خاکی کوردستان بە نگبەت بۆیان دەمایەوە.

چ سەیر و سەمەرەش لەو تابلۆیە ڕەشەدا هەڵ نازەقێتەوە چونکە کەسانێکی لەوانە نەبووبن پرسیان پێ کرابێ وەیا تێخوێندرابنەوە لە شەڕ و ئاشتی و شێوازی حوکم و چەند و چۆنی یاسای مالی و ئابووری... و هتد. بە جۆرێکی حەتمی و ناچاری هەر خەریکی خەتەجووت و دێراوی شیناورد و سەلەم و ڕبێدەی بازاڕ و مەڕ و ئاژەڵ لەوەڕاندن و ئالێ دەڵی بابای مزگەوت و زەرگ خۆدان و شەپڵتە خواردن و خەڕەک ڕێسی و مازوو چنین و جموجۆڵی گوزەران دەبێ، چاوەڕوان ناکرێ لە یەکێکی وەها بێ کیفایەت کە پرسی پێ نەکرابێ حەز لە چ دەکات ئا ئەو بێ کیفایەتە سەر لە قوڕ بنێت بۆ حاکمێکی لێی دەقەومێت هەرچەند لێ قەومانەکەی بۆ ئەویش بە سفتوسۆ بێت. لەم سەردەمەدا من و تۆش کەمتەرخەم دەبین کە پرسمان پێ نەکریت. خۆ بە خۆشمان دەڵێین ڕۆشنبیر، پێشڕۆ، ڕابەر... ئنجا مام بارامی عەبابەیلێ ساڵی 1787 و 1887 کە نەیدەزانی کاغەزیش مۆر بکات دەبێ چ بە خەمی ئەم دنیایەوە بووبێت؟ کابرای جاف کە گوتی: مەحموود پاشا دەمرێ نامرێ وەقوتەوە، وامێ دەمرێ، ئەگەر وەهای نەگوتبایە زۆڵە ڕۆڵەی ئەو سەردەمە دەردەچوو.

پێت سەیر نەبێت بابایەکی ئەو سەردەمە چ مەلا بێت و چ شاعیر و چ کاسبکار بۆ تێشکانی پاشای ئیسلام لە ئاست پاشای نائیسلامدا پەرۆشی پتر بووبێت لەو پەرۆشەی بوویەتی لە تێشکانی حوکمدارێکی کورد بەرانبەر پاشای ئیسلام چونکە باوەڕی ئیسلامەتی لە شوبهەدا نییە کە هەبووە بەڵام هەبوونی باوەڕی قەومایەتی ئەو بێ شوبهەیە نییە. ئێستاکەش خەڵقەکە بە پێی باوەڕی خۆی پەرۆش دەخوات چ ڕۆشنبیر و چ نەخوێندوو تەنانەت باوەڕە سیاسییەکانی ناو کوردایەتی و هەموو جیهانی سێیەم هەمووی بۆتە ئاینێک کە ڕەخنە هەڵنەگرێ و ڕابەرەکانیان لە پایەی پێغەمبەرایەتیدان ئیتر سەیر نییە ئەوانیش قەومایەتی بە قوربان «خەلیفە» ی شەقامەڕێی باوەڕەکەیان بکەن وەک ڕۆشنبیران بێ پەروا دەیکەن.

مەحوی مەلا و تەریقەدار و شاعیر بووە. نە لێی داوا دەکرێ بە تەنها شیروتیر لە زۆردار هەڵبگرێت کە ئەگەر هەڵیبگرتایە دەبوو بەر لە هەموو زۆردارێک یەخەی ئیمپراتۆری عوسمانلی بگرێت. نە گلەیشی بۆ دەچێتەوە لەوەدا کە زێدە لە هەموو میللەت کوردایەتی هەڵنەکردوە. ئەگەر لە خۆمان بسەلمێنین دروشمی سیاسەتی ساڵی 2087 بەسەر داروەکازی مەحوییەوە بشەکێنینەوە دەبێ خەریک بین لە خەیاڵەوە دروشمە سیاسیەکانی ساڵی 2087 بە چەرەگە و نەقیزەکانی نمایشتی ئەم ڕۆژەماندا بدروویین، بە گەز و گرێی خۆمان ئیفلاس دەکەین.

بە پێی ئەو باس و خەبەرانەی لە مەحوییەوە بە ئێمە گەیشتوە لە لایەن ڕەوشت و ئاکارەوە هەرچی خەوشێکی لەوانە بێ ئادەمزاد بە داوێوە بکرێ تێیدا نەبووە. مەلای تەریقەتداری خواناس، لە جغزی باوەڕی ئیسلامەتی خۆی دەرنەچووە. گوزەرانیشی هەر بایی پەلەکوتکەی ژیانێکی ساده بووە کە بە حاڵ لە مەلایەکی مەدرەسە و فەقێ دەوەشێتەوە. ئەو سەفەرەی کە بە پێی قسەی مامۆستا سەجادی بۆ ئەستەمبوڵی کردوە لە ساڵی 1883 ز گوێا چاویشی بە سوڵتان عەبدولحەمید کەوتووە. ئەگەر ڕووی دابێ، خەبەریکی خۆشە پایەی مەحوی لە ساده مەلا و تەریقەتدارێکی بەرماڵ بەرەژوورتر دەبات، زۆریش نەک کەم، چونکە گەییشتن بە سوڵتان لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبووە. پیاوێکی شۆرەتی مەزنایەتیەکەی بەر لە خۆی چوونە لای سوڵتانی بۆ هەموار نەکردبێت تەمای سەردانی سوڵتانی نابێت. سوڵتانیش لە حسابیدا نەبووە هەر بۆرەپیاوێکی ئارەزۆی کرد خێرا دەرگای «بابی عالی» بۆ بکرێتەوە. خۆ ئەگەر دروستکردنی خانەقاکەی «مەحوی» ش مایەی ئەو ڕیزگرتنە بێت هێندە بەڵگەی شەخسیەتی مەحوی دەچەسپێنی. ئەو ڕوباعیە فارسیەش کە لە لاپەڕە «بیستوحەوت» ی پێشەکیەکەی دیوانی مەحوی، لە شەرحی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک موحەمەد، بە عەیب حیساب کراوە لەسەر مەحوی بەوەدا کە حەمە عەلی شای قاجاری پێ هەڵداوەتەوە، ئەویش دەبێ بدرێتەوە بەو سەردەمەی تێیدا هۆنراوەتەوە تا ئەگەر خەڵقی سلێمانی وەیا کوردستان بە تێکڕایی لەسەر مەحوییان بە عەیب حیساب کردبێت ئێمەش پێڕەوییان لێ دەکەین. بەڵام دەبێ کە ئەمەمان کرد هەموو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەش تاوانبار بکەین کە بە بروسکەی گەرم و گوڕ پیرۆزباییان لە عەبدولکەریم قاسم کرد لەسەر بۆمباردمانەکەی کوردستان لە یانزەی ئەیلولی 1961...

من دڵنیام لەوەی کە مەحوی گلەیی لێ نەکراوە چونکە ئەو خەڵقەی کە بە خەیاڵ دەیانخەینە سەر گلەییکردن لە مەحوی بۆ خۆیان بەرزەپێ بۆ زابتێکی تورک ڕاست دەبوونەوە و دەستەونەزەر بەرانبەری دەچەقین. کوردەکەی ئێرانیش لە ئاست حکومەتەکەی قاجاری هەروەها بوون کەسیش بەتەما نییە گلەیی بەخەبەر بهێنێ لێیان. واقیعێکی هەناسەبڕی پشتشکێنی ئەو خەڵقەی تێدا گرفتار بووە ئەوە نییە لە ترسی گلەیی دواڕۆژ (کە هەر بە وەهمیش دانەهاتووە) سەرپێچی و سینگ دەرپەڕاندنی پێ کردبن لە ئاست داگیرکەری بێ ڕەحم. سەیری مێژووی کۆن و نوێ بکەیت دەبینیت کورد کەمتر لە میللەتانی دیکە مەودای کوڕێنی و دەماغ بەرزی شک بردوە.

قسە لەم ڕێبازەوە شریتەی هەیە من لێی دەبڕمەوە. بەڵام ڕاستییەکەی حەزم دەکرد بزانم ئەو ڕوباعییە لە چ زەرفێک و بە چ نیازێک داندراوە و چۆناوچۆنی بۆ مەدح کراوەکە بەڕێ کراوە. مەحوی هێندە کۆن نییە سەروشونی خەبەراتی بزر بووبێت، لە غەریبیش نەژیاوە تاکوو مەودای دوور باس و خواسی کپ کردبێت. لە نموونەدا دەڵێم ئەو نەفی کرانەی ئەو و چەند مەلایەکی دیکەی سلێمانی بۆ بەغدا کە لە ساڵی 1291 ک ڕوویداوە و لە لاپەڕە «شەش» ی دیوانی مەحوی باسکراودا هۆیەکەی بە نەزانراوی هێڵراوەتەوە خستمیە سەر پرسکردن. بە کورتی دەڵێم بە تەلەفۆن داوام لە برادەرم عەلی دەرۆێش کرد لە سلێمانی، ئەویش قسەکەمی بە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین ڕاگەیاند، ئەویش لە هەمان دەمدا بە تەلەفۆن پێی گوتم کە لە مەلا ئەسعەدی مامی خۆی بیستووە چەند مەلایەک بە حکومەتیان ڕاگەیاندوە کە مەحوی و مەلاکانی دیکە پێوەندییان بە حکومەتی ئێرانەوە هەیە بۆ سستکردنی دەسەڵاتی عوسمانلییەکان... گوتیشی ئەم باسەی لە گوتارێکی خۆی کە ساڵی، وا بزانم، 1977 لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، شەرح دراوە، دیارە حەسوودی، مەلاکانی خەبەردەری خستۆتە سەر ڕێگەی وەها دزێو، پێشی ناوێ بە تەئویل عوزریان بۆ بهێنینەوە بەوەدا کە وا ڕەنگە جودایی مەزهەب لە سنییەوە بۆ شیعە کەمەری هیممەتی بۆ چوغڵی پێ بەستبن...

مەحوی کە بە عەیارەی ئاکار و ڕەفتار و ئەدەبییاتی سەردەمی خۆی هەڵکێشرێت لە ئاکار و عەقیدەدا خواناسێکی ڕاست و حەقپەرست دەردەچێت، دیارە مرۆی ئەوتۆیی ڕاست و حەقپەرست لای چاکەی خەڵق دەگرێت کە ئەگەر بە کردەوەش نەیتوانی بێت حەق بە خاوەن حەق بگەیەنێت بە دڵ و بە زار و بە قەڵەم ڕاڕەوی حەقناسی و حەقسەلمێنی و دژەستەمی دەگرێتە بەبەر. لێرەدا دەبێ بڵێم، پەندی «لە شاری کوێران دەبێ چاو بنووقێنیت یان دەست لەسەر چاوت دابنێیت» هەر نەبێ بۆرە سێبەرێکی خۆی دەخاتە سەر ڕەفتاری ئادەمی. ئەو بۆرە سێبەرەش لە کەس بە عەیب ناگیرێت.

حەدیسی مەشووری «من رأی منکم منکرا فلیغیره بیده فان لم یستطع فبلسانه فان لم یستطع فبقلبه وذلک اضعف الایمان» دەستووری واقیعی و ئینساف کارانەیە لەم مەیدانەدا. چارەسەکردنی بەدایەتی و ستەم و بێوێڵی و ئاکاری وەها چەپەڵ بە پاڵەوانبازی تاک تاکی مرۆی کەم دەسەڵات وڕێنە و وەهمە، لە زۆر باردا خۆ دزینەوەش لە بەدایەتیەکی کە زۆردار بەسەر خەڵقیدا دەسەپێنێ ئاسان نییە. بەسە بۆ شەرافەتی مەحوی و کەسانی وەک ئەو لە جغزی ئەو حەدیسە دەرنەچن. ئێمە ئەگەر لە کولانەی «نظری» یەوە سەیری کۆمەڵایەتی بکەین دەبێ بەوە ڕازی بین مرۆ خراپە ناکات، کە خراپەی نەکرد خاڵەبەخش بێت لە بەرهەڵستی نەکردن لە خراپەی غەیر، کۆمەڵایەتیش لێرەدا ئەوەیە کە خۆمان و مەحوی تێدا ژیاوە نەک هی سویسرە و فنلەندە. لایەنی «نظری» ش لێرەدا ئەوەیە کە «مرۆ» خراپەی نەکرد خراپە نامێنی بەرهەڵستی لێ بکرێت.

دوای ئەوەی لە لایەن ئاکار و کردارەوە لە مەحوی بووینەوە بۆ ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتین لە شەرافەت و خاوێنی و خواناسی و دادخوازی، چ ڕێگایەک لەبەر هەنگاوی منداڵ نامێنێ تێیڕا برۆم لە باسی ژیان و بەسەربردن و ڕووداوێکی بەدەنگ و سەدا دووچاری بووبێت چونکە هەر ئەوەی لێ دەزانم کە بە کورتی لە پێشەکیەکەی دیوانی مەحوی باسکراودا هاتوە. لەمەش بترازێین، من نەهاتووم لە ژیان و بەسەرهاتی مەحوی بکۆڵمەوە چونکە موناسەبەکەی میهرەجان پەراوێزی بە دەوری ئەم نووسینەدا کێشاوە کە مەبەستی بنجی تێیدا دەبێ ئەدەب بێت نەک بەسەرهات. ئەمە لە لایێکەوە.

لە لایێکی دیکەشەوە بەپێی تێگەیشتنی من لە هێمای ڕووداوێکی ڕەنگی دابێتەوە لە دیوانی مەحوی بەو جۆرەی تێم بگەیەنێ کە دەخلی تایبەتی هەبووبێت لە ئەدەبی مەحوی وەیا ڕووکاری بەرەو لایەنێکی نوێدا سووڕاندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لەچاو تەقالیدی شاعیرە کۆنەکانمان زەق خۆ بنوێنێت. لە نموونەدا دەڵێم سەیرێکی قەصیدەی لاپەڕە 121، 122،

123، 124 لە دیوانەکەی مەحوی بکە کە لە تێشکانەکەی ڕووسان بەرانبەر ژاپۆنیای ساڵی 1905 هۆنراوەتەوە و بە هەمووی یەک ساڵ ماوە ژیانی مەحوی لە 1906 کۆتایی بێت. دەبینیت چ فەرقێک نییە لە نێوان ئەو قەصیدەیە و هەرچی پێش خۆی گوتراوە لە لایەن دارشتن و فەرهەنگۆک و باوەڕ و تەصور و هەرچی شتێکی کە ڕێی تێ دەچێ بێتە ناو شیعری شاعیر وەیا ڕەنگێکی جوداکەرەوەی تێ هەڵسوێت. باوەڕ ناکەم لەو تاکە ساڵەشدا کە تەمەنی مەحوی (1252 – 1326) بەلای کەمەوە 73 ساڵ بووە مەودا هەبێ بۆ گۆڕانێک و ڕووسوورانێک کار بکاتە سەر خۆی یا ئەدەبی.
گەورەترین بنگەی خەیاڵ لەو قەصیدەیەدا دوو شتە. یەکیان ئەوەیە کە «زۆر» لە ئاست «کەم» دا هەڵاتووە بەوەشدا باشتر توانای کردگار بۆ خەڵق ئاشکرا دەبێت، ئەمەش عەقیدە دڵخۆش دەکات. دووەمیان ئەوەیە کە «قیصر» لە زمانی ڕووساندا «چار» ە ئیتر دەرفەت پەیدا بووە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕێکەوتێکی خۆش کە لە کوردی و فارسیدا وشە هەن «چار» بێت وەیا «چار» ی تێدا بێتبە واتای هەمەچەشنە:

چاری قەدەر بزانە نیە، چەندە چاری وا
بێ چارە ما کە بوو بە دوو پەنجەی قەزا دوچار

ئا لەم دوو نیوە دێرەدا چوار جاران جێگە بۆ «چار» دۆزرایەوە، لە بەیتی دیکەشدا «چار» هاتووە لە جیاتی «چوار» ئەمەیش شتێکە لە چەژی شیعر شیرن دێت. لەم قەصیدەیەدا دەرفەت بۆ منیش هاتوە کە دەوری بەیتی چوارەمی هەڵبێم:

دڕە تریشقەیێکە کە کێوی دەدا بە باد
ئەشباە - ئەوەندە زۆرە بە کەس نایەتە شومار

لەم بەیتەدا هێمایەکی بەهێز هەیە بۆ ئایەتی «فلما تجلی جعله دکا وخر موسی صعقا». مامۆستا مەلا کەریم و کاک محەمەد ئەم لایەنەیان تێنەخوێندۆتەوە. سەیر ئەوەیە پاش مەرگی مەحوی بە 39 ساڵ بۆمبای ئاتۆم «ذرە» بەسەر ژاپۆندا هاتە خوار و ئەو تریشقەیەی لێ کەوتەوە کە دەزانین کێو دەدا بە باد. ئەگەر مەحوی مریدی مابانایە «ذڕڕە تریشقە» یان بۆ بە پێشبینی و کەرامەت لە قەڵەم دەدا.

کە دەڵێم لەم نووسینەدا باسی چۆنیەتی ژیان و ڕووداوەکانی بەرهەنگاوی مەحوی مەبەست نییە نەهاتووم بڵێم زانینی ئەو لایەنە کەم بایەخە، هەر ئەوەیە کە جێگەی لێرەدا نابێتەوە. ئەمما ئەگەر بڵێین بۆ تێگەیشتنی مانای شیعرەکانی دیراسەی ژیان و مێژووی سەردەمەکەی پێویستە، ڕاستییەکەی زۆر بە داخەوە، ناوناوەیەک نەبێ شاعیرەکانمان تابلۆی دەروونی خۆیانیان بە شیعر کێشاوە نەک بوونەتە ئاوێنەی ڕۆژگاریان. بوونی شاعیر و مەلا و خوێندەوار بە ئاوێنەی واقیع بەوەندە نابێ باسێکی زوڵم وەیا خەفەتێک بۆ داد وەیا ڕەنگێکی عادەتی واقیع بکەوێتە بەرهەمیانەوە چونکە مرۆڤ هەر زار هەڵێنێت بەناچاری شتێکی بە زماندا دێت پێوەندی بە بازاڕ یاخود کۆڵان یاخود مزگەوت و تەکیە و خەرمان... ەوە هەبێت با هیچ مەبەستێکی نەبێت من و تۆ لە نووسیندا بە دۆستی مێژووی هەڵدەینەوە. کە مرۆڤەکە کەوتە سەر باری شیعردانان دەست دەکات بە بژاردەکردنی وێنەی شیعری. لە ڕۆژگاری مەحوی و پێش مەحویدا «وێنەی شیعری» ئەوەبوو کە لە دیوانەکانیاندا دەیبینین. خەیاڵ، وردەکاری، ئاراییشت، نوکتەئارایی، مەهارەتی دارشتن، وێنەی هونەری تازە یاخود تەقلیدی بە پێی دەسەلاتی شاعیر... و شتی ئەوتۆیی کە چارچێوەی مەفهوومی سەلمێندراو و بە عەیارەی مەقبول پێوراو کێش و قافیەی ڕێک بن. ئەوەندەی شاعیر خەریک بوو بە زمانی شیعری ئەوسا ئیسپاتی نەبوونی دەمی یار بکات و کەمەرەکەی لە موو باریکتر بکێشێت گوێی نەداوەتە ڕووداو، بگرە خۆی لە چاکە و خراپەی دنیا نەگەیاندووە. سەرنج بگریت دەبینیت شاعیرەکان مەنهەجێکیان نەبووە بۆ خۆ تێگەیاندنی کاروباری ئەم دنیایە، کەی ڕووداوێک کەوتە بەر مجێزی یاخود خزمەتی مەهارەتێکی ناو شیعری کرد نیگایێکی لێ خوار دەکاتەوە. سالم ئەو شیوەنەی بۆ بابانەکان کرد لەوەوە بوو کە برین کەوتبوە لەشی خۆی دەنا هەشت ساڵێک پێش تێچوونی بابان ڕەواندز لێی قەوما بوو بیری بۆی

نەچوو. هەڵبەت من زۆر مەمنوونی سالمم کە شیعری خۆی کردە لاواندنەوە بۆ شیوەنی تێچوونی بابان، خۆ دەیتوانی بەو ئەدەبە پێدزیلکە بکات بەرەو دەسەڵاتی نوێ، کە نەیکرد لە مەردایەتی و هەستی بریندار و دەماری کەرامەتەوە بوو. بەڵام دەبێ خۆمان بە سەهوو نەبەین لە دەلالەتی ڕووداو. لەو دەمانەدا کەس گلەیی نەبووە لە خۆدزینەوە وەیا خامۆشبوون لە نگبەتی یەکێکی لە نزیکەوە خزم و دۆست نەبووبێت. بە ڕێکەوت مەحوی و سالم و کوردی... شیعریان هەیە لێیان دەبێتە شایەدی چاکە و خراپە، ئەدی ئەو عالەمەی کە شیعری نەگوت خۆ هەموویان هەر بێباک بوون بۆچی جاهیلبوونیان ببێتە شەفاعەتکار؟ هەر ئەو جاهیلە لەسەر گیسکێکی خۆی ئامادە بوو دز بکوژێت کەچی بۆ ڕەواندز گوێی نابزوێت!!!
شاعیرەکان کفریان نەکرد بەهرەیان هەبوو. ناشاعیرەکانیش چ چاکەیان نەکرد کە بەهرەیان نەبوو. با ئێمە عەیارەمان خوار نەبێت و تەرازوومان لەنگ نەکەین بەوەدا کە چاکەی شاعیرەکان لە بیر بکەین هەر چونکە وەکوو ئاپۆرەی خەڵق هەستیان بە ئێش و ئازار کردبێت نەک وەکوو غاندی.

من کە لەسەر شاعیر دەکەمەوە جەماوەر خەتابار ناکەم. دەمەوێ بە چاوێکی ئینسافەوە سەیری خەڵقی لێرە بە پێشەوە بکرێت. نە شاعیر و نە غەیری شاعیرلە باڕێکی نەفسی و ژیاری و ڕامیاری و ئابووری ئەوتۆدا نەبوون ڕیز بگرن و لە دژی زۆر و ستەم هەڵچەقن. هەزار لۆمەی بە دوا کاتی ئەم ڕۆژگارە بایی هەزار یەکی ئەو نەگبەتییە کە بابایەکی بەر لە 100 ساڵ بە شەق و شویلاق دەخرایە زیندانەوە و ماڵ و منداڵیشی لە ترسان و لە برسان زیڕەیان لێ هەڵدەستا. هەستی سڕی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانە کە مێژووکرد بوو نەک هی نامەردایەتی خەڵقەکە، وەها نەبوو بۆ ئازاری غەیر بەخەبەر بێت وەیا بتوانێ تیماری دەردی غەیر بکات. هەر کەسە خەریک بوو بۆ خۆی بژیت و بەڕەکەی لە ئاو دەرکات، ئینجا کە من گلەییت لێ نەکەم تۆش گلەییت بە سەرمەوە نامێنێ...

چ شاعیر و چ غەیری شاعیر لە هیچ سەروبەرێکی کاری دنیا بەشدار نەبوون هەتا چاوەنۆڕبین دەنگی هەڵوەستی ڕەخنەگرانەیان لە کاری نارەوا ببیەین. هەڵوەستیش قسەی ڕووت نییە، کردەوەی لەگەڵە چ زاڵمێکیش بە تەما نەبووە لە قسەی ڕووت تووڕە بێت. لە نووسینێکی عەرەبیم، کە جارێ لە ژێر چاپدایە گوتومە «کل فلسفة فی الارض وکل حکمة فی السماء تکون معطلة اذا عدمت بشرا یؤمنون بها ایمان اداء وتنفیذ» دواتریش لەو نووسینەدا دەڵێم: ستەمکار چونکە دەیزانی ئەوانەی لە دیوانی دادەنیشن ڕیاکارن هەرگیز خەیاڵی بۆ ئەوە نەچوە کە لە شیعردا دژی ستەم قسە دەکەن ئەویان مەبەست بووبێت خۆ ئەوان پاتەوپات بە داد و ئینسافی ئەویان هەڵدەگوت. لە کوردەواریدا شاعیری «مداح» بە واتای مەفهوومی سەردەمە کۆنەکان پەیدا نەبووە چونکە باری وەهای بە خۆوە نەدیتووە لە دەوڵەمەندی و سیاسەتمەداری و بەرژەوەندی زل کە بۆ دەوڵەت پاڕێزی پەکی لەسەر شیعر کەوتبێت. لە کوردستانی باشووردا بەر لە ئاخەلێوەی حوکمی عەبدوڕەحمان پاشا شیعری عەرووزی کوردیمان نەبوو چ جایی شاعیری مداحمان هەبێت. شێخ ڕەزا بە هەڕەشە نەک دەست پانکردنەوە مزەی مەدحی لە کەسانێک دەستاند کە حەزیان دەکرد باسیان نەکرێت. ئەم حاڵەتەی دەستکورتی و بێ سامانی و هەژاریی سیاسی وەهای کرد کە شیعری سەردەمی مەحوی لەو جغزەدا بمێنێتەوە کە شیعری شاعیرە گۆشەگیرەکانی سەردەمی عەباسی و دواتریش تێبدا قەتیس مابوو. لەو دەمانەدا کە شاعیری مزەخۆر دیوانی خەلیفە و ئەمیر و وەزیرەکانیان بە شیعری زرینگەدار دەڕازاندەوە شاعیری گۆشەگیر زۆر بوون شیعریان بۆ دەروونی خۆیان دەگوت. بێگومان ئەگەر لە کوردەواریشدا بازاڕی شیعری مەدح بە بڕەوبایە مەحوی هەر ئەوە دەبوو کە دەیناسین. ئەو تاکە ڕوباعییەی بۆ شای ئێران بە سێ بەڵگەی مەحکەم ئیسپاتی قسەکەم دەکات: بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە تاقانەیە. بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە دەست پانکردنەوەی تێدا نییە.

بەڵگەی سێیەم ئەوەیە کە ئەویش وەکوو حاجی قادر مەدحی دەسەڵاتداری نزیکی نەکردوە خەیاڵی پاداشی لێ بکرێت.

لە نووسینێکی حەفتاکانمدا بایی زانینی خۆم و هۆش پێ شکانم دیاردەی کناڕەگیری و خۆ لە دنیا نەگەیاندن و وسکتبوون لە ڕووداو و ئەو جۆرە دووڕەپاڕێزیەی شاعیرە ناسراوەکانی لێرە بە پێشەوەمانم شیکردۆتەوە کە، وەک بە بیرمدا دێتەوە و پێشی ڕازیم، دیاردەکە دەچێتەوە بۆ بێدەسەڵاتی و بەشدار نەبوون لە هەڵسوکەوتی دنیا و قەومانی کاری گرنگ و چارەسەرکردنی گرفت و کۆسپی کۆمەڵ و ئەو تەرزە بێ تەرەفییە ناچارییەی کە دەکێشێتەوە بۆ بە خۆوە خەریکبوونی

شاعیر و پەنگ خواردنی دەروونی، تا ئەوەی وەک ئەو حەبسانەی کە لە ماوەی 10 – 12 ساڵدا دەبنە ماهیرترین کەس لە هونەری نەخش.

شاعیری بێ بەشیش لە کاری دنیا دەبێتە وەستای نەخش و تەونی ناو شیعر، بێگومان هەندێ باوەڕی سەر بە قەزا و قەدەریش دەبێتە ڕێخۆشکەرەوە بۆ پەپکە خواردنی شاعیر و غەیری شاعیریش لە حاڵوبارێکدا کە هەرگیز پرسیان پێ ناکرێت و تێناخوێندرێنەوە. بەڵام قەزا و قەدەر بە تەنها قەت نەبۆتە هۆی پڕبوون. لە دەمی پێغەمبەرایەتیدا شاعیر هەبوون و پێویستیش بوون بۆ لەسەرخۆکردنەوە و وەڵام دانەوە و بردنەوەی شەڕە دندووکێی وشەیی.

من نامەوێ لێرەدا بچمە ناو دریژەی ئەو هۆیانەی وەهایان کرد کۆمەڵایەتیی کورد مردەڵەی نەزۆک بێت. هەر ئەوەندە دەڵێم نەدەشیا کورد لەم بارەی تێیدا دەژیا مردەڵە نەبێت و شاعیر و غەیری شاعیری دوورەپارێز و ڕووە قەزاوقەدەر نەبن. ئێستاتەکە لە ساڵی 1987 من ئەگەر دوورەپارێز نابم چیم؟ حکومەت بە خێری خۆی ڕێ دەدات نووسینم بڵاو ببێتەوە، لەوە بەوڵاوە چ دەکەم؟ هیچ هەر هیچ. ئیتر مەحوی و کوردی و وەفایی چییان کردبایە دەبوونە ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان!

بەشێکی زۆری نووسەری کورد خەریکی بڵاوکردنەوەی حەیران و بەستە و بالۆرەیە کە ئەمانە لە تای تەرازووی هیچ سەردەمێکدا نابنە هاوسەنگی شیعری ئەو باسکراوانە، نە لە ڕوخسار و نە لە ناوەڕۆک و نە لە هێمادا. ئەگەر بالۆرە بڵاو نەکەنەوە چییان پێ دەکرێت؟ سەقافەتی نوێ وەهای کردوە هەڵگەڕانەوە هەبێت بەڵام مەرجی زۆرە. مەرجیش واز لێبهێنین بە دەگمەن نەبێ کەس لە ڕابەرە بەسەهوو چووەکەی خۆی هەڵناگەڕێتەوە. کەس بەتەما نییە بە ڕەخنە لەخۆگرتن واز لە باوەڕی پووچەڵ بهێنێت تا ئەوەی کە تەجرەبەش ئەو پووچەڵییە بە ئیسپات دەگەیەنێت وازی لێ ناهێندرێت. ئنجا کە گەنج و خوێندووی ئاخەلێوەی صەدەی بیستەم سوور بیت لەسەر بوتپەرستی مۆدێلی نوێ بۆچی داوا بکەین لە مەولەوی و مەحوی واز لە «قدرية» بهێنن کە هەر نەبێ «قدرية» بە عەیارەی خۆی ڕاست دەردەچێت و وەک ئەوە نییە کە شێلمم چاند و شین نەبوو بەردەوام بم لەسەر شێلم پەرستی.

گلەیم لە مەحوی نییە کە ڕمانی حاکمایەتیی بابان دەنگی نەداوەتەوە لە دیوانی چونکە لە غەیری دیوانی سالم دەنگی لە دیوانی کەسی دیکە نەداوەتەوە. حاجی قادریش پێش ئاوارەبوونی بۆ ئەستەنبوڵ نە باسی ڕمانی ڕەواندز و نە بابانی نەکردوە. پێم بڵێن شەشی ئەیلول لە چەند جێگەی کوردستان دەنگی دایەوە؟ سلێمانی کە بۆ شەشی ئەیلول دەنگی بەرز کردۆتەوە خۆی تازەیەدار بوو. لە 1957 کە لافاو زەرەری لە سلێمانی دا چالاکانە هونەرکار و مۆسیقار و گۆرانیبێژیان کەوتنە پیتاک کۆکردنەوە، بەڵام چەند ماڵە هەژارێک لە هەولێر ئاو بردنی یەک سەلکە پیازیان پێ ڕەوا نەدیترا. برین کولاندنەوە خۆش نییە بەڵام بێ سوودیش نییە.

شیعری مەحوی دەبێ بە کێش و تەرازووی سەردەمی خۆی هەڵبکێشرێت، ناشێ لە پەنا فکری «نوێ» وە تیری تانە و ڕەخنە بۆ صەد ساڵ بەر لە ئیمڕۆ بەڕی بکرێت. هەروەک ڕەوا نییە بە خۆڕایی گلەیی ساز بدرێت هەروەهاش ڕەوا نییە لە دەرەوەی شیعری شاعیر واتای بۆ بخوازرێتەوە و لێی بار بکرێت.

دۆزینەوەی واتا لە دەقی شیعر جودایە لە بەسەرەوەنان. ناشێ پەرۆشی دەروونی خۆم وەیا باوەڕم بە چاکە و خراپە وەیا بە ئیسپات گەیاندنی نیازێکم بمهاوێتە سەر تەئویلی بێ بنگە لە شیعری مەحوی وەیا ابن الفارض وەیا ابو نواسدا. کە شاعیری کورد گوتی: قەزاوقەدەر حوکمی خۆی دەکات ڕێم نییە بڵێم بەوەدا مەبەستی بزاوتنی گیانی کوردایەتییە گوێا ویستوویەتی بڵێ خزمینە بە ئومێد بن!

لە نموونەی ڕوو بە واتا گۆڕین لە ڕێی تەئویلی بێ بنگەوە ئەم بەیتەی خوارەوە لە لاپەڕە 17 ی دیوانی مەحوی دەهێنمەوە:

بۆ دوکانی مشتەری گر حەول ئەدا کاڵا فرۆش
دینی وا دێنێتە قیمەت خواجە ئەعضایی بکات

لەو لایەڕەیەدا شەرحی بەیتەکە وەها کراوە کە مەلایەکی بۆ خواستۆتەوە و ڕیشیشی لە خواجە خواستۆتەوە بۆی...

ئەم تەئویلە هەرگیز لەو دەقە هەڵناستێت چونکە مومکین نییە ڕیشی خواجە لەو دەقەدا بە شەویلەی کەسەوە بنووسێت چ مەلا و چ غەیری مەلا. ڕیشی خواجە هەر لە شوێنی خۆیدا دەبێت و بە ڕیشی جوولەکایەتییەوە دەبێ بچیتە ئەو ئەنجوومەنەی (ڕەنگە هی دادگا بێت) ئەعضایی تێدا دەکات. کالّافرۆشیس کە ئەو دینە ناباوە دێنێتە قیمەت بۆ ئەعضایی خواجەی جوو جەربەزەییکە، فێڵبازێکە، قۆڵبڕیکە، بێدینێکە نموونەیی و نوێنەری بەدایەتی. ئەگەر بە مل مەلا وەیا شێخ وەیا توجار وەیا والی و قاضی و سەرەک وەزیرانیشدا ببڕێت لە واتای کەم دەبێتەوە و بایەخ دەدۆڕێنێت چونکە لە «مطلق» ی بێدین و ساختەچی وێک دێتەوە بۆ «مقید» ی مەلا کە دەزانین زۆربەیان برسی و هەژار بوون و دەسەڵاتی جوولەکە دامەزراندنیان نەبووە بە ئەندامی دایەرەی بەرزی حکومەت. بە هەمە حاڵ دەسەڵاتیشیان هەبووبێ ئەوان بەر نەعنەعەی بەیتەکە ناکەون مەگەر وەکوو هەر کەسێکی دیکە بێت لە هەموو ئەسنافی کۆمەڵ کە توانای دەسەڵاتی ساختەی زلی هەبێت.

نموونەیەکی دیکە لە لێک کێشانەوەی پەراوێزی واتا بۆ وەبەرخستنی مەبەستێک کە شاعیر نەیویستووە و شیعرەکە هەڵی ناگرێت. لە لاپەڕە 90 ی کتێبی «لە بارەی مەحوی لوتکەوە» بەیتێکی دیکەی مەحوی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

قەزا، بێ دەستەڵاتت کا، چییە غەیری ڕەضا چارە
لەبەر دەستی جەلابا ڕێوێنکە شێری پەل بەستە

ماناکەی لە «قضاء» هوە بۆ «ڕێکەوت» و لە تصوفەوە بۆ کۆمەڵایەتی بادراوەتەوە. ئەم تەئویلە نە بەیتەکە قبوڵی دەکات نە مەحوی خۆیشی پێی ڕازییە چونکە ئەوەندەی لێ شارەزاین کە بەڵای ئەوەوە بێ دەسەڵاتیی کۆمەڵیش هەر دەچێتەوە بۆ تەقدیر. ئێمە پێشتر دیتمان تێشکانی ڕووسیای زل و زەبەلاح لە ئاست ژاپۆنی بچووکی کەم شۆرەت دەداتەوە بە قەزاوقەدەر. ئایا بە کێ دەکرێ ئەم قەدەرەیان باهەڵداتەوە لە خواوە بۆ کۆمەڵایەتی؟

مەحوی بەیتی وەهای هەیە هەڵدەگرێ دڵداریی‌یەکەی بە دڵداری ڕاستینە لێ بدرێتەوە ئنجا دەشێ لە دەمی گەنجایەتیدا شیعری وەهای گوتبێت وەیا لە کاملّیشدا پێڕەوی دەستووراتی شاعیریەتی ئەو ڕۆژانەی کردبێت. هێندێ قەصیدەشی هەن مزاشە لە تصوف و غەزەلی بێ تەئویل. ئنجا هەر وەک ناشێ شیعری دڵداری بە زۆر هەڵگێڕدرێتەوە بۆ تصوف هەروەهاش جایەز نییە تصوف لە مەعنەوییاتی خۆی ڕووت بکرێتەوە و بخرێتە قاڵبی کۆمەڵایەتی.

ڕاستەییەکەی لە لایەن بەخۆدا ڕاپەڕموونیشەوە چ شیرنایی هەست ناکەین لەوەدا کە مەحوی وەها شاعیر و دەسەڵاتدار لە تەعبیر و تەبیات خورت خۆ بدزیتەوە لە «صراحة» بۆ ناو تەمی تصوف وەیا ڕاستە عەقیدە. بە بەیتی سەرپۆشکراو کۆمەڵایەتیمان فێر بکات. ئەگەر «قضا» قەزاوقەدەر نەبێ و کۆمەڵایتی بێ دەبێ مەحوی ترسا بێ وەیا نەیزانی بێ هەستی دەروون بداتەوە بە هێزی ئاخاوتن. لە لایەن ترسانەوە بێ ئەوەی من بڵێم دیوانەکەی شایەدی بۆ دەدات کەچی وێستوە ئەوەی گوتوە. خۆ نەهاتووە شەڕ بەم و بەو بفرۆشیت و ناوی خەڵق بهێنێت ئیتر تەقیە لە چی بکات؟ کێ تەقیەی کردوە تا ئەو بیکات. لە لایەن تەعبیر و زمانزانیشەوە هەموومان دەیناسین چ ئوستادێکە لە گوتار.

گەلێک بەیتی دوای ئەم بەیتەش دوور خراونەتەوە لە مەبەستی خۆیان وەک کە ڕەنگی سووری یاقووت و جلی شینی پیرۆزە لە بەیتی:

لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت
عەزاپۆشی چییە و کێیە؟ جلی پیرۆزە بۆ شینە

وەها لێک دراوەتەوە کە مەحوی لەم شتە جوانانە «ئازار و ژان و فرمێسک و هەنسک و حەسرەت و دڵۆپی خوێناوی و قوڵپی گریانی دەرهێناوە کە گەورەترین شێوەی ئازاردانی مرۆڤی خستۆتە بەرچاو... ئازارە لەبەر سزادان. لەبەر چەوساندنەوە. لەبەر دارکاری گیان و هەست». بنواڕە لاپەڕە 91، 92 لە «... مەحوی لوتکە».

مەبەستی مەحوی لە سەراپای قەصیدەکەدا دیارە و تەئویل هەڵناگریت تەنانەت ئەگەر ڕێی تەئویلی مامناوەنجیش بدرێت دەبێ لە بەتی دووەمدا کە دەڵێ:

دەبینی جێیەک ئەمرۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەضعی گۆڕیوە لە نۆ شینە

دەبێ مەبەستی مەحوی شیوەنکردن بێت بۆ ئەو خواپێداوانەی لێیان تێک دەچێت چونکە «بەزمی عەیش و بادە نۆشین» هی چەوسایەوە و سزادراو نییە... گلەیی مەحوی لە هەموو وجودە نەک لە بەشێکی. سەرەتای قەصیدەکەش هەروەها دەگەیەنێت و وەها دەست پێ دەکات.

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆشینە
لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە

هەروا لە نموونەی زاڵکردنی هەستی دەروونی بێژەر بەسەر دەقی شیعردا زوربەی ئەو بۆچوونانەی نێوان لاپەڕەکانی 197 – 266 لە کتێبەکەی «مەحوی لوتکە» دا بە ئاشکرایی ویژدانی نووسەرەکە کە لە هەموو نووسینەکە خۆ دەنوێنێت، تێکەڵ بە دڵ و دەروونی مەحوی دەکەن. لە لاپەڕە 266 کە ڕوباعییەکەی «ئەم پارە پەرستانە...» شی دەکرێتەوە نووسەر پاڵ بە مەبەستە ئاشکراکەی مەحوییەوە دەنێت هەتا بە ڕاڕەوی خۆیدا دەیگەیەنێتە کۆتایی قەصیدەی:

دەنی طەبعی بە جارێ عالەمی داگرت ئەوا مەحوی
دڕەنگە ئیلتیجابە بەر دەری عالی جەنابی زوو

ئیتر بە چەند دێڕێک لە لاپەڕە 227 کار دەگاتە دەرەبەگایەتی و نیمچە سەرمایەداری و چینایەتی...

من ناتوانم لێرەدا بە دوا ئەو تێبینییە بنجییانەم بکەوم کەوا لە ئاغڵەبی بیروڕاکانی ئەو لاپەڕانەدا داوای شەرح و کەلێنگرتن و خستنە قاڵب و ڕاستکردنەوە و بادانەوە بۆ ڕاڕەوی مەحوی دەکەن چونکە بە نیمچە کتێبێک لێی نابمەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم دەبوو نووسەر بۆمان ساغ بکاتەوە کە ڕوباعیەکە زووتر هۆنراوەتەوە لە قەصیدەکە بۆ ئەوە بشێ. هەر نەبێ ڕواڵەتی بسەلمێنین کە مەحوی بە پلیکانەی ڕوباعیەکەدا سەرەژوور چوە بۆ قەصیدەکە.

بڕە شیعری «ئەلعەیاذ» کە ڕووبەڕووی تێکڕای ئەهلی «شار» گوتراوە:

بۆتە موئنیس، بۆتە مەئوا قەوم و شارێ ئەلعەیاذ
دێوی بێتێ جێبەجێ دەڕوا بە بارێ ئەلعەیاذ

هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بووبێ تا ئەبەد
بێتەوە فکری لە زاری دادەبارێ ئەلعەیاذ

باداراوەتە بۆ سەر «دەسەڵاتدار و دەسترۆیی» – لاپەڕە 288 کتێبی مەحوی لوتکە - نە مەحوی و نە بەر لە مەحوی کە گلەییان لە زەمانە و خەڵق کردبێت مەبەستیان جوداکردنەوەی چینی زۆردار بووە لە زۆر لێ کراو. ناوناوە لە بەیتێکدا وەیا لە قەصیدەیەکدا ئەم هەڵاواردنە هەبوو بێت «منهجیة» ی نەبەخشیوە. هەر لەم شیوازەی مەحویدا بەر لە هەزار سااڵێش

گلەیی وەها لە زەمانە و عالەم کراوە تا ئەگەر مەحوی لە قەصیدەکانی هی وەهای هەبووبێت «زهد» ی گرتبێتە بەر. شاعیر هەبوون لە کۆنەوە هەر «زهد» یان کردوە بە ڕاڕەو هیچیشیان بە شۆڕشی فکری داناندرێن دژی چین وەیا زرچین و تیریژ وەک پێشتریش گوتم کەس لەو تەرزە شیعرانە وەتەنگ نەهاتووە چونکە بە هاندان و خەڵق تیژکردن حیساب نەکراوە. لەو ئەلعەیاذەدا بەیتێک هەیە دەڵێ:

ئەهلی تەزویر و فەسادن غاصبی مالّی عیباد
موبەلابن بەم بەلّایە ئەهلی شارێ ئەلعەیاذ

ئیشارەی بۆ «غصب» هەیە. ئەم غەصبە بە زۆردار و ئەهلی بازاڕیش دەکەوێت کە پیشەیان بەسەرەوەنانی قەرزە بۆ حیسابی قەرزدارەکانیان تاکوو وەها دەبێت قەرزەکە دەکرێتەوە سەلەم بۆ کۆزی دانەهاتووی بەرخ و گیسک ئیتر لە ئاکامدا ڕەنگە لە بری دیناریک قەرز پێنج دیناریش وەرگیرابێتەوە. هەر چۆنێک بێت زۆردار مەلعوونێکی بەرچاوی ئەهلی شارە لێی دەوەشێتەوە ئەوەندە موجامەلەی لەگەڵدا بکرێت، خوا لەناوی ببات کە مرۆ نەتوانێ لەناوی ببات.

تێک هاویشتنی چینایەتی و بیری چینایەتی لە کوردستانی خۆماندا هەتا سیەکانیش سەری هەڵنەدابوو، کە سەری هەڵدا لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو نەک لە نمای چینی بۆرجوازی کە تا ئێستاش پەیدا نەبووە. گوتومە و لەم باسەشدا گوتم تاکە «صراف» یک لە کورد نە ڕسکاوە. مەحوی بەوەدا پەنجە نیشان نابێت کە بە سەروپۆتەراکی خراپە و بێ دینیدا هاتۆتە خوار چونکە تەقلیدێکی کۆنی شیعر و ئەهلی «وشە» یە گلەیی لە بەدایەتی بکەن. ئەبونواس کە بە پارەی پاداش دەژیا خۆ گیڤ دەکاتەوە و دەڵێ:

ومستبد اخوانه بتراثه
لیست له کبرا ابر علی الکبر

مەحوی لەلایەن شیعرەوە بە مەتانەتی داڕشتن و نوکتە ئارایی و سەرەژوور چوون لە دەستوورە سەلمێنراوەکانی شاعیریەتی سەردەمی خۆی و دەربڕینی هەست بە شێوازی هونەری قەشەنگ و داهێنانی وێنەی زیهنی نوێ و بەجێ هێشتنەوەی شاعیرانی تر لەو مەبەستە شیعرییە ئاشنایانەی هەموو تێیاندا بەشدارن... لەمانە و لە جۆرە داڕشتنێکی لوغەوی تایبەت بەخۆی کە شەقڵێکی جوداکەرەوەی تەعبیری ئەوە لە شیعری کوردی، مەحوی دەچێتە ڕیزی یەکەمی شاعیرەکانمان و لە تەنیشت نالی پاڵ لێ دەداتەوە. لێرەدا ڕایەک دەردەبڕم دەبێ لە بیستنی و بەلاوەنانی پەلە نەکرێت:

هەرچەند جارێ ڕێم نەبووە بە وردی دیوانەکەی مەحوی بخوێنمەوە، بگرە هەوڵی قەرزدانەوەم بەم گوتارە ماوەی نەدامێ هەموشی بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کە من لە خوێندنەوەی شیعری کوردی سەر بە هێروگلیفیدا ناگرم بەڵکوو نەبزی هەر بەیتێکی لە دەمارمدا فڕکە دەکات، سەیر نییە بە زوویی دیاردەی بەرچاو لە دیوانێکدا بەدی بکەم. من وەها دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری مەحویدا بزرە و دیاریشە، نەک ئەمە و بەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەردەکەوێت بەڵگەی دیاربوونیەتی لە ویژدانی مەحوی.

سەرنجێک بگرنە قەصیدەی «بەحری نوور» پاتەوپات «معارضه» ی قەصیدەی «ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرصی وێرانە» ی نالی پێ کردوە، وەک دەشزانین معارضه هۆنینەوەی شیعرە لە قافیە و کێش و ناوەرۆکی شیعرێکی مەشوور. لە موعارەزەدا دوشمنایەتی مەبەست نییە مەگەر هۆنەرەوە بیکا بە دوشمنایەتی. لەم قەصیدەیەی مەحوی کە بە ڕێبازی نالیدا ڕۆیشتووە دێت لەبەرەو کۆتایی هەڵبەستدا دەڵێ:

ئەو کەرڕەڕ بوو قەصیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕ کرد
فەرموو بەم قەصیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە

واتە: قەصیدەی «بردە، بردیە» بوصیری کە لەعنەتی پێغەمبەرە «د» زۆر گوتراوە، فەرموو بەم قەصیدەیەی کوردە دەست بە نەشئە پێوی بکرێت. مەحوی بە ئانقەست معارضەی نالی دەکات کەچی ناوی «بردە» دەهێنێت کە کێش و قافیەی جودایە لە بەیتەکەی مەحوی، خۆ مەعلوومیشە قەصیدەکەی «نالی» ی بیستوە و بە دڵیشی بووە و خۆیشی خەریک کردوە لە قەصیدەکەی خۆیدا لە نالی دانەماڵێت، بەڵگەش، جگە لە دەلالەتی «معارضە» خۆی، کە بەیتی چوارەمی قەصیدەکە دەڵێ:

تاریکی شەوی کوفرا بە یەک دەم لە معەییێکیدا
هەزار و سێصەد و بیست و دووە، دنیا چراغانە

دیارە لە 1322ک. قەصیدەی داناوە. نالی لە 1290 ک مردوە، تا دەمی قەصیدەکەی مەحوی 32 ساڵ تێپەڕی کردوە، لەوەدا نییە بگوترێ دەشێ مەحوی جارێ چاوی بە دیوان وەیا قەصیدەکەی نالی نەکەوتوە. لە ناوەڕۆکی قەصیدەکەی هەردوانیش بەراوردێک بکرێت گەلێک شوێن پەنجەی نالی لە مەحویدا دەدۆزیتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێ:

مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ «یا خیر خلق الله»
بێ خێری نالائیق کە جیبریلت ثەنا خوانە

لە نەعتەکەی نالی دەخوێنیتەوە:

مرادم زیللەت و پارانەوەی حاڵە نەوەک نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ثەنا خوانە

هەم بەیتە تازە باسکراوەکەی مەحوی و هەم بەیتی «موکەڕڕەڕ بوو...» ت بە بیردا دێتەوە. وشەی کورد لەویاندا و «ثەنا خوان» لەمیاندا «قاسمی مشترک» ی هەردوو قەصیدەکەیە...

لەم قەصیدەیە و لە بەیت و دوو بەیەتی دیکەشدا نالی بزرێکی دیارە، سەیری بەیتی سێیەم بکە لە لاپەڕە 110ی دیوانی مەحوی دەخوێنیتەوە:

«ڕەحە» بەو شێتییە ئەلحەق قصێکی عاقلانەی ووت
منم عاقل لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد

ئینجا تەماشای ئەم بەیتەی نالی بکە:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆچ ڕووتی گوتی
یارەبی شێت بم ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاریە

وا دەزانم «ڕەحە» و «ئەحە» ش یەک ناو بێت لە نووسیندا بە هەڵە گۆڕاوە یاخود مەحوی بە ئانقەست ئەحەی کردوە بە ڕەحە. لە واتادا هەردوو بەیت یەک شتن.

لەم بەیتەدا مەحوی کە دەڵێ:

ئەم فیزاعەت بە دوەوە حەقتە کە ناپرسی چیە
تۆ یەکێ دائیم هەزارێکی وەکوو من دوو بە دووت

وەک نالی شاعیرانە و ئوستادانە وشەی «هەزار» ی بە واتای دەجاران صەد و بە واتای بولبولیش لەکار هێناوە. سەرجی دیوانەکە بۆ ژمارەی هەزار نەچوە. لە ئەسڵیشدا عەرەب کە بولبولی گوت «هزار – هەزار» وشەی «هزار داستان» ی کورت کردەوە بە واتای «هەزار ئاهەنگ». نالیش گوتوەتی:

ڕۆخی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دییارە بە ئوصولی نالە نالی

نالی ژمارەی «ئاحاد و میئات و ئولووفی» کۆ کردەوە، مەحویش دوو ژمارەی ئاحاد و یەکێکی ئولووفی کۆکردەوە لە بەیتەکەدا. کورد بە تێکڕایی کە مەبەستی بولبول بوو دەڵێ «هوزار» زۆری ئەدیبەکانیش هەروەها دەکەن بۆیەیە لە «هزار – هەزار» هەر بۆ ژمارەکە دەچن.

لە دیوانی مەحوی بگەڕێیت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە حازری و بزری نالی هەموویش هەر بە گیانی «تحدی» یەوە هاتوون کە وا بێ دەربڕینی پاتەوپات پەردە عازەبانەیەک هەڵدەگرێت هەر بە نالی هەڵگیراوە. حاجی قادر لە چەندین جێگەی دیوانەکەی ناوی نالی و شیعر و مەتانەتی دەهێنێت تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

بە «تضمین» بەیتەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەت وەک گوهەر نابێ

مەحوی بێ ناوهێنان ملانێی لەگەڵدا دەکات. ئەو ڕایەی لە لاپەرە 218 ی «مەحوی لوتکە» دا کە شیعری مەحوی لە «سبکی هندی» دادەنێت پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە دەبوو نووسەر شەرحی بدات، بەڵام من وەهای بۆ دەچم کە داڕشتنی «سبکی مەحوی» یە پتر لەوەی چاولێکەری بێت. مەحوی لە هەڵنانی بەیتەکانی ئەو ماملەتە لەگەڵ وشەدا دەکات کە وەستای بەننا دێت بۆ دۆزینەوەی جێگەی لەبار بە دوا بەردی لە باردا دەگەڕێت. گەلێک لە بەیتەکانی مەحوی ئەوەندە سفتە دەڵێی وشەکانی لە پاڵ یەکتر هەڵناوەشێن لەو وەستاییەشدا ناوناوە دەگاتە تۆقەڵانی ئەوتۆ هەر دارەوان و شاخەوانی مەعلانی دەیگاتێ. لەو بڕە شیعرەی کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بیبێی یا نەیبێی من داد و بێدادی دەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاهـ و فەریادی دەکەم

چەندی دەگەمە ئەم بەیتە:

بێستوونی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لە حەق بێم و نەیەم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

موچڕکێک دەمگرێت (وا ئێستە چاوەکانم تەڕ بوون).

نموونەیەکی وردی و مەتانەت لەم بەیتە دەردەکەوێت وەک کە لە صەدان بەیتی ئەوتۆییدا.

زمانت کە ببڕی قسەت دێ بەکار
قەڵەم دادەدەم، پەندی خۆ دادەدەم

ئەم بەیتە لە لاپەڕە 36 ی دیوانی مەحوی وەها شیکراوەتەوە کە مرۆ زمانی خۆی ببڕێت و قسەی پڕوپووچ نەکات قسەی کاریگەر دەبێت وەک قەڵەم کە دابدرێ باشتر دەنووسێت، بەڵام شیکردنەوەکە نە دەڵێ کە زمانت ببڕێت چۆن قسە دەکەیت نە خۆ لە دووبارەبوونەوەی «داده دەم» دەگەیەنێت.

وەک من بۆی دەچم مەحوی ڕواڵەتی زمان بڕینی بە تەپکە داناوە تەپکەکەش وەک «دەر و دوو هۆدە» واتە دەرگەیەک بەلای دوو ژووردا دەکرێتەوە. بە شێوە نووسینی سەردەمی مەحوی «بیری» دەنووسرا دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵدەگرت. «ببڕی» بۆ کەسی دوەمی تاک و «ببڕێ» بۆ کەسی سێیەمی تاک. ئنجا کە گوتت «زمانت برِندە بێ» ڕێکوپێک قسەت دێتە کار چونکە مانای ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێ کە «زمانت برِندە بێ».

لە «قەڵەم دادەدەم» دا «ببڕی» بەخەبەر دێت کە موناسبی قەڵەم دادانە. دادانی دوەم «دادانی ئاو» وەیا هەر شتێکی دابدات دەگەیەنێ. کە قەڵەم دادرا پەند بە مەرەکەبدا بۆ سەر کاغەز دادەدات. ئەگەر خۆنووسیش بێت پەندەکە بێ مەرەکەب هەر بۆ سەر کاغەز دەچێت بەڵام گومان نییە مەحوی قەڵەمی قامیشی مەبەست بووە کە بە مەرەکەب دەینووسی.

نیمچە واتایەکی وەک زێدە پاروووش لەوەدایە کە ئەگەر بە ڕێنووسی کۆن بنووسرێ: «پندی خودا دەدەم» دەشێ بخوێندرێتەوە «پەندی خودا دەدەم» واتە ئەو پەندە دەدەم کە هی خودایە. لەبەر خاتری کێش واوی «خودا» نەختێک درێژ دەکرێتەوە. من هەر نالی و مەحویم بە بیردا دێت لە کورد ئەو جۆرە هونەرەیان خۆش جڵەو کردبێت بۆ ناو هەڵبەست.

بەر لەوەی بچم بۆ شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی دیکەی کە لە «دیوانی مەحوی» دا پێویستییان بە تەواوکردن هەیە تێبینییەکی کورتیلە لە بارەی گوزەران و دوور کەوتنەوەی نالی لە وڵات دەکەم کە لە لاپەرِە 219 و 220 ی «مەحوی لوتکە» دا بە جۆرێک هاتووە تارکیەکی خستۆتە سەر نالی کە بەلای منەوە رِەوا نییە. گوێا نالی بە دوور کەوتنەوەی لە وڵات و رِووداو و ئاژاوە و پشێوی کە سەرجەمی ناوچەکەی گرتبۆوە ئازادییەکی بە خۆی دا کە «بە کەیف و هەوەسی خۆی بدوێ».

ئەوەی من بۆی دەچم، نالی لە دەمی حوکمرِانی ئەحمەد پاشادا چوو بۆ حەج. جارێ حەجی تەواو نەکردبوو یان هەر نەبێ لە حەج نەگەرِابۆوە حاکمایەتیی بابان بەسەر چوو. پاش چەندین ساڵ کاغەزی بۆ سالم نووسی و وەڵامی یەئسی لێ وەرگرتەوە. ئنجا ئەگەر وەها نەبێت و لە پاش تێکچوونی پاشایەتی ئەحمەد پاشا نالی هەڵاتبێ بۆ دەرەوەی سلێمانی و حەجی ناچاری کردبێ (کە ئەمەش من بۆی ناچم) دەبێ لە ترسی کوشتن وەیا بەندیبوون رِێی غەریبی گرتبێتەبەر. لە هەردوو حاڵیشدا نالی بێ ماڵ و حاڵ بووە و بە نەداری سەفەری کردوە. نالی لە سلێمانی مزگەوتی نەبوو. هەر هیچی نەبوو بۆیە توانی ئاواره بێت. حاجی قادر و کەیفی جوانرِۆییش بێ ماڵ و حاڵ بۆی دەرچوون.

چی لە لاپەرِە 221 یشدا گوتراوە کە نالی لە سلێمانی و غوربەتدا بە ناز و نیعمەتی میرەکانی بابان حەوابۆوە ئاواتێکە لە منەوە بەرەو ئەو سەردەمانە. وەی کاشکی بمانتوانیبایە بڵێین ئەحمەد پاشا و باوکی لە سلێمانی خزمەتی نالییان کردوە بە ناز و نیعمەتەوە دواتریش ئەحمەد پاشا دریغی بۆ نالی نەکردوە بەڵام چ فایدە! نالییەک لە سلێمانی نوای نەبووبێت، بەر لە دەوری نوا پەیداکردنیش بە دریژایی تەمەنی فەقێیەتی وەکوو گەرِیدەیەکی هەژار ئەم دێ و ئەو دێ و ئەم شار و ئەو شاری کردبێت چ دەرفەتێکی بووە بە نازەوە لە نیعمەتی پاشاکاندا ژیا بێت. لە غەریبیشدا بەینێک لە شام دەرسی بە خەڵق گوتوە بۆ نان پەیداکردن. لە ئاخر و ئۆخری ژیانیشی، ساڵی 1288 و بەشێکی 1289 ک حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی نالی لە مەککە دیتوە بێ ماڵ و حاڵ. چەند بزنێکی هەبووە پێیانەوە ژیاوە. وەک دەبینین تەنها لەو دەمانەدا کە ئەستەنبۆڵ نشیمەنی بوە و ئەحمەد پاشاش تێیدا ژیاوە جێی خۆیەتی چاوەرِوان بین ئەحمەد پاشا خزمەتێکی کردبێت...

تێکرِای باری ژیانی مەحوی ئاسوودەتر بووە لە هی نالی خۆ هەر نەبێ مەحوی خانەقەی هەبووە. بە تەنیشت خانەقاوە ماڵێکیشی هەبووە تێیدا بحەسێتەوە. منداڵ و وەچەشی هەبووە پێیانەوە ڕوون بێتەوە. صەد جاران لێی پیرۆز بێت کە دە ئەوەندەشی لایەق بووە. وەهاش بووە بە سەریەوە نراوە. بە تێکرِایی ئەهلی خەیاڵ لە وێنەکێشانی حاڵ و باری خۆیان هونەری تەعبیر تێکەڵ بە واقیع دەکەن. هەر وەک لە دڵداریدا بە هەڵبەست خەویان نامێنێت و فرمێسکیان دەبێتە خوێن و هەروەهاش لە تصویری تەنگەتاوبوونیان فەلەک لەگەڵ خۆیان بەشەرِ دەهێنن، زوربەی خەڵق لێیان دەبن بە رِەقیب و دوشمن. لەجیاتی ئاو خوێنی جگەر و لە جیاتی نان گوژاڵ دەخۆن...

وەها دەبێ لە ناحەزیدا شاعیریەت بەکار دەهێنن تا ئەوەی دوشمنەکەیان لە شەیتان مەلعوونتر دەنوێنن... لە تەبیاتی بەشەر دەوەشێتەوە دڵی نەهێنێ باسی ئەو بێحورمەتیە بکات کە بە ڕاستی تووشی هاتوە بەڵام لە شیعردا ڕێز و حورمەتی کە پێی ڕەوا دیتراوە بە شکستی خۆی لە قەڵەم بدات. شیعرم دیتووە بە حاڵ کێش و قافیە ڕێک دەیەخێت کەچی تف لە زەمانە دەکا کە حورمەتی بلیمەتی وەک ئەو ناگرێت. خولاسە، ئەمیناغای حاجی بەکراغای کۆیێ بە ناز پەروەردە کرابوو لە شیعردا دەڵێت:

ئەوەندەم خاک بەسەردا کرد لە هیجرت
زەمین دووی بوو بە تۆز ئیستیکە پەنجە

تەقالیدی شیعرمان موبالەغە و بەسەرەوە نان و ئارایشتی زیاد و ئەو جۆرە نیگارکێشییەی تێدا باو بووە. نالی بێ یا مەحوی یان هەر کەس دەبێ ببێ حاڵ و باری ناو دیوانەکەی دووکەڵ و ئاگر و نەنگی و تاریکی تێدا قەڵەم کێش کراوە. مەبەستم نییە بڵێم ئازاریان نەبووە بەڵام ئازارێکی کە هەبووە خراوەتە ژێر عەدەسەی زلکەڕەوەی خەیاڵی شیعر.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ حورمەتی ئەو مەهارەتە بگرین کە لە سەرەنیاکردنی ئێش و ئازاردا خزمەتی خەیاڵی ڕەنگین و وێنەکێشی هونەراوی و زاخاوی مێشک، وێڕای دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیان کردوە. چەند شیرینە ئەو بەیتەی طاهر بەگ لە شکانی پەنجەی بە گوللەی دەمانچە گوتوەتی:

فەلەک زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەصفی ڕوخساری

ئێمە ئەگەر تەنها دیوانی مەحوی بکەین بە شایەدی خۆشی و ناخۆشی ڕۆژگار و بەسەربردنی. هەرگیز ئەو ڕوداوە خۆشکەڵەیەی لاپەڕەکانی 246، 247، 248 ی «مەحوی لوتکە» ناخوێنینەوە کە هەموو ناگزووریەکی گۆڕیوە بە ئیرۆیی. بەڵام نەمزانی پێوەندی چوارینەکەی لاپەڕە 246 کە دەرگایە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکە، بەو خەونە سەیرەی کە نائیبی والی دیتوویەتی و لە ئاکامدا کردوویەتی بە کۆیلەی «مەحوی» چییە؟ بە داخەوە هیچ تاکێک لەو هەشت نووسراوەی باس کراو لە لاپەڕە 255 ی «مەحوی لوتکە» دا نەهاتۆتە بەرچاوم کەوا بێگومان گەلێک شتم لێ وەردەگرتن لەبارەی مەحوییەوە ئێستاش مەترسی ئەوەم هەیە لێرەدا ڕایەک بە ناوی خۆمەوە دەربېرم دواتر دەرچێ کە یەکێک یان پتر لەو سەرچاوانە بۆی چوون.

وەک گەلێ جار گوتراوە و نووسراویشە شیعری مەحوی غەرقی واتا و نوکتە و وێنە و جوانییە، لەوانەیە مرۆ پێی وابێ لە بەیتێکی قوڵ بۆتەوە بۆ تەختی بنی کەچی بە ڕۆچوونی قوڵتر گەوهەری نەدۆزرایەوە بە دەستەوە دەدات. بۆ بەسەرکردنەوەی چەند و چۆنی واتای دیار و نادیاری شیعرەکانی هەر ئەو دیوانە لەبەردەستدایە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک محەمەد شەرحیان داوە.

لێرەدا هانا دەبەمە بەر ئەو دیوانە بۆ مەشقی وردبینی لە چەند نموونە شیعرێکی بایی ئەوەی تروسکەیەکی زیاد بهاوێژێ بۆ ناو دیوانەکە و بەر نیگای ئەدەب دۆست و ئەدیبان لە قەوارەی گوتاریشدا جێی بێتەوە. دەشێ بڵێم کارێکی من دەیکەم گەلێک ئاسانترە لەوەی مامۆستا و کاک محەمەد کردوویانە چونکە هەمیشە ڕەخنە وەیا بەسەرەوەنان لە بنیات نان سووکەڵەترە. ئەوان مەیدانیان خۆش کردوە ئینجا من دێم بە وەکازی قەڵەمەوە پیاسەی تێدا دەکەم. ئەو نموونانەش هی بەدوادا گەڕان نین. لاپەڕەم سەیر کردوە و بەیتێکم ڕەچاو کردوە ئنجا دە پەڕم هەڵداوەتەوە تا لەسەر لاپەڕەیەکی بەند بووم، وەهاش بووە کتێبم داناوە، کە بۆی گەڕاوەتمەوە لەو لاپەڕانە گیر بووم کە پێشتر پێیاندا تێپەڕی بووم، تا ئێستاش نەگەییشتوومە بەشی فارسیەکەی.

لە لاپەڕە 64 ی دیوانەکە هاتووە:

ئەگەر ئازادەگییەک بێ لە عەدەمدا بۆمان
چی هەیە غەیری بە پێچی پەلپەل داوی حەیات

لە شەرحدا هاتووە: نەبوون هیچ نەبێ سەربەستیەکی بۆ بنیادەم تێدایە لەم هەموو کۆت و زنجیرە جۆر بە جۆرە مادەی و ڕووحییانەی بە خۆیانەوەیان بەستۆتەوە... هتد. من تەنها دەخلم بەسەر وشەی «بە پێچی» یەوە هەیە کە وەک بۆی دەچم «بپێچی» یە واتاکەشی دەبێتە «پەلەپەل – خێرا خێرا بپێچی دوای حەیات» وەک کە داو بە پێچانەوە هەڵ دەکرێتەوە. «بە پێچی پەلەپەل» لووس و لێک نییە. بە پێچی دوای حەیات جومڵەی تەواو دروست ناکات چونکە «اسناد» ی تێدا نییە وەک کە لە فیعلی «بپێچی» اسناد پەیدا دەبێ.

لە لاپەڕە 66 هاتووە:

خەلاصی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زولفی زنجیرت
لەبەر تیرت، مەلەک بێ هەڵفڕینی نەبووە نەخچیرت

لە شەرحدا هاتووە: دیلی کەمەندی زوڵفی تۆ هەرگیز نایەوێ ڕزگار بێ و نێچیری ڕاوت ئەگەر فریشتەش بێ هەرگیز لەبەر تیری تۆ هەڵنافڕێ و دەیەوێ بەو تیرە بپێکرێ چونکە دڵدار دەیەوێ هەمیشە لە یارەکەیەوە نزیک بێ. من وەهای بۆ ناچم: شیعرەکە نەیگوت نێچیر دەیەوێ بەو تیرە بپێکرێ بە پێچەوانەوە گوتی نێچیرت مەلائیکەتیش بێ خەلاسبوونی لە داوی زوڵفت ناوێ چونکە هەر هەڵفڕێ تیرت دەیکوژێ. مانەوەی لە داوی زوڵفی چاکترە بۆی... داوەکە سەلامەتترە لە تیرەکە. وشەی «مەلەک» بە واتای «یەک مەل» یش دێ. مەبەست لە نێچیر نێچیری کوژراوە.

لە لاپەڕە 70 دا هاتووە:

لەپێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق
ببی بە شێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست

لە شەرحدا دەڵێ:

زنجیرەی عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەس و هەموو کەس شایانی خەڵاتی وا پیرۆز نییە. بۆ ئەوەی ئەم زنجیرە بکرێتە پێت و لە پێتدا زڕەی بێ، پێویستە ببی بە شێر و ئەوەندە ئازا بی بتوانی دەست لە دنیا هەڵبگری.

من وەهای بۆ دەچم، بە ڕێنوسی کۆن وشەکە دەنووسرا «شیر» و بە هەر دوو جۆر دەشیا بخوێندرێتەوە واتە «شێر، شیر = اسد، سیف». بۆ شکڵی «شێر» هەر واتایەک لێ بدرێتەوە قەیدی نییە بە مەرجێک لەگەڵ دەقی شیعرەکە بگونجێ نەک بە زۆرە ملێ بە سەریدا بسەپێ.

چەندی دەکەم بۆم نالوێ بڵێم دەست لە دنیا هەڵگرتن سزای زنجیرکردنی پێوە بێ. وا دەزانم نیوە دێڕی دووەمی بەیتەکە دەبێ بخوێندرێتەوە: «ببی بە شیر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست»

بوون بە شیر «سیف» و دەست لە دنیا هەڵگرتن «تمرد» دەگەیەنێ نەک وازلێهێنان. لە سەبکی بەیتەکە ئەو دەستهەڵگرتنە وەکوو ئاڵاهەڵگرتن و ڕمهەڵگرتنە بۆ جەنگ. تۆ کە خۆت شیر بوویت دەست هەڵگرتنیش دەبێتە شیرهەڵگرتن چونکە شیر دەستی هەڵگرتووە. ئەم سەرکەشییە یەکە مناسبی سزای زنجیرکردنە، چونکە لە واقیعدا دنیا تەڵاق دانە دەبێتە هۆی حەڵاڵکردنی زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق.

لە لاپەڕە 78 ئەم بەیتە:

ئیتیفاقی، ئافتاب ئانێ موقابیل بوو به ڕووت
ئافەتێکی دی، نەما تابی، بوەستێ ڕوو به ڕووت

لە شەرحدا هاتووە:

بە ڕێکەوت جارێکیان ڕۆژ تاوێک لەگەڵ ڕووت ڕوو بە ڕوو بوو. دەردێکی وای بەسەر هات توانای نەما لە بەرابەرتدا خۆی بگرێ.

وەک من بۆی دەچم: ڕۆژ خۆی لە ئاوێنەی ڕووی یاردا دیتوە. ڕۆژ بە «افتاب» نووسراوە لە بەیتەکەدا. کە دیققەت بکەی لە وشەی «افتاب» «افت» هەیە کە دەکاتەوە «افة» ی نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکە. ئنجا ئابی نەما چونکە لە وشەی «افتاب» کە «افت» لابەریت «اب» دەمێنێ نەک تاب. «اب» یش کە ئاوە ناتوانێ بوەستێ.

لە لاپەڕە 152 ئەم بەیتە:

لە زولفیا ونە ڕوو لێوی هەر لە کارایە
ئەو ئافتابە گەر ئاوا بووە مەسیحا خۆش

نیوە دێڕی دووەم لەبەر کێش دەخوێندرێتەوە «ئەوا فتابە گەراوا بووە...» لە شەرحدا دەڵێ: ئافتاب: خۆر ، مەبەست لە حەزرەتی عیسایە. مەسیحا: عیسا، مەبەست لێوی یارە کە هەناسەیەکی لێ دەردەچێ وەک ئەو هەناسەیەی لە دەمی حەزرەتی عیسا دەردەچوو مردووی پێ زیندوو دەبوەوە.

من وا دەزانم ئافتاب کە ئاوا بووە ڕووی یارە لە زوڵفدا ون بووە، ئەمما لێوی لە کار نەکەوتوە چونکە نەفەسی هەر دێت و خەڵق زیندوو دەکاتەوە وەک مەسیح. نەفەسیش مووی زوڵفی لادەدا بایی دەرکەوتنی دەمی. لە لاپەڕە 219 ئەم بەیتە:

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاھ و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم

لە شەرحدا دەڵێ: لە تۆڵەی قسەی سارد و ناخۆشی و وەک بەردی ڕەقی یارانی بێ بەزەییدا منیش هەڵکێشانی ئاخ و هەناسەی گەرمم هەیە وەک هەورە بروسکە و بەرقی ئاسمان کاریگەر و سوتێنەرە.

من دوو تێبینیم هەیە: یەکیان ئەوەیە کە مەحوی دەڵێ «بەردم تێ گرێ» ئەم بەردەی لە خۆڕایی نەهێناوە. وشەی بەرد دەنووسرا «برد» ئەم وشەیە بە عەرەبی دەکاتەوە «سەرد» ی نیوە بەیتی یەکەم. کەواتە بە واتای «حجر» یش دەڕوات و لە موناسەبەی قسەی ساردا بە «برد، ساردی» ش دەڕوات. تێبینی دووەم ئەوەیە کە وشەی «شێتانە» هەرچەند جێی بۆتەوە بەڵام زێدە لە هەموو وەسفێک بۆ «شێتی» پەسەند کراوە؟ بۆچی گیلانە نەبێ؟ وەها دەزانم وشەکە بە ڕێنووسی کۆن «شێتانە»ی بێ چوکرە دەنووسرا. ئەم شکڵە هەڵدەگرێ «شیطانە» بێت و بە زاری کورددا ببێتە «شێتانە» لە هەمان کاتیشدا «شێتانە» ش لە کیسە دەمێنێتەوە:

- کەسێ شیطانە بەردم تێ گرێ...
- کەسێ شیتانە بەردم تێ گرێ...
- کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ...

ڕەنگە مەحوی لە ئاسۆی وشەی «شیطان» ەوە بەتەمامان بووبێت خەیاڵ لە «برق» بکەینەوە کە ئەو «شهاب» ە بێ ڕامالّی شەیاطین دەکرێت وەک لە قورئاندا هاتووە «... فأتبعه شهاب مبین» ئنجا ئەگەر شریتە بەم خەیاڵە درێژ بکەینەوە دەگەینە ڕادەی ئەوەی کە وشەی «سەردا» ئەویش «سەر» بێت و تەواوکەری حرف جری «له» کە «دا» یە بە دوایدا هاتبێت وەک کە «سەردا» ش هەر «سەرددا» یە و دالێکی لێ قرتاوە. ئەوسا «سەر» بە واتای «سەروو، بەرزایی» دێت بە مەبەستی «ئاسمان» چونکە شەیاطین گوێیان لە قسەی ئاسمان ڕادەگرت و شیهاب، بەرقیان تێ دەگیرا. لە پاداشی قسەی ئاسماندا من بەرق دەگرمە شەیطان... نەختێک چاوپۆشی و یارمەتی دان پێویستە تا ئەم واتا لێ دانەوەی «ئاسمان و برق» لە شەیطانەوە لەبەر تەبیاتماندا دەسازێت.

یارمەتی دان و چاوپۆشی ئەوتۆیی هەمیشە لەگەڵ لوغز و مەعەممادا کراوە بۆ ئەوەی بتوانرێ هونەری وەها سەرکێش ڕام بێت. هێندی لە شیعری مەحوی و نالیش بە وردی و قوواڵییاندا خۆیان لە ڕۆخی موعەمما دەخشێن. لە موناسەبەی موعەممادا باسیکی کورتیلە دەگێڕمەوە.

عبدالباقی العمری بە شاعیری صەدەی نۆزدەمی بەغدا دادەندرێت. خۆی مووسڵییە هاتۆتە بەغدا. دەگێڕێتەوە دەڵێ ڕۆژێکیان بە عادەتی خۆم دەچووم بۆ لای مەولانا خالید. بە بیرمدا هات فیراسەتی تاقی بکەمەوە. بە ڕێگاوە موعەممایەکم ڕێکخست، کە گەیشتمە خزمەتی گوتم: موعەممایەک هەیە بۆم لێک نادرێتەوە، داوای کرد و منیش خوێندمەوە:

بان لام العذار من ألف القد
فتم الوصال فی عامین

دەڵێ بێ وەستان گوتی: «ئەفسەنتین» لە ولّاتی مووسڵ زۆر هەیە. لێکدانەوەکە بەم جۆرە دەبێت: لام دوور بکەوێتەوە لە «الف» دەمێنێتەوە «اف» کە وصال لە دوو سالّدا پیک بێت. سالّ وەک «عام» ی هاتوە «سنة» شی هاتوە، دوو سالّ دەبێتە «سنتین» لەگەڵ «اف» بە یەکتر بگەن «اف سنتین – افسنتین» دروست دەبێت. ئەفسەنتین ڕوەکێکە. واتای بەیتەکەش بە کوردی ئەمەیە: لامی بسک لە ئەلفی قەد دوور بۆوە. لە دوو سالّدا وصال پێک هات.

لە لاپەڕە 298 کە شەرحی ئەم بەیتە دراوە:

ڕوخیشی کردە ئەولا دەی شی پرسی
بە شۆخی شاهی من تۆ بۆچی مانی

دەبوو بگوترێ «روخ و شا» دوو بەردی شەترەنجن هەروەها «مات» یش زاراوەیە بۆ مردنی شا کە ئیتر یاری دەدۆڕی. «ڕوخیشی کردە ئەو لا» لە نوختەی یاری شەترەنجەوە دەشێ ئەوە بێ کە ڕوخێکی خۆی بەلاوەنا «وەک کە لە بەیتەکەشدا ڕووی خۆی بەلاوە ناوە» دیسانەوە یاریەکەی بردۆتەوە کە مەحوی مات کردوە. دەشێ ئەوەش بێ کە ڕوخێکی مەحویشی لاداوە و کوشتوەتی دەشپرسێ بۆچی ماتی؟ ڕوخ لە پاش وەزیر لە هەموو ئالەتەکان بەهێزترە.

لە لاپەڕە 300 ئەم بەیتە:

مەگەر قەطعی نەفەس چاری بکا، وەرنا نیە هەرگیز
لە پێوەندی کەمەندی پڕ خەمی طولی ئەمەل چارێ

شەرح دراوە بەوەدا کە: لە گیان دەرچوون بەولاوە هیچ چاری نەفس ناکا و لە کەمەندی ئالّۆزکاوی هێوا درێژی ڕزگاری ناکا.

ڕاستە قەطعی نەفەس، هەناسە لە خۆ بڕین، دەبێتە مردن، ڕواڵەتی بەیتەکەش ئەو واتایە بە دەستەوە دەدات بەڵام وەک من دێتە بەرچاوم، مەحوی تەپکەی داناوە بۆ خوێنەر. دوای ئەوەی فێڵت لێ دەکا بەوەدا کە دەڵێ هەر قەطعی نەفەس

ئەو پێوەندییە چار بکات، ئنجا ئەگەر زیهنمان مووقلاشی بکات دەبینین ئەو پێوەندییە بە طولی ئەمەلەوە یەکجار بێهێزە چونکە مەحوی پێت دەڵێت قەطعی نەفەس بە واتای ئەو قەطعەی کە نەفەس دەیکات وەک «قەطعی شیر، تبغ» پێوەندی کەمەندی پڕ پێچی طوولی ئەمەل هەڵدەبڕێتەوە، واتە ئەمەلی بەو یارە هێندە سست و بێهێزە کە هەناسەیەک داوەکانی دەپسێنێت. ئەم قەطعی نەفەسەش وەکوو «دەرو و دوو هۆدە» ی پێشتر گوتمان بە لای دوو ژووردا دەکرێتەوە. جارێکیان بەلای برانی نەفەسەوە کە مردنە، جارێکیان بەلای برِندەیی نەفەسەوە کە خۆی طولی ئەمەل دەپسێنێت.

وشەی «مەگەر» لێرەدا کە وەها دەگەیەنێ هیچ شتێک نییە غەیری قەطعی نەفەس طولی ئەمە چارە بکات، لە پەنا واتای «برِندەیی هەناسە» دا تێ دەگەین کە شتێکی دەرەوەی وجودی شاعیر ئەو داوەی ئەمەلە نابرِێت. چ هەناسە برِان بێت کە مردنە و چ برِندەیی هەناسە بێت هەردوویان زەنەی عاشقن، لە دەرەوە نەهاتوون. داوە پێوەندییەکانی طولی ئەمەل بەرانبەر کاریگەریی دەرەکی پسانیان بۆ نییە. ئەو داوە پێوەندییانە هێندە سستن بە بای هەناسەی عاشق دەپسێن.

دەگەرِێمەوە بۆ قسەیەکی زووتر کردم کە ناشێ لە لاوە واتا رِاگوێزین بۆ ناو شیعر. چی لە شیکردنەوەی ئەم چەند بەیتە کردوومە رِاگوێستنی واتا نییە بۆ ناو شیعر چونکە لە بەیتەکاندا وشە و تەعبیر و هێما هەن بۆ واتاکان، تا ئەگەر بە سەهووش چووبێتم و شتێکم هەڵنابێت کە بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێ هەر نابێتە بە سەرەوەنان بەڵکوو وەک ئەوەی لێ دێت تۆ بڵێی 35 درهەمم بزر کردوە من 40 درهەمت بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر هاتبامایە «قەطعی نەفەس» م بردبایەوە بۆ خەفەکردنی سوڵتانی عوسمانلی و شای قاجار وەیا خنکاندنی ئەمیر دەریای هێزی دەریایی بەریتانیا دەبوومە قاچاغچی... مەحوی و نالی و وەها بە چەرخ و دۆڵابن تا لێیان بپێچییەوە حەقتە. فەرموو برِوانە ئەم بەیتەی مەحوی:

نەگەییە دامەنی، دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی رِێی
طەریقەی گۆشە گیری بەردەدەم ئەمجارە رِێ دەگرم

لەوانەیت هەموو لایەنێکی وشەسازی و واتا ئارایی و نوکتە سنجی و... و.... ی ناو بەیتەکەت بە تەواوی و دروستی لێک دابێتەوە بەڵام بەسەر شتێکی وردیلەی نیگارِانەکێشدا تێپەرِی بیت وەک ئەوەی کە «جا» ی مەصرەعی یەکەم وا لەناو «ئەمجارە» ی مەصرەعی دوەمدایە و لە لای خۆیەوە وەک بورغووی مەکینەیەک لەنگەری دوو مەصرەعەکەی رِاگرتبێت. جا، ئنجا، ئەمجا، ئەمجار، ئەمجارە هەمووی یەک واتای هەیە، هێندێکیان لێیان کورت کراوەتەوە. بە زۆری و بە کەمی. تا ئەمجارە بۆتە جا.

نالی دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ رِووِرەشی «تو» بم
ئەمسالّە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری

هەموو ئەدیب و شاعیرەکان دەیانخوێندەوە و دەخوێننەوە «تۆ» کەچی بەمەدا بەیتەکە دەمرێ. نالی «تو – توو» ی گوتوە چونکە لەم شکلّەدا هەم بە واتای «تۆ – أنت» دێت و هەم بە واتای «توو – تووک – شەعر – موو» دێت. تومەز لەم سالّەدا «رِووِرەشی توو – تووک، موو» بوە چونکە رِیشی رِواوە. ئەو واتایەی لە «توو – بە واتای تۆ – أنت» دێت ئەویش لە جێی خۆیدا بەردەوامە. وەک دیارە مەحوی و نالی ناونراو بەزاری دەرەوەی بابان دواون ئیتر لە وشەیەک، لە تەعبیرەک بێت، مەبەستیان پێ دەربرِیوە.

مەحوی دەڵێ:

ئەم عالەمە کە مونتەظیری جیلوەی ئەو مەهەن
دەمرن بەو ئینتیظارە هەموولا «بلا خصوص»

بەیتەکەم بە ڕێنووسی دیوانەکەی مەحوی ڕاگوێست. لەم بەیتە سەرم سوڕماوە. لێم سوورە کە لە تەعبیری «هەموو لابلا، هەمولا بلا، هەمولا بەلا، همو – لابە...» جارێکیان لە وەرگێڕانی «هەم» ی سەرەتای «هەموولا» وشەی «مەه» پەیدایە کە لە مەصرەعی یەکەمدا عالەم مونتەزیری جیلوەی ئەون بەڵام نازانم لە کوێوە ئەو وەرگێڕانە دەست دەکەوێ. جاریکی دیکە لە «هەموو لا بلا» کە بخوێندرێتەوە «ه مو لا به» ئەو «مو» ه لادەچێت و دەمێنێتەوە «ه – لا». «لابە - لابەرە دەگەیەنێ: وەک گوتم مەحوی زاری دەرەوەی بابان بەکار دەهێنێت».

ئەوەی دەمێنێتەوە لە «هەموو لا بلا خصوص» تەنها «لا خصوص» ە. بە جۆرێکی کە باشی بۆ ناچم لە «لا خصوص» مانەوەی «لا – بە واتای حرفی لام» مەبەستە. ئنجا کە ئەم بەدوا «ه - لا» دا هات «هلال» دروست دەبێت کە ئەویش مەهەکەیە، دەکاتەوە یار. دەزانم شیکردنەوەکە ناتەواوە بەڵام پەنجەم لێی بەر نابێت چونکە ئاین و ئۆینی مەحوی گەڵتەی لەگەڵدا ناکرێ. دەقی شیعرەکە لە ڕواڵەتدا تێمان ناگایەیەنێ بۆچی عالەم لەو ئینتیزارە دەمرن. بەڵام ئەگەر «مەه - هلاڵ» لە شیعرەکەدا دۆزینەوەیان مەبەست بێ بەبەریەوە دەبێ چین لە دوا چین بمرن و نەیدۆزنەوە. قسە زۆرە، مەودا کورتە، ئەمەل دوورە!

خوێنەرانم بە خەیاڵی دڵی تەڕی هەموو شاعیرە کۆچ کردوەکانمان لەگەڵ مندا ئەم غەزەلەی مەحوی بخوێننەوە. لە هەموانەوە گوڵاو پژێنی یادی باغ و بەهەشتی دڵە بولبولەکەی مەحوی. ئاهەنگ گێڕی شەرەف و قودسییەتی کوردستان و کورد زمان بێ.

شمشادە ئەمە یا قەدە یا سەروی زەوانە

یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵ و جانە

داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشارە بەسەردا

یاسونبولە و کردوویە صەبا زولفی بەشانە

ئاهووی خوتەنە جیلوە دەکاتن لە خەطادا

یا چاوی ڕەشی فیتنە گەری سورمە کەشانە

دڵ هایمە دایم کە ئەمە قەترەیە داخو

یا جوزئەکی بێ جوزئە موسەممای بە دهانە

ئەم مەی صیفەتی خوون خورە وا نازک و سوورە

یاقووتی لەبە. یا گوڵە. یاقووتی ڕەوانە

نالاندم و فەرمووی کە ئەم ئازارە حەزینە

یا مەحوییە یا بولبولەکەی فەصلی خەزانە

بەغدا هەینی 8\1\1988

«...»

تاوانی دیاردە چاوغەڵەتێنەکان

گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 81، ساڵی 1989

ئەم جیهانە بێ سەروبنە، بێ سنوور و کۆتاییە، کەس تێ برنەکردوەی وا لەبەر چاو و هەست و هۆشماندا، بە ڕواڵەت، هێندە کراوەیە هەر دەڵێی بانگەوازی ئاشکرایی و دەروون شکافی خۆی بە بەر گوێی بیەردا بەرز هەڵدەبڕێ، کە لێی ورد دەبێتەوە دەبینیت دەوراندەورتی تەنیوەتەوە بە تەڵەی فکر و تەپکەی هۆشی ئەوتۆ کە هەر یەکێکی لەوانەیە بە تروکە چاوێک چەند خلیسک بە نیگات ببات بۆ ناو زیندانە داخراوەکانی.

من لێرەدا نامەوێ ڕێی کورت دریژ بکەمەوە بۆ باسە دوورەدەست و پەنامەکی و وردەکانی فەلسەفە و میتافیزیک و ماتەماتیک و... تیک.. و تیک و هەزار و یەک تیک و ئیزم ism ی زانا و پسپۆر و پەندیار و ڕابەرە وردپێو و تەنکدابڕ و هێماساز و زار قەڵەباڵغی زانستە بە دەرگە و دۆڵابەکان و هونەرە لوولخواردوەکان و فێڵ و فڕە خۆ- داپێچاوەکان، کە لەواندا تەپکەی فکر بۆ زاناکان نراوەتەوە نەک بۆ زۆربەی خەڵق چونکە زۆربەی خەڵق هەستیان پێ ناکەن تا تێیان بکەون مەگەر لە ڕێگەی بەهەڵەچوون و سەر لێ شێوانی زاناکان لەو تەپکانەدا ساکارەکانیش بەدوا ئەواندا پابەندی تەپکەکان ببن وەک کە قوتابی لە شێوەی تووتی قسەی مامۆستاکانی دەڵێتەوە، دیارە زۆربەی خەڵقیش لە تەک ئەو زانایانەدا وەک قوتابی و بەرەژێر تریشن. ئنجا بۆیەیە لێرەدا تەنها دەست بۆ تەپکەی ئاشکرا دەبەم کە هەموو چاوێک دەیبینێت و پێیەوە دەبێت، ناوناوەیەک نەبێ، کە بەپێی داخوازی، سەرکێڵێکی هەندێ تەپکەی نابەرچاو دەکەم. بەڵام لە پێشەوە دڵ خۆشکەریەکی مرۆڤی ساکار دەدەمەوە [کە خۆم یەکێکیانم] بەوەدا بەشێکی تەپکەی بەرچاوەکان لە کۆنەوە ڕابەرەکانیش وەک ئێمە لێی بەسەهوو دەچوون و تێی دەکەوتن و لێکدانەوەی زانستییانەی ئەوسایان لێ هەڵدێنجا، واتە شەرمی تێوەگلانی سافیلکانە بایی نوشتوویەکی بەپۆز بەسەر شانی ئەوانیشدا دەدوورا، هەر لەم نووسینەشەدا ئەم لایەنەت بە بەر چاورا تێ دەپەڕێ.

مرۆڤ یەکەم تێوەڕامانی هۆشدارانەی بەرەو شتێکی ڕوون و ئاشکرا و بەرز و پان و خاوێن بوە کە ئەگەر لە ئاستیدا بە سەهوو چووبێت بە زۆر لەسەری کەوتبێت ئەویش «ئاسمان» ـە بە خۆی و بەرزی و جوانی و ڕەنگینی و مانگ و ئەستێرە و هەور و بروسکە و کاکێشان و... و... یەوە، هەر لە یەکەم نیگاشیەوە لێی بە سەهوو چوو کە وای زانی شینە [چونکە شین نییە] کە وای زانی گونبەتە [... گونبەت نییە]، کە وای زانی سەرقاپە بە سەر زەویدا نخوون بۆتەوە [نە سەرقاپە و نە نخوون بۆتەوە]، کە وای زانی بگێڕی بوونەوەرە گەشە ئاسمانیەکانە [نە بگێڕە و نە هیچ...]، دواتریش کە فەلەکناسەکان بە وردبوونەوە لە بزووتنەوەی ئەو بوونەوەرە ئاسمانییانە حەوت هەشت فەلەکی تەبەق لەسەر تەبەقی بێ تیک و دەرزیان کردە هەڵسووڕێنی چەرخ و دۆڵابی هەموو جیهان، خۆیان و زانستی زێدە گرنگی فەلەکیان لەو بەرزاییەوە بردە ناو زیندانێکی فکری وەها کە دوو هەزار ساڵێکی پێ چوو تاکوو لە سەردەمی کۆپەرنیکۆس و گالیلیۆ بەر لە 400 ساڵێک دوای ترس و لەرز و قوربانی و زمان بڕین و کافرکردن و سووتاندنی چەندین بێ خەتایان تەبەقەکان پێچرانەوە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە وەستاوەکان و گەڕۆکەکان لە کاروانی شەوانە و ڕۆژانەی ئەزەلی ڕەها کران و هەر یەکەیان بە پێی تێ بڕکردنی هۆشی فەلەکناسەکانی ئەو سەردەمە بێشکەی حەسانەوەیان بۆ ساز درا. مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانیش مانەوە لەسەر تاکە بزووتنەوەی تایبەتی خۆیان کە پێوەندی بە هەڵاتن و ئاوابوونەوە نییە. ئنجا کە ئەمە کرا یەکسەر و بە ناچاری «مامە زەوی» کە تاکوو ئەو کاتە لە مەرکەزی جیهان پاڵی لێ دابۆوە خرایە گەڕ و کرایە بەرپرسیاری ئەو چاوبەستەکێیە زلەی کە بزووتن و گەڕان و سووڕانی ئاسمان و بوونەوەرە پرشنگدارەکانی لە هۆشی مرۆڤیان دەکرد چونکە دەرکەوت «زەوی» خۆی بوو دەسووڕا و دەبزووت و ئاسمانی لەبەر چاوی سافیلکە و پسپۆڕاندا دەکردە چەرخوفەلەک.

تۆ ئەگەر بیر بکەیتەوە لە چاوبەستەکێکە تا هەڵوەشانەوەی، کە هێشتاکەش بایی سەردێڕێکی لێ ماوەتەوە، ئنجا بگەڕێیت بەدوا ئەو کارە زێدە گرنگ و بە ئەرک و ژانوژوارەی کە کردوتیە سەر زیهن و باوەڕ و ئایین و زانست و هونەر و

ئەفسانە و... و... بەدرێژای مێژووی مرۆڤ سەیرت لەوە دێتەوە کە چۆن مێشک و دڵ و دەروون و ناخی هەست و نەستی مرۆڤ هەر لە ڕسکانیەوە مەحکووم بوە بەو دیمەنە بێ ڕەزایە، چاوغەڵەتێنە هۆش، حەپەسێنە، گیان وروژێنەی پاک و ڕوون و بەرز و هیچ و پووچەش.

وەها تێ نەگەی تەپکەی «ئاسمان» ـە شینی پان هەروا بە سێنایی و بێ سەیروسەمەر و کاریگەری، هۆشی مرۆقی لە خۆیدا حەشار دا تا ئەو ڕۆژگارەی کە بەرەوپێش چوونی زانست فێڵەکەی بۆ دۆزیەوە ئەویش وەک دیلی حوکم تەواو کردوو لێی دەرچوو. لە تاو کاریگەریی دیمەنی ئاسمان بۆ ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاد ئەوەندە بەسە کە بەشی هەرە گەورە و پیرۆزی ئەوەی پێی دەڵێین «ژوورخان- بناء فوقی» ی کۆنینەی ئادەمیزاد ڕاستەوخۆ و بێ مامۆستا و یەکسەر لەو شینە پانەوە بۆی شۆڕبۆتەوە، تەنانەت بۆ ماوەی دوور و درێژی هەزاران ساڵ بە «خوا» ناسراوە وەیا هەر نەبی هێندەی خوا هێز و پیرۆزی پێ بەخشراوە، زۆریش لەو خوایانەی گەلان پەرستویانن بەچکەی ئەو ئاسمانە بوون.

گۆی بگرە لە وتوێژی دیندار و پەندیار و شاعیر و قسەکەر و ڕیش سپی و حیکایەتخوانی گەلانی هەزاران ساڵ لەمەوبەر لێیان دەبیەیت کە چارەنووسی مرۆڤ لە تەگبیری ئەو شینە پانەیە نەک لە گەنم و جۆ و بەرخ و گیسکێکی پێی دەژیت. بەرخ و گەنمەگەشی مەحکوومی ئەو بڕیارەیە کە ئاسمان و هێزە نهێنیەکانی پێی ڕەوا دیتوون، تەنانەت گیسکی بۆ هەژاران سەرنەبڕیوە ئەگەر بەنیازی ڕازیکردنی ئاسمان نەبووبێت. چەند سەیرە بەزەیی مرۆڤ بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە ئنجا لەوێوە بەسەر برسی و لێ قەوماودا نشێو بێتەوە پیاوەتییەکەش بۆ ئاسمان حیساب بکرێت. ئەم «قدرية- Fatalism» ـەش تا بەرەو چینی هەژار و زەحمەتکێش و نەخوێندوو دەبوویەوە پتر ئەستوور و خەست دەبوو تا ئەوەی قسەیەکی مەیلەو ئازادی بابایەکی مێشک کراوە لای ئەو کەڕەوارانەی بە کفر لە قەڵەم دەدرا ئێستاش پاشماوەی ئەم حاڵە هەر بەرچاوە.

بەدوادا گەڕانی هەزاران هەزار ئایدیۆلۆجیا و باوەڕ و ئەرکی مادی و پاداشتی مەعنەوی و پەلەفڕەی گیان و شاگەشکەبوونی دڵ و شەڕ و ئاشتی و جموجووڵ و جانفیدایی... و... و... کە ئاسمان بەسەر مرۆڤیدا بڕیوە بۆ لێکدانەوەی خوێنەر بەجێ دەهێڵم چونکە کارێک نییە من وەیا یەکێکی دیکە بە نووسین و بە ئاخاوتن و لێی بە کۆتایی بگات. ئاسمان گەورەترین و وردترین و قوواڵترین فێڵی لە هۆشی سافیلکان کردوە، هەزاران هەزار دنیاپەرستیش بە ناو ئەو فێڵەدا بۆ ئومێد و ترسی ئەو سافیلکانە چوە و بۆ خۆی دابڕیون. پیاوی ئایینی فکرڕوونیش بەشێکی هەوڵ و تەقەڵای بۆ ڕێسواکردنی ئەو تەرزە تەڵەکەبازییە بوە بەڵام چی بۆ کراوە؟ ئەگەر خوێنەر لێشم ناسەلمێنێ، کوردی گوتەنی، ئەمە گەز و ئەمەش ڕابردووی مرۆڤ برۆ بیپێوە.

مرۆڤ کە نیگای لە ئاسمان بەر بوە سەر زەوی، دیسانەوە، دەکەوێتە ناو تەپکەهای بە گرێوگاڵ و بە بێنەوبەرە کە دەبینێ زەوی وەک ئەستووکی نانەوا لەبەر دەست و دەمیدا بە هەموو لایەکدا پان بۆتەوە و بە پەراوێزی ئاسمانەوە نووساوە بێ تەقەڵ و بێ تیک. لەم ڕواڵەتەوە بۆ ئەوە چوو کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان هەر جارە لە زەوییەوە دەردێن و بە چەرخوفەلەکی ئاسماندا لە ئەنجامی گەشتێکی نیو ئەڵقەییدا دەچنەوە ناو هەناوی ڕۆژاوای زەوی و دەحەسێنەوە بۆ گەشتێکی نوێیی سەر لە بەیانی.

هەندێک لەو کەسانەی شەیدای جەبەڕووتی هێزی پەنامەکین، تا ئەو ڕادەیەی بە قسەکانیاندا دەسەڵاتیشی بۆ دەخوازنەوە، وەهایان لایەقی دەسەڵاتی ئەزەلی دیت بڵێن لە سەرەتای هەر بەیانییەکدا ڕۆژێکی تازە دروست دەکرێت و لە کۆنە چەرخوفەلەکە تێ دەنیشێت. هەر ئەم قسەیە سەرەڕای خۆشکەڵەیی، پتریش، لەگەڵ قودسیەتی ئاسمان و ڕووناکایی و بەرزایی دەگونجێتن لەوەی هەر شەوە ڕۆژی نوورانی بچێتە ناو باخەڵی خاکی ساردوسڕ و بە تەپوتۆز و تاریک. خۆ ئەگەر بشێ لە کاتی ڕۆژگیران و مانگگیران بە تەنەکە لێدان حووتە قووتدەرەکە بترسێت و یەقیان بکاتەوە. ئەو هەموو تەبەق لەسەر تەبەقی خاک و بەردەی کە بە شەو ڕۆژەکەی تێدا حەشار دەدرێ لەوانە نییە ڕێ بە هیچ گرمە و لرمەیەک بدا بەرەو تاریکستان و غەیبستانی هەناویەوە بڕوات، ئنجا حووتیش لەوێدا نییە بترسێ بانەترسێ چونکە سەرلەبەری ئەستووکی زەوی، وەک گوتمان، کورسی ئەفسانەی ڕۆژی قووت داوە ئیتر چی لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر هات و ڕۆژەکەی نەدایەوە؟

وا چاکە بەخشندەیی غەیب هەموو سبەینەیەک ڕۆژێکی تازە بە مەخلووقات ببەخشێ وەک بە درێژایی ئەزەل و لەبەر ژیان و بوونی بەخشیوە و دەبەخشێت هەر چەند لە دەمێکیشەوە زاناکانی فەلەک بە خەڵقیان ڕاگەیاندبوو زەوی خرە و مانگ و ئەستێرە لەبەر چاوان ئاودیوی ئاسۆی ڕۆژاوا دەبنەوە و قووت نادرێن بەڵکوو لە وڵاتێکی دیکە هەڵدێنەوە تا سووڕی تەواو بە دەوری زەویدا دەکەن و لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە سبەینان قوت دەبنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە چەند فەلەکناس و سوختەی زیرەک بەولاوە کەسی سافیلکە بەدوا ئەو تەرزە قسە بەرەواژانە نەکەوت.

تەنانەت مەلاکانی خۆمان کە فەلەکی کۆنیان بە دەرس دەخوێند و دەگوتەوە تەواوێک لە دەست حیکایەتی «ئەرز لەسەر پشتی گایە...» بەتەنگ دەهاتن و لە موناسەبەی دینی عادەتیدا ناچار بوون وەک خەڵقی دیکە پێشیدا دەهاتنەوە و وتوویژی فەلەکناسانەیان هەر لە ئاڵقەی خۆیاندا دەکرد چونکە چی ئەوان لە زانستی فەلەک باسیان دەکرد شتێک نەبوو بچێتە فامی نەخوێندووانەوە. حاڵ گەیشتە ڕادەیەک مەلایەکی مەغریبی دانی بە کافربوونی «شێخ محەمەد عبدە» دا هێنا لەبەر ئەو جۆرە ڕایانەی کە یەکێکیان بزووتن و خڕبوونی زەوی بوو وای کرد هەندێ بابای پیتۆڵ چیای قاف بە ڕۆخاوڕۆخی ئەستووکەکەدا هەڵنێ نەوەک کەس سەرەتاتکە لە لێواریەوە بکات وەیا بگاتە پێکدا دووڕانی ئاسمان و زەوی و دەست لە کاری ناڕەوا بدات، دێو و عیفریتی پشت چیای قافیش هەر بەرهەمی لابەلایی تەختبوونی ڕووی زەوی بوو چونکە زۆر حەیفە ئەو مەڵبەندە کەس نەدیتوەی پشت چیای قاف بە بەتاڵی بمێنێتەوە لە کیس خوولیای ئاشقە دێو و جنۆکەپەرست بچێت.

سەیر لەوەدایە [ڕەنگە سەیریشی تێدا نەبێ] کە مێشکی مرۆڤ ئەفسانەی هەڵمشت و زاخاوەکەی بە خۆیەوە گرت بارتەقای ئەفسانەدۆستی شەڕ لەگەڵ ڕاستیدا دەکات و بەگژ بیری ڕووناک و پاکدا دێتەوە. تەنانەت کە داهێنانە نوێیەکان وەک تەلەفۆن و گرامەفۆن و فڕۆک هاتن و سەری ڕێیان بە هۆشی مرۆڤ گرت و تەنگیان بە ئەفسانە بابلیەکان هەڵچنی، پاسەوانەکانی ئەفسانە بە کاری شەیتانیان دانان و لە خەڵقیان حەرام دەکردن. دواتر نەختێک بە شەرم و تەوازعەوە دەیانگوت ئەمانە هەموویان «گاورکار» ن و عەقیدە تێک دەدەن. تا ئێستاش مرۆڤی وەها هەیە لە پەرۆشی بێفێڵەوە دەسکێک بەڵگە بهێنێتەوە بۆ درۆزنبوونی چوونە ناو مانگ، تاکوو جارێکیان بە یەکێک لەوانەم گوت ئەدی ئەگەر پەلیان گرتیت و لەناو کەشتییەکی ئاسمانگەڕیان دانایت و لە سەر مانگ دایانبەزاندیت؟ گوتی ئەو دەمەش تەئویلێکی بۆ دەبینمەوە. لە ناسیاوی خۆم کەسی وەهام دیتوە، تۆش دیتۆتە. کە شەوان کەشتی ئاسمانگەڕ وەک ئەستێرە بە ناو ئەستێراندا دەگەڕان دەیگوت کوڕینە تەماشای مەکەن!! بۆ خۆشی چاوی دەبڕیە زەوی... ئەویش و زۆری دیکەش شادیی دای دەگرتن گەشتێکی ئاسمانی تێک دەچوو وەیا ئاسمانەوانێک تێ دەچوو، لەمەشدا هەر هێندەی ساوای نەفام گلەییان دەچێتەوە سەر.

تەرکیبی زەوی سەرلەنوێ فێڵێکی گەورەی لە زانا کۆنەکان کرد کەوا بە ڕواڵەتی هەڵخەڵەتان و وایانزانی زەوی لە چوار ماکە مەشوورەکەی «ئاو، ئاگر، خاک، هەوا» پێک هاتوە کەچی ئێستا دەزانین هەر چواریان مادەی ئاوێتەی هەرە گرنگی زەوین. دۆزینەوەی ئەو چوار ماکەش بەرهەمی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زاناکان بوو نەک هەڵپەی مەیلی ئەفسانە وەیا ڕوانینی سافیلکە.

ئەفسانەپەرست و سافیلکە بەعادەت بەرانبەر دیمەنی نامەفهوومی سروشت یا هەر دەحەپەسێ و یەکسەر بۆ غەیبی دەباتەوە، یا لە ئاستیدا بێباک و بێ وردبوونەوە دەبێت. بەتایبەتی ئەو شتانەی هەمیشە دەیانبینێت. تا ئەو دەمەی کە خەریکبوونی بە ژیان و گوزەرانەوە لە شتانی هەڵدەئەنگوێنێت ئیتر حیسابێکیان بۆ دەکات. سافیلکە دەزانێ ئاو لە خۆڵ سووکترە، هەست بە هەواش دەکات، دیارە ئاگریشی دیتوە: بەڵام ئەو لێکدانەوە مەیلەو وردە ناکات کە هەرچی لەسەر زەوی بەرچاو و بەرهەستە یەکێکە لەو چوار شتە. بۆ ئەم مامڵەتە نیمچە «تجریدی» یە لەگەڵ سروشتدا گوێ لە مامۆستاکەی دەگرێ، هەتا ڕاگەیاندنەکانی مامۆستاکەشی سادەتر بێ لێی خۆشتر دێت: دنیا بێ وردکردنەوە مەخلووقی خوا بێ خۆشترە لەوەی ئاو و ئاگر و خاک و هەوا بێ، چواریش بێ لە نەوەد خۆشترە.

تۆ لە سافیلکە بگەڕێ: ڕابەرە موژدەدەرەکانی ئەو چوار ماکە چەندین حیسابی زانستییان لەسەر جیهانی «چوار ماکی» هەڵستاندوە. تەنانەت میزاجی مرۆڤیان بە پێی نزیکبوونی لە خاسیەتی هەر کامێک لەو چوارە بە چوار جۆر دابەشی کردوە. دەرمانی نەخۆشیشیان بە پێی میزاجی نەخۆشەکە ساز داوە.

دیاردەیەکی هەمیشەیی دیکەی زەوی هەیە هەموو چاوێک دەیبینێت و هەتا سەردەمی «نیووتن»یش بە داخراوی لە شێوەی تەپکەی فکر مایەوە، فیلّی گەورەشی لێ کردین: هەرچی قورسایی هەیە بەرەو نزمایی دەبێتەوە. ئەم دیاردە بە ڕواڵەت بەدیهی و سەرەتاییە وای لە نیگای زانا و نەزان کرد بۆ ئەوە بچێ کە «ژوورووە» هەتا سەرووی هەرەسەرەوە هەر بەرز بێت و «خواروو» ش هەتا تەختی بنی دنیا هەر نزم بێت. ئنجا کە ئەمەی لێ بوو بە باوەڕی بنجی، بەڵگەی هەرە گەورەی تەخت و ڕاستبوونی ڕووی زەوی لێ داتاشی بەو گوتەیەی کە ئەگەر زەوی خڕ بێ لە پێشەوە هەرچی ئاو هەیە دەڕژێتە بۆشایی ژێرەوەی زەوی، هەرچی شتی ڕەقیش هەیە لە تەنیشتەکان و دیوی بنەوەی زەوی ئەوانیش بەر دەبنەوە بۆ بۆشایی نزم. چ قەڵاتێکە ئەو خرایییەی زەندیقەکان بە مل زەویدا دەبڕن! خڕی چی و ماشێنەی چی!! (زاناکانی یۆنان و فەلەکناسەکانی فێرگەی بەتلەمیۆس لەو حیسابە بەدەرن). من سافیلکەی وەهام دیتوە کە دەگوترا زەوی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە گورج قسەکەی بەدرۆ دەخستەوە بەوەدا کە ئەگەر خولابایەوە دەبوو سبەینان کە لە خەو هەڵدەستا سەری لە جێی پێی بێت و پێیشی لە جێی سەری.

چاوبەستەکی بوونەوەر، ناوناوە، بۆ تێوەڕامانی عادەتی بەلای سیحر و تەڵەسمدا دەچێتەوە وەک کە کانیاوەکان هاوینان ساردن و زستانانیش هێندەی حەمام هەڵمیان لێ هەڵدەستێ و خەڵق خۆیانی تێدا دەشۆن، هەر لە پەنا ئەم تەڵەیەدا یەکێکی دیکە هەیە ئەویش بەلای نیگای سادەوە چ تەفسیرێکی ژیربێژانەی نییە کە دەبینن هەتا پیاو بەرەو بەرزایی سەرووی شاخەکان تێ هەڵکشێت ساردترە هەرچەند لە ڕۆژیش نزیک تر دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە وای کرد بەر لە چەند صەد ساڵێک «ابن خلدون» بڵێ گەرمایی ڕۆژ دوای گەیشتنی تیشکەکەی بۆ سەر زەوی و عەکسبوونەوەی ئنجا پەیدا دەبێ. بەڕاستی ئەو جۆرە دیاردانە کە لە ڕواڵەتدا دژی بەدیهییەن و بەر هیچ سادە حیسابێکی مەفهووم ناکەون وەک پلانگێڕی بە ئانقەست سەرپۆشی پەنامەکییەتی بەسەر هەڵکەوت و بوونەوەردا دادەنەوە، هیچ گۆشەیەکی پەردەکەش دیار نییە پەنجەی هۆشی لێ گیر بکەیت و هەڵی بدەیتەوە: ئاخر ئەگەر کاری جنۆکە و مێردەزمە نەبێ چۆن زستانان هەڵم لە کانیاوی سارد هەڵدەستێ؟ نزیکبوونەوە لە ڕۆژ ساردایی پەیدا دەکات؟ ئاگر لە ئاوی باران بەر دەبێ؟ ئەم پرسیارانە و صەدانی وەک ئەوان بۆ مرۆڤی نەخوێندووی بەر لە هەزار ساڵ و دوو هەزار ساڵ برای سیحر و جادووگەری بوون و خورجینەی ئەفسانەی میراتییان دەئاخنی و ڕێیان بە مرۆڤی فیلّباز دەدا بە ناو تاریکایی هەر یەکێک لەو پرسیانەدا بۆ دەروون وگیرفانی سافیلکان خشکە بکات.

دیمەن و دیاردەی دیکە زۆرن کە لە هیچ کەلێنێکەوە هۆش وگۆشی مرۆڤی نەخوێندوو تێی بڕ ناکات و بەرانبەری دەحەپەسێ. لەمانە دوو دیاردە سەیر و نامەفهوومەکەی بروسکە و پەلکەزێڕینەن: ئەگەر لە غەیبەوە هۆیەکی ڕقبزوێن بۆ بروسکە و یەکێکی نەشمیلانە بۆ پەلکەزێڕینە پەیدا نەکرێ ئەو خەڵقە سافیلکە و سادەیە دەبێ هەر دەمەبەشکەی سەرسوڕمانی پێوە بێت. خوێندەواریش لە کۆنی کۆنەوە هۆی ڕاستینەی ئەم دوو دیاردەیەی نەدەزانی، ڕەنگە تا ئێستاکەش بە تەواوی ڕوون نەبووبێتەوە بۆچی هەورە فشەڵۆک دەتوانێ بروسکەی 20 کیلۆمەتری بەرپا بکات کەچی گەورەترین ڕشتەی کارەباسازی ناتوانێ لە چەند مەترێک دوورتر کارەبا بەهەوادا ڕاگوێزێ، واتە بروسکەی مرۆڤکرد هەزاریەکی بروسکەی سروستکرد دەرناچێ؟ لەمەش بگەڕێ، ئەدی چۆن تاکە گەوالّەیەک هەور هەر دەڕوات و بە درێژایی هەزار کیلۆمتر لێشاوکەی وێرانکەر هەڵدەڕێژێ خۆ ئەگەر هەموو هەورەکە هەڵگوشیت سەدەیەکی ئەو ئاوەی لێ پەیدا نابێ؟ لە وەرامی ئەم لایەنە، کە جارێ نازانین چییە، بیر لەو دەریایە بکەوە کە لە کۆنەوە خەڵقی نەخوێندەوار وایان دەزانی بە ئاسمانەوەیە و لە سەر شتێکی وەک بێژنگ ڕاوەستاوە کە کونەکانی کرانەوە دڵۆپەکان هەڵدەڕژێن..! ئەم خەیاڵەیان دەکرد هەرچەند لە عەقیدەشیاندا، کە قورئانە، باسی باران بە ڕوونی کراوە، نە بەحر و نە بێژنگیشی تێدایە.

پەلکەزێڕینە لە بارانیش سەرنجڕاکێشترە و سەرسوورێنترە. من تا ئێستاش لە بارەیەوە هەر ئەوەندەم خوێندۆتەوە و خوێندوە کە دڵۆپی باران شێوەی «منشور» ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەشکێتەوە لەوە بەولاوە چ تەفسیرێکم بەدەستەوە نییە

لەوەدا کە چۆن ڕەنگەکان وەها پان دەبن کە لە دوورەوە بدیترێن چونکە ئەو تەفسیرەی من خوێندوومە هەر ئەوەندەم تێ دەگەیەنێ کە ڕەنگەکان تاکە یەک زنجیرەی سەرووتر وەیا خوارووتر دەشکێتەوە لە بیلبیلەی چاو بەرەژوورتر وەیا بەرەژێرتر دەوەستێ، خۆ ئەگەر وا دابنێین هەر ڕەنگە لە ڕیزە دڵۆپێکەوە عەکس دەبێتەوە ئەوساش حەوت زنجیرەی دڵۆپە باران بەسەریەکەوە هەر هێندەی خەتێکی باریک خۆ دەنوێنن، وەهاش لە یەکدی نزیک دەبن کە سەرلەنوێ تێکەڵ بەیەکدی ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ شکڵی تیشکی ڕۆژ، کەچی وەها دەبێ، ناوناوە، پەڵەهەورێک لە دووڕایی پازدە کیلۆمەترەوە هەمووی دەبێتە پەلکەزێرینە، ئنجا ناشزانم بۆچی بەزۆری دوو پەڵکەزێرینە هەڵدین: هەڵبەت ئەم پرسیارانەم نامکەن بە ئەفسانەپەرست چونکە سەرپێچیم لە ئەسڵی تەفسیرەکە نییە کە دەڵێ مەنشوورەکانی دڵۆپە باران ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەدەنەوە، من هەر ئەوەندە دەڵێم کە تەفسیرەکە، جارێ بایی هەموو دیاردەکە ناکات. هەرچی ئەفسانەپەرستە لە پێشەوە پەنا بۆ دێو و پەری و قەمچی فلانە پاڵەوان و کەزی فلانە فریشتە دەبات. ئەو قسانەشم لەلای خۆمەوە ترنجاندە ناو نووسینەکەم بۆ ئەوەی باشتر دەرکەوێ کە چەند زەحمەتە مرۆڤ لە ڕێی خوێندنیشەوە بە ڕاستییە بنچییەکانی دیاردەی سروشت بکات، ئنجا دەبێ حاڵی مام باپیری گوندی «دەوژان» ی بەر لە 500 ساڵ چی بووبێت!! ئەوەی ڕاستیش بێ زۆری خوێندەوارەکانی ئەم سەردەمەش لە لایەن تەسلیمبوون بەوەی پێی دەڵین تەفسیری عیلمی هێندەی ئەو مام باپیرە خۆش جڵەوەن هەر بۆیەیشە لە ئاست گۆڕانی هیچ تەفسیرێکی عیلمی ناکەونە ڕەخنەکارییەوە و بڵێن چۆن دەشێ کە فلانە شت تا دوێنێ بەڕاست دادەندرا ئێستا دەرکەوێ هەڵەی ڕووت بێ؟ بەهەمەحاڵ بادەدەمەوە سەر ڕچەی نووسینەکە.

وەرزێری وڵاتی کوردەواری لە تەجرەبەی خۆیدا هەستی بەوە کردوە کە بای شەماڵ هەرچەند لە لەشی مرۆڤ خۆش دێت نەخۆشی شیناوردی وەک شۆکە و دۆی پێوەیە. ڕەشەباش، پێچەوانە، لە لەش ناخۆش دێت بەڵام نەخۆشی شیناوردی پێوە نییە، بگرە نەخۆشیش دەپەڕێنێ. ئەم دیاردەیە لە هیچ ڕۆشنە و کەلەبەرێکەوە تەفسیر بەدەست وەرزێری سادەی بێسەوادەوە نادات، ئەویش ناچار هانای بردە بەر ئەرشیفی بیروباوەڕی میراتی و گوتی هەرچی ڕەشەبایە بای بەهەشتە بەسەر جەهەنەمدا تێ دەپەڕێ، شەماڵیش بای جەهەنەمە بەسەر بەهەشتدا دێت. سەیر لەوەدایە کە هێشتا ئەم بنۆسکارییە [تفسیر، تەعلیل] خاوێنترە لەوەی نەفسی ئەژدەها و ورشەی باڵی پەری وەیا هاتوباتی پشت چیای قاف تێکەڵ بە مەسەلەکە بکرێ چونکە هەر نەبێ بەهەشت و جەهەنەم لە ئایینی بێ فێڵ و بێ تەئویلدا هەن هەرچەند چ دەخلیشیان بەسەر شۆکە و دۆوە نەبێ.

خەڵق فێڵێکی بچووکی دیکەش لە خۆیان دەکەن لەوەدا کە هەر جارە لە نکاو سەرمایەک دێت و دەبینن بەفر لە شاخان باریوە گورج دەڵێن سەرمایەکە هی بەفرەکە بوو کەچی، بەپێچەوانە، بەفرەکە هی سەرمایەکەیە. کاتێک سەرما هی بەفر دەبێ کە بێین لە لاوە بەفر بهێنین و بەسەر شاخانیەوە بڵاو بکەینەوە و وڵاتی پێ فێنک بکەین. ئەم سەهوە بچووکە ئەگەر زەرەری نەبێ سوودیشی نییە ڕاستکردنەوەشی زەرەری تێدا نییە، جگە لەوە کە ڕاهاتنمان بە سەلماندنی سەهووی بچووک لە کاری گرنگیشدا بە لای بنۆسکاری چەوتماندا دەباتەوە وەیا هەر نەبێ فێری چاوپۆشی دەبین لە هەڵەی گەورەش.

ئەوەی ڕاستیش بێ گەلێک باوەڕی چەوتی زێدە گرنگ و بە ئەرک لە بنەڕەتدا لەسەر هەڵەیەکی فکری بچووک هەڵستاوە، وردە وردە تەنیوەتیەوە و ڕەگی داکوتاوە، مرۆڤیش بە تێکڕایی زوو دەسخەڵەت دەدرێ تا ئەوەی [گوتە] مەشورەکەی «عەقڵی لە چاویدایە» ی لێ بەڕاست دەگەڕێ لەو ڕووەوە کە ئەوەی چاو دەیبینێت بە ڕواڵەت دیمەنی ڕاستەقینەی شتانە وەک کە پێست سەرپۆشی ڕاستەقینەی لەشە. هەر بۆیەیشە پیاوی فێڵباز هەمیشە بە جۆری سەرنجڕاکێش و لە باری نائاسایدا خۆی بەخەڵق نیشان دەدات.

بڕوا دەکەم ئەگەر ساحیری نێوان هیندییە سووڕەکان خەتی سەوز و شین بە سەر و ڕوویاندا نەکێشن کەسی ئەوتۆیان بەداوا ناکەوێ، وەیا گەورەترین سەرکردەی شەڕ لە حەمامدا بێ تاج و ئەستێرە و قایش و قرووش کەس سڵی لێ ناکاتەوە. گومان لەودا نییە کە ئەم جیهانە هەزاران هەزار تەپکەی فکری ناوەتەوە ئیتر سروشتکرد بێ وەیا مرۆڤکرد، لەوەتەی فکری ڕوونیش خەباتی دەست پێ کردووە هەر خەریکی ئاشکراکردنی ئەو فڕ و فێڵە بوو کە لەو تەپکانەوە دزەی بۆ ناو مێشک و دەروونی ئادەمی کردووە و نرخی قورسی لێ ستاندووە، زۆر جاران خۆ کوژیشی پێ کردووە.

بێ ئەوەی من بڵێم لە خۆوە دیارە ئەرکی ڕەواندنەوەی تاریکایی تەپکەی فکر دەچێتە ئەستۆی ڕۆشنبیر چونکە ئەو وێرایی زێدە توانای تێگەیشتن و وردبوونەوە کە بە خوێندن پێی گەیشتووە هەر خۆیشی خۆی بە ڕابەر و چاوساغ و قوماندان داناوە. بەڵای منەوە ڕابەرایەتی و پێشەوایەتیی ڕۆشنبیر لە مەیدانی فکردا سێ مەرجی بنجی گەورەی پێوەیە:

1- لەسەریەتی بە درێژایی عومری ڕۆشنبیرایەتی خۆی خەریکی وەدەستهێنان و پترکردنی زانیار (معرفة) بێت و شان بەشانی قافڵەی بەرەو پێش چووی فکر و ئەدەب و هونەر و کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵێنێ تاکو هەمیشە چاوی بە هەموو لایەکدا بنۆڕێت و لە ڕەشکەوپێشکەی تێوە ڕامانی تاکە قوژبن ڕەها بێت. لێرەدا دەبێ بڵێم پەرۆش بۆ بیروباوەڕی شەخسی داوا لە ڕۆشنبیری دەکا کە خۆی بە هەموو چەکێکی فکری ئاراستە بکا نەک تاکە چەکی باوەڕی خۆی کەوا ڕەنگە هەر بە قەدەر کولە خەنجەرەکەی باوەڕی ناحەزەکەی بڕشتی هەبێ. زانست و هونەر و ئەدەب و تەکنیک لەم سەردەمەدا وەها خێرا بوە ئەگەر لێی لەلینگان نەکەیتە دەنگ تۆزیشی ناشکێنیت.

کتێبێکی بێ ناو و نیشانی ئەوروپا دەخوێنیتەوە سەرت سوڕ دەمێنێ لەو هەموو وردپێوی و قوڵ داگرتن و بەرفرەوانییەی کە لە وەها، بە زاهیر، کەمبایەخدا بەکار هاتوە. من نالێم ڕۆشنبیر مەیدانە تایبەتیەکەی خۆی چۆڵ بکا بۆ گەشتی ناو مەیدانەکانی دیکە: من دەڵێم وێرای پسپۆڕبوون لە مەیدانی خۆیدا دەبێ ئاگاداری هاتوباتی مەیدانەکانی دیکەش بێ بەتایبەتی ئەوانەی لەهی خۆی نزیکن هەر نەبێ بەنیازی ئەوەی خۆی پێیان دەوڵەمەندتر بکا و پشتوانێ لە کاتی پێویستدا لە چاوبەستەکێی حیلەگەری ئەو مەیدانانە ڕزگار بێ و ڕیشی خۆی تەسلیم بە غەیر نەکا.

من لە تەجرەبەی خۆمدا شتی وەهام دیتوە بمهاوێتە سەر گومانکردن لە بڕیاری پسپۆڕان، بە نموونە لە تەلەڤزیۆنی وڵاتێکی ئەوروپا دیتم کێبەرکێ لە نێوان گۆرانیی 18 دەوڵەتدا دەکرا، هەر گۆرانییەک لە لایەن تاقمە پسپۆڕی غەیری خاوەن گۆرانییەکەوە نومرەی دەدرایێ. بەزۆری وەها دەبوو گۆرانییەک لە لایەن پسپۆڕێکەوە 100 نومرەی بۆ دادەندرا لە لای یەکێکی دیکەشەوە سفر (0) ی دەدرایێ. ئنجا کە حاڵی پسپۆڕ وەها بێ بابێین کوێر و کەڕ بکەینە حەکەم وەیا تیروپشکێ و خەتوشێرانێ بەکار بهێنین خۆ هەتا سەهوو بکرێ لە نێوان صەد و صفر تێپەڕ ناکات. ئەم مەرجەیان لە مەیدانی فکر [ئەدەب، هونەر، فەلسەفە...] بە سەنگە، مەیدانی زانست و تەکنیک مەگەر فەلسەفەیان لەسەر هەڵنرێ نەخۆ ڕۆشنبیری فکر هاتوچۆیان تێدا ناکات.

2- پێویستە ڕۆشنبیر ئەوە بە چاوی خۆیەوە بگرێ کە مومکینە خۆیشی وەک خەڵقی دیکە بە تەپکەی فکرەوە بووبێت، بۆیە لەسەریەتی هەمیشە بە بینین و باوەڕ و هەڵوەستی خۆیدا بێتەوە و تاقیبان بکاتەوە نەوەک بە دزیەوە هەڵەیان تێ خزابێت. ئێمە دەبێ بزانین، مرۆڤ بە عادەت لەگەڵ قەناعەت و بیروڕای خۆیدا دەگونجێت و پێی دەحەسێتەوە، هەر کەلێشی بەگومان کەوت، کوردی گوتەنی، کێچ دەکەوێتە کەوڵێیەوە. هەر ئەو حەسانەوەی گونجان لەگەڵ قەناعەتە وای کردوە باوەڕی پووچەڵ بۆ ماوەی هەزار و دوو هەزار ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێ دواکەوتوودا بژیت چونکە بە هیچ مامۆستایەکی فێڵباز و جادووگەر ناکرێ هەزاران هەزار مریدی سادە بهاوێتە سەر ڕێبازێک زەرەر بێت ئەگەر لێیان خۆش نەیەت. تۆ سەیری ڕابەری دڵسۆز بکە، چ عەزابێک دەخوا بە دەست ئیقناعکردنی سافیلکان لەو ڕێنماییەی کە هەمووی پاکی و چاکە و بەرژەوەندە ئنجا بە هەزاری یەکێکیش بە دوا قسەکانی ناکەوێ. لە دەوروبەری خۆمان دڵسۆزێکی وەکوو حاجی قادر بەر لە 115 ساڵێک وەختا بوو بکوژرێ بە دەستی ئەو مریدانەی بە ئەرک و مەسرەفی خۆیان خزمەتی ورێنەکانی شێخی ماویلییان دەکرد. دواتر، لە ئەستەمبۆڵەوە، حاجی بە بیر خەڵقەکەی دەهێنایەوە کە دەیگوت:

لە دەوری کەرنەبی تا دەوری گای کوێر
لە گوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

بەهەمەحاڵ مرۆڤ کە باوەڕێکی بە دڵدا چوو، با هەڵەی ڕووت و ڕەجاڵیش بێ، وەهای بۆ دێتە جۆش خۆی تێدا لە بیر دەکات، ڕۆشنبیریش مرۆڤە و فریشتە نییە، گەلێک جارانیش پتر لە سافیلکان شێتگیرە دەبێ بۆ باوەڕێکی قرچۆک وەیا هەڵوەستێکی پووچ. جا ئەگەر خۆی ڕانەهێنێ بەوەی ناوناوە چاو بە هەڵوەست و قەناعەتیدا بگێڕێتەوە کەڵکی ڕابەرایەتی پێوە نامێنێ.

3- مەرجی سێیەم کە تەواوکەری مەرجی دووەمە، ئەوەیە کە پێویستە مەیدانی ڕەخنەگرتنی دڵسۆزانەی بێنیاز لەبەر فکر و نۆڕیندا بەربەڕەڵلا بێ و ڕۆشنبیری لێ وەتەنگ نەیەت هەرچەند ڕەخنەکە ڕوو لە خۆی و باوەڕیشی بکات. فکر و ئەدەب و زانست و هونەر و داهێنان و بەرهەمهێنان و گەشتی بن دەریا و فڕینی ئاسمانان هەمووی لە پێناو خزمەتی ئادەمیزاددا شەرەف پەیدا دەکەن، کە هات و یەکێک لەمانە ژووروووی مرۆڤ خرا و لێی کرا بە بوت لە خانەی شەرەفی مرۆڤدۆستی لادەچێت بۆ خانەی مرۆڤنەویستی.

لەسەردەمی گەشەی ژیاری عەباسیەکاندا دەوری حەفتا باوەڕی سەر بە تاکە ئایینی ئیسلام وێکڕا دەژیان و هەڕەشە لە هیچیان نەدەکرا، بە سەرنجگرتنیش لەو باوەڕانە و کارێکی کردوویانە دەردەکەوێ بەرژەوەندی گشتی لێیان زەرەرمەند نەدەبوو. خەڵق لە ڕێی باوەڕەوە یەخەگیری یەکدی نەدەبوون تەنانەت مەسیحی و جوولەکە و زەردەشتی و هی دیکەش لە پەراوێزی باوەڕدا پێکەوەیان هەڵدەکرد. بێگومان گەشەی ژیار- [حضارە] ی عەباسیەکان قەرزداری ئازادیی باوەڕە نەخۆ ئەگەر دەنگی ئەدیب و خاوەن فکر و زاناکان خەفە کرابایە دەریا دەریای کتێبان کووچە و بازاڕی بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەوسای ئیسلامیان پڕ نەدەکرد. ئیسلامەتیش ئەوە نەدەبوو ئێستا مسڵمان و عەرەب شانازی پێوە بکەن.

بەڵای منەوە ڕێدان بە ڕەخنەگرتن جێی سەرپێجی و نەسەلماندن نییە، ئەوەی دەشێ لە بارەی چەندوچۆنی ڕەخنەگرتنەوە قسەی لێ بکرێ شێوەی ڕەخنەگرتن و دەربڕینی باوەڕە، لێرەدا خاوێنی زمان و دڵ و قەڵەم پێش مافی ڕەخنەگرتن دەکەونەوە چونکە بە هیچ مەزهەبان ڕەوا نییە «ماف» ببێتە هەڵی تێچێنکردنی نیازی بەد و وشەی بی حوورمەت. بێگومان جۆری ڕەخنەگرتن و وەرام دانەوە پێوانەی هەرە ڕاستە بۆ ئەزموونی پلەی پەسەندایەتی و سوودبەخشایەتی ئەو هێندە ڕۆشنبیرییەی کە مافی ڕەخنەگرتنی تێدا تاقی دەکرێتەوە. هەتا ڕێکاری «ڕەخنە و وەرام» بەرزتر بێت پتر بەڵگە بە دەستەوە دەدات لەسەر سوودبەخشی و جوامێری کارەکە و هەموو سەروبەرێکی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ڕەخنەگر و وەرام دەرەوەکان.

ئەم نووسینە لەوانە نییە کۆتایی بێت چونکە هەتا بە دووی بکەویت شریتە درێژ دەکاتەوە: هەرچی بوونەوەر هەیە بە سروشت و مرۆڤیەوە دەشێ خورد بکرێتەوە بۆ تەپکەی فکری بچووک و گەورە کە هەر یەکێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژان فامی مرۆڤی بەهەڵە برد بێ تا ئەو ڕادەیەی تاریکایی گەیاندبێتە بیروباوەڕ و پێوانەی چاکە و خراپە، کە سەیری ڕەوتی مێژووش بکەیت دەبینیت هەموو هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی مرۆڤ بە دوو قاچی ئیعتباری هەڵنراوە: یەکێکیان دۆزینەوەی هێندێک ڕاستی، دوەمیشیان پووچاندنەوەی هێندێک هەڵە، ئنجا وەهاش بوە ئەو ڕاستییەی دوێنێ چرای کۆمەڵایەتی بوە، بێ ئەوەی باری ئابووری وەیا ڕۆشنبیری گۆڕابێ، وردەوردە [لەبەر ئەو هۆیانەی کە لێرەدا جێی باسکردنیان نابێتەوە] تاریکایی داوەتەوە. سەرلەنوێ خەباتی تازە بابەتی بە مل دڵسۆز و مێشک ڕوونەکان دابڕیوە.

ناچارم واز لە شریتەی نووسینەکە دەهێنم تاکوو ماوەم بمێنێ بۆ ئەوەی تەپکەیەکی فکری زۆر بەناوبانگ بدەمە بەر نیگای خوێنەر و مافی ڕەخنەگرتنی تێدا بەکار بهێنم. ئەم تەپکەیان وەک هەر ئێستا ڕوون دەبێتەوە فێڵی لە زاناکان کردوە لە ڕێی ئەوانیشەوە قوتابیەکانیان پابەندی بوون. منیش کە دێم ڕەخنەی لێ دەگرم هونەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە لە سەرەتاوە بیری وەهای کردوە من بە خۆیەوە خەریک بکات:

لە شیکردنەوەی مێژوو کە بە سەر ڕاڕەوی ماددی مێژوییدا دەڕوات عەبدایەتی بە قۆناخی مێژوویی داندراوە وەک دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. بە پێی بۆچوونی من کە لە بەر تیشکی مادی مێژووییدا سەیری پرسیارەکەم دەکەم

عەبدایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک قۆناخی مێژوویی چونکە لەو نەزەریەدا ئەوەی سیفەتی «قۆناخ» بە پلیکانەیەکی مێژوو دەبەخشێت لایەنی ئابووری و جۆری «بەرهەمهێنان» ـە واتە دەبێ «قۆناخ» زادەی عەمەلیەتی گۆڕانی ئابووری بێت و ڕووداوێکی مێژوویی و ناچاری بە ئابووریەوە بەستراو بێت وەک کە فەلاح و ملکدار لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی سەردەمێکدا لە شێوەی حەتمی پەیدا دەبن، هەرچی عەبدایەتییە زادەی عەمەلیەتی بەرهەمهێنان نییە، بەچکەی ڕاستەوخۆ و یەکسەری ئابووریش نییە، بەڵکو بە زۆری لە ئاکامی دۆڕاندنی شەڕدا دانیشتوان وەیا عەسکەرەکانی وڵاتە تێشکاوەکە بە دیل گیراون و بوونەتە عەبد، وەیا لەبەر ناگزووری خەڵق منداڵی خۆیان فرۆشتوە، ڕەنگە خۆشیانیان فرۆشتبێ. منداڵ فرۆشتن بەوەندە نابێتە بنچەی پەیدابوونی «قۆناخی بە ئابووریەوە بستراو» کە فرۆشتنی تێدایە چونکە مەڕ و گیسک و عەلیشیش و کەڵەشێریش دەفرۆشرێن چ قۆناخانیش دروست ناکەن. حاڵوباری منداڵ فرۆشتن و مەڕ فرۆشتن پێوەندی بە جۆری بەرهەمهێنان و هۆی بەرهەمهێنانەوە نییە. مامەڵەتێکە دەشێ شانبەشانی چەندین قۆناخ بەردەوم بێت، ڕەنگ بوو ئەگەر یاسا مرۆڤ فرۆشتنی مەنع نەکردبایە ئێستاش لە هەندێ شوێنی ڕووت و برسی و دواکەوتوودا هەر لە بڕەوبوایە، لە بڕەویشدایە. ڕاستیەکەی، لە وڵاتی خۆمان تا ئەو نزیکانەش وەها بوە منداڵ فرۆشراوە بەڵام نەبیستراوە قانوون نە لە کۆن و نە لە نوێدا سەلماندبێتی.

چی لێرەدا گوتم لە بارەی قۆناخ نەبوونی عەبدایەتی بەوەندە هەڵناوەشێتەوە کە لە پایتەخت و شارە گەورەکانی دەوڵەتە زلە کۆنەکاندا لە ئاکامی شەڕی بەردەوام و سەرکەوتوو، هەزاران عەبد و جاریە لە ژێرووی هەموو چینەکانەوە کۆمەڵەیەکی دەسبەسەر و بێ ماف و بێ مزەیان لێ پەیدا بوە و شێوەی «چین» یان وەرگرتوە، چونکە قسەمان لەگەڵ «قۆناخ» ـە، جا ئەگەر ناوی قۆناخت لەسەر هەڵگرت با لە شێوەی «دیاردە» دا هەر ناوێکی پێ دەدرێ بدرێ بەهەمەحاڵ ئەو عەبدانەی پارە و پوولیان چنگ کەوتوە خۆیانیان کڕیوەتەوە و ئازاد بوون. لەوانەیشە لە شەڕێکی دیکەدا کۆنە عەبدەکە خاوەنەکەی خۆی بە دیل گرتبێ و کردبێتیە عەبد. هیچ دوور مەبینە یەکێک عەبدی ئازاد کردبێ و دواتر خۆی هەژار بووبێت و کۆنە عەبدەکەی کڕیبێتی. تۆ ناتوانیت وا بە قسە «فەلاح» ڕەها بکەیت وەک کە بە قسە عەبدێک ئازاد دەکەیت، کرێکاریش بە قسە نابێتە مااڵدار وەیا ئاغا کە چی دەشێ هەر لە شێوەی عەبدایەتیدا عەبد فەلاح بێ وەیا سەرباز بێ وەیا بازرگان بێ واش بوە بۆتە «سلطان» یکی وەک کافووری ئیخشیدی. عەبدایەتی بە قەدەر «بوتپەرستی» دیاردەیە و هەردوویان بە بەریانەوە هەیە پێکەوە شانبەشانی چەند قۆناخ بە مێژوودا سەرەژێر ببنەوە. هەردووشیان «چۆنیەتی» ن و بە بڕیار و بە قسە بەردەوام دەبن یاخود هەڵدەوەشێنەوە.

ئەو بیریارەی دیاردەی عەبدایەتی بە قۆناخ دانا بە تەپکەی لێکدانەوە و ڕووپێوی خۆیەوە بوو کە دیتی لە ڕووپەڕەکانی مێژوودا دیمەنی هەزاران هەزار عەبد لە شکڵی ڕیزەبەردی دیواری چینێکی هەرەژێرەوەی قەاڵفەتی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ ئیتر بۆچی پێی نەگوترێ چین؟ کە کڕین و فرۆشتنیشی بەسەرەوە بێ بۆچی قۆناخی مێژوویی نەبێ؟ لە ڕاستیدا عەبد وەک «قوتابی» و «عەسکەر» چەند خاسیەتەک لەوەی دادەبڕێ قۆناخ بێ:

1- عەبد و قوتابی و عەسکەر هەڕەمەی هەموو چینەکانن بگرە لە شازادەوە تا هەژاری ڕووت و برسی.
2- زادەی یەکسەر و ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنان نین بەڵکوو پێداویستێکی چاک وەیا بەدی کۆمەڵایەتین، ئەو پێداویستییە پێوەندی بە ئابووریەوە هەبێ یا نەبێ.
3- دەشێ هاوعومری زۆربەی قۆناخە مێژوویەکان بن هەرچەند لە الیەن سەرەتای پەیدابوونەوە عەبد و عەسکەر کۆنترن لە قوتابی، عەسکەر و قوتابیش پیتر دەوام دەکەن، ڕەنگە قوتابیش بەردەوامتر بێ لە عەسکەر.
4- هەر وەک قوتابیەتی و عەسکەری حاڵەتێکی کاتییە بۆ تاکەکانیان دەشێ عەبدایەتیش بۆ تاکە عەبد کاتی بێت بە هۆی ئازادکردن وەیا خۆ کڕینەوە وەیا هەاڵتن بۆ چینی دووەدەست وەیا بە دەرچوونی یاسای ئازادکردنی عەبد وەیا مردنی خاوەنەکانی...

هەڵبەت گەلێک دروشمی جوداکەرەوەش هەیە لە نێوان ئەو سێ تاقمەدا وەک ئەوەی کە عەسکەر تابێ بە سنوورە، قوتابیش لە چاو عەبد عومری تایبەتی هەیە کەمتریش خێزان پێک دێنێت...

دەتوانین لە قوتابیەوە بەڵگەیەکی بەهێز وەرگرین بۆ ڕوونترکردنەوەی لایەنی قۆناخ نەبوونی عەبدایەتی. قوتابی بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵایەتی گەیشتە پلەیەک کە ژمارەی بە قەدەر تێکڕای کرێکار و فەلاح بێت. لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا چواریەکی کۆمەڵ قوتابین، بگرە نیسبەتەکە لەوەش تێپەڕ دەکات چونکە زۆربەی هەرە زۆری هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان شەش ساڵ و بیست ساڵدایە قوتابین. خۆ ئەگەر ئەو ساوایانەی جارێ نەگەیشتوونە تەمەنی خوێندن لە حیسابەکە دەرهاوێژین ژمارەی قوتابییان خۆی لە نیوەی ژمارەی هەموو دەخشێنێت. دەرهاویشتنی ساوایانیش لەوەوە دێت کە ئەوان جارێ لە ئاڵقەی هیچ بەرپرسیدا نین ئەرکێکی پێوە بێ و ناوێکی لێ بندرێ ئەوە نەبێ کە خۆیان ئەرکن بەسەر شانی غەیرەوە، یەکەم پلەی بەرپرسیشیان قوتابیەتییە جارانیش وا دەبوو دەبوونە شاگرد.

بەهەمەحاڵ ڕۆژەک دێت هەرچی پێ لە کۆڕی ژیان بنێت ببێتە قوتابی لەگەڵ ئەمەشدا کەس نااڵێ قوتابیەتی قۆناخە چونکە بە پێی تێک بەسترانی «قۆناخ» بە «ئابووری و بەرهەمهێنان» ەوە قوتابیەتی سیفەتی قۆناخی نابێت هەرچەند خۆیشی سەرچاوەی ئەو کەسب و کاروانە دەبێ کە قۆناخ و چین پێک دێنن. ڕەنگە نەزەریە پەیدا ببێ حیسابێکی تازە بۆ قۆتابی بکات و ژووروویی چینەکان و قۆناخەکانی بخاتەوە بەاڵم ئێمە قسەمان لەگەڵ ڕاڕەوی مادی مێژوویی کە لەوێدا مەرجەکانی قۆناخ [هی چینیش] لە قوتابیدا نایەنە جێ هەروەک لە عەبدیشدا نایەنە جێ. قوتابیەتی پێوەندی بە ئابووری و گوزەران و بەرهەمهێنانەوە نییە هەرچەند زۆر جاران شوێن پەنجە لە کارەساتی ڕامیاری زێدە گرنگیش دادەنێ چ جایی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

لە عەسکەری و قوتابی هەڵکشێین بۆ «موظف» کە دەزانین

1- کار دەکات
2- مەعاشخۆرە
3- بەرپرسە
4- کاریگەرە
5- ناوی «چین» هەڵدەگرێ،

ئێجا پێی ناگوترێ قۆناخ چونکە بەڕاستی دیاردە و پێداویستی کۆمەڵە نەک قۆناخی مێژوویی. ئەگەر هاتبا «موظف» دوو مەرجی لێ هاتبایە دی دەبوو بە قۆناخ:

- مەرجی یەکەم: پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرهەمهێنان و ئابوورییەوە هەبوایە.
- مەرجی دووەم: ئەویش وەک ئەو چینانەی بە دوا یەکدا دێن شتێکی دیکەی زادەی هەناوی خۆی بە دوا خۆیدا هێنابایە وەک کە سۆشیالیزم بە دوا سەرمایەداریدا دێت و لەویش دەکەوێتەوە.

عەبدایەتی بارتەقای سەربازی و قوتابی و موەزەفە کە هیچیان زادەی قۆناخ نین و دایکی قۆناخ نین و خۆشیان قۆناخ نین: لە هەموو حاڵاندا دیاردەی کۆمەڵایەتییە بەاڵم هێندەی قوتابی و موەزەف حەتمی و ناچاری نییە چونکە دەشێ لە کۆمەڵدا عەبد هەر پەیدا نەبێ وەک کە نەبیستراوە لە کوردەواریدا عەبدایەتی هێندە هەبووبێ کە سەرنجڕاکێشێت وەیا پێی بگوترێ چین.

بەهەمەحاڵ ئەگەر عەبدایەتی دیاردە بێت و بەس، کار ناکاتە سەر هیچ سەروبەرێکی ناوەڕۆکی نەزەریەکە هەرچەند کەمێک لە چۆنایەتیی ڕوخساری دەگۆڕێ ئەویش هەر بایی جوداوازی عینوانی «قۆناخ» لە عینوانی «دیاردە» بەسەر قوڕنەیەکی نەزەریەکەوە.

«...»

مەرگی تاڵ و ژارا ناوناوە شیرینیت...

گۆڤاری کاروان ژمارە ؟ 1989/6/8

بە دەم ڕۆژگارەوە، لە ژێر ئاسمانی شینا. بە تەک گوڵ و بولبولی گێل و وێڵدا، هەنگاوی شەکەت بووی هەزاران هەزار ساڵەی ئادەمی نەخشی کەنەفتی و پەژارەی خۆی لە ڕێبازی سەخت و دڕووکاوی ئەم «ئەرزە کۆنە هەواڕە» وەک مۆرکی بابای گومان لێکراوی دەفتەری پۆلیسخانە چەسپ کردوە. هەموو نیگایەکی سەرنجدەری بەرەو ڕابوردوو لیستەی بێ بڕانەوەی ئاڵقە لە دوا ئاڵقەی شێوە زنجیرەی هەڵکەوتی درێندە و ڕووداوی بڕندە و دیمەنی تاریک و مۆنی تابلۆی نەیار و نەساز دەخوێنێتەوە... چەندێکی خەیاڵم گێڕابێت لە دۆزینەوەی موعادەلەیەکی ساختە کە تێیدا «س – نوێنەری خۆشی» زاڵ بێت بەسەر «د – نوێنەری ناخۆشی» دا هەمیشە کشاومەتەوە بەرەو ئەنجامی ناقۆڵای ناحەزی نەویستراوی خەفەبوونی «ئا» لە ژێر سنگی «نا» دا هەر لەو وەختەوە کە بەر لە هەزاران ساڵ دیمەنێکی لێ بەدی دەکەین تا ئەم ڕۆژانەی بە دوا جەنگ لەسەر جەنگی بێ ناوەڕۆکدا خەریکین بەرامبەر پلووسکەی خوێنی دەیان هەزار مرۆی بێ تاوان بە پانایی ڕووی ئەم زەویەی پەمەییدا چاو بزڕکاو و حەپەساو دەبین... من بابایێکم لەوانەی بە ئاسانی و زوو بە زوو برژە برژی برینیان داناکەوێت... لەوانەم بە تەنیشت و ڕۆخی ماڵی خەفەتبارەوە محەلەبی و لوقمە قازییان بۆ ئاوا ناکرێت... نەک چونکە ڕەشبینی لەمندا بە زیادەوە هەستی نایەتی (سلبی) خوڵقاندوە. بە پێچەوانە، ئەوەندە بۆ ئایەتی (ایجابیة) هەستیارم و وەها شەیدای کامەرانی و خۆشی و بێ ئازاری و تەبایی و ڕەباییم هەموو هۆیەکی ناپەسەندی ئاژاوە و دەم تێکنان و یەکتر ئازاردان وەها دەبوغزێنم سەد ئەوەندەی خۆی پێی نائارام دەبم. بۆ جووجەڵەیەکی لە خۆڕایی بە ساوایی بمرێت خەفەتی خۆی و ئەو هێلکە و مریشک و کەڵەشێرانەش دەخۆم کە ئەگەر جووجەڵەکە بووبایە مریشک لێی دەکەوتنەوە... هەر ئەم تینوەتیەم بۆ تروسکەی خۆشی وەهای کرد ڕێکەوتی تێ هەڵئەنگووتنم لە یادنامەی دوو دۆستی کۆچ کردووم شیرنایی لەو مەرگە تاڵە بگێرێت کە دێت ئازیزێک لە کفنی نەبوون و بەسەرچووندا دەپێچێتەوە سۆزێک لە دەروونداً دەگرێنێت گەلێک زامدارترە لەو سۆزەی بۆ ئازیزێکی ئاوارە و سەفەر کردوو دەگیرسێتەوە... ناگەهان و بێ مەبەست، چەند کاغەزێکی لێ نووسراوی بەرەو ژوورەوە قەد کراو، لەپڕ، کەوتە بەرچاو و ناودەستمەوە... دیمەنی زەردەهەڵگەڕاو و تۆزێکی لێی نیشتبوو پتر لە دەساڵی گۆشەگیری و سەرنانەوەی ڕادەگەیاند... هەڵم گێڕایەوە بەرەو ڕوو! لە سەرووی هەوەڵ لاپەڕەی دەسنووسم خوێندەوە:

دەسکەوتی خەبات

لە تەنیشتی دەستە چەپەوەی «هێمن» ی بێ نوختەی «ی» ەکەی نووسراوە و خەتێکی بە ژێردا کێشراوە... گورج هێمن و ڕۆژەکەی ئاهەنگی پەردە لادان لە ڕووی پەیکەری حاجی قادرم هاتەوە بیر کە هێمنیش شاکارێکی خۆی تێدا خوێندەوە. ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی 1973\11\29 بوو. لە پەراوێزی لای دەستە چەپی پەڕەی هەرە دواییندا هێمن 1973\11\26 ی داناوە بە ڕۆژی لێ بوونەوە لە نووسینی شاکارەکە. چاکم لە بیرە، چەند ڕۆژێکی بەر لە ئاهەنگەکە بەشێکی بەرچاو لە بەشدارەکانی ئاهەنگ گەیشتنە کۆیێ... گرووپی هێمن و مەلا ڕەسوڵ و هەڤاڵە کوردە ئێرانییەکان لەوانە بوون. لەو چەند ڕۆژانەدا، فرەکات یەکترمان دەدیت و زۆر جار لە ماڵی کاک مەجیدی ئامۆزام کە ئەوسا لەناو شار بوو منیشی لێ دابەزی بووم، بەیەکەوە کۆدەبووینەوە. لەو 1973\11\26 ەوە دیارە هێمن بڕە شیعرەکەی لەو ڕۆژەدا هۆنیوەتەوە... ئەگەر بیرکوولی فێڵم لێ نەکات لە هەوەڵەوە وەهام دەزانی کەوا لە شەوی پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە هێمن هەڵڕژاو دەروونی خۆی لەو ئاگرە شلە بوڕکانییە بەتاڵ کرد. ئەوەی ڕاستی بێت من خۆم بۆم نەلوا تا شەوی پێش ئاهەنگەکە هیچ بنووسم.

خواوڕاستان لە شەوە دڕێژەکانی کۆتایی ساڵ بوو، بە بەریەوە هەبوو خۆی لێک بکێشێتەوە... وا پێ دەچێ بە خەیاڵی ئەوەی کە خۆم لەو شەوەدا دەروونم گوورا بە نووسینەکەم وەها لە مجێزم خۆش هاتبێ کە هێمنیش وەکوو من تا ئەو شەوە هەر

پەنگاوی دابێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە نایەتە بیرم هێمن لەو ڕۆژانەدا گوتبێتی جارێ هیچی نووسیوە. بە هەمەحاڵ وەک لە لاپەڕە 217 ی دیوانی «تاریک و ڕوون» دا دەردەکەوێت هێمن هەتا بەرەبەیانی 26\11\1973 خەریک بووە. ڕەنگە ڕۆژی پێش ئەو بەرەبەیانەش گەیشتبێتە کۆیێ...

نوسخەی لای من کە بەخەتی هێمن نووسراوەتەوە لەوانەیە ئەوە بێ کە لە ئاهەنگدا بە دەستیەوە بوو دەیخوێندەوە. ئەگەر ڕاستی بۆ چووبێتم، چ هۆی گومانیش لەوەدا هەڵناستێت. پێوەندیی زێدە دۆستایەتی و برایەتی وەهای لێ خۆش هێناوە نوسخەکە بە من ببەخشێت کە ئادگاری نووسینی هەوەڵ جارێ دیارە وەیا هەر نەبێ نووسینەوەی هەوەڵ جار، چونکە لە چەندین جێگە ڕاستکردنەوە و گۆڕینی دارشتن و وشە تێترنجاندن بەرچاو دەکەوێت. لە نیوەی دووەمی دێڕە شیعری یەکەمی قەصیدەکە وشەیەک پەڕیوە. کە گەڕامەوە بۆ ئەو دەقەی لە دیوانی «تاریک و ڕوون» دا بلاوبۆتەوە مصرەعەکە بێ کەم و کەسر ئەمە بوو:

نە شۆڕەژن و ڕینگەی دێ لەبەر بێر

لە دەسنووسی لای منداوشەی «بەر» پەڕیوە. لەمەدا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە نوسخەکەی لای من لەسەر یەکێکی دیکە نووسرابێتەوە بەڵام شوێنی دیکە هەن بە پێچەوانەوە ڕادەگەیەنێ. لە دێڕی دووەمی شیعرەکە وشەی «کێژ» ی لەبیرچووە، هاتووە خەتێکی بۆ هەڵکێشاوە و لە سەرووی دێڕەکەی نووسیوە. لە دێڕی چواردەمیندا هەوەڵ جار نووسیوەتی: پەڕیوە سونبول و پێ خوستە سوور گوڵ، ئنجا هاتووە وشەکانی بە قەڵەم سڕیوەتەوە و لە سەرووی سونبول سوور گوڵی نووسیوە خەتێکیشی لە سوور گوڵەوە بۆ پەراوێزی کاغەزەکە ڕاکێشاوە و سونبولی نووسیوە. ئەمەشیان دەشێ هی نووسینەوەی دووەتر بێت بەڵام لە دێڕی 29 دا «کە لە دیوانەکەدا کەوتۆتە لاپەڕە 213» هەوەڵ جار نووسیوەتی:

قریوە و چۆپی و گۆوەند و سەمایە

ئنجا هاتووە خەتی بەسەر هێندێکیدا هێناوە و نیوە دێڕەکەی وەها گۆڕیوە:

قریوە و داوەت و چۆپی و سەمایە

خەتی دوەم جارێ بە قەڵەمێکی جودا نووسیوە هەر ئەم دەقەیشە لە دیوانەکەدا چاپ کراوە لە چەند جێگەی دیکەش وشەی ڕەش کردوونەوە و گۆڕینێکی تێدا کردوون و لە سەرەوەی نووسیونەتەوە.

لە دەسنووسەکەدا نووسیوەتی:

بوتی صاحبدڵانی دڵ بەسۆیە

کەچی لە دیوانەکە «صاحبدڵانی» بۆتە «ساحەبدلانی». دیارە دواتر ئەم گۆڕانە کراوە کە نەویستراوە پیتی «ص» بێتە ناو ڕێنووسی تازەوە.

لە دەسنووسەکەدا نووسراوە:

بە گژ خۆمانە و بێگانەدا چووی

لە دیوانەکەدا بۆتە:

بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی

لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دێڕە شیعرێکی سەرلەبەری ناو دەسنووسەکە لە دیوانەکەدا دەرنەکەوتووە. دەقی دێڕە شیعرەکە ئەمەیە:

که شیعری تۆ نەبایە هاندەری کورد
ئەوێستا چۆڵ و هۆڵ بوو سەنگەری کورد

ئەم دێرە دەکەوێتە دوای دێڕی پێنجەمی لاپەڕە 215 ی دیوانەکە. هەرچۆنێک بووبێت برایەتی و دۆستایەتیی هێمن و من بەوەندە زیاد و کەم ناکات ئایا کام نوسخە لە کامیان گیراوەتەوە.

ئەم دە لاپەڕەیەی تەمەن 12 – 13 ساڵی کە ڕۆژی کۆتایی مانگی مایسی 1989 بە ناکاو ئەمانەتەکەی هێمنی خستە دەستمەوە زۆر یادی لەبیرنەکراوی هێمن و برا پەنابەرەکانی کوردی کوردستانی ئێرانی لە پەردەی بیرکردنەوەمدا تێر ڕەنگتر کردەوە. نەختێکیش بە کرێاندنی ژەنگی فەرامۆشی، هەستی نیوە خەواڵووم داڕووشایەوە بە تایبەت بۆ ئەوانەی بەر زەبری قەدەر کەوتن و بوونە قوربانی سەربڕاوی دوای ساڵەهای ساڵی ئاوارەیی و بێئۆقرەیی و ناکامی و تەنگەتاوی. لە نموونەدا دەڵێم چ هێزێکی عادەتی لەبیربەرەوە زەبیحی و قزڵجیم لێ دەشاریتەوە؟ لەتێکی دڵم لایانە! هەندێ جار خەیاڵی بڵاو شەڕم پێ دەفرۆشێت و لێم دەبزڕکێنێت و دەڵێت: ئەو شێت و شەیدایانەی وەتەنپەرست و باوەڕ قایم لە کوێوە زیاد لە ملیۆنەهای خەڵقی تەسەل و نیوە تەسەل نیدای غەیبیان بیست کە هەر دەبێ «کۆتە لە دەس و دەس لە مل و مل لە تەنافا» بن؟ چ وەکالەتیان لەو حەشامەتە وەرگرتبوو؟ کەس هاتبوو دەست و پێیان ماچ بکات هەتا خۆ بهاوێنە باوەشی بەندیخانە و شکەنجە و مەرگەوە؟ چ عەیب و شوورەیی یەخەی دەگرتن ئەگەر وەکوو، ملیۆنەهای مەردمی گۆشەگیری بەرژەوەندبین ژیانێکی بێ بەندی و ئازار و خنکاندنیان ڕابواردایە؟ چ دەبوو هەر هێندەی «جەماهیر» بۆ مافە نیوە خوراوەکان گیانبازییان کردبایە؟ مەتەڵە و هەڵنەهاتووە یان من هۆشم تێبڕ ناکات لەوەدا کە دەبینین لەخۆبووردووەکان و گیانبازەکان سەریان دەسووڕێت و با دەدەنەوە بۆ لای یەکتر لەناوبردن هەر دەڵێی بە سازی دوژمن هەڵدەپەڕن؟ بەو ئاگر و نوورەی فریشتان هیچیان مەتەڵ نین.

مەتەڵ هەبێ مرۆڤەکە خۆیەتی کە خوتخوتە چووە دڵیەوە ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت، هەتا کرمی دڵی دانەمرێتێ ناسرەوێت... سەیری مەراقی پۆکەرچی و دامەچی و ڕاوکەر و کۆترباز و تاوڵەباز و ڕێسزباز و مێباز و هەمەبازێک بکەیت، هەریەکە لە مەیدانی خۆیدا وەکوو نیشتمانپەروەر و چینپەروەر و شێخپەروەر و خەو و خۆراکی لێ حەرام دەبێت هەتا مەراقەکەی دادەمرکێنێ، ئەویش بۆ ماوەیەک. هێندە هەیە مەراقی تاوڵە و دۆمینە و جگێنە حکومەتی لێ بەخەبەر نایەت وەک کە لە بابای سیاسی بەدەنگ دێت وەهاش دەبێ لزوم بە حکومەت نەمێنێ کە دۆمینەبازەکان خۆیان لەسەر هەپی بەیازێک یەکدی دادەپەڵۆسن. ئنجا هەروەک پێویستە پیتۆڵێکی کەیفچی بیری لە تاوڵە و دۆمینە و دامە کردبێت و دایهێنابن و خەڵق پێیانەوە مەراق گرتوو ببن هەروەهاش دەبێ بزووتنەوەی چینپەروەری و دینپەروەری و نیشتمانپەروەری لە پزدانی مێژوو گووڕابێت ئنجا خەڵقی بۆ شەیدا بێت و ئەوساش لە پێشەوە نازاندرێت کێ لە ڕاست و کێ لە چەپ و کێ لە ناوەنددا دەڕوات و چەندی لێ بەردەوام دەبێت و چەندی بۆ شەیدا دەبێت.

سەرێکی تێوەڕامان لە هێمن خوار بکەینەوە دەبینین بە چارەنووسێکەوە گیرسایەوە دوور لە هەموو حیسابان بوو. لەجیاتی ئەوەی لادانی مێردەزمەی ئیستیعمار، حەمە ڕەزا پەهلەوی، دەرگەی بەهەشتی بۆ بکاتەوە کەچی بە خۆی و چارەنووس و ڕابووردوویەوە بوو بە پنۆکێکی شەوەزەنگی بێ تالعتری و بەدبەختتری و قوڕبەسەرتری لەچاو ڕۆژانی غەریبی و ئاوارەیی... هەزار ڕەحمەت لە کفندزی پێشوو، بەڵام چ فایدە! دوای مردنی حەمە ڕەزا ئومێد بەو کفندزەش نەما! ناچارین چاوەنۆڕی مێردەزمەیەکی دیکەی کۆنە جەهەندەمەکە بکەین. هەتا فرشتەیەکی عەرشی بەرین لە پەردەی غەیبەوە سەر وەدەردێنێت... پێ و قەدەمی بەخێر، چەند فێنکە بای بااڵ ڕەنگارەکانت!!

لەو ساڵانەدا کە هێمن پەنابەری عێراق بوو وەکوو هەزاران هەزار کوردی گەنج و پیر، کوڕ و کچ، چەپ و ڕاست، دۆستێکی قەدرزانی ڕێزلێنەری دڵ لە دەست داوی بووم. پاش ئەوەی نشیمەنم بووە بەغدا هێمنیش هەر بووە بەغدایی، یەکتر دیتن و پێکەوە ژیانمان وەها بوو دەروون بۆ یەکتر بکەینەوە. لەو حەفت ساڵ و نیوەی سەرەتاکانی 1971 و حزێرانی 1978 کە لە کۆڕی زانیاری کورد ئەندام بووم و سێ ساڵی دووانیشم بە جێگری سەرۆکی کۆڕ بردەسەر

حەفتەی چەند جارێک یەکترمان دەدیت هەر نەبێ کە من دەمڕاستی سێ لیژنەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ بووم هێمنیش تێیاندا ئەندام بوو. هەفتەی دوو جاران بۆ ڕێزمان کۆدەبووینەوە بۆ ئەدەبیش بەلای کەمەوە جارێک، ناوناوەیش بۆ فەرهەنگ جگە لەوەی کە خۆی و هاوڕێکانیشی بێ حیساب و بێ ژووان سەردانی کۆڕیان دەکرد و هەرنەبا بەشێکی ئەو سەردانەیان لای من ڕادەبووارد و کۆڕی نوکتە و قسەی شیرن و باسی هەمە بابەتیان دەگێڕا. پێی ناوێ بڵێم، لە هەموو دانیشتنەکاندا هێمن ئاخێوەرێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی بیسەران بوو. بابایەک بوو قسە بە تامی نوکتە ئارای کەشکۆڵ ئاوەدان کە بە پێی بابەتی قسە لێوەکردن بتوانێ کوتاڵ و کاڵای گوتەسنجی. چ لە شیعر و ئەدەب بێت و چ لە خەبەر و گێڕانەوەی ڕووداو بێت و چ لە بیروڕای پێوەند بە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەیا سەر بە فکر و سیاسەتەوە بێت، ئائەو تەرزە کوتاڵ و کاڵایە بخاتە بازاڕی کڕیار و نرخێنەر و ڕەخنە سازانەوە. هێمن لە وتوویژی هیچ مەجلیسێک دانەدەما، لە منداڵییەوە ڕاهاتووی ئاڵقە قسەڕەوان و ئەدەبدۆست و خوێندەواران و کارگوزاران بوو، بۆ خۆیشی بەهرەی ڕاوێژی سازگار و ئارداوێژی لەباری هەبوو کە لە شیعر و پەخشانیشدا بەرە و ڕیزی هەرەپێشەوەی ئەدیب و نووسەرانی کوردییەوە دەبرد.

هێمن خۆی و هەڤاڵەکانی و تێکڕای برا کوردە ئێرانیە پەنابەرەکان دۆست و خۆشەویست و جێی متمانەم بوون، وابزانم هەمان هەستیش لەوانەوە بۆ من پەندی «دڵ ئاوێنەی دڵە» ی بە ڕاست دەگێڕا. لە پەراوێزی تەسکی دەسەڵاتیدا کە وەها دەبوو بە عەیارەی حاڵ و باری ئەوان بە تەسک حیساب نەکرێت، پایەی ئەو برا کوردانە لای من ڕەنگی تەقدیسی پێوە بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت... هەرگیز نەیانتوانی هێندەی کە من خۆشمویستن خۆیانیان خۆش بوویێت دەنا نەدەشیا ناوناوە ساردابیان بکەوێتە نێوانەوە.

پێوەندیی تووندوتۆڵی ئەو برایانە بە کۆڕ و منیشەوە بەشێکی بەرچاوی لە کەسانی دڵکرمێ و دەروون کەڕواوی و هەناسە بێگەنی بێ شەرم و شکۆ بەرەو پیسکە ڕێگایەکەوە برد هەرگیزا و هەرگیز چ مرۆیەکی پێدا ناڕوات بایی تۆزقاڵێک هەستی مەردایەتی تێدا هەبێت. شکاتیان گەیاندە بەرزترین پایەی دەوڵەتی کە ئەو کوردە پەنابەرانە هەمووی جاسووسی ساڤاکی ئێرانن ئنجا کۆڕی زانیاری کوردیش بەهۆیانەوە بۆتە دایەرەیەکی ساڤاک. دوو جاران لە حکومەتەوە لێپرس هاتنە لام، لە کۆڕ پرسیارم لێ کرا لەبارەی ئەو تۆمەتەوە. حکومەت لە من و لەو کەسانەشی باشتر دەزانی کە تۆمەتەکە لە زرە بوختانێکی شەرم هێنەوە زیاتر نییە بەڵام دەبوو بە ڕواڵەت لەبارەیەوە پرسێک بکات چونکە دەستەیەکی هۆڕوهۆپ بە ئاگاداری هەندێ کاربەدەستی کوردەوە بوختانەکەیان هەڵبەستبوو.

وەڵامی پێویستم دایەوە کە لە حوکمی بەندەکانی یاسای کۆڕی زانیاری کوردەوە هەڵدەستا. لە یاساکەدا هاتبوو کە دەبێ ئەندامی کارا لە کوردی غەیری عێراق هەڵبژێردرێن و سااڵی مانگێک ئەو ئەندامە کارایانە داوەت بکرێن بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆڕ و پاداشیان بدرێتێ و مەسرەفی هاتوچۆ و مێوانەتیشیان لەسەر ئەرکی کۆڕ بێت. ئەو برا کوردە ئێرانیانە تێیاندا هەیە ئەندامی کارا و ئەندامی یاریدەدەری کۆڕن کە بە پێی فەرمانی یاسایەکی حکومەتی «بعث» دایناوە ئەو سیفەتەیان وەرگرتووە. کۆڕ هەتا ئێستاش (واتە هەتا دەمی شکاتەکە) قصوری کردووە لەوەدا کە هیچ کامێک لەو ئەندامانەی کوردی ئێران و هی یەکیەتی سۆڤیەت و شوێنی دیکەشی بانگهێشتن نەکردووە. ئەوەندە نەبێ کە د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ وەختێکی لە خۆوە مێوانی عێراق بووبێت بۆ کۆبوونەوەکانمان داوەت کراوە چونکە یەکێکە لەو کوردانەی غەیری عێراق کە بە ئەندامی کارا هەڵبژێردراون. ئەویش و هەموو پەنابەرە بەڕێزەکانی دیکەش لە کوردی کوردستانی ئێران مێوانی حکومەتی عێراقن ئیتر «ساڤاکایەتی» لە کوێوە هەڵقوڵیوە...

شکاتەکە فشایەوە هەرچەند وەها دەزانم فتیلخۆشکەری ئەو کارە بە هێما لە لایەنێکەوە بەخۆی ڕەوا دیت لە چەقی درۆ و بوختانی وەها ڕەجاڵدا هەڵوەستێت. دواتر ناوی ئەو خەبەردەرانەم لە بەرپرسێکی زۆر گەورە بیست کە بە قێزەوە باسی دەکردن.

من هەرگیز لە هێمن و هەڤاڵەکانیم نەپرسی ئایا هەڵوەستیان بەرانبەر ئەو تەرزە کەسانە چ دەبێت چونکە پرسی ئەوتۆیی لەو بارەی ئەوانی تێدا بوون بە ئاوارەیی و پەنابەری، دەبوو بە ڕێگە لێ بڕینەوە لەو ڕووەوە کە لە تەنگەتاوی و بێدەرەتانیدا مرۆ ناچار دەبێ سەر بە مااڵی دوژمندا بگرێت.

له وتوویژدا که باسی پێوەندیی باپیرم، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیم بە مااڵی قاضی و ئەمین ئەلئیسلامی سابڵاغەوە کرد، هێمن گوتی خۆی نەوەی ئەمین ئەلئیسلامە. لەمەوە دەرکەوت، تازە دەزووی تەنینەوەی دۆستایەتیی نێوانمان لە ڕیشااڵی بنەیەکی سەد ساڵیی ئاشنایی و ئەمەکداری کۆچ کردووانمان دەئااڵێت. لەو کۆنە نامانەی بەر لە سووتانی بڕووبزگۆڕ و کەلوپەل و کتێب و متێبی ژووورەکانی نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەمان، ساڵی 1963 نەکەوت، وەڵام نامەیەکە لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی باپیرمەوە بۆ «امین الاسلام»ی سابڵاغ سەرەتاکەی بەم دوو بەیتە دەست پێدەکات:

آنکه امرو بحر اکرام است

نور ایمان امین الاسلام است

ملک صاوجبلاغ ازیمنش

مرجع خاص ملجأ عام است

بە دوا ئەمەدا سپاسنامەی کاغەز و دیاریی ئەمین ئەلئیسلام دێت کە «هەزار پیشە» یەکی تاقمی چایەی بۆ باپیرم هەناردووە. سەیر لەوەدایە کە ئەم تەرزە پێوەندییەی بەر لە سەد ساڵ بەو هەموو زەحمەتی بەیەکتر گەیشتن، لە خۆوە و بێ هۆی دەستنیشانی وەک ئاوارەبوون و لێ قەومان بەردەوام بوو، کەچی لە سەردەمی سەیارە و ڕادیۆ و فڕۆکە و پۆستەی چالاک، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هێمن و من لەیەکدیمان نەدەبیست، چ جایی برادەر بین، ئەگەر حەمە ڕەزای پەهلەوی لە پیاوچاکیی خۆیەوە هێمنی بە دیاری نەناردبایە بۆمان. بەڵام دەبێ لە بیر نەکەین کەوا بەر لە سەد ساڵ و دووسەد ساڵ حکوومەتەکان وەکوو ئێستا هاتوچۆی خەڵقیان مەنع نەدەکرد، بگرە ئەوسا جارێ بۆ حەشاماتی خەڵق پاسپۆرت و ڤیزەش جێی لێتۆژینەوە نەبوو.

بگەڕێمەوە بۆ قەصیدەکەی هێمن، کارم بە بەشێکی دوو لاپەڕەی دواییی شیعرەکەوە هەیە. لەو دێڕە شیعرانەدا هێمن سۆز و مەهارەتی تێکەڵ کردوون، پێیانەوە بەرەژوور تێهەڵکشیوە هەتا سنووری سەرسوڕکێ خەیااڵی بیسەر لەگەڵیدا باڵ دەگرێت. لەسەر سەکۆی مەدحێکی زێدە خەست و خۆڵی حاجییەوە کە بەم چوار بەیتە دەیگەیەنێتە تۆقەڵە:

پەڕی دیوانەکەت گەنج و خەزێنە
وشەی شیرینی تۆ دوژمن تەزێنە

هەموو پەندن قسەی سووک و دزێوت
وەکوو باڵی پەری پاکە جنێوت

بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە
ئەوی فەرموت لەبارەی پیاوی دێزە

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
محقق ..... زانی

بە دوا ئەمەدا، پاش سێ دێڕ لە هەڵدانەوەی دەوری شیعری حاجی بۆ بزاوتنی گیانی شۆڕشگێڕانە لە دەمار و مێشکی «کوڕە کورد» دا دەستەملانێی واقیعی بێفێڵ دەبێت و کەسەری تازە هەڵ دەڕێژێت:

ئەوێستاش دەردە کورد نەکرا عیلاجی
ئەوێستاش کوردی کۆیلە ماوە حاجی

لەم بەیتە و چەند بەیتێکی دیکەی وەک:

ئەوێستاش هەر دەمانکەن تیرەباران
دەنەخشێنن بە خوێن کۆڵانی شاران

دڵی بۆ کوردستانی دیوی ئێران و غەیری ئەویش لێ دەدات بە پێی واقیعی ئەو دەمەی شیعرەکەی تێدا دەخوێندنەوە، لەبەرەو کۆتایی ساڵی 1973... تا لەم دوو بیتەی خوارەوەدا خۆی دەکا بە کۆتەڵێکی زیندووی حاجی قادرێکی بەر لە 76 ساڵ کۆچ کردوو:

ئەوێستاش گۆڕ غەریب زۆرن وەکوو تۆ
ئەوێستاش بێ نەسیب زۆرن وەکوو تۆ

ئەوێستاش بێ کەس و دووره وەتەن هەن
ئەوێستاش شاعیری پیر و ڕەبەن هەن

شاعیری دووره وەتەن و پیر و ڕەبەن هێمن خۆیەتی، کە نوسخەیەکی حاجی قادری سەردەم بوو لەودەمەدا... هەقم بوو بڵێم مەرگ ناوناوە شیرینە. ئەگەر مەرگ لە بەیندا نەبوایە ئەو هەموو تام و شام و هێز و پێزە لە دەماری بەیتەکاندا نەدەگەڕا و دەبوو بە چێشتێکی کەم خوێ...

بەڵێ ڕاستە مەرگ و هەموو هۆیەکی ئازار و پەژارە نرخی ئەو زێدە تاو و تینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی بریندار لە مرۆ وەردەگرنەوە و دنیاش بە تێکڕایی و لە هەموو ڕووییێکیشەوە گەش و خۆشتر دەبوو ئەگەر ئازار و کەسەر و سفتوسۆ فەڕیان بزربایە بەڵام مادەم دنیا بە کەسەر و خۆشییەوە تێمان ئاڵاوە وەیا ئێمە تێی ئاڵاوین با لە ڕووی ڕاستییەوە، وەک کوردی دەڵێ: قسەیەکی باشیشی بۆ بکەین بەوەدا کە لەوەتەی مرۆڤ تەعبیر لە خۆی دەداتەوە بە هەڵڕشتنی خەفەت و کەسەر فتیلەی چرای مەعنەویاتی هەڵکێشاوە.

ئەو دڵدارانەی بە ئاگری عیشقەوە سووتان لە یادی پشتاوپشتی زیندووواندا دەژین... زوڵمی بێ ئامان و سامانی داستانی زوحاک نەورۆزی گەشاندۆتەوە. بە دەگمەنێکی زێدە دەگمەن نەبێ گەلان بیریشیان لەوە نەکردۆتەوە ئاهەنگی بیرکردنەوەی خۆشییەک بگێڕن کە هەر خۆشیی ڕووت بووبێت و هێوێنی بەڵایەکی گەورەی تێدا نەبووبێت.

بەهەمەحاڵ لە ساڵی 1979 باری سیاسی ئێران گۆڕا و برا پەنابەرەکان دوعاخوازییان لێ کردین بەرەو وڵات و کەسوکاریان. من لە ڕووی نوکتەوە گوتم: بەم گۆڕانەی وەزعی ئێران لە دوو کەس قەوما، یەکیان حەمە ڕەزا شا و ئەوی دیکەش هێمن. قسەکەم نوکتە بوو بەڵام دەمزانی هێمن بە زەحمەت بتوانێ لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا بگاتە ئەو پایەی خۆشەویستی کە لە کوردستانی عێراقی هەبوو... خۆی زۆر جاران باس و هەواڵی وەهای بۆ دەگێڕاینەوە لە نموونەی ڕوح پەرەیی گەنجەکان بۆی، بە تایبەت کێژەکان، کە هەر لە خەیاڵدا شتی وەها بۆ مرۆی ئاسایی دەسازێت کەچی بۆ هێمن بە ڕەهایی دەسازا... ئەوەی من لە دەرووی نوکتەوە بۆ هێمنم کرد بە پشگوێی، زۆر بە داخەوە، ڕۆژگار قۆستییەوە و کردی بە نوکتەیەکی دەسکردی خۆی کە هات «گۆڕ غەریبی» یەکەی کە هێمن لە ساڵی 1973 بەرانبەر پەیکەری حاجی قادر دادوبڕوی لە دەستاندا دەکرد، زۆر بە سفتوسۆ و برژە برژەوە جێگۆڕکێی پێ کرد بۆ جەرگەی زێد و مەفتەن و نشیمەنی لە دیوی کوردستانی ئێران، کە زانیمان هێمن دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوێ هەناسەی ڕاحەتی تێدا هەڵنەهێنا هەتا بە دڵ شکستەیی و ئومێدی کوژاوەوە چاوەکانی بەسەر مەرگی تاریکدا لێک نان...

خوێنەر لێم بسەلمێنێ کە دەڵێم هەرگیز دڵم نەیهێنا بپرسمەوە لە چەندوچۆنی ئەو بارە بەرەواژەی بۆ هێمن خیچا چونکە هۆی ئەو ڕووداوە لە خەتای هەر لایەکەوە سەری هەڵدابیت وەهای پی سەغڵەت دەبم کە تەسکینی تێدا نەبێت، با هەر لە پشت پەردەی گوماندا بێت کە دەتوانم بە مل باری نالەباری دابەرم...

مەرگ درندەیەکی بێبەزەییە بەڵام ژیان خۆیشی لێ دێت بە جۆرێک بزێتەوە تاڵایی مەرگ بەلای شیرناییدا ببات...

کە بڵێم هێمن لە بیر ناکەم شایەدیی پیاوچاکی خۆمم داوە چونکە هێمن لەگەڵ نەبزی مێژووی خەبات و ئەدەبی کورد فڕکە دەکات...

هەروا بە دەم نووسینی ڕووپەڕەکانی سەر بە بابەتی پێشوەوە، دیسان بە ڕێکەوتی بێ نیاز، لە کاتی کاغەز دەرهێنان و سەر بەم و بەودا گرتن و سەرەتاتکەی بێلزوم لێرە و لەوێ کردندا ڕۆخی کاغەزێکی ناو کتێبێکی بەرگ سپی، بارست مامناوەنجی بێ نەخش و نیگار بە سەرنجمەوە نووسا و لێی نەبۆوە... ئەو هێندە نووسینەی کە بەسەر کۆتایی دێڕەکانی کاغەزەکەوە دیار بوو، ڕایدەگەیاند خۆڕایی نییە کتێبێک پەڕەکاغەزێکی لاوەکی بە هەناوی خۆیەوە گرتبێ... سەیری بەرگی کتێبەکەم کرد دیتم لێی نووسراوە: «عیزززەددین فەیزی یەکێتی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ».

بێ ئەوەی زەکای مووقڵاش پێویست بێت یەکسەر بیرم بۆ سەراو و دەراوی ئەو کتێب و کاغەزە ڕۆیی. نامەکە هی کاکە سۆرانی مامۆستا عیززەددین فەیزییە لە ڕۆژی 28\2\1988 بۆمی نووسیەوە و لەگەڵ کتێبێکدا بۆمی هەناردووە... پێشتر بە تەلەفۆن لەگەڵمدا دووا و لەسەر خوایشتی خۆم کتێبە باسکراوەکەی بۆم هەنارد تا لە دەرفەتێکدا بۆ بەشێکی ناوەڕۆکی کتێبەکە بچمەوە کە پێوەندیی هەیە بە ئاڵقەیەک لە ئاڵقەکانی زنجیرەی «گەشتی ژیانم» دا... با لە نووکەوە حیکایەتی ئەو پێوەندییەت بۆ بکەم!

لە ئاڵقەیەکی «گەشتی ژیانم» دا کە دەگەمە باسی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1953 بۆ خوێنەرم گێڕاوەتەوە کە خاتوون مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی کچانی کۆیێ بەبۆنەی سەرکەوتنی بەرەی نیشتمانپەروەرەکانی ئەوسا شەکر و چوکلاتی بەشی بۆوە. ئەم خاتوون مامۆستایە «نظیرة محمد»، شەوێکیان تەقەی لێ کرا و هەروا بە حاڵ گوللەی دەمانچەکە دوو ئینجێکی لە شوێنی سەری بەسەر بالیفەوەی لادابوو... حکومەت لە جیاتی دڵدانەوە و لاواندنەوە و بە دوا گوناهباردا گەڕان خوشکە نەزیرەی بۆ ڕەواندز هەڵداشت... کارەکە سەرلەبەری، بە تاوانبار و حکومەتییەوە، نامەردانە بوو چونکە بێگومان ئەگەر مرشحی حکومەت لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتوو بایە و خوشکە نەزیرە شەکر و قەیماغی بەشی بایەوە ڕەنگ بوو تەرفیعی پێ بکەن، خۆ ئەگەر تەقەی لێ کرابایە دڵنیام کە بەرەی ئیمەی هەڵبژاردنەکە تەپڵی تۆپانی پێ دەکرا... بەهەمەحاڵ هەڵوەستی خوشکە نەزیرە هەرچەند لەو دەمەدا دەردی سەری بۆ نایەوە و لە مردنی نزیک خستەوە، دیسانەوە لاپەڕەیەکی گەشی ژیانی پڕ دەکاتەوە و مایەی شانازیشە بۆ خۆی و منداڵەکانیشی...

تومەز مامۆستا عیززەددین فەیزی لە ژمارە 109 ی ڕۆژنامەی هەولێر، ڕێکەوتی 3\3\1953، گوتارێکی ڕق هەڵستاوی نەترساوی بوێر لەبارەی ئەم ڕەفتارە درندەیەی بێ بەزەیی و شەرم بڵاو دەکاتەوە کەوا ڕەنگە کاتی خۆی هەر پێم نەگەیشتبێت، دواتر ئەگەر زانیبێتیشم تا دەمی دەرچوونی ئاڵقەکانی گەشتی ژیانم هیچم لەبارەیەوە لە یاد نەمابوو دەنا منێکی بە چرای گەنەگەرچەک بە دوا هەڵوەستی شەرافەتکارانەی خەڵقدا دەگەڕێم چۆناوچۆنی مەردایەتیی وەها زل لە برا و دۆستێکی زێدە بەڕێز و خۆشەویستی وەک عیززەددین فەیزییەوە کە هەتا سەرەمەرگ و گیانەلاوە بە کوردی و مەردی و پاکی ژیانی بردەسەر، چۆن نایکەم بە پریشنگێکی گەشی تریفەداری ڕاگوزەری گەشتەکەم بە تایبەت کە گەشتەکە خۆی داوای دەکات، بگرە لێ وسکتبوونی نوقسانییە...

دیارە پاش دەرچوونی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» کە لە ناوتوێژی ئاڵقەی گەشتی ژیانمدا باسی ئەو ڕووداوەی تێدا هاتووە، کاکە سۆران تەلەفۆنی بۆ کردم باسی کتێبەکەی باوکی کرد ئیتر لەسەر تەکلیفی خۆم کتێبەکەی هەنارد بۆم بەڵکوو لە دەرفەتێکدا هەلی دەرخستنی ئەو هەڵوەستە شیرینەی مامۆستا فەیزی دەڕەخسێت، دەرفەتیش نەمابوو کەلێنێکی بۆ بکەمەوە لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانمدا چونکە چی هەبوو لە یاداشتەکانم تا دەگەنە ناوەڕاستی حەفتاکان بە سەرپەرشتیکەرانی «ڕۆشنبیری نوێ» گەیشتبوو، زۆریشم لێ گران دێت هەلی ساختە هەڵبەستم... ئەم ڕێکەوتەی دەرکەوتنەوەی لاپەڕە باسکراوەکانی قەصیدەکەی هێمن و بە دوا ئەودا سەرکەلبوونەوەی کتێب و کاغەزەکەی باوک و کوڕان لە خۆوە و بێ ئەرک و هەناسەسواری من سۆزێکی لە دەروونم گێڕا بۆ ئەو دوو کۆچ کردوەی ئازیز، بە جۆرێک، دەرگای کردەوە بۆ تارمایی گیانی چەندین ئازیزی دیکەی کاروانی ڕووە و مەرگستان... لە یادکردنەوەدا گەلێک

دیمەنی گەشی ئەو کۆچ کردوانەم هێنایەوە بەرچاوی خەیاڵ و لەگەڵیاندا سەرلەنوێ بە هەندێک لە سەفەری ژیانیاندا دەهاتمەوە و تێیدا ڕۆدەچووم تا ئەوەی بە دزە بۆ بەراوردکردنی یادی ئەوان لەگەڵ یادی زیندووان دەچووم دەمدیت دەستە تەرازووی ئەوان قورسترە لە هی زیندووان. لە ژێر نواو سایەبانی مەرگدا تۆزە غەریبەی سااڵنی لەیەکتر دابڕانمان بە گەشایی بیرەوەرییان وەکوو خەرمانەی شەوان کە تەنانەت وردە ئەستێرەش بزر دەکات، ئەویش هەموو کەموکەسری مرۆڤایەتیی عادەتییانەی لە خۆیدا دەشاردەوە و هەر تریفەی گیانیان دەمایەوە بۆ بەر نیگای فرمێسک تێدا قەتیس ماووم... مەرگی تاڵ و ژار ناوناوە شیرینت...

لە یادی ئەو مردووە ئازیزانەدا و بە ئافەرینێک لە گیانی پاکی عیززەددین فەیزی، بە بڵاوکردنەوەی ئەو دێڕە شەرافەتمەندانەی کە لەو ژمارەیەی گۆڤاری هەولێریدا بڵاو کردبۆوە وا من لێرەدا بە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی قەرزداری خۆم بەرانبەر فەیزی بەجێ دەهێنم و کەلێنێکی گرنگی ئاڵقەیەک لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانم پڕ دەکەمەوە ئەمەیە دەقی ئەو دێڕانە:

«شەرمە و ناشرینە

لە شەوی شانزدەی مانگی شوبات هەندێک لە چەتە بێ دەسەاڵتەکان لە کۆیە بەشەو بە تفەنگ پەالماری ماڵی ئانیسە نەزیرە... مودیرەی قوتابخانەی کچانی کۆیەیان داوە، چەند تەقەیەکیان لە پەنجەرەوە بۆ کردووە کە بیکوژن، ئەم خێزانە بەڕێزەش ژنن هیچ پیاویان تێدا نییە، زۆر خۆشی کە خوای مەزن ڕزگاری کردوون لە دەستی بەدکاران و هیچ گوللەیەکیان پێ نەکەوتووە. جا برادەران وەرن سەیرێکی ئەم سەیرانە بکەن لە هیچ شوێنێک کە کۆمەاڵێک پیاو دوژمنداری کچێک بکەن کە چەکەکەی قەاڵەم و نووسینە. هیوایەکی زۆرمان هەیە لە دانیشتوانی کۆیە کە هەموو خوێندەوارێکی تێگەیشتوو ئیفتیخاریان پێوە دەکات ئەم نەوعە کەسانە نەیەاڵن لەناویاندا بژین، ئاشکرایان بکەن، تەبشیر بکرێن لە ناو کۆمەاڵ و حکوومەتدا. بەڕاستی مامۆستایان لە هەموو الیەک بە تایبەتی مامۆستایانی کۆیە بەم بزووتنەوەیە زۆر دڵگیرن، هەموو خوشک و برایانی ئانیسە نەزیرە لە لیوای هەولێر ئیحتیجاجیان پێشکەش دەکەن و تکایەکی زۆریش لە کاربەدەستان ئەکەن کە بنج و بناوانی ئەم ئیشە بێجێیە دەربخەن و بە قانوون جەزای خۆیان ببینن».

خوێنەر چاوپۆشی بکات لەوەی کە من خوشکە نەزیرەم بە خاتوو مامۆستا دانا و تەقەکەیشم بۆ دەمانچە بردەوە هەرچی مامۆستا فەیزییە بە «مدیرة» ی ناو دەبات و باسی تفەنگیش دەکات... بێ دوودڵی دەاڵێم شایەدیەکەی مامۆستا فەیزی بۆ مودیرایەتی نیشانە پێکاوترە، خۆ کارەکە لە بنەڕەتدا نە بە مودیرایەتی و نە بە تفەنگبوون و دەمانچەبوونیش ناگۆڕێت. پڕووشکێکی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو بەرەواژ گەڕایەوە بۆ کچێکی کوردی خاوەن هەست، کوردێکی مەردیش دەنگی تاوانبارکردنی لێ بەرز کردەوە، مەسعوود محەمەدێکیش کە قەرزداری هەڵوەستی ئەو کچە و ئەو مەردەیە دەیەوێ بەم یادکردنەوەیە قەرزەکە کەم بکاتەوە، با بڵێین قسطی یەکەمی لێ دەداتەوە، زمانێکی مێژووی لەبیرکراویش لە هەندێ دێڕی تۆمارخانەی دەفتەری شەرافەت دەگێڕێ... دەقی ئەو دێڕانەم بێ دەسکاری و بە شێواز و ڕێنووسی خۆی بۆ ئێرە ڕاگوێست.

ئەم گوتارەم، هەر دەاڵێی نەزری کردووە و لە خۆی گرتووە سەرەتا و ئەنجامی بە مەرگ بگەنەوە یەکتر چونکە وەک لێرەدا دوعاخوازی پاش مەرگ لە یادی مامۆستا فەیزی دەکەم، کە جارێ بەرحەیاتیش بوو دواییں جار لە خەستەخانە نەخۆش بوو چوومە هەواڵ پرسی... دوای چەند ڕۆژێک لە هەولێرەوە خەبەری مەرگی هات. کەلێنێکی گەورەی لە شارەکەی خۆی و لە دڵی هەموو قەدرزانێک بەجێهێشت.

«...»

جارێکی تر گوندی نورەددین و گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی

گۆڤاری ڕەنگین ژمارە 55 و 56 ساڵی 1993

لە ژمارە 53ی ڕەنگینی کەژاڵ و دەلالدا باسێکی خۆشکەڵەی گوندی (نورەددین) ی پژدەرم خوێندەوە، گەلێک بیرەوەری دوور و نزیکی لێ بە ئاگا کردمەوە کە ڕووداوی ناگەهان و بە سفتوسۆی ڕۆژگار سووڕە لەسەر سپی پاتکردنەوە و زراندنیان. وەک بڵێی بەلایەوە ئەستەمە، دیارییە وەیشوومەکانی ڕەنگێکی ڕەشتاڵەی خۆیان نەهاوێژنە سەر پەلکەزێڕینەی خەیاڵ... پێوەندیی خۆم و پشتاوپشتی باب و باپیران تا دەگاتە یازدە پشت، بە نورەددین و عەشیرەتەکەی و خاوەنەکەی هەرە دواییەنی باپیری بابەکری مەحموودئاغا و براکانی بوون. هەستیاریەکی سۆزناک لە دەروونمدا دەبزوێت چەندێکی بەسەر ناوی یاخود یادیدا بکەوم، لەمەشدا حەقم بەلایەوە چونکە بەلای کەمەوە 450 ساڵێک دەبێت هەوەڵ پشوە بای ئەو هەڕێمە بۆتە هەناسەی باپیرە گەورەمان شێخ برایمی جەزیری کە یازدەمین باپیری منە. دوو سەد ساڵێک دەبێت باپیری پێنجەمم، مەلا عەبدوڕڕەحمانی کاکی جەلی، لە دێی جەلییەوە هاتۆتە کۆێ، کە ئەم پێنج پشتە 200 ساڵی بڕیبێت دیارە شەش پشتەکەی پێش 250ساڵێکیان ڕابردووە، بە تایبەتی کە بزانین مەلا عەبدوڕڕەحمان 9 – 10 ساڵێکی کۆتایی عومری لە کۆێ بەسەربردووە، هەر نەبێ پێنج بەشی عومری پێش هاتنی بۆ کۆیە دەچێتەوە سەر حیسابی ئەو 250ساڵە. کەوا بێگومان ئەگەر وردپێوی تێدا بکەین لەو میقدارە تێدەپەڕێنی.

لە هەندێ ئاغای میراودەلیم بیستووە کە باپیرە گەورەی ئەوان و شێخ برایم بەیەکەوە لە جەزیر و بۆتانەوە هاتوون بۆ مەڵبەندی پژدەر بەڵام قسەکە هەر هی دەماودەمە، نە لە ئەوانەوە و نە لە پێشینانی ئێمەوە شتێکی نووسراو لە دەستدا نییە ئەم لایەی ساغ کردبێتەوە. بەهەمەحاڵ، هاندەر هەستی دەروونی بێت وەیا داخوازیی نووسەری گوتارەکە بێت یاخود هەردوویان بن، وا لێرەدا بایی ئەوەی باسەکە هەڵبگرێت خامەگێڕی تێدا دەکەم بە سپاسەوە بۆ کاکە حەمە ئەحمەد جاف و کاک عومەر حاجی خدر نورەددینی کە یەکەمیان نووسەر و دووەمیان سەرچاوەی بابەتە.

لە لایەن هەڵکەوتی شوێنی گوندی نورەددینەوە پێویستە بڵێم ئەو پەراوێزەی ((دامێنی زنجیرە چیای ئاسۆس و چواس و بڵغەت و هەرمێن و قەندیل)) کە لە گوتارەکەدا بە دەوری نورەددینەوە کێشراوە، هەموو پژدەر دەگرێتەوە بە میراودەلی و مەنگور و مەندەمەرە و وردە تیرە و عەشیرەتی دیکەش. لەو ڕیزە شاخانە کە هەرە نزیکیان لە گوندی نورەددین شاخی ئاسۆسە کەوتۆتە بەری باشووری زێی گچکەوە و بەر حیسابی دیوی مەرگە دەکەوێت. ((چەواس)) یش ناچێتە هاوشانی ((بڵغەت و هەرمێن))ەوە دەشێ لەگەڵ شاخی ((گردەبێناسە)) ناوی بێت. هاوتای هەرمێن و بڵغەت لەو ڕیزە شاخەی پژدەر کە سنووری نێوان عێراق و ئێرانە دوو لووتکەی ((دووپەزە)) و تا ڕادەیەک ((باربرنج))یش دێتە حیسابەوە. هەموو دەشتایی وڵاتی سەر بە قەڵادزە دەکەوێتە نێوان نورەددین و ڕیزە شاخی باسکراو... لەگەڵ((قەندیل))دا هەرە نزیکی لە نورەددین قەندیلی مەنگوڕان و لوتکەی هەرە بەرزی ((کۆڕەش))ی پێ دەڵێن، بە پێوانەی عادەتی نێوان ئەو خەڵکە چ پێوەندی لە بەینیاندا نییە و ڕەنگە بە سواریی وڵاخ هەر نەبێ 6 – 7 سەعات ڕێگە لەیەکتر دوور بن. بە هەمەحاڵ ئەم وردە حیسابە کارێک ناکاتە سەر ئەسڵی بابەت و مەبەستی نووسینەکە، بەڵام چ زەرەرێکیش نییە لە تێخوێندنەوەیان.

لە لایەن باری مێژوویی کۆنی گوندەکە و ناوچەکەوە، کەسێک بیەوێ بە وردی بە جۆرێکی مێژووناسانە لەسەری بڕوات، خۆتەرخانکردن و ماوەیەکی پشوودار دەوێت هەرنەبێ لە ڕووی ئەو ڕاستییە گرنگەوە کە لەوەتەی ماددەکان بەر لە هەزار ساڵ پتر پێش مەسیحدا نیشتەجێی کوردستانی ئێستاکەی ئێران بوون و هێزوپێزێکیان پێکەوە نا، بوون بە ئامانجی لەشکەرکێشی ئاشووریەکان بۆ تێک شکاندنیان بە زۆریش ڕەوی ئاشوور بۆ سەر دیوی کوردستانی ئێران لە دەربەندی ڕەمکانەوە تێی کردووە و بە ناوچەی ئێستاکەی پژدەر تێپەڕیوە هەتا لە ساڵی 612 پ. ز ماددەکان بە یارمەتی بابلیەکان توانییان ئاشوور لەبەریەک هەڵوەشێنن، شەست ساڵەک دواتر کۆرشی هاخامەنشی ماددی تێک داو بە دریژایی پتر لە

هەزار ساڵ ناوچەکە بوو بە پێ خۆشی ئەسکەندەر و ئەشکانیەکان و ساسانیەکان... کاتێک عەرەبی موسڵمان دەسەڵاتی پێکەوە ناو بەرەنگاری ساسانیان و ڕۆمەکان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا ساسانیەکانی ڕیشەکێس کرد و ڕۆمەکانیشی بردە ئاسیای بچووک ڕەتاند.

شەڕی ناوداری قادسیە لە ڕەمەزانی ساڵی 14 ی کۆچی، بەرانبەر 636 ی زایینیی ڕووی داو دەسەڵاتی ساسانیان لە پاتەختییان تێک شکا... دواتر لە شەڕی نەهاوەند کە عەرەبەکان پێی دەڵێن ((فتح الفتوح))، ساڵی 21 ی کۆچی، بەرانبەر 641 – 642 ی زاینی، ئیمپراتۆریەتی ساسان کۆتایی هات. یەزدگورد دە ساڵان پەلەکوتکەی لێرە و لەوێ کرد هەتا لە 652 ی زایینیی بە دەستی ئاشەوانێک کوژرا ئیتر ڕووپەڕەی مێژوو بە تەواوی وەگەڕا. ئێمە بە چاکی نایزانین کوردستان بە چەند ساڵ و مانگ کەوتە دەست عەرەب بەڵام دوو شت لەو میانەدا جێی متمانەیە. یەکیان ئەوەیە کە کورد بە حوکمی بێ دەسەڵاتی و مافخوراوی بەبەریەوە نەبوو بەرگری لە هیچ داگیرکەرێک بکات، بگرە لەوانەبوو بەهۆی زوڵمێکی لێی دەکراو تێیدا تەنگەتاو بوو بوو هاتنی داگیرکەری تازەی بە هەلی پشوودان زانیوە. لە بەڵگەی ئەم ڕاستییە شتێک دەهێنمەوە بەر نیگای خوێنەر. وەک بەدیهیە ئاشکرایە دانیشتووانی دەوروبەری مەداین، پاتەختی ساسانیەکان کەوا لە خواروی بەغدای ئێستاکە بوو هەمووی فارس بوو کەچی بە فەوتانی دەسەڵاتی ساسانیەکان نەک هەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار بەڵکو هەرچی فارس بوو بەرەو دیوی ئێران کشایەوە. کوردەکە چونکە هاوڵاتی چوارەم پێنجەم بوو نەک هەر لە جێگەی خۆی مایەوە بەڵکوو دوای بەتاڵبوونی دەوروبەرەکەی لە فارسەکان بەشێکی ئەو بەتاڵاییەشی بۆ مایەوە و بەرەو باشوور داخزی، عەرەبی تازە حاکم چ خەتەرێکی لە کوردەوە هەست پێ نەکرد هەتا حیسابێکی قایمەکاری لە دژی بکات، کوردەکە لە خۆوە بەرەو دینی نوێ هات چونکە مێژوو بۆمان باس دەکات دینی زەردەشت بە دەست شاهەکانەوە وەها دزێو کرابوو چی هەژار بوو لێی بە زاکەزاک کەوتوبوو تەنانەت ئاڤێستایەکی نووسراوی ڕەسمی هەبوو بە کەڵکی سیاسەت دەهات و لە کاردا بوو ، یەکێکیشیان لە سینەی هیربەد و مووبەدەکاندا بوو دەماودەم دەگوێزرایەوە. حاشیە و دەست و پاوەندی شاهەکان لە ڕەگەزی فارسی سوودمەند بوون لەو شێواندنەی ئاڤێستا، بۆیە پشگیرییان لە یەزدگورد کرد و بۆ ماوەی 40 ساڵێک دریژەیان بە هەوڵی بێسوو دا. کورد و میللەتی دیکەی وەک کورد ئەو هاندەرەی شک نەدەبرد خۆی بەقوربانی جەللادەکەی بکات.

ڕاستی دوەم ئەوەیە، داگیرکردنی کوردستان لە لایەن عەرەبەوە کەوا بێگومان بڵاوبوونەوەی ئیسلامی لەگەڵدا بوو بێ تەگەرەی گەورە، لە دەوروبەری 20، 21 ی کۆچی مەودای باشی بڕی بوو. میللەتە بێدەسەڵاتەکەی کورد هەروەک لە ئاست ساسانیەکان بێچارە بوو لە ئاست دەسەڵاتدار و سەرەک ئێل و فیۆدالی کوردیش ئەو بێچارەیە بوو، تا ئەگەر یەکێک لەوان بەرگری ئیسلامی کردبێ بۆ پاراستنی سوودی خۆی خەڵقەکەی بەرەو شەڕ ڕامااڵن داوە بەڵام شەڕی تۆپزی کە گیانی هەڵمەتبەرانەی تێدا نییە.

ناوچەی نورەددین و پژدەر بە عمومی سەرەڕێگایەکی لەشکری ئیسلام بوو بەرەو دیوی ئێران. لە ناوتوێژی گوتارەکەدا ناوی دانیکورپاشا دەمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە لەشکری ئیسلام ئەو ناوچانەی کوردنشینی کەوتبووە سەرڕێگەی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕووەو ئێرانی تێدا فەتح کرد.

ناوی دانیکور هەوەڵ جار لە کتێبە ناودەرکردوەکەی مەلا صەمەدی مەرگەیی کەوتە بەرگوێی بیسەرانەوە. کتێبەکە بن بوو کرا، مەلا صەمەد خۆی سوور بوو لەسەر هێندێ کە کتێبەکە فەوتاوە ئیتر بە سووتان بێت یان بە هۆییەکی دیکە. من خۆم لەم بارەوە لێم پرسی، وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو کە کتێبەکە نەماوە. ئەوەی من خۆم چاوم پێ کەوتبێ لە سەرەباسەکانی ئەو کتێبە تەنها ئەو بەشە بوو کە باسی هاتنی سپای ئیسلام، لە هەولێرەوە، بۆ هەرمۆتە و کۆیە و ڕۆندیات (ڕانیە) و گوندی ڕۆستەم (میرزا ڕۆستەم) و سەنجان مەرجین (سێناجیان و مەرگە) و قەرەبابا (قەرەتەپە) و دوقمان (دووگۆمان) و شیدەرە (پژدەر) و قەڵاتی (داینکور)... هەتا ئەودیوی ئێران بۆتەوە، دەکات. ئەوەی دیتم دەسنووسێکی نیوداشی خۆشخوێن و بە قەڵەمی ڕەصاص نووسرابوو. ناوناوە دەیگوت «قال الامام الواقدي» وادیارە حیکایەت لە غەزەواتی واقدی دەگێڕیتەوە و پێوەی دیارە غەڵەتی مێژوویی تێ کەوتووە بەڵام لە لایەن تۆپۆگرافیای

ناوچەکەوە هەتا بڵێی ڕاست و وردپێو بوو. بە پێی ئەو دەسنووسە پاش داگیرکردنی وڵاتی بەردەربەند، لەشکری ئیسلام بۆ سەر دوقمان دەچێت. حاکمەکەی دوقمان – دووگۆمان- داوا لە دانیکوری شیدەرە دەکات کە بەهانای ڕابگات، دانیکور پشت ئەستوور بوو بە مەحکەمی قەڵاکەی خۆی و عەرەب بەهەند هەڵناگرێ و گوێ ناداتە حاکمی دوقمان. ئەو شوینەی ئێستا پێی دەگوترێ «شەیدان – شەهیدان» شەڕگەی لەشکری عەرەب و حاکمی دوقمان بووە... ناوی دانیکور بەر لە کتێبەکەی مەلا صەمەد نەبیسترابوو بەڵام لە ڕێی هەبوونی «قەڵاتی دینکە»وە کە بەسەر دەشتی خاسدا دەنۆڕێت، ئەو دەشتەی وا نورەددینی تێدا بنیات نراوە، زانرا کە دانیکور هەمان «دینکە»یە کە لە کۆندا خاوەن قەڵاتەکە بووە.
نەشدەزاندرا کە دینکە، دانیکور شەڕی لەگەڵ موسڵمانان کردووە، تەنانەت مەرقەدی دوو مردوو بەسەر گردی قەڵاتی دینکەوە بوو بە ناوی شێخ و چاک و پیر ڕۆیشتبوو، کەچی لە کتێبەکەی مەلا صەمەددا دەرکەوت کە ئەو دوو قەبرە هی دوو صەحابەی عەرەبە.

گردەکەی قەڵاتەکەی دینکەی بەسەرەوەیە (قەڵات شوێنەواری دیاری نەماوە) نەختێکی بە ئاوی زێی بچووک کە لە بنیەوە ڕەت دەبێت داشۆراوە و ڕماوە بەڵام بەشی هەرە زۆری زەق ماوەتەوە. لەو کتێبەی مەلا صەمەددا باسی شەڕی قەڵاتی دانیکور و گرتنی لە لایەن ئیسلامەوە مەیلەو بە درێژی هاتووە.

کتێبەکە دەڵێ لە سەرەتادا لەشکری ئیسلام نەیتوانی قەڵاتەکە بگرێت لەبەر مەحکەمیی دروستکرانی و قایمی جێگاکەی بەسەر ئەو گردە بەرزەوە. لە ناو قەڵاتدا بۆ ئاوی زێ ڕاڕەو هەبووە وەک بیر کە ئیتر تینویەتی جێی نیگەرانی نییە، دەرگاکەشی لەوانە نەبووە بە ئەبزاری قەڵاگیری کە لە دەست عەرەبەکاندا بووە بشکێت، بۆیە بوو چەندێکی قوربانیشیان دا هیچیان بۆ نەکرا هەتا فێڵێکی ژیرانەیان بەکارهێنا.

گردی کەوا قەڵاتەکەی لەسەر بنیات نراوە و لایەکی زێی بچووکە، لای باکوری لە شکڵی نیمچە کەوانەیی مەیلەو پێچ دەکاتەوە بە جۆرێک ئەگەر پاسەوان لە سەربانی قەڵاوە دنیا بە سەح بکاتەوە ناتوانێ بزانێ کەس هەیە لە حەشارگەی پێچەکەدا خۆی دانووساندبێت. موسڵمانەکان بەشێکی لەشکرەکە لەو پشت ڕیزە گردەی پێچ کردوو دادەمەزرێنن بێ ئەوەی ئەهلی قەڵات هەستی پێ بکەن. بەشی زۆری لەشکرەکەش لە پێدەشتی بەردەمی دەرگای قەڵاتەوە هێرشی توند دەهێنن... دوای ماوەیەکی ئەوتۆ کە بایی ئەوە بکات هێرشبەر تێیدا شەکەت بێت لەشکرەکە بە زاهیر دەشکێت و ڕوو لە هەڵاتن دەنێت. لەشکری ناو قەڵات بەهەلی دەزانن و دەرگا دەکەنەوە و بەدوا هەڵاتواندا بەنیازی لەناوبردنی یەکجارەکییان هێرش دەهێنن بۆ پێدەشتەکە. ئەو تاقمە موسڵمانەی لە حەشارگەدا بوون بە غافڵگیری و زۆر بە سێنایی لە پشت گردەکانەوە بۆ قەڵاتی دەرگا کرایەوە هروژم دێنن. کاتێک لەشکری دانیکور بە ئاگا دێتەوە قەڵاکە گیراوە. ئیتر دەکەونە نێوان دوو ئاگری لە ڕووتەنی پێدەشتی خاس و تەفروتونا دەبن، دانیکوریشیان لەگەڵدا...

جاریکیان لەگەڵ شێخ حسێنی حاجی سەیددا، لە قەڵادزەوە دەچووین بۆ نورەددین بەسەردانی پایزئاغا کە گەیشتینە نیهایەتی بانووی کە بەسەر ڕووکاری قەڵاتی دینکە و دەشتی خاس و نورەددیناندا دەنۆڕێت، لەو شوێنەی پێی دەگوترێ «سەرنێڵ» شێخ حسێن هەڵوەستی پێ کردم گوتی سەیری ئەو دیمەنە بکە. سەحابەکان لە پەناوپێچی درێژەی گردی قەڵاتەکەی دانیکور کەوا لەبەرچاومانە خۆیان دانووساندووە کە بە هیچ جۆرێک لە قەڵاتەوە نادیترێن. لەشکری هێرشبەریشی لەو دیوی ڕیزەگردەکە لە پێدەشتەوە هجومی هەڵخەڵەتاندنیان هێناوە و خۆیانیان شکاندوە، ئیتر لەشکری ناو قەڵات کە دڵنیا بووە لە نەبوونی هیچ هەڕەشەیەکی ناگەهان دەرگای بۆ مەرگی خۆی کردۆتەوە...

وەک کتێبان باس دەکەن نەهاوەندیش بە فێڵێکی ئەوتۆیی گیراوە لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە شەڕی نەهاوەند لەگەڵ سەرلەبەری لەشکری یەزدگورددا کراوە و لەو شەڕەدا، زۆر بەسەیری، یەکێک لە ئەسبابی سەلامەتیی لەشکری نەهاوەند لە ئاکامی شەڕدا بوو بەهۆی تێچوونی لەشکرەکە. بە نیازی ئەوەی هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر شارەکە لە ماوە بڕینی گەیشتن بە نەهاوەند خۆی سارد دەبێت، لەمپەڕێکی چڕوپڕیان هەڵنابوو وەک سەکۆ و کوچکە و بەرد و ئەوەی پێی دەڵێن «عوارض)) کە ولاغ لە غار دەوەستێنێ چ جایی عەرەبانە، ئنجا کە عەرەبەکان لەوێشدا بە ڕواڵەت هەڵاتن و لەشکری فارس ڕاویان نان کاتێک کە بایانداوە سەر فارسەکان و ڕوویان پێ لە شارکردنەوە فارسەکان لەبەر ئەو

لەمپەڕانە نەیانتوانی بگەنەوە شووڕە و قەڵای شار و هەر لە ڕێی هەڵاتندا پامااڵ بوون بەتایبەتی لەبەر ئەوەی سواڕە و پیادەی فارس بە چەکی زۆر قورسەوە شەڕیان دەکرد، عەرەبەکان لەچاو ئەواندا وەک کارامازی بەهاران بوون لە هێرش بردن و خۆڕزگارکردندا...

لەوەی خستمە بەرچاوی خوێنەر دەردەکەوێت کە دینکە کورت کراوەی ناوێکە بەر لە نزیکەی 1350 ساڵ عەرەبەکان بە «دانیکور»یان گۆ کردووە، ناشزانین ناوەکە چەندی لێ گۆڕاوە بەسەر زار و زامنی عەرەبەکاندا چونکە بێگومان وەکوو کوردەکانی ئەوسایان لەفز نەکردووە. دەتوانم بڵێم ئەو «ک»ە هەر کاف بووە نەک «گ – گاف». چونکە بە قیاس لە «مەرگە» کە کردوویانە بە «مرجین» دەبوو بڵێن «داینجور» ئەگەر پیتەکە گاف بوایە. چەندێکی ناوی کۆکی ئەو ڕۆژگارانەش بە بیری خۆمدا تێدەپەڕێنم بەسەر ناوێکدا ناکەوم لەمیانەوە نزیک بێت تەنانەت ناتوانین بڵێین ئەم کەرتەی «کۆر» هەمان کوێری ئەمڕۆکەیە وەک کە دەڵێین «پاشای کۆرە» چونکە لێمان ڕوون نییە لەو سەردەمەدا «کۆر، کوێر» چۆناوچۆنی لەفز کراوە. ناوەکە وەکو خۆی، لای من، بێسەروشوێن دەمێنێتەوە هەتا لە کەلێنێکەوە تیشکێک دێت و ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم ناشێ بڵێین «دانیکور پاشا» وەک کە دەڵێین «عەبدوڕەحمان پاشا» چونکە نە بیستوومانە هیچ سەردارێکی ئەوسا «پاشا»ی پێ گوترا بێ و نە وشەی «پاشا»ش لەو سەردەمانەدا پاشا بووە. وەک بزانم «پەتخشا» گوتراوە هەر وەکوو «شاهـ»یش «خشچترە» بووە هەرچەند بە شاریش گوتراوە خشەترە، تەنانەت شەهرەبان «خشترەپاوەن»گوتراوە و یۆنانیەکان کردوویانە بە ساتراب. خشترەپاوەن بە واتای ئێستای «محافظ» ڕۆیشتوە.

دێی نورەددین خۆی مەرکەزی عەشرەتی نورەددین بووە و هەموو ئەو ڕوپێوەی ئێستا پێی دەڵێن پژدەر پێی گوتراوە نورەددین. لە نێوان نورەددینییان و میراو – دەلییان کە بە لای خەڵقەوە لەگەڵ پژدەر یەک شتن قەول و بریە هەبووە کە مەجلیسی ماقوواڵان لە نورەددییان پێک بێت و سەرۆکایەتیی عەشیرەتیش هی میرواەلییان بێت مەجلیسی ماقوواڵانیش دەسەڵاتی سەلمێنراوی هەبووە لە کاروباری ئەو زەمانەدا.

بەر لەوەی ئەو قەول و بڕیەیە هەبێت، وڵاتەکە لە ژێر دەستی عەشرەتێکی مەیلەو درِدا بووە پێی گوتراوە (سەکر) چەند دێیەکیان هەبووە بەڵام دەستدرێژییان لەو خەڵقە کردوە گەلێک موڵکی ئەم و ئەویان داگیر کردووە تا کار دەگاتە جێگەیەک کە بڕیار لەسەر هەندێ بدەن چی میراودەلییە لەناوی ببەن... لە ڕۆژێکی جەژندا کە میراودەلی و نورەددینی کۆبوونەوەیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی زوڵم و زۆری سەکران، ئاغاکانی سەکر دەیانەوێ غافڵگیریان بکەن، ئیتر گورج بۆیان دەچن بەو نیازەی دوای لەناوبردنیان نانی جەژنە بخۆن... خەبەرەکە لە لایەن خێرخوایانەوە بەو مەجلیسەی میراودەلی و نورەددینییان دەگات، ئەوانیش بێ ئاگاداری سەکرەکان بۆیان لە بۆسە دادەنیشن و لەدەمی گەیشتنە یەکتردا شەڕێکی خوێناوی ڕووەدات و بە شکستی سەکرەکان کۆتایی دێت و لەشکری میراودەلی ئەو نان و پاتەی سەکران کە بۆ جەژن دروست کرابوو لێیان بوو بە جەمی حەسانەوە... ئیتر سەکرەکانیان دەرکرد ئەوانیش لەو شوێنەی نزیک گەڵاڵە کە پێی دەڵێن سەکری سەکران جێگیر بوونەتەوە و کەوتنە سەر باری کەسابەتی بێ دەستدرێژی. دەگێڕنەوە دەڵێن ئاغای سەکران لە پژدەر هێندە بە زەبروزەنگ بوون ئاغای پژدەرییانیان ناچار دەکرد کە شەوی هاوینان خەریک بن نەیەڵن بۆقی دەم ئاوان بقرێنن نەکا ئاغای سەکری خەوی بزڕێت.

یەکێک لە ڕووپەڕە بە دەنگ و صەداکانی میژووی نزیکی دێی نورەددین باس و خواسی «قۆمیتە»ی ساڵانی 1941 بوو، دواتریش بۆ چەند ساڵێک درێژەی کێشا... هەراوزەتای قۆمیتە بە دەنگ هاتنەوەی هەرایەکی کۆنترە کەوا لێرەدا بۆیان دەچینەوە. کورتەی باسەکە ئەوەیە کە میراودەلی و نورەددینی، بەر لە حوکمی ڕەزاشای پەهلەوی، موڵک و زەوییەکی فرەوانیان لە دیوی کوردستانی ئێران کەوتبووە دەست. ڕەزاشا بە فەند و فێڵ لە دەستی دەرهێنان. دوای پشوویەک میراودەلی و نورەددینی بە لەشکرێکی تەیارەوە هێرش دەبەنە سەر سپای ئێران و دەیڕەتێنن هەتا لە سەردەشت ئابڵۆقەیان دەدەن. دوای بێئومێدیبوونی حکومەتی ئێران لە ڕزگارکردنی سپا ئابڵۆقەدراوەکەی خوایش لە شێخ مەحموود دەکات کە بکەوێتە بەینەوە، ئەویش کاغەز بۆ ئاغاکانیان دەنوسێ و لەسەر ئەمری ئەو، دوای45 ڕۆژ ئابڵۆقەدان، سوپاکە

ڕەها دەکەن بەرەو دەرەوەی ناوچەکە بڕۆن. ئەو مواڵک و زەویانەی ڕەزاشا بە فێڵ لە دەست پژدەرییانی دەرهێنابوو سەرلەنوێ کەوتەوە دەستیان و... ڕەزاشا زانی بە زەبروزەنگ چارەی گرفتەکە ناکرێت لە ڕێی مەسڵەحەتییەوە پژدەرییەکانی بە پارەیەکی سکککەی زێڕی چەند جار هێندی نرخی حەقیقی ڕازی کرد و ناوچەکەیان بەجێهێشت و هاتنەوە پژدەر ئەم ڕودااوانە لە ساڵی1927 سەریان هەڵدا. دوای ئەوەی لە ساڵی 1941 ئینگلیز و سۆڤیەت ئێرانیان داگیر کرد و ڕەزاشا دوور خرایەوە و حکومەتی ئێران دەسەڵاتی کز بوو بە تایبەتی لە خاکی کوردنشین، پژدەرییەکان هەوای وەرگرتنەوەی ئەو مواڵک و دێهاتانەیان کەوتەوە کەلله، بارەکەش وەهابوو، لەو بێ حکومەتییەدا هەرچی چاپوکی و نەترساوی و دەست پێشخەری کردبایە، کوردی گوتەنی، ڕیزی سوار دەبوو، لەو ڕۆژانەدا کە سەرۆکایەتی پژدەر هی بابەکری سەلیم ئاغا و هەباسی مەحموود ئاغا بوو، ئەوانیش بە پێی تەجرەبەی کە هەیان بوو لە ئیدارە و ڕاهاتووی دوور ئەندێشی بوون و تا ڕادەیەکیش لەوانە نەبوون خێرا بە خێرا لەسەر تەمایەکی وەها ڕێکەوت یەک قسە بن، هەل پەیدا بوو بۆ یەکێکی وەکوو باپیری بابەکری مەحموودئاغای خاوەنی دێی نورەددین کە گەنجێکی پێگەیشتووی خاوەن قۆناغ و ناودەرکردووی پیاوەتی و نەترساوی بوو، بە گەرم و گوڕی و بە پێی داخوازیی حاڵ چاکی لێ بەلادا کرد و هەنگاوی هەڵێنا بۆ وەرگرتنەوەی مواڵک و ماڵی دۆڕاو، خەڵقێکی زۆری لە دەورە ئاڵا بوو بە سەرۆکی ئەو گروپەی پێی دەگوترا قۆمیتە، دوو سەرۆکی تەقلیدی لەو ناوە بەرانبەر جموجوواڵی بێ ئۆقرەی خاوەن تەمایان دەست پاچە مانەوە، باپیرئاغا بوو بە تاقە سوارەی مەیدانی مواڵک وەرگرتنەوە خۆ ئەگەر بویستبایە لەو گوڕ و بفەدا سەرۆکایەتیی پژدەریشی لە بابەکر ئاغا و عەباس ئاغا، کە مامی باپیرئاغا بوو، شلۆک دەکرد، هەر خۆیشی بۆی گێڕامەوە کە مامی ترسی لێ نیشتبوو ڕەئاسەتەکەی لێ بستێنێ بەاڵم بە دەموودووی گەپئامێزی پژدەریانە پێی گوتبوو، مامە دڵنیابە ڕئاسەتی پژدەرم بە پووشکەیەک ناوێت.

قۆمیتە بەهێزی تەواوەوە مواڵک و ماڵی لە کیس چووی خستەوە ژێردەستی خۆی و مەرکەزی چالاکیشی شاری سەردەشت بوو. وەها ڕێک کەوت دووای ساڵێک، واتە لە 1942، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، بە خیلافی ڕەئی باوکی کە لە هەرای ڕەشید عالی بۆی ڕێک کەوت بگەڕێتەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆی و تەمای سەرپێچیی نەبوو لە حکومەتی دوای ڕەشید عالی، شێخ لەتیف دەستی چیای گرت و لە حکومەت هەڵگەڕایەوە. داخوازی حاڵ وەهای هێنا شێخ لەتیف بچێتە بانە و مێوانی ئاغاکانی ئەو مەڵبەندە بێت. حەمە ڕەشیدخان کە خزمایەتی لەگەڵ شێخ لەتیف بەست و حورمەتی تەواوی لێنا، بە پێی بەرژەوەندیکی کە ڕەچاوی کردبوو داوای لە قۆمیتە کرد کە ڕێی پێ بدەن شێخ لەتیف ڕاگوێزێ بۆ سەردەشت، هەرچی بانە بوو لە جغزی ئەو ناوچەیەدا بوو کە بەر ئیدارەی ئینگلیزەکان کەوتبوو. مانەوەی شێخ لەتیف لە بانە لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەمەی ئینگلیز بووزی نەدەخوارد. کۆمەڵەی قۆمیتە بە سەرۆکایەتیی باپیر ئاغا شێخ لەتیفیان بە ڕێزەوە وەرگرت و شاری سەردەشتیشیان بۆ بەجێ هێشت هەتا دوای ساڵێک کە شێخ لەتیف لەگەڵ حکومەتی عێراق پێک هاتەوە و گەڕایەوە بۆ مەڵبەندی سلێمانی، ئەوسا قۆمیتە چوەوە سەردەشت. هەرای قۆمیتە بەردەوام بوو هەتا حکومەتی حەمەڕەزا هێزی پەیدا کردەوە و سیاسەتی جیهانیش کەوتە باریکی تازەوە کە ئیتر قۆمیتە چاری نەما و ئەو ناوچەیەی جێ هێشت و گەڕایەوە دیوی کوردستانی عێراق و لەبەریەک هەڵوەشایەوە، چونکە هۆی یەکگرتنی کە ملک و دێهاتی دیوی کوردستانی ئێران بوو لە حیسابیان سڕایەوە... لەو چەند ساڵەی بەزم و ڕەزمی قۆمیتەی تێدا لە کار بوو دێی نورەددین بە ڕاستی بووبوە مەرکەزی پژدەر. من لەو ساڵانەدا خەریکی خوێندنی حقوق بووم، لە دوورەوە دەنگوباسی قۆمیتە و باپیرئاغام دەبیست کە ئەوسا شناسایم نەبوو لەگەڵیدا، بەاڵم بەر لە بەسەرچوونی چلەکان و پێش 1950 سەرەتای ئاشنایمان دەستی پێ کرد تا وەهای لێهات باپیرئاغا بوو بە دۆستێکی زێدە خۆشەویست و باوەڕ پێکراوم... بە داخەوە، نەخۆشی زۆری مۆڵەت نەدا، لە تەمەنێکی مەیلەو زوو ڕووپەڕەی ژیانی پێچایەوە.

لە پاشماوەکانی دەنگوباسی قۆمیتە، کە بەشی زۆریم لە عەوڵاغای پژدەری بیستووە، ئەم سێ بەیتەی خوارەوە لە شیعری خوالێخۆشبووی مەمەندئاغای (فانی) مەشوور بە مەمەندی قایمقام کە بەشێکن لە قەسیدەیەکی مەدحی باپیرئاغا دەخەمە بەر نیگای خوێنەران، ئەو سێ بەیتەش هەر لە عەوڵاغاوە پێ گەیشتوە، هەر هێندەشی بە بیر مابوو:

ئەوا سەردەشتە یا ساحەی جنانە
کە غەم فەوتاوە عالەم شادمانە

بەسەف وەستاوە عالەم ریزەڕیزە
بەرێکی هەر وەکوو ئاڵقەی زریزە

ئەڵێن هەر زیندە بێت ئاغایی باپیر
بەسەر بەرزی بژی و هەرگیز نەبێ پیر

دەگەڕێمەوە بۆ گوتارەکەی ناو ڕەنگین، بە کورتی دەڵێم ئەوەی لە بارەی «کانی نەوت» کەوا بە پێی دەقی نووسینەکە (بۆ زۆر لە پسپۆڕ و زانایان و پشکێنەرانیش دەرکەوتووە... شوێنی نەوت بێت و کبریتی هەبێ) بۆ من خەبەرێکی نوێیە چونکە نەم بیستووە پسپۆڕ و زانا و پشکێنەر بۆ ئەو ناوە هاتبن و لێیان دابێتەوە، تەنانەت دوێنێ کە ڕێکەوتی 1993/4/29 بوو لە عەولاغا و ئەحمەدئاغای حاجی عەباساغام پرسی، کە هەردوویان پژدەرین، ئەوانیش لەم بارەوە خەبەرێکیان پێ نەبوو، ئیتر پرسیارەکە وەکو خۆی بەجێ دەهێڵم. بەڵام لە ئاست گوندی نورەددین کە گوتارەکە دەڵێ نەزانراوە لە چییەوە هاتووە، ئەوەی مەعلومە نورەددین ناوی عەشیرەتەکەیە و بەسەر گوندەکەدا دابڕاوە هەرچەند نەشزاندرێ چ نورەددین ناوێک و لە کام زەمانەوە گوندەکەی ئاوەدان کردۆتەوە یاخود بە ناوی خۆیەوە ناوی ناوە، دەزانین میراودەلی نەوەی ئاودەلاغای یەکەم، لە ڕیزی سەرۆکانی عەشیرەتەکەن. ئەوەی ئەویش ئاودەلاغا بووە... دریژەی درەختی خانەوادەی میراودەلییان لە یادداشتەکانی عەولاغای پژدەری کە لە ساڵی 1992 بڵاوبۆتەوە باس کراوە، بە داخەوە ئەویش لە ڕەچەڵەکی عەشیرەتی «نورەددینی» نەداوە. تا هێندە هەیە بە پێی ئەو یادداشتە، کاتێک باپیرەگەورەی میراودەلییان هاتۆتە پژدەر عەشیرەتی نورەددین هەبووە و بەخێریشی هێناوە.

تا ئێرە قسە کۆتایی دێت، نەک یەکجارەکی، چونکە باسی ئەو هەرێمە زۆری بەبەرەوەیە ڕەنگە بەر و باوەشی ڕەنگینی کەژاڵیش ئەو هەموو دەنگوباسە دریژ و بە پێچوپەنایە و بە سەر و صەدایە نەگرێتە خۆیەوە

سەرچاوەکان:

- ڕەنگین ژمارە 53ی 1993
- یادداشتەکانی عەولاغای پژدەر، 1992
- فرهنگ ایران باستان (پەتخشەی – لاپەڕە 61) بەشی یەکەم
- پورداد عزدین و ادب پارسی – جلد اول-
- د. محەمەد معین چاپی سێیەم ل. 13، 14.
- کەلەپووری بنەماڵەی جەلیزادان
- بەشێک لە کتێبەکەی مەلا صەمەدی مەرگەیی
- زانیاری شەخسی

بەغدا 1993/4/30

«...»

دەستبژارێک لە کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان

«ڕۆشنبیری نوێ»، ژمارە 131، 1993

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای ساڵی نوێی 1993ز. لە دیدەنییەکی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق چەند دانەیەکم لە چاپکراوی هەمەچەشنی کوردی لەو بەڕێزانە پێ گەیشت. بە منەتبارییەوە چاوێکی خێرام بە چەند بابەتێکی ئەو چاپکراوانەدا گێڕا و بووشن بەسەرنج بۆ هەڵسەنگاندن کە بەعادەت بەرەوە ڕەخنە و ڕاستکردنەوە و لێ بەسەرگرتنەوەدا دەڕۆن. وەک لە خۆوە دیارە، هەڵسەنگاندن چەندێکی جورئەتیشی تێدا بێت، پاکانە بۆ خۆی دەکات، کە بە نیازی خزمەتی ڕۆشنبیرییەوە تەرازووی هەڵبڕیبێت. دوودڵییەکی بێهێز شەبەنگی دا و ڕەوییەوە لە ئاست تیشکی ئەمەکداری بۆ ڕاستی و دروستی کە بە بەرزکردنەوەی فتیلەی چرا پتر پرشنگ دەداتەوە.

لە پێشەوە دەستم بۆ «ئەنجوومەنی ئەدیبان»ی ئەمین فەیزی بەگ برد کە بە چاودێریی «لێژنەی وێژە و کەلەپووری کوردی»، لە ساڵی 1982 ز. بە چاپ گەیشتووە.

بەر لە هەموو شتێک چووم بۆ لیستەی هەڵە و ڕاست لە کۆتایی کتێبەکەدا نەوەک من شتێک بە هەڵە بزانم کەچی خلیسکی چاپ بێت. هەر جارە ئەوەی بەڕاست داندرابوو لەو لیستەیەدا هەڵەم پێ چارە دەکرد لە شوێنی خۆیدا. کە ویستم هەڵەی دێڕی 16 لە لاپەڕە 13 دا بەو جۆرە چارە بکەم کە لە لیستەی هەڵەکاندا کراوە، دیتم چی لەو لاپەڕەیە و دێڕەدا بە هەڵە داندراوە هیچ هەڵەی تێدا نییە: وشەی «بە دانش» ڕاڤە کراوە «بە زانست، بە ژیری».

لە لاپەڕە 63، دێڕی 6 دا وشەی «وەزنی» ڕاست کراوەتەوە بە «وەزن» کەچی «وەزنی» لە هەموو ڕوویەکەوە بێ عەیبە. دەبوو «یەک بۆ سەد» لەو دێڕەدا بە «یەک بۆ سەوو» ڕاست بکرێتەوە لەبەر خاتری کێشی بەیتەکە. بەر لەمانە دەبوو لە نیوەی دێڕی دووهەمی بەیتی دووهەمدا وشەی «نیشتەرە» ئیشارەتی لێ بدرێت کە بە چوار برگەیی و بەقورسکردنی دەنگی «ش» تێیدا بخوێندرێتەوە دەنا بەیتەکە لەنگ دەبێت «نی ش تە رە» لە پەراوێزدا بەیتی کۆتایی قەسیدەکەی لاپەڕە 63 کە نووسراوە:

وەختی خەندە و نیگەە و عیشوە و ناز

وا چاکتر بوو بنووسرێ «عیشوەوو» چونکە سەرلەبەری بەیتەکان 11 برگەیین دەبوو ئەمەیشیان هەروەها بێت بەتایبەتی لەبەر خاتری مۆسیقای ناو بەیتەکە. بەحرەکە 10 برگەیی هەڵدەگرێت.

بەیتی سێهەمی پەراوێزەکە، نیوەدێڕی یەکەمی نووسراوە:

وەسڵی ئەکسیرە وەلێ زەحمەتە

لەلایەکەوە کێشی لەنگە، برگەیەکی کەمە بۆتە دە برگەیی واتاشی نیوەچڵە بۆ شعر. لە خۆمەوە ڕێم نییە وشەیەکی لەبار پەیدا بکەم نەکا ئەوە نەبێ سالم گوتووەتی، دەبوو لێژنە ئەم لایەنەی ساغ بکردایەتەوە یان پەنجەی بۆ ناتەواویی نیو دێڕەکە ڕاکێشابایە، وشەی «ئەکسیر»یش وەک بزانم دەبێ «ئیکسیر» بنووسرێت.

لە لاپەڕە 64، لیژنە نەختێک پەراوێزی مافی مامۆستایی خۆی فرەوانتر کردووە لەوەی ڕەوایە کە لە خوێندەر دەگەیەنێ دەبێ دیوانی نالی، لە ڕاڤەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و فاتیح سەیر بکرێت بۆ چەندوچۆنی واتای بەیتەکانی نالی. بێگومان ئەو شەرحە کارێکی گرانبەهایە و یەکەم هەوڵی سەرلەبەرە بۆ تێگەیشتنی نالی، بەڵام بێگومان ئەو بێ کەلەبەرە نییە کە ڕێی «نالیناسی» حەرام بکات لە بابایەکی بیەوێت بواریکی دیکە پەسند بکات، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ شەرحدەرانی ئەو دیوانە پڕ بەدەم دەریان بڕیوە کە کارێکی کردووەیانە ناتەواوە بگرە سەرەتایە، لە زۆر شوێنیشدا دیارە

ئەو واتایەی بە بەیتەکان دراوە چاوپۆشی لە کەموکەسری و نەگونجانی کراوە. بەنیسبەت خۆمەوە، ئاگام لە هەموو سەروبەرێکی بەوەلەدبوونی ئەو شەرحە هەیە و بارەها و جارەهاش پرسم پێ کراوە لە واتا لێدانەوەی شیعرەکان.

هەوەڵ جار شەرحێکی کەم قەوارە و سادە هات بۆ ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کورد کە من ئەندامی کارا و تەرخان و نائیبی سەرۆکیش بووم. مەرحووم فاتیح، داخی بە جەرگم، چەند جاران بۆ لێپرسینەوە دەهاتە کۆڕ و بەزۆریش لای من دەمایەوە... من بێ دوودڵی تێم گەیاند کە شەرحەکە سادە و بێ کیفایەتە و بەو شەرحە ناناسرێت. لە نموونەدا شەرحی چەند بەیتێکم بۆ کرد کە خۆم بە واتایان گەیشتبووم، یەک لەوان ئەمە بوو:

خاو و بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز
چاوەچاوییەک غەزالە چاوم ئەز

گوتم: سەیرکە لە نیوەی دێڕی یەکەمدا «خاو» و «بێ خاو» دێنێت حاڵی خۆی پێ شەرح دەدات بەرانبەر «دوو» زوڵفی خاو. بە لێک نۆڕین «تناظر» هەریەک لە وشەکان ڕوو لە زوڵفێک دەکەن وەیا هەر زوڵفە وەسفێکی پێ دەبڕێت. لە نیوەی دێڕی دووهەمدا «چاوەچاو»ی هێناوە بە واتای «ترقب» لە لەفزدا دووە لە واتادا یەکە. کەچی «یەک غەزالە چاو» بە ژمارە یەکە لە واتادا «دوو» چاو ڕادەگەیەنێ چونکە مامز دوو چاوی هەیە. بەو پێیە «دوو بە یەک» و «یەک بە دوو» سەرلەنوێ «تناظر» پەیدا دەکەنەوە و لەنگەری ناوەڕۆکی شیعرەکە ڕادەگرن.

مەرحووم فاتیح بە تەواوی متمانەی هات کە دەبێ هەوڵێکی زلتر بدرێت بۆ تەواوکردن و قوواڵتربوونەوە لە شەرحی دیوانەکە. وا بوو ئەو شەرحە کورتیلەیەی وەرگرتەوە، کەوتە سەر ئەم شەرحەی وا لەبەردەستدایە، لەوێشدا کاکە محەمەد کە ئەوسا خۆی کارگۆزارێکی کۆڕ بوو بەگەڵ باوک و برا کەوت و فەرهادانە تێدا سەرگەرم بوو. وەک لەبیرمە شەرحە کورتیلەکە لە 1973 یان 1974 خرایە بەر نیگای ئەنجوومەنی کۆڕەوە، ئەم شەرحەیان هەتا ساڵی 1976 ی خایاند... مەرحووم فاتیحیش لە لاپەڕە 6 ی کتێبەکەدا ئەم لایەنەی بە کورتی باس کردووە کە دەڵێ: «... پاش ئەوەی چەند جارێک چوومە - لای فلان و بەرکوڵێکی بەردڵگرم سەبارەت بە نالی» و هەست و چەشنی «نالی» لا کرد... لە نموونەی بەسەرگرتنەوەی کەلەبەر لەو شەرحە بەهادارەی مامۆستا و کوڕانی بەیتێکی موناجاتەکەی ڕێی حەج لە نالی و شەرحەکەی دەخوازمەوە کە دەڵێ:

لە سەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرزی مەهلەکە، هێشتا
یەمی فەجی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە

لە شەرحیدا وشەی «ئاڵ» نووسراوە و هەر بە واتای ڕەنگی ئاڵ لێک دراوەتەوە هەرچەندە خۆی لە واتای پاتەوپاتی وشەکە دزیوەتەوە و بە ڕستەی «هێشتا دەریای شینی ڕێگای دووری...» ڕەنگی ئاڵی بە «شین» گۆڕیوە کە دەزانین لە بەیتەکەدا ئەم ڕەنگە هیچ ناوی لە ناودا نییە. ڕاستی «ئاڵ، آل» بە واتای «سەراب» دێت، سەرابیش دەشوبهێتە «یەم، بەحر» چونکە وەک ئاو دەردەکەوێت. لە کوردەواریدا کە دەشڵێن کلکی وشتر گەیشتە ئەرز مەبەستیان مردنیەتی لەو ڕووەو گۆیا هەتا نەمرێت کلکی بە زەوەی ناکەوێت چونکە کە یخ دەبێت بەسەر ئەژنۆکانیەوە هەڵدەتروشکێ و پاڵ ناداتەوە وەکو وڵاغی دیکە...

لە لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەت بۆ لاپەڕە 117 کراوە کە سەهوێکی تێدایە و ڕاستی کردۆتەوە. بەڵام لە هەمان لاپەڕەدا و لە نیوەدێڕی پێش ئەو سەهوەدا سەهوێکی وەک ئەو هەیە بە زەقی ماوەتەوە. لەو لاپەڕەیەدا بەیتی چوارەمی قەسیدەکەی شێخ ڕەزا بە هەردوو هەڵەیەوە وەها نووسراوە:

طەبعی جەواد و کەریمی هەر وەکوو قائانی دەڵێ
زەڕهەمی بە قنطار هەمی بەخشەد و ئوشتر بە قیطار

هەڵەی نیوەدێڕی دووهەمی بەیتەکە کە لە لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەتی بۆ کراوە ئەو وشەیەی «هەمی» یەکەمە و دەبێ بسڕیتەوە. بەڵام لە نیوەدێڕی یەکەمدا وشەی «هەر» زیادە و شیعرەکەی لەنگ کردووە. ئەگەر «هەر» بمێنێتەوە دەبێ لە جیاتی «کەریمی» بنووسرێت «کەریم» ئنجا «جەواد»یش دەکرێتە «جەوواد» لەبەر خاتری کێش:

طەبعی جەوواد و کەریم: هەروەکوو قائانی دەڵێ
طەبعی جەواد و کەریمی وەکو قائانی دەڵێ

لە نیوەدێڕی دووهەمی پاش ئەم بەیتە لەنگییەکی زەق هەیە، نووسراوە:

میثلی بەحرێکە نە ساحلی بێت و نە کنار

ئەم دەقە یەک برگەی کەمە، ڕەنگە بەم جۆرە چارەسەر بکرێت:

میثلی بەحرێکە نە هیچ ساحیلی بێت و نە کنار

لە بەرانبەر ئەم دێڕە شیعرانەدا، لە لاپەڕە 116، ئەم نیودێڕە شیعرەی ئاهی:

دەبێ ئاهی لە جەژنی وەسڵی دلبەردا بە قوربان

یەک برگەی کەمە، پێویستە «قوربانی» بێت لە جیاتی «قوربان» هەم لەبەر کێشی شیعر و هەم لەبەر خاتری واتاکەی کە پەکی لەسەر «ی» ئیزافە کەوتووە.

دەچمەوە بۆ لاپەڕە 79 کە لە لیستەی هەڵەکاندا ئیشارەت بۆ هەڵە لە نووسینی بەیتێکی «حافظ» کراوە کەوا لە جیاتی «ألایا أیها» نووسراوە «ألا أیها». دەبوو لێژنە هەڵەیەکی گەورەتر چارەسەر بکات کە بە کۆتایی غەزەلەکەوە نووساوە و لە جیاتی «اهملها» هاتووە «أمهلها»ی پەسەند کردووە کەچی لە پەراوێزدا «أمهلها»ی بە «بیخەرە لاوە» ڕاڤە کردووە کە «اهملها» دەبەخشێت. لە جلدی 24-23 ی «گۆڤاری دەستەی کورد» سالّی 1992، لە ناوتوێژی گۆتارەکەی د. ئەمین موتابچیدا ئەم بەیتە بە «اهملها» کۆتایی هاتووە. لە دیوانە چاپکراوەکانی حافزیشدا هەروەها نووسراوە. لیستەکە دەماننێرێتەوە بۆ لاپەڕە 81 ی ئەنجوومەنی ئەدیبان کە وشەی «کڕ» بگۆڕین بە «کز». سەرخواردنەوەیەک لەو لاپەڕەیە چەند هەڵەمان دێنێتە بەرچاو:

وشەی «طورەی» لە یەکەم بەیتی غەزەلەکە دەبێ «طورەیی» بێت دەنا کێشی تێک دەچێت، وشەکە خۆیشی «طرە-طورە»یە.

لە پەراوێزدا، دێڕی حەفتەم وشەی «بیداء» دەکرێتە «بیدار» بە واتای «بەخەبەر، ئاگادار» ئەدیبەکانمان لەم وشەیە و چەند وشەی دیکەشدا کە فارسین هەڵە دەکەن. بەیتێکی حاجی قادر لە مەدحی کردگاردا دەڵێ:

ئەی بێ نەزیز و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری
بێ دار و بێ دیاری بیدار و پایەداری

هەمیشە ئەم «بیدار»ەی دەکەنە «بێدار»، وشەی «هەزار» بە واتای بولبول «هوزار» دەنووسن. بەیتی نالی کە دەڵێ:

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوسوڵی نااڵە نالی

جوانییەکەی لەوەدایە کە وشەی «هەزار» هەم بە واتای بولبول و هەم ژمارەی هەزار هاتووە ئیتر لە قەتاربوونی «یەک گوڵ – گوڵێک» و «سەد بەرگ» (بە واتای شەستپەڕ) و «هەزار عاشق» سێ پلەی تاک و سەد هەزاری ژمارە ڕیز کردووە سەرەڕای واتا گشتییە نازدارەکەی بەیتەکە. لە شەرحەکەی مامۆستا مودەڕیس ئەم بەیتە بەم شکڵە نووسراوە:

ڕوخی تۆ گوڵێکە سەد وەک هوزاری عاشق، ئەما
لە هەموو چەمەن دیارە... هتد

ئاشکرایە کە «سەد وەک» لە جیاتی «سەد بەرگ» نادروستە لە زۆر ڕووەوە، کە یەک لەوان ئەوەیە ئەم نیوەدێڕە تەنها خۆی لە هەموو قەسیدەکەدا دەبێتەوە 15 بڕگە ئەوانی دیکە سەرلەبەریان بڕگەیین و یەک نەفەس و گردن.

وشەیێکی دیکەش لەوانەی بە هەڵەیی لەکار دێن وشەی «نما – نەما»یە کە کوردەکە دەیکاتە «نوما» و دەڵێن «قبیلە نوما – جیهان نوما» لە جیاتی قیبلە نەما و جیهان نەما.

لە موناسەدا دەڵێم لە ڕۆشنبیران نەدەوەشایەوە سێ وشەی «ڕاناو، فرمان، زانکۆ» بە واتای «ضمیر، فعل، جامعة» بەکار بهێنن. لەلایەن «ڕاناو»ەوە ئەم پێشگرەی «ڕا» سەر بە فیعلە نەک ناو ئیتر کە ئەمە دروست بێت دەبێ «ڕاماست، ڕاخوری...» و گەلێکی دیکەش پەیدا بن و دەڵێین «ڕاماست» بە واتای «پەنیر»ەو «ڕاخوری»ش لبادە.

فرمان هەمان وشەی «ففرمان»ە بە واتای «أمر». لە گوتەی خەڵقی نەخوێندوو دەبیەیت دەڵێن: فرمانی خۆم جێبەجێ کرد، بە واتای ئەوەی کە بڵێ: ئەوەت فەرمان بوو بەسەرمەوە جێبەجێم کرد. هەڵبەت ئەمە بەکارهێنانێکی ڕەمەکی وەک ئەوەی کە بەر لە جەنگی دووهەم خەڵقی دەزیایاتی و دەورەبەری کەرکووک دەیان گوت: زەویەکانم «لاین» کرد، مەبەستیشی تەسویە بو کە بەینێک کۆلۆنیل «لاین» سەرۆکایەتیی تەسویەی بەدەستەوە بوو. ئەم فەرمانە ڕەمەکییەش لەلاین خوێندەواری شارستانەوە فەلسەفەیەکی کاڵوکرچی تێدا بەکار هات لەوەدا کە «فرمان»ی بە «عمل» لێک دایەوە ئیتر توند دەستی لێ گیر کرد و لە جیاتی «فعل»ی ڕێزمانی عەرەبی بەکاری هێنا، گوێا «عمل و فعل» یەک شتن.

«زانکۆ» دارشتنێکی تێدا بەکار هاتووە پشت لە هەموو دەستوورانی کوردییە. من ئەوەی لێ بە عەیب ناگرم کە بە ڕێکەوت «زان» لەگەڵ «ولادة»یەک دەگرنەوە و دەشیا لەم بوارەوە زانکۆ بە جێگەی «منداڵ لێبوون» بڕوات، بەڵام لە دەست مندا نییە کە «زان» کورتکراوەی «زانین» بێ بە ناچاری دەبێتە کەرتی ناوی کارای وەکوو «زۆرزان، کەمزان، لێزان» لەمەوە هەرگیز ناشێ بچێتە بەرایی وشەوە دەنا دەبێتە «زان» بە واتای منداڵبوون مەگەر بڵێی «زانینگە» وەک کە دەڵێی ئیستگە، جۆگە، ئەوساش نابێتە «جامعة». ئێمە ئەگەر لە «گەلەخەرمان، گەلەکۆیی»یەوە بۆ زاراوەکە بچین وەک کە لە «کۆمەڵ...»دا بە ڕواڵەتیش بێ ئەو «کۆ»یە لە وشەکەدا هەیە، دیسانەوە بە چاوپۆشی نەبێ زاراوەکە لە چەژدا شیرن نەیەت: کۆزانست، کۆزانین، کۆ؟ بەهەمەحاڵ ئەم بیرگێڕییە زیانێکی تێدا شک نابەم هەرچەند پێوەندی یەکسەری بە «بێدار»ەوە نییە. دوای «بێدار» لە نیوەدێڕی یەکەمی بەیتی دووهەمدا وشەی «طورە» وەک پێشتر باسی لێ دەکرا دەبێ «طورڕە» بێت ئیتر لە هەر شوێنێکی دیکەش هەبێت دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

لە بەیتی سێهەمی پەراوێزدا «مەشاطە» دەکرێتە «مەششاطە» کە ئەمە ڕاستیی وشەکەیە و کێشی شیعریش وەها داوا دەکات. بەیتی چوارەم لە نیوەدێڕی یەکەمیدا وشەی «بەرزو» نە واتای هەیە و نە کێشی شیعریشی پێی هەڵدەگیرێت. ئنجا دەبێ بڵێین بەیتی دووهەم و سێهەم و چوارەمی پەراوێزەکە واتایان دیار نییە دەبێ لە نووسینەوەدا هەڵەیان تێ کەوتبێت. ئەمەش دەقەکەیانە بە ڕێنووسی ناو کتێبەکە:

سازشی طورِه وه ڕوویدا به فنون
باری ڕاخستووه بۆ دۆشەکی یار

بەریدا شانه به دڵ دامەنی زوڵف
شانی مەشاطه جودا بێ به چنار

گەر قیاسکەم به قەدەت قەدی بەرزو
هەر وەکو سەروو موقابل به چنار

ئەم «قیاسکەم»ەش دەبێ «قیاس کەم» بێت.

لە لیستەی هەڵەکانەوە دەچم بۆ کتێبەکە خۆی و چەند تێبینییەکی پێوسیت هەن دەیخەمە بەر لیژنە و خوێنەرانەوە:

لە بەڵگەی ڕاستنەبوونی «قیاسکەم» شایەدێک دەهێنمەوە لە نووسینی لیژنە خۆیەوە، دێرِە شیعرێک لە ناوەڕاستی لاپەرِە 6 دا بەم جۆرە کۆتایی دێت «مەگەر خۆم کەم بە قوربانی».

لە سەرەتای دێرِی سێهەمی لاپەرِە 7 نووسراوە «سێیەم»، لە وێشدا کێشەیەک هەیە بە کەس چارەسەر نەکراوە. بۆچی ئەم دوو «ی»ە لە نووسیندا لێک دەترازێن، خۆی «ی» بە پیتی دوای خۆیەوە دەلکێت؟ ئاخۆ ئەگەر وشەکە «سیسەم» بووایە دەکرایە «سی سەم»؟ زۆر بە سەیری دەنووسرێ: ئەو پارەی پێمە، پێمانە، پێتە، پێتانە، پێیەتی، پێیانە! کە دەگەنە دراوسێیەتی دوو «ی» لێکیان جودا دەکەنەوە، من خۆیشم بە پێرِەوی ڕێنووسی باو گەلێک جار گوێ نادەمە مەنتیقی نووسین کە نابێ ماملّەتجودایی تێدا بێت، بە زۆریی ئەگەر «ی» ئیزافە بە دووا وشەیەکی وەک «شووتی» دا هات دەنووسن «شووتیی قلیاسان» ئەگەر بە دووا کاڵەکیشدا هات دەنووسین «کاڵەکی قلیاسان». سەیرە لە کۆێ! بگەڕێوە بۆ لاپەرِەی سەرەتای کتێبەکە دەبینی لە دێرِی سێهەمی «گەشەپێدان» کەچی لە دێرِی نۆهەمی نووسراوە «دەستپێکردن». هیچ بەهانەیەک بەدەستەوە نییە «پێکردن، پێدان» بەم شێوەیە وەها ناجۆر بنووسرێن. بێگومان هەڵە و ناجۆری لە هەر کەسێک و لایەنێکەوە بێت نا دروستە بەڵام دەستەی کوردی خۆی خاوەن بڕیارە لەسەر ڕێنووسی کوردی دەبوو ئەو پتر لە پەرۆشی چاوەدێریی دەستوورەکانیدا بێت.

لەبەرەو کۆتایی لاپەرِە 7 وشەی «بەرامبەر» نووسراوە، ئەم وشەیە دوو هاوڕێی دیکەی هەیە «سەرانسەر، دەوراندەور» خۆیشی «بەرانبەر»ە بەڵام لە دەربڕیندا بە پێی داخوازیی فۆنەتیک ئەو نوونە وەستاوە لە بەرایی دەنگی «ب»دا دەبێتە «م» وەک لە وشەکانی «هەنبان، عەنبار، چەنبوڵە، زەنبەرەک...» دا نوونەکان دەکرێنە «م». نەک هەر لە بەرایی «ب» بەڵکوو لە بەرایی «پ» ش هەمان ماملّەت لەگەڵ «ن» دا دەکرێت بەڵام وشەی ئەوتۆیی دەگمەنن لە کوردیدا، یەکیان وشەی «قەنپار»ە بە واتای گاز لێگرتن کە دەکرێتە «قەمپار» و کورت دەبێتەوە بۆ «قەپار». مەرحووم مامۆستا زەبیحی «سەراسۆ»یشی بە خزمی ئەمانە دانا بەڵام بە وردبوونەوە قەناعەتی هێنا کە «سەراسۆ» ڕاستە نەک سەرانسۆ، بەرانبەر و هاوڕێکانیشی یەک کەرتی دووبارە دەبێتەوە.

«سەراسۆ» ئەوە دەگەیەنێ کە لە «سەر ئاسۆ» وە تەماشای شتێک دەکرێت و بەسەح دەکرێتەوە. ئەم «بەسەح»ە ئەسڵەکەی «بەسەھ»ە لە «سەهینەن»ی پەهلەوییەوە هاتووە بە واتای «تفقد» بەڵام «ھ» کەی گۆڕاوە بە «ح» هۆیەکەشی ئەوەیە کوردی هەموو «ھ»ی کۆتایی وشە تێ دەبات، لێرەدا گۆڕیوەتی «ح» وەک کە «پەھ» دەکرێتە «پەح». لە نموونەی قرتانی «ھ»ی کۆتایی وشە: پەنا، شا، ئەڵڵا، کۆتا...

لاپەرِە 9، 10 ی کتێبەکە هەڵوەستێکی گەرەکە. لە لاپەرِە 9 وە هەتا لاپەرِە 17 نووسینێکی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە کتێبی «شعر و ئەدەبیاتی کوردی»یەوە بە دەقی خۆی بۆ ئەم کتێبە ڕاگوێزراوە. بریتییە لە ناساندنی فەیزی بەگ بە خوێنەری کوردیی سەردەم. لیژنەی وێژە و کەلەپوور زۆر بە زانایی و ناسکییەوە لە ئاست گۆتەیەکی مامۆستا حیلمی کە

دەڵێ فەیزی بەگ «عەسکەرێکی عالم و ئەدیبێکی عەسکەر بوو»، لە پەراوێزدا ئەم دوو دێرە شیعرەی «فەیضی بەگ»ی بە شایەد هێناوەتەوە:

که جەیشی غەم هجومی کرد نیظامی عومری من تێکچو
ئیتر مومکین نییە ئاسایش حاڵی پەریشانم

بینای بورجی بەدەن ڕوخا بە گوللەی حادتان ئیمڕۆ
نەما قووەت لە ئەژنۆما برا پشتم شکا شانم

سەیر دەکەیت دوو بەیتەکە چەند پڕە بە کەرستەی لەشکر.

چوارینەکەی شێخ ڕەزا لە هەمان پەراوێزدا دەنگی قسەیەکی دیکەی مامۆستا حیلمی دەداتەوە لە بارەی فەیزی بەگەوە کە دەڵێ: لە زەمانی حکوومەتی عوسمانی، کە هێشتا قۆڵ ئاغاسی بوو، مودیری مەکتەبی عەسکەری بەغدا بوو. ئەمە دەقە چوارینەکەیە:

چ عجب گر به وجود تو بنازد بغداد
ای وجود تو محیط دوجهان استعداد

گرواز مهربرد ذرەبدان ناچیزی
اگرازرأی منیر توکند استمداد

دەنگدانەوەکە لەوەوە دێت کە « بنازد بغداد – بەغدا ناز بکات» وا ڕادەگەیەنێ لەو دەمەدا فەیزی بەگ نیشتەجێی بەغدا بووە. بەداخەوە لە ڕاڤەکردنی چوارینە فارسییەکەدا لێژنە دووچاری یەک دوو خلیسک بووە. دەبوو لە جیاتی «لێ وەشاوی» بە واتای «استعداد» بڵێ «لێوەشاوەیی» وەک کە دەڵێین «سادەیی، ئامادەیی» نەک «سادی، ئامادی». ئەگەر وشەکە «لێوەشاو» بووایە نەدەبوو بەڵام «لێوەشانەوە» وەک بەشێک لە فیعلی دیکەی کوردی ئە پاشگرە «ەوە» لێ بۆتەوە کەرتی بنەڕەتی. دەبینین نالی گوتوویەتی:

گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە

نەیگوت «کوژاوە» چونکە «کوژانەوە» بنەڕەتە. لە شەرحی دوو میسرەعی دواینی چوارینەکە لێژنە دەڵێ: گرەو لە خۆر دەباتەوە «ذرە» بەو هیچ و پیچی وردیلەییە ئەگەر داوای یارمەتی لە بیروڕای تۆ بکات ((یاخود ئەگەر لە مەزنترین بەشەوق - واتا خۆر - سود وەربگرێ))، جارێ لە پێشەوە، دەبوو «ذەرە» بە تەواوی خرابایە سەر ڕێنووسی کوردی و بکرێتە «ذەڕڕە» دەنا ئەگەر «ذەڕە» بخوێندرێتەوە بە بێ گوشینی دەنگی «ڕ» ئەوسا وشەکە واتای نامینێت و کێشی میسرەعەکەش لەنگ دەبێت. ئنجا نەدەبوو بڵێ ((یاخود لە مەزنترین بە شەوق «واتا خۆر» سوود وەربگرێ)) چونکە ناشێ ذەڕڕە لە خۆر شەوق وەربگرێت و گرەویشی لێ بباتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر ذەڕڕە بە شەوقی خۆر گرەو لە خۆر و ئەرز و ئاسمانیش بباتەوە چ مەدحێکی فەیزی بەگ لەوەدا پەیدا نابێت...

لە لاپەڕە 10 لێژنە دوو سەرنجی هێناوەتەوە:

سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە لە هەندێ سەرچاوەدا لە جیاتی میسرەعی چوارەمی چوارینەکە نووسراوە «اگر زنێر اعظم بکندا استمداد» هەر سەرچاوەیەکی ئەمەی پەسند کردبێت لە ڕاستەڕێی دەستووراتی مەدحی لاداوە چونکە لە دەقەکەدا هیچ بنگەیەکی وشەیی وەیا مەعنەوەی پەیدا نییە کە مەبەست لە «نەییری ئەعظم» فەیزی بەگ بێت. لە فەرزی بیگوتبایە لە «از نەییری عوظمات...» تەئویلێکی هەڵدەگرت کە مەبەس لە «نەییری عوظمای تۆ» هۆش و گۆش و بیروڕای مەدحکراو بێت.

وابزانم لیژنە ئەم دەقەی پەراوێزی لاپەڕە 10 ی لە نەزەردا بووە کە لە پەراوێزی لاپەڕە 9 دا واتاکەی بە کوردی لێ داوەتەوە بەڵام ئیشارەتی بۆ ئەم لایەنە نەکردووە.

سەرنجی دووهەم ئەوەیە کە دەڵێ: وا بەناوبانگە کە ئەم دوو هەڵبەستە دەربارەی «موفتی زەهاوی»یە.

وشەی «هەڵبەست» کە بە واتای «شعر، نظم» دێت لەو سەرنجەدا دەچێتەوە بۆ دوو بەیتە کوردییەکە و چوارینە فارسییەکەی لاپەڕە 9. دیارە مەبەسیش چوارینە فارسییەکەیە چونکە کوردییەکە خاوەنی دیاری هەیە و مەعلوومە بۆچی داندراوە، کە شەکوای حاڵە و مەدحی کەسی پێ نەکراوە. هەرچی چوارینەکەیە مەدحە، ڕێی تێ دەچێ بۆ مەدحی موفتی زەهاوی داندرابێت، هەم لە بەرئەوەی کە لە بەغدا ژیاوە و هەم لەبەر دەلالەتی «محیط دوجهان استعداد» کە لە شان و عیلمی زەهاوی دەوەشێتەوە. بەڵێ دەزانین شێخ ڕەزا هەجووی تووندوتیژی موفتیی کردووە بەڵام دەشێ ئەم مەدحەی بەر لە هەجووەکان گوتبێت وەک کە لە مەدحدا گوتوویەتی:

مومکین نییە ئیدراکی حەقیقەت بە تەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

لەگەڵ ئەمەشدا، چەژی شیعرکە لەگەڵ ئەو مەدحانە بێگومان بۆ فەیزی بەگی داناون هێوێنی یەک سەرچاوەی مەدحکراون. بەهەمەحاڵ دەبوو لیژنە لە جیاتی «ئەم دوو هەڵبەستە» بڵێ «ئەم چوارینەیە، ئەم ڕوباعییە...» یان «ئەم دوو بەیتە فارسییە» هەتا خوێنەر حیسابی لێ تێک نەچێت وەک کە من بۆ ماوەیەک لێم تێک چوو. واتای چوارینەکەش وەک من تێی بگەم ئەمەیە: چ سەیر لەوەدا هەیە بەغدا بە بوونی تۆ تێبدا ناز بکات، ئەی ئەو کەسەی و جوودت «محیط»ی دوو جیهانی ئامادەییە، ذەرڕە بەو هیچییەی خۆیەوە گرەو لە خۆر دەباتەوە لە بیروڕای ڕووناکی تۆ داوای یارمەتی بکات.

ئەم «محیط»ە وەک بزانم بە واتای دەریای «محیط»، واتە ئۆقیانووس ocean هاتووە نەک ئابڵووقەدەر وەک کە لیژنە بۆی چووە، دوو جیهانەکەش بۆ دنیا و قیامەت دەچێتەوە نەک دوو جیهان وەیا دە جیهان کە ژمارەی خۆڕایی پێوە لکابێت و هیچی تێ ناچێت. لەلایەن کێشی چوارینەکەوە جگە لە ژمارە دوو ژمارە «دە، سی»ش دەست دەدەن. ژمارە «سە، نە، سێ نۆ نۆ»ی فارسیش دەست دەدن بەڵام هێندەی «دوو، دە و سی» گورج نین. لەلایەن واتای بە کێش و تەرازووەوە تەنها «دوو» دەست دەدات کە دنیا و قیامەتە.

لە لاپەڕە 11 وشەی «مشیمە» بە منداڵدان داندراوە. وەک بزانم منداڵدان ڕەحمە، هەرچی مەشیمەیە «پزدان»ی پێ دەڵێن. ئەم «پز»ە وەک لە «پسمام، پزمام و کوڕمام»دا دەردەکەوێ هەمان «پسر – پسەر»ی فارسییە لە کوردیشدا هەیە بەڵام بە زاراوە بۆ مشیمە ڕۆیشتووە.

ڕاڤەی بەیتی یەکەم و دووهەمی قەسیدەکەی لاپەڕە 11 بەیەکەوە شیرن دێن. من واتای هەردوو بەیت بەم جۆرە تێ دەگەم، ئەمەش دەقیانە بە ڕێنووسی کوردی:

ز نوطفەیی قەلەمەت دەر مەشیمەیی قیرطاس
نەتیجە هاست بە قیمەت گرانتەر ئەز ئەڵماس

صەحیفە موعجیزە پیراست بەسکی چون مەریەم
بە بەر گروفتە مەوالیدی عیسەوی ئەنفاس

شیخ ڕەزا دڵۆپی قەڵەمی مەدحکراوەکەی کە دەبێتە وشە لە «قرطاس»دا بە «نظفە» دادەنێ و قیرطاسەکەش بە پزدان. «نظفە» سەرەتای ڕسکانی منداڵە لە پزداندا. ئیتر ئەم نوطفەیەی قەڵەمی مەمدووح لە پزدانی کاغەزدا ئاکامی وەهای هەیە گرانتر بێ بە نرخ لە ئەڵماس.

صەحیفە «واتە: ڕووپەڕە کە دەکاتەوە قرطاس» موعجیزە نەخشێنە چونکە وەکوو مەریەم لە هەناوی خۆیدا گەلێک منداڵی عیسەوی نەفسی هەڵگرتووە. وەک دەزانین هەناسەی عیسا ئیحیاکەرەوە بووە. ئنجا هەناوی مریەم یەک عیسای تێدا بووە (عیساش منداڵی نەبووە ئەمما دڵۆپی مەرەکەبەکە نەزۆک نییە) هەرچی پزدانی کاغەزی دۆستەکەیەتی چەندان مەوالیدی وەک عیسای تێدایە کە وشەکانی نامەکەن.

لە «معجزە پیرا»دا وشەی «پیرا» کەرتی ناوی کارا – اسم فاعل – ی داڕێژاوە لە چاوگی «پیراستن»ی فارسی هاتووە کە بریتییە لە جوانکردنێکی عەیبڕ بێت و دەبێتە تەواوکاری «آراستن - ئاراستن» کە زیادکردنە لە جوانی. کورد کە «ئارایشت» بەکار دەهێنێت لە «ئاراستەن»ـەوە هاتووە بەڵام کە ئاراستە بە واتای «تێگرتن – توجیە» لەکاردەهێنێت تێدا بەسەهوو چووە. ئاراستن و پیراستن هەردوویان پێکەوە بە واتای جوانکردن دێن. بە مەجاز دەشێ ئاراستەکردن بە «تەیارکردن» بڕوات کە لەشکر بە چەک ئاراستە دەبێت.

لە دێڕە شیعری سێهەمی قەصیدەکەدا کە شێخ ڕەزا لە ڕووی قیاسەوە، ئەی ئەمین فەیزیی بە جوبرەئیلی ئەمینت دادەنێم، پاڵپشتەتەکەی لەو قیاسەدا ئەوەیە کەوا هەروەک جوبرەئیل هەڵگری وەحیی خودایە و ئەمینی وەحییە، ئەمین فەیزیش هەم ناوی ئەمینە هەم کاغەزیشی پڕە لە موعجیزە. من تەمام نییە بەسەر هەموو کتێبەکەدا بچمەوە و ڕەخنەکاری لەگەڵ ئەمین بەگ و لیژنەدا ساز بدەم چونکە پتر لە کتێبەکە دەخایێنێ. ناوناوەیێک نەبێ دەست بۆ چقڵێک وەیا قەسەڵێک دەبەم ئەویش بە نیازی خزمەتی کتێبەکە خۆی.

لە لاپەڕە 13 دا ڕاڤەی دەقاودەقی «در یتیمی» بە «دوڕییانابی» کراوە کە نەختێک لە ڕاستەواتای وشە «یتیم» دووڕە، بەڵام لە ڕاڤەی سەرلەبەردا بە «دوڕییەکانە» لێک دراوەتەوە و جێی خۆیەتی و ڕاستە، تەنها زێدە شەرحێک پێویستە بگوترێ: «دری یتیم» ئەم دووڕەیە کە لە قەپێلکێکدا تەنهایە و دانەی دیکەی لەگەڵدا نییە ئیتر گەورەتر دەبێ لەوانەی بە تەنهایی فراژی نابن. وشەی «نایاب»یش هەرچەندە لە واتای زێدە پەسەند بەکار دێت لە حەقیقەتدا بە شتێک دەگوترێ هیچ هاوتای نەبێت بگرە هەر دەست ناکەوێت چونکە «یابیدن» واتە دۆزینەوە و دەستکەوتن. کە گوتت «نایاب» دەست نەکەوتن دەگەیەنێ. لەتەک نایابدا وشەی «کمیاب، کەمیاب» هەیە کە دەکاتەوە کەممانەند.

لە لاپەڕە 22، 23دا لیژنە بۆ سااڵی لە دایکبوون و مردنی نالی هات ئەو ساڵانەی داناوە کە لە کۆنەوە بێ بەڵگە و لێکۆڵینەوە باوی ستاندووە بێ ئەوەی هێمایەک بکات بۆ ڕایەکی دیکە کە لەو ساڵەی بۆ مردنەکە دانراوە کۆڵیوەتەوە و کۆمەڵێک بەڵگەی لە دیوانەکەی نالی خۆیەوە هەڵێنجاوە کە ناشێ نالی لە تەمەنی 56 ساڵی مردبێت. ئەم ڕایەی من لە کتێبی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» کە لە حەفتاکاندا بڵاو کرایەوە هاتووە. سەیرێکی لاپەڕە 31 ی شەرحی دیوانەکەش بکەیت دەبینی مەرحووم فاتیح لە پەراوێزدا نووسیویەتی بەڵگەکانی سەر بە ساغکردنەوەی ساڵی مردنی نالی لە دەسنووسێکی «مسعود محمد» وەرگرتووە. ڕایەکەی من جگە لە لێکدانەوە و شایەدی باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەشی لەگەڵدایە کە گوتبووی کاتێک ساڵی 1289ک مەکەی بەجێ هێشت نالی بەرحەیات و زۆر بەساڵدا چوو بوو. تەمەنی 56 ساڵی لەچاو ئەو پیرییەی کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا دیتبووی و دەاڵەتی چەندان شیعری نالیش ڕای دەگەیەنێ ئا ئەو تەمەنە زۆر کورت دێنێت. بەهەمەحاڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی ساڵەکەی مەرگی نالی بەسەر دەکەنەوە و ئەو پێداگرتنانەی لەسەر ساڵانی 1800 و 1856ز بۆ ژیان و مەرگی نالی بە دڵگەرمییەوە بەردەوامن هەمووی بێلزووم دەبن پاش ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەداد، دوای گەڕانەوەی لە خوێندنی ئەوروپای لە تەلەفزیۆنی – وابزانم هی موسڵ – باسی کتێبێکی نووسەرێکی فرەنسەیی گێڕاوە کە دەڵێ لە ساڵی 1290ک نالی لە ئەستەمبۆڵ مرد و بە خاک سپێردرا، نووسەرەکە خۆیشی لەوێ بووە. ئەم ساڵەی 1290 کە دەوەستێتەوە ئاست

ساڵانی 1874-1873 ی ز تەمەنی دەگەیەنێتە 74-73 ساڵ کە لە 1800 هاتبێتە دونیا.

ڕاستییکەی، ئەو پیرییەی کە باپیرم لە نالیی دەگێرایەوە و لە باوکم و ماممەوە بە ئێمە گەیشتووە پتر لە 73 ساڵ ڕادەگەیەنێت کەوا سەرەتای بوونی چەند ساڵێک دەخاتە پێش 1800ز -ەوە بەڵام بەڵگەی مادی بۆ ئەم لایەنە تا ئێستا لە دەست کەسدا نییە هەروەک بۆ 1800 یش هیچ بەڵگە پەیدا نییە. تۆ بڵێی نووسەران دەست لە ساڵە درۆزنەکەی 1845 شل بکەنەوە؟ باوەڕ ناکەم!

لە پەراوێزی لاپەڕە 23 بە دەم باسی ژیانی نالییەوە، لێژنە بۆ ئەوە چووە کە نالی لە پاش ساڵی 1840ز. کە دەوەستێتەوە بەرانبەر ساڵانی 12561255- ک بە ناچاری سلێمانیی بەجێ هێشت. هەرچەندە لیژنە هۆی ناچارییەکە بەدەستەوە نادات و بەڵگەش ناهێنێتەوە بۆ سەپاندنی ئەو ساڵە بەڵام وا پێ دەچێت ئاوارەبوونی نالی بە تێکچوونی حوکمڕانیی بابانەوە دەبەستێتەوە کە بە پێی بۆچوونی خۆی ساڵی 1850 ز (بەرانبەر 1266-1267- ک) دەگرێتەوە. دەبینین 10 ساڵێک ماوە هەیە لە نێوان 1840 و 1850دا ئیتر مرۆڤ نازانێ چۆناوچۆنی لە ئاست ئەو بیروڕایەدا کەوا لە «پەنهانی» ماوەتەوە دڵی خۆ تەسکین بکات.

لە دیوانی عەبدولباقی عومەری تێکچوونی بابان بەپێی حیسابی «جمل» بەم میسرەعە دیار خراوە:

بسديد رأيك فتحت بابانها

کە ساڵی 1261ک دەگرێتەوە، لەمەشدا شوبهە نییە هەم لەبەر دەلالەتی شیعرەکە و هەم لەبەر قسەی دەماودەمی کۆێ کە دەزانین لەشکری ئەحمەد پاشا لە کۆێ شکستی هێنا لە بەرانبەر نەجیب پاشا والیدا، شکستەکەش هونەری نەجیب پاشای تێدا نەبووە، بێسەرەوبەریی لەشکری بابان خۆی سەبەب بووە. باپیرم گێڕابوویەوە کە عومری 10 ساڵی بووە شەوێ گوێی لە تەقوهوڕەی ناو لەشکری بابان بووە کە بۆتە هۆی لێک هەڵوەشانی باپیرم لە 1250ک بەوەلەد بووە بۆ 1261 دە ساڵێک مەودا هەیە. دەگێرنەوە، نەجیب پاشا زۆر بێئومێد بووە لە سەرکەوتن، ڕجاکاران دەنێرێتە لای ئەحمەد پاشا کە ڕێزی نەشکێنێت چی ئارەزۆیەتی بۆی بکات. لە وەڵامدا دەڵێ: «ئەگەر والی دەخالەتم پێ بکات دەیکەم بە کوێخای قۆڕیتان...». ئەم قسانە جێی گومان نین هەرچەند میژوونووسان شتێکی دیکە بڵێن.

ڕاستییەکەی چ هۆیەکی ئەوتۆ نییە وەها لە نالی بکات کە لەبەر تێکچوونی حوکمی بابان لە سلێمانی دەرچێت. ئەحمەد پاشایەکی بە سەلامەتی لە ئەستەمبۆل بژیت و تورک هیچی لێ نەکەن، بۆ دەبێ نالی لە ترسی دەستدرێژیی ئەو تورکانە ئاوارە بێت! ئەحمەد پاشا گەشت و گەڕانی ئەوروپاشی کردووە، لە ئەستەمبۆڵ مەجلیسی ئاوەدان و بەهاتوباتی هەبووە، هێندەش تێروتەسەل بووەیە کەسێکی وەکوو شێخ ڕەزا بارەها مەدحی دەست و کەرەمی کردووە، ئیتر نالییەکی شاعیر و بێ مایەی دنیایی لە چی بترسێت؟ سالم دووڕەپارێزی کردووە کە دەزانین باری ئەو بەپێی پایەیێکی دنیایی تێیدا ژیاوە جودایە لە هی نالی، خۆ ئەویش وەها ئاوارە نەبووە کە لە سلێمانی بە تەواوی بتەکێتەوە، نالیش لە جغزی دەسەڵاتی تورکاندا ژیا و پەنای بۆ ئێران و تووران نەبرد، شتێکی لە بڕیاری واقیعەوە دێتە لێکدانەوەی بێلایەنەوە ئەوەیە نالی بەر لە ڕمانی بابان بە نیازی حەج سەفەری کردووە، هەر بۆیەیە، موناجاتەکەی ڕێی حەجی، بە هەرسێ پارچەی یەک لە دوایەکییەوە، باسێکی ئاوارەبوونی تێدا نییە وەک کە دواتر شکات لە دەستی بێمەئوایی و گەڕیدەیی دەکات. نالی جارێ لەو سەفەرەدا بووە حوکمی بابان هەڵوەشاوە و حاڵی وڵات شێواوە ئیتر دوودڵ ماوە لە گەڕانەوە تا ئەو دەمەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» بۆ سالم دەنێرێ و پرسی پێ دەکات ئەویش وەڵامی بێئومێدی بۆ بەڕێ دەکات. سەیرێکی سەرەتای موناجاتەکە بکە کە دەڵێ:

ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرصی وێرانە
لەگەڵ ئەم عیشقبازانە برۆ بازانە ئازانە

موسڵمان لێرە مانی خانمانت هەر نەمان دێنێ
پەشیمان بە کە دەرمانی مایەی تیمانە

ئا لەم موناجاتەدا چ ترس و لەرزێکی ڕووخانی بابان و قەمچیی تورکان دیار نییە. نالی تانووت وەبەر خۆی دەنێ کە بەرەو حەج هەڵقەنێ، تا دەتوانین تارمایی ترس و لەرز بێنینە ناو هەڵبەستەکە دەبێ واتای وشەکانی هەڵگێڕینەوە. حەزم دەکرد لێژنە بەڵگەی سەپاندنی سالّی 1840 ز ی بەدەستەوە دابایە چونکە سالّێکی کش و مات و بێ دەنگ و دەلالەت چ فەرقی نییە لەگەڵ 1839 و 1842 و 1845. دوای ئەم تێبینییانە داوا لە خوێنەر دەکەم بە خوێنی سارد‌ەوە لەگەڵمدا سەرنجی ورد لە واتای دوو بەیتی سەرەتای موناجاتەکە ڕاگرێت، بەتایبەتی بەیتی دووهەم، لە ماوەیەکی کورتیشدا دڵی خۆی بداتە بەیتی شەشەم:

فیداکاری تەن و جان بە لە ئاسانی هەراسان بە
کە داغ و دەردی ڕێگەی مەککە باغ و وەردی مەردانە

نالی لەم بەیتانەدا وەزعێکی ئارامی بێ قۆرت و گرێ لەبارەی خۆیەوە باس دەکات کە دەیەوێ ئیمانی خەست و خۆڵی موسڵمانەتیی لێ بەخەبەر بێنێت و بالّی عاشقانە وەکوو باز بخوازێتەوە پێی بفڕێت و لەو وەزعە ئارامەی هەڵقەنێت. بەخۆی دەڵێ: ئەی موسڵمان! لێرە مانەوەی خانمانت نەمان و فۆتان دێنێت. پەشیمان بە لەو ئارامییەت چونکە لێرە «نەمان و بەرەو حەج ڕۆیشتن» دەرمانێکە دەبێتە مایەی «مان – بقاء» وەیا لە مایەی ئیمان. لە بەیتی شەشەمدا ئەم واتایە خەستتر دەکاتەوە کە دەڵێ «لە ئاسانی هەراسان بە» واتە باری وەها ئاسان و هەموار کە تێیدایت خۆتی لێ هەرەسان بکە تا بگەیتە ئەو داغ و دەردەی ڕێی مەککە کە باغ و گوڵی مرۆی مەردە... ڕەنگە زێدەڕۆیی لە قسەمدا نەبێت کە دەڵێم نالی لە هەموو عومری پێش و دوای ئەم دەمەی کە بەیتەکانی تێدا هۆنیتەوە حاڵێکی هێندە ئارامی بەخۆیەوە نەدیتووە. ئیتر نازانم چۆن بێ بەڵگە دڵ تەسکین بکەم کە نالی لەبەر ناچاری لە سلێمانی دەرچووە.

لە شەرحی دیوانەکە «خان و مان» نووسراوە. وا دەزانم «خانمان» ڕاستە چونکە پاشگری «مان» لەم وشەیە و هی وەک ئەودا دەلالەتی جێگە، شوێنی هەیە وەک کە دەڵێی: نیشتمان مەبەستت جێگەی لێ نیشتەوە وەک ئەو «دودمان، گرودمان - بە واتای عەرشی خوا-...» و هی دیکەش. بەڵام دەبێ بزانین لە «قارەمان، دوشمان. ئەهریمەن» و هی دیکەشدا ئەو «مان»ە و «مەنش»ە شتێکی دیکەیە، لەگەڵ [...] ئینگلیزی یەک ڕیشەن. لە کتێبی سەر بە زمانی کۆنینە خوێندوومەتەوە دەڵێ لە «ئاسمان»دا ئەم «مان»ە جودایە لەوان بەڵام نالّێ لە چییەوە هاتووە. ئەگەر هەڵەم نەکردبێ «هەورامان» دەبێ «خۆرامان - شوێنی لێ هەڵاتنی خۆر» بێت.

لە پەراوێزی لاپەڕە 25ی ئەنجوومەن سەرنج بۆ مەلایەکی ئۆمەرگونبەتیی وڵاتی کۆیێ ڕاکێشراوە بە زیرەک و شاعیر لە قەڵەم دراوە و ئەویش وەک «ئەحمەد کۆر» ناوی مەلا ئەحمەدە کۆرەیە. ڕاستییەکەی ئەم مەلایە کە مەشووڕە بە «مامۆستا کۆرە»، یەکێک بووە لە دوو کەسی کۆیێ کە ناویان دەرکردبوو بە خاوەن کەرامەت. ئەوی دیکەیان ئافرەتێک بوو هەمیسان لە لادێوە بۆ شار هات، بوو بە بووکی یەکێک لە بنەماڵەی «خادم السجادة»ی کەرتی کۆیێ، ناوی «مامۆستا مەلاژنە عەنبەر» بووە جا بە هەر تەئویلێک بێت، چ دینی چ فیزیایی، لە هەردوویان پێشبینی و کەرامەت دیتراوە و بیستراوە. کاک ئەحمەدی شێخ لە هەندێ ئەو نامانەی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای ناردووە سەلام بۆ «ئاشەوان» دەنێرێ کە ئەم مامۆستا کۆرەیە دەگرێتەوە. لەو ڕووەوە کە بەینێک مدیری بریفەکانییان بووە و ئاشەوانیی بۆ کردوون. لەلایەن پایەی مامۆستا عەنبەرەوە ئەوەندە بەسە کە لە دەمی بە خاک سپاردنیدا حاجی مەلا عەبدوڵڵا گوتبووی، یەکێک دەشارێتەوە کە هەمووان دەهێنێت. مامۆستا کۆرەش خواناسێک بووە باوکم مەفتوونی بووە، هەتا مەرگیش لە سالّی 1943 لە زۆر مەجلیسەکانیدا بە سۆز و پەرۆشەوە باسی ئەحوالّی مامۆستا کۆرەی دەگێرایەوە. باوکم دەیگوت مامۆستا شارەزای «نحو»ی عەرەبی نەبوو بەڵام هەر عیبارەتێکی بە هەڵە بۆی خوێندرابایەوە تێی نەدەگەیشت هەتا بۆی ڕاست دەکرایەوە، گوتبووی نەحو نازانم ئەمما دڵم بۆ مەعنای عیبارەتێک ناچێت هەڵەی تێدا بێت. یەک لە کەرامەتەکانی کە لە شێوەی خەونی ڕاست خۆی نواندبوو ئەوە بوو، بە باوکمی گوتبوو ئەگەر لە خێزانەکانی حەماغا هەر کامێکمان حاملە بێ کوڕێکی

دەبێ، ناوی بنێن «حەمەد زیاد» ناشبێ لە ماڵی باوکی بەخێو بکرێ. قسەی دیکەش زۆرن ناتوانم دەریان ببرم، حەماغا تا ئەو دەمە وەچەی نێرینەی نەبوو تەمەنیشی پاڵی بە 80 ساڵ دابوو. کاکە زیادی ڕەحمەتی موژدەی ئەو خەونە بوو، لە ماڵی حەماغاش بەخێو نەکرا. کاکە زیاد لە 1914 هاتۆوەتە دنیا، دیارە مامۆستا کۆرە تا ئەو ساڵە و نەختێکیش دواتر ژیاوە. یەکێکیش لە کەرامەتەکانی مامۆستا عەنبەر ئەوە بووە کە شەوی مەرگی کاک ئەحمەدی شێخ. ئەو خەبەری مەرگەکەی بە خەڵق ڕاگەیاندبوو.

لە پەراوێزی لاپەڕە 32 دا وشەی «هەڵبەستەر» هاتووە گۆیا ڕێژەی ناوی کارای لێکدراویان داڕێژراوە. لە عەرەبی «اسم فاعل»ی پێ دەڵێن لە کاری «بەستن – هەڵبەستن»ەوە هاتووە. دەبێ خوێنەر و لێژنەش ئاگادار بکەمەوە لە ڕاستییەک پێوەندیی بەم ڕێژەی ناوی کاراوە هەیە کە بەهۆی «ەر»ەوە دروست دەبێت. لە پێشەوە دەبێ لە گۆشەنیگای ئەم پاشگرەوە، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە یەکدی جودا بکرێتەوە. هەرچی تێنەپەڕە ببڕای ببڕای ئەم پاشگرە بە خۆیەوە ناگرێ چ بەسادەیی بێت و چ بە داڕێژراوی و لێکدراوی بێت. ناشێ کارەکانی وەک: نووستن، ڕۆیشتن، مردن، هەڵکەوتن، دابەزین، بەدواداگەڕان و پاشگەزبوونەوە، ڕێژەی ناوی کارایان لێ وەربگرێت وەک: نووستەر، ڕۆیشتەر، مردەر، هەڵکەوتەر، دابەزەر، بەدواگەڕەر و پاشەگەزبووەر... هەرچی کاری تێنەپەڕ هەیە لە ڕێی بەکارهێنانی پاشگری «و»ی ئیسمی فاعیلەوە ڕێژەی فاعیلی لێ دروست دەبێت و دەگوترێ: نووستوو، ڕۆیشتوو، مردوو، هەڵکەتوو، دابەزیو، بەدواداگەڕاو و پاشگەزبوویەوە...

خوێنەر سەری لێ نەشێوێت کە ئەم وشانە بە دوو «و» کۆتاییان دێت، ئەوەی ڕێژەی کارا دروست دەکات دەنگی «و»ی ڕێژەکە بە دوا کۆنسانتدا بێت و «و»ی کۆنسانتیشە کە بە دوا بزوێندا بێت... بەداخەوە ڕێنووسە ڕەسمییەکەمان زۆر بە بێباکی دوو «و»ی لە بۆ یەک دەنگی «و»ی درێژ هەڵبژارد. کۆڕی زانیاری کورد بۆ واوی درێژ کەشدەیەکی بەسەر تاکە واوەوە پەسەند کردبوو چونکە هیچ مەنتیق نا سەلمێنێ دوو پیت ببنە نیشانە بۆ تاکە دەنگ مەگەر لە حاڵەتی گوشراندا وەک: کەلله، شەممە...

کاری تێنەپەڕ ڕێژەیەکی سەماعیی هەیە ناوی کارا و ناوی چاوگیشی پێ ساز دەبێت: بەرهەڵست، ڕێکەوت، سەرهەڵۆ و خۆشگەڕ... ناوی کاران. [بەرکۆڵ]، دەمەتەقە هەڵدەگرێ ئایا ناوی کارایە یا ناوی بەرکارە هەرچەندە «کوڵ – کۆڵان» تێپەڕیش نییە «بەرکار»ی بووبێت. سەلیقەش دەزانێت، چەندیەکێکی وشەی کارەکە دەمێنێتەوە ببێتە کەرتی ناوی کارای ئەوتۆیی. ئەم ڕێژەیە لەگەڵ فیعلی تێپەڕدا بە پێی داخوازیی حاڵ ناوی داڕێژراو دروست دەکات ئیتر ناوی کارایە یان ناوی بەرکارە یان ناوی ئالەتە... لە نموونەدا: زۆرخۆر، دووربین و پیاوکوژ... ناوی کاران. دسکوژ، هەڵبەست و ڕایەخ... ناوی بەرکارن. دەسگرە، چاپاڵێو و دەستەبەرە... ناوی ئالەتن.

واش دەبێ ناوی واتا لەم ڕێژەیە دروست دەبێت وەک: هەڵسوکەوت، هەڵسووڕوداسوور، ئیتر کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ فەرقێک ناکات چونکە وشەکان چالاکیی ناوی کارا و ناوی بەرکاریان تێدا پەیدا نابێت وشەکان مەندن چونکە ناوی واتان.

تێبینییەکی مەیلەو شرایەوە هەیە لەوەدا کە دروستبوونی ناوی داڕێژراوی ئەوتۆیی بەهۆی پێشگری «لێ، پێ، تێ» کە بە ئەسڵ لە پرپێوزیشن «بە، لە» هاتوون زێدە هێزێک بە وشەکە دەدات لەوانەیە کاری تێنێپەڕ تامی تێپەڕی تێ بگەڕێت. بە نموونە: پێگەیشتن، تێگەیشتن، لێچوونەپێش، پێداچوونەوە و تێڕاخوڕین... وەک تێپەڕ دێنە بەرگوێ. ئەم دیاردەیە لەوەوە دێت کە پرپێوزیشن بە بەرییەوە هەیە ببێتە هۆی نەقڵی تاو و تەئسیری کار، لە عەرەبیدا «تعدیة بالواسطة»ی پێ دەڵێن. ئەم سیفەتەی پرپێوزیشنە وەهای کرد کە لە کاری تێنەپەڕی «کۆشان» ناوی کارای داڕێژراوی «تێکۆشەر» پەیدا بێت کە بە خیلافی دەستوور «ەر»ی خستووتە دوا کاری تێنەپەڕەوە (لە زاری موکریان و بەشی دیکەش لە کورستانی ئێران، پرپێوزیشنی «دە» هەیە کە لە دیوی عێراق «لە» ی بۆ بەکار دێت. ئەوان دەڵێن «دە دڵمدا» لە جیاتی «لە دڵمدا» وشەی «لە» لە زاری موکریان جێگەی بەکارهێنانی جودایە لە جێگەی «دە». هەرچی «دە»یە بۆ حاڵەتی بێ جوولەیی بەکار دێت: دەڵێن «لە منەوە بۆ تۆ سڵاوێک دیاری بێت» (ناڵێن: دەمنەوە - یاخود دەمنڕا...یاخود... ئەم باسە درێژەی هەیە...).

کاری تێپەڕ لە ئەسڵدا کەمتاکورتێکی بەهۆی «ەر»ەوە ناوی کارای لێ وەرگیراوە، ئەویش بێگرفت نییە، بە نموونە دەڵێم «نانکەر» کە بە ڕووالّەت ئەم «ەر»ەی پێوەیە دوو تێبینی گەورەی بە دەورەوەیە، یەکیان ئەوەیە کە وشەکە لێکدراوە و سادە نییە، کەس کەرتی «کەر»ی بە سەربەخۆیی لە واتای فاعیل بەکار نەهێناوە هەر نەبێ لە ترسی تێکەڵبوون لەگەڵ وشەی کەر بە واتای «حمار». تێبینیی دووهەم ئەوەیە، ئەگەر «ەر» بچێتە سەر فیعلی «کردن» دەبێ بگوترێ «کردەر» وەک کە دەگوترێ «نووسەر، بیسەر، بینەر...». کەواتە ئەم دەنگەی «ر» لە «نانکەر»دا بنەڕەتییە و هی چاوگی «کردن»ە وەک لە «نانخۆر»دا ئەو «ر»ە بنەڕەتییە. لە وشەی «ناندەر»دا دەنگی «ر» پاشگرە نەک بنەڕەتی، چونکە لە «دان» دەنگی «ر» پەیدا نییە پاشگری «ەر» لە ئینگلیزیدا بێ گرفتە چونکە بە هاڕاوی لە کاردێت.

بەهەمەحاڵ نووسەران، دەستیان خۆش بێت، پەراوێزی بەکارهێنانی پاشگری «ەر»یان کێشاوە تا ئەوەی بیسەر، کوژەر، بینەر. و چەندین وشەی دیکەش کەوتنە ناو نووسین و سەر زمانانیشەوە بەڵام نەمزانیوە «گوتەر» بەکار هاتبێت، هۆیەکەش ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو جۆرە ناوی کارایە لە فیعلی ڕانەبردوو و «داهاتوو»ەوە وەردەگیرێت. «گوتن»یش لە داهاتوودا دەبێتە «دەڵێ» ئەگەر «وشی، دەوشێ» بەکار هاتبایە دەگوترا «وشەر» وەک کە دەڵێن «گوشەر» لە بڕی «عصارة». سەیر ئەوەیە کە دەڵێن «وتی» بەڵام نالّێن «دەوتێ» وەک کە دەشێ بگوترێ «دەوشێ»... وەک کە گوتەر نەبیتسراوە هەروەهاش «ڕنەر، بردەر، گرتەر، پێچەر و شووشتەر...» جارێ نەپشکووتوون.

بەهەمەحاڵ ئەم ڕوونکردنەوەی وەها کورت و لێقرتاو کە زەرەرێکی تێدا شک نابەم مەبەستی بنەڕەتی نییە لەوەی گوتم و بەتام بڵێم، ئەوەی مەبەستە شتێکی دیکەیە. جایەز نییە ڕێژەی ناوی کارای سادەی وەک «گوشەر و بینەر...» بە گردی بەشدار بێت لە پێکهێنانی ناوی کارای ناسادە، چ دارێژراو بێت و چ لێکدراو. لە نموونەدا دەڵێم ناشێ لە جیاتی «نانخۆر، پیاوکوژ، دووربین...» بگوترێ «نانخۆرەر، پیاوکوژەر و دووربینەر...» بۆیە نابێ بگوترێ «هەڵبەستەر» ڕاستە، دەزانین «هەڵبەست» ناوی بەرکاری دروست کردووە بەڵام ڕێمان هەیە بچینەوە بۆ بەکارهێنانی «و»ی فاعیل و بڵێین شیعر هەڵبەستوو یان هەڵبەستووی تەنها. لە نووسینی مەیلەو کۆنمدا ئەم لایەنەم ڕوون کردووەتەوە بەڵام کێ تاقەتی هەیە شتی وەها شرایەوە و ونبوو بەیادی خۆیەوە بلکێنێ؟ لێرەدا دەڵێمەوە کە گوتت: گورگی مەڕخواردوو مەبەستت ئەوەیە گورگەکە مەڕی خواردووە. ئینجا بشڵێی: مەڕی گورگخواردوو، دیسانەوە هەمان واتات مەبەستە چونکە مەڕ گورگ ناخوات. لە دەستەواژەی «دزی مەڕبردوو» دزەکە جێگەی کارای گرتۆتەوە. لە «مەڕی دزبردوودا» مەڕەکە جێگەی بەرکاری گرتۆوەتەوە و دەزەکەش کارا. کە گوتت «کابرای درۆهەڵبەست» بە ناچاری وشەی «هەڵبەست» واتای فاعیل بەدەستەوە دەدات، لە مەشدا سەرپێچی بێجێیە چونکە کوردەکە کە خاوەن زمانەکەیە وەهای ڕەفتار کردووە ئەگەر بۆ دەربازبوون لە تەگەرە بڵێی «کابرای درۆهەڵبەستوو» واتاکە ئەوە نابێ کە مەبەستە چونکە لەم حاڵەتەدا دەستەواژەکە سیفەتێکی کاتەکی (وقتی) و تاکە ڕوودواو ڕادەگەیەنێت هەرچی «درۆهەڵبەست، تەڵاقخۆر و قۆڵبڕ...» و ئەم تەرزە ڕێژەیە سیفەتی هەمیشەیی و خوو پێوەگرتن ڕادەگەیەنن. تەڵاقخواردوو و قۆڵبڕیو سیفەتی وەقتییان لێ دەفامرێتەوە کە جارێک درۆ کرابێت و قۆڵ بڕرابێت...

ئەم باسە دریژەی بە زۆر لایاندا هەیە، چی دیکە لەسەری ناڕۆم. پەراوێزەکانی کتێبی «ئەنجوومەن...» گەلێک شتی سوودبەخش و نرخداریان تێدایە بە ڕەخنەی من بایی سەری دەرزییان لێ کەم نابێتەوە، ڕەخنە تەنها بەر ئەو شوێنە دەکەوێت کە ڕەخنەی لێ گیراوە دەخلی بەسەر شتی دیکەوە نییە، بن لێوخستنیشی چ سوودی تێدا نییە بگرە زەرەربەخشە لەو ڕووەوە کە ڕووناکی دەشارێتەوە.

لە لاپەڕە 39 قەسیدەکەی سالم هەموو بەیتێکدا وشەی «چ» هەیە و لە «ئەنجومەن...» بە «چە» نووسراوە. لێژنە لە ئاست «چە»ی بەیتی یەکەمدا دەری بڕیوە کە «چ» ڕاستە. سەرلەبەری «چە» کان دەبێ بکرێتەوە «چ» شکڵی «چە» هی زمانی فارسییە. لەمەدا گرفت نییە، بەڵام هەندێ ڕووونکردنەوەی دیکە پێویستن لە میسرەعی دووهەمی بەیتی یەکەمدا. «غەنی و» دەبێ بکرێتە «غەنی وو» لەبەر کێشی شیعر. بەیتی هەر دوای پەراوێزی ئەو لاپەڕەیە کە نووسراوە:

شاهِ خالته تەصویری خەلایق ئاری
ظاهیره قودرەتی حەفت چە لەبەرن و چە لە بیر

سەرلەبەری بەیتەکە بە هۆی لێڵی میسرەعی یەکەم، هیچ واتا بەدەستەوە نادات سەرەڕای ئەوەی کە میسرەعەکە خۆی وەها لەنگە کەڵکی پێوە نەماوە. وەک بۆی دەچم دەبێ دەقی بەیتەکە ئەمە بێت:

شاهیدی خالیقە تەصویری خەلاییق ئاری
ظاهیرە قودرەتی حەققەت چ لە بەرنا چ لە پیر

لە پەراوێزی لاپەڕە 41 میسرەعی دووهەمی بەیتێکی ناو «ئەنجومەن...» بەو شکڵە هاتووە کە لە دیوانی «ئەحمەدی کۆر – چاپی مەهاباد» دا دەدیترێت:

مەجنون ئاسا غەرقی خوێنم لێم حەرام بوو خورد و خاب

ئەم وشەیەی «خوێن» دەبێ «خوون» بنووسرێت بەپێی ئاهەنگی میسرەعی یەکەم کە دەڵێ:

بوو بە بریان دەروونم چاو پڕ ئەسرین دڵ زەبوونم

لێتەوە دیارە «دەروونم، زەبوونم» داوای «خوونم» دەکات. میسرەعی دووهەمی بەیتەکە لە «ئەنجوومەن»دا وەها هاتووە:

مەحبووبا وا بۆت جنوونم لێم حەرامە خورد و خاب

ئەمەی «ئەنجوومەن» لەگەڵ ئاهەنگی سەرلەبەری بەیتەکە ڕێک دەڕوات. وشەی «خوون» کوردیی ڕەسەنە. لە شیعری شێخ ڕەزادا هاتووە:

وەکو شەخسێ کە زاری کا لە دەستی دوژمنی خوونی

پەراوێزەی ژمارە 5 هەر لەو لاپەڕەیەدا میسرەعێکی دیوانەکە چاپی مەهابادی هێناوەتەوە ئەمەتە دەقەکەی:

با لە بەین لا چێ حیجابە دلبەر و ئافتابە

ئەم دەقە نە واتای هەیە و نەکێشیشی دروستە. دەبێ لە ئەسڵدا وەها بووبێ:

با لە بەین لاچێ حیجابە دلبەری ڕوو ئافتایە

لە لاپەڕە 44 دا دێڕی نۆهەمی موستەزادەکە «هەر عەفوە خەیاڵی» تێدا هاتووە. دەبوو لێرە هێما بۆ شەرحەکەی دیوانی نالی بکات کە لەوێدا «فیردەوسە مەئالی»یە و هەڵەکەی پێ ڕاست بکاتەوە چونکە وەک بزانم لە هەموو ئەو دیوانانەی نالی کە چاپ کراون هەروەها نووسراوە جگە لەوەی کە «هەرعەفوە خەڵاتم» لە میسرەعی چوارەمدا هاتوون ئەم دووبارەکردنەوەی یەک تەعبیر لە نالی ناوەشێتەوە. دیارە فەیزی بەگ لە نووسینەوەدا شەبەنگی «هەر عەفوە خەڵاتم» خۆی بەسەر زەیهیندا زاڵ کردووە و بە داخوازی قافییە «خەڵاتم» بووەتە «خەیالی» کە لەگەڵ «نالی» ڕێک دێت بەو جۆرەی کە لە دوا یەکتر هاتوون. ئەمەش شتێکە زۆر جاران ڕوو دەدات بە تایبەتی لێرەدا کە «خەڵات» و «خەیاڵ» بە دەنگ و بە شکڵ نووسینیش لەیەکتر نزیکن. ئەمە دەڵێم لە حاڵێکدا نوسخەی «ئەنجوومەن...»ەکەی کە لێژنە لە

بەردەستیدا بووە دەسنووسی فەیزی بەگ بێت دەنا دەبێ بڵێن لە نووسینەوەی دوا کاتدا هەڵەی تێ کەوتووە، هەر لەو لاپەڕەیەدا بەیتێکی موستەزادەکە کە چوارەمین بەیتیەتی و لە شەرحی دیوانی مامۆستای بیارەییدا بەیتی دەهەمینە و ئەمەش دەقەکەیەتی لە هەردوو دیواندا:

قوربانی بلالم کە هیلالانە هەڵاتووم
هەر عەفوە خەڵاتم

لە شەرحی دیوانەکەدا هاتووە کە لە دیوانی نالی چاپی «گم – گیوی موکریانی»دا لە جیاتی «هلالانە» وشەی «بلالانە» هاتووە و هەر ئەوەندەی لە بارەوە گوتووە کە «بلالانە» بە واتای «وەکوو بلال» ئەوە دەبەخشێ، نالی وەک کە «بلال» لە جەور و ستەمی قوڕەیشییەکان هەڵاتووە، ئەویش، واتە نالیش لەبەر گوناهی زۆر وەیا لە جەور و ستەمی تورکی داگیرکەر بۆ لای پێغەمبەر ڕای کردووە.

من لە دەسنووسی دیکەشدا ئەم «بلالانە»م دیتووە، ئەگەر وشەکە ئەسڵ بێت وەیا گۆڕاو بێت مەهارەت و جوانییەکی تێدایە شەرحەکەی بۆی نەچووە. «بلالانە» هەروەک دەشی دووبارەکردنەوەی وشەی «بلال» بێت، بە بەرییەوە هەیە بخوێندرێتەوە «بلا – لانە» واتە «بێ لانە» لە میاندا «بلا» عەرەبییە وەک کە لە شەرحی وشەی «مەلەکول مەوت – ملك الموت»، لە لاپەڕە 154ی شەرحی دیوانەکەدا بە «ملی کەل موت» واتە «ملی وەک موو باریکت» لێک دراوەتەوە... ئەم «بیلا – لانە»یە لەگەڵ «هەڵاتووم» بە واتای فێرارکردن ڕێک دێت، ئێمە نازانین جۆرە نووسینی ئەم وشەیە لە دەم و قەڵەمی نالی هاتۆوەتە دەر ئەمما گومانم نییە هەردوو جۆر بە دڵ و دەمی نالیدا هاتوون هەرچەندە نووسین هەر یەک شکڵ هەڵدەگرێت، هێندەش لەبارن و ئەوەندەش مەبەستی قەسیدەکەن دەبێ هەردوو دەق دانیان پێدا بهێندرێت.

شەرحەکەی مامۆستا بیارەیی باش بۆ ئەوە چووە کە دیتنی هیلالی سەری مانگ (بەتایبەتی مانگەکانی ڕەمەزان و شەووال و ذی الحجە و ربیع الأول کە موناسەبەی دینییان تێدایە) خەڵات هەڵدەگرێ بۆیەیە نالی لە خەڵاتی دەرکەوتنی خۆی وەکوو هیلال دەبێت عەفو بکرێ... ئەمە زۆر جوانە و جێی خۆیەتی، دەمێنێتەوە من زێدە خزمەتێکی ئەم بۆچوونە بکەم بەوەدا بڵێم کە خۆ بە قوربانکردنی بۆ بیلال وەها ڕادەگەیەنێ بەر لە هەمووان دیتنی مانگی ذی الحجەی مەبەست بێت کە لە کوردیدا پێی دەڵێن «جەژنی قوربان». لێرەدا ئەوەش نابێتە بەرهەڵست کە بگوترێ جەژنی قوربان یەکسەر بە دوور دیتنی هیلالدا نایەت و دە ڕۆژی دەکەوێتە بەینەوە چونکە هەر نالی خۆی لە شوێنێکی دیکەدا گوتوویەتی:

هەر کەسێ ڕووی تۆ دەبینێ خۆی بە قوربانی دەکا
چونکە ئەبرۆی تۆ هیلالی عیدە قوربانی دەوێ

لە لاپەڕە 46ی «ئەنجوومەن» دا قەسیدەکەی «ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان» چ لەلان چەژەوە بێت و چ لەلایەن دارشتنەوە، مانّی حەڵالی کوردییە جگە لەوە کە ڕۆیشتنی نالی لە سلێمانی چ لە ترسی تورکان بێت و چ بە نیازی حەج بێت ئەم گلەیی و گازندەیە و پاکانەکردنە هەڵناگرێت.

لە لاپەڕە 47 میسرەعی یەکەمی بەیتی پێنجەمی دەقی قەسیدەکەی خواروی لاپەڕەکە کە نووسراوە: «وەرن بنواڕن دوو چاوی پڕ لە خوێنم» هی کەسێک نییە پێی بگوترێ شاعیر وەیا بە ئەدەبدۆست بناسرێت. هەرچەندە ناتوانم بڵێم ئەسڵەکەی چی بووە بەڵام ئاشکرایە ئەمە نە ئەسڵە و نە فەسڵ. هەر نەبێ لەبەر خاتری کێش دەبوو نووسرابایە:

وەرن سەیری دوو چاوی پڕ لە خوێنم

لە واتاشدا بێبەش نییە. داخەکەم، لێژنە هەمان میسرەعی بە دەقی نالەباریەوە دووبارە کردووەتەوە وەک بەڵگە لەسەر هەندێ کە گۆیا سۆزی مستەفا بەگی کوردیی تێدایە. قۆرتی لەنگەربەزینی کێشی شیعرەکە هەرچی تام و شام هەیە لە شیعرەکەدا کوشتوویەتی ئیتر سۆز لە کوێوە بێت (بنواڕە بەرەو کۆتایی لاپەڕە 48).

قەسیدەی لاپەڕە 49 ی «ئەنجوومەن» پێنج بەیتە. لە شەرحی مامۆستا بیارەییدا هەشت بەیتە. بەیتی دووهەمی ناو «ئەنجوومەن» و شەرحی مامۆستا نووسراوە:

لە ڕووت و قووتی وەک من ڕوو مەپۆشە
کە وەصلی تۆیە قووتی عاشقی ڕووت

من لە نوسخەی دەستنووسی بڵاونەکرایەوەدا دیتوومە لە جیاتی «وەصلی تۆیە» نووسراوە «وەصلی ڕووتە». هەم لەلایەن دارشتنەوە و هەم لەلایەن واتاشیەوە «وەصڵی ڕووتە» پەسەندترە کە هاوئاهەنگترە لەگەڵ مۆسیقای بەیتەکە و گونجاوتریشە لەگەڵ داواکردنی دانەپۆشینی ڕوو چونکە وەسڵی «ڕوو» بە دیارکەوتنی پەیدا دەبێ بەڵام دەرکەوتنی ڕوو ناکێشێتەوە سەر وەسڵی یار... ئەگەر لە میسرەعی یەکەمدا داوای گەیشتن بە یاری کردبایە بەجێی خۆی بوو بڵێ «وەصڵی تۆیە قووتی عاشق» بەڵام کە داواکەی هەر ئەوەندەبێ کە «ڕوو مەپۆشە...» دەبێ بڵێ «وەصڵی ڕووت قووتی عاشقە».

بەیتی سێهەمی «ئەنجوومەن» کە دەڵێ:

ئەوە لێوی ئەتۆ بوو پڕ لە خەندە
کەوا شەککەر دەربارەی گوڵ دەپشکووت

لە شەرحی دیوانی نالیدا بووە بە بەیتی پێنجەم و ئەمەش دەقیەتی:

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەرباری گوڵ دەپشکووت

لە تەرجیحی ئەم دەقەدا شەرحەکە دەڵێ: «... چونکە سەرەڕای ڕەسایی دارشتنەکەشی لێوی یاری بە ((لەعل)) وەسف کرابوو...» لەلایەن ڕەسایی و زەوقی شیعرەوە چ گومان نییە لەوەدا کە دەقەکەی «ئەنجوومەن» گەلێک شیرنتر و شاعیرانەترە. ئەو «لەبەر»ەی سەرەتای دەقەکە شەرحی دیوانەکەی داوەتەوە بەر هەڵسەنگاندنی مەنتیقی و ئەو «عفویەت»ەی دەقی «ئەنجوومەن»ی تێدا نەماوە. لەلایەکی دیکەشەوە وەک من لە شیعر بگەم کە لێو بە «لەعل» تەشبیە کرا بە عادەت تامی خوێی لێ دەفامرێتەوە نەک شەکر: لە لاپەڕە 495ی شەرحی مەلای بیارەییدا ئەم بەیتەی نالی:

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەک پاشە
حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

شەرح دراوە و لەعلی «نمەک پاش»ی بەو لەعلە داناوە «خوێی لێ وەشێنرابێ کە کینایەیە لە خۆش و بەتام»، لەعل لەوانە نییە بخورێت هەتا بە خوێ تامی خۆش بێت، خۆ کە بە «شەفێری چاڵی شۆر» تەشبیە کرابێ هەر بە جارێ لەوە دەشۆرێتەوە وەکوو سەڵاتە خوێی بوێت. ئەوەی من بزانم لە ڕێی خوێندنەوەی شیعر شاعیرانەوە کە لێوی یاریان بە «لەعلی نمەکین» تەشبیە کردووە، لەعل بۆ خۆی وەک گەوهەرێکی کان خوێ بە دەوروبەوە دەبێت هەر بۆیەیە بە «شەفیری چاڵی شۆر... سوێر» لێک چوێندراوە، شەفیرەکەش خوێی پێوەیە وەک لەعلەکە. نالی کە هاتووە مەدحی شتە ناخۆشەکانی ڕێی حەج دەکات هەر یەکێک لەوان بەشتێکی سەربەخۆی دیاری ئیسکسووک دەشوبهێنێ وەک لەم نموونانەدا دەدیترێن:

- سماقی ئەحمەر - یاقووتی ڕۆح و ئاگری نەفس

- حەصاتی ئەبیەض - شوهبی نەجم، ڕەجمی شەیتان
- مەگەسدار - جەمەنزار
- لالەیی حەمرا - جگەری «پرداغ»ی خورشید
- سونبولی تاتا- سەری سەودای پەرێشان
- شەفیری چاڵی شۆر - لەعلی نمەک پاش

لەمەوە دەردەکەوێ، لەعلی نمەک پاش، واتە خوێ دەرکردووە، لەعلی ڕاستەقینەیە و بۆ لای لێو ناچێتەوە، لەعلە وەک شەفیری چاڵە، یان شەفیری چاڵە وەک لەعلە خوێیاوین.

نالیدۆستان لەم وەسفەی ڕێی حەج دەتوانن خەبەرێکی نهێنی وەرگرن ڕەنگە بایەخێکی مێژوویی هەبێت. وەک دەبینین وەسفەکە هی بیابانی دەمی هاوینە کە هەمووی قرچەقرچی هەڵپڕووکانی بەر هەتاوی سووتێنەری پێوە دیارە. ئینجا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتە تەخمینکراوەی کە نالی تێیدا ئاوارە بووە یەکێک لەو چەند ساڵەی ذو الحجە تێیاندا کەوتووەتە هاوین دەبێتە ساڵی ئاوارەبوونی. من وەهای بۆ دەچم کە سەفەرەکەی لە تەموزدا بووبێت نەک هەر لەبەر زێدە گەرمای جەهەندەمی ناو بەیتەکان بەڵکوو لەبەر زێدە دەلالەتی ئەم بەیتەیان:

قەتاد و عەرفەج و خیطمی، عەضات و عەوسەج و ئەثلی
چ دامەن گیر و شین و دڵ نشینی ڕێی غەریبانە

ئەم درەختانە لە ڕەملستانی بیابانی بەر هەتاوی هاوین بە شینی نامێنننەوە تا دەگەنە ئاب، با بڵێم ئەو شینە نابن کە نالی وەها بە ڕاشکاوی وەسفی شینییەکان خەست بکاتەوە. ئنجا ئەگەر لە تەموزدا ڕێی حەجی بڕی بێت دەبێت چەند مانگێک زووتر لە سلێمانی دەرچووبێت چونکە بێگومان لە ڕێی سووریا و فەلەستینەوە بەرەو حەج ڕۆییوە، ئەوسا بۆ نالی مەیسەر نەدەبوو لە نەجەف و کەربەلاوە بیابانی بێئاوی گەرمای هاوین ببڕێت، خۆ مەعلوومیشە بە کەشتی نەچووە دەنا وەصفی بیابانی نەدەکرد. بە پەراوێز وەها هاتووە کە داستانی ئەسکەندەر و خدری زیندە لە سووڕەتی «الکهف»ی قورئان و لە تەوراتیشدا هەیە گوێا ئەسکەندەری ذولقەرنەین بە دوا ئاوی حەیاتدا گەڕاوە و نەیدۆزیوەتەوە. سوڕەتی «الکهف» باسی ئەسحابولکەهف و مووسا و پیاوچاکەکەی کە دەگوترێ خدری زیندەیە دەکات. باسی بەدواداگەڕانی ئاوی حەیات لەو سووڕەتەدا نییە. ئەم حیکایەتەی سەر بە ئاوی حەیات لە بەیتەکەی شێخ ڕەزا سەری هەڵداوە کە دەڵێ:

دێوانەیە شەخسێ کە بە غەیری لەبی لەعلەت
وەک شاهی سکەندەر طەلەبی ئاوی بەقا کا

کۆتایی غەزەلەکەش بە هەڵەیەکی زەقەوە کە کێشی شیعرەکەی تێک داوە هێڵراوەتەوە:

سەر دانێ لە ڕێیی عەشق «ڕەضا» لازمە عاشق
بۆ یارێ سەر و ماڵی هەدەفی تیری قەضا کا

بەیتەکە لە خۆوە چارە دەکرێت کە لە جیاتی «سەر و ماڵی» بنووسرێت «سەروماڵ»، وشەی «عیشق»یش بچێتەوە جێی «عەشق»ەوە. لە پەراوێزدا «تاب» بە گەرما لێک دراوەتەوە دەبوو بە «تاو» لێک دریتەوە کە یەک شتە لەگەڵ «تاب»دا، تەنانەت «هەتاو» کورتکراوەی «هۆرتاو»ە. کوردی خواروی کەرکووک هەر «خۆرەتاو» بەکار دەهێنن.

له لاپەڕە 52 میسرەعی دووهەمی یەکەم بەیتی مەدحەکەی شێخ ڕەزا بۆ بابان لەنگە چونکە لە جیاتی «ئالی بەبە» نووسراوە «ئالی بابان». لە پەراوێزدا لیژنە نووسیوەتی، دیوانی شێخ ڕەزا، چاپی بەغدا «ئالی بەبە»ی گووتوە، ناشڵێ بەیتەکە لە «ئەنجوومەن»دا لەنگە.

هەر لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا باسی کاوەی ئاسنگەری و کوشتنی «ئەژدەها» و هێنانە سەر تەختی فرەیدوون هاتووە. لیژنە هەر ئەوەندە دەڵێ کە ڕەچەڵەکێکی درۆ بۆ فرەیدەوون هەڵبەستراوە کە بە لای لیژنەوە فرەیدوون بە ئەسڵ کوردە. ڕاستییەکەی لیژنە دەبوو پتری لەسەر بڕوات. بەش بە حاڵی خۆم چەندێکی تۆژینەوەی نوێم لەبارەی مێژووی ئێرانەوە خوێندبێتەوە شتێکم نەدیت لەگەڵ داستانی «ضحاک، ئەژدەهاک» ڕێک بکەوێ، تەنها ئەوەی نەبێ کە گۆیا «ئەزدیاک»ی دواین شای مادەکان کوڕی وەزیرێکی خۆی بە نهێنی سەربڕی و گۆشتەکەی دەرخواردی باوکی دا، ئەمەیش لە تۆڵەی بێئەمریی وەزیرەکە بوو کە لە دەمی بەوەلەدبوونی «کۆرش» لە کچی «ئەزدیاک» ئەستێرەناسان تەئویلی خەونێکی ئەزدیاکیان بەوە کرد کە ئەم نەوەیەی دنیا دەگرێت ئەویش لە خۆی ترسا و مەلۆتکەی کۆریشی بەو وەزیرە سپارد کە لە بیاباندا بیکوژێت، وەزیریش نەیکوشت و بە شوانانی سپارد... تا گەورە دەبێت و ئەزدیاک منداڵی نێرینەی نابێ و خەفەتی لەوە دەخوات ئیتر وەزیرەکە پێی دەڵێ کچەزاکەی بەرحەیاتە و بووەتە گەنجێکی لێهاتوو... کۆرشی کچەزای ئەزدیاک و کوڕی پاشای پارس بوو کە ئەوسا پارس سەر بە حاکمایەتیی ئەزدیاکی ماد بوو... ناوی فرەیدوونیش گۆڕاوی «ثرە ئیتە ئوونە»یە کە دەکاتەوە «ماری سێ سەرکوژ» و تارمایی مارەکانی سەر شانی زوحاکی تێرا دیارە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی کە ئەندامی لیژنەیە هەموو مێژووی ئێرانی بە ئەفسانە و تۆێژینەوەی نوێیەوە وا لە گیرفانەکانیدایە ئیتر بۆچی بەخیلیمان لەگەڵدا دەکات؟ میسرەعی دووهەمینی دواین بەیتی قەسیدەکەی شێخ ڕەزا لەو لاپەڕەیەدا کە نووسراوە:

ئابای فرەیدوون فەڕ و جەمیشدی حەشامتان

دەبوو بنووسرێ:

ئابایی فرەیدوون فەڕ و جەمشید حەشامتان

«فریدوون فەڕ» و «جەمشیدی حەشەم» تەرکیبی وەسفن، ئەو «ی»ە ئیزافە بەدوای «جەمشید»ەوە وەک لووی زەق بێ جێیە.

له لاپەڕە 53 لە میسرەعی دووهەمی بەیتی یەکەمدا وشەی «کاکەییکانی» کە ئیمکان نییە فەیزی بەگ وەهای نووسیبێت، دەبێ بچێتەوە سەر ڕێژەی ڕەسەنی کوردی کە بە ئەسڵ «کاکەییەکانی» بەڵام کورت دەکرێتەوە بۆ «کاکەییەکانی» ناشێ «کاکەیی» ببێتە «کاکەیێ»، ئەم گۆکردنە هی ناوچەی سلێمانییە و پشت لە دەستوورە وەک کە مەند دەکرێتە مەنگ وەیا ڕۆیشت — ڕۆشت، دەروەست — دەڕۆست. لە شەرحەکەی مامۆستا بیارەییدا لە جیاتی «گوێدرێژ» نووسراوە «گوێرێژ» دیتوومە قەرداغ بووەتە قەراغ... ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە نووسیندا جایەز نییە هەرچەندە زۆربەی نووسەران خەڵقی سلێمانیش بن و غەیری ئەوانیش لە ڕێی جورئەت نەکردنەوە پێڕەوییان لێ بکەن...

لە نموونەی بەڵگەدا دەڵێم وشەی «سۆمالی» لە ڕستەدا دەبێتە «ئەم پیاوە سۆمالییە — نەک سۆمالێیە» کەواتە بە خستنەسەری ئەمرازی «ەکان»ی ناساندنی کۆ دەبێ بڵێین «سۆمالییەکان» نەک «سۆمالێکان» چونکە ئەمرازەکە «ەکان»ە نەک «یکان». هێندە هەیە بەپێی دەستووری کورتکردنەوە دەشێ بنووسرێت و بگوترێت «سۆمالێیەکان» لەوەشدا یەک «ی»ت قرتاندووە نەک ئەمرازەکەت شێواندووە. لە جیاتی «ئەمینداریتی» دەبێ بنووسرێ «ئەمینداریەتی». تۆ دەڵێی «فلانە کەس برسییە — نەک برسێیە» هەر بەو پێیە دەبێ بڵێی «فلان برسییەتی — نەک برسێتی» هەروەها لە جیاتی «برسێتی» بۆ «جوع» دەبێ «برسییەتی» بەکار بێت ئیتر حەز دەکەی بە هەڵە دوو «ی»ەکان لێک جوداکەوە و بنووسە «برسی یەتی».

«جودا بکەوە» ڕاستە نەک «جودا بکەرەوە» چونکە ڕێژەی فەرمان لەم کارە «بکە»یە نەک «بکەرە» هەروەک «بدەوە» نەک «بدەرەوە»، ئێمە دەزانین لە «دان، دانەوە»-دا دەنگی «ر» پەیدا نییە وەک بە ئەسڵ لە «کردن»

پەیدایە. دەشێ بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی قیاسی زمانیدا لە وشەی «خواردنەوە»دا بۆ فەرمان بڵێین «بخۆرەوە» هەرچەندە نالێین «دەخۆرمەوە» بەڵام کە ویستت بە یەکێک بڵێی بۆ جاری دووهەم دەرمانەکە بخوات دەبێ بڵێی «دیسان دەرمانەکەت بخۆوە». لەو جۆرە لێکدانەوەیەدا زمانزان و نووسەر دەبێ زاڵ بێت بەسەر عادەتگرتنی نارەوای ناوچەیی چونکە زمان هی هەموو میللەتە و دەبێ دەستووراتی ڕەسەن و پەسەندی تێدا بەکار بێت. زاری پاریس بووەتە قالبی ئەدەبی ڕەسمی زمانی فرەنسەیی بەڵام نەهاتوون کە «ر» دەردەبڕن ئەو «ر»ە بە «غ» بنووسن چونکە خەڵقی زۆری فرنسە هەر بە «ر» لەکاری دەهێنن.

لە جۆری ئەم بەکارهێنانەی نادروستی «برسێتی، کاکەیێکان...» ئەوەیە کە وشەی وک «سوێر، خوێن، دوێنێ...» دوو دەنگی سەربەخۆ و جودای «وێ» تێیاندا دەکەن بە دیفتۆنگ کە بریتییە لە تێکەڵبوونی هەردوو دەنگ. من لە نووسینی حەفتاکانمدا بە ئیسپاتم گەیاندووە کە «سوێر» و هەرچی وەک ئەو هەیە دیفتۆنگی تێدا نییە، شایەدیش شیعری نالییە:

هەر جۆگە وو جێگایە کەوا سوور و سوێر بێ
جێی جۆشەشی گریانی منە خوێ نەڕژاوە

جا ئەگەر «سوێر»ت کرد بە دیفتۆنگ بەیتەکە لەنگ دەبێت و لە شیعر دەشۆرێت. ئەمەش بەیتێکی دیکەی نالی بنواڕە لاپەڕە 368ی شەرحی نالی:

بێزارە لە تۆ ئێستە هەماغوشی عەدوتە
دونیاکە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بو

وشەی «دوێنێ» بە دیفتۆنگ شیعرکەی پێ دەمرێت.

لە غەزەلەکەی کوردی، لاپەڕە 54ی ئەنجوومەن، دوو جاران «عەشق» هاتووە دەبێ «عیشق» بێت ئیتر لە هەر شوێنێکی دیکەش ببێت پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

لە بەیتی شەشەمی غەزەلەکە «عەرەصە» نووسراوە دەبێ «عەرصە» بنووسرێت و بخوێندرێتەوە دەنا بەیتەکە لەنگ دەبێ. لەم تەرزە شوێنەدا شاعیر ڕێی بە خۆی داوە هەندێ وشە بەو جۆرە بخوێنێتەوە کە کێشی شیعر دەکات وەک کە نالی دەڵێ:

بنازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلووریکە

وشەی «تەجەللا» لە «تەجللی – تجلی»یەوە گۆڕاوە وە کە کورد بە شاعیر و نا شاعیرەوە دەڵێن «تەمەننا، تەوەللا. تەحەددا...» نالی «تەمەننای مردنی پیرارە»ی گوتووە.

لە پەراوێزی هەمان لاپەڕە لیژنە بەیتێکی لەنگولۆری لە دیوانی کوردی (چاپی بەغدا 1931)وە هێناوە کە لە دەقەکەی ئەنجوومەندا نییە، ئەمەش شکڵنووسی بەیتەکەیە:

وەکو طەیرێکم کە گوم بووبێ لە لانەی
هێلانەواز و هەرداو هەردم ئەمڕۆ

میسرەعی یەکەم بەم دەقە کەڵکی پێوە نییە، ڕەنگە ئەمەی لێرەدا دەینووسم ڕاست بێ:

وکو طەیرێکی گوم بووبێ لە لانە

دەمێنێتەوە میسرەعی دووهەم بەخۆی و شەی «هێلانە»یەوە کە کێشی تەنبەڵ کردووە و لەبەر تەبیاتی مندا لە کوردی ناوەشێتەوە. میسرەعی دووهەم دەبێتە «خەبەر»ی میسرەعی یەکەم لە بەیتی یەکەم. بەیتی شەشەمی غەزەلی لاپەڕە 55 وشەی «کۆی» تێدا دەبێ بکرێتە «کۆیی» دەنا کێشی لەنگ دەبێت و لە ڕەونەقی ئەو شیعرە نازک و پڕ سۆزە کەم دەکاتەوە.

لە لاپەڕە 56 «سەرگەشتەو» دەکرێتە «سەرگەشتەوو». بەر لەو، وشەی «بوون»یش دەبێ ببێتە بڕگەیی و بنووسرێ «بوو وون» ئەگەر شاعیر گوتبای «بوونەتە» لە جیاتی «وا بوو وون»:

کوللی عالەم بوونەتە سەرگەشتەو حەیرانی عیشق

میسرەعەکە بێعەیب دەبوو. لە بەیتی سێهەمدا «غەواصان» دەکرێتە «غەوواصان». میسرەعی یەکەم بەیتی دووهەمی لاپەڕە 57 کە نووسراوە:

شەمس و مەولاناو مەنصوور کەی بە سێر مەحرەم دەبوون

دەبوو بنوو بنووسرێ:

شەمس مەولانا و مەنصوور کەی بە سیر مەحرەم دەبوون

«ڕێزە»ش لە میسرەعی دووهەمدا «ڕیزە»یە چونکە وشەکە فارسییە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 56 باسی مەنصووری حەللاج هاتووە، لە ناوتوێژی سەرگوزشتەی ژیانی گوتەیەکی مەشووری لێ دەگێڕێتەوە «أنا الحق» کە بوو بە هۆی هەڵواسینی. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم «فرید الدینی عەططار» ئەم دوو بەیتە لە پاکانەی حەللاج بە من گەیشتووە کە ئەمە دەقە فارسییەکەیتی بە ڕێنووسی کوردی:

دەرئا دەروادی یی ئەیمەن کی ئانجا
دەرەختی گویەدەت ئینی ئە نەڵڵا

ڕەوا باشەد ئەنەڵڵا ئەز دەرەختی
چرا نەبوەد ڕەوا ئەز نیک بەختی

واتە: تۆ بگە وادی ئەیمەن کە لەوێدا دەرەختێک پێت دەڵێ «أنا الله = أنا الحق» کە «أنا الله» لە دەرەختێک ڕەوا بێت بۆچی ڕەوا نەبێت لە بەختەوەرێک؟ وشەی «دەرئا» بە «دەرا» دەخوێندرێتەوە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 58 وشەی «غوطەوەر» بە قووتخواردوو لە گۆما واتای لێ دراوەتەوە. ئینجا ئەگەر قووتخواردوو بە واتای زادخواردوو بێت، شتێکە من نەمبیستووە. وەک بزانم بە واتای مەلەکەر دێت. لە میسرەعی یەکەمی غەزەلی لاپەڕە 59 وشەی «شاهی» لەنگی کردووە دەبێ «شەهی» بێت.

لە پەراوێزدا میسرەعی یەکەمی بەیتی دووهەم «تەماشای» دەکرێتە «تەماشایی» لەبەر خاتری کێش لە میسرەعی دووهەمیشدا «رم» دەبێ «رمَ» بێت. نەختێک خوارتر «سەودایی عەشق» دەکرێتە «سەودایی عیشق».

میسرەعی دووهەمی بەیتی پێنجەم کە دەڵێ:

سەربەستە بێ بە ویصالت سکەندەری

دوو حەرەکەی کەمە بووەتە 12 برگەیی لە جیاتی 14 ناشزانین چۆن چارەسەر دەکرێت و لێژنەش بەلایدا نەچووە. بەیتەکە هەمووی تەماوییە و خۆی بە مەعنایێکی ئاشکراوە بەند ناکات. پێشتریش میسرەعی ئەو بەیتەی «ڕم – ڕەم»ی تێدایە وەها تەماوی بووە ئینجا ئەگەر لە جیاتی «نیکۆڕەم» بڵێین «نیکۆڕەنگ» و بەیتەکە ئەم دەقەی بدرێتێ:

نەزدیکە بێ بە من لە تەماشایی ئایینە
ئەز بە سکی دیدە مەست و نیکۆ ڕەنگ و دلبەری

واتاکەی چی بەدەستەوە دەدات؟ ئەگەر «ڕەم» مایەوە واتای چییە؟ ئایا مەبەستی ئەوەیە بڵێ: وەختە ئاوێنە وەک منی لێ بێ بە تەماشاکردنی تۆ [واتە هەستی بجووڵێ] چونکە یەکجار دیدەمەست و جوانڕەنگ و دلبەری؟ لەم مەعنایەدا فەرق پەیدا نابێ ئەگەر یار تەماشای ئاوێنەی کردبێ یان ئاوێنە تەماشەکەر بێت. «ئەزدیکە بێ» لە جیاتی «نێزیکە ببێ)یە.

وشەی «لەشکەری» لە کۆتایی غەزەلەکەدا بووەتە «لەشکری»:

تۆ شاهی حوسنی یو «سالم»ی بێ چارە لەشکەری

کورد دەڵێ لەشکر، فارس دەڵێ لەشکەر کە هاوموّسیقا و هاوڕەوییەی قافییەکانی سەرلەبەری غەزەلەکەیە. دەبینین گوتی «شاهی حوسنی» نەک «شای حوسنی»... پێشتر گوتی «نەزدیکە» نەک «نێزیکە» خۆ کێشی شیعریشی پێ تێک نەدەچوو:

لە لاپەڕە 60 وشەی «طوڕە»ی کۆتایی میسرەعی یەکەمی غەزەلەکە دەبێ «طوڕڕە» بێت. میسرەعی کۆتایی غەزەلەکە کە دەڵێ «هەر چ خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و وە بەرتەری» لە شیعر شۆراوە بووەتە قسەی بازاڕی، دەبێ بنووسرێت:

هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم وەبەر تەرێ

یاخود:

هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و بەرتەری

لە پەراوێزی لاپەڕە 61دا «جیهان ئارا» بە «جیهان ڕازێنەرەوە» لێک دراوەتەوە، ئەم ڕێژەیەی وەک «ڕازێنەرەوە» پێشتر قسەی لێ کرا کە گوتمان لە ناوی کارای داڕێژراو و لێکدراو نابێ سەرلەبەری کەرتی فاعیل لە فیعلەکەوە بۆ ئەو تەرزە وشانە بەشدار ببن، لە نموونەدا دەڵێم کە «گوشەر» بە واتای «عصارة» بوو ناشێ بڵێین «بانگوشەر» دەبێ «بانگوش» بەکار بهێنین. دەڵێین «نانخۆر، پیاوکوژ...» نەک «نانخۆرەر، پیاوکوژەر». لە کاری ڕازاندوەشدا دەڵێین «ڕازێنەر، ڕازێنەرەوە» مادەم بە سادەیی لەکار بێت بەڵام ئەویش لە شکڵی فاعیلی داڕێژراو و لێکدراودا دەبێتە «جیهانڕازێن، جیهانڕازێنەوە». من گوێبیستی هەردوو ڕێژەی وەک «ڕازێن، ڕازێنەوە» بووم بەڵام بە زۆری شکڵە کورتەکەی بەکار هاتووە. لە نموونەدا، کابرایەک قەرز ناداتەوە پێی گوتراوە «قەرزنەدەر». دەڵێن «ڕەحمەت لە ئاوخۆر» هەرچەندە ڕێژەکە لەگەڵ «نانخۆر»یش تێکەڵ دەبێت. پەتێکی وڵاغی پێ ببەستریتەوە «پەتی وڵاغبەست»ی لێ خۆش دێت نەک «وڵاغبەستەوە». بەهەمەحاڵ هەردوو ڕێژە دەستوورین هەرچەند کورتترەکە هاراوتریش و ئێسکسووکتریشە. ئەمما ببڕای ببڕای «جیهان ڕازێنەرەوە» و هی وەک ئەو لە کار نایەن مەگەر لە حاڵەتی زێدە دەگمەن نەبێ وەک ئەم حاڵەتەی هەر ئێستا ڕوونی دەکەمەوە. دەزانین «ڕەزبڕینەوە» و «مەڕبڕینەوە» لە کەسب و کاری ڕەزداری و مەڕداریدا ساڵی جارێک لە کژی خۆیدا دەردێت.

کەسێکی ڕەز دەبڕێتەوە پێی دەڵێن «ڕەزبڕ» هەرچی مەڕ دەبڕێتەوە «مەڕبڕەوە»ی بۆ بەکار دێت. ئەم مامڵەتجودابیە لەوەوە هاتووە کە لە «ڕەزبڕیندا» لکی مێوەکان لە مێوەکان دەبڕێنەوە و بەشێکی زیندەڵی بەرهەمهێنی دار مێوەکەن. هەرچی خورییە ئەو بەشە زیندەڵە و بەرهەمهێنە نییە وەک گۆشت و ئێسک و دەست و قاچ. لکە مێوەکەی دەبڕدرێت و ئەوەی نابڕدرێت وەکوو یەکن لەلایەن تەکوینی دارەکەوە هەر ئەوەندە فەرق هەیە یەکیان بە قوربانی ئەوی دیکە دەکرێت.

لەو تەرزە حاڵانەدا ئاخێوەری کورد بە سەلیقە ڕەفتاری زیرەکانەی کردووە ئەمما پێویستە شارەزای زمان بە دوا ئەو تەرزە وشانەدا بگەڕێت و جودایان بکاتەوە ئیتر لە ژێر هەر بەند و بابێکی زمان بێت. وەها دەبێ لەبەر تەنگانەی بێدەرفەتی لە ئازادیی تەعبیر یەک ڕێژەی فیعل بۆ دوو واتای لێک جودا بەکار هاتووە لە نموونەدا دەڵێین: ناز و دارا مارەبڕی یەکدین - دەشگوترێ مارەبڕاوی یەکدین. دەشڵێن: مەلای مارەبڕ تەشریفی هێنا. ئنجا لێرەدا بەکارهێنانێکی زمانی ڕێزمانی هەیە هەتا بڵێی ورد و قوڵە، دەڵێین: ناز و دارا مارەبڕاوی یەکترن و مارەبڕی مەلا حەسەنن... ناگوترێ مارەبڕاوی مەلا حەسەنن...

بمبەخشن لەم دریژە پێدانە هەرچەند باسەکە زۆری بە بەرەوە ماوە تەنها ئەوەندە دەخەمە سەر قسەکانم کە بڵێم ئێمە دوای ئەوەی وشەی «بزوێن»مان هەڵبژارد و پەسندیشمان کرد بۆچی پەرە بە دەستوورەکە نەدەین لە هەموو ئەو کارانەی وەک ئەمیان کە بە هۆی «اندن»ەوە بوونەتە تێپەڕ؟ بۆچی نەڵێین: لکێن، هەژێن، سووڕێن، سووتێن، پسێن و ڕفێن...؟ چییان لە بزوێن کەمە ئەوە نەبێ لەو کورتترن کە دەزانین بزوێن لە بزواندنەوە هاتووە کە وەک برژاندن برگەیەکی لەو چەند فیعلە زیادترە. بزاوتن بزێویی لێ کەوتووەتەوە وێڕای یەک ڕێژەی دەگمەنی دیکەش کە بریتییە لە «بزۆز» کە چەند تاکێکی وەک خۆی شک دەبەم: کولۆڵ، فسۆس، شڕۆر (نەک شڕۆڵ) هەرچی ڕێزەی «شڕۆڵ»ە بریتییە لە «شڕ + ۆڵ». بگەڕێتەوە بۆ لاپەڕە 220- 222ی «زاراوەسازیی پێوانە»، دەبینی لە «شل» وشەی «شلۆڵ» و لە «کەرت» وشەی «کەرتۆڵ»م پێشنیاز کردووە: «شڵۆڵ» بۆ کەسێک کە هەمیشە خاووخلیسک بێ. «کەرتۆڵ» بۆ شتێک بێت کەرتکەرت و بڕبڕ بێ بەڵام بەیەکدییەوە نووساو بن وەک: بڕبڕەی پشت، هەندێ زنجیری سەعات، هەندێ جۆرە بازن و گەردانە... زنجیرەی دەبابە کەرتۆڵە...

لە لاپەڕە 63ی ئەنجوومەن چەند تێبینی هەیە، میسرەعی دووهەمی بەیتی دووهەمی غەزەلەکەی سالم دەبێ وشەی «نیشتەر» بە سێ برگەیی بخوێندرێتەوە «نی ش تەر» بە قورسکردنی دەنگی «ش» تێبدا دەنا لەنگ دەبێ. میسرەعی دووهەمی بەیتی سێهەم «تەرازوویی» نەک «تەرازووی» دەخوێندرێتەوە هەر لەبەر کێش. لە میسرەعی یەکەمیش «بۆ سەوو» نەک «بۆسە» دەست دەدات. لە پەراوێزدا میسرەعی یەکەمی بەیتی سێهەم کە دەڵێ:

وەصڵی ئەکسیرە وەلێ زەحمەتە

دەبێ «ئیکسیر» بنووسرێت. میسرەعەکە یەک برگەشی کەمە، لە جیاتی 11 برگە 10 برگەی هەیە. ئاشکرایە لە کۆتاییدا وشەیەکی برگەیی پەڕیوە وە یاخود وشەیەکی دریژتر لە «زەحمەتە» هەبووە لە نووسینەوەدا گۆڕاوە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 64 لیژنە بۆ واتای غەزەلەکەی نالی «لە دوگمەی سینە...» حەواڵەمان دەکاتەوە بۆ شەرحەکەی مامۆستای بیارەیی. دەبێ بڵێم بە ڕێکەوت یا هەر چۆنێک بێ من یەکەم کەس بووم کە لە تەلەفزیۆنی کوردی لە ساڵێکی حەفتەکاندا واتای ئەم غەزەلەم لێک داوە بە جۆرێک دەرم خست وشەی «دوێنێ» لە دەستەواژەی «دوێنێ نوێژی شێوان»دا بۆ پڕکردنەوەی میسرەعی شیعر نەهاتووە، ئەم «دوێنێ»یە هەردوو واتای «هەڵات» بە فیرارکردن و دەرکەوتنیش بەدەستەوە دەدات.

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

له خەوفی طەلعەتت ڕۆژ هەر وەکو شێت
بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

لەلایەن واتای فیرارکردنەوە، دوێنێ نوێژی شێوان لە دوگمەی سینەتەوە، سفیدەی باغی سێوان بەیانی دا. لە ترسی ئەو طەلعەتە ڕۆژ بە ڕووزەردی هەڕای کرد و کەوتە کێوان بەرەو ئاوابوون.

بۆ واتای دەرکەوتن: دوێنێ نوێژی شێوان ڕۆژ لە دوگمەی سینەتەوە دیتی سفیدەی باغی سێوان بەیانی دا، ئەمڕۆ سبەینەکە دەرکەوت زەردایی ترسی دوێنێیی پێوە دیار بوو کە وەکوو شێت کەوتە کێوان. لەطافەتێکی شرایەوەش لەوەدایە کە باغی سێوان «بەیان» بدا واتاکەی ئەوەش هەڵدەگرێ وشەی «بەیان» بریتی بێ لە کۆی وشەی «بەی – بەهێ». بەو پێیە مەمکەکانی یار بە سێو و بە بەهێش تەشبیە کراون. دوای ئەم واتا لێکدانەوەیە چەند ڕۆژێکی پێ چوو نامەیەک لە مامۆستا مستەفا سالّح کەریمەوە هات (وەک لە بیرمە) خۆشامەدیی لەو واتا لکێدانەوەیە دەکرد.

لە لاپەڕە 65 بەیتی پێنجەمی مەدحەکەی «تاقمی ممتازی شاهـ» بۆ میسرەعی دووهەم دەقێکم دیتووە لە کۆنەوە لە جیاتی «ئەلطاف» وشەی «ئەنوار»ی نووسیوە:

صەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن
قامەت شەجەر و مەظهەری ئەنواری ئیلاهن

لە دیوانی نالی چاپی عەلی موقبیل و گیوی موکریانیش «ئەنوار» هاتووە. جوانی و لەباریی وشەی «ئەنوار» کە هەم بە واتای جەمعی «نوور – ڕووناکی» و جەمعی «نوور – نەور – غونچە» لێ دەدرێتەوە، لەوەوە دێت ئەگەر «نور» بە واتای ڕووناکی وەرگرین دەزانین «وادی ئەیمەن» لە طوور ڕووناکی لێ بوو لە درەختێکەوە هەڵدەستایەوە. کەواتە ئەو تاقمە مومتازە کە تەجەللی بکەن و خۆیان دەرخەن سەحرای بێ دار و سەوزایی دەکەنە ئەو وادییە ئەیمەنە نوورانییە. کە «نوور» بە واتای «غونچە» وەرگرین ئەوسا تاقمە مومتازەکە کە قامەت شەجەرن هەم حەقیانە دنیا بە تەجەللی بکەنە وادیی ئەیمەنی خاوەن درەخت و هەم دەشبنە دیارگەی «غونچە»ی خودایی کە بەو قامەت شەجەرانەوەیە و بە درەختەکەی وادی ئەیمەنیشەوە هەیە. وشەی «تەجەللی» ئیشارەتە بۆ ئایەتی «فلما تجلی للجبل...» کە لە وادی ئەیمەنی بوو.

لەو لاپەڕەیەدا بەیتی حەفتەمی مەدحەکە بەپێی دەقی «ئەنجوومەن» بە وشەی «لایق بە بەدەن» دەست پێ دەکات. لە پەراوێزی ژمارە 4 دا ئیشارەت هەیە کە دەقی شەرحەکەی مەلای بیارەیی بە «لالەن بە بەدەن» دەست پێ دەکات. بێگومان دەقی شەرحەکە پەسەندترە.

لالەن بە بەدەن ئەطلەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن
نەورِستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

ئەو نەورِەستە گوڵ ئەو لالە بەدەنانە دەگرێتەوە. ئەگەر «لایق بە بەدەن» بێت دەبێ ئێمە لە خۆمانەوە یارمەتیی شیعرەکە بدەین و بڵێین مادەم بە نەورِەستە گوڵ تەشبیە کران لە خۆوە بەبێ درکاندن بەدەنیان دەبێتە گوڵ، «لایق»یش جێی خۆی دەکاتەوە بەوەدا کە ئەطلەسی سەوز بە بااڵیانەوە وەک ئەو گیایە سەوزەیە لەگەڵ دەستەگوڵ بەستراون.

لە ئەنجوومەندا مەدحەکە 8 بەیتە، لە شەرحی مامۆستادا 11 یە، لەمیاندا نازناوی «نالی» دوو جاران هاتووە، لە ئەنجوومەندا بەیتی تێدا نییە بە نازناوەوە. لە پەراوێزی لاپەڕە 345ی شەرحەکەدا ئەم دیاردەیە نامەئلووفە و (ئالّوزییەک لە داوێنی ئەم پارچە شیعرەوە هەیە ئێمە سەرمان لێ دەر نەکرد – بەتەعبیری شەرحەکە خۆی) بە ئینسافەوە دانی پێدا

هێنراوە لێرەدا پێویستە بڵێم دواییەن بەیتی ناو شەرحەکە کە بۆ جاری دووهەم نازناوی شاعیر دەهێنێتەوە هی ئەوە نییە بە نەزمی نالی وەیا هەر شاعیرێکی لێوەشاوەی دیکە دابندرێ:

«نالی»! بە خودا حەیفە دەڕەنجێنێ دڵی خۆت
ئەم طاقمە مەخصوصە هەموو صاحیبی جاهن

دڵڕەنجاندنی چی؟ هەر چونکە طاقمەکە صاحیبی جاهن دەبێ دڵی شاعیر لە جیاتی گەشە بکات بڕەنجێ؟ من وای بۆ دەچم، کابرایەکی نیمچە شاعیر هاتووە وشەکانی قافیەی دە بەیتی قەسیدەکەی ڕیز کردووە کە بریتین لە: شاهـ سوپاهـ ماهـ کولاهـ نیگاهـ ئیلاهـ سیاهـ گیاهـ گوناهـ ڕاهـ ئاهـ و سەرجوملەیانی پازدەیە بەهۆی ئەوەوە کە دوو وشەی قافیەی بەیتی یەکەم ژمارەکە لە دەوە بە یازدە دەگەیەنێ، ئیتر بە دڵیدا هاتووە وشەی «جاهـ» لەو بەیتەدا مەغدووڕە و لە بیر کراوە، بەخێری خۆی ڕوو لە نالی دەکات و بە جۆرێک کە بۆی لواوە بەیتی یازدەهەمین قەتار دەکات و وشەی «جاهـ» بە پاشەڵییەوە. ئێمە هەر بۆیە لە نالی دەسەلمێنین کە سەرەتای بەیتی نۆهەم «بۆ سەیری» بێت و سەرەتای بەیتی دەهەم «بۆ زوڵف» بێت چونکە هاتووە شاعیرانە لە پێشدان تەنها «صوفی» هێناون لە طەلەبدا بن سەیری سەر و قەدان بکەن، ئەمجارە بۆ «زوڵف و ڕوح و ئەبرووی وەک زوڵفی سیاتان» پەراوێزی مەفتوونانی لێک کێشاوەتەوە تا «عالەم وەکوو نالی هەموو...» بکەونە جغری بەیتەکەوە نەک هەر صۆفی... لەمە زیاتر داوا لە شاعیر ناکرێت.

بەداخەوە لێژنە لە پەراوێزی لاپەڕە 66 کە لە ئاست میسرەعی یەکەمی ناو پەراوێزەکە ئەمەیە:

تەنهایی سەمەن بەرگی بەنەوەشە کە لەبەر کەن دەڵێ: «تەنهای» ڕاستترە گۆیا «تەنها» کۆی «تەن»ە. بەو پێیە دەبێ بەلای لێژنەوە «تەنهایی» بە «تەنیایی» لێک درابێتەوە لەوەشدا لێژنە بە سەهوو چووە چونکە لە «تەنهایی سەمەن» هەمان کۆی «تەنها» مەبەستە بەڵام لەبەر کێشی شیعر دەبێ ئەو «ی»ە کەسرەی بدرێتێ، لەوەشدا نالی پێڕەوی یەک لە جەوازاتی هەڵبەستی کوردیی کردووە، چ تێرکردنی «ی» ئیزافە و وەسف بێت و چ تێرکردنی «و»ی عطف بێت بۆ کێشی شیعر ماملّەتی ڕەوا حیساب دەکرێت وەک کە لە کۆتایی مەدحەکەی ناو شەرحی مامۆستادا نووسراوە.

بۆ زوڵف و ڕوح و ئەبرووی چوون زوڵفی سیاتان
عالەم وەکوو نالی هەموو با نالەوو ئاهن

جارێکیان «ئەبروی» بە «ئەبرووی» هات جارێکیشیان «نالەوئاهـ» بە «نالەوو ئاهـ» هات. ئەگەر «ئەبرووی» بە دوو برگەیی بخوێندرێتەوە بەیتەکە لەنگ دەبێت. هەروەهاش «نالەو» لە جیاتی «نالەوو» بەیتەکە لەنگ دەکات. نالی خۆی لە بەیتێکی غەزەلێکیدا دەڵێ:

بەڵا گەردانی بااڵت بم ئەگەر چووم
فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام

دەبینی «ی»ی «هیندوویی» تێر کردووە لەبەر کێشی شیعر، نەیگوت «هیندووی» هەڵبەت «تەنهایی»ش هەر لەو بوارەوە هاتووە و جێی ئیشکال نییە. سەیرێکی لاپەڕە 259 ی شەرحی دیوانی نالی بکە دەبینی لە میسرەعی دووهەمی بەیتی دووهەمدا نووسراوە:

با بای دەدات و ماسییی پێدا دێ وەک مەکووک

ئا لەم دەقەدا سێ «ی» کەوتوونەتە دوای یەکتر و دەخوێندرێنەوە «ماسییی پێدا دێ» ئەویش لەبەر کێشی شیعرە کە من ئەم دەقە بە ڕاست نازانم، ڕاستیی بەیتەکە ئەمەیە:

با بای دەدات و ماسی پییا دێ وەکوو مەکووک

حەز دەکەی لەبەر دەستووری ڕێنووسی تازە بنووسە «ماسیی» کە لە گۆکردندا ئەو «ی»ەی دووهەم دەرناکەوێ. نالی لە زۆر شوێندا «تیا و پییا»ی لە جێی «تێدا و پێدا» بەکار هێناوە. لە لاپەڕە 67 دا دێڕە شیعری پێنجەم کە سەرەتای «بۆتە شاطی»یە من لە دەسخەتی مەرحووم «نهانی» کە نازناوی شێخ محیەدین شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی کۆیەیە و خاڵی ماممە دیتوومە نووسیوەتی «گەشتگاهی» لە جیاتی «بۆنە شاطی» ناو ئەنجوومەن و «بۆنە نشینگەی» ناو شەرحی مامۆستا بیارەیی. هەرچەندە بڕیاردان بە جۆرێکی متمانەبەخش لەسەر هەڵاواردنی یەکێک لەو سێیانە کارێکی نەکردە نییە بەڵام بێگومان لەلایەن چەژی شیعرەوە چی «نهانی» نووسیوەتی لەبارتر و سازگارتر و شاعیرانەترە. نهانی ئەگەر بۆی لووابایە خەریکی شاعیرییەت بێ لە جیاتی «تشیخ» تا بڵێی جێی ئومێدی «ابداع»ی لێ دەکرا، زۆریش نالیدۆست بوو، لە نموونەدا ئەم مەقتەعەی تەخمیسی ئەو بەسەر شیعری نالییەوە دەهێنمەوە:

بێزار مەبە لێم من سوپەری تیری عەدووتم
بۆ شەمعی جەمالت وەک پەروانە لە دووتم
بۆ ئاگری سەر گۆنە بە صەد گۆنە دەسووتم
هەرچەندە کە ڕووتم بەخودا مائیلی ڕووتم
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

جوانیی تەخمیسەکە دەچێتە ڕیزی تەخمیسەکەی شێخ ڕەزا بەسەر غەزەلی کوردی:

دڵی بردم بە ناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ
فریبی دام بە چاوی مەستی خۆی مەحبووبی سەححارێ
لە هیجرانی تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویصال یا قەتل یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ

قەسیدەکەی شێخ ڕەزا «ڕووم کردە بەزمی خاصی...» کە دەقەکەی لە لاپەڕە 70ی ئەنجوومەن هاتووە و دوو بەیتیشی لە «دیوانەکەی شێخ ڕەزا، چاپی بەغدا 1946»وە بە زیادەوەی خراوەتە سەر، ئا لە بەیتی دووهەم کە کەوتۆوەتە سەرەتای لاپەڕە 71 تێبینییەکی گرینگ هەیە، ئەم بەیتە لەو جێگەیەدا بە میوانەتیش جێی نابێتەوە. دەبێ بچێتە دوای بەیتی چوارەمی «ئەنجوومەن» کە دڵێ:

پێم گوت منم فلّانە کەسم مامە شێخ ڕەزام
بیلمەزمین میسن ئەفەندی مگر بزی

دوای ئەمە ئەم خەمیس ئەفەندییە، ئەمجا بە کوردی هاتە تەکەللوم وتی

بەڵێ لەو شێخە حیلەبازەکانی قوماریاز و کەردزی

هەوڵ جار خەمیس ئەفەندی بە تورکی لێی پرسی «کیم بلیر سزی؟» کی تۆ دەناسێت؟

لە لاپەڕە 75، میسرەعی یەکەم بەیتی چوارەمی «سەرم سمتووڕە و» دەبێ بکرێتە «سەرم سەمتورو» دەنا لەنگ دەبێت. وا دەزانم «کوردی» ئەم غەزەلەی «دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ»ی بەسەرپێیی گوتووە چونکە قۆرتی تێدان و لە کوردی ناوەشێتەوە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە 76 «باو بارینە» ڕاستە نەک «بار بارانە» چونکە لەگەڵ قافیە و ڕەویەی بەیتەکانی دیکە ڕێک دێت: «ڕەنگینە، ئەسرینە، پەرژینە و ئامینە» هەموو بەیتەکانی دیکەی لاپەڕەی پێشووتریش وەک: غەمگینە، بێتینە، بالینە و نالێنە ...هتد هەروەها ڕێزپەڕیان تێدا نیە.

لە لاپەڕە 76، پەراوێزی یەکەمدا وشەی «نەفحە» ڕاستە نەک «نەغمە» کە لە دیوانی سالم، چاپی بەغدا 1933 بە هەڵە وەها نووسراوە. لێژنەش ئیشارەتی بۆ ئەم لایەنە کردووە. خۆزی لە هەموو شوێنی وەهادا ئەمەی کردبایە. بەڵام نەدەبوو بڵێ «ڕاستترە» چونکە نەغمە هەڵەی ڕووتە، چۆن قسە لەگەڵ زوڵفە! لە کۆتایی پەراوێزدا وشەی «سێرە» هەڵەیە «سیرڕە» ڕاستە.

سەیر ئەوەیە پەراوێزی ژمارە 2 دەڵێ وشەی «من» کە لە پێش وشەی «تەشبیهی» هاتووە هەڵەیە کەچی ئەو وشەیە پەیدا نییە و میسرەعەکەی بێ عەیبە.

لە لاپەڕە 78 میسرەعی یەکەم کە نووسراوە:

دەبێ ئەشکی تەراڕوزی ئارەزوو ئەی دیدە برژێنی

وشەی «تەراڕوز» هەم کێشی لەنگ کردووە و هەم پەکی واتاشی خستووە، لیژنەش لێی بێدەنگە، وشەیەک هەیە «تەڕاوز» وا بزانم لەبەر پێوەندیی بە تەڕاییەوە بەو کێڵگەیە دەڵێن دوای بارانی پەڵە بکێڵڕێت و تۆو بدرێت. تەڕەشقۆ، تەڕەزەن، تەڕازو هەمووی هەر بەچکەی تەڕایین. ئینجا زۆر بە تەقیە و دووداڵییەوە دەڵێم تۆ بڵێی ئەم تەڕاوزە نەبێ لە بەیتەکەدا؟

دەبێ ئەشکی تەڕاوزی ئارەزوو بشکێنی ئەی دیدە

میسرەعی یەکەم بەیتی چوارەمی غەزەلەکە یەک بڕگەی کەمە، ئەمە دەقیەتی:

ڕەها بێ گەر لە بەندی زوڵفی یارا گەردەنی من [گەردەن و شانم: گەردەنی بەندم!]

میسرەعی دووهەمیشی تێیدا «بەعدە ئەزین» بڕگەیەکی لە کێشی شیعرەکە زیاد کردووە، یا دەبێ بنووسرێ «بەعدە زین» یان «بەعد ئەزین» و دەنگی هەمزەی تێدا سووک دەربببڕێت.

لە لاپەڕە 79 وشەی «مەحەبەت» دەبێ «مەحەببەت» بخوێندرێتەوە لەبەر کێش. هەر لەو قەسیدەیەدا: «گیسوی گێسوویی – مەحەللی موعەظەمەتر: موعەظظەمتر» کێشی بەیتەکان ڕاست دەکەنەوە هەر جارە بە زیادبوونی بڕگەیەک لەو وشانەدا.

لە لاپەڕە 83، بەیتی حەفتەمی غەزەلەکەی نالی من لە دەستنووسی کەشکۆڵاندا دیتوومە:

هەموو ڕۆژم لە تاو هیجرانی ئەمسالْ
تەمەننای مردنی پێراڕە بێ تۆ

دەقی «ئەنجوومەن» ئەمەیە:

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننام مردنی بێزارە بێ تۆ

دەقی شەرحی مامۆستای بیارەیی ئەمەیە:

هەموو ڕۆژی لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێزارە بێ تۆ

فەرق لە نێوان دەقی کەشکۆڵەکان لەگەڵ ئەم دوو دەقە لەوەدایە کە «تەمەننای مردن» لە دەقی یەکەمدا بەدرێژایی هەموو ڕۆژێکە. بەڵام «هەموو ڕۆژێ» بەتەنها «یەک تەمەننا» لە ڕۆژێکدا دەگەیەنێت. نالی وردەکارە، بەولای چاوەڕوانکردنی بینەر و خوێنەر و بیسەرەوە قوواڵ دەبێتەوە. نموونەیەکی زۆر سادەی ئەم قووڵی و وردییە لەم بەیتەدا دەدیترێت کە دەڵێ:

بە مەرگی تۆ قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبووڕێکە
مەقام و مەنزڵت ئاخر لە کن جەمعی قبووڕێکە

نالی بە خۆڕایی سوێند بە مەرگی زاهید ناخوات، لەهیچەش نەهاتووە «عبووڕێکە» بە «مفرد – تاک» ئەدا بکات و «قبووڕێکە»ش بە «جمع – کۆ» ئەدا بکات. لەلایەن سوێند خواردنی بە مەرگی زاهید، نالی پێمان دەڵێت و بە زاهیدیش دەڵێت: بە مەرگت عومرت دەبێتە عبووڕێک. لێرەدا «بە مەرگی تۆ» هەم سوێندە و هەم سەبەبی عبوربوونی عومرە. ئەگەر بیگوتبایە بە خوا و پێغەمبەر و بە نازانم چی عومرت عبووڕێکە قسەیەکی عادەتی دەردەچوو و لە زاری هەموو کەسەوە، ڕۆژانە، هەزاران دەردەچێت. عبووڕەکەش یەک عبووڕە و بێ ئەهمییەتە، بەڵام دوای مەرگ جێگەی عبوورکردوو دەبێتە جەماعەتی قبوور واتە کۆمەڵەی مردووان کە زۆرن. «جمعی قبوور» پاتەوپاتیش ڕێژەی کۆیە بۆ وشەی «قبر» ئنجا سەیر نییە من لە نالی چاوەڕوان بکەم بڵێ «هەموو ڕۆژم...» نەک هەموو ڕۆژێ.

دەقەکەی شەرحی مامۆستا «تەمەننای» تێدا هاتووە لە جیاتی «تەمەننام» کەچی هەموو بەیتەکانی پێشووتر ڕوویان لە نالییە و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکیان تێدا بەکار هاتووە.

ئەو دەقەی من پەسەندی دەکەم لە سەرەتاکەیدا وشەی «ڕۆژم» دراوەتە ڕاناوی کەسی یەکەم. لەوە بەولا «تەمەننای» دەبێتە مضاف بۆ «مردن» وەک کە دەڵێی «هەموو کاتم دوعای بەرزیتە...».

لە لاپەڕە 85دا میسرەعی یەکەم بەیتی چوارەم بڕگەیەکی زیادە کە دەڵێ:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف.

لە شەرحەکەی مامۆستا بیارەییدا بەیتەکە کێشی تەواوە، ئەمەش دەقەکەی:

تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف

دەقەکەی ئەنجوومەن بەوە چارە دەکرێ یان بگوترێ «هەڵدا» لە جیاتی «هەڵداوە» یان ئەو «لە هەر»ە بکرێتە «هەر». ڕەخنەیەک لەم «هەر»ە بگیرێت لەلایەن تەواوی واتای میسرەعەکەوە بە نامەی ئەوەی دەبێ بگوترێ «هەڵداوە لە هەر طەرەف» نەک «هەر طەرەف»، ئەوسا عەینی ڕەخنە لە دەقەکەی شەرحی مامۆستاش دەگیرێ کە دەبوو بڵێ

«خەیمەیی هەڵداوە» نەک «خەیمەیی داوە». ڕاستییەکەی لەلایەن واتاوە بەپێی جەوازاتی شیعر هەردوو دەق ڕەوان تەنانەت «خەیمەیی داوە» جوانییەکی شرایەوەشی تێدایە کە خێوەت و ڕەشماڵ هەمووی «داو»ی چنراوە. من لە بەیتی دووهەمی ئەم پارچە شیعرە مەعنایەکی زێدە ناسک و قوڵ دێتە بەر هەستمەوە وابزانم نالیدۆستان بۆی نەچوون. بەیتەکە ئەمەیە:

لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵ چیهرە تێکەڵن
یەک ڕەنگ و متتەحید بەدڵ ئەمما بەتەن جوێ

شوێنی سەختی بەیتەکە لەوەدایە چۆناوچۆنی «موتتەحید بەدڵ» لەم دەقەدا جێی خۆی دەکاتەوە. دەزانین گوڵ و گوڵچیهرە کە تێکەڵن، لەلایەن جوانییەوە «یەک ڕەنگن» بەڵام بە لەش جودان، ئەی بەچی و لە چیدا «موتتەحیدن»؟ ئیتیحادەکەیان لە وشەی «گوڵچیهرە» پەیدایە کە وەسفێکی تەرکیبییە بە واتای جوانێکی ڕووی وەکوو گوڵ بێت، ئا ئەم وەسفە تەرکیبییە کە لە «گوڵ» و «چیهرە» پەیدا بووە وەها دەکات گوڵ خزابێتە ناو وشەکەوە بەو پێیە «گوڵ چیهرە» کیژی جوانە و «گوڵ»یش وا لە تەرکیبیدایە و بەیەکەوە «موتتەحیدن» کە موتتەحیدیش بوون یەک دڵیان دەبێت، هەر ئەم مەعنایەش، بێ ئەوەی هەموو کەس بۆی بچێت، تێکەڵبوونی گوڵ و گوڵچیهرە خەستتر دەکاتەوە... ئەم «استخدام»ەی لێرەدا نالی بەکاری هێناوە یەکێکە لە شاکارە هەرە بەرزەکانی ئەم بڵیمەتە بێرەزایە. گوڵ و گوڵچیهرە وا لە دەشتودەر تێکەڵ بوون، تێکەڵبوونیش یەکجار بەولای جیرانەتییەوە نزیکی لە یەکتر دەبەخشێ، بگرە لەوە پتر لێکتر نزیکبوون هەر پەیدا نییە مەگەر لە تەفاعولی کیمیایدا، کەچی نالی لە وشەی «گوڵچیهرە»دا ئەو نزیکییەی گەیاندە «ایتتیحاد» کە ئیتر یەکڕەنگ و موتتەحیدبوون بەدڵ دەبێتە تەحسیڵ حاسڵ...

لە شەرحەکەی مامۆستادا وای هێناوەتەوە کە گوڵ یاری بولبولە نازدارانیش یاری دڵدارانیانن «لەبارەی دەروونەوە هەموو لەیەک دەچن و بنیادەم ناتوانێ لەیەکیان جیا بکاتەوە» گۆیا ئەمە سیرڕی «موتتەحید بوون بە دڵ» بەدەستەوە دەدات. ئەو واتایە بولبول و دڵدارەکان لە خەیاڵەوە دەهێنێت و دەیکاتە بەخشیش بۆ شیعرەکە هەتا واتاکە ڕابگەیەنێ کەچی بەم حاڵەتەشەوە ئەوەی دەبنە «موتتەحید بە دڵ» گوڵ و نازدارەکان نین بەڵکوو بولبول و دڵدارەکانن چونکە ئەوان لە هەستی عیشقدا موتتەحید بە دڵن، گوڵی بەسەزمان لە کوێ و ئەم هەموو لێبارکردنەی هەست و سۆز لە کوێ، لە حاڵێکدا بولبول بە ئاسوودەیی ماوەتەوە. لە لاپەڕە 86ی ئەنجوومەندا دێڕی پێنجەم «بە ضەربە و حەملەیی» تێدا هاتووە ڕاستییەکەی «بە ضەربەی حەملەیێ»یە. لە پەراوێزیشدا هاتووە کە دیوانی شێخ ڕەزا «زەربی – ضەربی» تێدا هاتووە.

لە لاپەڕە 87دا «کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد» هاتووە میسرەعەکە لەنگ دەبێ:

کە عەبدوڵڵاھ پاشا لەشکری والی سنەی شڕ کرد

تەقطیعەکەشی بەم جۆرە دەبێ:

«کە عەبدوڵڵا» «ە پاشا لەش» «کری والی» «سنەی شڕ کرد». لە لاپەڕە 88 دیسان تووشی «عەشق» دێینەوە کە «عیشق»ە. هەر لەو لاپەڕەیەدا «خۆی بە قوربانی دەکا»ی ئەنجوومەن لەبارترە تا «خۆی بە قوربانت دەکا»ی شەرحەکەی مامۆستا چونکە وشەی «قوربانی» یەکەم کە «ی»کەی هی ڕاناوی کەسی سێهەمی تاکە هاوتای «قوربانی» دووهەمە کە «ی» نیسبەتە. یەک وشە دوو واتا ببەخشێت پتر بەلای مجێزی نالیدا دەچێتەوە. وشەی «تەننوور»یش لە بەیتی سێهەمی غەزەلەکە دەبێ «تەننور» بێت دەنا کێشی تەنبەڵ دەبێت. وابزانم وشەی «بوریان» لە بەیتی چوارەمدا دەبوو «بریان» بێ چونکە نە نالی بە «بوریان»ی نووسیوە کە ئەوسا لە جیاتی «ضمە» واو نەدەنووسرا، کوردیش گوتوویەتی «بوریان» ئنجا «بریانی» کە لە شیعرەکەدا ئەو «ی»ەی بە دواوەیە و ڕاناوی تاکە بەڕواڵەت لەگەڵ «بریانی» خواردنە مەشوورەکەی کوردەواری یەک وشەن هەرچەندە لەمیاندا «ی»ەکە هی نیسبەتە.

بەیتی سێهەمی بڕە شیعرەکەی لاپەڕە 90 کە «ئەمسەر و ئەوسەر» تێدا هاتووە لەنگ بووە دەبێ بنووسرێت و بخوێندرێتەوە «ئەمسەرەوسەر» بەسوواندنی هەمزەی «ئەوسەر».

وشەی «گوریزان» لە میسرەعی یەکەمی بەیتی یەکەمی لاپەڕە 91 دەبێ «گوریزان» بێت چونکە فارسییە و وەهای دەردەبڕن. میسرەعی یەکەمی بەیتی پێنجەم لەنگە، بڕگەیەکی زیادە. لە پەراوێزدا نووسراوە کە لە جیاتی وشەی «واهی»ی ناو دەقەکەی ئەنجوومەن وشەی «ئەو» هاتووە لە دەقی دیوانی کوردی:

لە پەردەی طاهری گەر بێ صەدای ئەو عاشقی یارم

بەمەدا چاری لەنگیەکەی دەکرێ بەڵام لەلایەن واتاوە زۆر هەژار دەبێ، یان هەر واتای نابێ. ئەگەر بەیتەکە بەم جۆرەی خوارەوە ئەوە بێ کە کوردی گوتوویەتی:

لە پەردەی طاهری گەربێ صەدای ئاھ و عەزای یارم
ئیتر حاجەت نییە بێنن مەلا بۆ وەعظ و تەلقیم

[«ئاھ و نزا»ش هەر باشە] ئەوسا دەڵێین چارەسەر کرا.

بەیتی دواینی شیعرەکە لە میسرەعی یەکەمدا «مەلائیک دێن و دەپرسن» واوەکە زیادە. لە لاپەڕە 92دا «ڕەحەندەی زیر» دەبێ «ڕەهەندی زێڕ» بێ. لە میسرەعی یەکەمی بەیتی سێهەم «موستەحەقی» هەم غەڵەتە هەم شیعرەکەی لەنگ کردووە، دەبێ بکرێتە «موستەحیقی». لە لاپەڕە 96دا وشەی «چەهرە» وەک بزانم «چیهرەیە». لە لاپەڕە 97 «چنکێ» هاتووە دەبێ «چنگێ» بێت لە 98دا وشەی «بوڕان» دەبێ «بوڕڕان» بێت لەبەر کێش. «قوڵابی»ش دەبێ بکرێتە «قوللابی» لەبەر هەمان سەبەب. لە 99دا «دەردی کارێ» دەکرێتە «دەردی کاری»

ئەی طەبیبی دەردی کاری مەرهەمێ

لە کۆتایی شیعرەکە «بو بێ غەمێ» دەبێتە «بۆ بێ غەمێ». یەکەم بەیتی لاپەڕە 100 لە پەراوێزدا:

صوحبەتی حوری بەهەشت، کەوتەرە
جوییار و لالەزار و هەمدەمێ

ئەم بەیتە مەعنای نییە، میسرەعی یەکەمیشی لەنگە، «جوییار»یش «جوێبار – بە واتای جۆگا»یە.

ڕەنگە بەم جۆرەی خوارەوە چارەی بکرێت ئنجا خۆ و تالع، سالم وەهای گوتبێ:

صوحبەتی حۆری بەهەشت و کەوتەری
جوێبار و لالازار و هەمدەمێ

وردەهەڵەی تریش لە غەزەلەکەدا هەیە وەک «ماتەمی دەگرێ – دەکرێتەوە: ماتەمێ دەگرێ»، «سەحەرگە - سەحەرگەھ»، «کاووس دڵ – کاووسی دڵ»، «طەرف باغ - طەرفی باغ»... لە لاپەڕە 101 دەبوو بەیتی دووھەمی قەسیدەی بولبولی طەبعم بخرێتە پێش دواین بەیتەوە بەم شێوەیە:

هەر کەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەطلەبی
خودپەسەندی بێ یەقین ئیظهاری نادانی دەکا

ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بی موراد و مەطلەبی
میثلی نالی ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکا

بەیتی دوایین ئیشارەتە بۆ ئایەتی «وأما بنعمة ربك فحدث» کەواتە نالی کە خۆی هەڵدەداتەوە لە بەیتەکاندا مرادی «خودپەسەندی» نییە بەڵکوو پێڕەویکردنە لە فەرموودەی ئەو ئایەتە. لەو بڕە شیعرەدا «موحتەشەم دێوانە» نووسراوە، «موحتەشەم دیوانە» ڕاستە. لە کۆتایی بەیتی پێنجەم «صورەت ئارایی» دەکا غەڵەتە «صورەتی مانی» ڕاستە. لە بەیتی شەشەم «بێ غەم و جەمعم هەیە» غەڵەتە «بێ غەم و جەمعم هەبوو» ڕاستە. بەیتێکی پڕ لە ئیشکالی ئەم قەسیدەیە لە دەقەکەی ئەنجوومەندا نەهاتووە، بەیتەکە ئەمەیە:

خەرقە پۆشێ کەی دەپۆشیی جەوهەری ذاتی ئەمن
بێتە نێو جیلوەی بوزوشتی خۆی بە عوریانی دەکا

ئەمە بەپێی دەقی ناو شەرحەکەی مامۆستا کە لە ناوتوێژی قەسیدەکەدا هاتووە بەڵام لە لاپەڕەی دواتر شکڵێکی دیکە تەرجیح دەکات بۆ ئەم بەیتە لە نێوان هەموو شکڵەکاندا:

خەرقە پۆشی کەی دەپۆشی جەوهەری ذاتی ئەمن
بێتە نێو جلوەی بڕشتی خۆی بە عوریانی دەکا

من لەگەڵ ئەم دەقەیان زیاتر دەسازێم بەڵام «ذاتی ئەمن» وەک چقڵە و دووڕە لە چەژی سازگاری شیعر. ئەمە لە بەیندا نەبێ واتاکە لەوانەیە قبوووڵ بکرێت. وەک منیش بۆی دەچم مەبەستی نالی ئەوەیە بڵێ جەوهەری ذاتی بە خەرقەپۆشی ناشرێتەوە، ئەو جەوهەرە کە بێتە نیو جیلوەی بڕشتی خەرقەکەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەگەر زۆر شارەزای بابا تاهیری هەمەدانی بوومایە کە نازناوی عوریانە لەوانە بوو حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی سۆفیگەریی ئەو مەزنەپیاوە ببینم بۆ ئێرە دەست بدات. دەبێ بڵێم دەستنووسم دیتووە لە جیاتی «ئەمن» وشەی «أحق – ئەحەق»ی هێناوە. لە لاپەڕە 104 وشەی «هوزار» کە لە دەقی قەسیدەکە و لە پەراوێزیشدا لیژنە هەر هوزاری نووسیوە هەڵەیە و «هەزار» ڕاستە. بەیتی قەسیدەکە لە میسرەعی یەکەمدا کە دەڵێ:

هەر دار و بەرد و هەر گوڵێ ڕەنگێ خەلاتییە

تێ ناگەم لیژنە وەیا بڵاوکەرەوە لە کوێوە ئەو نیشانانەی سەر دوو «ێ» وشەی «گوڵێ، ڕەنگێ»ی هێنان، خۆ لەو سەردەمەی فەیزی بەگ کتێبی چاپ کردووە نیشانە پەیدا نەبووبوو. ڕاستیی بەیتەکە ئەوەیە لە دەقی ناو شەرحی مامۆستادا هاتووە.

هەر دارە بەرگ و هەر گوڵە ڕەنگێ خەلاتییە

بێگومان لەسەردەمی فەیزی بەگ نیشانەی سەر «ڵ» و ژێر «ڕ»یش پەیدا نەبووبوو، ڕەنگە وەهای نووسیبێ:

هر دار و برد و گله ڕنگی خلاتیه

له لاپەڕە 105ی ئەنجوومەن و لاپەڕە 316ی شەرحی مامۆستادا ئەم میسرەعەی سەرووی شیعرەکە:

شەقی کە غەیری حوببی تۆی تێدا بێ

بەلای منەوە لە جیاتی «شەقی کە» ڕاستترە ئەوەیە لە بەپەراوێز لە شەرحدا «ئەگەر دڵ» هاتووە چونکە کە «شەق کرا» تاز دەرهێنان و دەرنەهێنان بۆچی؟

ئەگەر دڵ غەیری حوببی تۆی تیا بێ
بەدەستی خۆت دڵم دەربێنە قوربان

لە شەرحەکەی مامۆستادا هاتووە ((وشەی دڵم لە لایێکەوە مەفعوول بیهی «شەقی کە»یە و، لەلایەکی کەوە موبتەدایە و «غەیری...تاد» خەبەریەتی)). وابزانم شەرحەکە بەسەهوو چووە چونکە «شەقی کە» ئەو «ی»ە «شەقی» کە ڕاناوی کەسی سێهەمی تاکە مەفعوول بیهییە تێیدا مومکینیش نییە بە پێی دەستووری «اشتغال»ی عەرەبی «دڵم» ببێتە مەفعوول وەک کە دەگوترێ «أخاك رأيته» چونکە «دڵم دەربێنە» بریتییە لە مەفعوول بهی «دڵ» و فاعیل «ڕاناوی کەسی دووهەمی تاک» و فیعلی «بێنە، دەربێنە» ئەوەندە هەیە ڕاناوەکە لە ڕێژەی «ئەمری صریح»ی کوردیدا بۆ کەسی دووهەمی تاک دەرناکەوێت و هەر جارە لە شکڵی بزوێنێکدا دەردەکەوێت، وک: «بگرە، بخۆ، بڵێ، بژی،...» کە ئەمرەکە بووە بە ناسەریح ڕاناوی دەردەکەوێت وەک : «بگرێت، بخورێت، بڵێیت، بژیت، بدەیت...».

ڕستەی «دڵم دەربێنە» موبتەدای تێدا نییە چونکە ئەمرە و ڕستەی «انشائی»یە «دڵ»یش مەفعوول بیهی فیعلی «دەربێنە»یە نەک هی فیعلی «کە، بکە»، لە ڕستەی «شەقی کە»دا ئەگەر گوترابا «شەقی کە دڵم» و «دەربێنە» لە بەیندا نەبایە ئاشکرایە دەبووە مەفعوولی «شەق بکە». ئەوسا ئەگەر «شەقی کە دڵم» هاتبایە دەشیا لە ڕێی «اشتغال»ەوە هەم «ڕاناوی کەسی سێهەمی تاک» و هەم «دڵ» ببنە مەفعوول بیهی بەڵام لە کوردیدا ناشی بگوترێ «دڵم شەقی کە، نانم بیسووتێنە، دارا حەبسی کە» وەک لە عەرەبیدا جایەزە: «قلبی شقه، خبزی أحرقه، دارا فاحبسه...» من لە جیاتی «تێدا» هاتم «تیا»م نووسی، ئەم «تێدا»یە لە شوێنی ئەوتۆیی کێشی شیعرەکە تەنبەڵ دەکات، «نالی»یش بەپێی داخوازی سەلامەتیی کێش هەر جارە یەکێکیانی بەکارهێناوە

یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەند دەمێ.
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا

وشەی وەک «تێدا، تیا» هەن هەر جارە بە جۆرێک لە کار هاتوون. لە نموونەدا: چونکی، چونکە، هەریەکە جێی خۆی هەیە. لەم بەیتەدا:

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

وشەی «چونکە» دەست نادات تومەز بزوێنی کۆتاییەکەی «چونکە» لەبەر کێش دەبێ درێژ بکرێتەوە خۆ «فتحە»ش درێژکردنەوە تەحەممول ناکات. لە لاپەڕە 106 نموونەیەکی ئەم لەکارهێنانەی نابەجێ هەیە کە لە سەرەتای بەیتی چوارەمدا نووسراوە

چونکە ڕەسەنن ورد و شتیان هەموو جەنگین
مەی ساریە نەشئەی چلە دوڕدا چ لە سافا

دەبوو «چونکی» بنووسرایە. وشەی «دوڕدا» لە میسرەعی دووهەم هەڵەیە و مەعناشی نییە ڕاستەکەی «دوردا»یە. «دورد» بە واتای خڵتەی شەراب دێت. گەلێک جاران کوردەکە دەڵێ «وێردی شەراب» تومەز «دورد»یان نەبیستووە. لە بەیتی پێنجەمدا کە نووسراوە:

وابێ غەم و پەروا دەچنە عەرەصەیی مەیدان

وشەی «عەرصەیی» لەنگی کردووە دەبێ «عەرەصەیی» بێت. لە بەیتی حەفتەم نووسراوە.

عوسمان بەگیان میرە ئەو وەقتی بڵێ دەی

من بیستوومە و خوێندوومەتەوەش:

عوسمان بەگیان میرە کە وەقتێکی بڵێ دەی

وشەی «ئەجنە» لە بەیتی پایینی قەسیدەکەدا دەبێ «ئەجیننە» بخوێندرێتەوە. هەروەهاش وشەی «رفاعی» لە میسرەعی دووهەمدا دەبێ «ڕوففاعی» بێت لەبەر کێش لاپەڕە 108.

لە میسرەعی یەکەمی لاپەڕە 114دا «چ مەظلوم» بەحری غەزەلەکەی لە 16 برگەوە کردووەتە 13. دەبێ بنووسرێ «من چەندە مەظلومم». وشەی «ڕەنجەڕۆم» لە میسرەعی دووهەمدا یەکجار بە نالەباری دەخوێندرێتەوە تا کێشی ساز دەبێ، من بامایە دەمنووسی:

چ مالّ وێران و ڕەنجیدەم چ مەهمومم چ مەغمومم

وشەی «ذەڕە» دەبێتە «ذەڕڕە» لەبەر کێش «بەیتی دووهەم». نیوەی یەکەمی بەیتی چوارەم دەبێ:

عەلاوەی دەردی دونیایی لە لاییێکی کەوە خۆمی

بنووسرێت لە جیاتی «لەلاییێکەوە». ئەمما بەیتی پێنجەمی قەسیدەکە بە ڕاستی هەموو کەموکوڕییەکی تێ هێناوەتە، هەزار جار ڕەحمەت لە گۆڕی ئاهی:

هەتا مردن بلا مەشغولی ئاهـ و شین و زاری بم
کە دونیا وابێ، طالع وابێ، دوشمن وابێ، مەعدوومم

غەزەلەکەی دیکە «ئاهی» لە لاپەڕە 115دا کەموکوڕیی لێ پەیدا بووە بە دەست نوسخەنووسانەوە. من لێرەدا لە بەر نرخی غەزەلەکە ئەو بەیتانەی هەڵەی کەوتبێتێ بە ڕاستی دەیاننووسمەوە:

نوکتەی دەمی مەخفی لە فلاطوونی خەیاڵە
سیرڕێکە بە صەد فەلسەفە ئیضاحی موحالە

من سەطحیی ئەم عیلمە لەو وەقتەوە قوربان
نەوخیزی خەطت حاشییەیی فەننی جەمالە

پەروانە صیفەت دڵ بەچرای عاریفی پاکت
سەر باختەو و سووختەیی بێ پەڕ و باڵە

سەرمەست و بریندارى موژە و چاوى خوماره
ماتەم زەدەوو شیفتەیی پەرچەم و خاڵە

لە میسرەعی یەکەمی دواینی بەیتی لاپەڕە 116 وشەی «قوربان» دەبێتە «قوربانی». ئەم «ی»ە بۆ ئیزافەیە بێ ئەو واتا نامێنێ.

«ویقار» لە بەیتی سێهەمی لاپەڕە 117دا دەبێتە «وەقار». وشەی «جەواد» لە بەیتی چوارەمدا «جەوواد» دەخوێندرێتەوە دەنا کێشی لەنگە. «هەر وەکوو» هەڵەیە «وەکوو» جێی خۆیەتی، نیوەدێڕی دووهەمی بەیتەکە کە دەڵێ: زەڕهەمی بە قنطار هەمی بەخشەد... لە لیستەی هەڵەکاندا ڕاست کراوەتەوە کە دەبێ «هەلی» یەکەم لاچێت.

لە لاپەڕە 118 «بێ شەمەو» دەکرێتە «بێ شەمەوو» لەبەر کێش. فەیزی بەگ وای زانیوە «بیشمە» وەک «شاور و شێتنە» ناوی دێیە، لێژنەش لێی بێدەنگ بووە. لە ڕاستیدا تووتنی بێ تەمە نەوعێکە لە هی هەرە چاک کە بێنی خۆشە «بێ شەمە= بیە شەممە – خۆش بۆن...» وشەی «زۆر» لە بەیتی چوارەمدا دەبێتە «زۆرە» هەم بۆ تەواوکردنی واتا و هەم لەبەر خاتری کێش.

من «بێ شەمەو»م ڕاست کردەوە لەبەر کێش، دەبێ بڵێم نیوە بەیتەکە بەم جۆرەیە:

بۆ تووتنەکەی بێ شەمەیی شاور و شێتنە

واتە «تووتنی بێ شەمای شاور و شێتنە».

لە میسرەعی یەکەمی بەیتی دووهەمی لاپەڕە 120 «لە بازاڕی غەم و عەشقی کەللەمدا» دوو هەڵە هەیە یەکیان «عەشق» کە «عیشقە»، دووهەمیان «کەللەمدا» کە کێشی شیعرەکەی شێواندووە، یا دەبێ «کەلەمدا» بخوێندرێتەوە یا دەبوو شاعیر بڵێ «عیشقی سەرمدا، دڵمدا» وشەی «کورە» دەکرێتە «کوورە»، وشەی «ماهـ» دەکرێتە «ماهـ و». میسرەعی کۆتایین وەها باشە:

فەلەک دەگری مەلائیک دێتە نالّین

نەک «دەگرێ، مەلائک» وەک لە کتێبەکەدا نووسراوە.

لە لاپەڕە 121 «لوججەی ظەرف» بە «زریەی قوولّ» لێک دراوەتەوە. وەک بزانم «لوججە» بە واتای «لووزەو» دێت. لەلایەن «زەرف»ەوە ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم قامووسی فارسیشم لا نییە بۆی بگەڕێم. دەشێ لە «ظەرف»ەوە هاتبێت. لەلایەن ڕێنووسەوە نموونەی تێکەڵبوونی دوو ڕێنووس لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا لەلایەن لێژنەوە نووسراوە «درگەشت». لەعەینی دەقی غەزەلەکەدا سەرلەبەری دێڕە شیعرە فارسییەکە بە ڕێنووسی فارسییە. لێرەدا کوردی و فارسی تێکەڵن، دەبوو بنووسرێ «دەرگەشت» یان بە هەمان شکڵی سەرووتر ڕای گوێستبایە پەراوێز.

وشەی «کنار» لە پەراوێزدا بە«بەڵاڵووک» لێک دراوەتەوە. ئەمە دەقی میسرەعەکەیە:

زاشک سرخم شد کنار ازداغ هجران لالەزار

بەپێی بۆچوونی لێژنەکە «کنار» بەلاڵووک بێت ئەمە واتای بەیتەکەیە: لە فرمێسکی سوورمەوە بەلاڵووک لە داغی دووری بووەتە لالەزار. هەڵبەت ئەم واتایە لە نوکتە دەکات نەک لە شیعر، «کنار» بە واتای تەنیشت و ڕوخ دێت وەک کە دەڵێی کەناری دەریا. بەو پێیە واتاکەی دەبێتە: «لە فرمێسکی سوورمەوە تەنیشت و ڕوخم، لە داخی دووری بووەتە لەلازار». ئەم شیعرەی مەولانا خالید بەیتێکی «کەلیممان» بە بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

شود دامەنی ئەلوەند کنارەم ز گولی ئەشک
کردیم دەوا داغی فیراقی هەمە دانرا

واتە: تەنیشت ڕۆخم بووەتە دامەنی کێوی ئەلوەند بە گوڵی فرمێسکم. «بەوەدا» داغی فیراقی هەمەدانم دەرمان کرد. مەولانا خالید جارێکی دیکەش کەلیممان بە بیر دێنێتەوە کە لە بەیتی پێنجەمدا دەڵێ:

«بکرەجو»یی شد زهر چشمم ڕوان از خون دل
عاقبت کردم دوا داغ فراق سرچنار

واتە یەک بەکرەجۆی خوونی دڵ لە هەر چاوێکمەوە ڕەوان بوو. ئاخری داغی دووری سەرچنارم دەرمان کرد. بەیتەکە وەها دەخوێندرێتەوە:

بەکرەجۆیی شود ز هەر چەشمەم ڕەوان ئەز خوونی دل
عاقیبەت کەردەم دەوا داغی فیراقی سەرچنار

لە لاپەڕە 124 ئەم سەهووە بچووکانە هەن، لە میسرەعی دووهەمی بەیتی یەکەمدا «دوڕو» دەکرێتە «دوڕڕو». لە میسرەعی دووهەمی بەیتی دووهەمدا «ڕەعییەت – ڕەعییەت». لە میسرەعی سێهەمدا کە پێشتر لە میسرەعی دووهەمدا نووسرابوو «موفاجات» دەبێ لەوێشدا بنووسرێ «موکافات» نەک «مکافات» لە میسرەعی چوارەمدا «دونیاو» دەبێتە «دونیاوو». لە مەقتەعی سێهەمدا «ئەفسوردەی» دەکرێتە «ئەفسوردەیی». لە مەقتەعی چوارەمدا وشەی «ئەوەل» دەکرێتە «ئەووەل». لە لاپەڕە 125 وشەی «لاف» بە «ئیدی» لێک دراوەتەوە. من ئەم وشەیەم بەم واتەیە نەبیستووە ناشزانم «ئیدی» غەیری واتا مەشهوورەکەی هەبێ. «لاف»یش بە واتەی دەعیە و کەشوفس ڕۆیشتووە. وشەی «باقڵ» کە بە «وا دیارە» لێک دراوەتەوە دەبوو بە «بە عەقڵ» شەرح بدرێتەوە کە هەر خۆیەتی بووەتە «باقڵ».

لە لاپەڕە 126، بەیتی چوارەم نووسراوە:

هەم هەمعینانی ئاهم و هەم ڕێکابی ئەشک

دەبێ بنووسرێ:

هەم هەمعینانی ئاهم و هەم هەمڕێکابی ئەشک

دڵنیاش نیم لەوەدا وشەی «عنان» ئایا «عینان» یان «عەنان» دەخوێندرێتەوە. لە بەیتی شەشەمدا «تۆی طاهیرو» دەبێ «تۆی طاهیر» بێ دەنا کێش دەشێوێ. نیوەبەیتی دووهەمی پێش کۆتایی بەیتەکان لەو لاپەڕەیەدا دەبێ بەو دەقە بگۆڕێ کە لە پەراوێزدا هاتووە «ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور». وشەی «فەوەران» لە میسرەعی هەرە دواینداا دەکرێتە «فەوران» لەبەر کێش.

[لە لاپەڕە 124 بەسەر سەهوویێکدا کشیم، لێرە بۆی دەچمەوە، لە مەقتەعی یەکەمی تەخمیسەکە جارێکیان «عومەر» و جارێکیان «عەمر» نووسراوە. «عومر» ڕاستە. لە شەرحەکەی مامۆستاش هەردوو «عومر»ن. (ل 367 ی شەرحەکە)].

لە لاپەڕە 127 وشەی «ئاوێنە» وا باش بوو بە «ئاوینە» بنووسرێت و لە شەرحدا بگوترێ وشەکە هەردوو شکڵی «ئاوێنە، ئاوینە» هەڵدەگرێت چونکە سەرچنار بریتییە لە «ئاو» و دەشێ وەکوو «گلێنە – مەسینە...» بە «ئاوینە – لە ئاو دروستکراو» بڕوات، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە «ئاوێنە»یەک شکڵی ئاسمان بداتەوە. ئنجا لێرەدا تەڵەیەکی فکری هەیە هەموو نالیدۆستان پێوەی بوون. لە شەرحی مامۆستادا دەقی بەیتەکەدا وا هاتووە:

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکێشن وەک شەهابی نوور

لەگەڵ دەقی «ئەنجوومەن» تەنیا «ڕادەکێشن» فەرقە لە نێوانیاندا. شەرحی مامۆستا هاتووە ڕاکشانی ئەستێرەکانی ئاسمانی بە وردە بەردی ناو سەرچنار شوبهاندووە کە ئاوی ڕەوان بەسەریاندا دەکشێت وا دێنە بەرچاو بجووڵێنەوە و بکشێن. ڕاستیی مەسەلەکە شتێکی یەک جار دووڕە لەمە. «ئەستێرە - ئەستێرەکانی» لە کوردیدا کە «ئەستێرک»یش هاتووە بە عەنباراوی ئەوتۆ دەڵێن بۆ مەبەستی پتر سوود لێ وەرگرتنی، لەو حەوزە هەڵنراوە کۆمەڵ دەکەن تاکوو کاتێک کونی مەجراکەی کرایەوە بە غوردەم بڕوات و بگاتە شیناوورد، ئنجا نالی دەڵێ ئەو ئاوە ڕاوەستاوانەی لە سەرچنار پەیدا دەبن هەریەکەیان «ئەستێرە»یەکە و بەشریتە وەک «شیهابی نوور» ڕادەکشێن. «ئەستێرەکانی» بە بەریەوە هەیە ببێتە دوو وشەی سەربەخۆ «ئەستێرە - کانی» واتە ئەستێرە و کانی ڕادەکێشن وەکوو شیهاب «ئەستێرە، کانی ڕادەکێشێن وەک شیهابی نوور». وشەی «ئەستێرە، ئەستێرەک» لە فارسیدا «استخر» و لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا «سیستەرن» هاتووە لە هەمووری یەک ڕیشەن. مەرحووم مامۆستا سەجادیش لە شەرحی ئەم بەیتەدا هەر بە واتای ئەستێرەی ئاسمان بۆ «ئەستێرەکانی» چووە.

لە ئاست بەیتی سێهەمی لاپەڕە 127 کە دەڵێ:

دەموت دوو چای خۆمە ئەگەر بەکرەجۆیی ئەشک
نەبوایە تیژ و بێ تەمەر و گەرم و سوێر و سوور

پێویستە نیگای خوێنەر بۆ شەرحی بەیتەکە لە «دیوانی نالی» مامۆستا بیارەیی ببەمەوە کە زۆر ئوستادانە گوتوویەتی وشەی بەکرەجۆ لەم بەیتەدا «متنازع فیە»یە، هەم بۆ فرمێسکی چاو و هەم بۆ جۆگەی بەکرەجۆ دەچێتەوە واتاکەشی بەم جۆرە دەبێ: ئەگەر بەکرەجۆی فرمێسکم تیژ و بێ ئەمەر و ئەگەر سوێر و سوور نەبوایە دەمگوت جۆگەی بەکرەجۆیە.

ئەم «تنازع»ە خزمی ئەو لێکدانەوەیە کە من لە ئاست «گوڵ و گوڵچیهرە»دا کردم بەڵام لەوێدا «گوڵ» کە «متنازع فیە»یە دوو جاران ناوی هاتووە، یەکیان بەشێوەی سەربەخۆ «گوڵ» دەچێتەوە بۆ «بەتەن جۆی» کە لەگەڵ کچە جوانەکانی ئەو دەشتە تێکەڵ بوون. دووهەمیان لە تەرکیبی «گوڵچیهرە»دا گوڵەکە دەچێتەوە بۆ «یەکڕەنگ و موتتەحید بە دڵ». لەفزی «گوڵچیهرە» خۆیشی تێکەڵبوونەکە تەئکید دەکاتەوە ئنجا بەوەدا «تنازع»یێکی دووهەم بۆ «تێکەڵ»بوونەکە پەیدا دەبێت کە جارێکیان گوڵ و کچەکان بە لەشی جوداوە تێکەڵن و جارێکیش لە وشەی «گوڵچیهرە»دا تێکەڵی لەش و لەشیش پەیدایە. بەو پێیە دووبارەبوونەوەی ناوی گوڵ واتای بە زیادەوەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لە لاپەڕەکەدا وشەی «حەتا»ی ئەنجوومەن و «هەتا»ی شەرحی مامۆستا بیارەیی دەبێ «حەتتا، هەتتا» بخوێندرێتەوە بۆ خاتری کێش. لە دەستنووسدا دیتوومە «هەرتا» نووسراوە. لە بەیتی دواتردا، میسرەعی دووهەمی بەیتی پێنجەم، وشەی «کاکۆڵ» کێشی شیعری تەنبەڵ کردووە دەبێ «کاکۆڵ» بنووسرێت و بخوێندرێتەوە.

له میسرەعی دووهەمی بەیتی دووهەمی لاپەڕە 128 «تەفرەقەیی شۆڕش و نشوور» دەبێ «تەفرەقەیی شۆڕشی نشوور» واتە بڵاوە لێکردن و تێکهاوێشتنی ڕۆژی زیندووبوونەوەی قیامەت.

لە بەیتی پێش کۆتایی ئەو لاپەڕەیەدا «مونەوەرە» دەکرێتە «مونەووەرە». لە میسرەعی هەر پایین «صوفیی» دەکرێتە «صوفیی». دەشبوو بڵێم لەلایەن زمانەوە «تفرقە»ی عەرەبی «تەفریقەیە» نەک «تەفرەقە» وەک «تزکیة، تروية، تهوية، تنشئة...».

لە بەیتی دووهەمی لاپەڕە 129 «دیدەیی» دەکرێتە «دیدەی». لە پاش ئەم بەیتە وشەی «سەبزەی» دەکرێتە «سەبزەیی»، لە بەیتی چوارەمدا «یاری تێدایە» بەیتەکەی تەنبەڵ کردووە دەبێ «یاری تیایە» بنووسرێت. لەدوای ئەمە «تخوا»ی پەراوێز ڕاستە نەک «توخودا» مەگەر بخوێندرێتەوە «توخدا». لەبەیتی حەفتەمدا «خیلال» بەلیغترە لە «هیلال» چونکە خیلال جەمعی «خل» و بەو پووشکە و دارۆچکەیە دەڵێن ددانی پێ خاوێن دەکرێتەوە، ئەمیش مناسبی مەعنای بەیتەکەیە کە دەڵێ:

زارم وەکو خیلال و نەحیفم [یاخود: ضەعیفم] وکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوطور؟

دەبینین «خلال» دەکەوێتە زار و خەیاڵیش بە دڵدا خوطور دەکات. وشەی «نەحیفم، نحیفم» وا بووە «سخیفم» نووسراوە، ئەویش هەر مناسبە.

بەیتی دواینی شیعرەکە لە لاپەڕە 130دا «ئەی داری سەنگدل» هەرچەندە جوانە لەلایەن جووتە واتای «درەخت و خانوو»ەوە بەڵام چونکە نامەیە و بۆ سالم چووە «ئەی یاری سەنگدل» جێی خۆیەتی. لیژنە دژی ڕایەکی هەوەڵین خۆی «دار»ی پەسەند کردووە نەک «یار» کە لە شەرحی مامۆستا بیارەییشدا «یار» هاتووە.

وشەی «شانە زەن»ی ئەنجوومەن لە بەیتی دووهەمی لاپەڕە 131 دا نادروستە «وەی شانەزەن»ی پەراوێز 3 ڕاستە. لە بەیتی سێهەمدا «غونچەی دەمی» نالەبارە «غونچە دەمی» ڕاستە.

کەی دێتە خەندە غونچە دەمی بێ وەزیدەنت

بەیتی چوارەمی ئەم لاپەڕەیە کە ئەمە دەقیەتی:

ئیحیا کونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعناکەشی لە تەرباییەتی قامەتت شەجەر

ئا ئەم بەیتە بەم دەقەیەوە غەڵەتە، لیژنەش هەر ئەوەندەی کردووە کە پەراوێزی ژمارە پێنجی هێناوە، لە ئاست «ڕەعناکەشی» گوتوویەتی «ڕەعنا گوشا» لە شەرحی مامۆستای بیارەییدا هاتووە. دەبوو ئەوەندەی هەر تێدا بڵێ ناشێ «قامەتت» ڕاست بێ چونکە ڕووی قسە لە بای سەحەرە کە ئەوی نەبێت قامەتە. دەقی ئەم بەیتە لە کتێبی [دوو چامەکەی نالی و سالم]ی مامۆستا سەجادی بەم جۆرەیە:

ئیحیا کونی جەمیعی نەباتاتی عالەمی
ڕەعنا گوشا لە تەرباییەتت قامەتی شەجەر

بێگومان ئەمەیان بێعەیبە هەرچەندە ناتوانم بڵێم بێ گۆڕان لە سالمەوە پێمان گەیشتووە. لە شەرحەکەی مامۆستای بیارەییشدا ئەم دەقە هاتووە. من پێی ڕازیم. بەیتی شەشەم لە کتێبەکەدا نووسراوە:

هیممەت کە، کە چاپووکان، بە ئیجرایی مەطلەبم
لێرە بڕۆ وەکو، کە لەوێ هاتی وەک تەتەر

لە لیستەی هەڵەکان ئیشارەت دراوە بۆ ئەوەی «کە چاپووکان» هەڵەیە «چابووکان» ڕاستە بەڵام نازانین بۆچی چاپووکانی گۆڕیوە بە چابووکان. ئەمە زۆر سەیر نییە بەڵام لە پەراوێزدا دەڵێ نیوەی دووهەمی بەیتەکە لە [دوو چامەکەی مامۆستا عەلائەدیندا] بەم شکڵەیە:

لەم سەر بڕۆ وەک بەرید و لەوێ بێ وەکو تەتەر

دەبوو هەر نەبایە بڵێ «لەوێ بێ» هەڵەیە چونکە قسە لەگەڵ کەسی دووهەمدایە نەک کەسی سێهەم، لەمانە بترازێین دەگەینە غەڵەتە زلەکەی کەر هەرباسی نەهاتووە بیریشی لێ نەکراوەتەوە: ئەم دەقەی نیوەبەیتی کە لە [دوو چامەکەی مامۆستا سەجادی] هاتووە لە جیاتی 14 بڕگە گەیشتووە بە 16 بڕگە. ڕاستی نیوە بەیتەکە ئەمەیە:

لەم سەر وەکو بەرید و لەوێ بە وەکو تەتەر

کە دەڵێم «لەوێ بە» نەک «لەوێ بی» لەو ڕووەیە، سەرەتای بەیتەکە «هیممەت کە» بە ئەمری سەریح نەک ناسەریح هاتووە لەبەر ئەمە پێویستە ئەمری بەیتی دووهەمیش هەر سەریح بێ. ئەگەر لە سەرەتاوە «هیممەت کەی» کە ئەمری ناسەریحە هاتبایە دەشیا و دەبوو لە کۆتایی بەیتەکەدا «لەوێ بی» بێت. دیققەت بفەرموون ئێمە دەڵێین: «دەبێ لەوێ بی» چونکە ئەمرەکە ناسەریحە. هەرگیز ناشێ بڵێین «دەبێ لەوێ بە» چونکە ئەم دەقە بڕیەی تێدایە هەڵناگرێ زەمینی بۆ ساز درێ بە عیبارەتی وەکوو: «دەبێ، پێویستە، وا چاکە و مەصڵەحەتە... هتاد». ئەم سیفەتەی «ناصەریح» وەهای کردووە دەقەکەی بۆ مەرجیش دەست بدات وەک کە دەڵێیین: «ئەگەر لەوێ بی دێمە لات» ئەم سروشتەی ئەمری لێ ناگەڕێ بە ڕێژەی سەریح بۆ غەیری کەسی دووهەمی تاک و کۆ بەکار بێت. باسەکە پتری بە دەمەوەیە، لێی کورت دەکەمەوە.

چامەکەی نالی و سالم لە ئەنجوومەندا چەندین بەیتیان کەمترە لەو دەقەیان کە لە شەرحی مامۆستای بیارەییدا هەیە. پاش ئەم دوو چامەیە دەگەینە «شەکوا حاڵ»، «عارف». پێی ناوی من خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بم چونکە لە لاپەڕەکانی 134، 135، 136، 137ی کتێبی ئەنجوومەن. لیژنە دەقی هەڵبەستەکەی لە کتێبی «لە خەوما»وە ڕاگوێستووە و زۆربەی هەر زۆری هەڵەکان لەو دەقەدا ڕاست کراوەتەوە.

لە لاپەڕە 142 وشەی «موتتصەف»ی سەرەتای بەیتی دووهەم «موتتەصیف»ە. «موشەڕەف»یش «موشەڕڕف»ە «تەجەلا»یش «تەجەڵڵا»یە کە ڕاستییەکەشی «تەجەللی»یە بەڵام گەڵێک وشەی دیکەی وەک «تەوەڵڵا، تەمەننا، تەسەللا...» خۆی لە ئەدەبی کوردی جێگیر کردووە.

لە لاپەڕە 146 بەیتی دووهەمی لاپەڕەکە کە دەڵێ:

ئەحوەلی تەفرەقی نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عاریفی حیکمەت ئاشنا لەم قصەیە ئەدەب دەکا

دەبێ «حیکمەت ئاشنا»ی تێدا بکرێتە «وەحدەت ئاشنا» چونکە کە یەک بە دوو دیتنی خێل «ئەحوەل» بەتاڵ بکرێتەوە دەبێ «وەحدەت ئاشنا»ی لێ ڕاست بکەیتەوە. لە جیلی پێش خۆمم بیستووە [وابزانم لە ساڵی 1937 ڕەفیق ئەفەندی

خادم السجادة، له باداوەی مەلا ئەفەندی، بۆی گێرامەوە] کە موفتی زەهاوی گوتوویەتی: مەبەسی نالی لەم ئەحوەلی «تەفرەقە نەظەر»ە من (واتە: موفتی) بووە.

بەیتی دووهەمی لە ئەنجوومەندا کە ئەمە دەقیەتی:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەحثی گیاھ و گوڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنە ماچی لەب دەکا

لە دیوانی نالی، شەرحی مامۆستادا، میسرەعی بەیتەکە وەها هاتووە:

سەهمو نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاھ و گڵ نییە

هەڵبەت «گڵ» ڕاستە نەک «گوڵ» چونکە تووتن گیایە و مۆدنە گڵە نەک گوڵ، لە خوا لێخوشبووی، شێخ نەجمەدینی شێخ کەریمی بەرزنجی، کە خاڵی مامم و پیاوێکی موسڵمان و ئەدیب و خاوەن تەکیە بوو لە کۆیێ، ئەم بەیتەی دەخوێندەوە بە سۆز و کڵپەی دەروونەوە تا ڕادەی گەرمهاتن، دەیگوت:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاھ و گڵ نییە

من ئەمەیان کارم تێ دەکات.

لە لاپەڕە 147دا «لە شکەنجەی شکەنجی زوڵفی» هەڵەیە ڕاستەکەی «لە ئەشکەنجەی شکەنجی زوڵفی»یە.

بەڵای منەوە بەیتی پێنجەمی ئەم لاپەڕەیە کە دەڵێ:

فیدای تەشریفی ڕێگەت خەراجات و خەزینەی دڵ
نیثاری خاکی بەرپێت بێ لە چاوما قەطرەیێ مابێ

لە شەرحی مامۆستاشدا مصرەعی دووهەمی ئەمەیە:

نیثاری تۆزێ پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ مابێ

هەردوویان شێواوییان تێدایە. مصرەعی دووهەمی بەیتەکە دەبێ وەها بێ:

نیثاری خاکی بەرپێت بێ لە چاوا قەطرەیێ مابێ

لە میسرەعی یەکەم گوتی «خەزێنەی دڵ» نەک «دڵم». زەوق وەها دەهێنی «چاو»یش بەبێ ئیزافە بۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بە ڕەهایی بمێنێتەوە و نەکرێتە «چاوما». لەلایەکی دیکەشەوە بێگومان نالی نووسیوەتی «خراجات و خزینەی دڵ»، لەفزی «خراجات» دەشێ «خوراجات» بخوێندرێتەوە لە «خورڕاج»ەوە دێت کە لە ئاکامی برین و هەڵئێشانی دڵ پەیدا دەبێت، «خزینە»ش دەلالەتی خەزنەکردنی برینی پێوەیە. شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەم لایەنە، عیشق و خۆشەویستی داناوە بە خەراجات و خەزینەی دڵ حەقیشیەتی بەڵام نەک لە پشتگوێخستنی خوراج و خەزنەکردنی شەرحەکەی مامۆستا بۆ ئەوە چووە کە «لە چاودا قەطرەیێ مابێ - بەیتی دەقی پەسندکراو لەلایەن خۆیەوە» ئەو «مابێ»یە دەکرێ بە «مابێ – ماء بێ» واتە «ئاو بێ» لێک بدرێتەوە باشیشی بۆ چووە.

بەیتی کۆتایی ئەم لاپەڕەیە کە نووسراوە:

لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی پرتەوبەخشی شەوگەردان
کە «نالی» وا لە حاڵەتی محاقی ماهی نەودایە

وشەی «دووریی» تێیدا هەڵەیە و واتای مەبەسی بنەڕەتی بەیتەکەی کوشتووە، دەبێ «لە دەوری تۆیە» بێت، چونکە مانگ بەدەوری ڕۆژەوە دەکەوێتە محاق هەتا لێی دوور بێ بەرەو «بەرد» دەڕوات. من ئەم مەعنایەم لە کتێبی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی»دا بە دریژی شی کردۆتەوە، لە شەرحەکەی مامۆستاشدا [پەراوێزی لاپەڕە 561] ئیشارەتی بۆ کراوە بەڵام شەرحەکەی خۆی هەر لەسەر ڕەچەی کۆنینەی واتالێدەرەوان دەڕوات کە گۆیا نالی لە «دووری» یاردا وەک هیلال محاقی مانگی نوێی لێ هاتووە، هەرچەندە لەلایەکی دیکەوە دەشڵێ ئەم واتایەی «دەور» لەگەڵ وردەکاریی نالی پتر بەدڵدا دەچێ ئەمما... هتد.

من لە بینینی خۆمەوە و لە زەروورەتی ڕاگەیاندنی بەیتەکانی ئەم غەزەلە هەر ئەوەم لە بەردەستدایە کە بڵێم غەزەلەکە تەجرەبەیەکی عەمەلیی دەمی گەنجایەتیی نالییە کە بە شەو پارێزی بۆ سەر خەوگەی یاری بردووە تا «هەناسەم زۆڵفەکەی لادا...» بەیتەکان هاواریانە. نالی وەسفی یارێکی پەریچیهرەی خەولێکەوتووی تەنیشت خۆی دەکات. تۆ سەیری لە سیقای بەیتەکاندا کە جارێکیان لە واتای محاقەوە و جارێکیان لە لاچوونی زوڵف بە هەناسە و جارێکیان

لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ فەنا فی ننوری ئیمانە
مەڵێن ظولمەت خراپە وەصلی پەروانە لە شەودایە

چەند ئاشکرایە قەسیدەکە «وحدە»ی هەیە!. لە شەرحی مامۆستادا ئەم «یەکیەتی – وحدە»یەی قەسیدە بەوەندە ئینکار دەکات کە کەس بە مەرجی نەگرتووە. بەڵێ بە مەرج نەگیراوە، بەڵام کەسیش نەبوونی یەکیەتیی قەسیدەی بە مەرج نەگرتووە. دیوانی نالی بەشێکی بەرچاوی «وحدەی موضوع»ی تێدایە، وەحدەیێکی کە شیعری کلاسیکیی ئەوان سەردەمانە بە شێوازی کات و شوێن بەخۆیەوە گرتووە. هەموو موناجاتەکانی ڕێی حەج، ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینە، ئەحوەلی تەفرەق نەظەر، بەهارییەکانی، نەمردم من ئەگەر ئەم جارە، ماتەم وەکو زوڵفین سیەهـ ئەم تاقمە مومتازە، تا فەلەک دەورەی نەدا، قوربانی تۆزی ڕێگەتم، جەنابی وەک جینان کردم بە ماوا... و هی دیکەش یەکیەتیی بابەت و دارشتنیان تێدایە، خۆ لە مەسەلەی «مەستوورە»دا نەک وەحدەیەک بگرە دە وەحدەشی تێدایە کۆ بووەتەوە.

لە لاپەڕە 148 «ئاهی» غەدرێکی گەورەی لە خۆی کردووە دەڵێ:

ئەو بەیاضەی لای ملت شەعری سیاهی بێتە سەر

چ دەبوو بیگوتایە: «ئەو بەیاضەی گەردەنت». بە ڕاستی «لای ملت» کۆڵەمستێکە شەویلەی بەیتەکەی خوار کردووە. لەبەرەودامەنی لاپەڕە 149دا وشەی «زەمزەمە» لە بەیتی حەسەن کەنۆش هاتووە، لە پەراوێزدا بە «مزەمزی گۆرانی» واتای لێ دراوەتەوە، شاعیرێکی کۆنی عەرەب لە بارەی ناونانی بیرە مەشوورەکەی «مەککە» بە زەمزەم ئەم بەیتەی گوتووە:

زمزمت الفرس علی زمزم
و ذاك في سالفها الأقدم

گۆیا عادەتی زەردەشتییان ئەوەیە لە دەمی نانخواردندا وردە دوعا دەخوێنن وەک زمەزم دێتە بەرگوێ، ئنجا فارسەکان زەمانێک حوکمفەرمای یەمەن و ئەو ناوە بوون ڕێگەیان کەوتووەتە مەککە و زەمزەمیان لەسەر ئەم بیرە مەشووڕە کردووە، لەوەو ناوی «زمزەم» پەیدا بووە. بێگومان قسەکە ئەفسانەیە وەک هەزارانی دیکە.

لە جیاتی میسرەعی دووهەمی بەیتی یەکەمی لاپەڕە 150 کە دەڵێ:

ئەتۆ زەمم دەکەی مەدحەت دەکەم من
جەزای قەولی درۆ با هەر درۆ بێ

لە دەستخەتاندا دیتوومە نووسراوە:

موکافاتی درۆ با هەر درۆ بێ

لە سەرەتای بەیتی سێهەم «بێ زەحم» نوختەیەکی کەمە، دەبێ «بێ زەخم» بنووسرێت. زەحم فارسییە بە واتای «برین»ە لە «زام»ی هەندێ لە هجەی کوردی نزیکە.

چی لاپەڕە 151، 152 لەسەر «سۆنێت» نووسراوە. دواتریش لە لیستەی هەڵەکاندا جارێکیان ڕستەیەکی دوور و درێژمان بۆ دەخاتە نێوان دێڕی 18، 19ی لاپەڕە 15 و جارێکیشیان دوو دێڕی 1011 ,ی لاپەڕە 152 مان پێ دەگۆڕێ بە دوو دێڕی لەوان جودا، ئا ئەم تێکەڵ پێکەڵییە و ڕێنموونییەکی لە شەرحدا بۆی کردووین کە بەسەر هیچ قاعیدەیەکەوە ناوەستێت ئەوە نەبێ کە قافیەی میسرەعی ئەم سۆنێتانە لە هەر چوارینەیەکیدا قافیەی میسرەعی یەکەم و سێهەمی هاوچوونن هەروەهاش قافیەی دووهەم و چوارەمی، لەوە بەولاوە چ نرخێکی تایبەت لەو جۆرە هەڵبەستەدا خۆی نانوێنێت، گۆیا «شێخ نووری و گۆران لە ئەدبیاتی عوسمانی نوێوە هۆنراوەی کوردییان پێ تازە کردووەتەوە». کە چی نموونەی شیعری مەلای جەزیریمان بۆ دەهێنێتەوە کە لە بابەتی سۆنێتن، مەلای جەزیریش لەو لاپەڕەیەی 152دا سالّی مەرگی هاتووە، بەر لە 152 سالّ وەفاتی فەرمووە کە دەچێتەوە پێش شەکسپیر، بێگومان مەلای جەزیریش چ ئاگای لە شیعری ڕۆژاوا ئەو سەردەمە نەبووە. لە شەرحدا – لاپەڕە 151 – دەڵێ: «جۆری قافیەی شەکسپیر لە سۆنێتەکانیا بەم جۆرەیە «أب أب حء حء هو هو ح ح». گۆیا سۆنێتەکان «دابەش کراون بەسەر سێ چوارینەدا. کە لە هەریەکەیانا قافیەی یەکەم و سێهەم، دووهەم و چوارەم وەک یەکن، کۆتاییەکەی دوو دێڕی یەک قافیەییە». جارێ بپرسم ئایا هیچ دەنگێک نەبوو دەنگی «ج» نەبێ لە نموونەی شیعری شەکسپیر ڕوونکەرەوە بێت کە دەزانین ئەم دەنگە لەو زمانانەی ناویان لەو دوو لاپەڕەیەدا هاتووە هەر پەیدا نییە؟ ئنجا بۆ بێتالّعی چوار جارانیش لەو نموونەیەدا دووپات بووەتەوە! بۆچی لەو ناوە «هو هو» دوو دەنگی وشەکەی بەیەکەوە نووساون خۆ دەکرا «ح ح»یش بەیەکەوە بنووسێن. ئنجا کە لە سەرووی شەرحەکەوە دەڵێ: «لە ڕووی کێشەوە ئیتالی یازدە برگەیە، فەرەنسی دوازدە، ئینگلیزی دە...» لەوەوە دەردەکەوێ کە تەنها جوداکەرەوەیەک هەبێ، سۆنێت هەڵوێرێ لە شیعری دیکە هەر ئەوەیە لە هەر چوارینەیەکیدا میسرەعی تاک ژمارەی وەکوو یەکن و هی جووت ئەژماریشی وەکوو یەکن، لە مەشدا شتێک نادیترێت هۆی دەمەبەشکەی خوێنەر بێت چونکە چەندین جۆری ڕازاوەی قافیەئارایی هەیە چ قیاسی لە سۆنێت ناکرێ، یەکیان لە قەسیدەیەکی - وابزانم - صفی الحلی زەمانی عەبباسییەکان بریتییە لە چەندین مەقتەعی پێنج میسرەعی: سێی بەراییان هاوقافیەن و دووی پایینیان هەریەکە قافیەکی تایبەت بە خۆی هەیە ئەمەش نموونەیەتی:

ما لعيني عشيت بالنظر
أنكرت بعدك ضوء القمر
واذا ما شئت فاسمع خبري
عشيت عيناي من طول البكا
وبكي بعضى على بعضى معي

ئەم دوو قافیەی کۆتایی لە هەموو مەقتەعەکاندا دێنەوە وەک:

جذب الزق اليه و اتكا
و سقاني أربعا في أربع

بڕە شیعرەکەی گۆران لە لاپەڕە 151 دا قەرزداری ئەوە نییە لەسەر دەستووری سۆنات ڕۆیشتووە، بەڵکوو وێڕای خەیاڵی بەرز و دارشتنی هونەرکارانە سوودی زۆری لە هەڵبەزەی تەفعیلەکانی ناو بەیتەکان وەرگرتووە کە 11 بڕگەیین [جگە لە نیوەدێڕی سەرەتاکەی کە 12 بڕگەییە، ئەم بەحرەش وەکوو هێندێکی دیکە هەڵدەگرێ بەیتەکانی ژمارەیان بەپێی تەفعیلەکان کەم و زۆر بن، تەنانەت میسرەعی سێهەم لەلایەن وەزنەوە هەڵدەگرێ لە جیاتی «ئاخۆ» بە وشەی «ئارەزۆ» کۆتایی بێت. بەیتەکانی «النهر المتجمد»ی میخائیل نەعیمە هەڵدەگرن 20 بڕگەیی و 16 بڕگەییش بن. نیوەبەیتی یەکەمی بەهارییەکەی حاجی قادر 15 بڕگەیی و نیوە دوومی 14 بڕگەییە. ئەگەر «خودا» کەی کۆتایی نیوەبەیتی یەکەم بکەیتە «خوا» دەبێتە 14 بڕگەیی و کێشیشی دروستە] بەڵام 11 بڕگەیی بە هەڵبەزە نەک 11 بڕگەیی وەک:

نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

هەڵبەزەی ناو بەیتەکانی گۆران بە جۆرێکی زێدە بەرچاو لە قەسیدەی «نالی»دا دەبینی کە دەڵێ:

برق البصر لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لە ئالی

ئەم میسرەعە و هەموو غەزەلەکە دەبێ بە تەقتیعەوە بخوێندرێتەوە، بەم جۆرە:

برق البصر له بەرق و تەلەئلوئی له ئالی
خسف القمر له ئیشراقی قیامەتی جەمالی

ڕوخی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
له هەموو چەمەن دیارە بە ئوصولی نالّە نالی

ئەم شێوازەی سۆنات کە هیچ فەزلێکی زیادەی بەسەر بەحرەکان و شێوازەکانی دیکەدا نییە، دەدرێتەوە بە دەسەڵاتی شاعیر، خۆ هەرچی کاری دنیا هەیە بگرە لە نالّبەندی و خەڕەکرسییەوە هەتا دەگاتە ئاسمانگەردی هەموو بەندە بە مەهارەتی ئەوانەی تێیدا خەریکن. لەلایەن بوون و نەبوونی لە کوردیدا دیتمان مەلای جەزیری چەندین سەدەیە لەم شێوازەی هۆنیوەتەوە. نموونەکەی مەولەوی خۆی بەڵگەیە لەسەر هەبوونی چونکە بێگومان مەولەوی ئاگای لە شیعری ئیتالیا و فرەنسە و بریتانیا نییە.

لەلایەن ڕێزمانەوە تێبینییەکم هەیە لە سێ وشەی دێڕی حەفتەم و هەشتەمی لاپەڕە 151 کە نووسراوە «ئیتالی، فەرەنسی، ئینگلیزی». لەلایەن «ئیتالی»یەوە: میللەتی ئیتالیا ناوێکی تایبەتییان بۆ خۆیان نییە وەک عەرەب، کورد، تورک، ئەڵمان... هەیەتی، لە بۆیە دەبێ «ی»ی نیسبەت بخرێتە دوای ناوی ولاتیانەوە تاکوو میللەتەکە بگرێتەوە. کە بڵێین «ئیتالی» وامان ڕانواندووە کە ولاتەکە «ئیتال»ە نەک «ئیتالیا». بە قیاسکردن دەڵێم ئەگەر «ئیتالی» ڕاست بێ، کە ڕاست نییە، پێویستە قبوولّ بکرێ بە خەڵکی «بەغدا» بگوترێ «بەغدی» نەک «بەغدایی».

جا ئەگەر «بەغدایی» پەسند بکەین کە ڕاست و دروستە، دەبێ بڵێین «ئیتالیایی». عەرەب حەقیەتی بڵێ «ايطالي» چونکە بە خەڵکی «بصره»ش دەڵێ «بصري»... «قاهره – قاهري». دیارە «ئیتالی» ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە بۆ سەر زیهن و زمانی نووسەر و ئاخێوەری کورد بازی داوە.

لەلایەن «فەرەنسی»یەوە. میللەتی «فرەنسە، فرەنسا» پێیان دەڵێن «فەرەنگ» ئیتر شەخسی وڵاتی فرەنسا دەشێ پێی بگوترێ «کابرا فەرەنگە» وەک کە دەڵێی «کابرا کوردە، تورکە، ئەڵمانە...» کە نیسبەت وەلای ناوی میللەت وەیا عەشیرەت درا و گوترا «کوردی، بڵباسی، عەرەبی...» وشەکان بۆ زمان و نەریت و پۆشاک و خۆراک... هتد دەچنەوە.

دەبێ بڵێین زمانی «فەرەنگی». کە لە فەرەنساوە بۆ دانیشتووی فەرەنسا برۆین دەبێ بڵێین: «فەرەنسایی» نەک «فەرەنسی». لە فەرەنسەوە «فەرەنسەیی» دێت، «فەرەنسی» لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، بێ لزووم، هاتووە. ئینگلیزی بە واتای زمان و نەریت و داب و خۆراک... جێی خۆیەتی چونکە میللەتەکە ئینگلیزە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 151، میسرەعی دووهەمی چوارینەکەی پێش چوارینی هەرە دوایی بڕگەیەکی کەمە. دیارە «جاما دل» دەبێ «جاما له دل» بێ چونکە قافیە و ڕەویەی دوو میسرەعەکەی یەکەم و سێهەم «بێ حاله دل، ئاله دل» هاتوون. بە مەشدا دەردەکەوێ کە ئەم مەقتەعە لە چەشنی سۆنێت نییە. لە مقتەعی یەکەمیشدا «نەی دەردەکەوێ کە ئەم مقتەعە لە چەشنی سونێت نییە». لە مقتەعی یەکەمیشدا «نەی شەکرا گەردن ژ عاج» دەبێ «نەی شەککەرا...» بنووسرێت و بخوێندرێتەوە دەنا کێشی تەنبەڵ و ناقۆڵا دەردەچێت.

لە لاپەڕە 155 وشەی «ئاکین» بە «پڕ» لێک دراوەتەوە. ڕاستتر ئەوەیە بگوترێ «ئاخن»ی کوردی هاوواتا و هاوڕیشەیەتی، وشەی «نیگارین»یش ناشی «جوانانە، یارانە» بێت، چونکی وشەکە ئاوەڵناوە ئەم دوو وشەیەش ئاوەڵکارن. دەبێ بە «نەخشین، جوان» لێک بدرێتەوە. سەرنج بگرە «نغز و دوشیزە»ش هەردوویان ئاوەڵناون، لە کوردیدا دەگوترێ «پیاوانە هاتە پێش، دزانە بۆی دەرچوو، دۆستانە دوا...» لە شیعری نالیدا «... برو بازانە ئازانە» هاتوو. حاجی قادر «... ئازانە دەستی کردەوە»ی بەکار هێناوە. دەشێ بگوترێ «خۆراکی کوردان، شایی دزەییانە...» و هی ئەوتۆیی چونکە لە وشەکاندا واتای کار «فعل» هەیە، ناگوترێ «بەردی شێتانە، شاخی بڵندانە، تڕێی ترسنۆکانە یان شیرنانە ترشانە...» چونکە واتای کار لە بەیندا نییە.

لە بەیتی دووهەمی لاپەڕە 156 «تا ضرب المثل همی گویند» لەنگەر دەبێ «تا به ضرب المثل» بگوترێت.

میسرەعی دووهەمی بەیتی سێهەم لە لاپەڕە 158 کە دەخوێندرێتەوە:

چەند باشەم ز دوریی تو غەمگین

کێشەکەی تەنبەڵ و عەیبدارە. یا دەبێ بگوترێ «ز دوریی تو غەمگین»یان «ز دوریته غەمگین».

لێرەدا دەست لە ئەنجوومەنی ئەدیبان هەڵدەگرم مەگەر تێبینی نەبێ کە بڵێم فەیزی بەگ بەو شۆرەتی عیلم و ئەدەبیەوە چۆن ڕازی بووە لەو هەموو لەنگ و لۆرییەی کە لە دەقی نموونە بژاردەکانی شوعەرای کورد وا لە چاوان دەچەقن، بێ ئەوەی ڕاستیان بکاتەوە وەیا هەر نەبێ پەنجەیێکیان بۆ دڕێژ بکات یان بۆرە تەئویلێکیان بۆ بهێنێتەوە، ڕەتبوونی لیژنەش لەو هەموو هەڵەیە و هی خۆکردیش ناکەمە عوزر بۆ فەیزی بەگ چونکە هەڵەی کەس بەهی غەیر داناپۆشرێت، ئەندامانی لیژنەش تاکێکیان لەوانە نین خۆی بۆ شیعر تەرخان کردبێت.

من کە ئەمە دەڵێم لەبارەی فەیزی بەگەوە وەها دادەنێم ناوەڕۆکی کتێبەکەی هەر ئەوەیە کە بە ئێمە گەیشتووە نەک لە نووسینەوەدا هەڵەی تێ کەوتووە. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت ئەمین فەیزی بەگ.

خوێنەری بەڕێز چاوپۆشیم لە بەشێکی بەرچاوی هەڵەکان کرد لە ترسی زێدە دڕێژخایێنی. ئەم چەند هەڵەیە نموونەی هی دیکەن کە لێیان تێ پەڕیوەتم:

لە لاپەڕە 110، بەیتی دووهەم - لە میسرەعی دووهەمدا کە نووسراوە: پڕ بە دەم بیپچڕێ هەروەک سەگی هەورامانی، دەبێ وشەی «هەر» لە «هەروەک»دا بسڕێتەوە دەنا کێشی لەنگ دەبێ و لە شیعر دەشۆرێ.

لە لاپەڕە 112 بەیتی دواینی غەزەلەکە کە دەڵێ:

هەر کەسێ عەبد و موریدی مورشیدێکە سا ئەمن
هەر وەکوو «هیجری» موراد و جانفیدای هاوناوی تۆم

مەبەس لە «هاوناو»ی پایینی بەیتەکە «عبدالقادری گەیلانی»یە کە هاوناوە لەگەڵ ئەو «قادر – قارداغا»یەی کە «هیجری – کوردی» عاشقە جەمالی بووە.

دواین بەیتی لاپەڕە 113 «ئەرخەشمە و گەر لوطفە بە هیجری نەظەرێ کە» بەم شکڵەیەوە لەنگە، یا دەبێ «ئەرخەشمە و گەرلوطفە» بنووسرێت و بخوێندرێتەوە یان «ئەرخەشمەوە گەر...»

لە بەیتی شەشەمی لاپەڕە 117 وشەی «دوڕو...» بکرێتەوە «دوڕڕو...» لەبەر کێش کە ڕاستیی وشەکەش هەر «دوڕڕ»ە.

لە لاپەڕە 123 میسرەعی دووهەمی تەخمیسەکەی سالم. بەسەر شیعری مەولانا خالیدەوە کە دەڵێ:

بێ قەرار و ئیضطیرا بە ساڵ و مەه قانونی دڵ

ئەگەر دەقاودەقی وەرگرین لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ئەوسا «بێ قەرار و ئیضطیراب» دەبێتە «بێ قەرار و بێ شێواوی» کە دژ بەیەکترن. تومەز هەندێ وشە بەکار دێن بێ وردبوونەوە لەوەی ئاخۆ وەسفە یان ناوی واتایە وەک کە دەڵێن: «دڵم تەسکین بوو» ئیضطیرابیش لێردا بە «مضطرب» هاتووە. نالی دەڵێ:

خاطرێکی خۆش و شۆخ و بێ غەم و جەمعم هەبوو

لێرەدا «جەمع» بە واتای «مەجموع» هاتووە. کورد بە تێکڕایی دەڵێ «خاترجەم – جەمع».

لە لاپەڕە 149 بەیتی پێنجەم و شەشەم وەها دانراوە کە خاوەنیان نەزانراوە:

وەک من ئاگادارم بەیتی شەشەم کە ئەمە دەقیەتی:

وەکو یەک دێتە بەر گوێی پیاوی ئەحمەق
صەفیری بولبول و ئاوازی لەقلەق!

ئا ئەم بەیتە هی سالمە.

«...»

بژار و گوڵبژێرێک لە هەندێ نووسراوی کوردی

«ڕۆشنبیری نوێ»، ژمارە 134، 1994

دوای کۆتاییهێنان بە پشکنینەوە لە «ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی ئەمین فەیزی بەگ» نیگایەکی خێرام بە بەرگی 24-23ی «گۆڤاری دەستەی کورد»دا گێڕا: لە ئاست گوتارەکەی مامۆستا د. موتابچیدا کە لە ژێر سەرناوی «نالی شاعیری غەزەلی کوردی» بڵاوکراوەتەوە دەڵێم: هەرچەند ناو و زاراوەی لەبار بۆ هەر شتێک بێت کارێکی پەسەند و پێویستیشە مادەم تەمرەوێنەوە وەیا لە خەرمان زیادکەر بێت، ڕاستیەکەی دەمێکە لە هەرای «غەزەل، قصیدە» بەپێی ژمارەی بەیت پشترێ بۆتم چونکە کورتی و درێژی هەڵبەست پێناسە بۆ خودی شیعرەکە دانانێت، ئەوەی گرنگە لە ناونانی هەڵبەست بە غەزەل یان شتێکی دیکە بابەتی شیعرەکەیە ئایا حەماسەیە، هەجوە، ئەڤینە، وەسفە یا مەدحە. ناشێ پێنج بەیت لە «صرف و نحو» غەزەل بێت و پازدە بەیت لە تەعلیماتی شیردۆشین قەسیدە بێت. من گلەییم لە مامۆستا موتابچی نییە لەوەدا کە زاراوەیێکی ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە، زۆریشی لێ منەتبارم کە تێمان دەگەیەنێ غەزەل لە پێشەکی قەسیدەی درێژەوە هاتووە کە هەر جارە شاعیر بە دەربڕینی سۆزی دەروونی خۆی لە چەند بەیتێکدا سەرەتای هەڵبەستی دارشتووە. من حەزم دەکرد مامۆستا موتابچی ڕەخنەی ناڕەزامەندانەی لەو زاراوانە بگرتایە کە هیچ شتێک ڕوون ناکەنەوە، نە لە بابەت و نە لە دانەریان و نە لە کات و شوێنی بەوەلەدبوونیان و نە یارمەتیدەرن لە شیتەڵکردنی واتایان. ئاخۆ ئەگەر قەسیدەیەکی پەنجا بەیتی تەنها حەفت بەیتی لە بیران مایەوە و ناومان نا غەزەل یان وشەیەکی دیکەمان لێکردە پێناسە، ئاخۆ بەوەدا دەستمان لەم بنچی لێڕەواری شیعر و ئەدەب گیر دەبێ؟ دەمویست مامۆستای هێژا و ئازیز بەدەنگ بێ لە غەزەلەکەی «کوردی» کە لە دامەنی لاپەڕە 30ی گۆڤارەکەدا نووسراوە بەیت و نیوێکی پەڕیوەتەوە سەرەتای لاپەڕە 31، بە دەنگ بێ لەوەدا کە دوو بەیتی سەرەتای غەزەلە چوار بەیتییەکە ڕەویەیان «التزام»ی تێدایە و هاوچوونن، ڕەویەی دوو بەیتەکەی دیکەش هیچ کامێکیان لە یەکتر ناچن کە دیاردەیەکە جاران شاعیری پێ موفلیس دەبوو. ئەمە غەزەلەکەیە:

ڕەنگی گوڵ گینا وەکوو ڕوخسارت ڕەنگین نییە
شەککەری میسری وەکوو گوفتارەکەت شیرین نییە

ئەهلی چین نەققاشی چاکن خۆ بەڵن تەسویری تۆ
نەقشی خامەی کردگارە کاری وەستای چین نییە

من کە کوشتەی تیغی عیشقم ڕۆژی دیوانی خودا
بۆچی شاهید بێنم ئاخر کفنەکەم خوێناوییە

من کە ڕیسوا بووم و تەپڵی عاشقیم لێ دا ئیتر
کوردی ئەز پەروام سەر و ئیمان و گیان و دڵ نییە

دەتوانم سوێند لەسەر هەندێک بخۆم کە میسرەعی دووهەمی بەیتی سێهەم ئەمەیە:

بۆچی شاهید بێنم ئاخر ئاخر کفنەکەم خوێنین نییە؟

مومکینیشە وشەی «ئاخر» لە «ئاخۆ»وە گۆڕابێت کە بۆ پرسیارە. میسرەعی دووهەمی بەیتی چوارەمیش بێگومان ئەمەیە:

کوردی ئەز پەروام سەر و ئیمان و گیان و دین نییە

جا ئەگەر بەرهەڵستی لەوەدا هەبێت کە «ئیمان و دین» یەک شتن خۆ «سەر و گیان»یش یەک شتن. بەیتی دووهەمی غەزەلەکەش بە ناچاری و بێ خۆماندووکردنە بەیتێکی نالیمان بەبیردا دێنێتەوە کە دەڵێ:

مانی نییەتی قوەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەکشاوە

شاعیری دیکەش زۆرن ئەم وێنەیان لە هەڵبەستدا کێشاوە ئیتر هەریەکەیان بە پێی دەسەڵاتی خۆی بەرز و نزم بووە.

حەزم دەکرد مامۆستای هێژا لە غەزەلەکەی مەلای جزیری واتای نیوەی دووهەمی بەیتی پێنجەمی ڕوون کردبایەوە کە دەڵێ:

یا من رأی خلی فهلی یشبی بشیء قامتا

وشەی «یشبی» لە چییەوە هاتووە؟ لە «یشبە»ە وەیە؟ یان لە «یشبە»ەوە؟ چ دەبوو ئەگەر «یشبە» مابایەوە بێ بزواندنی حرفی کۆتایی فعلەکە هەروەک پێشتر لە میسرەعی دووهەمی بەیتی سێهەمدا کردی؟

هل فی ید المفتون شیء ام کیف یصنع یافتی؟

مامۆستا موتابچی و هەموو نووسەرانی سلێمانی بمبەخشن کە دەڵێم بەکارهێنانی «تیادا» وەک لە دێڕی 23 لاپەڕە 33دا نووسراوە دەبوو «تیا» بنووسرێت چونکە «تیا» خۆی کورتەی «تێدا»یە، بەو پێیە «تیادا» بریتییە لە «تێدادا» کە شتێکە پشت لە هەموو دەستوورێکی ئاخاوتنە. ئێنجا ئەگەر نووسەری سلێمانی ڕێی ناجایەز بۆ خۆی بە ڕەوا بزانێ بابای دەشتی هەولێر و دانیشتوانی دێیەکانی نێوان هەولێر و کۆیەش دەبێ لێیان بسەلمێنرێ بڵێن «العەمدولیللاهی ڕەبی لحالەمین». دوای هەشت دێڕی بەرەوژێرتر دەبینین نووسراوە «حافز غەزەلەکانی تیادا هەیە». کە دەبوو بگوترێ «تێیاندا هەیە». چونکە ڕاناوەکە دەچێتەوە بۆ «غەزەلەکان» بەڵام وادیارە زاڵبوونی «تیادا» بەسەر هۆشی ونی ئاخێوەردا خۆی ڕەپێش دەیەخێت و ڕواڵەتێکی نەقشبەستووی نادروست دەبێتە کڵێشەی ناسازی مەبەستێکی ڕەوان. «تێیاندا، تێتاندا، تێماندا، تێیدا، تێتدا، تێمدا» کوردیەکی ڕەسەنن ناشی ببن بە «تیایان، تیایاندا... تیاما، تیتادا.. هتد» نالی هەردوو شێوەی «تیا، تێدا»ی بە لەباری بەکارهێناون:

1. یەعنی ریاضی ڕەوضەکە تێدا بە چەند دەمێ.
2. هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا.

ئێمە دەزانین، یان دەبێ بزانین، پریپۆزیشنی «لە» کە دەبێتە پێشگری کار «فعل» بەپێی داخوازی هەڵکەوت دەبێتە «لێ، تێ». دەڵێن:

1. عەیب لە من مەگرە - عەیبم لێ مەگرە.
2. بەرد لە من مەگرە - بەردم تێ مەگرە.

دەبێ بڵێم شێوە ئاخاوتنی موکریانی کە بەشێک لە عەشیرەتەکانی دیوی کوردستانی عێراقیش پێڕەویان لێ دەکەن دوو پریپۆزیشنی جودایان هەیە: «لە، دە» هەریەکەیان بەکارهێنانی تایبەت بەخۆیان هەیە. مامۆستا ئەحمەدی قازی لە

دەمەتەقە بە دەوری «لە، دە»دا ئەم نموونەی هێنابووەوە: «گوێزەکە لە دارەکە کەوتە خوارەوە و دە حەوزەکە کەوت». لەسەر حەقیش بوو، بەڵام ئێمەش ناچارین بەبەشی خۆمان ڕازی بین هەرچەند لەم مەسەلەیەدا کورت دێنین، ناچاریەکەش لەوەوە دێت کە فێربین بۆ هەردوو حاڵەت هەر «لە» بەکاربهێنین و بەزەحمەتییەکی زەحمەت بەڵەدی شوێنی «دە» دەبین. نالّی کە دەڵێ:

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندووڕە

ئەگەر بەشێوە ئاخاوتنی موکریانی دوابایە دەیگوت «دەدڵدا». کە دەڵێن «لە منەوە بۆ تۆ – لە ڕانیەڕا تا دەربەند» چونکە «دە» بۆ حاڵەتی سکون، بێ جووڵەیی بەکار دێت. ئەگەر «لە، دە» بە فارسی بگرین «لە» بە واتای «ز، أز» دێت و «دە»ش بە واتای «در»دێت. کرمانجی سەروو «ژ» لە جێی «ز، أز» بەکار دەهێنێت. کێشەی پرپێوزیشنی «لە» هەر خۆیەتی، بە جۆرێک لە جۆرەکانی، بەدەوری پرپێوزیشنی «بە»شدا قوت دەبێتەوە: ئەم «بە»یەش لە حاڵەتی پێشگریدا دەبێتە «پێ»:

1. چراکە بە ئاگر کە - چراکە پێ کە.
2. بە خەڵق ڕاگەیاندن - پێ ڕاگەیاندن.
3. بە شاردا تێپەڕین. - پێدا تێپەڕین.

من لێرە مناقەشەی ئەو لایەنە ناکەم ئایە لە هەموو حاڵدا «پێ» دەبێتە پێشگر یان وەها دەبێ هەر بە پرپێوزیشنی بمێنێتەوە وەک:

1. بە دارام گوت - پێم گوت «پێگوتن»
2. بە دارام سەلماند - پێم سەلماند «پێسەلماندن»

مەبەست لێرەدا جیرانەتیی «پێدا، پیادا، پیا» لەگەڵ «تێدا، تیادا، تیا»یە کەوا هەمان گرفتی بەکارهێنان لە هەردووياندا هەیە. دەبێ دان بەوەدا بهێنین کە «پێدا» دەستووریيە، هەر لەم دەستووریبوونەیەوە دەشێ بەپێی لەهجەی ناوچەیی بگوترێ «پیا»، ئەمما «پیادا، پیایا» ببڕای جایەز نییە.

لە نموونەی ڕەوابوون و نەبوونی زاری ناوچەییەوە ئەم نموونەیە دەهێنمەوە:

وشەی جنێو لە «دژنێو»ەوە هاتووە کە تا ئێستاکەش لە بەشێکی وڵاتی مەرگە و دەوروبەری ئەو ناوەدا دەڵێن «دژنێو». فەقێ مستەفایەکی حەبەی ئامان هەبوو کە لەو سااڵنەی پاش 1960 بە خۆڕایی و بە زوڵم لەدەست بۆرەپیاوی کرمانج کوژرا هەتا مردنی هەر «دژنێو»ی بەکارهێنا. جنێو، بە لای ڕای منەوە، دەسکارییەکی ڕەوای لە «دژنێو» کردووە چونکە ڕیزی دەنگەکانی تێک نەداوە. بەڵام کە «جنێو» دەبێتە «جوێن، جوون» کارەکە دەکەوێتە سنووری هەڵەوە. «بەعەقڵ» دەکرێتە «باقڵ» هەم ڕەوایە و هەم ئێسک سووک. بێگومان دەوری ڕابەرێکی وەکوو مامۆستا موتابچی هەر لەوەندەدا ناوەستێ کە داوەتی نووسەرانی کورد بکات بۆ گرتنەبەری یەک ڕێگەی تەعبیری ئەدەبی بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو: دەبێ پشتگیری بکات لە وشە و تەعبیری ڕاست و ڕەوان، لەو بوارەشدا دەسەڵاتێکی سەلمێنراوی هەیە بۆ دۆزینەوەی بابەتی ڕەسەن لەچاو کەسانی دیکە کە هێندەی ئەو شارەزای درەختی گرووپە زمانێک نین کە زمانی کوردی یەکێکە لە شالکەکانی.

لە میسرەعی یەکەمی بەیتی دووهەمی غەزەلەکەی نالی، لاپەڕە 34، «گەمەست» هاتووە دیارە هەڵەی چاپە دەبێ «گەرمەست» بنووسرێت. لە ئاست وشەی «سلوک، سولووک» کە بە واتای مریدی تەریقەت خۆی دەنوێنێ تێبینیم

لەوەدا هەیە کە وشەکە بەپێی ڕواڵەت «تەریقەت» بە دەستەوە دەدات نەک «مرید». لە شەرحی دیوانی «نالی»ی مامۆستای بیارەییشدا «سولووک» بە «سالیک، مرید» لێکدراوەتەوە. ئەمە دەقی بەیتەکەی دووهەمی ئەو غەزەلەیە:

کوشتەی نیگاهی دیدەتە گەر مەست ئەگەر خەراب
بەستەی کەمەندی زوڵفتە گەر شێخ ئەگەر سولووک

بە زاهیر وشەکە دەبێ «سەلووک» بێت وەکوو «غفور، شکور، لجوج». کە هەمووی سیفەتە لە ڕێژەی «صیغة المبالغة» نەک ناوی واتا. بەداخەوە قامووسم لا نییە بۆ وشەکە و واتای بگەڕێم، چی دەیڵێم لێکدانەوەی ڕواڵەتی وشەکانە.

بەیتی نۆهەمی غەزەلەکە، چ ئەوەی لە شەرحی مامۆستا بیارەییدایە چ ئەوەی لەم گوتارەی مامۆستا موتابچیدا هاتووە کەوا دەزانم ڕاگوێزراوە لەو شەرحەوە دوو تێبینی هەڵ دەگرێت، ئەمەش دەقی بەیتەکەی هەردوو سەرچاوە:

ڕاپێڵ و تار و پۆیی کولووی بەفرە ئابشار
بابای دەدات و ماسیی پێدا دێ وەک مەکووک

تێبینی یەکەم ئەوەیە کە وشەی «پێدا» کێشی مەسرەعەکە تەنبەڵ دەکات دەبێ «پیا» بنووسرێت و بخوێندرێتەوە. تێبینی دووهەم ئەوەیە کە میسرەعەکە لەم دەقەدا بۆتە سێزدە برگەیی کەچی سەرلەبەری غەزەلەکە چواردە برگەییە، دەبێ بەم جۆرە ڕاست بکرێتەوە:

بابای دەدات و ماسی پیا دێ وەکوو مەکووک

من بۆ ئەوەش دەچم کە وشەی «پۆ» بە ئەسڵ لەلایەن نالییەوە «پۆد» نووسرابێت چونکە لە چەندین شیعری نالی و سالم و شوعەرای ئەو سەردەمەدا دەقی گەلێک وشە لە فارسییەوە هاتووە، هەر لەم دەقەشدا وشەی «تار»ی فارسی هاتووە لەجیاتی «تان»ی کوردی. واش دەزانم دەبێ «ڕاپێڵی تار و پۆد» بێت، چونکە مەبەسەت ئەوەیە کە کولووی بەفر ڕاپێڵی تان و پۆدی ئابشارە، ناشێ ڕایەڵەکە جودا بێ لە تان و پۆ کە هەر خۆی تان و پۆکەیە ئیتر چۆن «واوی عطف» جێی لەوێدا دەبێتەوە. لە نموونەدا دەڵێم کە مەبەستت بوو بڵێی «دەستی چەپ و ڕاست» ڕێت نییە «واوی عطف» بخەیتە جێگەی «ی»ی اضافە و بڵێی «دەست و چەپ و ڕاستم» چونکە دەستەکە خۆی چەپ و ڕاستەکەیە.

لە گوتارەکەی د. عەبدوڕەحمان حاجی مەلا مارفدا ڕوونکردنەوەی پسپۆڕانەی بەنرخ هەیە بەکەڵکی هەموو کەسێک دێت لەگەڵ زمان و ڕێزماندا خەریک بێت، بەڵام لە گۆشەیەکی بەرتەسکەوە ڕێم هەیە بۆچوونێکی خۆم - کە ئەگەر لە زانینی ڕەسمیشەوە نەبێ هی تێوەڕامان و لێکدانەوەی بیندرێژەوە - بخەمە ڕوو.

لە پێشەوە دەبێ بڵێم گوتارەکە لە ڕوانگەی زمانەوان و بیریارە ڕووسەکانەوە سەرنج لە زمان و ڕێزمان و بەشەکانی دەگرێ. سەیرێکی لیستەی سەرچاوەکان بکەیت دەبینیت پتر لە سەدی نەوەدیان ڕووسین کە لەمەدا چ عەیبێک پەیدا نابێ بەڵام لەوانەیە تێڕوانینی هەر بابەتێک بێت لە وڵاتێکی وەکوو ڕووسیادا کە ئایدۆلۆجیای سیاسی فەرمانڕەوا بووە بەسەر هەرچی بەرهەمێکی مادەی و مەعنەوییەوە، بکێشێتەوە بۆ ئاکامی ناسان وەیا تەنک وەیا بڕشت کە جۆرێکی ڕەنگدانەوەی سیاسەتە لە بابەتدا. لە نموونەدا دەڵێم پەراوێزی ژمارە 24 لە بەرەو کۆتایی لاپەڕە 87ی گۆڤارەکەدا ڕووبەڕووی ئەم بیروڕایەمان دەکات: «پێویستی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پێشکەوتنی زمان ئەو هەڵوێستە بەناوبانگەی ف. ئێنگلز دیاری دەکا کە وتوویە: «کەرەستە و قاڵبی زمانی زگماک تەنیا بە ئاگاداری و وردبوونەوە لە پەیدابوونی و پێشکەوتنی لەسەرەخۆی پلەبەپلەی، ڕوون و ئاشکرا دەبێ. ئەگەر گرینگی بەوە نەدرێ، ئەوە ناتوانرێ قاڵبە مردووەکانی ئەو زمانە و زمانە مردوو و زیندوەکانی هاوڕەگەزی بزانرێ». ئەم قسەی ئێنگلز ئەگەر لە سایەی پایەی بەرزی سیاسی خۆیەوە نەبێت بەدیهییەکی سادەیە هی ئەوە نییە بێتە ناو کتێبانەوە، ئینجا چەند چەوتی و هەڵەشی تێدایە یەکجارەکی لە

زانستی زمانی دادەبڕێت، یەک لەو هەڵانە ئەوەیە کەوا هیچ زمانێکی زگماک نییە «پەیدابوونی» زانرابێ هەتا وردبوونەوەی تێدا بکرێت. دەشیا بڵێ وردبوونەوە «لە پێشکەوتنی» بکرێ ئەویش بەمەرجێک شکڵی کۆنینەی بە نووسین پارێزرابێت، خۆ دنیا ڕاست بێتەوە ناتوانێ «وردبێتەوە» وەیا «ئاگاداربێ» لە زمانێکی کە بەر لە 20 هەزار ساڵ قسەی پێکراوە. هەڵەی دووهەمی کە بریتییە لە ناتەواوی، ئەوەیە کە ئێنگلز بە بیری نەهاتووە حیساب بۆ تاو و تەئیسری زمانی بێگانە لە «زمانی زگماک... و هاوڕەگەزانی» بکات. تۆ بێنە زمانی فارسی پاک بکەوە لە وشەی عەرەبی کە بەئانقەست دەکرێتە ئارایشتی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی فارسی، چی ئەوتۆی لێ نامێنێتەوە بەکەڵکی ئاخاوتن بێت. ئەوەی پێی دەگوترێ زمانی «هزڤارش» سەرلەبەری وشەی ئارامییە کە دەترنجایە کڵێشەی پەهلەوییەوە بەڵام لە خوێندنەوەدا بەدیلە پەهلەویەکە بەکار دەهات و واش دەبوو وشەی پەهلەوی ئیعرابی ئارامیی پێوە دەلکا. زمانی کوردی بکەیتە نموونە دەبینیت لە ڕێی ئاینی ئیسلامەوە زۆربەی زاراوە وشەیە سەر بە ئاین و مامڵەتی شەرعی عەرەبییە، بەشێکی میراتی عوسمانلییانە و هێندێکی بە مێوانەتی لە فارسییەوە هاتووە و گەلێک وشەی ئەوروپایشی تێکەوتووە، هی مەغۆلیشی تێدایە. ڕاستی مەسەلە لێرەدا ئەوەیە، بە درێژایی ڕۆژگار زمانە دراوسێکان نەک هەر وشە، بگرە تەعبیریشیان لێکتر
خواستووەتەوە تاکوو ئەگەر گۆڕان و شێوانیان بەسەردا هاتبێت ناتوانرێ ڕاست بکرێنەوە مەگەر هانا ببرێتە بەر ئەو زمانەی لێوەی کەوتوونەتەوە: ئینجا ئەگەر بگوترێ ئەو هێندە وشە و تەعبیرانەی لە زمانێکی بێگانەوە هاتوون لەچاو وشەی ڕەسەن وشەی «هاوڕەگەز» ئەوەندە کەمن نرخی ڕایەکەی ئێنگلزی پێناشکێ، لە وەڵامدا دەگوترێ هەر نەبێ بایی ئەم کەمبوونە کەلەبەر لە ڕایەکەی ئێنگلزدا هەیە سەرەڕای ئەوەی کەوا چی گوتووەتی ئەگەر لێشی بێدەنگ بایە زانستی زمان زەرەری نەدەکرد، وەک ئەوەی کە من یان تۆ بڵێین و نەڵێین لەخۆوە ئاشکرایە کەسێکی شارەزای زانستی زمان نەبێت و سەرنجی قوڵی لە بابەتەکانی نەگرتبێت سەرکەوتوو نابێ لە بۆچوون و بیروڕاکانی سەر بەزمانەوانی، چونکە ئەم قسەیەی وەک هینەکەی ئێنگلز لە ڕادەی بەدیهییەدا و چ ڕێنموونییەکی تێدا نییە و بە ئاسانی دەتوانین لێشی زیاد بکەین و بڵێین: زمانەوان هەتا پتر شارەزای زمانە هاوڕەگەزەکان و لێک جوداکان بێت باشتر بۆی دەلوێ بیرگێڕی لە تان و پۆی «زمان» بکات. لە پەندی فەلاحاندا قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ کابرایەک خۆی کردبووە پسپۆڕی خەرمان هەڵگرتن و دەغڵ داگرتن، پاڵی لێدابۆوە و دەی گوت: گەنم لەسەر گەنم ڕۆبکەن و جۆش لەسەر جۆ.. ماڵی ئاوابێ بۆ ئەو ئەقڵەی کە ئەگەر لە کاریشی نەهێنابایە گەنم و جۆ جێگەی لەباری خۆی دەدۆزییەوە.

ئەم گرینگیەی بۆ ڕایەکەی ئێنگلز ڕەوا دیتراوە لە گەلێک حاڵوباردا بۆ غەیری ئەو و لە مەیدانی زۆر گرینگدا ڕەوا دیتراوە کەوا نەک هەروەک ئێنگلز بێلزووم بووە بگرە هەتا بڵێی زەرەرمەند و وێرانکاریش بووە، ڕەنگە لەباری پێچەوانەدا ڕایەکی زێدە ڕووناکی بابایەکی بۆرەپیاو کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە. حەمدی دەڵێ:

بازاڕی دەهرە قیمەتی ئەشیا بە جێگەیە
مێشێ بگاتە ڕووی نیگار هەر لە خاڵ ئەچێ

چ گومانم لەوەدا نییە لە نووسینەکانی د. ئاوڕەحماندا بیروڕای ئەوتۆ هەیە چەندین ئەوەندەی ڕایەیەکەی ئێنگلز و ئەو ڕایانەی بە سەرچاوەی داناون وردبێوتر و نیشانەپێکاوترن، مەبەستیشم لە تێکڕای نووسینەکانیەتی بەتایبەتی ئەوانەی زادەی فکری خۆیەتی. ئایا چەند لەو جۆرە ڕایانەی دەکرێن بە دروشم؟ کەچی شێخی تەریقەت قرقێنە دەهێننەوە سەڵەواتی لێ دەکێشن، لێی موبارەک بێ.

ئەو گۆشە بەرتەسکەی کە گوتم ڕێم دەدا بۆچوونێکی خۆمی تێدا دەربڕم مەنعم ناکات لەوەی بە پێی پێویست لە تاکە مەسەلەی ناو گوتارەکە بکۆڵمەوە. یەک لەوانە سەرناوی گوتارەکەیە کە لە «بنەما سەرەکیەکانی زمان» هاتووە. بەڵای منەوە پەراوێزی «زمان» لێک دەکێشرێتەوە پتر داخوازیەکانی «ڕێزمان» هەر نەبێ لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زلەی کە زمان دایکی ڕێزمانە: ڕۆژگارێک کە مرۆ دوای پشکووتنی هۆشی دەستی کرد بە گرۆگاڵی ئاخاوتنی سەرەتایی لە تاکە وشە بەولاوە وجوودی نەبووە. کەس نازانێ چەندین ساڵەهای برد هەتا «کار – فعل» پەیدا بوو، ئینجا کاتەکانی کار، ئینجا گەردانی... زمان تەرجومانی هۆشە، تا بتوانێ لە ڕێی ئاخاوتنەوە (کە دەکا ڕستەی خاوەن واتا) تەعبیر لەو وێنە و

نیازانە دەداتەوە کە بە هۆشدا تێ دەپەڕن. وا دەبێ «وشە»ی قامووسی واز لێ دەهێنیت بۆ وشەی دەرەوەی قامووس و ڕێزمان وەک کە «پشە، ختە» بەکار دەهێنێت بۆ بانگهێشتن و دەرکردنی پشیلە کە هەردووکیان دەنووسرێن، واتای کاری فەرمانیشیان تێدایە بەڵام وشەی ڕێزمانی نین کە گەردان بکرێن، جا ئەگەر لە قامووساندا نووسراون بەوەدا نابنە وشەی ڕێزمانی چونکە قسەی وشەکان لەگەڵ مرۆڤ نییە، ڕووی لە زیندەوەرە. لەم بابەتە دەنگدان و بانگهێشتنی زیندەوەر دەنگی وەها هەیە نووسینیش هەڵناگرێت وەک کە مەیتەر یان شوان و گاوان لە ئاژەڵەکان ڕادەخوڕن یان بۆ ئالیک بانگهێشتنیان دەکەن. نموونەیەکی مناسیبی ئەم جێگەیە لە نووسینەکەی د. ئاوڕەحمان دەهێنمەوە کە لەبەرەو کۆتایی لاپەڕە 78دا «ئازاد هات». و «ئازاد هات»؟ دەبینین: نیشانەی پرسیاری شکڵی دووهەمی ڕستەکە خۆی لە خۆیدا پێوەندی بە ڕێزمانەوە نییە، ڕستەکانیش لەلایەن پێکهاتنەوە یەک شتن و ڕێزمان هیچی پێ ناکرێ لە خودی ڕستەکاندا بنەما بدۆزێتەوە بۆ لێکتر جوداکردنەوەیان کەوا «ئازاد هات» ڕستەیەکی خەبەرییە و «ئازاد هات»؟ یش ئینشائییە، کەچی «زمان» توانیویەتی بە جۆری گۆڕینی ئاهەنگی دەنگ بۆ سەرباری پرسیار جارێکیان ڕستەکە بکاتە خەبەری جارێکیان بیکاتە ئینشائی. ئەو جۆرە جوداوازی ئاهەنگیش لە خەبەرەوە بۆ پرسیار لەوانە نییە بنووسرێت چونکە مۆرفێمەکان لە هەردوو حاڵەتدا یەک شتن. لە پرسیار واز بهێنە و وەرە سەر حاڵەتی لۆمەکردن وەیا شکاندنەوە وەیا هەڕەشە وەیا گلەیی دەبینی لە تەنها وشەی ناوی «ئازاد»دا هەر جارە ئاهەنگێک پەیدایە لەگەڵ مەبەستەکە خزم بێت، ئا لەمانەشدا ڕێزمان هیچی پێ ناکرێت مەگەر بە نیشانە دانان وەک نیشانەی سەر ڕێوبانان کە هەریەکە بێ ئاخاوتن واتایەک ڕادەگەیەنێ وەک: «تێپەڕە، بووەستە، یەواش کە – بەچەپدا...». لە نموونەدا دەڵێم کە ویستت «ئازاد هات»؟ بخەیتە بەر حوکمی ڕێزمانەوە وشەیەکی بچووکی سەر بەپرسیاری بخەرە پێشەوە و بڵێ «ئەرێ ئازاد هات؟ ئایا ئازاد هات»؟ هەروەهاش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە جودایانەی وەک لۆمە و هەڕەشە، دەشێ هێندی لەوان بە خستنەسەری زیادییەک ببنە ڕێزمان، هێندێکیشیان هیچی لەگەڵدا ناکرێت مەگەر ئاهەنگی دەربڕینی، کە سەر بەزمانە نەک ڕێزمان. بەیتێکی سەرلەبەری صۆفیگەریی مەولانا جەلالی ڕۆمی لە دیوانەکەی ناودار بە «شەمسی تەبریزی» ئەمەیە:

تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن
تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەناها یاهو

ئەم وشە بێ واتایانەی قامووسی، وڕێنەی بەنگکێش نییە، بگرە قسەی ساردوسڕی عادەتیش نییە کە مرۆی سادە تێکی هەڵدەشێنێت: لە ڕووی قیاسەوە وەک شیعری ڕەها و تابلۆی سوورياليیە کە ژان و ژواری ناخی دەروون بە وەسیلەیەکی تەعبیری ئەوتۆ وەدەر دەنێ ئاخاوتن و فرچەگێڕی ئاسایی دەروەستی نایەت. «تەنەنەنتەن» بەر دەستووری ڕێزمان ناکەوێت کەچی لە جغزی زماندایە و بە مۆرفێمی عادەتی ڕۆنراوە.

پاش لێبوونەوە لە «ئازاد هات»... لە سەرەتای لاپەڕە 79 بیروڕایەکی ف.م. بیریزین، ب.ن. گۆڵۆڤین کە ژمارەی 2ی پەراوێزی داراوەتێ بەم جۆرە هاتووە: «بەم شێوەیە ماکی ڕێزمانی، کە وەسیلەی دەربڕینە، بە تاکەتاکەی وشە بەند نییە، بەڵکوو بە ماکی وشەوە: مۆرفێم و ئەو ئامرازانەی لە ڕووی ئەرکەوە لێیەوە نێزیکن و هەروەها ئاواز و شێوەی ڕیزکردنی وشەکانەوە بەندە».

ڕاستییەکەی من ناتوانم یەک هەنگاو لەگەڵ ئەم ڕایەدا بڕۆم نەک هەر لێڵی و تەماویبوونی واتای سەرلەبەری ڕایەکە کە نازانم بەسەر چییەوە کورک دەبێت. کەی «وەسیلەی دەربڕین» ڕێزمان بووە؟ ئەدی «زمان» وەسیلەی چییە؟ ڕێزمان دەستووراتی ڕوونکردنەوەی تان و پۆی زمانە، خزمەتکاری زمانە، سێبەری زمانە. ڕێزمان هەبێت و نەبێت زمان لە کاردا دەبێت خۆ لە سەدی نەوەد و پێنجی ئاخێوەری جیهان نازانێ ڕێزمان چییە، قوتابی قوتابخانەکانیش بەزۆری لە ئەزموونیدا دەکەون، زاناکانی زمانیش لەگەڵ یەکتردا نەگونجانیان زۆرە. ئەم باسەش زۆری بەبەرەوە هەیە، لێی دەترازێم بۆ تێبینییەکی دیکە لەوەدا کە دەڵێ ماکی ڕێزمانی بە تاکە وشەوە بەند نییە بەڵکوو بە ماکی وشەوە... کە مۆرفیم و... ئاواز و... شێوەی ڕیزکردنی وشەکانەوە بەندە. چەند سەیر و سەمەرەیە کە لە سەرەتای وتاردا وشەی زمان و پێکهاتنی ڕێزمانی

دوو بنەمای سەرەکی زمان بن، لەم ڕایەی بیریزین و گۆڵۆڤینیشدا وشە جێ چۆڵ دەکات بۆ مۆرفیمەکانی ئەو ئاوازانەی لێیەوە نزیکن و بۆ ئاواز و شێوەی ڕیزکردنی وشەکان... مۆرفیم دەشێ بە سەربەخۆیی باس بکرێت کاتێک لە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیک بدوێین بەڵام کەی بە بیری کەسدا هاتووە کاری «هات» پێوەندی بە «ماکی ڕێزمان»ـەوە نەبێ ئەمما هەر تاکێک لەو سێ مۆرفیمە یەکسەر بە ڕێزمانەوە بەند بێت. ئینجا کە باسی «ئاواز» بە قاچاغ دێنێتە ناو لێکۆڵینەوەوە بە بیریدا نەهاتووە کە قسە لە «ڕێزمان»ـە نەک «زمان» یاخود باشتر ئەوەیە بڵێین فەرقی بەوە نەکردووە زمان و ڕێزمان یەک شت نین هەروەک جوغرافیای کوردستان و وەڵاتی کوردستان یەک شت نین... کە دەشڵێ «شێوە ڕیزکردنی وەشەکان...» لەوەی تێپەڕ نەکردووە کە بڵێ «شێوەی ڕیزکردنی هەنجیرەکان و سەبەتەکان و نازانم چییەکان» چونکە لە زمان و ڕێزماندا تێکبەستنی وشە و ڕستە بەهەر هۆیەک بێت، بایەخدارە نەک ڕیزکردنیان. دە هەزار وشە لە قامووسدا ڕیز دەبن یەک ڕستەی ئاوێتی لەو ڕیزکردنەدا پەیدا نابێ... لەمانەش بترازێین نەدەبوو «ئامراز» بخاتە تای ئەم سێ ماددە کەمبایەخەی «مۆرفیم، ئاواز، شێوەی ڕیزکردن»ـەوە مادام قسە لە زمان و ڕێزمان بێت.

سەیرێکی چەند دێڕی خوارەوەتر بکەن لەو لاپەڕەیەدا کە بیروڕای د. ئاوڕەحمانە دەبینین تا چ ڕادەیەک قوڵترە لەو تەنکاوەی دوو زمانەوانە ڕووسەکە. لە دێڕی نۆهەمی قسەکانی د. ئاوڕەحماندا کۆتایی ڕستەیەک هەیە کە ئەمە دەقی ڕستەکەیە: «ڕستەش لە وشە پێک دێت، کە بەپێی یاسای ڕێزمانی پێکەوە دەبەسترێن». چەند ئوستادانە گوتی: «پێکەوە دەبەسترێن»! هەر دوای ئەمەش دەڵێ «وشەی پچڕپچڕ کە خاسیەت و پێوەندی ڕێزمانە بەیەکەوەی نەبەستبن، ناتوانن بیرێک دەربببڕن» ئا ئەم ڕایەش سەرلەنوێ بە بواریکی تازەدا بەرەو تەئکیدی «تێک بەستن»ـەوە دەڕوات نەک ڕیزکردن. بەداخەوە نازانم ئەو نووسینەی لە دێڕی پێنج هەتا دێڕی بیستی لاپەڕە 79ی گرتووەتەوە چەندیان بیروڕای د. ئاوڕەحمانە و چەندیشیان هی پ. ئا. بۆداگۆڤە کە پەراوێزی ژمارە 3 لە کۆتایی دێڕی بیستەمدا ئیشارەتی بۆ دەکات، ئەوەندە هەیە هەتا بەرەو دامەنی دێڕەکان دەبیتەوە تووشی بۆچوونی سەراوی دەبیت. دوای ئەو نموونەیەی لە بیروڕای د. ئاوڕەحمانم خواستەوە ئاڵۆزبڵۆزی دەست پێ دەکات تا دەگەینە ئەم بۆچوونە سەرەوبنە کە دەڵێ: «پێکهاتنی ڕێزمانی خاسیەتێکی هەرە گرینگی زمانە وە بەبێ ئەو زمان پێک نایەت». لەم قسەیەدا مەحکوومبوونی زمان بە ڕێزمانە چوەتە پلەی بەندبوونی گەڕانی گەڕۆک بە بەنزین کە دەزانین بەنزین بەشێکی گەڕۆک نییە کەچی ڕێزمان بەشێکی زمانە وەک تایە و مەکینە بەشێکی گەڕۆکن تۆ ناتوانیت ڕێزمان لە جوغزی زمان دەرهاوێژیت بە نیازی ئەوەی لێی بکەیتە حاکم و ئاغا. لە نووسینی کۆنمدا گوتوومە: چونکە زمان تەرجووومانی هۆشە هۆشیش قابیلیەتی ڕێکخستن و پێکگرتن و یاسادانانی هەیە بۆیە زمان توانیویەتی ببێتە خاوەن «دەستور» کە زادەی مەنتیقی هۆشە. گوتووشمە: دوای ئەوەی زمان بوو بە خاوەن دەستوراتی تایبەت بەخۆی کەوتە باریکەوە بتوانێ لە مەنتیقی ناوەکی خۆی، نەک هەر لە مەنتیقی هۆش، دەستووراتی ڕێزمان هەڵێنجێت تا ئەوەی لە تێکئاڵقانی هەزاران وێنەی زیهنی لەگەڵ چەندەها یاسای ڕێزمانی دیاردەی «شاز – ڕیزپەڕ» لە ڕێزماندا پەیدا دەبێت کە دژی خولگەی مەنتقی هۆش تێ هەڵدەچێت. لە دیاردەی «ڕیزپەڕ – شاز»دا بۆت دەردەکەوێت کە «ڕێزمان» و یاساکانی لە ئاستیدا پەککەوتەن کەچی «زمان» هەر حاکمە بەسەر شازدا وەک کە حاکمە بەسەر ڕێزمان و کەرەستە و دەستووراتی. هیچ بەرهەڵستێکی عەقڵی لەوەدا نییە کە زمان بێ یاسای ڕێزمانی بتوانێ ڕاگەیەنی بێت: گویا ئەگەر هەموو فیعلەکانی وەک « گوتم، دەڵێم – بیستم، دەبیەم». لە گەڕاندا ڕیزپەڕ بانایە چ دەقەوما، خۆ دەزانین بەشێکی زێدە زێدە بەرچاوی فیعلەکانی زمانی ئینگلیزی لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە گەردانی بێ یاساییان هەیە؟ ئەمە دەڵێم ڕەنگە من یەکەم کەسیش بم بۆ ئەوە چووبێ کە بەشی هەرە زۆری فیعلی کوردی گەردانی دەستوورییان هەیە وەک فیعلی ڕوودان «مطاوعی عەرەبی» و کارا نادیار «مبنی للمجهول» و ڕێژەی «خشین، دزین، کێڵان، ژماردن، پاڵاوتن، پساندن – بەپاشگری [اندن]». دەبێ بڵێم نموونەی «خشین، دزین»ـم بۆیە بە دوو ڕێژە دانا چونکە «دزین» تێپەڕە و «خشین» تێنەپەڕە کەچی گەردانیان بۆ ئایندە وەکوو یەکە، «خشیم، دەخشم - دزیم، دەدزم». لە لایەکی دیکەوە «خشین» هەرچەندە تێنەپەڕە بەڵام فیعلی ئیرادەییە نەک ڕوودانە خۆ ئەگەر هی ڕوودانیش بایە وەک «خزین» گەردانی نەدەگۆڕا، مەگەر لە فیعلی زێدە دەگمەن کە هەندێ لەهجە گەردانەکەی دەباتەوە بۆ گەردانی فیعلی ڕوودان و دەڵێ «دەخزیم» وەک کە دەڵێ «سووتام، دەسووتیم».

نەکا لە ئاست ڕێژەی «کێڵان، پێوان» کە تێپەڕن، «شێوان، گێژان» بە بیری زمانەوانی شلکدا بێن و وابزانێ لە ئایندەدا دەبنە «دەشێویم، دەگێژیم». بەمەدا ڕێژەیان ڕێزپەڕ بووە، دەڵێم هەرچی فیعلی ڕوودان و کارا نادیار هەیە کە کۆتاییان بە «ا» هاتووە لە گەڕاندا ئەو ئەلفەیان دەبێتە «ێ» وەک:

- پسا، دەپسێ
- ڕما، دەڕمێ
- شکا، دەشکێ
- کوژرا، دەکوژرێ
- دیترا، دەدیترێ... هتد.

لە ڕێژەی کێڵان فیعلی «وێران» لە گومانداید ئایە تێپەڕە یان تێنەپەڕە، لەلایەکەوە بەشێکی زۆری ئاخێوەری کوردی وەک تێپەڕ گەردانی دەکات و دەڵێ: «وێرام، دەوێرم» هی واش هەن، بەتایبەتی لە نێوان عەشیرەتدا دەڵێن «دەوێرێم» وەک کە فیعلی ڕوودان بێت نەک تەنها تێنەپەڕ بێت، ئەگەر فیعلی ئیرادی بڕوایە وەک «هەڵستان» دەبوو لە ئایندەدا ببێتە «دەوێرم»، هەڵستانیش دەبێتە «هەڵدەستم نەک هەڵدەستێم ». لەگەڵ ئەمەشدا کە «وێران» بەزۆری وەک تێپەڕ مامەڵەتی لەگەڵدا دەکرێت و لە گەڕاندا دەکرێتە «وێرامان، وێرایان» دیسانەوە دەبێ هەست بەوە بکەین کە «بەرکار» (مفعول) داوا ناکات ئەو دەمە نەبێ کە وەکوو چەند فیعلێکی کوردی بۆ «مبادرە» بەکار دێت ئەویش لەو حاڵەتەدا «مەفعوولی ناسەریح»ی دەبێ. سەیری ئەم نموونانە بکە:

- هاتم بنووم لێیان تێک دام.
- وێرامان بنووین.
- هەستام برۆم، باران لێ نەگەڕا.
- دەڵێم بیڵێم و ناوێرم.

ئەم کارانەی «هاتم، هەستام، دەڵێم» لەم بەکارهێنانەدا واتای ئەسڵییان مەبەست نییە: «هاتم، هەستام» بە واتای «خەریک بووم»ـە «دەڵێم»ـەکەش بە واتای «دەمەوێ، نیازمە»یە. لێرەدا بەرکاری «وێرامان» فیعلی «بنووین»ـە و لە هەموو ڕستەکانیشدا بەرباری «مبادرە» کە فیعلێکی ئینشائییە وەکوو «بنووین». فیعلی «وێران» جگە لەم حاڵەتە، کە دەگمەنە، لە حاڵەتی ئینتیقالیشدا تەنیا یەک مەفعولی دەوێت بارتەقای فیعلی تێنەپەڕ وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- وێرامە مەحموود، دەوێرمە مەحموود، دەیوێرمێ.
- چوومە بازاڕ، دەچمە بازاڕ، دەیچمێ.
- کەوتمە باغەکە، دەکەومە باغەکە، دەیکەومێ.

فیعلی ئینتیقالیی تێپەڕ لە جێی مەفعوولێک دووی دەوێ، وەک:

- بەردم گرتە چوێلەکە [بەرد، چوێلەکە]
- دەستی خستە باخەڵم [دەست، باخەڵ]

- دارام هەناردە ڕانیە [دارا، ڕانیە]

دەبوو بشڵێم لە ڕێژەی «بژاردن، سپاردن، هەناردن»ـدا کە هەمووی دەستوورین تەنها فیعلی «خواردن» ڕیزپەڕە کە لە ئایندەدا دەبێتە «دەخۆم» نەک «دەخوێرم» وەک ئەوانی سەروو دەبنە «دەبژێرم، دەسپێرم، دەهەنێرم، دەنێرم».

ئەم لادانە ناجارییە لە ئەسڵی بابەتی مناقەشە بەنیازی کەلەبەرگرتن و سوودی خوێنەر بوو کە هەموو دەم هەڵی خوێندنەوەی بابەتی ئەوتۆیی چەنگ ناکەوێت. ڕاستییەکەی، مەبەستی من ئەوە نەبوو لە هەموو ئەو شوێنانەی گوتارەکە بدوێم کە بەلامەوە تێبینی هەڵدەگرێت، ئێستاش مەبەستم نییە هەر نەبێ لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان لەبەر ئەوەیە کە نووسینەکەم بە جۆرێکی وەڕسکەر درێژ دەخایێنێ. دووهەمیان ئەوەیە، بەشی هەرە زۆری ئەو بیروڕایانەی لە نووسەرە ڕووسەکان وەرگیراوە ئەوەندە کەمبڕشت و سەرەتایین هی ئەوە نین جارێکی دیکەش خەڵق بەخۆیەوە خەریک بکات. شتێکی کە بە ئیلحاحەوە خۆی لێکردم بە ئامانجی یەکەمی شەرحدان و ڕوونکردنەوە لەم نووسینەدا دوو بیروڕای ئا. ن. گۆزدییڤ بوون کە لەبەرەو کۆتایی لاپەڕە 79دا ژمارە 5، 4ی پەراوێزەکانیان دراوەتێ. چی لێرەدا کارمان پێیە شەش دێری دواینی پەرەگرافەکەیە کە دابڕینیان لە زنجیرەی تایبەت خەلەلێکیان پێ ناگەیەنێت. ئەوەتا دەقی دێرەکان:

[وێکچوونیش لە نێوان ئەو دەستەواژانەی «ڕێزمان»یان تێدایە وەک «یاسای ڕێزمانی»، «دەستووری ڕێزمانی»، «دیاردەی ڕێزمانی» ئەوە دەگەیەنن کە: یەکەم: «ئەوەی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە، بوونێکی مەوزووعیی هەیە». دووهەم: «دامەزراندنی زانستی زمان بۆ ئەو ڕێژە مەوزووعیانەی لە زمانەکەوە هەڵدەهێنجرێن، ئەو ڕێژانەش دەشێ ڕاست بن و دەشێ هەڵە بن»].

لە پێشەوە دەبێ بڵێم مامۆستا گۆزدییڤ دەبوو خۆپاریێزی بکات لەو حوکمە موتڵەقەی کە دەری بڕیوە بەسەر «مەوزووعیبوونی هەرچی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە». ڕێزمان فەلسەفە و زانستی و بابەتی ئەوتۆیی نییە کە لە خۆوە و بە پێی دەستوورەکانی ناوەکی خۆی مەوزووعیبوونی کەرەستەی ئاخاوتن دەرک بکات. ئایا دەنگی «ی» لە خۆوە هیچ واتایەکی هەیە مەوزووعی و نامەوزووعی بێت؟ کە خرایە دوای «جوان» و «جوانی» پێکهات، ئەم واتایە تەجریدییە لە کام لەرانەوەی «ی»ـەکەوە زایەوە؟ ڕەنگە بگوترێ چونکە بە ئەسڵ وشەی «جوان » واتایەکی مەوزووعی هەیە کەرەستەیەکی کە پێشیەوە دەبەسترێت ئەو مەوزووعییەتە وەردەگرێت، ئا لێرەشدا واتای مەوزووعییەت لە عەینی تێکبەستن و بەستنەکەوە چرۆ ناکات وەک خونچە لە بنەگوڵەوە یەکسەر چرۆ دەکات: ئەوەی تەجریدەکە لەو «ی»ـەوە دەخوڵقێنێ نەک ڕێزمان نییە و بەس بگرە «زمان»یش نییە بەڵکوو هۆش و مەنتیقی مرۆیە، خواز و ئیرادەی مرۆیە کە دەبینین لە دەریای ئەفساناندا مرۆ بەلای وڕێنەی وەهادا چووە یەک زەرە مەوزووعییەت و مەنتیقی تێدا نییە کەچی هەموو وڕێنەکان بە پێی یاساکانی ڕێزمان ڕێکوپێکن و عەیبیان لێ ناگیرێ. مامۆستا گۆزدییف ویستوویەتی پارسەنگێکی قسە بێ لەنگەرەکەی بەوەدا بداتەوە کە لەکۆتایی ڕایەکەیدا دەڵێ: «ئەو ڕێژانەش دەشێ ڕاست بن و دەشێ هەڵە بن» بەڵام پێوەی دیارە کە بەرەو قوڵایی مەسەلەکەدا نەچووە چونکە نە چارەیەکی مەوزووعیی نەبوونی هەڵەی کردووە و نە زانیویەتی «یان بە بیریدا نەهاتووە» هەڵە پێوەندی بە ڕێزمانەوە نییە و نە بۆ شتێکی دیکەی زێدە گرینگیش چووە لەم ڕایەیدا کە «هەڵە» تاکە شێوەی بیژۆکی ئاخاوتنی نادروست نییە چونکە بەلای کەمەوە بە سێ شێوە بیژۆک هەن لە ئاخاوتندا کە ئەگەر بە کێشانە و پێوانەی «ڕێزمان» هەڵسەنگێندرێن ڕاست و دروست دەردەچن:

- شێوە بیژۆکی یەکەم هەڵەیە،
- شێوەی دووهەم درۆیە.

- شێوەی سێهەم قسەی بێ واتایە.

شێوەی چوارەم قسەی بێ واتای ڕێزمانە کە ئەمەیان جودایە لەوان.

شێوەیەکی دیکەش هەیە کە وەک وڕێنە جودایە لەو سێ شێوە بیژۆکەی باس کران ئەویش قسەی واتاداری ڕێزمان چرووک. شێوەی دواییں کە ئەویش نایەتە حیسابی ئەم نووسینەوە، قسەی بێواتای بێ ڕێزمانە.

ڕێزمان دەتوانێ لەلای خۆیەوە بەدەنگ بێت لە یەکێک بڵێ «ئێمە خواردتان» بەڵام هیچی پێناکرێ لەگەڵ درۆ و هەڵە و قسەی ڕێزمانیی بێ واتادار: ئەم بێ دەسەڵاتییە سروشتییەی ڕێزمان وەک بێدەسەڵاتی «باغەوانی»یە لە ئاست بارانی ناوەختدا. بابایەک بەپێی دەستووراتی ڕێزمان دەڵێ: لە بازاڕ شووتی ڕاوی پۆلیسێکی نا. یەکێکی دیکە گوتی: هەتا لای بەهار سەرجەمی پەپوولە لە تۆپکڵی فیزیابەدەر نەڕێوی دەسمێت و هیچ، مەگەر لایلایە چاری مەسەلەی سۆمالّی پێوە بلکێت. ئا ئەم ڕستانە هەڵەی ڕێزمانییان تێدا نییە و ڕێزمانیش ناتوانێ لێیان بەدەنگ بێت چ جایی ئەوەی کە خاوەن ڕێزمانەکە خۆی نەزانێ ئایا قسەیەکی دەبیییەت ڕاستە یان هەڵە یان درۆ.

مرۆڤ، لە ڕێی کاریگەری هۆشەوە کە ئالەتی تێگەیشتن و «تصور» و بیردۆزی و هەڵسەنگاندن و ڕاستگۆیی و درۆزنی و بەهەڵەداچوون و نیشانەی پێکانیەتی. بە ناجاری و لە شێوەی حەتمیدا مەخلوقێکی «زاتی»یە و لە هەموو جیهانی زانراو و هەست پێکراودا تاکی خۆی نییە بۆ «زاتیبوون» تەنانەت «مەوزووعیەت»یشی لە زاتەکەیەوە دەزێتەوە، لە پێش هەموانەوە «زانست»ـەکانی کە لە سەرەتادا هەمووی گەڵاڵەیەکی پڕ هەڵە بوون، بەڵام مرۆڤ بە ڕاستی داناوە وەک کە باوەڕی وەها بوو سروشت بریتییە لە چوار عنصر: ئاو، خاک، هەوا، ئاگر دواتر دەرچوو هیچیان عنصر نین.

زانستی ئاسمانناسی وەهای دەزانی ئاسمان بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە؛ دەرچوو «ئاسمان» هەر لەبەیندا نییە. خولاسە زانستی کۆن لە هەر مەیدانێک بووبێت هەر نەبێ لە چەند ڕوویەکەوە هەڵەی تێدا بووە، هەندێکیش سەرتاپای هەڵە بوو کەچی بە «زانست» حیساب دەکرا، دەش بوو وەها بێ چونکە ڕێی دیکە نەبوو بەرەو بۆچوونێکی ڕاستتر بڕوات. ئێستاش دینداری حەق و ڕەق هەیە ئەگەر دەستی بڕوات ئاسمانگەردی بەسەر زاناکانیدا دەتەپێنێ. ئێمە کە دەڵێین «مەوزووعی و زاتی» زۆر... ئەوەمان لە بیر دەچێت کە مەوزووعییەت لە بوتپەرستیدا دەبینێت، بەپێی بڕیار و تێگەیشتنی مرۆیە. هەر بۆیەیە یەکێک مەوزووعیەت لە بوتپەرستیدا دەبینێت و یەکێکیش لە ئیلحاددا. ڕێزمان بگرە بە نموونە دەبینی هەر کۆمەڵەیەک لە زمانناسەکان باوەڕی بە ڕاڕەوێک هەیە جودایە لە ڕاڕەوی دراوسێکەی. هەموشیان خۆ بە موزووعی دەزانن. دە هەزار دین و هەزاران مەزهەبی هونەری و سیاسی و ئابووری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و هەزاران هەزار چەژی ئەدەبی و هەستی جوانی و پێوانەی داد و نەریت و نازانم چی ئەو ملیۆنەها مرۆیە بەشەڕ دەهێنێت و بەزۆریش خۆیان لەسەر حەق دەزانن واتا گۆیا مەوزووعین. تێیاندا هەیە پسپۆڕە لە دۆشینی مەڕگەلی مرۆ خۆی بە گێل لە قەڵەم دەدات و قۆچەبزن بەسەر دیواری لای ڕاستەی دەرگەی ماڵیەوە چەسپ دەکات، بەڵام مسڵمان و هیندۆس کە لەسەر کەونە پەرستگەیەک سەدەها کەس لە یەکتر دەکوژن چۆناوچۆنی مەوزووعین.

ئەوانەی ڕاناویان پەسەند کرد بە زاراوە و پێشگری کاریان بە ناوەوە لکاند لە کوێوە مەوزووعین؟ ئینجا ئەگەر لە لاپەڕە 79دا قسەیەکی گۆزدییڤ بخوێنیتەوە کە دەڵێ: «یەکەم- ئەوەی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانەوە بوونێکی مەوزووعی هەیە» چارت نییە دەبێ لێی بێدەنگ بیت و بڵێیت ئەم ڕایە دەبوو پتر بەلای «وشە» دا بچێتەوە، چونکە لەوانەیە وشەیەکی وەک «بەرد» هەر ئەو واتایەی هەبێ کە «حجر»ی عەرەبی هەیەتی، بەڵام دەشێ لە ڕووی ڕێزمانەوە «ئەحمەد ڕۆیشت» جودا بێ لە «أحمد ذهب» چونکە ڕستە عەرەبییەکە «مبتدأ و خبر»ە نەک «فاعل و فعل». دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین وشەی «حجر، بەرد»یش چ حیسابێکی بۆ تەرکیبی فیزیایی ماددەکە نەکردووە کە لەوانەیە زۆر لەوانەی بە بەردی دەزانین بەپێی تەکوینیان لێکتر جودا بن. بەهەمەحاڵ چ بەردە، چ تاوێر، چ حجر، چ صخر، چ Stone هەرچی وشەی وەک ئەوانیش هەن لە ماددەکەوە دەنگی نەداوەتەوە بۆ بەر گوێی بیسەر وەک کە

گفەگۆی با لە ناو گیا و گوڵدا بە بێ تەدەخولی مرۆ پەیدا دەبێ هەرچەند ناوێکی هەبێ یان نەبێ. هەرچی وشەکانن مرۆکردی زاتییە.

لە نووسینی کۆنمدا گوتوومە، لەوانەی پێوەندیی «خالقية و مخلوقية»ـیان بە مرۆڤەوە هەیە هیچ شتێک بە قەدەر «ئاخافتن» مەخلوقی بەشەر نییە: منداڵ کە لە دایک و باوک پەیدا دەبێ لاشەکەی ماددەیە، هەروەهاش هەرچی دروستکراوی مادی بەشەر هەیە قاڵبەکەیان مەخلوقی سروشتە کەچی «وشە، ڕستە» هەمووی هەر هی بەشەرە، لەوەوە پەیدا دەبن، بە خوازی ئەو دەبن، ئەو هەڵەیان تێدا دەکات. زمان پتر لە بەرهەمی هونەری ماڵی مرۆیە کە مەهارەتی مرۆ لە ماددەدا دەردەخەن چونکە لەوانەیە بە دریژایی ڕۆژ وتوویژی دەروونی لەگەڵ خۆیدا بکات کە لزوومی بە «هەوا» ش نییە دەنگەکە بگەیەنێ، وەیا بینووسێت. خولاسە: «وشە، ڕستە و زمان» عەبدی مرۆیە پتر لە هەموو دروستکراوەکانی. هەر لەو نووسینەدا گوتبووم، زانینی ئەو هۆیەی دەروونی کە وەهای لە کورد کرد ئەداتی پێناسین پاش بیەخێت و عەرەب و ئینگلیزیشی بەوە ڕاهێنا کە پێش وشەی بیەخن پتر لە دەروونی مرۆمان شارەزا دەکات لەوەی بزانین ورگی مرۆ چۆناوچۆنی خۆراک هەزم دەکات چونکە مەڕ و بزنیش خۆراک هەزم دەکەن بەڵام قسە ناکەن.

زمان خۆی، زانستی زمانیشی لەگەڵدا بێ، لایەنی «ذاتیە»تی لێ ناسرێتەوە وەها بە ڕەهایی و سەراوی کە لە ڕایەکەی گفۆزدیێقدا دەربڕدراوە: وشە، کە «أسناد»ی تێدا نییە و خۆی «تجرید»ی ئەو شتەیە وشەکەی بەسەردا بڕاوە ئیتر خواوڕاستان یا نیشانەی پێکاوە یا لێی بەهێڕێدا چووە وەک بەشینی پان دەڵێ «ئاسمان» و دەپیەرستێت و لێی خەرج دەکات کەچی نە شینە و نە پانە و نە بەرزە و نە هیچ مەگەر ئەو وەهمەی لە خەیاڵی مرۆڤدا بۆ ئاسمان ساز دراوە بە «مەوزووعی» حیساب بکەین، هەرچی وشەیەکی سەر بەوەهم و ئەفسانەوە بێت ئەویش هەر وڕێنەی «زات»ی مرۆڤە فڕی بەسەر مەوزووعیەتەوە نییە. کە حاڵی گەلێک وشەی بێ ڕەنگ و دەور ئەو نامەوزووعییە بێت دەبێ «ڕستە» کە پتر لە وشە بەلای تەجریددا دەچێتەوە و «أسناد»یشی تێدایە بەرەو هەڵە و درۆی دەباتەوە و ئامرازی وەهای تێدایە بە تەنهایی هەر واتای نییە و شێوەی دەنگ و ڕەنگی مرۆڤ کە بەشێک نین لە ئاخاوتن و دەوریان هەیە لە تەکوینیدا، ئایا کە حاڵی ڕستە ئەمە بێت چەندی مەوزووعی دەردەچێت و چەندی وەهم و فیشاڵ و وڕێنە و هەڵە و درۆ؟

بەڵێ دەزانین شتێک هەیە تابڵێی گرینگە «ئاخاوتن»ی ناو لێ نراوە، بەڵام بڕیاردان لەسەر مەوزووعیبوونی ئاخاوتن بەو شکڵە موتڵەقەی گفۆزدیێف خۆی لێ بێخەم کردووە شتێکە بەبەریەوە هەیە بە شکڵی موتڵەقی لە ڕاستی دوور بێت، چونکە هەر لە وشەی سادەوە هەتا سەرلەبەری ئاخاوتنەکە بە ڕاست و درۆیەوە ئەندێشەی مرۆیە، لە هۆش و گۆشی مرۆوە نەک لە «فڕین، برژان و کوشتن»ـەوە ڕێژە «فڕی، دەفڕێ، ببرژێ، دەیکوشت و فڕی بایە». پەیدا بووە. ئەگەر هاتبایە مرۆ بە داخوازیی «فڕین، توانەوە و مردن» ڕێژەی بۆ حاڵەتی جوداجودایان دانابایە لەوانە بوو هەر جارە بۆ حاڵەتی هەریەک لەو سێ کارانە ڕێژەیەکی سەربەخۆی هێنابایە وەک کە بۆ سێ ماددەی لێکتر جودا «بەرد، گۆشت و خەنجەر»ی ڕۆنا، لەوانە بوو بڵێ «فڕی»، ئینجا لە ئایندەدا بڵێ: «کەشت»، بۆ فەرمانیش «تق». هەروەها بۆ هەر کارێکی دیکەی بەخەیاڵدا بێت هەمان ڕەفتار بکات نەک ڕێزمان و دەستووری گشتی بە ئەرکەوە دابهێنێت و دەقی «وشە» بکاتە دەسکەلا و هەر جارە بە پێی زەمان و حاڵ ڕێژەیەکی لەبار بدۆزێتەوە کە لە ناخییەوە، لە هۆشییەوە هەڵدەقوڵێت نەک لە هەڵڕژانی ئاو و شەقەی باڵی کۆترەوە. ئەو کە کۆتر و ئاو و عەلەشیش و بزن و چنار و پەپوولە...ی دیت نەهات بۆ هەرچی ڕوەکە وشەی لێک نزیک دابنێت بۆ مەلیش وەهای نەکرد.

هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی دەروونیی مرۆ کە لزوومی نەدیت بە یەکیان بڵێ «کۆتر» و بە هی گەورەتر بڵێ «کۆترەمە» و هی بچووکتریش «کترە». بێلزوومیەکەش لەوەوە دێت کە ئەو مەلانە وەکوو «ڕووخاندی، دەڕووخێنێ و بڕووخێنە...» نین یەکیان لەوی دیکە بکەوێتەوە. دوای هەزاران ساڵ مرۆ هات «وشتر، مەڕ و گاجووت»ی خستە بەر دەستووری «کاوێژکەر». گورگ و پشیلە و کەمتاری ناونا «گۆشتخۆر» وەیا «هەمەخۆر » بەتەواوی وەک ئەوەی دوای هەزاران ساڵ دەستوورانی ڕەسمی لە ڕێی پسپۆڕانی زمانەوە بۆ ڕێزمان هەڵێنجرا، ئاخێوەرەکە ئەگەر نەیخوێندبێ تا ئێستاش نازانێ ڕێزمان چییە. ئاخێوەر بەسەلیقە لە ماوەی چەندین هەزار ساڵدا بێ ماموستا کەوتە سەر باریک ڕابردوو لە داهاتوو جودا بکاتەوە و تاک لە کۆ هەڵاوێرێ، ئا ئەم ماملەتە هی زاتە نەک مەوزووع، بەڵام زاتێکی گەیشتبێتە پلەی

هەستکردن بە داخوازیی حاڵەتی بابەت. ئەو لە زووێکەوە زانیویەتی دوێنێ ئەمرۆ نییە و سبەینێ نییە بەڵام کاتێکی زۆری ویستووە. هەتا بۆ دوێنێ بڵێ ڕۆیی و بۆ ئێستا و دواتریش بڵێ دەڕوات. مامۆستا پسپۆڕەکانی لکە جوداکانی زانست لە ئاست عەلیشیش و ئاو و نەوت و خوێ...دا ئەو کارەیان کرد کە ئاخێوەر لەگەڵ «ڕۆیی، دەڕوا و بڕۆ»دا کردی تا ئەوەی لە زانستی کیمیا ماددەکان بە ڕەمز و هێما دەناسرێنەوە، ڕەمزەکەش هی لێزانانە، هەر پێتێکی هێما بۆ تایبەتمەندییەکی ماددەکە دەکات... کۆمپیوتەر لە خۆوە نازانێ ئەو ڕەمزانە دابنێت و لەجیاتی لێزانیان بەسەر ماددەکانیاندا بسەپێنێ، کاتێک پسپۆڕی کۆمپیوتەر بۆ ئەو کارە ئالەتێکی دروستکرد ئەوسا ئەو ئالەتەکە هەزار جار لە پسپۆڕەکە خێراتر و ڕاستر کار دەکات.

لەو نووسینە کۆنانەمدا [لەوانە دوو ئەڵقەی گوتارێک بوون لە ڕۆژنامەی «الدستور»ی عەممان، ساڵی 1978، بڵاو کرانەوە] بۆ ڕوونکردنەوەی دەوری دڵخوازی مرۆ لە واتای وشە نموونەیەکم هێناوەتەوە بەوەدا کە تۆ گوتت «دارا بەتەمایە کێڕی پاشا بخوازێت» منیش بڵێم «ئەرێ» و نیازیشم بە دوورزانینی کارەکە بێت، ئا لەم «ئەرێ»یەدا مەنتیقی ئاخاوتن کە بە ئەسڵ لە مەنتیقی هۆشەوە زەنەی کردووە، ڕێی بەو تەعبیرە بردووە کە لە شکڵی ئیجابیدا سەلبیەت بەدەستەوە بدات بڕوا دەکەم، گەلێک وشەی بێسەروبەری وەک «بلرباقۆ» لەخۆوە بێ سازدانی دوور ئەندێشانە بەسەر زارێکدا هاتووە کە هیچ وشەیەکی حازربەدەستی بۆ ئەو واتایە نەدۆزیوەتەوە ئیتر ئەم وشە ناقۆڵایەی بۆ کەسی شەخسێک ڕەوا دیتووە کەوا نە هۆشی تەواوە نە لەشی دروستە و نە ڕەفتاری ئادەمانەیە.

زۆر شلک بووم، گوێم لە قسەی مەلاکانی مزگەوتی نزیک ماڵی خۆمانەوە بوو دەیانگوت بابایەکی عەرەب بەر لە 100 ساڵ دەیگوت لە لەرەی وشەی زمانی بێگانەوە بۆ واتاکەی دەچم، ئیتر وشەیەکی ڕۆمییان لێکرد بە تاقیکردنەوەی داواکەی، ئەویش گوتی هەستی ڕەقایەتی تێدا دەکەم، دەرچوو وشەکە بەرد یان ئاسن بوو ئەم قسەیە لەگەڵمدا ژیا تا گەیشتمە تەمەنێک لەگەڵ خۆمدا گوتم: ئەگەر لەرەی وشە ئەو واتا ڕاگەیەنە بێت ئەدی چۆن لە کوردیدا «ڕەق» سەختە و لە عەرەبیشدا «رق، یرق...» ناسکی و نەرمایی دەبەخشێت.

هەرچی سەر بە مرۆڤە هەمووی هەر زاتە وەکوو بشیەوێ لەگەڵ بابەت بڕوات. ئەگەر لە جیاتی مرۆڤ کۆمپیوتەر زمان و ئاین و عەیارەی نرخاندنی دانابایە لە هەموو جیهانی مرۆڤدا یەک زمان و یەک ئاین و یەک جۆرە پێوانە دەبوو، چونکە کۆمپیوتەر زاتی نییە تێکەڵ بە بابەت بێت. تۆ سەیرکە، لەو دەستوورانەی پێیان دەگوترێ «ڕێزمان» چەند ڕیزپەڕ هەیە ئەرکی بەزیادەوەمان لێ دەستێنێت لەچاو یاسای دەستووری. لە ڕێزمان ڕاگوێزە بۆ کێشەی نێوان میللەتان و بە دڵی ئارامەوە تۆژینەوەی تێدا بکە دەبینی بەشی هەرە زۆری لەسەر باوەڕ و بۆچوونی جوداوازەوە نەک لەسەر بەرژەوەندی جوداوازەوە هەڵستاوە. جوداوازی ئایدیۆلۆجیا کە کاری دەروونە و پێوەندیی بە نان و ماستەوە نییە چ لە سیاسەت و چ لە عاقیدە، ناکۆکیی ئەبەدی دەنێتەوە مەگەر ئایدیۆلۆجیا کە هەڵوەشێتەوە. شەڕی خاچپەرستەکان چەند سەد ساڵی دەوام کرد؟ بەهەمەحاڵ باوەش پێداگرتن بە دەووری «زات» لە سەروبەری کۆمەڵایەتی بە هەموو لایەنەکانیەوە شتێکە سەرەتای هەیە نەک کۆتایی.

من لەو دریژەپێدانە، کە ئەگەر پڕبەپێستی بابەت بوایە گەلێک دریژخایەنتر دەبوو، ئەوەم مەبەستە سەرەنجی هەموو مرۆیەکی «زماندۆست» بۆ لایەنی زێدە گرینگی دەوری دەروونیی مرۆ لە ڕێزمان و غەیری ڕێزماندا ڕابکێشم چونکە هەرچی زات و هونەر و داد و ستەم و... و... هەیە لە مرۆڤەوە هەڵقوواڵیوە، هەتا ئەو هەڵقوواڵینەش بەلای ئەفسانە هەڵە و درۆدا بچێتەوە پتر ڕەنگی «زاتی» وەردەگرێت چونکە «بابەت» نازانێ درۆ و هەڵە و ئەفسانە هەڵبەستێت. ئینجا کە سەیری دامەنی لاپەڕە 79 بکەین دەبینی د. مارف ڕایەکی ڕاست و دروستی لە گۆڤزدیێڤەوە وەرگرتووە کە دەڵێ وشەسازی و ڕستەسازی چەندێکیش خاوەنی کەرەستە و مەبەستی خۆی بێت، پێوەندی هەمەجۆر لە نێوانیاندا دەمێنێت. ڕایەکە زۆر دروستە. هێندە هەیە حەزم دەکرد ئەم «پێوەندی هەمەجۆر»ە لە شکڵی مەتەڵدا نەمێنێتەوە و بدراباوە بەو سەرچاوەیەی کە زەنەی لێ کردووە، وا دەزانم هەر چونکە سەرچاوەکە بەناچاری و حەتمی ویژدانی مرۆیە نەک بریاری بابەت بەسەر ویژدانی مرۆڤدا [کە ناشێ لە وەهم و خەیاڵیشدا ئەو بریارە هەبێت] مامۆستا گۆڤزدیێڤ نەیویستووە کاریگەرێکی «نارێزمانی- نامەوزووعی» تێکەڵ بە پێکهاتن و دەوری وشە و ڕستە بکات یاخود بەلایەوە ناجۆر بووە

تێوەرێخ بخاتە نووسینەوە بۆ دیاریکردنی خوازی مرۆ لە کاریگەربوونی وشە و ڕستە ئاواز و فۆنیم...و..دا. من ئەمە دەسەلمێنم بە مەرجێک نووسەر لە سەرەتاوە دەوری بێبڕانەوەی مرۆ لە بەگەڕهاتنی ماکەکانی ئاخاوتن ڕوون بکاتەوە. بەداخەوە منیش لێرە بەپێشەوە نەکەوتمە سەر باریک وەیا هەلی تەواوم دەست نەکەوتووە باسی دەوری یەکسەر و ڕاستەوخۆی مرۆ لە زمان و ڕێزمان و زانست و عەقیدە و چاکە و خراپەی کۆمەڵایەتی... بکەم و بەپێی قەناعەتی خۆم و ڕوون بکەمەوە هەرچەندە لە تێکڕای نووسینەکانم ئەم لایەنەم پێوە دیارە.

ڕاستییەکەی کە دێین دەڵێین فلانە وشە سادەیە دەبێ بڵێین لە قاڵبی ئێستاکەیدا بە سادە حیساب دەکرێت وەک کە دەڵێن وشەی «ئەهریمەن» بریتییە لە «ئەنگرە + مەینو» بە واتای «ئەندێشەی بەدی» لە فۆرمی ئێستاکەیدا بە سادە ڕۆیشتووە یاخود «قارەمان» کە لە واتای پاڵەوان بەکار دێت وشەیەکی لێکدراوە بە واتای «کارزان». هەروەها فلانە پێشگر سەربەخۆ واتا بەدەستەوە نادات لەوانەیە سەهوو بین، وەک پێشگری «وەر» لە وشەی «وەرکەوتن، وەرچەرخان....هتد» دا لە «ڤەر- ڤەریتەن» بە واتای «سووڕ- سووڕان»ـەوە هاتووە و لە کوردیدا بووەتە «گەڕان» و لە فارسیشدا بووەتە «گەردیدەن» و پێشگرەکە هەمان سووڕی تێدایە. دەشێ بزانین دەنگی «ڤ» بە «گ» دەگۆڕێت وەک کە «ڤیشتاسپ» بووەتە «گیشتاسپ» یاخود «ڤەهرکە» بۆتە گورگ. وشەی «بەهەشت» لە «ڤەهیشتە» بە واتای «چاکترین» هاتووە کە لە ئینگلیزی دا بۆتە best وشەکە بریتییە لە «ڤەهـ» بە واتای چاک لە فارسیدا «بە- بیهـ»ـە و لە «یشتە» بە واتای «ترین»ی ئەداتی سیفەتی باڵا وا دەزانم هەر «ڤەهیشتە» یە لە کوردیدا بووەتە «باش» و دواتر لە بیران چووەتەوە کە خۆی «چاکترین»ـە ئیتر سیفەتی باڵای لێ پێکهاتووە. پاڵیەوە، وشەکە لە ئەسڵدا «ئافەنت» بووە.

خولاسە چی لە زماندا بەکار دێت و بەشبەش دەکرێت بە کار و ناوی سادە و ناسادە و ئامراز... و هتد دەبێ بڵێین لە زمانی سەردەمدا وەهایە، ئینجا ئەگەر فۆرمی ئێستاکەیان بە نووسین لە کۆنەوە پارێزرابێت دەبێ بڵێین لەوەتەی دەیانناسین ئەوەن کە باسیان دەکەین.

لەیەک دوو جێگەی لاپەڕە 80، 81دا «وشەسازی و ڕستەسازی» هاتووە لە زەمینەی دەرخستنی دەوریان لە دەربڕینی مەبەست و بیر: ڕاستیەکەی دەبێ بگوترێ «وشە و ڕستە» چونکە مرۆڤ بەر لە پەیدابوونی ڕێزمان و مەفهوومی وشەسازی و ڕستەسازی بەهەزاران ساڵ بیری خۆی بە وشە و ڕستە دەربڕیوە، دواتر مامۆستایان هاتن بە مەنتیقی زانست وشەسازی و ڕستەسازییان هێنایە کایەوە وەک ئەوەی کە خەڵک کەڵەکی دروستکرد و لە ئاودا نوقوم نەدەبوو چ ئاگایان لەوە نەبوو لە دواڕۆژدا «ئەرخەمیدس»ـێک بنەمای دەستووری سەراوبوونی شتان دەدۆزێتەوە.

بەڵای بینینی منەوە ئەو بیروڕایانەی مامۆستا ڕووسەکان کە لە ژمارەی 7، 8، 9، 10، 11ی پەراوێزاکاندا هاتوون شتی زۆر ساکارن... بێ موجامەلە د. ئاوڕەحمان لەوان پتر بەقوولایی ڕێزماندا چووە، بەڵام لە چوارچێوەی بیروڕا تەنکەکانی ئەو زماننناسانەدا تووشی بابەتی وەک هی ئەوان تەنک دێت. بە نموونە، لە نیوەی دووهەمی لاپەرە 83دا هاتووە:«تاکە کەرەستەیەکی ڕێزمانی دەتوانێ واتای حاڵاتی جیاواز بگەیەنێ» و بۆ ڕوونکردنەوە دوو ڕستەی هێناوە یەکیان «ئێوە هاتن» ئەوەی تریان «ئەوان هاتن» کە تێیاندا دەنگی «ن» جارێکیان بۆ کەسی دووهەمی کۆ و جارێکیان بۆ کەسی سێهەمی کۆ بەکارهاتووە، ئا لێرەدا دەبی بزانین کە دەنگی «ن» لە خۆی و چالاکیی خۆیەوە ئەو دوو دەورەی نەبینیوە بەڵکوو ئاخێوەری کوردی ئەم لەهجەیە چ لەبەر نەفەسکورتی بێت و چ لەبەر لێ خۆش هاتن بێت ئەو «ن»ـەی بۆ هەردوو حاڵەت بەکارهێنا هەم لە ڕابردووی کاری تێنەپەڕ و هەم لە ئایندەی کاری تێپەر و تێنەپەڕدا بەڵام لە ڕابردووی کاری تێپەردا مانای ئاوابێ، لێکی جوداکردنەوە و گوتی «خواردتان، خواردیان ». لە کرمانجیی سەروودا هەموو کەسەکانی یەکەم و دووهەم و سێهەم یەک فۆرمی بێ ڕاناوی لکاو لە ڕابردووی کاری تێپەردا بەکار دەهێنێت. ئینگلیزی یەک فۆرمی هەیە بۆ هەموو کەسەکان و لە هەموو کاتدا جگە لە کەسی سێهەمی کە لەگەڵ کاری ئایندەدا بێت.

چ بڵێی «ن» ی «هاتن» دەوری بینیوە لە ڕاگەیاندنی کەسی دووهەم و سێهەمدا و چ بڵێی «ر» لە وشەی «گەرم، سارد»دا دوو دەوری دژبەیەکتری بینیوە شتێکت گوتووە پێوەندی بە سروشتی ڕستەسازی و وشەسازییەوە نییە. ئیرادەی مرۆڤ و تێوەڕامانی، قاڵب بۆ وشە و ڕستە دادەنێت و بەدەم ڕۆژگارەوە گۆڕانکاری تێدا دەکات تا ئەوەی بەپێی ڕووالەتی حاڵ سەر بە هەڵەوە دەنێت. لە نموونەی هەڵەی زێدە ڕاگەیێن و بەلیغ ئەم ڕاستییەت دەخەمە بەرچاو: لە بڵباسانم

بیستووە کە ویستوویەتی کەسێکی ناسراو و بەرچاو بشکێنێتەوە گوتووەتی: چ ئەحمەداغا هەن؟ ئەم شکاندنەوەیە کە بە زاهیر دەبوو بە هەڵکشاندن حیساب بکرێت [چونکە «هەن »ی کۆی بۆ کەسی تاک- ئەحمەداغا- بەکارهێناوە] بەڵێ، شکاندنەوەکە بەم تەعبیرە نەبێ زەفەری پێ نابردرێ، زەفەر پێ بردنەکەش لە تەناقوزی نێوان «چ»ی کەم بایەخ و «هەن»ی بایەخدار هاتووە. ڕەنگە لە لەهجەیەکی دیکە یاخود زمانێکی دیکەدا ئاخێوەر جۆرێکی ڕفتار بکات. زمانی عەرەبی بایی نیمچە فەرهەنگۆکێک وشەی هەن پێیان دەڵێن «اضداد» کە هەریەک بەوان دوو واتای دژبەیەکتر ڕادەگەیەنێ، لەوێشدا ئیرادەی ئاخێوەر ئەم کارە سەروبنەی ڕەوا دیتووە.

لیرەدا دەبێ بڵێم نیشانەی کۆ «ان» بەئەسڵ «ام» بووە ئەداتی «ان» بە پێوەندی نێوان کۆتایی وشە و نیشانەی «ام» هاتووە. دیارە و وردە وردە خەڵقەکە وەڕس بووە لەم «ام»ـە و قرتاندوویەتی. ئینجا ئەگەر ئاگاداری بنەمای ڕاستەقینەی زمان نەبین، کە مرۆڤە، دەبێ بڵێین کەرەستەی تەعبیر لێرەدا بە مردوویش دەور دەبینێت.

ئەم تێبینییانە بە نیازی فرەوانکردنی ئاسۆی تێڕوانینە کە پێویستێکی بنجییە لە هەموو مەیدانەکانی ڕۆشنبیریدا چونکە هیچ بابەتێک نییە لەخۆوە بەدەنگ بێت. د. ئاوڕەحمانیش کە بۆتە سەربازێکی ڕێزمانی کوردی پەلەیەتی بایی بۆلوان مێشکی من و تۆ و یەکێکی دیکە بەسەر ڕوانگەکانی زماندا ڕابشکێنێت. چشمان لێ کەم نابێتەوە لە سنووری دەسەڵاتدا مۆمێک بۆ بەرهەنگاوی لەخۆبووردووەکانی زمان و کەلەپوور و ئەدەبی کوردی و مێژووی کوردی هەڵکەین، ئا لەم کولانەوە دەڵێم گۆشەیەکی ڕێزمانمان بەبەرییەوە هەیە قسەی ڕچەبەستووی تێدا هەڵگەڕێتەوە یاخود هەڵوەشێتەوە. چی پێی دەڵێین ڕاناو ئەو وشەیەیە جێگەی ناوێک دەگرێتەوە، لەو تاقمە وشانەی بە ڕاناویش ڕۆیشتوون وشەی «که»یە بە واتای «الذي» عەرەبی، دەزانین «که» خۆی لە خۆیدا نە ڕەنگ نە سەنگ نە پێناسە و نە هیچ دیارخەرێکی پێوەیە بیخاتە ڕیزی وشەی واتادارەوە، هەر بۆیەیشە دەشێ ببێتە ئاوەڵکار وەک لەم ڕستەیەدا: کە هاتیت پێم بڵێ.

هەروەها لەبەر زێدە بێهێزیی هەبوونی دەشێ ببێتە ئەداتی پێناسە وەک: براکەم، مەزراکە.. دەشبێتە نیمچە ئامرازی مەرج وەک: کە شەکر نیت گوژاڵیش مەبە... ئایا ئەم تەرزە حاڵەتەی بێئۆقرەیی و نەمەییوی کە دەشگاتە سنووری تێچوون و سڕانەوە وەک دەڵێن: کابرای هاتە لات دارا بوو [لەجیاتی «که هاتە لات» – گوتیشمان «وەک دەڵێن» لە جیاتی وەک کە دەڵێن] چەندی لە جغزی ڕێزماندا دەمێنێتەوە چەندی لە بەرەڵاییدا؟ دەزانم ڕێ ناگیرێ لەکەسێکی بیەوێت وەڵام ساز بدات بۆ پرسیارەکە و لە هەریەک لەو حاڵەتانەدا بە پسپۆڕی باری بێئۆقرەیی نەمەیوی وشەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام هێندە لە پرسیارەکە دەمێنێتەوە تێوەڕامانێکی وردتری تێدا بکرێت بۆ پەیداکردنی حاڵەتێکی ڕێزمانی ئەوتۆ لزووم نەهێڵێ بۆ پاڵپشتێکی سازدراو بااڵی لەرزۆکی وشەکە ڕاست بگرێت. دەبێ ئەدات هێندەی لێ نەتەکێتەوە وەک فۆنێمێکی عادەتیی لێ بێت بەتایبەتی کە یەک لە حاڵەتەکانی ئەوە بێت بە ڕاناو دابنرێت. هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم نییە ڕێزمان نابوود بکەم، دەمەوێ، ئەگەر بلوێ، کەلەبەرەکانی بگیرێن وەیاخود بنەماکانی مەحکەمتر بن.

تۆ بڵێی ڕێم نەبێ لەبەر تیشکی شلۆکی «که»ی ڕاناو حیسابێکی ڕێزمانی [نەک وشەسازی] بۆ پرپێوزیشنی «لێ، تێ، پێ و بۆ» بکەم کە بەشدار دەبن لە گۆڕینی سروشتی فیعلی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ؟ وشەکانی «لێبوونەوە، تێگەیشتن، پێگەیشتن، بۆچوون» چییان تێدایە لە قەبەڵ «کار» یان دەکات؟ «لێ و تێ» گۆڕاوی پرپێوزیشنی «له» ن، «پێ» ش هی «به»یە کە دەزانین «به» بارتەقای «بۆ»یە لە سیفەتی پرپێوزیشنیدا کەچی پتر لە «بۆ» واتای فیعل بەرەو تێپەڕی دەبات. هەروەهاش «له» کە دەبێتە «لێ، تێ»، ئینجا کە ئێمە دێین «که» بە ڕاناو دادەنرێت لە حاڵەتیکدا چ خزمایەتی نییە لەگەڵ «من، تۆ... ئەوان... ئێمە»دا بۆچی «لێ، تێ و پێ»ش نەخرێتە ژێر سەرناوێکەوە بایەخێکی لێبان دەوەشێتەوە بۆیان تێ بخوێنێتەوە؟ وشەی «تێ» لەگەڵ کاری «گەڕان»ـدا جارێکیان «تێگەران» و جارێکیان «تێدا گەڕان» دروست دەکات بە دوو واتای لێکتر جوداوە، «تێگەڕان»یش تێپەڕترە لە «تێداچوون» داوای وەڵام دەکات لەوەدا کە لەم فۆرمەیدا «پێچوون» هەر لەگەڵ ئاوەڵکاردا دەڕوات «پێداچوون » یش لەگەڵ ناو، هەرچی «پێچوون» بە واتای «پێمردن»ـە بەتەواوی لەوان جودایە و لایەنی تێپەڕبوونی پێوە دیار نابێت:

- دوو ڕۆژم پێ چوو هەتا هاتمەوە

- کوێرەڕێ بوو ئێوەی پێدا چوون
- زەهری نۆشی و ؟ پێ چوو (واتە:مرد)

دەگەڕێمەوە بۆ تێبینییەکانی کردم لەوەدا بابەتی پەراوێزەکانی ژمارە 7، 8، 9، 10، 11 زۆر ساکارە. هەمان ساکاری لە بابەتی پەراوێز 12، 13 شدا دەدیترێ کە بیروڕای ئا. ئی. گۆلانۆڤ و ئا. ئی. سامیرنیتسکی دەڵێتەوە. بیروڕاکان دربڕینی مەزموونی پەراوێز یازدەیە کە قسە لەم دۆکوولیڵ وەردەگرێت و بەتێکڕایی خەریکی ئەوەن کە دەشێ وشەیەکی دیاریکراو لەوانە بێ لە تەک واتای سەرەکیی سەربەخۆدا چەند واتایەکی تەواوکەری دی هەبێ، نموونەی ڕوونکردنەوەش لە کۆکردنی وشەوە دەهێنن وەک: باخان، شاران، پیاوان، دەڕۆن، دەنووسن، دەفرۆشن.... کە واتایان بۆ تاکە وشە نییە بەڵکوو بۆ گرووپی گەورەی وشەیە.

ئەم بیروڕایە دەست دەدات بۆ فێرخوازی پۆلی چوار و پێنجی سەرەتایی بەدەرس بگوترێتەوە، بەڵام لەو هێندە ڕوونکردنەوەیەی کە ئەو سێ زمانناسە ڕووسە پێمانی دەبەخشن، جگە لە کەمبایەخی، لێڵی و ناتەواویشی هەیە لایەنێکی گرینگی بابەت تەماوی دەکات ئەگەر نەڵێم دەیشارێتەوە.

ئەگەر هاتبایە ئەم نموونانە هەرچی وشەی وەک خۆیان هەن لە زمانەکاندا یاخود تاکە زمانێکدا بگرێتەوە دەشیا لێی بێدەنگ بین و بڵێین دەستوورێکە هەمەگیر و خۆی پەساندووە بەسەر ئیرادەی ئاخێوەردا. بەڵام حاڵەتەکە وەها نییە نە لە تاکە زمان و نە لە هەموو زمانەکاندا. لە ئاست تاکە زماندا کوردی دەکەینە عەیارە، دەڵێین: مێگەل هات، لەشکر ڕۆیی.

مێگەل و لەشکر (گرووپی گەورەی مەڕ و مرۆڤن) کەچی لە سەرینایی تاکبوونی وشەکەوە «گرووپ» مان تێ نەخوێندەوە و ڕێژەی تاکمان بۆ کاری «هات» بەکارهێنا لە جیاتی «هاتن». ئەگەر بمانگوتبایە «هاتن» ئەوسا کارەکە بۆ گرووپی گەورەگەورەی «مێگەل» واتە بۆ «مێگەلان» دەچووەوە هەر چەندە وشەکە خۆی لە خۆیدا تاکە. با لە مێگەل و لەشکر واز بهێنین کە هەریەکەیان «گرووپ» بەدەستەوە دەدەن و یەخەی وشەی ئاسایی بگرن. دەڵێین: کچ هاتن. کوڕ نەهاتن مەبەستمان ئەوەیە بڵێین گرووپی ئەوەی کچی پێ دەگوترێ و کوڕی پێ دەگوترێ هات یاخود نەهات. فۆلکلۆر دەڵێ:

هەوران کردە گوڵەگوڵ میکائیلا ئەتۆش دەی
تووتن و ماشان بڕشینە دەبا نۆش بێتە سەر دەی
ڕۆمی ئەوا پەیا بوون کوتوبخانان دەکەن تەی

ئاخێوەر هات «هەوران»ی کردە هێمای زۆربەی تاک و «کرد»ی بۆ بەکارهێنا نەک «کردیان». دواتر «ڕۆمی» کە وشەکەی بۆ تاکە خستییە جێی «کۆ» و «بوون، دەکەن»ی بۆ بەکارهێنا. ڕۆمی چونکە بەڕاست دەگەڕێ لە «گرووپی گەورەگەورەی کەسان»، شیا بەکۆ حیساب بکرێ.

بەرێکەوت لە زمانی کوردیدا فۆرمی «کوڕان، کچان، هەوران...» بۆ کۆیە بەدەگمەن نەبێ کوڕینە، کچینە، براینە... زمانی دیکە هەن ڕێژەی دەستووری و ڕێژەی ڕیزبەندی هەیە بۆ «گرووپی گەورە». لەمانە عەرەبی: «عالمون، عالمین»ی هەیە کەچی «علماء»ی هەیە بەهەمان واتا. زۆربەی وشەکانی عەرەبی کە بۆ غەیری مرۆڤ بەکار بێت لە ڕێژە و فۆرمی ڕیزپەڕدا «کۆ» دەکرێتەوە. لە نموونەدا «حمیر» کۆی «حمار، حمارین» بەخەیاڵدا بێت. فۆرمی «جمع مؤنث سالم» وەک: عالمات، ساحرات... بۆ غەیری مرۆڤیش ڕۆشتووە و دەگوترێ «شجرات، باسقات»... لە ئینگلیزیدا بۆ کۆکردنەوەی دەستووری دەنگی «s – س» دەخرێتە کۆتایی وشەوە بەڵام ڕێژەی ڕیزپەڕی بۆ گەلێک وشە هەیە وەک:

Geese/Goose – Children/Child دەبێ بزانین ئەو واتایەی لەکۆی دەستووری بەدڵدا دێت و تاک تاکی گرووپی بابەتەکە خەست دەکاتەوە غەیری ئەو واتایەیە لە کۆی ڕیزپەڕدا جلوە دەبەستی. کە بڵێین: «عالمون» چ لە تەسەوڕدا چ

وەک کاریگەرێکی ڕێزمانی بێت جودایە لە «علماء»، هەرچی «عالمون»ـە وەک کاریش داوای بەرکار دەکات «نحن عالمون امورا وراء الستار» بە واتای «نحن نعلم» هاتووە و ناتوانیت بڵێیت «نحن علماء امورا».

لە ئینگلیزیدا کۆکردنەوەی بەهۆی «s – س» بەڕوونی تاک تاکی شتە کۆکراوەکە لە مێشکدا جلوە بەدەست دەکات وەک dogs, cats, stones... بەڵام لە children دا دڵ بۆ هەموو منداڵەکان «تێکڕا و بەیەکەوە» دەچێت. ئێمە نازانین بۆچی هێندە وشە بەریزپەڕی نەبێ کۆ ناکرێتەوە وەک man کە ناکرێت و هەر men ی هەیە بۆ کۆ بەڵام ئەم ڕاستییە کار ناکاتە سەر بابەتی لێدوانمان تەنانەت زمانی کوردی لە زۆر باردا ڕێی کۆکردنی وشەی نیمچەکوێر کردووەتەوە، لە نموونەدا دەڵێم ناگوترێ: بەردان ڕەقن. لەم بارەدا هەر دەبێ بڵێین: بەرد ڕەقە. تومەز مجێزی کورد بۆ ئەوە چووە کەوا مادەم مەبەست دەربڕینی حەقیقەتێکە پێویست بە ڕێژەی کۆ نەما، ئەما ئەگەر مەبەست چەند بەردێکی دیاریکراو بوو ئەوسا «بەردەکان ڕەقن، دڕێژن، زلن». دەست دەدات و «بەرد ڕەقە و بەردان ڕەقن» هەر چێ نابێتەوە. لە ئینگلیزیدا stones are hard «بەردان ڕەقن» بە هاڕاوی ڕۆیشتووە وەک ئەوەیە گوتبێتت the stone is hard. بەڵام کە گوتت the stones are hard ئەوسا مەبەست کۆمەڵە بەردێکی دیاریکراو دەبێت مەگەر باریکی تایبەتی حەقیقەتی مەبەست بووبێ نەک ژمارە. لە عەرەبی: الحجر صلب، الاحجار صلبة، الاحجار صلبات، بە هەموو لایەکدا و بۆ هەموو مەبەستێک دەست دەدەن. لە نموونەدا «وقودها الناس والحجارة» فەرقی نییە لەگەڵ «وقودها ناس وحجارە»... هتد.

خولاسە هەر ڕێزمانە تەعبیر لە خوایشتی ئاخێوەری زمانێک دەداتەوە نەک لە داخوازی بابەت، بڕیار لە چۆنیەتیی تەفاعولی خواز و هۆشی ئاخێوەر لەگەڵ بابەتدا بڕیار لە چۆنیەتیی ڕێزمان دەدات. کە ئەم ڕاستییە بەدیهییەمان زانی و لێمان بوو بە زانیاریەکی سەرەتایی لزووم نامێنێ هەموو دەم دووپاتی بکەینەوە مەگەر لەباری پێویستدا، وەک کە دەزانین ئەرز لە سووڕانەوەی بەدەوری خۆیدا شەو و ڕۆژ پەیدا دەکات پێویست نامێنێ کۆمەک بکەین لەوەدا بڵێین: ڕۆژهەڵات. بەر لەوەی خەڵقەکە سووڕانەوەی زەوی بیستبێت وای دەزانی بەڕاستی ڕۆژ لەخۆوە هەڵدێت.. بەڕاست. زمان هەیە زۆربەی ناوی مرۆ بە ڕستە دەهێنێتەوە نەک بە تاکە وشە - لەوێدا پێویستە تەعریفی ناو لە ئاست مرۆڤدا جودا بێ لەچاو هی تێکڕای شتان.

زۆر بەسەیری، زمانی کوردی کە دیتمان لە هەندێ باردا کۆکردنەوەی بێلزووم دادەنێت، حەز بەوە دەکات «ان»ـی کۆکردن بکاتە هۆی بەرچاوبوونی کەسانێک دەوری بەرچاویان بردبێت وەک کە لە نێوان گەلێک عەشیرەتدا دەڵێن: فاتم و شیلانان ئاگرەکەیان کوژاندەوە. یاخود لە چیرۆکدا دەگوترێ: برایمی مەلا زێندینان. وابزانم ئەو «ان»ـە تەنها بەدوای ناودا دێت کە بوونە سێ و چوار بەکار نایەت، وەک بڵێی زۆربوونی ژمارەی کەسان لە کارێکدا خۆی دەبێتە ئەنجامدەری کارەکە نەک بەرچاوبوونی چالاکیی دوو کەس. دەمێنێتەوە بڵێین ئەم نیازەی دەرخستنی گرنگی، نەهات بۆ تاکە کەسیش ئەداتی کۆ بەکار بهێنێت چونکە بەزاهیر پاراستنی لایەنی ڕێزمان کە نایەڵێ بە «ئەحمەد» بگوترێ «ئەحمەدان» ڕێی نەداوە گرنگیی کارەکە لە ڕێژەی «کۆ»دا دەربیەخیت. لەم بارەدا جۆری دەربڕینی ناوی کەسەکە نیازی گرنگی، بە گەورەگرتن، گلەیی، بێ ئەهمیەتی، تووڕەیی، ڕادەگەیەنێت کە هیچی بەند نییە بە ڕێزمانەوە.

دوای بەجێهێشتنی چەندین شوێنی شیاوی لێکۆڵینەوە، لە لاپەڕە 83 هەر لە دێڕی سێهەمیەوە هەتا بەرەو کۆتایی دێری یازدەهەمینییەوە کە بەژمارەی پەراوێز 16 تەواو دەبن بۆ ئێرە ڕادەگوێزم چونکە ناتوانم بێ ئەو ڕاگوێستنە مەبەستی نۆ دێڕی باسکراو بەئاسانی بیەخمە بەر زەینی خوێنەر.

ئەمە دەقی دێڕەکانن:

«لە لێکۆڵینەوەی حاڵاتی ڕێزمانیدا، هەندێ لە نووسەران ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن. لەم بارەدا حاڵاتی ڕێزمانی دەشێ وا دیار بکرێ، کە وەک تایبەتیەتیی زمان، دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی زمانەوە وەردەگرێ. نووسەرانی دی لە کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەنوارن. لەم بارەدا دەکرێ

حاڵاتی ڕێزمانی وەک یەکگرتنی کەرەستەی ڕێزمانی بۆ یاریدەی دەربڕینی واتایێکی ڕێزمانیی ناسراو تەماشا بکرێ. بەو پێیە کە کەرەستەی ڕێزمانی بۆ مەبەستی گەیاندنی واتایە، خاسیەتی حاڵاتی ڕێزمانی لە واتاکانیەوە دەست پێ دەکات. بێ ڕەچاوکردنی واتا تەنانەت ناتوانرێ ئەوە بچەسپێنرێ، کە خاوەنی کەرەستەیەکی ڕێزمانیی ناسراوە».

لە پەراوێز ژمارە 16 بیروڕاکان بۆ ئی. ئۆ کۆستینسکایاو ف. ئی کارداشیێڤسکی بردراوەتەوە، بە دوا ناوەکانیشدا نووسراوە، ڕێزمانی فرەنسی، چاپی حەوتەم، مۆسکۆ 1973.

دەبێ بڵێم دەقەکە تێم ناگەیەنێ دەستەواژەی «خاوەنی کەرستەیەکی ڕێزمانیی ناسراو» لە کۆتایی قسەکاندا چ دەگرێتەوە، لە خۆمەوە دەڵێم ڕەنگە مەبەست «زمان» خۆی بێت کە بێ ڕەچاوکردنی واتا نابێتە خاوەن کەرەستەی ڕێزمانی. ئەم گرفتە بچووک بوو، بەڵام گرفتی گەورەتر لەبەرچاو و بۆچوونی مندا ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی دەڵێن «دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی زمانەوە وەردەگرێ» ئەوان بن «لە کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەنواڕن» نەک ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن بە پێچەوانەوە دەبوو بەشێ دووهەمی نووسەران کە دەڵێن «حاڵاتی ڕێزمانی لە واتاکانیەوە دەست پێدەکات، بێ ڕەچاوکردنی واتا.. هتد» خۆیان بن ڕووی واتا ڕەچاو دەکەن.

من ناتوانم گومان لە دروستیی تەرجەمەی د. ئاوڕەحمان بکەم، لەگەڵ ئەمەشدا کە مەسەلەکە بە ئاڵۆزی دێتە بەرچاوم، سەرلەبەری قسەکان، بەهەر لایەکدا بکەوێت، (بە پێی تەسەورم لە سروشتی زمان) ڕێنوێنییەتی هەڵە و دوور لە حەقیقەت بە خەڵق ڕادەگەیەنن. کە دەڵێ «دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی ڕێزمانی» کە مەبەست لێی دروستبوونی پێکهێنانی ڕستەکەیە بە پێی دەستووراتی ڕێزمانی زمان، ئەمما «مانای ڕێزمانی» وەک «ئاوی دەستووری» هیچ کامێکیان واتای دروست نابەخشن چونکە نە مانا ڕێزمانییە نە ئاویش دەستوورییە. کە دەڵێین «چوێلەکە تووتن دەپێوێ» ڕستەیەکی ڕێزمانیی دروستمان بەکارهێناوە، بەتەواوی وەک جاران دەیان گوت «جنۆکە هۆی مانگگیرانن» ڕستەی ڕێزمانییان بەکار دەهێنا واشیان دەزانی قسەکە ڕاستە، خۆ ئەگەر بابایەک تووتنی نەدیبێت، ئەویش وەک مەسەلەی جنۆکە و مانگگیرانەکە پێی گوترا «تووتن شایی دەکات» باوەڕی بە قسەکە دەکرد.

چەندێکی لەو قسانەی سەرەوە ڕادەمێنم ناتوانم بچمە سەر ئەو ڕێبازەی کە دەیەوێ کەرەستەی ڕێزمانی و واتاکەی لێک بترازێنێ و بە دوو شتی جودایان حساب بکات، چونکە بەداهەتەن وشە و واتاکەی یەک شتن. کە دەڵێم «من» بێ ئەوەی لزووم بە گوتن بکات لەخۆوە ئاشکرایە تاکێکە کە لە زماندا زاراوەی «کەسی یەکەمی تاک»ی بۆ دانراوە. لەم زاراوەیەدا نە تاکایەتی نە یەکەمی لەلاوە بە زەکات و سەدەقە بۆ وشەکە نەهاتووە، خۆ ئەگەر قسەکەر «کچ» بێ لە وێشدا «مێیینەیی» بۆ نە خوازرایەوە. ئەگەر منداڵ بێ دیارە جارێ باڵغ نە بووە، باڵغی بە دیاری بۆ وشەکە نەهاتووە. ئەگەر جایەز بێ «من» جارێکیان وشەیە و جارێکیشیان ئەو شتەیە بۆی دانراوە، ئینجا دەبێ بەپێی داخوازی حاڵ جارێکیان مێ بێ یان تاک بێت یان کۆ بێت... هتد. دەبێ بڵێین وشەی «من» کە ڕاناوی پێ دەڵێین «قسەکەری تاکە» نەک «قسەکەریشە و تاکیشە» چونکە لە ناچاریەوە نەبێ، کە تەعبیر کورت دەهێنێ، «من» هەر ئەو کەسە سەرلەبەرەیە کە ئاخێوەر بەر لە هەزاران ساڵ بێ تێخوێندنەوەی ژمارە و یەکەمی و دووهەمی بۆ دەلالەتکردن لەخودی خۆی بەکاری هێناوە، ئیتر پاش هەزاران ساڵ پسپۆڕی زمان پەیدا بوون و کەوتنە سەر شیتەڵکردنی «ئاخاوتن» و تاک و کۆیان لێک جوداکردەوە کە بە ئەسڵیش هەر جوادا بوون بەڵام ئاخێوەری کۆن نەهات وشە و واتاکەی لێک بترازێنێ. هەروەک کە گوتی «ئاو» مەبەستی ئەو شتە شلە بوو دەیناسین، بێ ئەوەی شیتەڵ بکرێ بۆ ئۆکسجین و هایدرۆجین کە کیمیادان بەڕەهایی دەیکات، هەروەهاش چی پێی دەڵێین کەرەستەی ڕێزمانی وەیا وشەی فەرهەنگی «بوونەوەری سەرلەبەر»ن کە جەمسەر لە نێوان خۆیان و واتا و ژمارە و ئایندە و ڕابردوو... و... و یان نییە، زمانزان بۆ تێگەیاندن ئاخاوتن پەل پەل دەکات بەڵام ناشێ هەرگیز لە کارەکەی خۆی بەسەهو بچێت و ببێت بەو قەسابەی بەرخ پەلپەل دەکات و گیانی لەبەر دەبڕێت. کوشتەی پەلپەلکراو نە بەرخە نە بزنە نە مریشک، کۆنە گیاندارێکی لێک هەڵوەشاوی بێگیانە نەدەخوات و نە زیاد دەکات و نە دەزێت...

گوتەیەکی «لینین» م خوێندوەتەوە [وابزانم لە چلەکاندا] زۆر زانایانە عوزر دەهێنێتەوە بۆ خوێنەر لەوەدا کە ناچارە لەبەر خاتری تێگەیاندن بابەتی قسە لێکردن بڕبڕ دەکات کە لە زاتی خۆیدا بێ بڕگە و جەمسەرە هەروەها بەباشی لە بیرمە ئەو هەڵبڕینەوە و کەرتکردنە بە «فصل میتافیزیکی» دادەنێ، لەو نۆ دێڕانەی سەروودا دێڕ و نیوێکی دواییەنی کە دەڵێ: بێ ڕەچاوکردنی واتا تەنانەت ناتوانرێ... هتد لێکترازاندنی وشە و واتا دەگاتە پلەی گەپ بەخۆکردن. کە واتا لەنێواندا نەما مرۆ خۆی لە مرۆیەتی دەکەوێت ج جایی کەرەسەی ڕێزمانی.

دوای ژمارە 16ی کۆتایی ئەو نۆ دێڕە د. ئاوڕەحمان بەتەئیدی ئەو دوو نووسەرە دەڵێ: «بێ تێگەیشتن لە مانای وشە ناتوانرێ بڕیار بدرێ کە ئەو دەنگە ناسراوە [مەبەست «ێ»ی کچێیە] کەرەستەی ڕێزمانییە یان نا، ڕاستییەکەی ئەمە تەنکاوێکە لە پاشاوی ئەو نۆ دێڕە ئەگینا نەک دەنگی «ێ» بەدوای «کچێ »ـوە، خۆ سەرلەبەری زمانێک کە نەیزانیت هەمووی لە مەتەڵ داخراوترە. نەدەبوو لە بواری ڕێزمانییەوە بگەینە قۆناغێک کە «واتا»ش بە بەشێکی کەرەستەی ڕێزمان حساب بکرێت. واتا خۆی کە بەرهەمی خۆشە بنەمای زمانە نەک هەر ڕێزمان، چ جایی کەرەستەی ڕێزمان، پێشتریش گوتم ڕێزمان ناتوانێ هەڵەی واتایی بدۆزێتەوە وەک کە هەڵەی ڕێزمانیی پێی دەدۆزرێتەوە. زۆربەی مەتەڵ لە ڕووی واتاوە شێواوی تێدایە، هەر بۆیەش مەتەڵە، کەچی دەستوورانی ڕێزمانیی تەواو وەک کە دەڵێ: «داری شەکراوێ پێنج لکان ڕاداوێ سێ لەبەر سێبەرێ دوو لەبەر هەتاوێ»، مەبەستیشی نوێژە خۆ دەزانین شەکراو درەختی نییە بەڵام لەبەر چەژی دیندار شیا نوێژ بە داری شەکراو بچوێندرێت. لێرەدا فەندی مەتەڵ لەسەر ڕێزمان حساب ناکرێ بەڵام دەقی مەتەڵ دێتە جوغزی ڕێزمانەوە.

لەپاش 9 دێڕەکە د. ئاوڕەحمان بەدەم نموونەی «کچێ» وە دەگاتە وشەی «هەرمێ، بێ، جێ»... کە لەواندا دەنگی «ێ» هەیە جودایە لە هی «کچێ» لەهەڵەی چاپدا لە جیاتی ئەوەی بنووسرێ ئەو «ێ»ی هەرمێ و هەڤاڵەکانی «کۆتایی وشەن».. نووسراوە «کۆتایی وشە نین».. دوای ئەمە یەکسەر دەگەینە نموونەی تێپەڕکردنی کار. ئا لێرەدا یەک دوو تێبینی و بەسەرگرتنەوە هەیە. لە «مردن، مراندن»ـدا تێبینییەک ئەوەیە کە کاری «مردن» تەنها کارێکە هاتبێتە بەرچاو و زەینم کە تێنەپەڕ بێت و بە دەنگی «د» کۆتایی هاتبێت، هەرچی تێنەپەڕی دیکە هەیە «د»ەکەی نەماوە. ڕاستیەکەی دەبێ بڵێم هەموو ئەوکارە کوردییانەی کۆتاییەکەی «د» بوو بێت و بەر لەو «د» ەش دەنگێکی بزوێنی درێژ هەبووبێت ئەو «د» ەی قرتاوە، ئیتر کارەکە تێپەڕبێت یان تێنەپەڕ، قرتانەکەش بە بەراوردکردن لەگەڵ کاری هەمان واتا لە فارسیدا دەردەکەوێ وەک لەم نموونانەدا دەدیترێ:

- دان - دادن
- فەرموون - فرمودن
- بڕین - بریدن
- گەڕان - گردیدن
- چوون - شدن
- دزین - دزدیدن

کاری «مان» خۆی لە ئەسڵدا «ماندن» بووە بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ئایندەدا دەبێتە «دەمێنێ» نەک «دەمێ». وشەی «ماندوو» ش لەو «ماندن»ـەوە ماوەتەوە. ئەوەی یارمەتیی پەیدابوونی «مان»ی داوە بریتییە لەو «ن»ـە کە جێگەی «ن»ی چاوگی گرتووەتەوە. دەنگی «ت» لەبەرایی «ن»ی چاوگدا نەقرتاوە وەک: کەوتن، پشکووتن، نووستن، بیستن، سرەوتن، هاتن... هەرچی کاری تێپەڕە لە غەیری ئەو جۆرە باسکراوەدا دەنگی «د، ت» یان ماوە وەک: گرتن، بەستن، پاڵاوتن، داشتن، سپاردن، ناردن، کردن بردن...

تێبینی دووهەم لە کاری «مردن» ئەوەیە کە تێپەڕەکەی «مراندن» دەبوو «مردانـدن» بێت.. دیارە لەبەر قورسیی «د»ی یەکەمی سواوە.

لە ئاست «بران، بردن» کە گوایا یەکەمیان تێنەپەڕە و دووهەمیان تێپەڕەکەیەتی، ڕاستییەکەی «بران» ڕێژەی کارا نادیاری «بردن»ـە و تا ئێستەش «بردرا» بەسەر زارانەوە زیندووە. «برا» بەزۆری لە سلیمانی و لە دەوروبەری بەکار دێت. هەرچی «کرا»یە کە کارا نادیارە هەمەگیرە مەگەر چۆناوچۆنی دەنا ناگوترێ «کردرا». هەرچەندە خۆم گوێبیستی بووم بەڵام بێگومان لە ڕێی سەرنجی خۆیشمەوە دەزانم هەمیشە لە کزبوونـدا بووە. دەگوترێ «کردم و کراندم» بۆ موبالەغە، لێرەدا «کرداندنم»ـە لێی سوواوە نەک ڕێژەی کارا نادیارە چونکە هەرگیز نەبیستراوە گوترابێ: کوژراندم، بیستراندم، دیتراندم.

دواتر کە لە کێشەی «هاتن- ئێوە هاتن» و «هاتن - ئەوان هاتن» بووینەوە دەگەینە «ان»ـی نیشانەی کۆ و «ان»ی کۆتایی هەندێ وشەی وەک «زستان، ڕان»... کە گۆیا ئەو «ان»ـە هەر جارە دەورێک دەبینێت. ڕاستیەکەی «ان»ی کۆکردن و «ان»ی نیشانەی جێگە، کە لە فارسی بە ئەداتی نیسبەتی دادەنێ لە وشەی وەک «سپاهان- ئیسفەهان- کرمان»... لە کوردیشدا «خوران، حاجی ئۆمەران، کەڵەکان»... ئا ئەم دوو «ان»ـە چ خزمایەتییان لە نێواندا نییە. خۆ دەتوانین «ان» لە ناوتوێژی وشەشدا بدۆزینەوە نەک هەر لە کۆتاییدا وەک: بەهانە، شانە، مانگ...

لە نموونەی ڕوونکردنەوەدا دەڵێم لە وشەکانی: مردن، کردن، بردن...دا ئەو «رد» ە ناچنە ژێر سایەبانێکەوە وەک کە «ن»ـەکە لە هەمواندا دەچێتە ژێر زاراوەی «نوونی چاوگ». ئەگەر «ر» بێت و ئەگەر «گ» و ئەگەر هەر دەنگێکی دەیکەی ئاخاوتن بێت بێ ئەوەی وشە بکات بە خزمی یەکتر بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی هەزاران وشە، هەروەهاش جووتە دەنگی وە «ان» یاخود «شت» یا «ست».. لە وشەی وەک: گەشت، شت، بست، مەست، ماست، گاوان، زیندان، خرچان... ئەو «ان»ـەی کۆتایی سێ وشەی دواین هیچ پێناسەی نییە وەک «ان»ی کۆ و «ان»ی ڕاگەیەنی جێگە هەیبوو... لە «نیشتمان» دا «مان» دەلالەتی جێگەی هەیە کە وشەکە دەکاتە «جێگەی لێدانیشتن یاخود نیشتن». لە ئاست وشەی «سەیران»ـدا دبێ بڵێین خۆی کۆی «سەیر»ە وەک بڵێی: دەچینە گەمان... لە زۆر دێی دەشتی کۆیە دەڵێن: گەمانان دەکەن، دووانان، سیانان باوە بەڵام چی دی تێ هەڵناکێشن، ناگوترێت چوارانان.

وشەی «مانگ» لە ئاقێستادا «ماونگهە» بووە، وابزانم کورێکی زەردەشت یان خزمێکی ناوی «میدیو ماونگهە» بووە بە واتای «ناوەندی مانگ» بەبۆنەی ئەوەی لە 15ی مانگی کە ئێستا پێی دەڵێن مانگی عەرەبی هاتووەتە دونیاوە. ئەم «میدیو» یە لە ئینگلیزی سەردەم middle mid ماوە وەک کە دەڵێن mid summer ناوەندی هاوین.

چی دی لەسەر تێبینی و ڕوونکردنەوە نارۆم، تەنها لە ئاست ئەو هەڵدانەوە زیاد لە لزووم و خۆڕاییەی کە لە کۆتایی گوتارەکەدا بەخشراوە بە ئا. ماییە بەرانبەر بەدیهییەکی کە بایی سێیەکی بگرە دەیەکی ڕوونکردنەوەی مەبەست ناکات لەوەدا کە گوتووەتی «بەراورد تاکە وەسیلەی ڕێخۆشکەری تۆژەرە بۆ بیناکردنی مێژووی زمان»، دەڵێم دەبوو لەو مەیدانە بەرینەی گوتارەکەدا د. ئاوڕەحمان بەپێی هەڵکەوت ناوی نووسەرێکی غەیر ڕووسی هێنابایە [جگە لە شەخسی خۆی کە لە پەراوێزەکانی ژمارە 18، 19، 20 دا ناوی هاتووە]. ویستم بزانم چی وەرگرتووە لە ذوالنوری فارسی کە لە فەقەرە «د»ی پەراوێزی ژمارە 26 دا پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە؛ ئەم پەراوێزە؛ لە لاپەڕە 89ی گۆڤاردا بە هەڵە 27 نووسراوە، هەر بۆیە دواین پەراوێز کە لە جەدوەلی سەرچاوەکاندا ژمارە 27ی پێ دراوە، لە بەرەو کۆتایی لاپەڕە 89دا ژمارە 28ی وەرگرتووە. بەهەمەحاڵ نووسینگەی «ذوالنور» و هی سێ نووسەرەکەی دیکەی ڕووس کە لەو پەراوێزەدا ناویان نووسراوە مەیلەو کۆنن ڕەنگە هی نوێتر هەبێ لەوان تێپەڕبێت بەڵام قسەمان هەر لە سنووری ئیحتیمالدا دەمێنێت تا بەڕوونی دەزانین ئەو ڕێزلێگیراوانە چییان گوتووە.

د. ئاوەڕەحمان کە لە بەرەو کۆتایی گوتارەکەیدا دەڵێ «منیش لەبەر ڕووناکی ئەم بیرە وردەدا... بەپێی توانا هەندێ بەراوردی میژوویی کردووە و ئەگەر کەڵکێکی ببێ؛ خۆ بە بەختەوەر دەزانم» خۆ نووسەرانی کورد هەبوون بەر لەم ڕۆژگارەی ساڵی 1992 کنەیەکیان کردبێت لەو بوارەدا کەوا ڕەنگە بۆچوونی قوڵتری تێدا بێت، لەو چەند نموونەی

بێخەوشی کۆتایی وتارەکە، مامۆستا وەهبی نووسینی بایەخداری هەیە ڕێنموونی تۆێژەرەوە دەکەن، چاوێکێش بە «لسان الکرد» و بەشی سێهەمی «زاراوەسازیی پێوانە»دا بگێڕێت، کە یەکەمیان لە 1987 دووهەمیان لە 1988دا بڵاو کراوەتەوە، نموونەی وردپێوی و وردبینیی مناسیبیان تێدا دەدیترێت. نووسەرانی دیکەش هەن لە کورد هەوڵێکی بەراوردکاریان لە مەیدانی زماندا بێت. دیارە، کوردی گوتەنی؛ تالع و بەخت بۆی هەیە کە تەنها ئا. ماییە بەو چەند وشەی نێوەڕاستییەوە بوو بە هاندەری زمانناسێکی لێهاتووی وەکوو د.ئاوڕەحمان کە بایەخ بە بەراوردکردن بدات. کە دەڵێم «نیوەڕاست» لەوەوەیە، تاکە تاکە وەسیلەی ڕێخۆشکەری هەڵنانی مێژوویی زمان نییە، تەنها نموونەیەکیش کە لێرەدا بەکافی بزانم ئەوەیە کە زۆر جاران «هۆشی ون، دەروون - عقل باطن» بێئاگا لەخۆبوونی خاوەنەکەی گرێکوێرەی ئەوتۆ دەکاتەوە، چ لە زمان و چ لە مەیدانێکی دیکەی زانست بێت، لە حاڵەتی ئاگا لەخۆبووندا زەفەری پێ نابردرێت، بەپێی ئەوەی نووسینەکەی ئا. ماییە لەساڵی 1954 دەرچووە کە ئەوسا جارێ ڕووسیا لە سایەی ستالینیزمدا دەژیا، هەرچەند مردووش بوو، گرتنەبەری ڕێی هۆشی ون کارێکی بۆرجوازییانە بوو...

لەمەش بترازێ من بەش بەحاڵی خۆم «بەراوردکردن، هەڵێنجان، بەسەرداکەوتن و هەرچی شێواز و ڕێبازی زانین و دۆزینەوە هەیە» هەمووی لەیەک سەرچاوە هەڵدەقوڵن ئەویش هۆشی مرۆیە. لێکدانەوەی ڕووت و بەراوردکاریی پێچەڵپێچ کە بەسەرمای زەقەوە خۆ دەگرێ تەواوکەری یەکترن، زۆر جارانیش «بەراورد» لە تاریکایی هەندێ کێشەی زمان تێ بڕ ناکات، لە نموونەدا دەڵێم وشەی ئاوێتەی «ترەئیتە ئوونە» کە بووەتە «فەرەیدوون» و بە واتای ماری سێسەرکۆژ هاتووە وشەی «ئیتە» تێدا «سەر» ی کوردی و فارسییە کە لە هیچ کامێکیان نزیک نییە کەچی لەگەڵ head ی ئینگلیزی و tet ی فرەنسەیی خزمە. ئا لێرەدا بەراوردکردن نامانگەیەنێتە ئەو لێکدابڕانەی «سەر» ی کورد لە «ئیتە» ی کۆنی ئافێستا و خزمبوونی head, tet لەگەڵیدا... تۆژینەوەی بەرفرەوان ڕێگەیەکی بەرینە، بەراوردکردن بەیەکێک لە ڕچە و باریکەڕێگەکانی حیساب دەکرێت.

گوتارەکەی د. نەسرین فەخری لەژێر سەرناوی [وەستانێک لە عاستی هەردوو فرمانی «بوون» و «هەبوون» و «هە» و «هی» دا- لێکۆڵینەوە و بەراوردی] هەر لەلاپەڕە 159 تا لاپەڕە 181ی گۆڤارەکەی پڕ کردووەتەوە، بێ ئەوەی بچمە ناو پانایی و درێژایی ئەو ڕیزەوهۆنی جەدوەلی بێکۆتایی نموونەکانی گوتارەکە کە، زۆر بەداخەوە چ قوڵاییەکیان نەداوەتە ڕووپێوی باسەکە، هەر ئەوەندەیان لەبارەوە دەڵێم کەوا لەبری شیتەڵکردن و پەردەهەڵگرتن لەسەر نهێنییەکانی ڕێزمانی تێیاندا بێت دێن بە ناوی شەرحدان خۆیان دووپات دەکەنەوە وەک لەم نموونەیەدا دەدیترێت کە لە لاپەڕە 161 گۆڤارەکەدا هاتووە:

بوون

کان – بۆ کاتی ڕابردوو

اصبح – بۆ ڕابردووی نزیک

ئەرێ، مثبت: من بووم – من + بوو + م

نەرێ، نەفی: من نەبووم – من + نە + بوو + م.

تۆ بوویت – تۆ + بوو +یت

تۆ نەبوویت – تۆ + نە + بوو +یت.

ئیتر تا کۆتایی هەر شەش کەسی تاکی کۆ بە ئەرێ و نەرێیەوە.

سەرلەبەری نموونەکانی دیکەی ناو گوتارەکەش لەو بابەتەن، یەک تروسکەی ڕووناکی ناهاوێژن بۆ ناو بابەت تا ئەگەر نهێنییەکی ڕێزمانی و وردی ئەوتۆ هەبێت چاوت قوچا بێت پلەی ناوەندی نەیدیتبێت بۆی ڕوون بێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕیبازی شیتەڵکردنی گرێکوێرەی ڕێزمان بێت خۆ هەر چ کەسێکی پەنجەکانی قەڵەمیان گرتبێت دەتوانێ کام شیعری سەخت و داخراوی نالی هەیە بە ئاسانی لێیان دەرباز بێت و بڵێ واتام لێ داتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

جام+ ی تاق+ ی مەی+ کە دەمیشکات+ ی قەندیل+ ی دڵ+ ە

شیشەپڕ+ قەرقەف لە+ ڕەفڕەف شاھ + ی عالی ڕەفڕەف+ ە

چەند شیرین دەبوو ئەگەر لە جیاتی ئەو ئەرکە بێلزوومە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەی ژێرەوە بدرابایەوە کە لە هەڵنانی نموونەکانەوە دێنە بەر زەینی مرۆڤ:

- بۆچی لەهجەی کوردستانی ژێروو لە نەفیی کاری ڕابردوودا «نە» بەکار دەهێنێت و لە نەفیی ئایندەدا «نا» بەکار دەهێنێت؟
- بۆچی ئەداتی نەفی لەگەڵ نیشانەی «دە» ی ئایندەدا کۆ نابنەوە و ناگوترێ: نادەڕوم، نادەڵێم؟ ئەداتی نەهی لەگەڵ «ب»ی ئەمردا کۆنابێتەوە و نالێین مەیکە، نەبکەیت، نەبکەین؟ تەنها «نە» ی نەهی لەگەڵ ئەو «ب» ـەدا دێت کە بە واتای nor neither هاتبێت وەک دەڵێین: نەبکەی نەبخۆی تەماشای ئەم دیمەنە جوانە بکەیت!

بەهەمەحاڵ من بەتەما نیم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەم هەموو نموونانە خەریک بم کەوا هەرچی لەگەڵیاندا بکەم سوودێکی تێدا نابینم هێندەی ئەو سوودە بێت کە لە وەڵامی ئەو پرسیارە وەردەگیرێت کە لەم نموونانەی خوارەوە دەردەس دەبێت. دەڵێین:

- دەتبینم: لێرەد ڕاناوی کەسی دووهەم بەرکار (مفعول) و هی کەسی یەکەم کار (فاعل)ـە.
- دەتدیتم: لەمیانەدا ڕاناوی کەسی دووهەم کارایە و هی کەسی یەکەم بەرکارە هەرچەندە لە جێگەی خۆیاندا ماونەتەوە تەنانەت نیشانەی «دە»ی ئایندەش بەسەر کارەکەوەیە.

ئەم مامەڵەت گۆڕییە لە چییەوە هاتووە؟ پرسیارەکە بۆ خوێنەر و نووسەر بەجێ دەهێڵم چەند خاڵێک هەیە لە گوتارەکەدا پشتگوێ خراوە، بەکورتی، لێیانەوە دەدوێم. لەئاست نموونەیەکی بەکارهێنانی «بوون» کە لە دێڕی 21ی لاپەڕە 168دا بەم شکڵە هاتووە:

- نەدەبا بچم = دەبوو بچم «نە + نە» = ئەرێ.

پرسیارەکە هەڵدەستێت و لە گوتارەکەدا ئەسەری نییە. ئێمە دەتوانین بڵێین نە دارا نە براکەی هاتن، دەشتوانین بڵێین: نە دارا نە براکەی نەهاتن.

دەزانیین «هیچ کەس» بۆ نەفییە کەچی دەڵێین: هیچ کەس نەهات.

دەڵێین فلان هیچە. دەشڵێین: فلان هیچ نییە هەردوو ڕستەش یەک واتایان هەیە. لە «هیچ کەس»دا هەر ڕێت نییە بڵێیت «هیچ کەس هات».

ئەم «نە + نە»یە بەو شکڵی «موتڵەق» گەلێک ڕووی زمانی و ڕێزمانی شاردوەتەوە.

من ئەم نموونانە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر و هەموو کەسێکی مەراقی زمانەوانی هەبێ، بۆ تێوەڕامان و قوڵداگرتن و وردبێوی...

ڕاستییەکەی، لە سویدەوە کاک حەکیم کاکەوەیس نامەیەکی نووسراوی ڕۆژی 1993/2/16ی بۆ ناردووم لەبارەی ئەم «نە + نە» ی بە واتای nor, neither وە دەپرسێت کە چۆن دەشێ جارێکیان ئەرێتی ببەخشن و جارێکیشیان بێ تەئسیر بن؟ لە وەڵامدا بایی پێویستی پرسیارەکە لە کێشەی پرسیارەکە دواوم، بەڵام سەرلەبەری پرسیاری «ن + نە» پتری بەبەرەوە هەیە لەو هێندەی بۆم نووسیوە، ڕەنگە لە دەرفەتدا بۆی بچمەوە... دەبوو د. نەسرین چاوێکیش بەو «نە + نە» یانەدا بگێڕێت کە نابنە «نەرێ» و هۆیەکەشی بدۆزێتەوە. لەبارەی «هەبوون» بە واتای «وجود» و «هەبوون» بە واتای «تملک» کە لە گوتارەکەدا بەیەک ڕیشە دانراون کە بۆ دوو مەبەست بەکار هاتبن. دەڵێم ئەو دوو «هە» یە لە دوو سەرچاوەی جوداوە هاتوون:

بە واتای «وجود - بوون»ـە بریتییە لە دوو فعلی «هە» و «بوون». کەرتی «هە» بە ئەسڵی دریژتر بووە و لێی سواوە. لە کوردیدا چونکە نووسین نەبووە دەقی کۆنی بپارێزێ دەستمان لە شتێکی ئەوتۆی گیر نابێت بیکەینە نموونە بەڵام دەقی کۆنی پەهلەوی هەیە [ئاڤێستا و هەخامەنیشیی تێپاندایە] تێمان دەگەیەنێ کە ئەم «هە»یەی هەمان «هست»ـی ئێستاکەی فارسییە کە لە وتوێژ و نووسینیشدا دەشێ دەربکەوێت و بشقرتێت، دەڵێین؛ من آزادم، واتا من ئازادم، دەشڵێین من آزاد هستم، واتە من ئازادم. لەهجەی کوردیش هەیە لەبارەی وەهادا لە جیاتی بڵێ: فلان کوردە، دەڵێ: فلان کوردەس. لە ئینگلیزی is و لە فرەنسەیی est هەمان «هست»ـی باسکراون کە ڕابردوشیان هەیە... لە پەهلەوی... نموونەیەک دەهێنمەوە بایی ئەوە بکات نەسەلماندن ڕەتبکاتەوە:

- لە کارنامەی ئەردەشیری پاپەکان انتشاران دانشگاه تهران 1499 شەرح و تۆژینەوەی بهرام فرەوشی، لاپەڕە 2 -3دا ئەم ڕستەیەی خوارەوە هەیە: «نیپیشت ئێستات» بە واتای: نووسیبووی. لەم ڕستەیەدا ئێستات estat ڕابردووی فعل الکینونەیە بۆ کەسی سێهەمی تاک.
- لە لاپەڕە6 -7دا دەخوێنێتەوە: «پیرامونی ساسان ئیستینت» بە واتای: لە نزیک و ڕوخی ساسانن. لەم ڕستەیەدا فعل الکینونەی خاڵی ئێستاکەیە وەک areی ئینگلیزی بۆ کۆ.
- لە لاپەڕە 112 -113دا دەخوێندرێتەوە: «نی بریهینین ئیستیت» بە واتای: قەزا و قەدەر نییە.

«ئیستیت» فعل الکینونەی حاڵی ئێستاکەیە وەک isای ئینگلیزی بۆ تاکی سێهەم کەس. وەک دەبینین «ئێستات، ئیستست»... فیعلی دیکەشدا بێت. گوتارەکە «بوون » ـی کردووە بە فیعلی یاریدەر کە لەگەڵ «هە»... دا دێت. لە نموونەی کاتی ئێستا «حاضر» ئەم دوو ڕستەیە لە لاپەڕە 55 -56 و 68 -69ی کارنامە دەخوێنێتەوە:

- ئامەت ئیستات امدەاست هاتووە
- ئامەت استم آمدە ام هاتووە

دەبێ بڵێم وشەی «استات» کە تەرجەمە دەکرێت بۆ کوردی، چونکە وشەکەی تێدا فەوتاوە لەگەڵ «است» ی زەمانی حازر تێکەڵ دەبێت، بەتایبەتی کە وشەکە لەگەڵ فیعلدا بێت، فیعلیش خۆی زەمانی تێدا بێ ئیتر دوو زەمان لەگەڵ یەکتردا کۆ دەبنەوە: کە بڵێی «مرداست» بەتەواوی ئێستا دەگەیەنێ.

بەر لەوەی بچم بۆ «هەبوون – تملک» سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم تێبینییە زێدە گرنگە ڕادەکێشم، لە لاپەڕە 177ی گۆڤارەکەدا نووسەر 9 خاڵی سەرەکیی ڕەچاو کردووە بۆ گرینگیی دەوری «بوون» لە پێکهێنانی وشە و ڕاگەیاندنی واتا و مەبەست لە زمانی کوردیدا.

ڕاستیەکەی، ئەو دەورە، لە لاییەکەوە تاڕادەیەک، ئاغلەب فیعلی کوردی دەیبینن، بە نموونە دەزبوون، ڕزگاربوون، بەربوون کە لە گوتارەکەدا بە بەڵگەی گرنگییەکە هاتووە دەشێ بەم نموونانەی خوارەوە بپووچێتەوە:

دەرکردن، دەردان، دەرهاویشتن، دەرچوون. دەرخستن، دەرپەڕین... ڕزگارکردن، ڕزگار پاراستن، ڕزگار کوشت، ڕزگار هێشتنەوە...

بەردان، بەرهەڵدان، بەرماوە، لەبەرچوون، بەرکەوتن...

دەزانم «ڕزگار» کە سیفەتە پتر لەگەڵ «کردن، بوون» دا دەڕوات، بەڵام لەمەدا خەڵەل بە قسەکەم ناگا چونکە سیفەت «مادی»ـیە. هەروەک ناوی مەعنا لەگەڵ «بوون» دا ناڕوات بەڵکوو فیعلی تێپەڕی دەوێت هەروەها ئەو فیعلانەی داوای «ناوی واتا» دەکەن بەپێی سروشتیان بۆ «ناوی مادی» بووز ناخۆن.

لە لایەکی دیکەشەوە هانا بردنە بەر فیعلی یاریدەدەر بۆ دروستکردنی واتای نوێ پتر هەژاریی زمان نیشان دەدا لەوەی بەهۆی گەردانکردنەوە وەیا لەڕێی وشەی سەربەخۆوە مەبەست دەرخرێت. من کە لە «ترس»ەوە «ترسان، ترسام، ترساندم» پەیدا بکەم گەلێک بەخۆڕاپەڕموتر دەبم لەوەی بڵێم «ترسم بوو ترسنۆک بووم، ترسنۆکم کرد»... ئەگەر زمانەکەم وەها ڕەهابێت کە بە ئاسایی بڵێم «ڕەوەندەکانم لە دەشتی بیتوێن نیشتەجێباند - دەنیشتە جێیێنم»، دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی دنیا کە دەڵێین orientalization وشەکە لە 5 کەرت جۆشی خواردووە. کە دەڵێن transubstantiation مەبەستیانە بڵێن: گەڕانی شەراب و نان لە شەوی «عشاء ربانی» دا بە خوێن لە لەشی مەسیح. بێگومان پێ بە پێی پەرەسەندنی سەقافەت و قبووڵبوونەوە و تێ هەڵکێشان لە نووسینی ئەدەبی و زانستی، زمانی کوردیش، ماوە دەبڕێت و ماوەشی بڕیوە بەڵام نابێ نەخۆشیی زمان بە تەنسازی دابنێین.

بەهەمەحاڵ «بوون» و «است» دوو فیعلی جودان، لە کوردیدا بەینێکە لەبەر بێ نووسینی، فیعلی «است » کۆڵەوار بووە و لە زۆر حاڵدا سواوە. ئەم «هە» یە پاشماوەی «است، هست»ی کۆنییەنەی زمانەکەمانە کە لە ئاڤێستا و زمانی پەهلەوی و هەخامەنیشدا پاراستووە، لە فارسی سەردەمیشدا پاشماوەی بەرچاوی پەیدایە.

لە نموونەکانی لاپەڕە 165 و 166دا «بووم بە، دەبم بە، نابم بە» و لە نموونەکانی لاپەڕە 177دا «بوومە، نەبوومە» بەسەردا هاوپشتوون و هەرچی هێزوپێزی تێیاندا هەیە نەبووی کردوون. ئەم دەربوونەیەی «بردم بە، کردم بە، بوومێ، کردمێ» بەسەرباسێکی سەرەکی و بنجیی ڕێزمانی کوردیدا دەکرێتەوە هی ئەوە نییە چاو نەبینێت. بەڵام وادیارە عادەتگرتن بە موتاڵاکردن ڕێزمانی کوردی لە کولانەی ڕێزمانی بێگانەوە باسەکەی لێ شاردوونەتەوە هەر چونکە لەو ڕێزمانانەدا باسێکی ئەوتۆیی پەیدا نییە.

ئەم بەکارهێنانەی «بووم بە، بوومە»... لە کتێبۆلکەی «چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی» کە لەساڵی 1976دا بڵاوم کردەوە بەدرێژی قسەی لێکراوە، لەو تۆژینەوەدا ئەو فیعلانەی وەکوو «بوون، کردن» پتر لە جۆرێک بەکارهێنانیان هەیە دابەش دەبن بە

1- فیعلی ئینتیقالی.
2- ئینتیقالیی پێچەوانە.

فیعلی بوون جگە لە شێوەی عادەتی دوو جۆری ئاساییشی هەیە:

1- دەبم: جۆری ئاسایی
2- دەبمێ: جۆری ئینتقالی
3- دەمبێ: جۆری ئینتقالیی پێچەوانە.

ئەم شێوەیەی دواین کە «دەمبێ» یە ئەگەر بۆ منداڵبوون بێ تێنەپەڕە، ئەگەر بۆ پارە بێت تێپەڕە.

چەند فیعلێک لەمانە هەڵدەگرن لەگەڵ «بە» و بێ ئەویش بەکار بێن وەک، کردم بە، گوتم بە، گەیشتم بە، دام بە، کردمە عەمەلە، کردمێ، گوتمە دارا، گوتمێ، گەیشتمە ئاوات، گەیشتمێ، دامە عەلی، دامێ... بەشی هەرە زۆریی فیعلەکان «بە» قبووڵ ناکەن وەک:

نۆڕیمە خانووەکە، چوومە شار، کەوتمە حەوزەکە، بردمە سەربان، خستمە دەستی، هەڵمدایە کۆڵان، ڕۆبوومە دزەکە. [لێرەدا «بوون» ئەو «بە»یە قبووڵ ناکات] ترنجامە ڕیزیانەوە، خونجامە نوێنەکەم، پەسوامە کەلەبەرەکە، ڕژایە ناو ئاو، خزیمە گۆمەکەوە، هاتییە ماڵەوە، سوڕایە باریٚکی دیکەوە، هێنامە ژووریٚ، هەڵمداشتە ئاوی زەڵم، داتانە پێکەنین، ڕۆشتمە باخەکە، دڵۆپەکە تکایە قاپەکەوە، هەڵکشامە سەریٚ، پەڕیمە ئەوبەر.

ئەمانە 21 فیعلن، هەمووشی لە شێوەی ئینتقالی بەکارهاتوون.

یەک لە سیفەتە سەیرەکانی ئەم شێوەیە لەوەدایە کە ئەگەر فیعلەکە تێنەپەڕ بێت یەک مەفعوول داوا دەکات. ئەگەر تێپەڕ بێت دوو مەفعوول: چوومە هەولێر، گەیشتمە ئامانج، دارام کردە پاڵە. بەردم گرتە چوێلەکە، چاوم بڕیە ئاوەکە. [ئەم فیعلە دەگمەنە] کە مەفعوول شرایەوە فعلەکە «یٚ» بەخۆیانەوە دەگرن: دارام کردیٚ نەک ئاراز، درەنگ گەیشتمیٚ...

نالی دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت «نەدەمیٚ» ڕووڕەشی تووبم
ئەمسالّە بەجیٚ دیٚ ئەسەری وەعدەیی پاری

حاجی قادر دەڵێ:

خانەقاکەی کەنەفی ئەمنە ئەدەبخانەیی عام
جێی قەزای حاجەتە عالەم بە زەروری «دەچنیٚ»

لە حاڵەتی پێچەوانەییدا فاعیل دەکەوێتە جێگەی مەفعوول وەک:

دەمبێ، دەمچێ، دەمئێشێ، دەمخوریٚ، دەمپەرژیٚ (لەهجەی سلێمانی). فیعلی «دزان» لە «دزیو»ەوە هاتووە بە واتای حەز لیٚ نەکردن و پێناخۆشبوون هەر شێوەی پێچەوانەی هەیە، دەڵێی: قسەکەتم زۆر دزا، دارام دەدزیٚ، دەمدزیٚ... ناگوتریٚ: دارا دەدزێم، وەک کە دەڵێی دارا دەبینم.

فیعلی «ویستن» لە ئایندەدا دەبێتە ئینتقالیی پێچەوانە، فاعیل تێیدا دەکەوێتە جێگەی مەفعوول وەک: دەمەوێ، دەتانەوێ. لێرەدا ڕاناوەکان جێی مەفعوولیان پڕ کردووەتەوە بەڵام چونکە فاعیلی ڕاناوی «تان» بەکار هات هەرچەندە فیعلەکەش ئایندەیە. ئەوانەی تازە ڕاهاتووی کوردی دەبن بەزۆری دەڵێن: دەوێم.

وا دەزانم «دەمەوێ- دەتانەوێ» لە «وێستن»ـەوە نەهاتووە بەڵکوو لە «ئەڤین»ـەوە بۆیەیشە بزوێنی «ە» بەدوا ڕاناوەکەدا دێت کە پاشماوەی «ئە» ی «ئەفین»ـە و هەمزەکەی قرتاوە. هەرچی «وێستم، وێستت... هتد» لە وێستنەوە هاتووە نەک لە «ئەوێ- ئەڤین» وەک کە «دەڵێم» لە «گوتن»ەوە نەهاتووە، لە فیعلێکی کۆنی کوردیی مردووەوە هاتووە کە ئێستەکە لە زمانی هیندی «سانسکریتی»ـدا زیندوە.

مامۆستا وەهبی لە کۆنەوە بەکورتی بەسەر ئەم «بووم بە، گەیشتم بە...» یەدا ڕۆیشتووە و هەر بە پێی زاهیری حاڵیش «بە» کەی بە «حرف جر»دا ناوە [کە لەم شێوەیە ڕاستە حرف جرە]، هیچ بەلای «انتقالی»... و داخوازیکردنی مفعوول... و...و ئەو لایەنانەدا نەچوە.

«هەبوون» بە واتای «تملك» لە بنەڕەتدا هەرچی بنوێنێت جودایە لەو هەبوونەی تازە باسکرا کە دیتمان لە چییەوە هاتووە. بەلای باوەڕی خۆمەوە ئەسڵەکەی «هەڤبوون»ـە و خزمی have ی ئینگلیزی و avoir ی فرەنسەییە. بەداخەوە شێوە نووسینی کۆنی کوردیمان نییە بۆی بچینەوە. کە دەڵێین هەمە، وەک ئەوەیە بڵێین: کردوومە، کە بڵێین: هەیەتم- هەیتم، ڕێژەی «کردووەتم، خواردوەتم» مان بەکارهێناوە. لە ڕووی ڕێزمانەوە «هەیەتم» پەسەندترە لە «هەیتم» چونکە بزوێنی «ە» لە وشەی «هە»دا کە ئەم «ی»یە داخوازی کرد بۆیە بوو بزوێنی دوای «ی»ـەکە بپارێزێت و وشەکە ببێتە «هەیەتم» ئەگینا دەگوترا «هەتم» واتا دەنگی «ت» بەس بوو بۆ ئەوەی «هە» نەبێتە «هەم» و بە فێعل الکینونە حیساب بکرێت.

ئەگەر «هەڤ» مابایە ئەوسا لزووم بەو «ی»ـە نەدەما و دەگوترا «هەڤەتم» وەک کە گوترا «کردووەتم، خواردوەتم». لەهجە هەیە لەمانەشدا دەڵێ: «کردۆتم، خواردۆتم، چۆتم و هاتۆتمەوە»... بەڵام بێگومان «هەیەتم، کردووەتم»... ڕەسەنتر و پەسەنترە، تەنانەت لە کاری تێنەپەڕدا کە دەڵێین «ئێمە نوستووین» ئەگەر کارەکە تێپەڕبایە دەمان گوت «ئێمە کردوومانە».

من لێرە بەپێشەوە ئەو بیروڕایەی خۆمم دەربارەی «هەڤ»... بە نووسین بڵاو کردووەتەوە بێ ئەوەی هیچ نموونەیەکی کۆنم لە هیچ سەرچاوەیەک دەست کەوتبێت، هەتا لەو ڕۆژانەی دواییدا کە بۆم ڕێککەوت کتێبی «فقه اللغه ایرانی» نووسینی ای. م. ارانسکی، وەرگێڕانی بۆ فارسی لەلایەن کەریم کشاورزەوە، بخوێنمەوە و خۆشبەختانە لە لاپەڕە 86دا ڕستەی «خشای و ئی ت هڤاث وو» بە واتای «پادشاهیی هەبوو» [پادشاهیی داشتی فارسی] هاتووە و بە واتای «هێڤا» بە واتای «هەڤ» خۆی نیشان داوە، دەقەکەش لە ئاڤێستاوە وەردەگرێت: «هڤات وو» ڕاستەوڕاست دەبێتە «هەیبوو» بەڵام لە دەقی ئاڤێستادا ئەم «ی»یە کەسی سێهەمی تاک کە لە «هەیبوو» دا دەردەکەوێت پێشتر دەرکەوتووە وەک کە لەسەرەوە گوتمان «پادشاهیی هەبوو» دا ڕاناوەکە لە شوێنی ڕەوای خۆیدا، دوای بەرکار دەرکەوتووە و «هەبوو» بێ ڕاناو ماوەتەوە.

لەلایەن «هی» کە گوتارەکە «ضمر التملک»ی دادەنێت [ل: 176] دوای لێکدانەوە و وردبوونەوە لە دوو ڕستەی «ئەم فلسه هی منه» و «ئەمه فلسی منه» دەردەکەوێت کە «هی» خۆیەتی لە ڕستەی دووهەمدا «هـ»ـەکەی سواوە و ماوەتەوە «ی» کەوا ئاشکرایە دووڕە لە «ضمیر» و ئامرازێکی عادەتی «اضافەیە» و زۆر کەس هەر لەم بارەوە دێن دەڵێن: «هی منه» و «ئەم قەڵەمە هینەکەی منه...» لەمەشدا نەختێک سەرڕەوی دەکەن کەوا لەبەر لێکترچوونی «هی- هین- هینەکە» دوو وشەکە لێکتر جودا تێکدەکەنەوە، چونکە «هین، هەرامە، فیسار»... زۆرناون لەبری ناوێکی لەبیرکراو یاخود ژێرپەردەخراو بەکار دێن دیسانەوە خۆشبەختانە لە هەمان کتێبی «فقه اللغه»ی باسکراودا جارێکیان لە دەقی ئاڤێستایی و جارێکیشیان لە دەقی زمانی هەخامەنشی «فارسیی کۆن»ـدا ئەم «هی»یە وەک ئەداتی «اضافه» بەکارهاتوون.

لە لاپەڕەی 86 لە دەقی ئاڤێستاییدا هاتووە: «بیماهی خشەتر ئورڤەهی» بە واتای: لە پادشاهیی جەمشیدی بەرز پیما جەمشیدە. «هی» ئەداتی اضافەیە بە واتای «هی جمشید» هەروەها هەمان «هی» ئەداتی اضافەیە لە «ئورڤەی» بە واتای «هی ئورڤە».

لاپەڕە 102 لە دەقی هەخامەنشیدا هاتووە: «ڤیشتاسپەهیە» بە واتای هی ڤیشتاسپ، «ئەرشامەهیە» بە واتای هی ئەرشامە.

ئەمە و کۆمەڵەیەک عوزرخوازی دەکەم لە شێوەی نووسینەکەم کە حەزم دەکرد شیرنتر بوایە... بەهەمەحاڵ نیازەکە شیرینە کە خزمەتی سەقافەت و زمانەکەمانە وێڕای ڕێز و ئاواتی سەرکەوتویی د. نەسرین فەخری.

«...»

له پەرستگەی «مامۆستای کورد»دا

وەکوو قوتابییەکی بەختەوەری هەستیار یاخود دەروێشێکی حەقسەلماندووی شێخی ڕابەر، دەستەونەزەر... بێ مەرایی... دوور لە تەما... کڕنوو دەبەم بۆ «مامۆستا»ی تەمەن دەسالّ و عەرزی خزمەتی دەکەم کە من حەفتاوشەش سالّە گوێدێری پەندە نەدرکاوەکانتم و گەنجینە داخراوەکانتم کە بەڕێوە بوون بگەنە ڕۆژانی ئاخەلێوەی ژیانم و لێم ببنەوە بەو ئامۆژگارییەی قوتابیی سەرەتایی تەمەنی دە سالّە بە دەرس لە مامۆستای تەجرەبەدیدەی حەفتا سالّی وەردەگرێتەوە کە تازە بە تازەش سالّی نۆیەمی عومری بێکۆتایی خۆی جێ دەهێلّێت ئیتر هەروا لە دەروونمدا مامۆستا و قوتابی تێکەلّ بە یەکتر دەبنەوە و وەک گۆران لەگەلّ خۆمدا دەلّێم:

نازانم کامتان کامن
کامتان نەوتی چرامن

من تۆم تۆ منیت... چۆنێک دەبین با ببین، ئەوەندەم بەسە لە سێبەرتدا بسێمەوە... بە سەرچاوەی ڕوونت دەزنوێژێکی کوردانە بشۆم. نەخێر بە جلکەوە خۆم لە کانیاوت هەلّێنم وەک تازە ساوایەکی بێ جلک و گەرد بێمەوە بەر تیشکی خۆرەتاوی کوردستانت خۆ من لە «نالی»یەوە فێرم لەگەلّ ڕۆحی خۆمدا سکالاّ بکەم:

بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کدوراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەصلی یەکدی کە تۆی طاهر ئەو طەهور

دەزانم تێک کردنەوەی سەرچنار و «مامۆستای کورد» قیلەشەرعی دەوێ، وێڕای نەختێک خۆخافلّاندن و چاونووقاندن و پشتبەستن بە کەمەربەندی وشەی بریقەدار، بەلاّم بێگومان شەعبەدەبازیش، بە خۆی و جادووگەرییەوەی نەک هەر ڕەوایە بگرە بەولای پیرۆزیشەوە تێ هەلّدەکشێت کە دەستەودامانی نرخی بالاّی شەرافەتمەندیی حەپەسانی گۆران و «شرابا طهورا»[10]ی سەرچناری نالی و مزگەوتەمالّی «مامۆستای کورد» ببێت و وەنەوزێکی سەرخەوشکێنی دمەو بەیانی بە خۆی ڕەوا ببینێت، بۆ چرکەیەکی سەعاتیش بێ مەینەتی ئیقلیمگیری کورد و کوردستان بە دەست ڕۆلّەی کورد و کوردستانەوە فەرامۆش بکات کە فەرامۆشکردنی بۆ نییە مەگەر بە شێتبوون یا بە مەرگ. خۆڕایی نەبوو حاجی قادر فەرموویەتی:

هەتا وەک ئاگری ژێرکان لەگەلّ یەک
ئەگەر تووفانە لەشکرتان بە پووشەک

لەبەر حیزا بەخۆیی و ناتەبایی
لە ژێری حیزی حیزان بوونە دۆشەک

میراتگری سەردەمی نەخوێندوویی و بێ فەلسەفەیی و ئایدیۆلۆژیی ڕامیاری و ئابووری لەسەر میرات قەپوقیریان دەبوو، ڕەنگە ڕێکیش کەوتبانایە: وا لە دەرەبەیانی سەدەی بیست و یەکەم و بە سەقافەتی قەومایەتی و چینایەتی و دینایەتییەوە ڕۆلّەی کورد خۆی کرد بە میراتگری کفن و بەردەقەبری گەل و کوردستانەکەی ئینجا ئەگەر بەرهەلّستێک دەستی گرتن

[10] – نالی وشەی «طاهر»ی بە واتای «پاک» بۆ «بادی خوشمرور» داناوە. «طهور» یش کە «پاککەرەوە» یە و هێماشە بۆ ئاوی بەهەشت بە سەرچناری بەخشیوە.

لە دابەشینی پارچەی کفن و کەرتی بەردەقەبر چ گلەیی لە عەزمی جەزمی ئەوان ناکرێت، مالّم حەقە هەرگیز هێندە شێتگیرە نەبوون لە ئاست هیچ دوژمنێکدا، ئاخر بێگانە نابێ بێ ئوسوولّی لەگەلّدا بکرێت... چاو و ڕووی قایمی دەوێت!!

وا دلّم بۆ ئەو کەمتاکورتەی دلّسۆزی هۆشیار لێ دەدات لە پێشمەرگەی، عەرەب گوتەنی «صحیح النسب»ی نیشتمانپەروەری و خۆبەکوردزانین کە تەقەی ناچاری دەکەن ئاگر لە جەرگیان بەر دەبێت... دەست بۆ پاتالّ نابەن... بەخۆ دەشکێنەوە... هانام بۆ هێنایت «مامۆستای کورد»، تاقگەی شەرافەتی کوردایەتی! ڕۆحانیەتن فریای هەموو کوردی دلّسووتاو بکەوێت و ئاواتیان بگەیەنێتە دی، خۆ تۆ هێندەی مەرقەدی هەر چاک و پیر و قوتب و لەوانیش مەزنتر، کە ڕاست یا هەلّە، ئاواتان دەگەیەنن جێ، پاکیت و پیرۆزیت و ئاسمانیت... ئاهـ و نزای گەلەکوردی یەخسیری 2500 ساڵەیی لە پەردەی بیسەری هەلّسووڕێنی ئەم جیهانە بلەرێنیتەوە تا ئەگەر فرشتەت چنگ نەکەوت، ئیزنە لە هەموو کوردەوە بە بەچکە ئەهریمەنێکدا پەیام بنێرە بۆی بە ئیمزای سی ملیۆن کوردەوە... بەلّکوو... خواوڕاستان... فرمێسکی خوێنینی هەتیمەکوردی بێ زار و نوا... دەربەدەری تازە وێرانگەکانی بابان و سۆران و بادینان بەسفارش لە غەیبەوە بەستەلّەکی دلّە ڕەق هەلّاتووەکەی چەکداری کوردی کوردکوژ نەختێک... هەروا بایی تۆ سکالّێک خاو بکاتەوە، لە جیاتی دە قاتلّی تاوانبار پێنج کەسی بێ تاوان بکوژێت.

ئەمە دەلّێم و دەلّێمەوە دەشزانم چەند ئەستەمە بادانەوە بۆ شەقامی ڕاست!!

بەغداد: 20-10-1995

مسعود محمد

«...»